# شیکاگۆ

ڕۆمان

عەلا ئەسوانی

# شیکاگۆ

ڕۆمان

وەرگێڕانی:

سەباح ئیسماعیل

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

عەلا ئەسوانی
شیکاگۆ – ڕۆمان
وەرگێڕانی: سەباح ئیسماعیل
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٢٦
چاپی دووەم ٢٠١٢
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ١٢٨–٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. تریسکە ئەحمەد

# پێشەکی

ڕۆمانی شیکاگۆ یەکێکە لەو ڕۆمانە ناودارە عەرەبییانەی کە لە دوای ڕووداوی ١١ی سپتەمبەری ٢٠٠١دا نووسراوە. ڕۆمانەکە عەرەبییە، لێ شانۆی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە شاری شیکاگۆی ئەمەریکایە، دواتریش ناو بەناو بەفلاشباک و دیالۆگ دەمانباتەوە میسر. نووسەر لەم ڕۆمانەدا بەهۆشیارییەوە دەرگای ئاشکراکردن لەسەر زۆر بابەتی پەی پێ نەبراو دەخاتە سەر گازی پشت، هەر لە گەندەڵی و بێکاری و سیخوڕی و ماستاوچێتی و ڕیایی و ڕاپۆرت نووسینەوە بیگرە تا دەگاتە دژ وەستانەوەی ڕێژیمەکە، بەخۆپیشاندان و ورووژاندنی مافی ڕەوای قپتییەکان. ئەوەتا کاراکتەری "ئەحمەد دەنانە"ی پیاوی ڕێژیم لە پێناو بەدەستهێنانی پلەوپایە و بەرژەوەندیی خۆیدا ئامادەیە هەرچی بەهای جوان لە مرۆڤدا چێنراون لەدەست بدات، تەنانەت ئەگەر بگاتە ڕادەی دۆڕاندنی هاوسەرەکەشی. یاخۆ ژنێکی ڕەشپێستی وەکو "کارۆڵ" لە سۆنگەی بێکارییەوە بە ناچاری و بەدەر لە ویستی خۆی بەناوی ڕیکلامەوە بۆ شەمامەبەند و گۆرەوی و مایۆ جەستەی نمایش بکات.

نووسەر لە ڕۆمانی پێشوویدا "باڵەخانەی یاقوبیان" ئاریشە و گەندەڵییەکانی ناو کۆمەڵگەی میسر دەخاتە بەرچاو و چۆن ددان دەرزێت، کلۆر دەبێ و کرمێ دەکات، کۆمەڵگەی عەرەبییش بەو شێوەیە وێنا دەکات.

بۆیە هەرگیز چارەسەری مامناوەندی بەسوودمەند و ڕێگەچارە نابینێ و

شـــۆڕشی بەچارەســەری یەکـجـارەکی داناوە، تاکـو لە ڕەگ و بێـخـــەوە گۆڕانکاری ئەنجام بدات.

لەم ڕۆمـانەیدا لەوەشی تێپەڕاندووە، جگە لە مـیـسر باس لەو دەڤـەرانەی شیکاگۆ دەکات، کە بەرەشپێستەکان تەنراونەتەوە و لێوانلێون لە هەژاری و بێکاری و بـەنگکێشـان و ڕووداوی کـوشـتن و دزی و ئەتک کردن. ئەمـە جگە لەوەی ڕێـژیمەکـەشی فــەرامـۆش نەکـردووە، چۆن لە پێـناوی بەرژەوەنـدیی خـۆیاندا دەسـتـیـان لـەگـەڵ ڕێژیمی پۆلیسیی مـیسـریدا تێکەڵ کـردوون و لە زۆرێک لە نـاڕەواییەکانیان بەشدارن، یا هـەرهیچ نەبێت بێدەنگن.

نووسەر بابەتێکی گەورەی بۆ ڕۆمانەکەی هەڵنەبژاردووە تاکو ڕۆمـانەکەی پێ مـەزن و نـاودار بکا، ئەو خـۆی بڕوای وایە بـابەتی باش هـەرگـیـز ڕۆمـانی چاک دروست ناکات، لێ ڕۆمانی باش هەمیشە بابەتی چاک دروست دەکات.

نووســـەر بۆ ئەوەی وەرگـر لە گـێـڕانەوەی تـاکـە کــەسی وەڕس نەبێت، کـاراکـتـەرێکی تری بەناوی نـاجی عـەبدولسـەمــەد خـولْقـاندووە، دەنگێکی سەربەخۆی پێ بەخشیوە، تا بەکەیفی دڵی خۆی یادەوەرییەکانی بگێڕێتەوە. ئەمە جگە لەو مـۆنتاژەی لە شێوەی گرتەی سینەمـاییدا پێشکێشی دەکات و بایەخی زیاتر بەکاراکتەرەکان دەدات نەک بەئایدیۆلۆجیا.

نووسەر وەکو خۆی دەڵێت:

«هەر لە یەکەم ڕۆژەوە، کە بۆ خـوێندن بۆ ئەمـەریکا چووم، بیـرم لێ کردەوە، کاتێک یەکەمین جار پەنجـەرەم خسـتـە سـەر گـازی پشت، دەبینم ئەمـەریکاییەکان لەناو بەرمیلی زبڵدا بۆ خـواردن دەگــەڕێن تـا بیــخــۆن، ئەوە گــەلێک دڵـتــەنگ و بێــزاری کــردم. بەهەستی ئەدەبیی خۆم درکم بەوە کرد ئەمە ئەزموونێکی گرینگە و ڕەنگە دووبارە نـەبێـتــەوە، دەکــرێت پاشـــان لـە پرۆژەیـەکی ئەدەبیدا سوودی لێ ببینم».

خـاڵی بەهێـزی ڕۆمـانەکـە لەوەدایە سنووری تابـوکانـی سێکس و ئاین و سیاسـەتی بەزاندووە و بوێرانە باس لە چەپێنراوەکانی ناخی یەکە بەیەکەی کاراکتەرەکانی دەکات.

***

عـەلا ئەسـوانی. کـوڕی عـەباس ئەسـوانیی پارێزەر و ڕۆمـاننووسی کۆچکردووی ناوداری میـسرە، سـاڵی ١٩٥٧ لە میـسر هـاتووەتە دنیـاوە. لە خێزانێکی بۆرژوادا پەروەردە بووە. ماستەری لە نۆشدارییی ددان لە زانکۆی ئەلینۆی لـە شـیکاگۆدا بەدەست هێناوە. پێـشـتر دوو کۆمـەڵە چیرۆک و دوو ڕۆمـانی بەچاپ گـەیاندوون. ئەندامـێکی چالاکی بزاڤـی ئۆپۆزسـیـۆنی (کفایە)ی میسرییە. لە ساڵی ١٩٩٠ەوە دەستی داوەتە نووسین.

ساڵی ٢٠٠٢ ڕۆمانی (باڵەخانەی یاقوبیان)ی بڵاو کردەوە، ئەوە بوو کرایە فیلمی سینەمایی و پاشان زنجیرەی تەلەفزیۆنی.

سـاڵی ٢٠٠٧ ڕۆمـانی شـیکاگۆی بەدوادا هات. تا ئێـسـتا ڕۆمـانەکـانی بەزمـانی کـوردییەوە بۆ ٢٣ زمـان وەرگـێـڕراون. خـەڵاتی برۆنۆ کرایسکیی ئیـتالی وەکو باشـترین نووسـەری داکۆکیکار لە مـافـەکـانی مـرۆڤ لەسـەر وەرگێڕانی ڕۆمـانەکە بۆ زمـانی ئەڵمـانی، پێ بەخشـرا. ئەسـوانی نووکەش وەکو پزیشکی ددان سـەربەخـۆ کـاری خـۆی دەکات (ئیـشـەکەم کـارێکی وای کـردووە، ببـمـە نووسـەرێکی سـەربەخـۆ و ئازاد، واتا گـرفـتی مـادیم نییـە، گرینگترین شـتیش پێوەندیی ڕۆژانەمە بەخـەڵکەوە، ئەمـەش شـارەزاییـیـەکی مرۆییت دەداتێ).

لە کۆڕێکدا لەگەڵ خوێندکارانی بەشی زمـانی ئیسپانی لە کۆلیژی ئادابی قاهیرەدا گوتی:

«لە سـۆنگەی هەڵوێسـتـە سـیـاسـیـیـەکـانمەوە قـەدەغـەیە لە تەلەفـزیۆن و ڕۆژنامـە فـەرمـیـیـە مـیـسـرییـەکاندا بەدەر بکەوم» نەک هـەر ئەمـە، بـەڵکو لە

ئاهەنگی پێشکێشکردنی فیلمی «باڵەخانەی یاقوبیان»دا بانگهێشت نەکرا. جگە لەوەی لە فرگە لە کاتی پشکنینی پاسپۆرتەکەیدا دوای دەخەن و تەشقەڵەی پێ دەکەن، ئەو پێی شەرم و فەدییە باس لەو وردەکارییانە بکات، چونکە هەندێک لە برادەرانی زۆر لەوە خراپتریان بەدەست ڕێژیمی پۆلیسیی میسرییەوە چەشتووە.

هەر لەو کۆڕەدا خوێندکارێک لێی دەپرسێت: بەنامەیەکی کورت چی بەسەرۆک حوسنی موبارەک (کاراکتەرێکە لە ڕۆمانی شیکاگۆدا) دەڵێیت؟

ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: پێی دەڵێم «ئیدی با بەس بێت».

هەینێ ڕۆمانەکانی بێ پرسی ئەو وەرگێڕرانە سەر زمانی عیبری، ئەسوانی بریاری دا لە ڕێگەی یەکێتیی بڵاوکەرێن عەرەبەوە ڕێوشوێنی یاسایی بۆ سکاڵاکردن بگرێتەبەر.

منیش لە سۆنگەی ئەوەی نەکو بەر شاڵاوی ئەو هێرشی سکاڵاکردنە بکەوم، چەند جارێک پێوەندیم بەنووسەری ڕۆمانەکەوە کرد، تا لە بەکوردیکردنی ئەم ڕۆمانەی بەردەستتانی ئاگادار بکەمەوە، لە وەڵامدا پێی گوتم، ئەگەر زانکۆی ئەمریکی ڕێگە بە بەکوردیکردنی بێ بەرابەری ڕۆمانەکە بدات، ئەوا من لاریم لەسەر نییە.

ئەوە بوو پێوەندیم بەخاتوو (Nancy A. Messieh)ەوە کرد، بەرسڤی دامەوە «لە بەرابەر وەرگێڕانی ڕۆمانەکەدا داوای هیچ بەرابەرێک ناکەن». ئەوەشی بۆ نووسیبووم "ئەو ئامادەیە یارمەتیم بدا و لەگەڵ بڵاوکەرە سووری و لوبنانییەکاندا ڕێک بکەوێ، تا کتێبەکەم لای خۆیان بۆ چاپ بکەن"!

وا بڕیار بوو نووسەر بەخۆی پێشەکییەک بۆ چاپی کوردیی ڕۆمانەکە بنووسێت، لێ سەفەرکردنی بەردەوامی و سەرقاڵبوونی بەنووسینی ڕۆمانە نوێکەیەوە، بەم زووانە ئەو بوارەیان بۆ نەڕەخساند.

***

مـاوەتەوە بڵـێم، منـەتبـاری نووســەران (ئەمین شـوان، مـەلوول پەرێشـان، کـامــەران تاهیــر)م، بۆ ئەو پێـشنیـازە بەپێـز و ڕێنـوێنی و تێـبـینیـیــە پڕ بایەخانەیان.

سەباح ئیسماعیل
٢٠٠٨/١١/١ کەرکووک

١

ڕەنگبێ زۆرێک ئەوە نەزانن، کە "شیکاگۆ" وشەیەکی ئینگلیزی نییە، بەڵکو بۆ زمانی گنۆکیی دەگەڕێتەوە، کە یەکێکە لەو زمانانەی هیندییە سوورەکان پێی دەئاخاوتن...

لەو زمانەدا شیکاگۆ مانای «بۆنی تیژ» دەگەیەنێت، سۆنگەی ئەم ناولێنانەش ئەوەیە، ئەو شوێنەی ئێستا شارەکەی لەسەر ڕۆنراوە، لە بنەچەدا کێڵگەی پان و بەرین بووە، هیندییە سوورەکان خلیسکەپیازیان تێدا دەچاند، کە بۆنە تیژەکەی بووە هۆی ئەو ناولێنانە. دەیان ساڵ هیندییە سوورەکان لە شیکاگۆ لەسەر کەناری دەریاچەی میشیگاندا ژیان، خلیسکەپیازیان دەنیا، مەڕوماڵاتیان بەخێو دەکرد و ژیانێکی ئارامیان دەگوزەراند... تاکو لە ساڵی ١٦٧٣دا، کاتێک گەڕیدە و نەخشە دروستکەرێک بەناوی لویس گۆلێ لەگەڵ کەشیشێکی فرەنسی، کە لە تیرەی جزوێت بوو بەناوی ژاک مارکت، گەیشتنە ئەوێ، ئەو دوو پیاوە شیکاگۆیان دۆزییەوە. هەندەی نەبرد چۆن مێروولە ڕوو لە قاپە هەنگوین دەکەن، بەهەزاران زەوتکەر ڕوویان تێ کرد و ملیان پێوە نا...

لە ماوەی سەد ساڵدا:

داگیرکەرە سپییەکان شەڕێکی لەناوبەری تۆقێنەریان بەرپا کرد، لەو جەنگەدا لە نێوان ٥ بۆ ١٢ ملیۆنیان لە هیندییە سوورەکان لە سەرانسەری ئەمەریکادا کوشت...

هەر کەسێک مێژووی ئەمەریکا بخوێنێتەوە، دەبێ لە بەرابەر ئەم ناکۆکییەدا بوەستێت:

ئەو داگیرکەرە سپییانەی بەملیۆنان هیندییان کوشت و دەستیان بەسەر زەوییەکانیاندا گرت و سامانی زێریان تالآن کردن (لە هەمان کاتدا) فەلەی تا بڵێی بەئیمان و باوەڕدار بوون...

ئەم دژایەتییە هەینێ بەدەردەکەوێت، کاتێک ڕای باوی ئەو سەردەمە پێ بزانین؛ زۆرێک لە زەوتکەرە سپییەکان لەو برِوایەدا بوون، کە «سەرەڕای ئەوەی هیندییە سوورەکان هەر چۆنێک بێت ئافەریدەی خودان، لێ بەڕۆحی عیسا نەخولْقاون، بگرە بەڕۆحێکی شەڕەنگێزی ناتەواوی تر گووراون»...

هەندێکیشیان بەدڵنیاییەوە جەختیان دەکردەوە «هیندییە سوورەکان ئاژەڵێکن بۆ خۆیان، ئافەریدەگەلێکی بێ ڕۆح و بێ ویژدانن، بۆیە خاڵین لەو بەها مرۆییانەی پیاوی سپی هەڵی گرتوون!...»...

ئیدی لە سۆنگەی ئەم بیردۆزێلە ژیر و کارامانەوە، لە توانای ئەو داگیرکەرانەدا بوو بەکامی دڵی خۆیان، بێ هەست بەتاوانکردن، یاخۆ سێبەری پەشیمانی بە سەریانەوە بێت، تا بۆیان بکرێت هیندی بکوژن، چەندێکیش ڕادەی کوشتوبڕیان، کە بەدرێژاییی ڕۆژ ئەنجامیان دەدا، دزێو بێت، ڕێی لە خاوێنیی ئەو بەکۆ نوێژکردنانەی شەوانە بەر لە نووستن دایان دەبەست، نەدەگرت!

جەنگەکانی لەناوبردن بەسەرکەوتنی مەزنی باوکە دامەزرێنەرەکان کۆتاییان هات و بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٨٣٧دا شیکاگۆ وەکو شارێکی ئەمەریکایی ڕاگەیەنرا. دوای ئەوە گەشەسەندنێکی ئەفسانەییی بەخۆوە بینی، بەشێوەیەک لە ماوەی کەمتر لە دە ساڵدا ڕووبەرەکەی ١٦ هێندە زیادی کرد. ئەوی لە بایەخی زێتر کرد، بوونی بوو لەسەر دەریاچەی میشیگان و ئەو زەوییە زۆرانەی بۆ لەوەڕگە دەشیان... پاشان ئاسنەڕێی بۆ

ڕاکێشرا، تاکو بێ بەربەرەکانی شیکاگۆ بکەنە شاری شارانی ڕۆئاوای ئەمەریکا.

مێژووی شارەکانیش وەکو مێژووی مرۆڤەکان وایە، بێ وەستان ساتەکانی ئازار و خۆشی دوابەدوای یەک دێن و دەچن... ڕۆژی یەکشەممە ٨ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٧١ ڕۆژی ڕەشی شیکاگۆ بوو، لە ڕۆئاوای شارەکە ژنێک بەناوی کاترین ئۆلێری، لەگەڵ پیاوەکەی و منداڵەکانی و ئەسپێک و پێنج مانگاکەیدا دەژیان... لەو شەوەدا ولَساتەکانی خاتو ئۆلێری لە باخچەکەی پشت ماڵەوە بەئارامی دەلەوەڕان، دەوروبەری کاتژمێر نۆ، یەکێک لە مانگاکان هەستی بەبێزارییەکی کتوپڕ کرد، وای بەباش زانی باخچەکە جێ بهێڵێ و بچێتە عەمارەکەی پشتەوە، ئاگردانە کیرۆسینەکە لاپرەسەنییەکەی جووڵاند، خولێکی بەدەوریدا دا و سەری بردە ژوورەوە تا بۆنی بکات. لە هیکرا ولامی بەناخی پەنهانی دایەوە و بەتوندی لەقەیەکی لە ئاگردانەکە دا، قلّپ بووەوە و نەوتەکەی ڕژایە سەر زەوییەکە، کۆمەڵێک کا لە نزیکییەوە بوو، یەکسەر گڕی گرت... بەخێرایی ئاگرەکە تەشەنەی کرد و سەرلەبەری ماڵەکە سووتا، پاشان ماڵەکانی دەوروبەریشی گرتەوە. ڕەشەباکەی زۆر بەهێز بوو (شیکاگۆ هەر خۆی وایە) ئاگرەکە بەهەموو شوێنێکدا بڵاو بووەوە. سەعاتێکی نەبرد سەرپاکی شار گڕی گرت، ئەوی زیاتر کارەساتەکەی گەورە کردەوە پیاوانی ئاگرکوژێنەوە بەدرێژاییی شەوی پێشوو نەنوستبوون، چونکە بەکوژاندنەوەی ئاگرێکی ترەوە سەرقاڵ بووبوون، کە بووە ئەگەری لە کارخستنی زۆرێک لە ئامێرەکانیان (کە ئەو کات سەرەتایی بوون)...

بڵێسەی ئاگر گەیشتە ئاسمان و یەک یەک ماڵەکانی شیکاگۆی (زۆربەیان لە دار دروست کرابوون) لووش دەدا. هەرا و زەنای خەڵکی تێکەڵ بەلرفەی ئاگرەکە دەبوو، لەو کاتی شارەکەی دەماشتەوە و قرچوهۆڕێکی

تۆقـێنەری بڵاو دەکـردەوە، دەتگوت کـتـومت جـادووی نەفـرەت دەخـوێنێت. دیمەنێکی ئەفسـانەیی تۆقـێنەر بـوو، لەو دۆزەخـەی دەکـرد، کە لـە کتـێبـە پیرۆزەکانـدا هـاتووە. ئاگرەکە بێ بەزەییـانە بەدرێژایی دوو ڕۆژان بەردەوام بوو، تاکو لە سپیدەی ڕۆژی سێشەممەدا دامرکێنرایەوە...

زیانەکان لێکدرانەوە بە:

پتـر لـە ٣٠٠ کـوژراو و ١٠٠ هـەزار کـەسـی ئاوارە (نزیکەی سێ یـەکی دانیـشتـوانەکە)، هـەرچی زیـانی مـاڵی بوو، بـەحـیـسـاب و کیـتـابـی سـەدەی نۆزدە، لـە بـان ٢٠٠ ملیـۆن دۆلارەوە بـوو... کـارەسـاتـەکـە هـەر بـەمـەندەوە نەوەستا، هـاوکـات لەگەڵ ئاگرکەوتنەوەکەدا وێرانی و پشێویی سـەرتاسـەریی بڵاو بـووەوە، (وەکـو کـرمی لاشـە) چەتەی بـەرەڵڵا، کـە لە سـەرسـەری و تاوانکاران، دز و جـەردە و پیـاوکـوژ و تلیـاکـخـۆر و ئالوودەی سـێکسی پێکهاتبوون... لە هـەمـوو لاوە هـاتن، تاکو گەندەڵی لەو شـارە کۆسـتکەوتووەدا بڵاو بکەنەوە؛ چی لە مـاڵە سـووتاو و دووکـان و بـانک و کـۆگـای مـەیەکـاندا هـەبـوون تاڵانیـان کـردن، لە شـەقـامـەکـانـدا مـەیـان دەخـواردەوە و کێ لە ڕێگەیاندا بوەسـتـابا دەیانکوشت، بـەئاشکرا و لـە ژێر هـەڕەشـەی چەکـدا ئافرەتیان دەڕفاند و بەهەموویانەوە ئەتکیان دەکرد...

لە جـەرگەی ئەو دەردەسـەری و مەینـەتییـەدا، کڵێسـاکـانی شیکاگۆ نوێژی بەکـۆمـەڵی تایبـەت بەپاڕانەوە و نـەمـانی ئێش و ئازاریـان ڕێکخـست... قەشـەکان سەرلەبەریان بەدەنگی پڕ لە پەشیمانی و ڕاستگۆیی دەربارەی ئەو مـاڵوێرانییـە دەپـەیڤین، کـە پەروەردگـار وەکـو سـزایەکی دادپەروەرانـە لە ئەنجـامی لـە ئاین دەرچوون و داوێنپیـسی، کـە لـە نێـوان دانیـشـتـوانی شارەکەدا بڵاو بووبووەوە، بۆی ناردوون!.

کاولبوونەکە سـەرتاسـەری بوو، ئەوی ئەوکـات شـیکاگۆی بینی، دڵنیـا بوو ئیـدی تەواو وێران بوو و ئاسـەواری بڕایەوە. لێ ئـەوی ڕووی دا پێچـەوانەی

مـەزندەکـان بوو... قـورسی و گـرانیـی کـارەسـاتەکـە ورەی بـەرز کـردنەوە و ئازایەتی بـەبەر دانیشـتوانـی شیکاگـۆدا کرد. تەنـانـەت بازرگـانـێک بەناوی جۆن ڕایت، لە هەموو ژیانیدا لە ژمارە و مـامەڵەی کڕین و فرۆشتن بتـرازێت لە هیچ نـەدەگـەیشت، کـەس مـانـای خـۆشـەویسـتیـی و ڕەوانبـێـژیی لەبارەوە نەبیستبوو، کاتێک خۆی لە نێوان دەیان لێقەوماوی سەرلێشێواودا بینییەوە، دوای ئەوەی چییـان هەبوو سـووتا و لە دەسـتـیـان دا، وێڵ و سـەرگـەردان بووبوون. لەپڕ وزەی پـەنـهـانی شـیـعری تەقـیـیـەوە و قسـەیەکـی سـەرپێیی بۆ کردن، پاشان لە مێژووی شارەکەدا ئەو وتانە بوونە قسەی نەستەق...

جۆن ڕایت چون ئـازار بکێشێت دەسـتـەکانی بۆ پێش خـۆی درێژ کردن، دەمـوچـاوی هاتنەوە یـەک (نەخـتـێکیش سـەرخـۆش بوو)، پـاشـانەکـینێ بەدەنگێکی زوڵاڵ نەڕاندی:

«خەڵکینە دان بەخۆتاندا بگرن... شیکاگۆ نەسـووتاوە، بەڵکو خـۆی خستە ئاگـرەوە، تاکـو لە ئـەنـدامـە خـراپـەکـانی ڕزگـاری بێت، دەبێ بـەتینتـر و قەشەنگتر لە جاران بێتە دەرێ...».

ئا بەم شـێـوەیە... غـەریزەی قـووڵی مـانەوە کـڵـپـەی سـەند و هـاوکـاریی خـۆڕسک، کە خـەڵکی لە سـاتی مـەترسـیـدا کـۆ دەکاتەوە، ژیایەوە، ئەوانی ڕزگاریان بووبوو بەتوانایەکی لە بن نەهاتووی ماندوویی نەناسانەوە شانیان لێ قایم کرد:

تیپێلی چەکدار لە خوایشتەکان (متطوعین) پێک هێنران، ئەوانی لە پێناو شـارەکەیانـدا ئامـادەی مـردن بوون، کـەوتنە وێزەی چەتـەکان و لەگـەڵیـانـدا بەشـەڕ هـاتن، تاکو دەستەکانیان یەک یەک تەفروتوونا کرد، یاخـۆ ناچاری هەڵاتنیـان کـردن... لە پێناو دابینکردنی خـۆراک و جلوبەرگ و چاودێریی تەندروستیی بۆ هەزاران خێزانی ئاوارە، بەدەیـان پەناگەی ئەهلییان بنیـات نـا، باربوو و شـمـەک بەسـەریاندا ڕژان. لە هـەمـوو کونجێکی ئەمـەریکاوە لە

پێناو نۆژەنکردنەوە و بەگەڕخستنی وەبەرهێنان لە پرۆژە بازرگانییەکانیدا، بەدەیان هەزار دۆلار بەسەر شیکاگۆدا بارین...

هەرچەندە سەرلەنوێ بنیاتنانەوە گرفتی نوێی لێ بووەوە:

لە ئەنجوومەنی شارەوە بڕیارێک دەرچوو، قەدەغەی چێکردنی خانووی داری کرد، چونکە دەبێتە ئەگەری بڵاوبوونەوەی ئاگر، ئەمەش بەرزبوونەوەی کرێی خانوو و مانەوەی زۆربەی دانیشتوانی شارەکەی لەسەر شەقامەکاندا بەدوادا هات، چونکە پارەی کرێی خانوویەکی لە خشت دروستکراویان شک نەدەبرد، بەتایبەت لە سۆنگەی ڕووکردنە بازاڕی کاری بەهەزاران بێگانە و دابەزینی کرێی دەستکارە...

قەیرانی ئابووری ڕووبەڕوویان بووەوە، ئەمەش پاڵی بەسوپای هەژاران و برسییانەوە نا، تاکو خۆپیشاندانی توند بەرپا بکەن و دروشمی یەکلاکەرەوەی لە دوو وشە پێکهاتوو «یا نان، یاخۆ مردن» بەرز بکەنەوە... بەڵام ڕێژیمی سەرمایەداریی ئەمەریکایی بەخدێی خۆی توانی چارەسەری کاتی بۆ قەیرانەکە دابنێت، کە کتێبەکانی مێژوو هەرگیز باسیان نەکردووە... وەبەرهێنانەکان چەند ناوێکی نوێیان لە ملیۆنێرەکان پێکهێنا، لە کاتێکدا زۆربەی دانیشتوانیش ڕۆ چووبوونە ژێر کڵۆڵییەوە، سەرەڕای ئەمانەش پێشبینییەکەی جۆن ڕایت هاتە دی؛ دوای چەند ساڵێکی کەم شیکاگۆ لە جاران جوانتر و بەتواناتر بوو... هەروەها وەکو گرینگترین شار لە ڕۆئاوادا و سێیەم شاری ئەمەریکایی لە گەورەییدا و مەڵبەندی سەرەکیی بازرگانی و پیشەسازی و ڕۆشنبیری، لە ئەمەریکا و جیهاندا تاجی لەسەر نرا...

لەو دەمەدا گۆڕانییەکی میللیی باو بوو، بەراییەکەی بەم ئاوایە دەستی پێ دەکرد:

«شیکاگۆ... سەرلەنوێ شاژنی ڕۆئاوایە...».

چۆن باوکان و دایکان دوای ڕزگاربوونی ڕۆڵەکانیان لە نەخۆشییەکی

کوشندە نازی زیاتریان دەدەنێ، ئەمەریکاییەکانیش نازناوێلی زۆریان داهێنا و بەبەر شیکاگۆیاندا بڕین، وەک:

«شاژنی ڕۆئاوا» لەبەر بایەخ و قەشەنگییەکەی، «شاری با» چونکە بەدرێژایی ساڵ ڕەشەبای لێ نابڕێت، «شاری سەدە» لەبەر فراوانبوونی سەرسڕهێنەری لە ماوەیەکی کورتدا، «شاری باهووە گەورەکان» ئاماژەیە بۆ بەرزی باڵەخانە گەردن کەش و زۆری کرێکاران لە ناو دانیشتوانەکەیدا، شاری «ئارامگرتن» ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو حەز و ئارەزووەی پاڵ بەئەمەریکاییەکانەوە دەنێت، بۆی کۆچ بکەن و بەدوای ئایندەیەکی باشتردا بگەڕێن... «شاری قەراغەکان» ئاماژەیە بۆ ئەو ٧٧ کەنارەی دەوروبەری شاریان داوە و خەڵکانی بەڕەچەڵەک جیاجیان لێ دەژین: ڕەشپێست و ئیرلەندایی و ئیتاڵیایی و ئەڵمانیاییەکان... هەر قەراغێکیش ڕۆشنبیری و داوونەریتی دانیشتوانەکەی جیاوازە...

زیاد لە سەد و سی ساڵ بەسەر ئاگرە گەورەکەدا تێپەڕیوە، لێ یادی وەکو شوێنەوارێک بەڕوخسارێکی جوانەوە هەر دەمێنێت، خەڵکەکەی بەداخ و کەسەرەوە جار نا جارێک بیریان دێتەوە، ئیدی وای لێ هات ئاگر لای ئەوان مانایەکی تری دەبەخشی...

ئەگەر یەکێک لە هەر شوێنێکی جیهاندا ناوی «ئاگرکەوتنەوە»ی هێنابا، ئەوا کاریگەریی لە شیکاگۆ زیاتر دەبوو!

ترس لە ئاگرکەوتنەوە بووە ئەگەری ئەوەی سیستەمی ئاگرکوژاندنەوە لە شیکاگۆ بەرەو پێش ببەن، تەنانەت وای لێ هات بووە باشترینیان... هەروەها ئەکادیمیایەکی تایبەت بەئاگرکوژاندنەوە لە جێگەی ماڵەکەی کاترین ئۆلێری، کە ئاگرە گەورەکە لەوێوە هەڵگیرسا، دامەزرا... بەم ئاوایە خەڵکی گوند بەهەموو توانایانەوە کاریان بۆ ئەوە دەکرد تا ئەو کارەساتە دووبارە نەبێتەوە، قسەیەکی نەستەق بڵاو بووبووەوە بەردەوام بەرپرسەکانی شار

بەسوعبەت و شانازییەوە دەیانگوتەوە:

«سیستەمی ئاگرکوژاندنەوە لە شیکاگۆدا هێند لێهاتووە، بەشێوەیەک بەر لە ئاگرکردنەوە ئاگاداری ئاگرکەوتنەوەت دەکاتەوە...»

***

شەیما محەمەدی لە کوێ ئەم هەموو مێژووە بزانێت، لە کاتێکدا گشت ژیانی لە تەنتا بردووەتە سەر؟ بەدەگمەن نەبێت جێی نەهێشتووە:

بۆ قاهیرە بۆ ئامادەبوونی لە زەماوەندی خزمێکیدا، یاخۆ بەمنداڵیی بۆ ئەسکەندەرییە بۆ بەسەربردنی هاوین لەگەڵ خێزانەکەیدا؟!

بەم ئاوایە شەیما لە تەنتاوە بۆ شیکاگۆ هات... تەنیا جارێک، بێ خۆ ئامادەکردن، یا خۆڕێکخستن، چون یەکێک بێ ئەوەی مەلەوانی بزانێت بەتەواوی جلەکانییەوە خۆی فڕێ بداتە ئاوەوە... هەر یەکێک بینیبێتی بەناو کۆلێجی پزیشکیی زانکۆی ئەلینۆیدا... (بەجلە فەرمییە پانوپۆڕەکەی و سەرپۆشەکەی سینگی داپۆشیبوو، هەروەها بەپێڵاوە نزمەکەی و هەنگاوە گەورە و ڕوخسارە دەشتەکییە خاڵیی لە سووراو و سپیاو و زمانە ئینگلیزییە قورسە تێکشکاوەکەیەوە، کە زۆر جاران وای دەکرد تێگەیشتن لێی بەئاماژەکردن ئاسانتر بێت وەک لە قسەکردن)... دەهات و دەچوو، دەبێ کەسێک پرسیبێتی: چی ئەم کیژە دەشتەکییەی بۆ ئەمەریکا هێنا؟...

هۆیەکان زۆرن:

یەکەم: شەیما محەمەدی لە دیارترین خوێندکارە سەرکەوتووەکانی کۆلێجی پزیشکیی تەنتایە، زیرەکییەکی لە ڕادەبەدەر و توانایەکی ئەفسانەیی کارکردنی وای هەیە، دەتوانێت چەندین کاتژمێر بخوێنێت، بێ ئەوەی بنوێت، یاخۆ تەنانەت لە شوێن خۆی هەڵبستێت، مەگەر بۆ نوێژکردن، یاخۆ نانخواردن، یان دەست بەئاو گەیاندن... زۆر بەهێمنی و قووڵی خوێندنی خۆی دەکات... دوور لە پەلەپەل و جووڵەجووڵ، کتێبەکانی لەسەر

چوارپایەکەی دادەنێ، چوارمشقی لێی دادەنیشێ و قژە نەرمەکەی بەلایەکدا بەردەداتەوە و کەمێک سەری بەلای ڕاستدا لار دەکاتەوە، پاشان دادەچەمێتەوە و بەخەتە ڕازاوە جوانەکەی خاڵە سەرەکییەکانی وانەکە تۆمار دەکات و وەکو ئەوەی چێژی لێ ببینێت، لەبەری دەکات، چون دەست و پەنجە لەگەڵ ئارەزووە شیرینەکەیدا نەرم بکات، یاخۆ جلێک بۆ خۆشەویستە نادیارەکەی بچنێت... ئەو سەرکەوتنە بێ وێنەیەی بووە مایەی ئەوەی بەئاسانی بۆ ناردنە دەرەوە هەڵی ببژێرن.

دووەم: شەیما کچە گەورەی مامۆستا محەمەدی حامد بوو، کە چەندین ساڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەی تەنتای دواناوەندیی کوڕان بوو، بەدەیان قوتابی، کە ئێستا پێگەییون و پۆستی بڵندیان بەدەست هێناوە، لە ژێر دەستی ئەودا دەرچوون.

دوای پێنج ساڵ لە مردنی، تا نووکەش تەواوی خەڵکی پارێزگای غەربییە خۆشیان دەوێ و وەکو نموونەیەکی دەگمەنی نیمچە قرتێکەوتووی پیاوی فێرکردنی ڕاستەقینە بەچاکە باسی دەکەن و بۆ ئەو دڵسۆزی و دەستپاکی و بەردەوامبوون و پەرۆشییەی بۆ قوتابییەکانی هەبوو ڕەحمەتی خێری بۆ دەنێرن...

هەڵبەت ژیانی مامۆستا محەمەدی وەکو هەمووان بەدەر نەبوو لە ئاستەنگ بۆ گەیشتن بەحەز و ئارەزووەکانی، خواستی خوا وا بوو لە کوڕ بێبەری کرد و سێ کچی یەک لە دوای یەکی پێ بەخشی، ئیتر هەوڵی نەدا، ئەمەش تووشی خەمێکی قووڵی کرد، لێ لە سۆنگەی خۆشەویستیی زۆری بۆ کچەکانی و پەروەردەکردنیانەوە، بەسەریدا زاڵ بوو، بەتەواوی چۆن پەروەردەی ڕۆڵە قوتابییەکانی خۆی لەسەر ڕێگەی ڕاستگرتن و کۆشش و بڕوا بەخۆبوون لە قوتابخانەدا دەکردن... ئەنجامەکەشی دڵخۆشکەر بوو: شەیما و عەلیا مامۆستای یاریدەری کۆلێجی پزیشکی بوون، نەدای

بچكۆلەش مـامـۆسـتـای یاریدەر بوو لە بەشی گـەیاندنەكـان لـە كـۆلێـجی ئەندازە... ئا لێرەوە ئەو پەروەردەكردنەی شەیما ڕۆڵی خۆی لە پێشبڕكێكە و ناردنە دەرەوەیدا هەبوو...

سێیەم: گرینگترین هۆكاریش... ئەوە بوو شەیما بێ ئەوەی شووی كردبێت سی ساڵی تێپەڕاندبوو؛ چونكە دامەزراندنی وەكو مـامـۆسـتـای یاریدەر لە كۆلێجی پزیشكیدا گەلێك هەلی شووكردنی لە دەست دا. پیاوی ڕۆهەلاَتی بەسروشتی خۆی حەز دەكات ژنەكەی لە خۆی كەم خوێندەوارتر بێت! جگە لەوەی ئەو ئامادەیی خێرا شووكردنی تێدا نییە:

جلە پانوپۆڕەكەی بەتەواوی جەستەی شاردووەتەوە، ڕوخساریشی هێند جوان و سەرنجڕاكێش نییە، سیما ئاساییەكەی ئەوپەڕی شت لە دڵی پیاودا جێ بهێڵێت هەستكردنیەتی بەئاشنایی، ئەمەندەش بەس نییە هانی خواستنی بدات...

شەیما دەوڵەمەند نییە، لەگەڵ دایكی و خوشكەكانیدا لەسەر مووچەی زانكۆ و مانگانەكەی باوكی دەژین، كە بەسووربوونەوە بەدرێژاییی ژیانی ئەوەی ڕەت كردەوە، بڕواتە وڵاتانی كەنداو، یاخۆ وانەی تایبەت بڵێتەوە... سەرەڕای هەڵكەوتووییە زانستییەكەی، بەرابەر بەتەفرەدانی پیاوان نەزانییەكی تەواوی هەیە، كە زۆربەی ئافرەتان دەیزانن و بەلێزانییەوە پێڕەوی دەكەن: یان ڕاستەوخۆ بەهۆی خۆ جوانكردن و بۆن لە خۆدان و لەبەركردنی جلی كورت و تەسك، تاكو گیانی بەدەرەوە بێت، یانیش ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی شەرمی وورووژێنەر و فەدیی فریودەرانە و شڵەژانی پڕ لە مانا و زمان تێكئالانی شەیتانانەی چێژبەخش، لەگەڵ بەكارهێنانی وردی چەكی غەمزەی تێكەڵ بەخەم و پەنهان... هەموو ئەمانە هونەری ڕاستەقینەن، سروشت لە پێناوی بەردەوامیی ژیاندا بەئافرەتی بەخشیون. بەلاَم (لەبەر حیكمەتێك) شەیما محەمەدی لێی بێبەش بوو... ئەمەش هەرگیز

ئەوە ناگەیەنێت کە ناتەواوییەک لە مێیینەیییەکەیدا هەیە، بەپێچەوانەوە، سامانی ورووژێنەری مێیینەیی ئەو وەها ئێقی دابووەوە، کە لە خۆی بەولاوە بەشی دە ژنی تر بکات، تا لەسەر جێی ژن و پیاوەتی بەوپەڕی ئالۆش و هەڵپە و خرۆشەوە بیخەنە کار، وەلێ تەنیا ئەوەندە بوو فێر نەبوو چۆنی گوزارشت لێ بکات، حەزە مێیینەیییەکانی زۆریان بۆ دەهێنا، تاکو ئازاری بدەن و وای لێ بکەن دەمەدەمی بێ و زوو بێتە گریان، هەروەها جگە لە خەونە حەرامەکانی لەگەڵ کازم ساهیردا و جارجارە بەدزییەوە چێژ وەرگرتن لە جەستە ڕووتوقووتەکەی (کە هەموو جارێک دوای ئەوە ژیوان دەبووەوە و هەڵدەستا دوو ڕکات نوێژی تۆبەی بۆ خوا دەکرد، لێ هێندەی نابرد دەگەڕایەوە سەری) هیچ شتێک لە شڵەژان و نائارامییەکەی کەم نەدەکردەوە...

ڕاستیی ئەو فشارە دەروونییەی بەهۆی دواکەوتنی لە شووکردندا، پێوەی دەتلایەوە، هۆیەکی ڕاستەوخۆی چوونەکەی بوو بۆ ئەمەریکا، چون لەو دۆخەی هەڵبێت، یاخۆ ڕووبەڕووی ڕاستی نەبێتەوە، بۆیە بەدرێژایی چەندین مانگ، توانای خۆی لە پێناو تەواوکردنی مامەڵەی ناردنەکەیدا خستە گەڕ:

داواکاری و داوانامەکان و هاتوچۆی بێ کۆتایی نێوان کۆلێج و بەڕێوەبەرایەتیی زانکۆ و بەپێچەوانەشەوە... پاشان دانوستاندن و گفتوگۆی توند و ئالۆز لەگەڵ دایکیدا، کە هەر هێندەی بەحەزی ڕۆیشتنەکەی بۆ ئەمەریکا پێ زانی، ڕەشەبای توورەیییەکەی هەڵی کرد و بەسەریدا شیراندی:

«شەیما، گرفتی تۆ ئەوەیە وەکو باوکت کەللەڕەقی... پەشیمان دەبیتەوە... کچم تۆ مانای غەریبی نازانی چییە، دەچیت بۆ ئەو ئەمەریکایەی موسڵمانان دەچەوسێننەوە و تۆش لەچکت لەسەرە؟!... باشە بۆ لێرە لە نێو

کەسوکاری خۆتدا بەڕووسووری دوکتۆرا ناخوێنیت؟... بیرت نەچێت، تۆ بەو چوونەت هەموو هەلێکی شووکردن لە دەست دەدەیت... خەنی لە خۆم، لە ئەمەریکا دوکتۆرا دەخوێنیت، تەمەنت چل ساڵە و قەیرەکچیشی...».

بیرۆکەکە بەلای خزم و ناسیاوانیەوە مایەی سەرسوڕمان بوو، ڕەنگبێ بەلای هەموو تەنتاشەوە هەر وابێت:

«کچێک بەتەنیا بۆ چوار پێنج ساڵ بچێت بۆ ئەمەریکا!»

وەلێ کۆڵنەدان و مکوڕبوون و پەنابردنی بۆ شەڕ و بەگژداچوونەوە جارێک و پاڕانەوە و گریان جارێکی دی، وایان لە دایکی کرد چۆک دابدا و ڕازی بێت.

چەندێک چوونەکە نزیک بووایەتەوە، پەرۆشیی شەیما زیادی دەکرد، تەنانەت لە ڕۆژانی دواییدا هەستی بەهیچ ترس و دڵەڕاوکێیەک نەدەکرد... هەینێ وەختیشی هات، فرمێسکەکانی دایکی و دوو خوشکەکەی کاریان تێ نەکرد... هەر هێندەی فڕۆکەکەش لە زەوی بەرز بووەوە، هەستی بەهاتنەوە یەکی سووکی سکی کرد، هەستی بووژانەوە و گەشبینی دای گرت، بیری لەوە کردەوە ئیدی لە ئێستاوە لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدەداتەوە و سی و سێ ساڵ ژیان لە تەنتا لە دوای خۆیەوە جێ دەهێڵێت.

کەچی مخابن، ڕۆژانی یەکەمی لە شیکاگۆدا پێچەوانەی بۆچوونەکانی دەرچوون:

سەرێشە و شەکەتی لە ئەنجامی جیاوازی لە کاتدا، خەوزڕان و خەونی پچڕپچڕ و مۆتەکەی تۆقێنەر، لە هەموو ئەمانەش خراپتر: لەو کاتەوەی لە فڕگەی ئۆهێر دابەزیون، هەستێکی قورسی خەمۆکی دای گرتووە... کارمەندی ئاسایش لێی بەگومان بوو و لە دەرەوەی ڕیزەکە ڕای گرت و لە چاوەڕوانیدا هێشتییەوە، پاشان خستییە ژێر تاقیکردنەوەی پەنجەمۆرەوە، دواییش لێپرسینەوەی لەگەڵدا کرد و بەچاوی وردی پشکنین و پڕ لە

گومانەوە لێی دەڕوانی، وەلێ کاغەزی نێردەکە بەدەستییەوە بوو و دەموچاوە بزرکاوی و دەنگە نووساوەکەی، کە دوایی لە ترساندا برا... هەموو ئەمانە گومانەکانی کارمەندەکەیان ڕەواندەوە و بەدەستی ئاماژەی ڕەتبوونی بۆ کرد.

شەیما لەسەر قایشە ئۆتۆماتیکییەکە وەستا و چەمەدانە (جانتا) گەورەکەشی بەدەستەوە بوو (وەکو دەشتەکییەک ناوی تەواو و ناونیشانەکەی لە تەنتا بەمەرەکەبی چینی لەسەر نووسیبوو)... ئەو پێشوازییە گێچەڵکارانەیە هەستی دڵتەنگی لە ناخیدا جێ هێشت، بۆی دەرکەوت ئەو قایشەی لەسەری وەستاوە، بەناو لوولەیەکی گەورەدا ڕەت دەبێت و لەگەڵ چەندین بۆڕیدا یەکتری دەبڕن، تاکو فڕگەی ئۆهێر وا نیشان بدات، لە گەمەیەکی منداڵانەی هەزار جار گەورە کراوە بکات... هەرکە لە فڕگەکە دەرچوو ئەبڵەق بوو:

شەقامی پان و بەرینی وای بینی بەمێشکیدا نەدەهات شتی وا هەبن، تا چاو بڕکات باڵەخانەی هەوربڕ بەئاسماندا چووبوون، وەکو گۆڤارە ئەندێشەییەکانی منداڵان، شەقڵێکی ئەفسانەیی جادووییان بەشارەکە دەبەخشی، شەپۆلی یەک لە دوای یەک لە ئەمەریکاییەکان، بەپیاو و ژنەوە، مێروولە ئاسا لە هەموو لاوە هەڵدەقولان و بەخێرایی و هەوڵ و کۆششەوە بەسەر زەویدا دەکشان، دەتگوت پەلەپەلی ئەوەیانە بەشەمەندەفەرێکدا بگەن، کە لە دەرچووندایە. ئا لەو کاتەدا هەستی بەنامۆیی و تەنیایی و بزریی خۆی کرد، چون پووشێک بێت هاژەی شەپۆلەکانی ئۆقیانووسێک یاریی پێ بکەن. ترس دای گرت، هێندەی نەبرد گۆڕا بەژانێک ناو هەناوی دەبڕی.

دەتگوت منداڵۆکەیەکە و لە ئاپۆرەی یادی لەدایکبوونی سەید بەدەویدا لە دایکی گوم بووە. سەرەڕای هەوڵە بێ هوودەکانی، دوو هەفتەی درێژ تێپەڕین، بێ ئەوەی لەگەڵ ئەو ژیانە نوێیەیدا هەڵبکات. لە شەوانیشدا،

کاتێک لە ژوورە بچووکەکەیدا، کە لە تاریکییەکی قورسدا نقوم دەبوو و تەنیا ڕووناکییە زەردەکەی لە گڵۆپەکانی سەر شەقامەکەوە دەهات، لە پەنجەرەکەوە خۆی بەژووردا دەکرد، لەسەر جێیەکەی ڕادەکشێت، بەخەم و پەژارەوە ئەوەی بەبیردا دەهات، لەم شوێنە چۆڵ و سامناکەدا بۆ چەند ساڵێک بەتەنیا دەنوێت، ئیدی شەیدایی و پەرۆشی بۆ ژوورە گەرموگوڕەکەی و خوشکەکانی و دایکی و هەموو ئەو خەڵکانەی تەنتا، کە خۆشی دەویستن، ورووژمیان بۆ دەهێنا. دوێنێ خەمێکی وا بەسەریدا باریبوو خەوی لە چاوانی تاراند. کاتژمێرێکی تەواو گینگڵی دەدا و ئەمدیو و ئەودیوی دەکرد، هەستی بەبەدبەختی و کڵۆڵیی خۆی دەکرد. لە تاریکییەکەدا هێند گریا ئەسرین سەرینەکەی تەڕ کرد، پاشان هەستا و گڵۆپەکەی پێ کرد، بەخۆی گوت زۆر ئەستەمە بتوانێت چوار ساڵی ڕەبەق بەرگەی ئەم مەینەتییە بگرێت... چی دەبێت ئەگەر داخوازینامەیەک بنووسێت و نێردەکەی ڕەتکاتەوە؟... لەو کاتەدا دەبێت ماوەیەک بەرگەی قسە و ڕابواردنی هاوەڵەکانی تەنتای بگرێت، هەرچی دوو خوشکەکەین ئەوا ئامێزی لێ دەدەن و دایکیشی هیچی پێ ناڵێت. حەزی ڕەتکردنەوەی نێردەکە هەراسانی کردبوو، بیری لە چۆنێتی جێبەجێکردنی دەکردەوە... لە هیکڕا بیرێکی تری بەمێشکدا هات، دەستنوێژی هەڵگرت، قورئانی کردەوە و سوورەتی یاسینی خوێندەوە، پاشان نوێژی ویست و خوازی کرد و دەستی بەنزا و پاڕانەوە کرد. ئیدی هەر هێندەی سەری نایە سەر سەرین یەکسەر چووە خەوێکی قووڵەوە. لە خەونیشدا باوکی بینی، قاتە شینە نایابە لە خوریی ئینگلیزی مارکەی هێڵد دروستکراوەکەی لەبەر کردبوو، کە تەنیا بۆ بۆنە گرینگەکانی دانابوو (وەکو سەردانی جەنابی وەزیر و ئاهەنگی دەرچوونی قوتابییان)...

باوکی لە باخچەکەدا لە بەرابەر دەرگای سەرەکیی بەشی هیستۆلۆجی لەو شوێنەی لێی دەخوێنێت، وەستا. دەموچاوی ساف و گەش هیچ لۆچێکی تێدا نەبوو، نیگاشی ڕوون و درەوشاوە بوو، قژە ڕەشە درێژە قەترانییەکەی

تەڵێک سپیی تێدا نەدەبینرا، ئەمەش وای لێ کردبوو بیست ساڵ لە تەمەنی خۆی بچووکتر نیشان بدات... بزەیەکی بۆ شەیما کرد و بەدەنگە میهرەبانەکەی بەگوێیدا چرپاند: «مەترسێ... لەگەڵتدا دەمێنم... هەرگیز جێت ناهێڵم... وەرە»...

پاشان دەستی گرت و بەنەرمییەکەوە لە خۆی نزیک کردەوە، تا دەرگای بەشیان بڕی.

شەیما سەرلەبەیانی بێدار بووەوە، ئارامی و هێمنیی پێوە دیاربوو، بەتەواوی لە دڵەڕاوکێکانی ڕزگار بوو بوو، لە مێشکی خۆیدا گوتی: «ئەمە خەونێکی ڕاست بوو لە پەروەردگارەوە، تاکو لەم کارە قورسەدا دوودڵ نەبم».

بڕوای تەواوی بەوە هەبوو، کە مردووەکان لەگەڵماندا دەژین، وەلێ ئێمە نایانبینین، باوکی لە خەوندا سەردانی کرد، تاکو هانی بەردەوامبوونی لە خوێندنەکەیدا بدات، هەڵبەت ئەویش شەرمەزاری ناکات، خەمەکانی دەخاتە لاوە و لەگەڵ ئەو دۆخە تازەیەدا هەڵ دەکات. چونکە لەسەر ڕایەک بوو، هەستی بەئاسوودەییەکی قووڵ کرد، بڕیاری دا بەو بۆنەیەوە ئاهەنگ بگێڕێت. هەڵبەت سرووتی خۆی هەبوو، وا ڕاهاتبوو لە بۆنە خۆشەکاندا لەگەڵ خوشکەکانیدا بیگێڕێت: دەستی بەدروستکردنی تێکەڵە ناودارەکە کرد، کە لە شەکر و لیمۆ لەسەر ئاگر دروست دەکرێت، پاشان چووە گەرماوەوە، جلەکانی داکەندن و بەڕووتی لەسەر لێواری بانیۆکە دانیشت، مووی زیادەی بەگیانییەوە نەهێشت. چێژ و لەزەتی لەو ئازارە تیژ تێپەڕە چەند جارەیەی لە ئەنجامی هەڵگرتنی تووکی پێستی بەگیانیدا دەهات، دەبینی. دوای ئەوە گەرماوی کرد و لەگەڵیدا شوێن بەشوێنی جەستەی شێلا، تاکو هەستی بەبووژانەوە و ڕزگاربوون کرد، پاش چەند خولەکێک لە ئاشخانەکەدا دیمەنێکی ڕێکوپێکی میسریی دەنواند:

دیشداشەیەکی قـەستۆری نەخشێنراو بەوردە گوڵی لەبەر کرد، قاپقاپێکی پانی چوار قـایشی لە پێ کردبوو، چونکە پەنجـەکانی پێی حـەسـابوونەوە و بەئازادی دەجـووڵان، گەلێکی پێ بـاش بوو. قژە ڕەشـە نەرمە درێژە تەڕەکەی بەردابووەوە سـەر شـانی و بڕیاری دا چێژ لە هەمـوو ئەو شتـانە ببینێت، کە حـەزیان لێ دەکات... کاسێتی گۆرانیـی «ئاخۆ بەگومانی؟»ی کـازم سـاهیـری خستـە نەوارەکەوە، چونکە هێند حـەزی لێ دەکرد، بەشێوەیەک سێ جـاران دوا بەدوای یەک لەسـەر کاسـێتی تۆمار کـردووە، تاکو هەموو جـارێک ناچار نەبێت بیگەڕێنێتـەوە سـەرەتا. دەنگی کـازم سـاهیـر بـەو ناوەدا بڵاو بووەوە، شـەیماش لەگەڵیدا سەمـای دەکرد، لە هەمـان کاتدا یەک لە دوای یەک گـوڵە بیبـەری دەکـردە ڕۆنەکەوە، تاکو خـواردنـە خـۆشـەکەی خـۆی «مسـەقـەعـەی ئەسکەندەرانی» لێ بنێت... پەیتـا پەیتا تەواو دەگونجا و بەدەم گۆرانی گوتن لەگەڵ کـازم ساهیـردا و سەمـاکردنەوە بەناو ئاشـخـانەکەدا تەراتێنی دەکرد، دەتگـوت بڕگــەیەکی نمایشکاری پێـشـکێش دەکـات، پـاشــان دەچووە لای تاوەکـەوە و گـوڵە بیبـەرێکی تێ دەهاویشت، کـاتێک کـازم سـاهیـر گـۆرانیـی دەچڕی «بکوژەکەم بـەپێی پەتی سـەمـا دەکـات»... شـەیمـا پـێی لێ درێژ کـرد و بابوجـەکانی، بەدوای یـەکدا بەسـەر زەوییەکـەدا بۆ گـۆشـەی ئاشـخـانەکە لێژ بوونەوە... هـەینێ کازم سـاهیر لە خۆشـەویستەکەی پرسـی «لە کوێوە هـاتیت، چۆن هـاتیت و چۆن ویژدانمت هەژاند؟!»، کــەیف و شــادی هێنایـە بەزم و سـۆفی ئاسـا کـەوتـە سـەمـا، وای بەبیـردا هـات مـادامـەکی هـاوەڵە کـچـەکانی تەنتای سـەراسیمە کردبوو، جووڵەیەکی سەماکارانە بکات باشـە:

لە ناکاو دابەزییە سـەر چۆک و قۆڵەکانی بەرز کردنەوە، پاشان پەیتا پەیتا لەگــەڵ لەرزاندنـی نێـوقــەدی و لەرینـەوەی مــەمکەکـانیــدا هەســتــایەوە... ئەمجارەیان بەیەکجار دوو گوڵە بیبەری خستـە ڕۆنەکەوە، بەبەریەککەوتنیان چزەیەکی گـەورەی لێ هەسـتـا و دووکـەڵێکی چڕی لێ بەرز بـووەوە... ئا لەو کـاتەدا بۆ سـاتێک، وەک ئەوەی دەنگی کـزی شـاوری ئاگـادارکـردنەوەی لە

دوورەوە بەرگـوێ کـەوتبـێت، بەڵام بەدووری زانی لەو دەمــەدا هیچ شـتـێک بتـوانێت ئـەو زەوقـە جوانـەی تێک بدات، جـووڵەیـەکی سـەمـاکارانـەی نوێی دەست پێ کرد: قۆڵەکانی بەتەنیـشـتدا درێژکردن، چۆن بۆ لە ئامێزگرتنی کەسێک ئامادە بێت، بەوەستانەوە سینگی دەهێنایە پێش و دەیبردە دواوە، عـانێ گوڵە بیبـەرێکی تری بـەدەسـتـەوە گرت و دەسـتـی هەڵبڕی تا بیکاتە ڕۆنەکەوە... لەو کاتەدا... مۆتەکەیەکی تۆقێنەر شالاوی هێنا:

گـوێی لە زرمـەیەک بـوو، دوا بەدوای ئەوە بەتوندی دەرگـای ئـەپارتمانەکـە کەوتە سـەر گازی پشت، چەند زەلامـێکی کەتـە دەوریان لێ دا و بەئینگلیـزی دەیانشیراند، ئەو لێیان نەدەگەیشت، هەندەی نەبرد یەکیان بازی دایە لایەوە و بەتـوندی بـاوەشـی لێـی دا، چون بیــەوێت لـە زەوییــەکــەی بـەرز بکـاتەوە... چونکە حـەپـەسـابوو، بەرگریی نەکرد، هـەسـتی کرد مـشـتـە بەهـێزەکانی لە پشتی گیر دەبن، پاش ئەوەی دەموچاوی پەستایە پاڵتۆ ڕەشـە چەرمییەکەوە، بۆنی پێسـتـی دەباغکراوی بەلووتدا هات... ئینجـا هـەسـتـی بەگـەورەیی ئەو کارەسـاتـە کرد کـە ڕووی داوە، هەمـوو هـێزی کۆ کردەوە، تا پاڵ بەو پیاوە نەناسراوەوە بنێ و لە خـۆی دوور بخاتەوە، دەستی بەقیژە و هاواری یەک لە دوای یەک کـرد، زایەڵەی دەنگەکـەی لـە سـەرتاپای بالاخــانەکـەدا دەنگی دەداوە!

## ٢

زانکۆی ئەلینۆی گــەورەترین زانکۆی وڵاتە یەکگرتووەکــانە، دەبێــتــە دوو بەشـەوە: مـەڵبـەندی پزیشکـی، دەکـەوێتـە ڕۆئاوای شـیکاگۆوە، کـە کۆلێجـە پزیشکییـەکان لە خۆ دەگرێت، هـەرچی کۆلێجـە ناپزیشکییـەکانیشن، ئەوا دەکـەونە ناوەندی شـارەوە. ئەم مـەڵبـەندە پزیـشکییـە بەتوانـایەکی کـەمـەوە سـاڵی ١٨٩٠ دەسـتی پێ کـرد، پاشـان بەخـێـراییـیـەکی لە ڕادەبەدەر وەک هەمـوو شتـەکانی شیکاگۆ، پەرەسـەندن و فراوانبـوونەوەی بەخـۆوە بینی، تا وای لێ هـات بوو بەشارێکی بەرفـراوانی سەربەخۆ، ڕووبەرەکەی ٣٠ ئەکرە[١] (نزیکـەی ملیـۆن و چارەکـێک پێی دووجـا)، زیاد لە سـەد باڵـەخـانەی لەخـۆ گـرتووە: پێکهـاتووە لـە کـۆلێـجـەکـانـی پزیشکی و دەرمــانســازی و ددان و پەرستـیاری و لقەکانی کتێبخـانە و کـارگێڕی، بێجگە لە سینەما و شـانۆ و یانـەی وەرزشـی و شـوێنی گـەورەی بازرگـانـی و گـواستنەوەی ناوخـۆ، کـە لە مـاوەی ٢٤ کـاتژمـێـردا بەخـۆڕایی خـوێندکـاران دەگـەیەنێت.. کـۆلێـجـی پزیشکیی ئەلینۆی لە جـیـهـاندا گـەورەترینیـانە، یـەکێک لە هـەرە دێرینـترین بەشـەکانی هـیستۆلۆجی دەگرێتـە خۆی... لەسەر شێـوازی نوێ لە پێنج نهۆم پێک هـاتـووە، بە باغـچـەیـەکی فـراوان دەورەدراوە، لە ناوەڕاسـتـەکەیدا نیـوە پەیکەرێـکی برۆنزی پیـاوێکی پەنجا سـاڵی، کـە دەڵێی بەدوو چـاوی گـەورە و خـەواڵووی ماندووەوە لە ئاسـمـان دەڕوانێت، قوت بـووەتەوە، لە سـەر بناغـەی

---

١. ئەکر: Acre: پێوەرێکە بۆ ڕووبەر = ٤٣٥٦٠ پێی دووجا = ٤٦،٨٥م٢ (وەرگێڕ).

کۆتەڵەکە بەپیتی گەورە ئەم دەستەواژەیە هەڵکەندراوە: «زانای مەزنی ئیتاڵی مارشیللۆ ماڵپێچی (١٦٢٨- ١٦٩٤).. دامەزرێنەری زانستی هیستۆلۆجی... ئەو دەستی پێ کرد... ئێمەش لێرەین تاکو درێژە بە کارەکە بدەنن».

ئەم دەنگە جەنگاوەرانەیە ڕۆحی بەشەکەی دەنواند.. هەر هێندەی دەروازە شووشەییەکە دەبڕیت، وا هەست دەکەیت دنیات بەسەرێشەو هەرا و زەنایەوە جێهێشتووە و لە میحرابی زانستدایت:

شوێنێکی تا بڵێی هێمن، مۆسیقایەکی نزمی لەسەرخۆ لە ئێستگە ناوخۆییەکەوە بەرگوێ دەکەوێت. ڕووناکییەک، بەشێوەیەک چاو ماندوو نابێ، سەرنجت پەرشوبڵاو ناکاتەوە و هەست بەکاتی دەرەوە ناکەیت، دەیان توێژەر و خوێندکار لە کار و جووڵە ناوەستن.

هیستۆلۆجی وشەیەکی لاتینییە، بەمانای «زانستی ئەتەمناسی»: ئەو زانستەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە شانە زیندووەکان مایکرۆسکۆپ بەکاردێنێت، هیستۆلۆجی بناغەی پزیشکی پێک دەهێنێت، چونکە دۆزینەوەی چارەسەری هەر نەخۆشییەک لە لێکۆڵینەوە لە ئەتەمەکانەوە لە دۆخی سروشتیدا دەست پێ دەکات... سەرەڕای بایەخی گەورەی هیستۆلۆجی، ئینجاش جەماوەری کەمەو داهاتیشی هێند وا نییە...

زۆرجار توێژەری هیستۆلۆجی پزیشکە، سامان و شکۆیی (وەکو نوشداری و ئافرەتان و منداڵبوون)ی وەلا ناوە، تاکو تەمەنی لە تاقیگەیەکی داخراوی ساردا بباتە سەر و بۆ چەندین کاتژمێر چاو لە مایکرۆسۆپ ببرێت. هەموو ئاواتی ئەوە بوو توخمێکی نادیاری شانەیەکی بێ پایان لە بچووکی بدۆزێتەوە، کە کەس نەیبیستبێت. زانایانی هیستۆلۆجی سەربازی ونن، لە پێناوی زانستدا قوربانی بەپارە و ناوبانگ دەدەن، بەتێپەڕبوونی کاتیش شەقڵی خاوەن پیشە دەستییەکانی (وەکو دارتاش و پەیکەرتاش و پەلکە خورما ڕێسەکان) لەخۆ دەگرن:

دانیشتنی جێگیر و دامەزراو، پڕکردنی نیوەی خوارەوەی جەستە، کەمدوویی و بەدیقەتی و وردبینی، ئارامی و بێدەنگی، مێشک سافی و توانای گەورەی رامان و لێ وردبوونەوە... بەشەکە پێنج مامۆستای لەخۆ گرتووە، تەمەنیان لە نێوان پەنجا ساڵییەوە بۆ حەفتا ساڵیدایە، هەریەکیان دوای چەندین ساڵ لە کاری قورس و تێکۆشان ئینجا گەیشتە ئەو پلە و پایەیە، رۆژیان کورتە و خشتەکانیان بۆ چەند هەفتەی داهاتوو پڕن، چەندین توێژینەوەی زانستییان لە بەردەمدایە و دەبێ تەواوی بکەن، ئەمەش وایان لێ دەکات هەموو کاتیان لە تاقیگە ببەنە سەر، رۆژی هەینیی لێ دەرچێت بەدەگمەن هەلی تەنانەت قسە لەگەڵ یەکتر کردنیشیان دەبێت، لە کۆبوونەوەی هەفتانەی ئەنجوومەنی بەشدا لەبەر گرینگیدان بەکات، زوو لەسەر بڕیارەکان رێک دەکەون. ئالێرەوە وا دادەنرێت ئەوی رۆژی سێشەمی رابردوو رووی دا، شتێکی هەڵاوێردەیی بوو؛ ئەنجوومەنی بەش کۆبوونەوەیان بەست و مامۆستاکان ریزبەندیی خۆیان، کە چەسپاوە و ناگۆڕێت، دانیشتن:

دوکتۆر بێڵ فریدمانی سەرۆکی بەش بەسەرە رووتاوەکەی و دەموچاوە سپییەکەی و سیمای هێمن و لەسەرخۆیەوە، کە وای لێ دەکات لە خاوەن خێزانێکی شەریف و کۆڵنەدەر بکات، لە پێشەوەی مێزەکە دانیشتبوو، لای راستییەوە هەردوو مامۆستا ئەمەریکاییە بەبنەچە میسرییەکان، دانیشتبوون: رەئفەت سابت و محەمەد سەلاح. پاشان جۆن گراهامی مامۆستای ئامار بەجەستە تێکسمڕاو و ریشە کورتە چەرمووەکەی و سەرە هەمیشە قژنەکەی و چاویلکە پزیشکییە بچووکە خڕەکەیەوە، کە لەو دیویەوە نیگای زیرەکانەی پڕ لە گومانی تروسکەی دەهات، لەگەڵ بزە سووکە گاڵتەجارییەکەی و پایپێکی درێژ، کە هەرگیز لە لێوی نابێتەوە، هەوکە کوژاوەتەوە، چونکە لە کۆبوونەوەدا جگەرەکێشان قەدەغەیە... گراهام تارادەیەکی زۆر لە نووسەری ئەمەریکایی ئێرنەست هەمەنگوای دەچێت، کە

هەمیشـە مایەی پلار و پێکەنینی هاوەڵەکانیەتی... لەوبەری مێزەکەوە جۆرج مـایکڵ دادەنیـشێت، ناویان ناوە «یـانکی» چونکە هـەمـوو شـتـەکـانی شـەقڵی پەتیی ئەمەریکاییانەیان هەڵگرتوون:

چاوە شـینەکـانی و قـژە زەردە شـۆڕەوەبووەکـەی بەسـەر شـانیـدا، جلە کاچواڵەکانی، جەستە بەهێزە پانوپۆڕەکەی و بازووە هەڵتۆقیوە بادراوەکەی، کە لە ئەنجامی ڕێکی و کەللەڕەقی لە مـەشقکردنە وەرزشییـەکانیـدا وای لێ هاتووە، هـەروەها پا درێژ کـردنـی بەڕووی ئەوەی قـسـەی لـەگـەڵدا دەکـات و لێستنەوەی پەنجەکانی لە کاتی نانخـواردندا، بوتڵێک پیپسی کە لە دەستی نەدەبووەوە.. جـار نا جـارێک قـومـێکی بچـووکی لێ دەدا، پـاشـان شـانی هەڵدەتەکاند و بەشێوە زمانی تیکسـاس لەو شوێنەی بەرلەوەی بێتە شیکاگۆ پێگەییوە، قسەی دەکرد.

مـایەوە دنیس بیکەر بەتەمـەنتـرین مـامـۆسـتـا و پڕ بەرهـەمـتـرینیـانە، لە بێـدەنگیـدا نقـوم بووبوو. جلـەکـانـی سـادە و سـاکـار و پاک و خـاوێن بوون، هەمیشە پیچەک چرچ و لۆچییان پێوە دیاربوون، ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کاتی جوان ئوتی کردنیانی نەبێت. باڵای درێژ، جەستە پیرەکەی توند و تۆکمەیە، سـەری بەتەواوی کـەچەڵە، یەکـپـارچە قـژی ڕووتاوەتەوە؛ چاوە گـەورەکـانی نیگایەکی برندە دەگرن، هەندێک جار بریسکەیان ئەوەندە تیژە، دەسەڵاتێکی پەنهان و ئاڵۆزییان تێدا بەدی دەکرێت.

هاوەڵەکـانـی دینیس بیکـەر شـۆخـیی لەگـەڵدا دەکـەن و پێی دەڵێن، چۆن شـوفـێری ئۆتۆمـبیل ئـەو کـات هۆڕن بەکـار دێنێت، کـە ئـیـتـر هیـچ بوارێکی نەمێنێت، ئەویش بەو شێوەیە قسەکانی بەکار دەهێنێت!

کۆبوونەوەکە بەشێوەیەکی ئاسـایی بەڕێوەچوو، بەر لەوەی مـامـۆسـتـاکـان بڵاوەی لێ بکەن، سـەرۆک فریدمـان گلی دانەوە و بەخـدێی خـۆی دەمـوچاوی سـوور هەڵگەڕا، ئەمـەش لەو کـاتانەدا وای لـێ دێت، ئەگـەر شـتـێکی هەبێ

بیڵێت، پاشان لە کاغەزەکانی بەردەمی ڕوانی و بەدەنگێکی هێمنانەوە گوتی:

– دەمەوێت لە بابەتێک پرستان پێ بکەم... بەخۆتان دەزانن نووسینگەی نێردە لەگەڵ بەشدا ڕێکەوتووە، تاکو خوێندکاری میسری بنێرێت، بۆ ئەوەی دوکتۆرا لە هیستۆلۆجیدا وەربگرن... ئێستا سێ خوێندکارمان هەن: تارق حەسیب.. شەیما محەمەدی.. ئەحمەد دەنانە.. ئەم حەفتەیە نووسینگەی نێردە کاغەزی خوێندکارێکی تازەی ناردووە، ناوی.. (وێستا و ناوەکەی زۆر بەزەحمەت خوێندەوە).. ناجی عەبدولسەمەد.. ئەم خوێندکارە لەوانی تر جیایە، یەکەم: چونکە دەیەوێت ماستەر بەدەست بهێنێت، نەک دوکتۆرا..

دووەم: لەبەرئەوەی لە زانکۆدا کار ناکات.. لە سەرەتادا واقم وڕما.. تێنەگەیشتم ئەگەر کار لە توێژینەوەی زانستی، یاخۆ وانەوتنەوەدا نەکات، بۆچی دەیەوێت ماستەر لە هیستۆلۆجیدا وەربگرێت؟!.. ئەم بەیانییە پێوەندیم بە بەرپرسی نووسینگەی نێردەوە لە واشنتۆن کرد، پێی گوتم؛ ئەم خوێندکارە لە بەر هۆی سیاسی لە زانکۆی قاهیرە دانەمەزراوە، ئەگەر ماستەر بەدەست بهێنێت ئەوا پشتگیری هەڵوێستی لەو کێشەیەدا دەکات، کە دژ بە زانکۆ بەرزی کردووەتەوە.. سەیری پەروەندی ئەو خوێندکارەم کردووە، بینیم هاندەرە:

نمرەی بەرز لە تاقیکردنەوەکانی ئینگلیزی و تۆمارکردنی گشتی، بەخۆتان دەزانن، نووسینگەی نێردە خەرجیی خوێندنی دەگرێتە ئەستۆ.. دەمەوێت ڕای ئێوەش بزانم.. ئاخۆ ئەم خوێندکارە وەربگرین؟.. خۆتان ئاگادارن شوێنەکانی خوێندنی باڵای ئێمە سنووردارن. گوێتان لێ دەگرم، ئەگەر ڕێک نەکەوتین، ئەوا دەیخەمە بەر دەنگدان.

فریدمان چاوی بە ئامادەبوواندا گێڕا، جۆرج مایکڵ (یانکی) یەکەمین کەس بوو داوای قسەکردنی کرد.. قومێکی لە بوتڵە پیپسییەکەی دا و گوتی:

– من لاریم له وەرگرتنی خوێندکاری میسری نییه.. بەڵام تەنیا ئەوەتان بیـر دەخـەمـەوە، کـە ئێـمـە لە یەکـێک لە بەشە هەرە گـرینگەکـانی هیستۆلۆجیداین له جیهاندا.. هەلی فێربوون لێرە دەگمەن و بەنرخە، نابێ هەر لەبەرئەوەی خـوێندکـارێکی ئەفـریقی دەیەوێت کـێـشـەی دژ بە حکوومەتەکەی بباتەوە، بەفیڕۆی بدەین.. وابزانم فێرکردن لای ئێمە ئەرکی گەورەتری هەیە.. ئەو شوێنەی ئەم خوێندکارە بەدەستی دێنێت، پێویستی بەتوێژەری ڕاستەقینەیە، تاکو باش فێر بێ و شتگەلی نوێ له زانستدا بدۆزێتەوە.. من لەگەڵ وەرگرتنیدا نیم.

– باشە.. ئەمە ڕای تۆیە مایکڵ.. ئەی ئەوانی دی؟

سـەرۆک بەم شێوەیە بە زەردەخـەنەوە پرسـیـاری کرد، ڕەئفەت سـابت ئاماژەی بۆ کرد و پاشان بەزمانێک کەوتە قسەکردن وەک ئەوەی نوکتەیەک بڵێت:

–.. بەو حـسـێـبـەی ڕۆژێک لە ڕۆژان مـیـسـری بوومـە، زۆرباش دەزانم میسرییەکان چۆن بیر دەکەنەوە... ئەوان لە پێناوی زانستدا فـێر نابن.. ئەوان ماستەر و دوکتۆرا بەدەست دێنن، نەک لەبەر توێژینەوە زانستییەکە، بەڵکو لە پێناو بەدەستـهێنانی بەرز کـردنەوەیەک، یـاخـۆ گـرێبـەستـێک له وڵاتانی کـەنداودا.. ئەم خـوێندکـارە ماسـتـەرنامـەکەی لـە نۆرینگەکـەیدا لە قاهیرە هەڵدەواسێت، تاکو قەناعەت بەنەخۆشەکان بهێنێت، کە توانای چاکبوونەوەیانی هەیە.

فریدمان بەسەرسامییەوە لێی ڕوانی و گوتی:

– لە میسر چۆن ڕێگە بەمە دەدەن؟ هیستۆلۆجی زانستێکی ئەکادیمییە هەرگیز پێوەندیی بەچارەسەری خەڵکەوە نییە.

ڕەئفەت بەگاڵتەجارییەوە پێکەنی و گوتی:

– بێڵ تۆ میسر ناناسیت... لەوێ هەموو شتێک ڕەوایە، خەڵکیش هەر لە

بنەڕەتەوە مانای هیستۆلۆجیا نازانن..

– ڕەئفەت، هەست ناکەیت کەمێک زیادەگۆیی دەکەیت؟

فـریدمـان بەم ئاوایە و بەدەنگی نزمـەوە پرسـی، سـەلاحـیش خـۆی تێ هەڵقورتاند و گوتی:

– بێگومان زیادەگۆیی دەکات.

ڕەئفەت ئاوڕی لێ دایەوەو بەتوندییەوە گوتی:

– بەتایبەت تۆ دەزانیت من زیادەگۆیی ناکەم!

فریدمان هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی:

– بەهەر حاڵ بابەتی ئێمە ئەمە نییە.. ئێستا دوو ڕامان لە لایەن مایکڵ و سابتـەوە دژ بەوەرگرتـنی خـوێندکارە میـسرییـەکە هەن.. ئەی ڕای گراهام چییە؟

گراهام پایپە کوژاوەکەی لە دەمی کردەوە و بەتووڕەییەوە گوتی:

– بەڕێزان.. ئەم قـسانەی ئێوە شـایان بەدوو هەواڵدزی پۆلیـسن نەک بە مامۆستای زانکۆ..

.. دەنگی پرتەو بۆڵەی ناڕەزاییـــیـــان هات، بەڵام گـــراهام بەدەنگ بەرزکردنەوە قسەی دایە بەر قسەکانیان:

– حەق ون نابێت. هەر یەکێک ئەو تاقیکردنەوانەی گەڵاڵەنامەکەی بەشی بڕیبێت مافی خۆیەتی بخوێنێت.. ئەوە کاری ئێمە نییە چی لە بڕوانامەکەی دەکات، هەروەها کاری ئێمەش نییە لە چ وڵاتێکەوە هاتووە.

– ئا ئەم قسەیەیە ئەمەریکای تووشی کارەساتی ١١ی سپتەمبەر کرد!

.. ئەمە قسەی جۆرج مایکڵ بوو، گراهام سەیرێکی کردو بەگاڵتەجاڕییەوە گوتی:

– ئەوی بەرەو ١١ی سـپـتـەمـبـەری بردین، زۆربەی بڕیار بەدەسـتـانی کـۆشکی سـپی وەکـو تۆ بیـریان دەکـردەوە، لە پێناو زیاترکـردنی قـازانجی کـۆمـپـانیـاکـانی نـەوت و چەک پشـتگیـرییـان لە ڕێژیمـە دیکتـاتۆرییـەکـانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست دەکرد، سەرەنجام توندوتیژیی چەکداری چووە سـەرێ و گەیشتـە ئێمـە... ئەوەتان لە بیر نەچـێ ئەم خوێندکـارە لە پێناوی زانستدا وڵات و کەسوکاری جێ دەهێڵێت و دەچێتە ئەوپەڕی دنیا... ئێوە وای نابینن ئەمە هەڵسوکەوتێکی شـەریفانەیە و شـایانی ڕێزە؟.. ئاخۆ ئەرکی ئێمـە نییە یارمـەتیی بدەین؟... مـایکڵ ئـەوەت لە بیـر بێت تۆ هـەمـیشـە دژ بەوەرگـرتنی هەر خـوێندکارێکی نائەمـەریکایی بوویت... هەرچی تۆشی ڕەئفەت، ئەوا ئەم قسانەت دەتخەنە ژێر دەسەڵاتی یاسای لەناوبردنی ڕەگەزپەرستییەوە!.

– هـاوڕێ گراهـام من قسـەیەکم نەکردووە بۆنی ڕەگەزپەرستیی لێ بێت.

ڕەئفەت بەبێزارییەوە ئەم قسـەیەی کرد، گراهـام لە کاتێکدا پەنجەی بەناو ڕیشیدا دەهێنا، بەلایدا وەرسووڕا و گوتی:

– ئەگەر بەسـوعبەتەوە بەهاوڕێم گاز دەکەی، ئەوا من بەڕاسـتی حەزم لەم نازناوەیە، دڵنیـاشت دەکەمـەوە قسـەکەت ڕەگـەزپەرسـتـانەیە.. ڕەگەزپەرسـتی باوەڕکردنە بەوەی، کە جیاوازیی ڕەگەز دەبێتە هۆی جیـاوازیی هەڵسوکەوت و توانـای مـرۆڤـایـەتی... ئەم پێناسـەیە قـسـەکـانی جـەنابتـان لەسـەر میسرییەکان دەگرێتەوە... سەیرەکەش لەوەدایە تۆ بەخۆت میسرییت!

– ڕۆژێک لە ڕۆژان مـیـسـری بووم، ئێـسـتـا وازم هێنـاوە.. ئەی هـاوڕێ.. کەنگێ دان بەو پاسپۆرتە ئەمەریکاییەمدا دەنێیت، کە هەڵم گرتووە؟

سـەرۆک فریدمان بەدەستی ئاماژەیەکی کرد و گوتی:

– لە بابەتەکە دەرچووین... گـراهـام، تۆ لەسـەر وەرگیرانی ئەو خـوێندکارە ڕازیت... ئەی سەلاح تۆ؟!

– من ڕازیم لەسـەر وەرگرتنی.

دوکتۆر سەلاح بەهێمنییەکەوە وای گوت. بزەکەی سەرۆک فراوان بووەوە، گوتی:

– دووان ڕازین و دووانیش ناڕازین... تا کۆتایی ڕای خۆم دەهێڵمەوە، دەمانەوێت گوێمان لە دەنگی دنیس بیکەر بێت.. نازانم ئەمە ئەو ڕۆژەیە، کە بیکەر تێیدا قسان دەکات، یاخۆ لەسەرمانە چەند ڕۆژێکی تر چاوەڕوان بین؟!

هەموو لە قاقای پێکەنینیان دا، ئەو گرژییەی لە ئەنجامی گفتوگۆدا دروست بوو، ڕەوییەوە.. بیکەر بزەیەکی کرد و قەیرێک بێدەنگ بوو، پاشان چاوی زەق کردەوە و بەدەنگی گڕیەوە گوتی:

– پێم باشە دەنگدانەکە بەفەرمی بێت.

سەرۆک وەکو فەرمانێکی پێ گەیشتبێت سەری کز کرد. چەند وشەیەکی لەسەر کاغەزەکەی بەردەمی نووسی، پاشان کۆکەیەکی بۆ کرد و بەدەنگێکی ڕەسمییانەوە گوتی:

– بەڕێزان... ئەمە دەنگدانی فەرمییە.. ڕازی دەبن لەسەر وەرگرتنی خوێندکاری میسری ناجی عەبدولسەمەد لە پرۆگرامی ماستەری هیستۆلۆجی؟..

کێ ڕازییە با دەست هەڵبڕێت.

## ٣

لە بەشی ناوەخۆیی خوێندکارەکاندا لە زانکۆی ئەلینۆی، لە ئەپارتمانی ژمارە ٣٠٣ دا بەرامبەر بەئاسانسەرەکە لە نهۆمی سێ.. تارق حەسیب وەکو بەندۆڵی کاتژمێر دەژێت، تەنیا و لەڕولاواز، ڕێکوپێک، شلەژاو.. بەڕیتمێکی جێگیری نەگۆڕاو بەرەو پێشەوە مل دەنێت: ڕۆژانە لە کاتژمێر هەشتی بەیانییەوە تاکو سێی پاش نیوەڕۆ، لە نێوان هۆڵەکانی وانە خوێندن و تاقیگەکان و کتێبخانەدا هاتوچۆیەتی، دوایی دەگەڕێتەوە ئەپارتمانەکەی (شقە) تا لەبەر تەلەڤزیۆن نان بخوات و دوانیوەڕۆ دوو سەعات ڕێک بنوێت. لە کاتژمێر حەوتی تەواو، چەندە بارودۆخ بگۆڕێت، یاخۆ لە سەرلەبەری دنیا بوویەر (ڕووداو) بێنە پێشێ، تۆزقاڵێک لەوەی ڕۆژانە دەیکا ناگۆڕێ: مۆبایلەکەی دادەخاو لە ژوورەکەیدا مۆسیقایەکی هێمن بەگەڕ دەخات، پاشان ئەو دۆخە وەردەگرێ، کە سی و پێنج ساڵەی ژیانی پێ بردە سەر:

خۆی داوەتە بان مێزە بچووکەکەیدا و بەوانەکانیدا دەچێتەوە، یاخۆ (وردتر) جەنگێکی بێ ئامان دژ بەزانیاری بەرپا دەکات، تاکو بەسەریدا زاڵ بێت، لە مێشکیدا تۆماری بکات و هەرگیز نەسڕێتەوە. کتێب و کاغەز لەپێش خۆی دادەنێت، بەچاوە گەورە و کەمێک دەرپۆقیوەکانی لێیان دەڕوانێ، ناوچەوانی لێک دەنێ و لێوە تەنکەکانی هەڵدێنێ، دەمارەکانی دەموچاوە زەرد هەڵگەڕاوەکەی کرژ دەبنەوە و نیشانەی دەربڕینی دڵڕەقانەی پێوە دیار دەبێت، وەک ئەوەی بەکرژبوونەوە بەرگەی ئێش و ئازار بگرێ، ئەو کات ورد

سەرنجدانی دەگاتە پۆپە و لە دەوروبەری دادەبڕێ. تەنانەت ئاگای لە زەنگی دەرگەکەش دەبڕێت، یاخۆ چاپەزەکەی لە بیر دەچێ، تاکو ئاوەکەی هیشک دەکا و دەسووتێ.. بێ ماندووبوون و شەکەتبوون لەسەر ئەم دۆخە دەمێنێتەوە.. لە پڕ لە شوێنی خۆی قیت دەبێتەوە و بەدەنگی بڵند هاوار دەکا، یاخۆ دەستەکانی بەیەکدا دەداو جوێنی ناشرین بۆ کەسێکی نادیار، کە لە خەیاڵی خۆیدایە، دەنێرێت، یان دەستەکانی لە هەوادا بەرز دەکاتەوە و بەناو ژوورەکەدا (بەرووتی) سەما دەکات. بەم ئاوایە خۆشیی خۆی ڕادەگەیەنێ، ئەو کاتی لە دۆزینەوەی پرسیارێکی زانستیدا، کە بەدەستییەوە گیری خواردبوو، سەرکەوتن بەدەست دێنێت!

بەهەمان سووربوونەوە، ڕۆژانە تارق حەسیب بەردەوامی بەکشانە پیرۆزەکەی دەدات.. تەنیا یەکشەممەی لێ دەرچێ، کە تەرخانی دەکا بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارانەی ڕەنگە ڕۆژانی تر لە خوێندنەکەی بکەن: پێداویستییەکانی لە بازاڕدا دەکڕێ، جلەکانیشی لە جلشۆرەکەی بەشی ناوەخۆیی دەشوات، ژوورەکەی بەگسکی کارەبایی پاک دەکاتەوە، چێشتی حەفتەیەک لێ دەنێ و لە قاپی کاغەز هەڵی دەگرێ، تاکو گەرمکردنەوەی ئاسان بێ.. ئەم دیسپلینە سەربازییەیە وای لێ کردووە ئەو لووتکە قورس و گرانە بپارێزێ، لە قۆناغی سەرەتاییدا لەسەر ئاستی پارێزگای قاهیرە بەیەکەمین دەرچوو، لە ئامادەییشدا سێیەم بوو، لە دواناوەندیشدا لەسەر ئاستی میسر هەشتەمین بوو، بەکۆی ٩٩,٨٪. پاشان لە کۆلێجی پزیشکی پێنج ساڵ پلەی نایابی بەدەست هێنا، وەلێ نەیتوانی تەشەبزێک بدۆزێتەوە، بۆیە لە بریی نۆژداریی گشتی، کە هەمیشە خەونی پێوە دەبینی، لە بەشی هیستۆلۆجی دامەزرا.

هەندەی نەبرد بەسەر غەمەکانیدا زاڵ بوو و سەرلەنوێ شانی لە کارکردن قایم کرد، بەپلەی نایاب ماستەری لە هیستۆلۆجیا بەدەست هێنا، بۆ نێردەی

دوکــتــۆرا هــەڵبــژێررا. تارق بــە درێژاییــی دوو ســاڵ خــوێندنی لە زانکۆی ئەلینۆی، پلەی نایابی بەدەست هێنا .Straight AS

ئاخــۆ هەمــوو ئەمــانە ئەوە دەگەیەنن، کە تارق حــەسیب بەزەیی بەخــۆیدا نایەتەوە؟..

نا، ڕاست نییە؛ ئەو چێژ و خۆشیی بچووکی خۆیشی هەن:

ئەو سینییە بەسبووسەیەی تێکەڵەکەی لە میسرەوە ئامادە دەکا و لە دروستکردنیدا هونەر دەنوێنێت، لەسەر خوانی ئاشخانەکەی دادەنێت، ئەگەر لێی ڕازی بوو و پێی باش بوو، ئەوا خەڵاتی خۆی دەکا و پارچەیەک بەسبووسە، کە تۆڵەی ماندووێتییەکەی بکاتەوە، ئاودیو دەکا.. هەروەها سەعاتێکی بۆ بێ دڵی نەکردنی خۆی بۆ شەوان داناوە، تەنانەت لە ڕۆژانی تاقیکردنەوەکانیشدا. ئەمەش دەبێتە دوو بەشەوە:

زۆرانبازیی ئازاد و فەنتازیا.. بەوا ڕاهاتووە بەر لە نووستن لەسەر کەناڵی وەرزشی یارییەکی تەواوی زۆرانبازیی پاڵەوانەکان نەبینێت خەو ناچێتە چاوی. هەروەها لە سەرەتایشەوە لایەنی زۆرانبازە کەتەکەیان دەگرێت، هەینێ نەیارەکەی بەر بۆکس دەدا و خوێن لە دەموچاوی دێنێت.. یاخۆ لە ناو قەدەوە هەڵی دەگرێ و بەعەردیدا دەدا.. یان قۆڵە ئەستوورەکەی لە ملی گیر دەکا و چون کاڵەک خەریک بێ شەق بەرێت، ئاوا دەیدا بەکۆڵەکەی مەیدانەکەدا.

ئا لەو کاتەدا تارق لە خۆشییاندا چەپڵە لێدەداو هەڵدەبەزێتەوە، وەک بڵێی بیسەر بێ و لە ئاهەنگێکی ئوم کەلسوومدا گەشکە گرتبێتی، بەدەنگی بەرز هاوار دەکا:

«ئەڵڵا ئەڵڵا.. دەستخۆش ئەی دڕندەی کێوان.. خوێنەکەی بخۆوە... سەری پان بکەرەوە.. ئەمشەو لە کۆڵی بکەرەوە».

بەتەواوبوونی یارییەکە تارق چون خۆی زۆرانبازییەکەی کردبێ..

بەهەناسەسواری و شلّپەی عارەقەوە خۆی بەسەر جێیەکەیدا دەدا، بەوە شتێکی قووڵی لەناخیدا ڕازی کردووە (ڕەنگە حەزکردنی بێت بەهێز.. چونکە لەڕولاوازە و لە منداڵییەوە تەندروستیی تەواو نییە)!.. دوای بەسەرچوونی خۆشیی زۆرانبازییەکە، ساتی فەنتازیا دێتە پێشێ:

ئەو چێژ و لەزەتە بەتامەی سوێی دەبێتەوە بۆی، تا ئەو ڕادەیەی هەناسەبڕکێی پێ دەکەوێ، چۆن ئەو کاتەی سیدییەکە لە چەکمەجەی خوارەوەی مێزەکەی دەردێنێ و دەیخاتە کۆمپیوتەرەکەیەوە، هەست بەهەژانی لێدانی دڵی دەکا. هەندە نابات جیهانێکی ئەفسووناوی ئەوپەڕی جوانی دێتە بەرچاو: ئافرەتی چاوخومار، بەژن زراڤ، سوورە، قاچ و ڕان لووس و خۆش، مەمکیان قەبارە جیاجیا، تا بڵێی دڵگیرن، سەرلەبەریشیان سەرگۆی مەمکیان خوێنیان تێ زاوە و هەڵزەپیونەتەوە، ئەوی چاوی پێیان بکەوێ، ئاوەز لەدەست دەدات.. پاشان هەندێ پیاوی بێکارەی خوێریی چوارپەل قەویی تێکسمڕاو، چووکیان درێژ، فشۆڵ، ڕەپ، لووس، دەڵێی مێکوتی گەورەیە و بەبایەخەوە قووچەک کراوە... هێندە نابات پیاوان و ژنان بەوپەڕی گونجانەوە بەردەبنە جەستەی یەکتری، ئیدی دەنگی ناز و نووز و پرخە و ناڵەی بێ شەرمانە بەرز دەبنەوە؛، کامێراکەش لەسەر ڕوخساری ئافرەتەکە ڕادەوەستێ، لەو کاتی لە خۆشییاندا هاوار دەکا و گاز لە لێوی دەگرێت.. تارق جگە لە چەند خولەکێکی کەم ئیتر بەرگەی ئەم وروژاندنە ناگرێ، چون لە پێشبڕکێدابێ، یاخۆ ئاگرێک بکوژێنێتەوە غار دەداتە گەرماوەکەوە، لە بەرابەر حەوزەکە ڕاوەدەستێ و چێژی دادەمرکێنێتەوە. پەیتا پەیتا ئارام دەبێتەوە و هاوسەنگیی ڕادەگرێتەوە، پاشان گەرماوێکی گەرم دەکا و دەسنوێژ هەڵدەگرێ و نوێژی شێوان و شەفاعەت و ویتر دەکا، لە دوایشدا... گۆرەوییە ژنانێکەی لە میسرەوە هێنابووی لەسەری دەپێچێت، تاکو بۆ بەیانی قژە نەرمەکەی بەرداتەوە و بەپێی توانا کەچەڵییەکەی، کە بەداخەوە بەردەوام لە زیادبووندابوو، داپۆشێت... ئیدی

بەم ئاوایە، ڕۆژێک لە ژیانی تارق حەسیب بەسەر دەچێت.. گڵۆپەکە دەکوژێنێتەوە و لەسەر لای ڕاستی لەسەر جێیەکەی درێژ دەبێ، چونکە سوننەتێکە لە پێغەمبەری خواوە (د.خ)، پاشان بەدەنگی پڕ لە ڕازیبوونەوە دەچرپێنێ «خوایە من وا نەفسی خۆم ئەسپاردەی دەستی تۆ کرد، ڕووم لە دەرگای تۆ کرد، جڵەوی کاری خۆم دایە دەست تۆوە، پشتم دا بەقەلای قایمی تۆوە، هەموو ئەمانەم لە ترس و لە خۆشەویستیی تۆوەیە، هەرچەندە گرانبار و تاوانکار بین لە تۆ و بۆ تۆ بەولاوە پەنایەکمان نییە، باوەڕم بەنامەی پیرۆزی دابەزیوت و بەو پێغەمبەرەشتە، کە ڕاسپاردەی ئەو فەرمانەتە، کە لە سەرووی هەموو فەرمانەکانەوەیە».. ئیتر دەنوێت..

***

ئامێر چەند بە وردی کار دەکات، هێندەش توانای خراپبوونی هەیە، تازەترین ئامێری کۆمپیوتەر مشتێکی توند بەسە بۆ ئەوەی لە کاری بخات. تارق حەسیب ڕۆژی یەکشەممی ڕابردوو زەبرێکی وای خوارد.. بۆ ئەوەی لە ڕووداوەکە بگەین، دەبێ ئەوە بزانین تارق چۆن لەگەڵ ئافرەتدا مامەڵە دەکات؟

کاتێ پیاوێک بەئافرەتێک سەرسام دەبێ، ئەوا بەقسە و گفتی ناسک دەیدوێنێ، یاخۆ دڵی بەستایش و پیاهەڵدان خۆش دەکا، یانیش دەیخەنێتەوە و بەسەرگوزشتەی دانسقە دڵنەوایی دەکا.. سروشتی مرۆڤ و گیانەوەریش وایە، تەنانەت لە جیهانی مێرووشدا.

ئەگەر نێرەکە بیەوێت سواری مێیەکە بێ، لە سەریەتی یەکەمین جار بەنەرم و نیانی یاری بەشاخۆچکەکەی بکا، تا ڕازی دەبێ.

مخابن ئەم یاسا سروشتییە بەسەر تارق حەسیبدا پەیڕەو نابێ؛ چونکە ئەو پێچەوانەی ئەمەیە، ئەگەر ئافرەتێکی جوانی بەدڵ بێ، دژایەتی دەکا و دەکۆشێت بەهەر ڕێگەیەک بێت تەنگەتاوی بکا و تەنگی پێ هەڵبچنێت..

چەندەش بەو ئافرەتە سەرسام بێ، لەبەرابەریدا درندانەتر ڕەفتار دەکا.. باشە بۆ وا دەکا؟... کەس نازانێ.. ڕەنگە لەبەرئەوەی بێ تاکو شەرمنییە لە ڕادەبەدەرەکەی لە بەرابەر ئافرەتدا بشارێتەوە، یان دڵ لێدانی بۆ ئافرەت هەستی خۆ بەکەم زانینی لە بەرابەردا بجووڵێنێ، تێ دەکۆشێ بۆ ئەوەی لەو هەستە ڕزگاری بێ، هێرشی بەربڵاوی دەکاتە سەر.. یاخۆ، لە دوورەپەرێزیی داڵدا دەژێ، ئەو شەڕە بێ ئەمانەشی لە پێناوی سەرکەوتندایە، لە ناخەوە بەرەنگاری هەر هەستێک دەکا، کە ڕەنگە لە کاری بخات.. ئەم سیفەتە نامۆیە بووە هۆی شێواندن و تێکدانی چەندین پرۆژەی خوازبێنی، تارق بەنیازی پاکەوە چووە پێشەوە و هەموویان بەڕووداوی دڵتەزێن کۆتاییان هات.. دوامینیان بەر لە دوو ساڵ پێش چوونی بۆ ئەمریکا، رووی دا، ئەو کاتی لەگەڵ دایکیدا چوونە خوازبێنی کچی لیوایەکی خانەنشین کراو... دانیشتنەکە بەشێوەیەکی دۆستانە دەستی پێ کرد لەگەڵ گۆڕینەوەی وتەی خۆشڕوویی، پیپسی سارد و شیرنی پێشکێش کران، کچە ناوی ڕەشا بوو، دەرچووی کۆلێجی زمانەکان، بەشی ئیسپانی، تا بڵێی جوان بوو: قژی ڕەش و خاو و درێژ، زەردەخەنەیەکی ئەفسووناوی بەددانە سفت و سۆڵەکانییەوە دیاربوو. دوو خاڵی ڕەشی دڵگیر هەردوو لاجانگی سپی و جوانیان ڕازاندبووەوە.

هەرچی جەستەی بوو قەڵەو و نەرم و شل، پڕ بوو لە زیندەگی و شەپۆلی تامەزرۆیی بەهەوادا دەنارد، ئەمە وای لە تارق کرد بۆ چەند ساتێک تەرکیز لە دەست بداو وای خەیاڵ کرد، کچەی لەبەردەستدایە و هەموو شتێکی لەگەڵدا دەکا، هەندەی نەبرد سەرسامی و دڵ پێوەبوونەکەی گۆڕا بەدوژمنداری، لە سەرەتادا ویستی دەستی بەسەردا بگرێ و کۆنترۆڵی بکا. وەلێ ورەی بەرداو خۆی دایە دەستەوە، بەتوندی گرتی... باوکی کچە، هەروەکو لەو بۆنانەدا ڕوودەدا، بەخۆشەویستی و سەرسامییەوە باس لە کچەکەی دەکا.. بەشێوە شانازییەکەوە گوتی:

– ڕەشا کچی تاقانەمە، بەهەموو توانامانەوە هەوڵمان داوە بەباشترین شێوە پەروەردەی بکەین... سوپاس بۆ خوا.. بەدرێژایی تەمەنی لە دایەنگەوە، تاکو دواناوەندی، هەر لە قوتابخانەی زماندا بووە...

تارق بەچاوە کەمێک دەرپۆقیوەکانییەوە تەماشایەکی کرد، پاشان بزەیەکی گاڵتەجاڕی بەدەموچاوە خوێن تێزاوەکەیەوە تێ گرت و پرسی:

– ببوورە پاشا.. خاتو ڕەشا بەتەواوی لە کام قوتابخانەدا بوو؟

کابرای لیوا ماوەیەک بێدەنگ بوو، پرسیارەکە کتوپڕ بوو، دوایی زەردەخەنەیەکی کرد و تا نەهۆش ئامادەییی لێبووردەیی پێوە دیاربوو، بەرسڤی داوە:

– قوتابخانەی ئاموون.

ئا لێرەدا تارق خۆی لە بەرانبەر گۆڵەکەدا بینییەوە، بەتوندی لە تۆپەکەی دا. لەو کاتی پێکەنینێکی تەنک بەڕوویەوە دیاربوو، هەوڵی شاردنەوەی دا، تا کاریگەریی زیاتر بکا:

– ببوورە جەنابی لیوا.. قوتابخانەی ئاموون هەرگیز قوتابخانەی زمان نەبووە... ئاموون قوتابخانەیەکی ئەزموونگەری بووە... واتا قوتابخانەیەکی حکوومی ئاسایی بووە، بەڵام بەخەرجییەکی ڕەمزی.

تەریقبوونەوە بەڕووی لیواوە دیار بوو، کەچی زوو گۆڕا بۆ بێزاری و ناڕەحەتی، لەگەڵ تارقدا دەربارەی جیاوازیی نێوان قوتابخانەی ئەزموونگەری و قوتابخانەی زمان، کەوتنە مشتومڕێکی توندەوە.. دایکی تارق ویستی دۆخەکە هێمن بکاتەوە، زیاد لە جارێک بەدزییەوە، بەبرۆ هەڵتەکاندن و لێوقرتاندن ئاماژەی بۆ کرد بێدەنگ بێ، وەلێ بەری بەدخووییەکەی بەردابووەوە و لە دەستی دەرچوو بوو، ئیدی بەتوندی ڕا و بۆچوونەکانی باوکی کیژەی ڕەت دەکردنەوە، لە لایەن خۆیەوە بڕیاری بەزاندن و شاندادانی پێ دابوو.

چون لە گفتوگۆی شتە بەڵگە نەویستەکان وەڕس بێ، بەدەم هەناسە هەڵکێشانەوە گوتی:

– لەگەڵ ڕێزمدا بۆ جەنابت.. قسەکەت بەهیچ شێوەیەک ڕاست نییە.. جیاوازی لە نێوان قوتابخانەی ئاموون و قوتابخانەی زماندا زۆرە.. قوتابخانەکانی زمان لە میسر کەمن و ناسراویشن، کەس بەئاسانی وەرناگیرێت.

– مەبەستت چییە؟

لیوا بەم شێوەیە پرسیاری کرد، لە کاتێکدا لە ڕقاندا دەموچاوی سوور هەڵگەڕابوو. تارق بەرلەوەی زەبرە توندەکەی بوەشێنێت، پشوویەکی دا:

– بەتەواوی مەبەستم ئەوەیە، کە وتت..

چەند ساتێکی بێدەنگ تێ پەڕین، لیوا توانای خستەگەڕ (خەریک بوو لە وێنەی هەناسە وەرگرتندا ببیسرێ) تاکو کۆنترۆڵی تووڕەییەکەی بکا.. لە ئەنجامدا.. ئاوڕێکی لە دایکی تارق دایەوە، کە لە لای چەپیەوە دانیشتبوو، بەزمانێکی پڕ لە ماناوە، لە کاتێکدا لە شوێنەکەی ئۆقرەی نەگرت و کۆتاییی سەردان و خوازبێنییەکەیانی پێکەوە ڕاگەیاند، گوتی:

– خێر دەبێ ئیشەڵڵا خانم.. گەورەتان کردین.

ڕێی گەڕانەوە تا بڵێی درێژبووەوە.. بێدەنگییەکی قورس لە ناو تەکسییەکەدا تارق و دایکی داگرتبوو، بۆ خوازبێنییەکە جوانترین جلی پۆشیبوو.

تایێرێکی ڕەشی درێژ، بۆنێیەکیش لە هەمان ڕەنگ بەپوولەکە و دوگمە نەخشێنراو. ئاواتی ئەوەبوو بەر لە نێردەکەی کچێک بۆ کوڕەکەی مارە بکات.. بەڵام وەک هەموو جارانی تر خوازبێنییەکەی تێک دا، بێ ئومێد بوو لە ئامۆژگاری کردنی. چەندین جار پێی گوتووە، کە زاوایەکی بەڕێز و

ناسراوە، کچان بەعەزرەتیەوەن.. وەلێ شێوازی دەمارگرتنەکەی ئەوەلای خەڵک جێ دێڵێ، کە شەڕانگێزە و هەڵسوکەوتەکانی نامۆن، بۆیە لە دوارۆژی کچەکەیان دەترسن..

چون هەستی بەوە کردبێ، کە دایکی بیری لێ دەکردەوە. لە پڕ گوتی:

– دایە بینیت ئەم خەڵکە چەند درۆزنن.. بە قوتابخانەی ئاموون دەڵێن قوتابخانەی زمان؟!

دایکی تەواوێک لێی ڕاما و بەدەنگێکی کزی تێکەڵ بەگلەیی و دڵسۆزییەوە گوتی:

– شتەکە ئەوەندەی ناهێنا باوکی من.. کابرا دەیویست شانازی بەکیژەکەیەوە بکات.. ئەمە شتێکی ئاساییە!

تارق بەتوندییەوە گوتی:

– مافی خۆیەتی شانازی بەکچەکەیەوە بکا، بەڵام درۆمان بەسەردا نەکا.. هەینێ دەڵێ ئاموون قوتابخانەی زمانە، مانای وایە گاڵتە بەعەقڵمان دەکا... هەرگیز ڕێگە بەکاری وا نادەم.

***

تارق ئەو ئێوارەیە لە خەونی دوای نیوەڕۆکەی هەستا، لە دڵی خۆیدا گوتی:

لە ئەرکی ئامار دەبمەوە، پاشان دادەبەزم تا پێداویستییەکانی حەفتە بکڕم.

خەریکی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بوو، مێشکی خستبووە گەڕ و ژمارەکانی دەنووسی، پاشان بەتامەزرۆییەوە سەیری دوالاپەڕەکانی کتێبەکەی دەکرد، بەو هیوایەی وەکو هەموو جارێک وەڵامەکانی ڕاستبن.. لە نکاوڕا.. شووتی ئاگر کەوتنەوە لێی دا، دەنگێک لە ئێستگە ناوخۆییەکەوە

بەرز بووەوە، ئاگاداری دەکردنەوە لەوەی باڵەخانەکە ئاگری تێ بەربووە و داوا لە دانیشتوانەکەی دەکا، بەزووترین کات ئەپارتمانەکانیان جێهێڵن. تارق مێشکی تژی بوو لە ژمارە، چەند ساتێکی خایاند تا لە هەراکە گەیشت، بەپەلە لە شوێن خۆی ڕاپەڕی و بەرەو پلیکانەکان بۆ لای خوێندکارە زەندەقچووەکان ڕای کرد. پیاوانی ئاگرکوژێنەوە بەناو باڵەخانەکەدا بڵاوبوونەوە، جەختیان لەوە دەکردەوە، کە هەر نهۆمە و بەجیا بەتاڵ بووە، پاشان پلیان بەو دوگمە تایبەتانەوە دەنا، کە بەدیوارەکانەوە بوون، یەکسەر دەرگای پۆڵایینی دژ بەسووتان دەهاتنە خوارەوە. خوێندکارەکان لە حەوشەی ڕاڕەوەکەدا گرد بووبوونەوە، جۆشیان دەخوارد، بەتووڕەییەوە پێ دەکەنین و بەدڵەڕاوکێوە فسکە فسکیان بوو، زۆربەیان بەجلی خەوەوە دابەزیبوون، ئەمەش هەلێکی دەگمەن بوو (سەرەڕای ترسی ڕووداوەکە) بۆ تارق تا تەماشای قاچوقولی ڕووتی کچان بکا.. سێ کەس لەوسەری هۆڵەکەوە بەدەرکەوتن، پەیتا پەیتا دیمەنیان ئاشکرا بوو:

دوو پیاو لە پۆلیسی شیکاگۆ بوون، یەکیان سپیکەڵانەبوو بەلای کورتە بنەیی و قەڵەویدا لای دەدا، هاوەڵەکەشی ڕەشێکی بالابەرزی قۆڵ قەوی بوو، شەیما محەمەدیش بەدیشداشە قەستۆرەکەیەوە، کە بواری گۆڕینی نەبوو، لە نێوانیاندا بوو، گەیشتنە نووسینگەی پێشوازی، پۆلیسە سپیکەڵانەکە کاغەزێکی لە گیرفانی دەرهێنا و بەتۆنێکی فەرمی و دەنگی بەرزەوە گوتی:

– خاتوون.. ئەمە دانپیانانە ئیمزای لەسەر دەکەی، تا ببیتە بەرپرسی هەر زەرەر و زیانێک لەدوارۆژدا لە ئەنجامی ئەم ئاگرە کە هۆیەکەی تۆ بوویت، هەروەها دەبێ ئیمزای ئەوەش لەسەر ئەم بەڵێننامەیە بکەی، کە لە دوارۆژدا ڕووداوی وا ڕوونەداتەوە.

شەیما وەک ئەوەی تێ نەگا، تەماشای دەموچاوی پۆلیسە سپیکەڵانەکەی کرد، پۆلیسە ڕەشەکە سیمای دیمەنی یەکێکی وەرگرتبوو نوکتە بڵێت، گوتی:

– گوێ بگرە ئازیزم، من نازانم لە وڵاتەکەی خۆتاندا جۆری خواردنەکانتان چین.. بەڵام ئامۆژگاریت دەکەم ئەو خواردنەی حەزی لێ دەکەی بیگۆڕیت، چونکە خەریک بوو ببێتە هۆی سووتانی زانکۆکە!

پۆلیسە ڕەشەکە بەدەنگی بەرز پێکەنی، کەچی هاوەڵەکەی هەوڵی دا لەبەر ڕێز زەردەخەنەکەی بشارێتەوە. شەیما داچەمییە سەر کاغەزەکە و بەبێدەنگی ئیمزای کرد. هەندەی نەبرد هەردوو پۆلیسەکە دوای چەند قسەیەک لێیاندا ڕۆیشتن.

دوای کەمێک ڕاگەیەنرا کە مەترسییەکە نەماوە. خوێندکارەکان بەرەو ئەپارتمانەکانیان سەرکەوتن. هەرچی شەیما بوو لەبەردەم نووسینگەی پێشوازی وەستابوو. ڕەنگی مردووی لێ نیشتبوو، دەلەرزی، هەناسەی قووڵی دەداوە و دەیویست خۆی کۆ بکاتەوە، چون تازە لە ترسان لە دەستی مۆتەکەیەک لە خەو هەستابێت. وای هەست دەکرد ڕۆحی کێشراوە و هەموو ئەوانەی ڕوو دەدەن ڕاستەقینە نین.. هەست بەڕیسوایی کردنێک لە ئەنجامی باوەش لێدانی پیاوانی ئاگرکوژێنەوەدا دای گرت، تا ئێستاش پشتی لە سۆنگەی توند گووشینی بەدەستی، هەر دێشێت.

تارق حەسیب وەستابوو بەچاوی پرسیار ئامێزەوە لێی دەڕوانی، پاشان دوو جار بەدەوریدا سووڕایەوە، چون ئاژەڵێک بێت بۆن بەوی دیەوە بکا، کە لە جۆرێکی نادیار بێت، سەرنجی دایێ. هەر لە یەکەمین بینینەوە بۆی لێ درا، هەندەی نەبرد بەخدێی خۆی سەرسامبوونەکە گۆڕا بۆ ئەو پەڕی ڕق. ناوی دەزانی، پێشتر لە بەشی هیستۆلۆجی بینیبووی، وەلێ چێژی لەوە دەبینییەوە، وا نیشان بدات کە نایناسێت... لەسەرەخۆ بەرەو لای چوو، کاتێک ڕێک لە بەرامبەریدا بوو، بەچاوێکی بزی، پرسیار ئامێزی، پڕ لە ناڕەزایی و گومانەوە تێی ڕاما، کە جاران ئاراستەی خوێندکارانی کۆلێجی پزیشکیی قاهیرەی دەکرد، کاتێک یاساوڵ ئاسا لە تاقیکردنەوەدا

بەسەریانەوە بوو.

هەندەی نەبرد بەسووکییەکەوە لێی پرسی:

– تۆ میسریت؟

بەئاماژە بەسەرە جەنجاڵ و ماندووەکەی وەڵامی داوە، ئیدی گوللەباران ئاسا پرسیاری لێ کرد: چی دەخوێنیت؟.. لە کوێ دادەنیشیت؟.. چۆن بوویتە هۆی ئاگر کەوتنەوەکە؟.

بەدەنگێکی نەبیستراو وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە، خۆی لە تەماشاکردنی چاوی دەپاراست. قەیرێک بەبێدەنگی مانەوە، تارق بەهەڵێکی باشی دانا بۆ هێرشی لەناکاو، بەتوندییەکەوە گوتی:

– خوشکە شەیما گوێ بگرە.. تۆ لێرە لە ئەمەریکای نەک لە تەنتا.. دەبێ بەشێوەیەکی شارستانییانە هەڵسوکەوت بکەیت..

بە بێدەنگییەوە لێی ڕوانی.. چی بڵێت؟. ئەوی کردی نیشانەی گەمژەیی و دواکەوتوویییەتی. ویستی بەرپەرچی بداتەوە، ئەویش بە لۆقەکردنەوە لێی نزیک بووەوە، ئەوپەڕی ئامادەیی تێدا بوو تا بیبەزێنێ و بەهاڕین بیهاڕێت.

پرۆفیسۆر دنیس بیکەر دەستی ڕەزامەندیی هەڵبڕی، هەروەها دوکتۆر فریدمانیش، پاشان بەخێرایی بەچاو ژماردنی و داچەمییە سەر کاغەزەکان، تا بڕیاری ئەنجوومەن لەسەر پەسندکردنی ناجی عەبدولسەمەد تۆمار بکا.

کۆبوونەوەکە کۆتایی هات و مامۆستاکان بڵاوەیان لێ کرد، ڕەئفەت سابتیس سواری ئۆتۆمبیلەکەی بوو و گەڕایەوە ماڵەوە. لە ئەنجامی دەنگدانەکە هەستی بەجاڕسبوون کرد، تەنانەت بەتوندی سووکانەکەی گرتبوو و پیشی دەخواردەوە.. بیری لەوە دەکردەوە، کە میسرییەکان بەشەکە دەشێوێنن.. ئەمە ڕاستە.. میسرییەکان لە شوێنە بەشکۆکاندا بۆ ئیشکردن دەست نادەن، چونکە خەوش و ناتەواوییان یەکجار زۆرە: ترسنۆکی و دووڕوویی، درۆ و فاک و فیک و تەمبەڵی، بێ توانایی لە بیرکردنەوەی ڕێکوپێک، لە هەمووشی خراپتر: هەڕەمەکییانە و تەڵەکەبازی..

ئەم بەخراپی تەماشاکردنەی میسرییەکان لەگەڵ مێژووی ڕەئفەت سابتدا دێتەوە؛ لە سەرەتای شەستەکاندا کۆچی بۆ ئەمەریکا کرد، دوای ئەوەی عەبدولناسر کارگەکانی شووشەی، کە هی مەحموود پاشا سابتی باوکی بوون، خۆماڵی کردن. سەرەڕای ئەو دەستە پۆلاینەی ڕێژیم لەو کاتەدا، ئەم توانی بەپارەیەکی زۆرەوە هەڵبێت و ژیانێکی نوێ دەست پێ بکات، خوێندنی تا دوکتۆرای بەدەست هێنا، لە چەند زانکۆیەکی ئەمەریکایی لە نیویۆرک و

بۆستندا وانەی وتەوە، پاشان لە شیکاگۆدا گیرسایەوە، ئەوا بۆ سی ساڵ دەچێ، میشێلی پەرستاری خواستووە و ڕەگەزنامەی ئەمەریکاییشی بەدەست هێناوە، لە هەموو شتێکدا بووە ئەمەریکایی.. بەهیچ شێوەیەک بەعەرەبی نەدەدوا، بەئینگلیزی بیر دەکاتەوە و بەشێوە زمانی پوختی ئەمەریکایی دەری دەبڕێ.. لەگەڵیدا شانی هەڵدەتەکێنێ و دەستەکانی ڕادەوەشێنێ، بەتەواوی وەکو ئەمەریکاییەکان دەری دەبڕێت.. ڕۆژانی یەکشەممەش بۆ پێشبڕکێی بەیسبۆڵ دەچێ، کە شارەزایە لێی، تەنانەت زۆر جار ئەمەریکاییەکان خۆیان ئەگەر لەسەر یاساکانی ڕێک نەکەوتنایا، ئەوا پرسیاریان لەو دەکرد.. کاسکێتە وەرزشییەکەی پێش و دوا لەسەر دەنا و لەسەر پلیکانەکان دادەنیشت، قوتووە بیرە گەورەکەی، کە هەمیشە بەدەستییەوەیەتی بەسەرەوە دەنێ و بەشەیدایی و پەرۆشییەوە سەیری یارییەکە دەکا.. ئەمە ئەو وێنەیەیە کە زۆری حەز لێ دەکا، ببێتە ئەمریکییەکی تەواو، پاک و بێ گرێ و گۆڵ. کاتێکیش لە ئاهەنگی پێشوازی و بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا یەکێک لێی دەپرسێ:

– تۆ خەڵکی کوێی؟

ڕەئفەت یەکسەر وەڵام دەداتەوە: I am Chicagoan. واتا من شیکاگۆییم.

زۆر کەس وەڵامەکانی بەسادەیی وەردەگرن... وەلێ هەندێکیان، جارجار، بەنابەدڵی لە سیما عەرەبییەکەی دەڕوانن و لێی دەپرسن:

– بەر لەوەی بێی بۆ ئەمەریکا لە کوێ بوویت؟

هەینێ ڕەئفەت هەناسە هەڵدەکێشێ و شانی ڕادەتەکێنێ و ڕستە بەناوبانگەکەی دەڵێتەوە، کە بووەتە دروشمێک بۆی:

– لە میسر لەدایک بووم، لە دەستی چەوسانەوە و دواکەوتن بۆ باوەشی دادپەروەری و ئازادی هەڵاتم.

ئەم شانازیکردنە ڕەهایە بەهەموو شتێکی ئەمەریکایی بەرابەر بەسووک

تەمـاشـاکـردنـی هەمـوو شـتـێکی مـیـسـری، ڕەنگدانەوەی کـردارەکـانین؛ لەبەرئەوەی میسرییەکان خاووخلیچکن و ژیانیان ناتەندروستە، ئەو مقەیەتی لەشجوانی و ڕێکپۆشیی خۆیەتی... سەرەڕای ئەوەی شەست ساڵی بڕیوە، ئینجـاش دیمەنی سـەرنجـڕاکێشی خـۆی پاراسـتووە: باڵای بەرز و بڵند و جـەسـتـەیەکی وەرزشکارانەی باریکەلە، پێـستی توند و کـەم چرچ و لۆچ، سـەنگینانە وا قـژی بۆیاغ کـردووە، تۆزقـاڵێک کـەوتنە تەمـەنـەوەی بەسـەر هەردوو لاجـانگ و کـاکـۆڵـیـەوە هێـشـتـووەتەوە. پیـاو حـەق بڵێ قـۆزە، ڕێکپۆشییەکی ئەرستۆکراتیی بۆماوەی هەڵگرتووە. لە جل و جووڵانەوەکانی جەستەیدا دیارە، تاڕادەیەکی زۆر لە ڕوشدی ئەبازەی ئەکتەر دەکا، کەچی خـاوی و دوودڵی لە سـەرنجـڕاکێشـیـیـەکەی ڕوخـسـاریدا کەم دەکـەنەوە.. لەبەرئەوەی شـانازی بەدەسکەوتەکـانی وڵاتەکەیەوە دەکـا، دوکتـۆر ڕەئفەت هەمیـشـە ئاگـاداری ئەوەیە تازەترین ئـامێری ئەمـەریکاییی هەبێت، هەر لە ئۆتۆمبیلی نوێی کادیلاکەوە (کە پێشەکیی نرخەکەی لە کرێی ئەو وانانەوە داوە، کە زستانی ڕابردوو لە هارڤارد وتنیەوە) تا تازەترین مۆدێلی مۆبایل.. تا دەگـاتە ئـامـێـری ڕیش تـاشین، کـە بۆن بەچـەناگـەدا دەپژێنێ، هـەروەها قاچیی کارەبایی باغچە، کە بەمۆسیقا لێدانەوە گژوگیاکە هەڵدەپاچێ.. بەتایبەت ئەودەمی لەگەڵ میسرییەکاندایە، پێی باشە بەخۆ نازینەوە توانای ئامێرە نوێیەکانی نیشان بدا، پاشان بەگاڵتە پێکردنەوە لێیان دەپرسێ:

– کەنگێ میسر دەکارێ وەک ئەم ئامێرانە بەرهەم بهێنێت.. دوای چەند سەد ساڵ؟

ئیـدی لە ناوەڕاسـتی ئـامـادەبووانـدا لە قـاقـای پێکەنین دەدا. کـاتێکیش خوێندکارێکی میسری سەرکەوتنی گەورە بەدەست دێنێت، دەبێ ڕەئفەت بریندار بکا و دڵی بیەشێنێت، لێی نزیک دەکەوێتەوە تەوقەی لەگەڵدا دەکا و پێی دەڵێ:

– پیرۆزباییت لێ دەکەم، چونکە تۆ سەرەڕای ئەو فێرکردنە سەقەتەی لە میسر وەرت گرت، دەبێ سوپاسگوزاری ئەمەریکا بیت، لەوەی پێی گەیشتی.

لە دوای ڕووداوەکانی ١١ی سپتەمبەر، ڕەئفەت هێند بەئاشکرا دژی عەرەب و موسڵمانان قسەی دەکرد، ڕەنگە دەمارگیرترین ئەمەریکایی بەرانبەر بەو قسانە شەرم دای بگرتایا.. بۆ نموونە دەیگوت:

– مافی وڵاتە یەکگرتووەکانە نەهێڵێت هیچ عەرەبێک پێ بنێتە سەر زەوییەکەی، تا لەوە دڵنیا نەبێت ئەو کەسە چەندە شارستانییە و کوشتن بەفەرزێکی ئاینی دانانێت. ئا لێرەوە، پەسندکردنی ناجی عەبدولسەمەد شکستێک بوو بۆ کەسایەتیی دوکتۆر ڕەئفەت. لێ هەندەی نەبرد، بڕیاری دا ئەو شتە لە مێشکی خۆی دەربکا.. دەستی ڕاستی لەسەر سووکانەکە هەڵگرت و پلی بەدوگمەی نەوارەکەوە نا، تا گوێ لە گۆرانییەکانی لەیۆنێل ڕیچی بگرێت، کە زۆری حەز لێ دەکرد، بیری لە ئێوارەیەکی هێمن کردەوە لەگەڵ میشێلی ژنی و سارەی کچیدا بیباتەسەر، شووشە وێسکییە نایابەکەی لە جۆری «سلاوی پاشایی– Royal Salut»ی کەوتەوە بیر، کە بەر لە چەند ڕۆژێک کڕیبووی، بڕیاری دا ئەم شەو هەڵی بپچڕێ، چونکە پێویستی بەخواردنەوەیەکی نوێیە. هێندەی نەبرد گەیشتەوە ماڵ، خانوویەکی کەشخەی سپی، کە لە دوو نهۆم پێکهاتووە، بەباغچەیەکی جوان و قەشەنگ و حەوشەیەک لە پشتەوە دەورە دراوە. سەگە ئەڵمانییەکەی «میتز» بەوەڕینی یەک لەدوای یەک بەرەو پیری چوو. بەئۆتۆمبیلەکەی سووڕێکی بەدەوری خانووەکەیدا دا تا بگاتە گەراجەکە.. سەیری هات کاتێ ڕووناکیی ژووری نانخواردنی بینی پێ کراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە میوانیان هەیە. سەری سوڕما، چونکە میشێلی ژنی پێی نەگوتبوو لە کاتی نانخواردنی شێواندا چاوەڕوانی یەکێک دەکا.. دەستی بەدوگمەی کۆنترۆڵەکەوە نا، ئۆتۆمبیلەکە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی داخرا، پاشان

دەرگای گەراجەکەشی داخست و بەدەستی سورگێکەی ڕاکێشا، تاکو لە داخستنی دڵنیابێت. لەسەرەخۆ بەرەو ماڵەوە دەرۆیشت، هەوڵی دەدا هەڵی بێنێت میوانەکە کێیە.. بەپەلە هەندێ گەمەی لەگەڵ میتزدا کرد و خۆی لە دەستی دەرباز کرد، لە دەرگاکەی تەنیشتەوە خۆی بەژووردا کرد و بەئاگادارییەوە هۆڵەکەی بڕی، میشێلی ژنی هەستی بەترپەی پێیەکانی لەسەر تەختەکە کرد، بەخێرایی چوو بۆ لای، ماچێکی ڕوومەتی کرد و بەخۆشییەکەوە پێی گوت:

– وەرە خێرا.. بڕوانە بزانە کێ هاتووە؟!

دەمێ چووە ژووری نانخواردنەوە.. جیفی هاوەڵی سارەی کچی بەتەنیشت کچەکەیەوە وەستابوو، گەنجێکی تەمەن بیست و پێنجساڵی بوو، لە ڕولاواز و ڕەنگ زەرد، دوو چاوی شینی جوان، جووتێ لێوی نەرم و ناسک و ڕێک، قژە ڕەنگ بەڕووییە نەرمە درێژە بەکەزی کردووەکەی بەردابووەوە سەر شانی، تی شێرتێکی سپی و پانتۆڵێکی جینزی شینی لە زۆر شوێن تێکەڵ بەڕەنگی دی، لە پێ کردبوو، پەنجە چڵکنەکانی پێی سەریان لە کۆنە سەندەڵەکەیەوە دەرهێنابوو...

جیف هاتە پێشەوە تا تەوقە لەگەڵ ڕەئفەتدا بکا، لەو کاتەدا دەنگی میشێل لە دواوە بەرز بووەوە:

– ئەم ئێوارەیە جیف لە تابلۆ تازەکەی بووەتەوە و بڕیاری داوە ئێمە یەکەمین کەس بین ببینین... توخوا ئەمە شتێکی دڵگیر نییە؟

– زۆر... بەخێربێی جیف.

ڕەئفەت وای گوت، بەسەرنجێکی لا بەلا دیقەتی ژنەکەی دا، قژی بڕیبوو و ڕێکی خستبوو، پانتۆڵە قەدیفە تازەکەی لە پێ کردبوو.. جیف هاتە پێشێ تا دەست لە نێو دەستی بنێ، بەخەنینەوەوە گوتی:

– ڕەئفەت لێم گەڕێ با ڕاستت پێ بڵێم.. هەڵبەت ڕای تۆم زۆر بەلاوە

گرینگە، بەڵام ئەو دەمەی لە تابلۆ نوێیەکەم بوومەوە، تەنیا بیرم لە شتێک دەکردەوە، سارە یەکەمین کەس بێت بیبینێت.

– زۆر سوپاس.

سارە بەدەستگووشینەوە بەچرپە وای پێ گوت و بەسەرسامییەوە لە ڕوخساری جوانی ئەوی دەڕوانی... هێندەی نەبرد میشێل چون گفتوگۆیەکی تەلەفزیۆنی لەگەڵدا بکا، لێی پرسی:

– پێم بڵێ جیف.. کاتێک هونەرمەند لە کارە تازەکەی دەبێتەوە هەست بەچی دەکات؟

جیف بەهێوری سەری بڵند کرد و لە بنمیچەکەی ڕوانی، چاوانی لێکنان و تاوێک بێ دەنگ بوو، پاشان چۆن دنیا لە ئامێز بگرێت دەستەکانی درێژکردن، بەدەنگە خەواڵوویەکەوە گوتی:

– نازانم چۆنی وەسف بکەم؟ جوانترین ساتی ژیانم ئەو ساتەیە، کە دوا پەڕەمووچ بەکەڤاڵەکەدا دێنم.

پەیڤەکان زۆریان کار لەو دوو ئافرەتە کرد، بەوپەڕی خۆشەویستی و مەزنییەوە چاویان تێ بڕی.. پاشان میشێل گوتی:

– ئێستا.. ڕات چییە ڕەئفەت.. نان بخۆین، یاخۆ یەکەم جار لە تابلۆکە بڕوانین؟

ڕەئفەت برسی بوو، بەهێمنییەوە گوتی:

– چۆنت پێ باشە وا دەکەین.

کەچی سارە کەوتە چەپڵە لێدان و بەخۆشییەوە هاواری کرد:

– ناتوانم یەک چرکە دان بەخۆمدا بگرم، تا تابلۆکە نەبینم.

– منیش.

میشێل لەو دەمی دەستی ڕەئفەتی بۆ گۆشەی ژوورەکە ڕادەکێشت،

بەپێکەنینەوە وای گوت.. جیف تابلۆکەی بەستاندەکەوە هەڵواسیبوو و بەپەڕۆیەکی سپیی بریسکەداری داپۆشیبوو.. هەموویان ساتێک لە بەرامبەریدا وەستان، پاشان جیف چووە پێشەوە و بەجووڵەیەکی لەناکاوی شانۆیی دەستی برد و چمکێکی لادا، تابلۆکە بەدیارکەوت، میشێل و سارە یەک دەنگ قیژاندیان:

– وای... نایابە.. نایاب!

سارە وەرسووڕا، خۆی لەسەر پێیەکانی بەرز کردەوە و کوڵمەکانی جیفی ماچ کردن..

هەر لەو دەمەدا ڕەئفەت بەسەر ڕاوەشاندنەوە وەک ئەوەی لێی قووڵ بێتەوە، لە تابلۆکەی دەڕوانی.. سەرلەبەری تابلۆکە بەڕەنگی شینی تۆخ سواخ درابوو، لە ناوەڕاستەکەیدا سێ پەڵەی گەورەی زەردی تێدابوون، لە بانەوە لای چەپی تابلۆکە تەنیا هێڵێک بەڕەنگی سوور لەبەر تەڵخی باکگراوندەکەی بەئاستەم دیاربوو.

سارە و دایکی دنیایەک ستایشی جیفیان کرد، کەچی ڕەئفەت بێ دەنگ وەستابوو.. میشێل بەدەنگێکی ناسک خاڵی نەبوو لە گلەیی، لێی پرسی:

– چییە دەڵێی ئەم تابلۆ سەرسووڕهێنەرەت بەدڵ نییە؟!

– هەوڵ دەدەم لێی بگەم.. چونکە نەختێک زەوقم کلاسیکە.

– مەبەستت چییە؟

جیف ئەم پرسیارەی کرد و لەپڕ ڕوخساری شێوا.. ڕەئفەت بەدەنگی یەکێ داوای لێبووردن بکا، گوتی:

– لە ڕاستیدا جیف.. من لە نیگارکێشاندا شێوازە کۆنەکەم پێ باشترە، چونکە زیاتر لێی دەگەم.. بۆ نموونە پێم باشە هونەرمەند وێنەی ڕوخساری مرۆڤ، یاخۆ دیمەنێکی سروشتی بکێشێت.. هەرچی نیگارکێشانە لەسەر

شێوازی هونەری نوێ، ئەوا بەڕاستی من لێی ناگەم.

– پێم ناخۆشە تێگەیشتنت بۆ هونەر بەم شێوە سەرەتاییە بێت.. وام دەزانی لەمە باشتریت، چونکە لە ئەمەریکا فێر بوویت.. بە ئاوەز لە هونەر ناگەین. بەڵکو بەهەست درکی پێ دەکەین.. بەڕاست، تکایە ڕەئفەت وشەی نیگارکێشان لە بەردەم من بەکار مەهێنە، چونکە تووڕەم دەکا... وێنەکێشان لە قوتابخانەی سەرەتایی فێری دەبین.. هونەری شێوەکاری زۆر لەوە گەورەترە.

لە هیکرا توندییەک جیفی داگرت، پاشان هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو بەروخسارە مۆنەکەی ناڕەزایی دەربڕی، پاشان سەیری هەر دوو ئافرەتەکانی کرد و زەردەخەنەکەی خنکاند، تاکو لە وێنەی هونەرمەندێک سووکایەتیی پێ کرابێ دیار بدات، کەچی ئینجاش بڕیاری لە بیرکردنی ئەو خراپەکارییەی دا، چونکە دەقی لەسەر لێبووردەیی گرتووە. ئەمە کاری لە میشێل کرد، بەدەنگی بەرز سەرکۆنەی مێردەکەی کرد:

– ڕەئفەت ئەگەر لە هونەر ناگەی، واچاکترە قسەی لەبارەوە نەکەی.

ڕەئفەت بزەیەکی کرد و بەرپەرچی نەدایەوە. دوای تۆزێک هەر چواریان دانیشتن نان بخۆن:

جیف بەتەنیشت سارەوەیە، ڕەئفەتیش هاوشانی میشێلە، کە لەسەر شەرەفی میوانە ئازیزەکەیان بوتڵێک بادەی نایابی پۆڵۆنیی هەڵپچڕی.

هەر دوو ئەویندار بەکوڵ کەوتنە چپەچپ، لەو لاشەوە میشێل بەڕەزامەندییەکی بەرچاوەوە تەماشای دەکردن، ڕەئفەتیش بەدەنگی بەرزەوە گوتی:

– میشێل.. گرفتەکانی خانەی تەندروستی تەواو بوون؟

– بەڵێ.

میشێل ئاوا قسەکەی بڕییەوە، وای دەرخست کە حەز ناکا لەو بارەوە بدوێ.. کەچی ڕەئفەت قسەی تری هێنایەوە و ڕووی دەمی لە هەردوو دڵدار کرد، تاکو سەرنجیان لەو حەز لێکردنە دوور ڕابگرێ، گوتی:

– گوێ لەم حەکایەتە نوێیە بگرن.. بەخۆتان دەزانن میشێل لە خانەی تەندروستیی دۆخە کۆتاییەکان لە ناوەندی شیکاگۆدا کار دەکا.. ئیشی ئەم خانەیە یارمەتیدانی نەخۆشە بێ چارەسەرەکانە.. ئەوانەی لە چاوەڕوانی مەرگدان.

– چۆنیان یارمەتی دەدا؟

جیف بەنیوە گرینگی پێدانێکەوە پرسی.. ڕەئفەتیش بەپەرۆشییەوە وەڵامی داوە:

– ئامانجی ئەم خانەیە ئەوەیە، کارێکی وا بکا بیرۆکەی مردن ببێتە شتێکی لەبار و پەسەند و بێ ئازار بۆ ئەو نەخۆشانەی لە سەرەمەرگدان.. پیاوی ئاینی و پسپۆڕی دەروونییان بۆ ئامادە دەکەن، قسەیان بۆ دەکەن، تا ترسیان لە بەرەو ڕووبوونەوەی مردن بڕەوێتەوە.. بێگومان نەخۆشەکانی خانەکە هەموویان لە دەوڵەمەندەکانن.. هەفتەی ڕابردوو ڕووداوێکی دەگمەن بەسەر نەخۆشێکی ملیۆنێردا هات، ناوی..

– شێڵدز.. ستیوارت شێڵدز.

بەم شێوەیە میشێل بەدەم جاوینی خواردنەوە مڵچەیەکی کرد، ڕەئفەت لەگەڵ قسە هێنانەوەدا گوتی:

– مستەر شێڵدز گیانی لەدەست دا، بەڕێوەبەرێتیی خانەکە لە دووی کوڕەکانی نارد، ئەوانیش بەفڕۆکە لە کالیفۆرنیاوە هاتن، تاکو مەرگی ببینن و کارڕایی ناشتنەکەی بکەن.. کەچی هەر هێندەی گەیشتنە خانەکە، لە پڕ تەندروستیی باوکیان باش بوو و قەیرانەکەی نەما.. دوو جار ئەمە دووبارە بووەوە.. دەزانن کوڕەکانی شێڵدز چییان کرد؟ ئاگانامەیەکی دادوەرییان

ئاراستەی خانەی تەندروستی کرد. تێیدا وتبوویان، ئاشکرایە سیستەمی مەزەندەی پزیشکی لە خانەی تەندروستی بەدەست خەوشە زلەکانییەوە دەناڵێنێت، چونکە هەموو جارێک ئەوان کارەکانیان جێ دەهێڵن و ماندوویی دەکێشن و پارەیەکی زۆر بۆ ڕێگە خەرج دەکەن، تا لە مردنی بابیاندا ئامادەبن، کەچی کاتێک دێن دەبینن زیندووە!

بۆیە ئاگاداریان کردنەوە ئەگەر لە دوارۆژدا شتی وا ڕوو بدا، لە بەرابەر لە دەستدانی کات و پارەیان... داوای قەرەبووکردنەوەیەکی زۆر دەکەن. ڕاتان لەسەر ئەم حەکایەتە چییە؟

– زۆر خۆش بوو ڕەئفەت.

جیف بەگاڵتە پێکردنەوە وای گوت، پاشان بەدەنگی بەرز باوێشکی دایەوە و سارەش لە پرمەی پێکەنینی دا.. ڕەئفەت ئەو تیز پێکردنەی پشتگوێ خست و گوتی:

– ئاوەزی ڕۆهەڵاتی ئەم ڕەفتارە وا لێک دەداتەوە ئەمە دان پێدانەنانە لەلایەن ڕۆڵەکانەوە.. کەچی من وای دەبینم نیشانەی ڕێزگرتنی کۆمەڵگەی ئەمەریکاییە بەرابەر بەکات.

کەس بەرپەرچی ڕەئفەتی نەدایەوە، سەرلەنوێ هەردوو دڵدار کەوتنەوە فسکەفسک، جیف هەندێک قسەی بەگوێی سارەیا دا، بزە گرتی و دەموچاوی سوور بووەوە.. لەو کاتەدا میشێل پارچەیەک گۆشتی لەت لەت دەکرد، ڕەئفەت لەگەڵ هەستاندا دەمی بەخاولییەکە دەسڕی، زەردەخەنەیەکی ساردوسڕ بەڕوخسارییەوە بوو، گوتی:

– بمبوورە جیف.. من دەبێ سەرکەوم بۆ نووسینگەکەم.. دەبێ کارەکانم تەواو بکەم... وابزانە لە ماڵی خۆتدایت.. لە کۆتاییی حەفتەدا دەتبینم، هەتا گفتوگۆکەمان لەبارەی هونەرەوە تەواو بکەین.

ڕەئفەت بەدەستی خواحافیزی لێ کرد، بەپلیکانە دارینەکەدا بەرەو نهۆمی

دووەم سـەرکـەوت، هەر هـێندەی دەرگـای نووسـینگەکـەی لەدوای خـۆیەوە داخست، یەکسـەر ڕووی کردە دۆلابەکەی تەنیشت پەنجـەرەکە و بوتڵێکی تازەی وێسکیی دەرهێنا و بۆ خـۆی پێکێکی بەسـۆدە و بـەفـرەوە چێ کـرد، پاشان لەسـەر کورسـییە لەرێنەرەکەی دانیشت و لەسـەرەخۆ قومی لێ دەدا، هەسـتی بەو یەکـەم سـووتـانەوەیە کـرد، کـە زۆری لا خـۆشـە، هـەندەی نەبرد هەستی بە ئارامی کرد. هیچ کـارێکی نەبوو، درۆی لەگەڵ کردن، چونکە لەوە زیاتر حـەوسـەڵەی دانیشـتنی لەگەڵ ئەو جـیـفـە داوەتکراوەدا نەبـوو.. خـاتر خـوا!.. چۆن ئەو سـارە زیرەکە بەهرەدارە هۆگری ئەم هیـچوپووچە بووە؟.. ئەی ئەم جـیـفـە بۆ ئەوەندە بڕوای بەخـۆیەتـی؟ ئەو وا هـەڵسـوکـەوت لەگـەڵ خـەڵکدا دەکـا، وەک ئـەوەی ڤـان کـووخ یان پیکاسـۆ بێت، ئەم هـەسـتـی خۆبـەزلزانینە لە کـوێوە دێنێت؟.. ئەو جگە لە قوتابییـەکی دۆڕاو هیـچی تر نییـە، قوتابخـانەی دواناوەندیی پێ تەواو نەکراو لە دەست مـاڵەوەیان هەڵات، تەنانەت لەو بەنزینخـانەیەی کـاری تێدا دەکرد جێی نەبووەوە و دەریان کـرد، ئەو ئێسـتـا لە گـەڕەکی ئۆکلاند، کـە شوێنی شـەلاتـی و تاوانکارانە، دەژێت.. بێکارە و بانگەشـەی هونەر دەکا، پوشتییەکەی لە ئاوەز بەدەرە.. ویستی هەر لەبەر داوونەریتی مـیـوانداری، دەرگـای گفـتوگـۆی لەگەڵدا بکاتـەوە، کـەچی گاڵتـەی پێ کرد و باوێشکی بەڕوویدادا... چ سـەرسـەرییەکە!... نازانم سارە چی ئـەوی بەدڵدا چووە؟ هـێند پیس و پۆخـڵــە مـەگـەر لـە بۆنەکـاندا خـۆی بشوات، کـە ماچی دەکا چۆن قێزی لێ نابێتـەوە؟.. ئەویش تابلۆکە بەم شـتە بێ مـانـایانە سـواخ دەدا و ئەم دوو ئـافـرەتە گـەلۆرو گەمـژانەش بەبلیمـەتـی دادەنێن. بـەمـەندەش واز ناهێنێت، بەڵکو دەیەوێت وانەی لەسـەر هـونەر پێ بداتەوە؟! ئای چ بێ ئابڕوویەکە!..

ڕەئفـەت ئاوا قـسـەی بـۆ خـۆی کـرد، بە ئازارەوە بزەیەکی کـرد و بادەی دووەمـیشـی تێکرد. پەیتا پەیتا، خواردنەوەکە هەڵچوونەکەی دامرکاندەوە و هەستی بەخاوبوونـەوە کرد. چاوانی لێک نان و بەتامەوە مژی لە وێسکییەکە

دەدا.. لەناکاو، بەتوندی دەرگاکە کرایەوە و سارە و میشێل خۆیان بەژووردا کرد، بەدنەدانێکی ئاشکراوە بەرابەری وەستان..

میشێل لێی پرسی:

– کوانێ ئەو کارەی لە پێناویدا ئێمەت بەجێ هێشت تا تەواوی بکەیت؟

– تەواوم کرد.

– درۆ دەکەی..

سەیرێکی ژنەکەی کرد و متەقی نەکرد، پاشان وا خۆی نیشان دا سەغڵەتە، پرسی:

– جیف چی لێ هات؟

– ڕۆیشت.

– ئاوا بەزوویی؟

– دوای ئەوەی تۆ ئەو کەتنەت کرد، دەبوو بڕۆیشتایا.. ئەویش وەکو ئێمە کەرامەتی هەیە.. دەزانی کاتژمێرێکی تەواو چاوەڕێی کردیت، تاکو نانت لەگەڵدا بخوا؟!

ڕەئفەت سەری دانەواند، پەرداخەکەی لە دەستیدا دەلەقاند، تاکو بەفرەکە بتاوێتەوە، بڕیاری دا تا بتوانێت خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوە بپارێزێت.. وەلێ بێدەنگییەکەی تووڕەیی سارەی زیاتر کرد، تەواو لێی هاتە پێشێ و دای بەسەر مێزەکەدا، گوڵدانەکە بەتوندی لەرییەوە، پاشان بەدەنگێکی هەستیری و سەیر قیژاندی:

– جوان نەبوو بەو شێوەیە لەگەڵ برادەرەکەمدا جووڵایتەوە!..

– شتێکی ناشایستەم نەکردووە.. بەڵکو ئەو بێ ئەوەی پێمان بڵێت خۆی بەسەرماندادا.

– جیف هاوەڵمە... مافی خۆمە هەر کات بیهێنمەماڵەوە.

– سارە بەسە، بەیارمەتیت... من ماندووم... دەمەوێ بنووم.. شەوشاد.

ڕەئفەت بەدەم هەستانەوە وای گوت و ڕووەو دەرگاکە چوو... کەچی سارە بەقیژە قیژ دووی کەوت:

– ڕامەکە لەوەی کردت... هەرگیز لێت نابوورم، چونکە هاوەڵەکەمت سووک کرد.. بەوپەڕی میهرەبانییەوە هاتبوو، تاکو تابلۆ تازەکەیمان نیشان بدات، سەرەنجام تۆ ڕیسوات کرد. بەڵام ناتوانیت جارێکی تر گاڵتەی پێ بکەیت.. شتێکم بۆ هەڵگرتووی... حەز دەکەیت بزانیت چییە؟

***

«.. سەرباز لە شەڕدا زۆر دڕندانە دەجەنگێت، بەو بێت سەرپاکیان لەناو بەرێت... وەلێ ئەگەر یەک جار بۆی کرا بچێتە ئەو بەرەوە و بەناو ڕیزەکانیاندا بێ و بچێت، دەزانێت وەک خۆی مرۆڤگەلی ئاسایین، دەبینێت یەکیان نامە بۆ هاوسەرەکەی دەنووسێ، ئەوی تر لە وێنەی منداڵەکانی ڕاماوە، سێیەمیش بەدەم نارە نارەوە ڕیشی دەتاشێت.. ئا لەو دەمەدا سەربازەکە چۆن بیر دەکاتەوە؟.. دوور نییە وا تێ بگات ئەو کاتی دژ بەم خەڵکە باشە دەجەنگا، فریودرابوو، بۆیە لەسەریەتی هەڵوێستی خۆی لە بەرامبەریاندا بگۆڕێت.. یاخۆ.. ڕەنگە بیر لەوە بکاتەوە، ئەوی دەیبینێت تەنیا ڕواڵەتی هەڵخەڵەتێنەرە و ئەم بێ زەڕانە هەر کە شوێنی خۆیان دەگرن و چەک دەگرنە دەست، دەبنە تاوانکار، کەسوکاری دەکوژن و دەکۆشن بۆ ئەوەی وڵاتەکەی سەرشۆڕ بکەن..

چەند لەو سەربازە دەچم.. من ئێستا لەو ئەمریکایەم، کە چەندێک هێرشم بردە سەری و لە خۆپیشاندانەکاندا هوتافم بەڕووخانی دەداو ئاڵاکەیم دەسووتاند... ئەمەریکای بەرپرس

له هەژاری و مەینەتیی ملیۆنان مرۆڤ له جیهاندا... ئەو ئەمەریکایەی پشتی ئیسرائیلی گرت و چەکی پێ دا و ئەو توانایەی پێ بەخشی بتوانێت فەلەستینییەکان بکوژێ و خاکەکەیان لێ زەوت بکا.. ئەو ئەمەریکایەی له پێناو بەرژەوەندیی خۆیدا پشتگیریی له هەموو فەرمانڕەوا زۆرداره گەندەڵەکانی جیهانی عەرەب کرد... ئەو ئەمەریکا شەڕانگێزەی ئێستا له ناوەوە دەیبینم و سەراسیمەیی ئەو سەربازه دای گرتووم و پرسیارێک زۆرم بۆ دێنێت:

ئەم ئەمەریکاییه باشانەی زۆر بەنەرمی لەگەڵ بێگانەکاندا مامەڵه دەکەن، ئەوانەی بەڕووتدا دەخەنێنەوه و هەر هێندەی بەرەو ڕوویان بێی سڵاوت لێ دەکەن، ئەوانەی یارمەتیت دەدەن و لەبەردەم دەرگاکاندا ڕێگەت بۆ دەکەنەوه و بەگەرمی لەبەر کەمترین هۆ سوپاست دەکەن، داخۆ درک بەگەورەیی و قێزەونی ئەو تاوانانه دەکەن، که حکوومەتەکانیان دەرهەق بەمرۆڤەکان دەیکەن؟»

بۆیه ئەو برگەیەی پێشووم نووسی، تاکو دەست بەنووسینەوەی یادەوەرییەکانم بکەم، پاشان سڕیمەوه، چونکه بەدڵم نەبوو.. بڕیارم دا بەسادەیی و بێ گرێ و گۆڵ ئەوه بنووسم که هەستی پێ دەکەم.

ئەم یادەوەرییانه بڵاو ناکەمەوه و له خۆم زیاتر کەس نایخوێنێتەوه، من بۆ خۆم دەنووسم، دەنووسم بۆ ئەوەی خاڵی وەرچەرخان له ژیانمدا تۆمار بکەم، ئێستا له جیهانه کۆنەکەمەوه، که لەو زیاتر کەسم نەناسی، دەگوازمەوه بۆ جیهانی نوێی تژی له توانا و شیمانه..

من ئەم بەیانییە گەیشتمە شیکاگۆ، لە فرۆکە دابەزیم و لە ڕیزێکی درێژ وەستام، تا گەیشتمە لای ئەفسەری پاسپۆرت، دوو جار کاغەزەکانی پشکنیم، بەڕوخساری مۆن و تورشاویەوە بەرلەوەی مۆر بەپاسپۆرتەکەمەوە بنێ و ڕێگەی چوونە ژوورەوەم بدات، چەندین پرسیاری ئاراستە کردم. چەند هەنگاوێکم لە هۆڵی فرگەکە بڕی، ناوی خۆم بینی بەئینگلیزی لەسەر لافیتەیەک نووسرابوو، کە بەدەستی زەلامێکەوە بوو شەستی تێپەڕاندبوو، بەڕەنگ و ڕوو میسری بوو، ئەسمەر، سەری تەواو ڕووتابووەوە، چاویلکەیەکی پزیشکیی چوارچێوە زیوینی لە چاو کردبوو، دیمەنێکی فەرمییانەی پێ دەبەخشی، جلەکانی وا بەشێوەیەکی ڕێک و گونجاو پۆشیبوون، دیار بوو کابرا خاوەن زەوقە:

پانتۆڵێکی مەیلەو ڕەشی قەدیفە، چاکەتێکی تەنکی ڕەنگ خۆڵەمێشی، کراسێکی سپی یەخە کراوە، پێڵاوێکی ڕەشی وەرزشی..

بەدەم ڕاکێشانی چەمەدانەکەمەوە لێی نزیک بوومەوە، بەشاگەشکە بوونەوە پرسی:

– تۆ ناجی عەبدولسەمەدی؟

سەرم ڕاوەشاند، بەتوندی دەستی گوشیم و بەگەرمییەوە گوتی:

– بەخێرهاتی بۆ شیکاگۆ.. من محەمەد سەلاحم.. مامۆستام لە بەشی هیستۆلۆجی، کە جەنابت وانەی تێدا دەخوێنیت.

لەدوا ڕستەدا زمان سووکییەکم لە عەرەبییەکەیدا

بینییەوە.. بەگەرمی سوپاسم کرد. پێم گوت من ڕێز لەو بەخشندەییەی دەگرم، چونکە لە ڕۆژێکی پشووی وادا خێزانەکەی جێ هێشتووە، تاکو پێشوازیی من بکات.. چۆن مێش پاس بکا، ئەمریکییانە دەستی جوولاند، بەمانای شایانی باسکردن نییە.. هەوڵی دا لە هەڵگرتنی چەمەدانەکە بۆ ناو ئۆتۆمبیلەکە یارمەتیم بدات. وەلێ من سوپاسم کرد و نەمهێشت.

لەو کاتەی سلفێکی لێدا، گوتی:

– ئێمەی میسری حەز بەهەواڵپرسین و گەرموگوڕی دەکەین.. ئەگەر بۆ شوێنێکی نزیکیش سەفەر بکەین، حەز دەکەین یەکێک چاوەڕوانمان بێت.. وا نییە؟

– زۆر سوپاس دوکتۆر.

– ئەمە ئەرکی سەرشانی کوێخایە.

بەدوودڵییەوە تەماشایەکم کرد، لە تریقەی پێکەنینی دا، پاشان لەگەڵ سووڕانەوەی ئوتۆمبیلە خێراکەی بەئاقاری ڕێگەکەدا، بەخۆشییەوە گوتی:

– لێرە میسرییەکان بە «کوێخای شیکاگۆ»م ناودەبەن. منیش بە هەموو توانامەوە هەوڵ دەدەم ئەو نازناوە لەدەست نەدەم.

– جەنابت لەمێژە لە شیکاگۆیت؟

– سی ساڵە.

– سی ساڵ؟!

بەسەرسوورمانەوە لەدوایەوە گوتمەوە، ساتێک بێ دەنگی

باڵی بەسەردا کێشاین... پاشان بەتۆنێکی جیاوازەوە گوتی:

– دەبوو سەرۆکی یەکێتیی خوێندکارە میسرییەکان لە ئەمەریکا پێشوازیت بکات.. بەڵام لەبەر بارودۆخ داوای لێبووردنی کرد.. ئەو لە کۆلێجی پزیشکیی قاهیرە لەگەڵتدا بووە.

– ناوی چییە؟

– ئەحمەد دەنانە.

– ئەحمەد عەبدولحەفیز دەنانە؟!

– وا بزانم ئەوە ناوی تەواویەتی... دەیناسیت؟

– هەموو دەرچووانی "قصر العيني" دەیناسن، چونکە بەکرێگیراوی ئاسایش بوو!

دوکتۆر سەلاح متەقی نەکرد، هەندێک نیگەرانی بەڕوخسارییەوە دیاربوو، هەستم بەپەشیمانی کرد و گوتم:

– داوای لێبووردن دەکەم دوکتۆر.. بەڵام ئەم دەنانەیە لە وەختی دووەمین جەنگی کەنداودا من و زۆرێک لە هاوەڵانمی بەگرت دا.

هەروا بێدەنگ بوو، چاوی لە ڕێگەکە بڕیبوو، پاشان گوتی:

– ئەگەر ئەمە ڕاستیش بێ، ئەوا ئامۆژگاریت دەکەم لە بیری بکەی، دەبێ گەشتە زانستییەکەت دەست پێ بکەیت، لە کاتێکدا لە هەموو ململانێ کۆنەکانت ڕزگار بوویت.

ویستم بەرپەرچی بدەمەوە، کەچی پێشم کەوت و قسەی دایە بەر قسە، تاکو بابەتەکە بگۆڕێت:

– شیکاگۆت پێ چۆنە؟

– گەورە و جوانە.

– شـیکاگـۆ شـارێکی دڵگیـرە، بەڵام زوڵم لێ کـراوە، ناوبانگی لە جیهاندا بەشاری چەتەکان دەرکردووە، کەچی لە ڕاسـتـیـدا لە گـرینگـترین مـەڵبـەندەکـانی ڕۆشـنبـیـریی ئەمەریکایە.

– ڕێگر و چەتەی تێدا نییە؟!

– لە بیـسـتـەکان و سـیـیـەکاندا مـافیـا لێرە چالاک بوو، ڕۆژگـاری «ئال کابۆنی»، هەرچی ئێسـتـایە.. چەتە و ڕێگر لە شیکاگۆ وەکو شـارەکانی تری ئەمریکایە.. بەپێچەوانەوە، بۆ نموونە شـیکاگـۆ هێـمن و ئارامـتـرە لە نیـویۆرک... هـەر هیچ نەبێ ناوچە مەترسیدارەکانی ئێرە دیار و ناسـراون. کەچی لە نیـویۆرکـدا مـەترسـیـیـەکـە بەربڵاوە.. لە هەر شـوێنێکدا بێت چەقۆکێش و چەکدارەکان هێرشت دەکەنە سەر... حەز دەکەی کەمێکت گڕ بدەم؟

چاوەڕێی وەڵامی منی نەکـرد، بەئۆتۆمـبـیلـەکـەی لە ڕێگە خێراکەوە دەرچوو، بەدرێژایی نیو سـەعات بردمی بۆ تاوەری سێـرز و تاوەری ئاوەکـان، هەروەها بەتەنیـشت مـۆزەخـانەی هونـەری نوێدا تێـپـەڕین، لەسـەرخـۆ دەڕۆیشت تاکـو ئەو پەیکەرە ببینم، کـە «پاپلۆ پیکاسـۆ» پێـشکێـشی شیکاگۆی کـرد.. ئەودەمی بە ئۆتـۆمـبـیلەکـە بەتـەنیـشت کـەناری دەریاچەکەدا تێپەڕین، بەدەستی ئاماژەی کرد و گوتی:

– ئەمـە باخـچـەی گرانت پارکە.. ئەم دەڤـەرە کـۆڕنیـشی ئەسکەندەرییەت بیرناخاتەوە؟

– تا نووکەش بیر لە میسر دەکەیتەوە؟

زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی:

– بێگومـــان!.. بـەڕاست.. دەنگوبـاسـی ئـەم چەنـد ڕۆژەی مـیـسـر چـیـیـە؟ ئەوی لـە ڕۆژنامـەکـاندا دەیانـخـوێنمـەوە نیگەرانیان کردووم.

– بەپێـچـەوانەوە، بـوویەرەکـان مـایەی گـەشـبـینین.. میسرییەکان ڕابوونە و داوای مافی خۆیان دەکەن... ڕێژیمی گەندەڵ زوو دەلەقێت، وابزانم تەمەنی زۆر کورت بووەتەوە.

– بەباوەڕی تۆ ئەو خۆ پیشاندان و مانگرتنانە وڵات بەرەو ئاژاوە و پشێوی نابەن؟

– ناکرێت بێ باج ئازادی بەدەست بهێنین.

– ئەی بەبڕوای تۆ مـیـسـرییـەکـان دیموکـراسـیـیـان پێ پراکتیزە دەکرێت؟

– مەبەستت چییە؟

– مـەبەسـتم ئەوەیە نیوەی میسرییەکان نەخوێندەوارن.. باشـتـر نیـیـە توانای خـۆمـان بۆ فـێـرکـردنی خـوێندن و نووسینیان بخەینە گەڕ؟

– میسـر دێرینترین پەرلەمانیان لە ڕۆهەڵاتدا هەبووە... هـەروەک چۆن نـەخـوێندەواری دژ بـەپراکـتـیـزەکـردنی دیموکـراسی ناوەسـتـێت... بەو دەلیلەی سـەرەڕای بـوونی نەخـوێندەواری لـە هیندسـتـاندا ئینجـاش دیموکـراسی سـەرکـەوت.. مـرۆڤ بۆ ئەوەی بزانێت دەسـەڵاتدارەکـەی گەندەڵ و ستەمکارە، پێویستی بەبڕوانامەی زانکۆیی نییە.

لەلایەکی تریشەوە بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری پێویستمان بەوەیە ڕێژیمێکی سیاسیی دادپەروەر و لێهاتوو هەڵبژێرین.

بۆ دووەمین جار هەست دەکەم بەقسەکانم دڵگران دەبێت. سەرلەنوێ ئۆتۆمبیلەکەی بۆ ڕێگەیەکی هەوراز بادایەوە و گوتی:

– بێگومان ئێستا ماندوو و شەکەتی.. دەبێ پشوو بدەین... دوایی کاتمان دەبێت تا بەناو شیکاگۆدا بسووڕێینەوە. ئێمە ئێستا بەرەو زانکۆ دەڕۆین.. ڕێگەکە لەبەر بکە.

– هەوڵدەدەم.. نەختێک یادەوەریی جوگرافیم لاوازە!

– ئەستەمە لە شیکاگۆدا ڕێگە ون بکەی، چونکە لەسەر هێڵی ڕێکوپێکی درێژی و پانی دیزاین کراوە، هێندەت بەسە نمرەی باڵەخانەکە بزانیت تاکو پێی بگەی.

–....

بەناو بازاڕی زانکۆدا سووڕاینەوە، لە کڕینی سەوزەدا یاریدەی دام.. بەنەرمییەوە گوتی:

– ئەگەر حەزت لە پاقلەی سوورەوەکراو هەیە... ئا لەوێ دوامین ڕیز خواردنی لە قوتوو نراوە.

– ئەمەریکاییەکانیش وەک ئێمە فەلافل دەخۆن؟

– بێگومان نا، بەڵام... کۆچبەرێکی فەلەستینی هەیە لێرە لە شیکاگۆ بەرهەمی دێنێت.. حەز دەکەی تاقی بکەیتەوە؟

– لە میسر هێندەم پاقلە خواردووە تا مردن بەشم دەکا!

کاتێک دەخەنییەوە دەموچاوی دەکرایەوە و شیرینتر

دەبوو. گەیشتینە بەشی ناوخۆیی خوێندکاران. تەلارێکی گەورەی بەباخچەیەکی بەرین دەورە دراوە، کیژە فەرمانبەرە ڕەشەکەی پێشوازیی لێ کردین، دیار بوو دۆستی دوکتۆر سەلاح بوو، چونکە پرسیاری خێزانەکەی لێ کرد. پەنجەی بەکۆمپیوتەرەکەوە نا، ناوم لەگەڵ کۆمەڵێک زانیاریدا لەسەر شاشەکە دەرچوو...

– ئەپارتمانی ژمارە ٤٠٧.. نهۆمی چوارەم.

بەدەم زەردەخەنەوە کلیلەکەی دامێ و وای گوت.. خواحافیزیم لە دوکتۆر سەلاح کرد و سەرلەنوێ سوپاسم کردەوە، پاشان چەمەدانەکەم هەڵگرت و بەرەو ئەپارتمانەکە ملم نا، لە دوای خۆمەوە دەرگاکەم داخست و جلەکانم لێ فڕێدان. دنیا گەرم بوو، تەنیا بەجلەکانی ژێرەوەم مامەوە، هەر هێندەی چارپایەکەم بینی لە پەوڕوو کەوتم. خەوێکی قووڵ دای گرتم، تاکو دوای نیوەڕۆ هەڵنەستام.

ئەپارتمانەکە پێک هاتبوو لە ژووری نووستن و گەرماو و ئاشخانەیەکی کراوە بەسەر هۆڵێکدا، کە بەحاڵ جێی مێزێک و دوو کورسیی لێ دەبووەوە.. شوێنەکە تەنگە، وەلێ پاک و پوختەیە. بەهۆی کاغەزی دیوار و مۆکێت و گڵۆپی ناڕاستەوخۆی ڕووناک کردنەوەوە، دیمەنێکی ڕۆئاواییی پوختەی وەک ئەوەی لە فیلمە بیانییەکاندا دەیبینین، وەرگرتووە. خۆم شوشت و قاوەیەکم بۆ خۆم کرد، پاشان لەسەر جێگەکەم هەلاێژام و جگەرەیەکم پێ کرد. شتێکی سەیرم بەسەردا هات.. شتی ناقۆلای سێکسی بەمێشکمدا هاتن، حەزێکی سەرشێتانە دای گرتم، خەریک بوو لە

بەهێزی و پێداگرتنیدا ئازارم پێ بگەیەنێت!.. کاتێک ئەمە دەنووسم هەست بەشەرم دەکەم، هەڵچوونێکی سێکسی توند، کە نازانم هۆیەکەی چی بوو، دای گرتم.. ڕەنگە لە هەست بەئازادیکردنەوە بێ. لەو کاتی ژیانی نوێم لە ئەمریکادا دەست پێ دەکەم، یاخۆ دوور نییە لە سۆنگەی ئەو هەوا پاکەوە بێت، کە لەسەر ڕۆخی دەریاچەی میشیگانم هەڵمژی، یانیش لەبەرئەوە بێ دۆخی ژوورەکە ئارامە و ڕووناکی کزە، بێ دەنگی ڕۆژی پشووەکە هەندێک دیمەنی سپێدەی هەینیی ئەپارتمانەکەی جیزەی بیر خستمەوە، کە گەواهی سەرچڵییەکانمە.. نازانم. ویستم بەرەنگاریی ئەو حەزەم بەبیرکردنەوە لە شتی تر بکەم، بەڵام نەمتوانی.. لەسەر جێیەکەم هەستام، بیستەکی تەلەفۆنەکەم هەڵگرت و لە فەرمانبەری پێشوازیم پرسی، داخۆ مافی ئەوەم هەیە کچە هاوەڵێکم بۆ ئەپارتمانەکە گاز بکەم...

خەنییەوەو بەڕووی خۆشەوە گوتی:

– بێگومان مافی ئەوەت هەیە.. تۆ لە وڵاتێکی ئازاد دایت.. وەلێ گەڵاڵەنامەی نیشتەجێبوون ڕێ لە مانەوەی دەگرێ.. دەبێ بەر لە دەی شەو بڕوات!

قسەکانی ئەو فەرمانبەرە زیاتر وروژاندمیان، هەستام و سەندەویچێکی گۆشت ماسیی توونەم کرد، پاشان شووشەیەک مەیم، کە لە ناو فرۆکەکەدا کڕیبوو، هەڵپچڕی.. لەسەرەخۆ دەستم بەخواردنەوە کرد و لاپەڕەی ڕێبەرە قەبەکەی تەلەفۆنەکەم هەڵدەدانەوە.. دەمزانی لەشفرۆشی لە شیکاگۆدا قەدەغەیە، وەلێ هەر زوو زانیم ناوێکی تری

وەرگـرتووە!.. لە ڕێبـەرەکەدا ڕیکلامم بینییـەوە لەبارەی ئەو خـانمە شـۆخ و شـەنگانەی پسـپـۆڕن لە «شـێـلانی تایبـەت». بەخـۆم گوت: ئەمـە ئەوەیە کـە من دەمـەوێ!.. خۆم لە ڕیکلامـە گـــەورەکـــان بـەدوورگـــرت، چـونکـە دەمـــزانـی زۆر گـــرانن.. بچـووکـتـرین ڕیکلامم هەڵبـژارد و پێـوەندیم پێـوە کـردن، بیستەکەکەم نا بەگوێمەوە، گوێم لە ترپەی توند و خێرای دڵم بوو، کە هێند جۆشی خواردبوو... دەنگی ئافرەتێکی ناسکی خەواڵووم بیست، چون ئێستا لە خەو هەستابێ:

– چۆن دەکارم یارمەتیت بدەم؟

بەپەلەکردنەوە گوتم:

– ژنێکی جوانم دەوێ بمشێلێ.

– لە کاتژمێرێکدا ٢٥٠ دۆلاری تێ دەچێ.

– زۆر زۆرە... من خوێندکارم و پارەکەشم کەمە.

– ناوت چییە؟

– ناجی.. ئەی تۆ؟

– من دۆنام... تۆ خەڵکی کوێیت؟

– میسر.

بە جۆشەوە قیژاندی:

– میسر؟!.. ئۆو.. چەندم خـۆش دەوێ!... مەراقـمە ڕۆژێک بچم بـۆ ئەهرامـەکـان و سـواری پشـتـی وشـتـر بم و لە نـیلدا تیـمـسـاح ببـینم.. گـوێ بگرە ناجی... لە ئـەنوەر سـادات دەچیت؟... بەڕاستی زۆر قۆز بوو.

– من هـەر خـــۆم لە ســـادات دەکـــەم، تـەنانـەت زۆرێک وا

دەزانن من کوڕی ئەوم... چۆنت زانی؟

– هەر بەمەزندە.. لە ئەمەریکا چی دەکەی؟

– لە ئەلینۆی دەخوێنم.. گوێ بگرە.. زستانی داهاتوو بانگهێشتت دەکەم، تاکو مۆڵەتەکەت لە میسر بەسەرببەیت... ڕات چییە؟

– ئەوە گەورەترین خەونی ژیانمە.

– بەڵێنت دەدەمێ... بەڵام ئازیزم ناتوانم بۆ سەعاتێک خۆشەویستی ٢٥٠ دۆلارت بدەمێ.

ساتێک بێ دەنگ بوو و بەدەنگێکی نزمەوە گوتی:

– یارمەتیت دەدەم ناجی.. ئێستا دایخە و دوای پێنج خولەک پێوەندیم پێوە بکە.

دۆنا لەپڕ تەلەفۆنەکەی داخست، تووتە تووتی گەرمی هێڵەکە لە گوێمدا دەزرنگایەوە، زۆر شت بەمێشکمدا هاتن: بۆچی بەم شێوەیە کۆتایی بەقسەکردنەکەی هێنا؟.. لە چی دەترسێت؟.. دەبێ پۆلیس بەدوایەوە بن؟.. داخۆ نمرەی تەلەفۆنەکەمیان گرتووە؟... دەبێ بەتۆمەتی پێوەندیکردن بەتۆڕی لەشفرۆشانەوە بمگرن؟.. ئای لەم سەرەتا خراپەی نێردە زانستییە پڕ لە بەختەوەرییەکەمان!... دڵەڕاوکێ دای گرتم و پەنجەی پەشیمانیم لەو سەرکێشییەی کردم، گەست، وەلێ نەمتوانی بکشێمەوە. دوای پێنج خولەک پێوەندیم پێوەکرد، پێی گوتم:

– گوێ بگرە.. نرخێکت لە دەرەوەی کۆمپانیاکە پێ دەدەم.. لە بریی ٢٥٠ دۆلار بەخۆم لە بەرامبەر ١٥٠ دۆلار بۆ

یەک سەعات دێم.

دوودڵ بووم. بەپێکەنینەوە گوتی:

– ئەمە نرخێکی تایبەتە لە دۆناوە، چونکە تۆ میسرییەکی قۆزی، وەک سادات.. لە شوێن تۆ بم یەکسەر قەبووڵی دەکەم.

– ئاخر تێرم دەکەی؟

– بەهەشتت پێ نیشان دەدەم.

– باشە، ڕێککەوتین.

ناونیـــشـــانی ئەپارتمانەکـــەم پێ دا و وا ڕێککەوتین لە کاتژمێر حەوت بێت.. بەر لەوەی قسەکانی کۆتا پێ بێنێت، بەدەنگی پڕ لە ترسەوە چرپاندی:

– نمرەکەت لە کۆمپانیا تۆمار کرا.. یەکێک پێوەندیت پێوە دەکـــات و لێت دەپرسێ بۆچی لەســـەر ئافـــرەتێک ڕێک نەکەوتیت؟.. پێی بێژە ڕات گۆڕی، چونکە ماندوویت و سبەی پێـوەندیی پێـوە دەکـەی.. تکایە... نـەکـەی ئەوەی لەســەری ڕێککەوتووین پێ بڵێیت.. بڕوا ناکەم حەز بکەی ئازارم بدەی.

هەر بەڕاســتـیش چۆنی گـوت وابوو، زەلامـێک پێـوەندیی پێـوە کردم و لێی پرسیم، چۆنی پێ گـوتبووم، وام گـوت، لە دەنگیدا دیار بوو قەناعەتی بەقسەکانم نەهێناوە، ئینجاش خواحافیزی لێ کردم و دایخست.

سەرلەنوێ دەرگای دڵەڕاوکێم لەسەر والآ بوو، کەچی حەزە سەرشێتانەکەم، کە ئێستا لە ژێر کاریگەریی خواردنەوەکەدا چەند قات بووە، ئەوە نەبێت هەموو شتێکی لە بیر بردمەوە، بەڕادەیەک خـۆم لەوە گـێل کـرد، کـە بڕی ئەو ١٥٠ دۆلارەی

دەیدەم، بەتەواوی پشێوی دەخاتە بودجەکەمەوە.. دۆنای لێ بترازێ بیرم لە هیچ نەدەکردەوە.. ئەو ئافرەتە نازدارەی خۆشەویستیی لەگەڵدا دەکەم. دەبێ شێوەی چۆن بێ؟... داخۆ سپییەکی پڕی ناوشان پانی سینگ بەرزە، وەکو مۆنیکای دەنکەکەی کلینتۆن؟.. یاخۆ باڵا چنارێکی پاریسیی دەموچاو چۆلەکەیی لە شێوەی جولیا ڕۆبەرتسە؟.. تەنانەت ئەگەر لە ئاستی باربارا ئیسترابیسندیش بێ، کەپووی قیچەک درێژ و جەستەی چەندین لابێ، نەک خڕوخەپان، پێی دڵخۆش دەبم.. لەسەر ئەم خەوشە سادانە ناوەستم.. ئای لە مەزنی پەروەردگار، کە جوانیی لە سەد شێوازدا داڕشتووە!.. بەر لە کاتژمێرێک لە ژووانەکەمان دەستم بەخۆ ئامادەکردن کرد.

سەرلەنوێ خۆم شوشتەوە، ئەمجارەیان بایەخم بە پاککردنەوەی جەستەم دا.. پاشان وەکو مێبازەکانی فیلمە میسرییەکان، ڕۆبێکی ئاوریشمینم کردە بەرە ڕووتوقووتەکەم.. ئێستا دەنووسم (عەرەب واتەنی) بادە پڕ دەکەم، چەند خولەکێک بۆ کاتی ژووانەکە ماوە، منیش لەسەر ئاگر دانیشتوومە و چاوەنواڕی دۆنای خۆشەویستمم... ئەوە زەنگی دەرگەکە لێیدا.. ئازیزەکەم لە کات و ساتی خۆیدا هات و دوانەکەوت.. ئەم هەموو شتانە بەسەریەکەوە چەند جوانن.. با هەڵسم دەرگاکە بکەمەوە. ئای بەڕێزان.. چ کامەرانییەکە!

٥

هەر کە میترۆکە وەستا، دەرگاکانی کرانەوە و سەرنشینەکان دابەزین: ئەویندارى هەرزەکار یەکتریان لە ئامێز گرتووە، دەرۆزەکەران ئامێری مۆسیقایان هەڵگرتووە و هێندە نابات شوێنی خۆیان لەسەر شۆستەکە دەگرن تا ئاواز بژەنن، دەربەدەری بەدەمەست لە دوێنێوە ئەم بارو و ئەو بارِ دەکەن.. گەشتەوەری ئەوروپی نامیلکەی گەشتوگوزاری و نەخشەیان بەدەستەوە، لاوی ڕەشپێست ئامێری نەواری زەبەلاحیان بەشانەوە، مۆسیقای ڕۆک لێدەدەن و لەگەڵیدا سەما دەکەن، خێزانی ئەمریکی، باب و دایک و منداڵەکانی دوای ئەوەی ڕۆژەکەیان لە باخچەکاندا بەسەربردووە، بەرەو ماڵ دەگەڕێنەوە.. لە گۆشەکانی وێستگەکە پیاوانی پۆلیس بەجەستەی تێکسمراو و جلە تایبەتەکانیانەوە وەستاون، لەسەر سینگە دەرپەڕیوەکەیان چون هێزیان لەوەوە وەرگرن نووسرابوو «پۆلیسی شیکاگۆ».

سەگە زلە ڕاهێنراوەکانیشیان بەتەنیشتیانەوە بوون، لووتیان بەرز دەکەنەوە و لە بۆنی تلیاک دەگەڕێن، هەر هێندەی بەیەکێک لە سەرنشینەکان بوەڕن، ئەوا پۆلیسەکان هەڵمەتی بۆ دەبەن و لە جووڵەی دەخەن، بەرەو دیوارەکەی پاڵ دەنێن و سینگی دەپشکنن، ئەگەر ڕەشپێست بێ دیقەت دەدەن تا بزانن بەنیشانەی مەترسی تۆمارکراوە، پاشان دەیپشکنن، تا تلیاکەکە دەدۆزنەوە و قۆڵبەستی دەکەن.. لە گەرمەی ئەم

دیمەنە ئەمریکییەدا، ئەحمەد دەنانە چون تازە لە ئافتاوی ئەفسووناوی، یا لە ئامێری کاتەوە دەرهاتبێ، وا خۆی نیشان دەدا بەتەواوی لە دەرەوەی ئەم ڕەوتەدایە، یاخۆ دەڵێی ئەکتەرێکی شانۆییە و پێی جوان بوو بەجلی نمایشکردنەوە بەشەقامەکاندا بسووڕێتەوە.. ڕوخسارێکی لادێیانەی میسری هەبوو، هێمای سێگۆشەیی زۆر نوێژ کردن بەنێوچەوانییەوە ڕەشی دەکردەوە. قژە لوولەکەی سپێتیی دای گرتبوو، سەرێکی زل و چاویلکەیەکی خڕی ئەستووری لە چاودا بوو، جامەکەی نەختێک بەلای شیندا لایدەدا، نیگا پڕ لە تەڵەکەبازییەکانی لە بازنەیێلی زۆری بەیەکداچوودا ڕەنگی دەدایەوە، کە گەلێک جاران بەرامبەرەکەی دەشڵەژاند.. تەسبیحەکەی لە دەستی نابێتەوە، قاتە زستانی و هاوینییەکانی دروستکراوی خۆماڵین، لە میسرەوە لەگەڵ قامیشی جگەرەی کیلۆپاترا سووپەردا بۆ کەمکردنەوەی خەرجی، دەیانهێنێت. دەنانە چۆن سەرلەئێواران لە زێدەکەی خۆی، گوندی شەهدای سەر بەپارێزگای منوفیە، پیاسەی دەکرد، بەهەمان شێوە لە شەقامەکانی شیکاگۆشدا هەروا بوو، چەندێک پەلەی بوایا ئینجاش لەسەرەخۆ نەرم نەرم دەڕۆیشت، بەنیگایەک لە نێوان خۆ بەگەورە زانین و نارەزایی لە دەوروبەری خۆی دەڕوانێت، پێی ڕاستی بەرەو پێش هەڵدەدات، پاشان پێی چەپی و پشتیشی قیت دەکاتەوە، ورگە زلەکەشی، کە لە ئەنجامی شەیدایی بەخواردنی چەوری شەوان دروست بووە، تەکەتەکێتی.

بەم ئاوایە ئەحمەد دەنانە وەکو سەرۆکی یەکەتیی ئەو میسرییانەی لە ئەمەریکادا دەخوێنن هەیبەت و شکۆمەندی دروست دەکا، ئەو یەکەتییە لە سەردەمی عەبدولناسردا دروست بوو. زۆرێک لە نێرراوەکان یەک لەدوای یەک سەرۆکایەتییان کرد، هەموویان کە گەڕانەوە بۆ میسر، پۆستی بەرزیان درایێ..

دەنانە تاقە کەسە سێ جاران بەدوای یەکدا سەرۆکایەتیی یەکەتییەکە

بەتەزکیە بەدەست دەهێنێت. هەرچەندە تایبەتمەندیی خۆیشی هەیە:

وا حەوت ساڵە خۆی بۆ دوکتۆرا لە هیستۆلۆجی ئامادە دەکا، هەرچەندە یاسای نێردە بەلای زۆرەوە پێنج ساڵی داناوە.. ئەو لەمەدا فێڵی کرد و دوو ساڵی بۆ زمانی ئینگلیزی تەرخان کرد، پاشان دوو ساڵیش بۆ خوێندنی ئاسایشی پیشەسازی لە زانکۆی لایۆلا، بەرلەوەی دەست بەبەرنامەی دوکتۆراکەی لە ئەلینۆی بکا.. ئەگەر چی یاسا ڕێ لە نێردە میسرییەکان دەگرێت کار لە ئەمەریکادا بکەن، کەچی ئەو توانی ئیشی دەست بکەوێ، بەرابەر سووکە کرێیەک، کە بەدۆلار وەری دەگرت و هەواڵەی حیسابی تایبەت لە بانکێکی ئەهلیی (لە خۆی زیاتر کەس بەمەی نەدەزانی) دەکرد. هەروەها لە ڕێگەی پێوەندییەکانی و پشتگیریی باڵیۆزخانەی میسرەوە، ئاهەنگێکی بۆ (عەمرۆ زیاب)ی سترانبێژ لە شیکاگۆ ڕێکخست، جگە لە پاشەکەوتی خۆی قازانجێکی باشی بەدەست هێنا. بەمە پارەیەکی باشی پێکەوە نا و توانی ساڵی ڕابردوو کچی بازرگانێکی دەوڵەمەند، کە دووکانێکی گەورەی کەرەستەی تەندروستیی لە ڕوەیعی هەبوو، بخوازێ.

ئەم هەموو تایبەتمەندییانە لە ئەنجامی ئەو پێوەندییە توندوتۆڵەیەوە بوو، کە بە دەزگاکانی دەوڵەتەوە هەیبوو، خوێندکارە نێرراوەکانیش لە کارەکەیاندا بەسەرۆکی خۆیانی دادەنێن زیاتر لەوەی بەهاوەڵی خوێندنی بژمێرن، چونکە ئەو لە هەموویان گەورەتر بوو، دیمەنی سەرنجڕاکێشی وای لێ کردبوو زیاتر لە بەڕێوەبەرێکی گشتیی حکوومی بکا وەک خوێندکاری زانست.. هەروەها ئەو بەتەواوی دەست لە کاروباری ژیانی هەموویان وەردەدا: هەر لەو ڕۆژنامە و گۆڤارە میسرییانەی بەخۆڕایی بەسەریاندای دابەش دەکردن، هەروەها ئەو توانا مەزنەی لە لابردنی هەر لەمپەرێک دەهاتە سەر ڕێگەیان، تا دەگاتە بەپەند بردنی تۆقێنەری یەک بەیەکیان.. تەنیا ڕاپۆرتێک لەوەوە بەسە (باڵیۆزخانەی میسری زوو بۆی دەجووڵێن) تا

له قاهیرەوە نێردەی خوێندکارە گێرەشێوێنەکە کۆتاییی پێ بهێنن!

دەنانە لە دەرکەی وێستگەکەوە بەرەو شەقامەکە دەرچوو، هێندەی نەبرد خۆی بەیەکێک لە باڵەخانە نزیکەکاندا کرد، پاشان سواری ئاسانسەرەکە بوو بەرەو نهۆمی چوارەم، دەرکەی ئەپارتمانەکەی کردەوە، بۆنێکی ناخۆش بەرلووتی کەوت، ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەی بەدرێژایی حەفتەیەکی تەواو داخرابوو. هۆڵەکە بچووک بوو، قەنەفەیەکی لاکێشەیی و چەند قەنەفەیەکی چەرمینی لێ بوو.. وێنەیەکی گەورەی جەنابی سەرکۆمار بەباوەشی دیوارەکەوە بوو، لە ژێرییەوە ئایەتەلکورسییەکی زەرکەش هەڵواسرابوو، پاشان تابلۆیەکی بەعەرەبی نووسراو، پیتەکان خاڵی وردی چاڵکراوی شین بوون، بەخەتی ڕوقعە تێیدا نووسرابوو «یەکەتیی خوێندکارە میسرییەکانی ئەمەریکا.. پێڕەوی ناوخۆ».

لەو سەری هۆڵەکە دوو ژووری بەتەنیشت یەکەوە لێ بوون:

بچووکەکەیان دەنانە وەکو نووسینگەی خۆی بەکاری دەهێنا، هەرچی ئەوی تریان بوو هۆڵی کۆبوونەوەکان بوو، لە ناوەڕاستەوە مێزێکی لاکێشەیی تێدابوو لەگەڵ کۆمەڵێک کورسیی ڕیزکراو، بۆنی داری کۆنی لێ دەهات، وەک ئەو بۆنەی لە پلیکانەکانی زانکۆ و پۆلی قوتابخانەکانی میسرەوە دێن. ڕاستییەکەی سەرەڕای ئەوەی ئەپارتمانەکە لە شیکاگۆ بوو، کەچی بەشێوەیەکی پەنهان سیمای میسرییانەی حکوومەتی پێوە دیاربوو، کۆمەڵگەی تەحریر، یاخۆ دادگەی بابلخولقی بیر دەخستیتەوە.. دەنانە لەپێش مێزەکە دانیشت و چاودێریی نێرراوەکانی لە کاتی هاتنە ژوورەوەدا دەکرد، بەڕێزەوە سڵاویان لێ دەکرد و لەو دیوی مێزەکەوە بەڕیزە لە شوێنەکانیان دادەنیشتن، لە کاتێکدا ئەو بەهێورییەکی پاشایانەوە، بەرلەوەی بەدەنگە گڕ و تۆنە پڕەکەی لە نێوان خۆ بەگەورە زانین و چاک و چۆنی گەرمدا سڵاویان بسەنێتەوە، ناوچەوانی لێکدابوو سیمای

بەرپرسێکی گەورەی دەوڵەتی نیشـان دەدا، کە چەند سەرقاڵە بەکاروباری پڕ لە مـەترسی واوە، نە دوادەخـرێ و نەیش دەتوانێ ئاشکرایان بکات.. چاوی بەدانیـشـتووەکـاندا گێـڕا و دەسـتی بەمـێزەکـەدا کێشـا، چپەچپ نـەما و بێدەنگییەکی قووڵ ژوورەکەی داگرت، بەرلەوەی قسە بکا، ئحمێکی کرد، کە زۆرجـار بە کـۆخـەی بـەردەوام، لە ئەنجـامی زۆر جگەرەکـێـشـانی، کۆتـاییی دەهات. دەسـتی درێژ کرد و ڕێکۆردەرەکەی لە بەردەمیدا بوو، خسـتەگەڕ. پاشان دەنگە گڕەکەی بەڕوونی و بەتوندی لە ژوورەکەدا دەنگی دایەوە:

«بەناوی خـوای دەهندەو دلۆڤـان، هەر پشـت بەخـۆی دەبەسـتین، سـڵاو لە شکۆدارترین گووراو، پێغەمبـەرمان نێرراوی خـوا، مسـتەفا دروودی خـوای لەسەر بێت.

بەخێرهـاتنی گەرمتـان دەکەم لە یەکێتیی خـوێندکارە میـسرییەکانی ئەمـەریکاوە لـە شـیکاگـۆ.. ئەمـڕۆ هەمـوومـان ئـامـادەین، جگە لە شـەیما مـحەمەدی و تارق حەسیب... هەردووکیـان پاسـاوی خۆیان هەیە... شـەیما ئەم بەیانییە گرفتێکی گەورەی بۆ دروست بوو..».

ئامــادەبووان بەلاپرەســەنیــیەوە چاویان تێ بڕی، مــژێکی قـووڵی لە جگەرەکەی دا و بەوپەڕی چێژ وەرگرتنەوە گوتی:

– خوشکە شـەیما خواردنی لێ دەنا، ئەگەر ستری خـوا نەبووایا، خەریک بوو ببـێتـە ئەگەری ئاگرێکی گـەورە، هەرچی تارقـی برامانە (خـوا خێـری بنووسێت) ئێستا لایەتی و دڵی دەداتەوە»..

دوا ڕسـتــەی بەزمـانێکی پڕ لە مـاناوە گـوت، پاشــان قـاقــا پێکەنی، ئامـادەبووان هەسـتـیـان بـەسـەرسـووڕمـان و بەگـێـرهێنان کرد، ناچار بێ دەنگیـیـان هـەڵبـژارد... ئـەمـە یەکـێک لەو شـێـوازە جـۆراوجـۆرانـە بوو بۆ کۆنترۆڵکردنی نێرراوان:

کە ناگەهـان وردترین نـهێنیی دەدا بەڕوویاندا، پاشـان توانجی وایان تێ

دەگرێ، چەندین مانا هەڵدەگرن... سەرە زلەکەی بردە پێشەوە و لەسەر مێزەکە قۆڵەکانی لێک گرێ دان و گوتی:

– برایان مژدەیەکی خۆشتان دەدەمێ، خوا یار بێ هەمووان دڵخۆش دەکا.. دوێنێ شارەوانیی شیکاگۆ ڕەزامەندیی دەربڕی لەسەر تەرخانکردنی باڵەخانەیەکی چوار نهۆمی لە باشترین شوێنی شارەکە (میشیگان ئەفنیو) تا ببێتە مزگەوت و سەنتەرێکی ئیسلامی، خوا یار بێ.. بەو بۆنەیەوە جەنابی باڵیۆزیان نارد بۆ میسر تا مەلایەک لە ئەزهەرەوە تەرخان بکەن، لە ماوەی دوو مانگدا یاخۆ زیاتر، بەتەمای خوا پێکەوە لەو مزگەوتە نوێیە نوێژ دەکەین.

دەنگە دەنگی پێخۆشبوون بەرز بووەوە، خوێندکارێک بەپەرۆشییەوە دەنگی هەڵبڕی:

– خوا جەزای خێرت بداتەوە دوکتۆر!.

دەنانە بەتەواوی پشتگوێی خست و بەردەوام بوو:

– ڕەزامەندیی لەسەر دانانی مزگەوت لەم شوێنەدا نیمچە ئەستەم بوو، بەڵام یەزدانی مەزنمان سەرکەوتنی ئێمەی ویست.

هەمان خوێندکار بەڕیاییەوە دەنگی هەڵبڕی:

– سوپاست دەکەین دوکتۆر دەنانە بۆ ئەو هەوڵە مەزنانەی لە پێناوی ئێمەدا دەیانخەیتە گەڕ.

دەنانە چاوی ناڕەزایی لێ بڕی و بەشێوەیەک لە تووڕەیی بچێ، پرسی:

– کێ دەڵێ من ئەمە لە پێناوی ئێوەدا دەکەم؟.. من لە خوای گەورە و میهرەبان نەبێ چاوەڕێی پاداشت لە هیچ کەسێک ناکەم!

– ئێمەش هەر پشت بەخوا دەبەستین گەورەم.

ئامادەبووان هەستیان بەپێویستیی پیاهەڵدان کرد، ئیدی لە ژوورەکەدا

ورتەورتی سوپاس و پێزانین بەرز بووەوە، دەنانە پشتگوێی خستن و ئەکتەر ئاسا چۆن لە بەرابەر جەماوەردا دەچەمێتەوە و لە ناخی خۆیدا هیوا دەخوازێ ئەو چەپڵە لێدانە نەبڕێتەوە، سەری داخست و متەقی نەکرد.. پاشان گوتی:

– بابەتێکی تریش هەیە زۆر گرینگە... هەندێک لە نێرراوان بەڕێکوپێکی ئامادەی وانەکانیان نابن.. دوێنێ سەیری ڕێژەی ئامادە نەبوونم کرد بینیم زۆر بەرزە.. بۆ ئەوەی شەرمەزاریان نەکەم ناویان ناهێنم.. بەخۆیان خۆیان دەناسن».

مژێکی قووڵی لە جگەرەکەی دایەوە و بەتوندی دووکەڵەکەی دەرپەڕاند و گوتی:

– برایان لێم مەگرن.. لەم ڕۆوە بۆ کەسی داناپۆشم و تەشەبزیش بۆ کەس ناکەم... لە پێناو ئێوەدا گەلێک زۆرم لە خۆ کرد.. ئەگەر ئێوە یارمەتیی خۆتان نەدەن، ئەوا من ناتوانم یارمەتیتان بدەم.. هەر یەکێک ڕێژەی ڕێگە پێدراوی غایب بوون بشکێنێ، ئەوا من ڕاپۆرتێکی بۆ نێردە لەسەر بەرز دەکەمەوە، ئیتر ئەوان خۆیان بەپێی پێرەوەکە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن.

بێدەنگییەکی پڕ لە دڵەڕاوکێ دای گرتن، دەنانە بەنیگا تیژەکانی هەڵی دەسەنگاندن، ئینجا ڕایگەیاند باسی خشتەی کارەکان بکەن، کە وەکو جاران تژییە لە داوا هەمە چەشنەکانی نێرراوەکان:

ئاسانکاری لە سەفەر کردن بۆ میسر و دانی تکت بەنرخی کەمتر، دەرهێنانی ئابوونەی خۆڕایی گەیاندن... هەروەها ئاریشەیێلی دی:

خوێندکارێک سکاڵا لە ناڕەواییی سەرپەرشتیارەکەی دەکا، یەکی تر لایەنی زۆری نێردەکەی تێپەڕاندووە، کچە خوێندکارێک دەیەوێ ژوورەکەی بگۆڕێ، چونکە کچە هاوژوورە ئەمەریکاییەکەی دۆستەکەی دێنێتە ژووری..

دەنانە بەورياييیەوە گوێی لە هەریەک لە گرفتەکان دەگرت، هەندێک جار پرسیاری وردەکارییەکانی دەکرد، پاشان سەیری میچەکەی دەکرد، مژێکی توندی لە جگەرەکەی دەدا و نیشانەی بیر کردنەوە بەڕوویەوە دیاری دەدا.. لە کۆتاییدا بەبڕواوە و بەئاسانی چارەسەری کێشەکانی ڕادەگەیاند... ئیدی منەتباری بەڕووی نێرراوەکەوە دیار دەدات و سوپاسی دەکا، دەنانە چون نەیبینیبێت ئاوا پشتگوێی دەخا، لەو کاتەدا پێی خۆشە گاڵتەیەکی زبری لەگەڵدا بکا، خراپەیەکی بەرامبەر بکا، بەکۆنترۆڵی دەروونی دەیگرێ.. بۆ نموونە پێی دەڵێ:

– گەوجە، گرینگ ئەوەیە بخوێنی و دەرچیت.

یاخۆ بەتیزەوە دەپرسێ:

– چی لە وشەی سوپاس بکەم؟.. لە چ بانقێکدا وردی بکەمەوە؟ ئای لە بەدبەختیت.

ئەو خوێندکارە سووکایەتی پێ کراوەی پێویستیی لاوازی کردووە و منەتبارییش لاڵ، هیچی لەدەست نایەت جگە لە چاوپۆشیی گاڵتەپێکردنەکەی نەبێت، بەتوورەییەوە پێ دەکەنێ، یاخۆ متەق ناکا و بە ڕوخسار وانیشان دەدا، کە هیچی نەبیستووە!.

– خشتەی کار دوایی هات. هیچ گرفتی ترتان هەیە؟

دەنانە ئاوا پرسیاری لێ کردن، کەس متەقی نەکرد، تەنیا خوێندکارێکی ڕیشدار نەبێ، گوتی:

– دوکتۆر دەنانە.. ئەو گۆشتفرۆشە فەلەستینییەی گۆشتی حەلاڵمان لێ دەکڕی، بەداخەوە دووکانەکەی داخست و شیکاگۆی جێهێشت.. گەورەم بەخۆت دەزانیت گۆشت لە شوێنە ئاساییەکاندا بەڕێگەی ناشەرعی سەربڕاوە..

دەنانە بەئاماژەی دەستی قسەکەی پێ بڕی و کارەکەی هێور کردەوە، پاشان سووڕایەوە و لە کتێبخانەکەی پشتییەوە کاغەزێکی پێ دا و گوتی:

– ها مەئموون.. ئەمە ناونیشانی هەموو گۆشتفرۆشە حەڵاڵەکانی شیکاگۆن.

مەئموون بەهەڵەکە سەماوە کاغەزەکەی وەرگرت و گوتی:

– خوا جەزای خێرتان بداتەوە، گەورەم.

دەنانە بەخدێی خۆی سوپاسەکەی پشتگوێ خست و دیسانەوە گوتی:

– هیچی دیتان هەیە؟

ئامادەبووان بێدەنگ بوون، دەنانە دەستی برد و ڕیکۆردەرەکەی کوژاندەوە.

بەم ئاوایە کۆبوونەوەکە دوایی هات و بەپێی داوونەریت هیچ نەمایەوە جگە لە دابەشکردنی ڕۆژنامە بەسەر نێرراوەکاندا... مۆبایلەکەی دەنانە لەو کاتەدا لێیدا، هەر هێندەی وەڵامی داوە ڕوخساری لە چاک و چۆنیی ئاساییەوە بۆ ئەوپەڕی بایەخ پێدان گۆڕا، ئیدی بەپەلە وتووێژەکەی بڕییەوە و ڕاستەپێ هەستا، لەو کاتی بەپەلە پرووزێ شتەکانی کۆ دەکردەوە، گوتی:

– ناچارم ئێستا بڕۆم... کەسایەتییەکی گەورەی فەرمی گەیشتە شیکاگۆ، دەبێ لە پێشوازییدا بم... ڕۆژنامەکان ببەن، بیرتان نەچێ دەرگای ئەپارتمانەکە دابخەن و گڵۆپەکانیش بکوژێننەوە.

## ٦

دوکتۆر محەمەد سەلاح پێشبینیی ئەوەی نەکرد لەم کاتەدا یەکێک سەردانی بکا! لەگەڵ کریسی ژنیدا تازە لە نانخواردنی شێوان بووبوونەوە، هەروەها پێکەوە شووشەیەکی تەواوی شەرابیان خواردەوە، ژنەکەی لەسەر قەنەفەکە بەتەنیشتییەوە دانیشت، خۆی پێوە نووساند و سەری نایە سەر سینگی، بەسۆز و میهرەبانییەوە دەستی بەسەریدا هێنا و پەنجەکانی بەناو قژە زەردە نەرمەکەیدا دەهێنان، ئاهێکی کزی لێوە هات، لە ماناکەی گەیشت، نەختێک خۆی دوورخستەوە و دەستی بەخوێندنەوەی ئەو کاغەزانە کرد کە بەدەستییەوە بوون، تاکو بەشێوە تکا کردنێکەوە بەگوێیدا چرپاند:

– ئەمشەو کارت هەیە؟

– دەبێ ئەم توێژینەوەیە بخوێنمەوە، چونکە سبەی بەخوێندکارەکانی دەڵێمەوە.

ساتێک بێدەنگ بوو، پاشان هەناسەی هەڵکێشا و هەستا، ناوچەوانی ماچ کرد و بەخۆشەویستی و بەدەنگی نزمەوە پێی گوت:

– شەوت شاد.

گوێی بۆ ترپەی پێیەکانی بەسەر پلیکانە دارینەکەدا ڕادێرابوو، کز دەبوو و دوور دەکەوتەوە، هەینێ دەنگی داخستنی دەرگای نووستنی بەرگوێ کەوت، توێژینەوەکەی خستە چەمەدانەکەیەوە و پێکێکی بۆ خۆی کرد.

مگێزی خواردنەوەی نەبوو، لێ ویستی نەختێک خۆی دوابخات تاکو کریس دەنوێت.. کەچی ناگەهان زەنگی دەرگاکە وریای کردەوە، سەیری هاتێ و بەتەواوی بڕوای نەکرد، تا زەنگەکە لێی دایەوە، ئەمجارەیان ڕوون و سەد لەسەد بوو. بەدوودڵییەوە هەستاو چاوی لە کاتژمێری سەر دیوارەکە بڕی، یازدە و نیوی تێپەڕاندبوو. بیری کەوتەوە کە ئامێری دیکتافۆنەکەی[2] هەفتەیەکە تێکچووە. داوای لە کریس کرد بوو بنێرێ یەکێک بێ چاکی بکاتەوە، کەچی ئەویش بەختێی خۆی بیری چوو..

هەینێ چەند هەنگاوێک لە دەرگاکەوە دووربوو، بیرۆکەیەکی وەڕسکەر بەمێشکیدا هات: ڕێی تێ دەچێ دیکتافۆنەکە بەئەنقەست سەقەت کرابێ!.. وردەکاری لە چەشنی ئەوەی، کە لە لاپەڕەی ڕووداوەکاندا خوێندبوویەوە، لە مێشکیدا گینگڵی دەدا، چەند دز و جەردەیەک چاودێریی ماڵێک دەکەن و بەر لە هەڵکوتانە سەر ماڵەکە، ئامێری ئاگادارکردنەوەکەیان لە کار دەخەن، زۆرجار کارەکە بەم شێوەیە دەکرێ: کیژێک دەموچاوێکی تەواو بێ سووچ و گوناهی هەیە، درەنگانێک لە دەرگا دەدات و داوای یارمەتی دەکا، هەر هێندەی خاوەن ماڵ دەرگا دەکاتەوە، چەند چەکدارێک هێرشی دەکەنە سەر.

هەولّی دا ئەم کەڵکەڵانە لە مێشکی خۆیدا دووربخاتەوە، کەچی نەیتوانی، هەنگاوەکانی خاو کردنەوە تا لە بەرابەر دۆڵابێکی بچووکی چەسپاو بەدیواری ڕاڕەوەکەوە، وەستا. دەستی بەدوگمە نهێنییەکەوە نا، چەکمەجەکە کرایەوە و دەمانچە «بێرتا» کۆنەکەی، کە ئەو کاتی تازە هاتبووە شیکاگۆ کڕیبووی، دەرهێنا.. هەرگیز بەکاری نەهێنابوو، وەلێ بایەخی پێ دابوو و خزمەتی کردبوو، بۆیە نوێ دیار بوو. هەینێ گوێی لە تەقەتەقی شانەگوللەکە بوو زەندەقی چوو. بەئاسپایی بەرەو دەرگاکە کشا،

[2]. دیکتافۆن: ئامرازێکی فۆنۆگرافییە، بەتایبەت خاوەن کارەکان بەکاری دەهێنن (و).

بەدەستی ڕاستی هەستی بەساردیی کانزاکە کرد، لە کاتێکدا پەنجەی بەپەلەپیتکەکەدا دەهێنا. ئێستا.. دەست داگرتنێک بەسە بۆ پژاندنی مێشکی ئەوەی لەو دیو دەرگاکەوە وەستاوە، ئەگەر شەڕخواز بێ. زۆر بەوریاییيەوە نزیک بووەوە، چاوی بەچاوە جادووییيەکەی دەرگاکەوە نا، لە پڕ دەستی بەدەمانچەکەوە شل و خاو بووەوە، دەرگاکەی کردەوە، بەپەرۆشییەوە هاواری کرد و زەردەخەنەیەک ڕوخساری داگیر کرد:

– هەلاو.. ئەوە لە کوێوە دێی؟

ڕەئفەت سابت لە بەرامبەر دەرگاکە وەستابوو.. تۆزێک شڵەژابوو و بزەی لێبووردن بەدەموچاوییەوە بوو:

– بمبوورە بێزارم کردی سەلاح.. پێوەندیم پێوە کردی، مۆبایلەکەت داخرابوو، دەبوو ئەمشەو هەر بتبینم.

– تۆ هەمیشە وەڕسکەری ڕەئفەت.. شتی تازە چی هەیە؟

بەپێکەنینەوە وای گوت و دەستی ڕاکێشت.. ئەمە شێوازی تایبەتی سوعبەت کردنیان بوو، شۆخی و هەندێکیش ڕەقی لەگەڵدابوو... دەتگوت بەئاکاری درشتی ئەو سۆزە دەشارێتەوە کە لە نێوانیاندا بوو.. تەمەنی ئەو دۆستایەتییە قووڵەیان سی ساڵە، هاوڕێیەتییەکی درێژ، پێکەوە چەکیان هەڵگرتبوو، بەدوو قۆڵی غەم و خۆشی و ڕۆژگاری سەختیان بڕی، لە بەینیاندا دۆخێکی دەگمەنی لێکگەیشتن دروست بووبوو، تا ئەو ڕادەیەی چاو تێ بڕینێکی سەلاح لە ڕوخساری ڕەئفەت بەس بوو بۆ ئەوەی بزانێت بەدەست گرفتێکەوە دەناڵێنێت. زەردەخەنەکەی هەڵوەری و بەدڵەڕاوکێوە لێی پرسی:

– خێرە؟

– پێکێکم بۆ بکە.

– چی دەخۆیتەوە؟

– سکۆچ بەسۆدە و بەفری زۆرەوە.

ڕەئفەت دەیخواردەوە و قسەی دەکرد، چون لە بارێکی قورس ڕزگاری بێت، بەپەلە و بەگەرمییەوە دەدوا، پاش ئەوەی لێبووەوە بۆ ساتێک سەری داخست، دەنگی سەلاح بەتێگەیشتن و قووڵییەوە هات:

– چییە سارە ماڵی بەجێ هێشتووە؟

– کۆتاییی هەفتە جێی دەهێڵێت.

– ئەی دایکی چی کرد؟

– بەپێی توانا خۆم لە قسەکردن لەگەڵیدا بەدوور دەگرم، تاکو بەشەڕ نەیەین. هەڵبەت ئەو تای سارە دەگرێ!

سەرلەنوێ بێ دەنگی دای گرتنەوە، ڕەئفەت هەستا پێکێکی تر بۆ خۆی تێ بکا، لەگەڵ تەقەتەقی سەهۆڵە شەشپاڵووەکاندا دەنگە شەکەتەکەی هات:

– سەلاح تۆ ئەمە بەشتێکی سەیر دانانێی؟! تاقە کچێکت ببێت، هۆگری بی و لەم دنیایەدا لە گشت کەسێکت زیاتر خۆش بوێت و هەموو تواناشت بۆی بخەیتە گەڕ، تا ژیانێکی بەختەوەری بۆ دابین بکەی. کەچی هەر هێندەی گەورە دەبێ، لەگەڵ یەکەم هەلدا لەگەڵ دۆستەکەی فەرامۆشت دەکا و جێت دەهێڵێت.

– ئەمە شتێکی سروشتییە.

– من هەرگیز بەسروشتیی نازانم!

– سارە ئەمەریکاییە ڕەئفەت.. سەرجەم کچانی ئەمەریکا ماڵیان جێ دێڵن، تا ژیانێکی سەربەخۆ لەگەڵ دۆستەکانیاندا ببەنە سەر.. تۆ خۆت لە من باشتر ئەمە دەزانی... لەم وڵاتەدا ناتوانیت دەست بخەیتە کاروباری تایبەتی منداڵەکانتەوە.

– سەلاح تەنانەت تۆش وا دەڵێیت؟ تۆ دەق وەک میشێلی خێزانم قسە دەکەی.. بەڕاستی هەردووکتان وەڕسم دەکەن.. چی بکەم تا قەناعەتتان پێ بێنم، کە ئەوەم قبووڵە کچەکەم برادەرێکی کوڕی هەبێ؟ تکام وایە بۆ جارێک و بۆ هەمیشە باوەڕ بەم ڕاستییە بکەیت: من ئەمریکیم، کچەکەشم لەسەر بەهای ئەمەریکایی پەروەردە کردووە. من بۆ یەکجاری لە دواکەوتوویی ڕۆهەلات ڕزگار بووم.. من شەرەفی مرۆڤ بەناو گەڵییەوە نابەستمەوە!

– من مەبەستم ئەوە نەبوو.

– مانای قسەکەت وا دێ.

– بمبوورە ئەگەر بێزارم کردبیت!

– تۆ لێم ناگەیت سەلاح... ئەمە هەموو شتەکەیە.. من دەست لە ژیانی تایبەتی سارە وەرنادەم، بەلام بڕوا بەم سەرسەرییە ناکەم و بۆ ساتێکیش دڵم نایەت کچەکەمی لە لا جێ بهێڵم.

– ئەگەر جیف کەسێکی خراپ بێ، ئەوا سارە ڕۆژێک هەر ئەمەی بۆ دەردەکەوێ.. مافی خۆیەتی ئەزموونەکانی بەتەنیا تاقی بکاتەوە.

– بەلام وای لێ هاتووە کەسایەتییەکەی پەنهان بووە.. جاری وا هەیە دەڵێم ئەمە کەسێکی ترە... ئەو سارەیە نییە کە کۆرپە بوو دەمخستە سەر دەستم.. بەڕاستی من لێی تێ ناگەم.. بۆچی ئاوا بەدڵڕەقی مامەڵەم لەگەڵدا دەکا؟.. بۆچی بەهەر قسەیەک من دەیکەم هەڵدەچێت؟.. جاری وا هەیە تا بڵێی هێمن و میهرەبانە، کەچی ناگەهان بێ هۆ هەڵدەچێت... هەروەها ڕەنگی زەرد و تەندروستیشی خراپە.

– سروشتی گەنج هەر وایە... هەستەکانی وەردەچەرخێن و زەوقیان لە دژەوە بۆ دژ دەگۆڕێ.. تەنانەت دڵڕەقییەکەی لەگەڵتدا سروشتییە.. بیرتە ئەو کاتی لاو بووی چۆنت مامەڵە لەگەڵ بابتدا دەکرد؟ لەو تەمەنەدا حەزەکانمان پاڵیان پێوە دەناین بۆ ئەوەی لە داک و بابمان ئازادبین و

دڵڕەقییان بەرابەر بنوێنین.. ئاكار زبرێكەی لەگەڵتدا مانای ئەوە نییە ئیدی خۆشی ناوێیت.. ئەو تەنیا لەو دەسەڵاتەی كە تۆ نوێنەریت، هەڵدەگەڕێتەوە.

قسەكانیان كاتژمێرێكی تەواوی خایاند، لەو نێوەدا ئەوی وتبوویان بەشێوازی جیاجیا دووبارەیان دەكردەوە. پاشان ڕەئفەت هەڵستا و گوتی:

– من دەبێ بڕۆم.

– سبەی وانەت هەیە؟

– نا.

– كەواتە.. بۆ خۆت باش بنوو براكەم، سبەینێ كە هەڵدەستیت دەبینی گرفتەكە سادەیە.

ڕەئفەت ڕۆیی، سەلاحیش دەرگاكەی لەدوای خۆیەوە داخست، پاشان بەپلیكانەكەدا سەركەوت، كە دەیبردە ژووری نووستن، هەوڵی دا دەنگ دەرنەكات نەكو كریس هەڵبستێت. ڕۆبە ئاوریشمینەكەی داكەند و بەئاسقێكەوەی هەڵواسی، بەدزییەوە بەتەنیشتییەوە خۆی خزاندە ژێر جێیەكەوە.. تروسكاییەك لە گڵۆپە بچووكەكەی تەنیشتەوە دەهات، كریس شەوانە دایدەگیرساند، چونكە لە تاریكی دەترسا.. لە بنمیچەكەی ڕوانی، سێبەری گڵۆپەكە وەكو شەبەنگی تارمایی دەهات و دەچوو، ناگەهان هەستی بەزەیی هاتنەوە بەرامبەر بەرەئفەت دای گرت.. زۆر باش لێی دەگەیشت... ئەو ئەوە بەمێشكیدا ناچێ، كە كچەكەی پیاوێكی تری خۆش بوێ، بۆیە غیرەیەكی كوشندەی بەرامبەر بەجیف هەبوو.. ئەمە ڕاستییەكەیەتی!... «دۆستۆیێڤسكی» لە یەكێك لە ڕۆمانەكانیدا نووسیویەتی، لە دنیادا هەموو باوكێك ڕقێكی قووڵی لە مێردی كچەكەی دەبێتەوە، چەندێكیش پێچەوانەی ئەمە بنوێنێت.. هەرچەندە گرفتەكەی ڕەئفەت گەلێك ئاڵۆزترە؛ چونكە ئەو بەرگەی ئەوە ناگرێ كچەكەی پێوەندیی لە دەرەوەی ژنهێنان هەبێ، ئەو سەرەڕای بەرگریی بەردەوامی لە

ڕۆشنبیریی ڕۆئاوا، ئینجاش تا نووکە شێوازی بیرکردنەوەی پیاوی ڕۆهەڵاتیی هەڵگرتووە، کە بەردەوام هێرشی دەکاتە سەر و گاڵتەی پێ دەکا..

سەلاح لە مێشکی خۆیدا گوتی: «ڕەنگە من بەختیاربم کە وەچەم لێ نەبووەتەوە.. نەزۆک بم گەلێ لەوە باشترە لە شوێنی ڕەئفەت بم!»، کەچی گەڕایەوە و گوتی:

«گرفتی ڕەئفەت لە خودی کەسایەتییەتی... میسریێلێکی زۆر لە ئەمەریکا وەچەیان لێ بووەوە و توانییان هاوسەنگی لە نێوان هەردوو ڕۆشنبیرییەکەدا ڕاگرن.. هەرچی ڕەئفەتە بەسووک سەیری ڕۆشنبیرییەکەی دەکا و لە هەمان کاتیشدا لە ناخیدا هەڵی گرتووە، ئەمەش کارەکە ئاڵۆز دەکا».

«ڕەفئەتی بەستەزمان».. ئاوا بە ئینگلیزی چرپاندی، پاشان کاتژمێرەکەی بەرچاوکەوت، کاتێک بۆی دەرکەوت سەعات وا بەرەو یەکی شەو شۆڕ دەبێتەوە، نیگەرانی دای گرت.. چەند کاتژمێرێکی کەمی مابوو بۆ کاتی لە خەو هەستان. چووە ژێر پەتووەکەوە تا بنوێ. لەسەر لا وەرگەڕاو دۆخی چینچکانی وەرگرت، سەری لە بالیفەکەی چەقاند و چاوانی لێک نان.. هێواش هێواش هەستی بەکشانی لەسەرەخۆی تاریکیی خۆشی هێنی خەو کرد.. وەلێ کریس کە بەتەنیشتییەوە نووستبوو، ناگەهان کۆخی و جوولەیەکی کرد.. ڕیتمێکی ڕەق لە جووڵەیدا هەبوو، ئاگاداری دەکردەوە کە بەخەبەرە. گوێی نەدا و هەوڵی دا بنوێ، کەچی کریس بەلایدا وەرسووڕاو لە ژێر پەتووەکەوە باوەشی لێ دا، کاتێک ماچی کرد بۆنی خواردنەوە لە دەمییەوە هات، بەنابەدڵییەوە بەگوێیدا چرپاند:

– دیسان خواردووتەتەوە؟

کریس خۆی پێوە نووساند، باوەشی لێ داو بەهەناسەبڕکێوە ماچی

دەکرد. سەلاح ویستی قسە بکا، کەچی ئەو بەمیهرەبانی دەستی لەسەر لێوی دانا، ڕوخساری لە ژێر ڕووناکییە کزەکەوە بەدەرکەوت، بۆ یەکەمین جار چون گەرمی بداتەوە ئاوا سوور بووەوە. هەستی بەدەستی کریس کرد دەست بۆ ناوگەڵی دەبا، لەو کاتی لێوی لە لێوی ئەم نزیک دەکردەوە، چرپاندی:

– بەتاسەوە بووم بۆت!

***

تارق بەهاندانەوە وەستابوو لە شەیمای دەڕوانی، گۆڵچییە و چاوە چاوێتی کەنگێ تۆپەکە لە هەر لایەکەوە بێ یەکسەر بیگرێتەوە!.. چاوەڕوانی ئەوە بوو هەر وشەیەک لە زاری ئەوەوە دەرچێت ئەم بەرپەرچی بداتەوە و گاڵتەی پێ بکا، لێ کارێکی وای کرد ئەم چاوەنۆڕی ئەوە نەبوو، لە پڕ دەموچاوی کرژەوە بوو و وەک منداڵێکی ونبوو لە هاڕەی گریانی دا و سەرتاپای جەستەی کەوتە لەرزین. تارق سەرنجی دایێ و نەیدەزانی چی بکا، هێندەی نەبرد بەدەنگێک نامۆ بوو بەگوێی، گوتی:

– بەسە دوکتۆرە.. سوپاس بۆ خوا ئیشەکە لەسەر خێر بڕایەوە.

– من ماندوو بووم.. ئیدی بەرگە ناگرم.. سبەینێ نێردەکە ڕەت دەکەمەوە و دەگەڕێمەوە بۆ میسر..

– پەلە مەکە..

– بڕیارم دا و تەواو.

– بیرت نەچێ دوکتۆرا لە ئەلینۆی بەدەست دەهێنی.. ئەوە بخەرەوە بیری خۆت چەندێک لە پێناوی ئەم نێردەیەدا ماندوو بوویت.. هەروەها چەندە هاوەڵت لە تەنتا ئاواتی ئەوە دەخوازن لە شوێنی تۆ بوونایا.

شەیما سەری داخست، تارق وای بەبیردا هات کەمێک هێور بووەتەوە،

بۆیە گوتی:

– خۆت مەدەرە دەست بیرۆکەی خراپەوە.

– ئەی چی بکەم؟

– لەگەڵ ئەو ژیانە نوێیەتدا بگونجێ.

– هەوڵم دا و سەرنەکەوتم.

– لە خوێندن گرفتت هەیە؟

– نا سوپاس بۆ خوا.

– کەواتە گرفتەکە لە کوێدایە؟

چون لەگەڵ خۆیدا بدوێ، بەدەنگێکی نەبیستراوەوە گوتی:

– من لێرە تاق و تەنیام دوکتۆر تارق. هیچ دۆست و ناسیاوێکم نییە. نازانم چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەمەریکاییەکاندا بکەم.. لێیان ناگەم.. لە هەموو ژیانمدا لە ئینگلیزی هەر سەتم هێناوەتەوە، کەچی لێرە بەئینگلیزییەکی تر دەدوێن.. بەخێرایی دەری دەبڕن و پیتەکان دەجاون، تێ ناگەم چی دەڵێن!

تارق قسەکەی پێ بڕی:

– هەستکردنت بەنامۆیی شتێکی ئاساییە، هەرچی گرفتی زمانیشە ئەوا لە سەرەتادا هەموومان تووشی هاتووین. ئامۆژگاریت دەکەم زۆر سەیری تەلەڤزیۆن بکەیت، تاکو لەسەر دیالێکتی ئەمەریکایی ڕادێیت.

– تەنانەت ئەگەر زمانەکەشم باش بێ، ئەوا شتێک لە مەسەلەکە ناگۆڕێ.. وا هەست دەکەم لەم وڵاتەدا بەر نەفرەت کەوتوومە.. چونکە عەرەبم و لەچک دەکەم، ئەمەریکاییەکان خۆیانم لێ بەدوور دەگرن.. لە فڕگە وەکو تاوانبارێک لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کردم، لە کۆلێجیش هەندێک لە خوێندکاران هەرچەندە بمبینن گاڵتەم پێ دەکەن... بینیت کابرای پۆلیس چۆنی مامەڵە لەگەڵدا کردم؟

– ئەمە بەتەنیا گرفتی تۆ نییە... هەموومان تووشی هەڵوێستی ناپەسەند دێین.. لێرە لە دوای ١١ی سپتەمبەرەوە، وێنەی موسڵمانان زۆر شێوێنراوە.

– باشە تاوانی من چییە؟

– خۆت لە شوێنیان دابنێ.. ئەمەریکایی ئاسایی هیچ لەبارەی ئیسلامەوە نازانێ..

ئیسلام لە مێشکی ئەودا پێوەندە بەتیرۆر و کوشتنەوە!

تاوێک بێدەنگ بوون، پاشان بەسوێوە گوتی:

– بەر لەوەی بۆ ئەمەریکا بێم گلەییم لە قورسیی ژیان لە میسردا دەکرد.. کەچی ئێستا خەون بەگەڕانەوەوە دەبینم.

– هەموومان وەک تۆ هەست بەغەریبی دەکەین... منیش سەرەڕای ئەوەی دوو ساڵم لێرە بەسەربردووە.. سوێم بۆ میسر دەبێتەوە، کاتی ناخۆشم لێ دەگوزەرێ، کەچی بەخۆم دەڵێم ئەو بڕوانامەیەی بەدەستی دێنم ئەو هەموو ماندووبوونە دەهێنێت. نوێژ دەکەم و لە خوا دەپاڕێمەوە ئارامیم پێ ببەخشێت.. بەردەوامی لەسەر نوێژکردن؟

– سوپاس بۆ خوا.

وای گوت و سەری دانەواند، ئەویش خۆی بینییەوە دەڵێت:

– بەڕاست.. شیکاگۆ شارێکی جوان و دڵڕفێنە.. داخۆ بینیوتە؟

– جگە لە باڵەخانەی زانکۆ هیچ شوێنێکم نەبینیوە!

– من ئێستا دەردەچم تا پێویستییەکانی حەفتە بکڕم.. بۆچی لەگەڵمدا نایەیت؟

چاوانی زەق بوونەوە، ئەم داواکارییەی پێ سەیر بوو، پاشان لە دیشداشە قەستۆرەکەی ڕوانی لە پێشی پێی درێژ کرد و بەشێوە شۆخییەکەوە پرسی:

– بەقاپقاپەوە لەگەڵتا بێم؟

بۆ یەکەمین جار پێکەنین، پاشان چون دوودڵ بێ لێی پرسی:

– دوا دەکەویت؟ خوێندنم زۆرە.

– ئێ خۆ منیش نووسینی ئامارم هەیە.. زوو دەگەڕێینەوە.

لە هۆڵی پێشوازی دانیشت و چاوەڕێی کرد تا جلەکانی بگۆڕێ. دوای قەیرێک گەڕایەوە، جلێکی شینی پانوپۆڕی لەبەر کردبوو، پێی جوان بوو، تێبینیی ئەوەشی کرد لە دڵتەنگییەکەی ڕزگار بووە و دڵی خۆشە.. ئێوارەیان پێکەوە بەسەر برد. سواری میترۆ بوون بۆ ناوەڕاستی شیکاگۆ، بردی بۆ تاوەری ئاو و تاوەری سێرز.. وەکو منداڵێک دڵی خۆش بوو ئەو کاتی لە ئاسانسەرە شووشەییییەکەی شوێنی «مارشاڵ فیێلد»ی بەناوبانگ بەتەنیشتییەوە وەستابوو، پاشان گەڕانەوە بازاڕ و پێداویستییەکانیان کڕی.. ئینجا سواری پاسی زانکۆ بوون و گەڕانەوە بۆ ئەپارتمان..

بەدرێژایی ڕێگە قسەیان کرد.. شەیما باسی ئەوەی بۆ کرد چەندە بەباوکییەوە دەنازێ و چەندێکیش دایک و خوشکەکانی خۆش دەوێن، گوتی سەرەڕای ئەو تاسەیەی بۆیان، ئینجاش هەفتەی لە جارێک زیاتر پێوەندییان پێوە ناکا، چونکە دەبێ دۆلار دۆلار لەو مووچە کەمەی نێردەکە بخاتە لاوە و پاشەکەوتی بکات.. پرسیاری خۆی لێ کرد، تارقیش گوتی باوکی ئەفسەری پۆلیس بووە و بەرزەوە بووە، تا بەر لە مردنی گەیشتووەتە پلەی یاریدەری بەڕێوەبەری ئاسایشی قاهیرە، لەسەر ڕێکوپێکی پەروەردەی کردووە.. ئەگەر هەڵەیەکی بکردایا بەتوندی لێی دەدا، جارێکیان ئەو کاتی لە ئامادەیی بوو، ناچاری کرد بۆ ماوەی هەفتەیەک لەگەڵ خزمەتکارەکاندا لە مووبەق نان بخوات، چونکە بوێریی کردبوو لەسەر خوانی نانخواردن وتبووی حەز لە سپێناغ ناکا!... تارق لەگەڵ بیرکردنەوەدا خەنییەوە، پاشان بەشانازی کردنەوە درێژەی دایێ:

– ڕەحمەتیی باوکم قوتابخانەیەک بوو بۆ خۆی، بەم سزادانە ویستی وانەیەکم لە پیاوەتی بداتێ، لەو ڕۆژەوە فێربووم بێ نارەزایی دەربڕین، چی بێتە بەردەستم بیخۆم... دەزانیت.. ئەم توندییەی باوکم زۆری سوود پێ گەیاندم.. من بەدرێژایی تەمەنم سەرکەوتوو بوومە، ئەگەر تەرەفداری نەبووایە من ئێستا نەشتەرکارێکی گەورە بووم!.. بەهەر حاڵ سوپاس بۆ یەزدان.. نمرەکانم مایەی شانازین.. دەزانیت ڕێژەی نمرەکانم لە چوار وانەدا چەندە؟ ٩٩,٣یە!

– ماشەڵڵا!

– زۆرجار خوێندکارە ئەمەریکاییەکان پەنام بۆ دێن تا لە تێگەیشتنی وانەکاندا یارمەتییان بدەم.. ئا لەو کاتەدا هەست بەشانازییەکی گەورە دەکەم، کە من میسریم و لەوان باشترم.

پاشان چون بیر بکاتەوە سەری بەکورسییەکەوە نا، لە دووری ڕوانی و گوتی:

– ساڵی ڕابردوو.. لە وانەی بایەلۆجی خوێندکارێکی ئەمەریکاییم لەگەڵدا بوو، ناوی سمیث بوو، لە گشت زانکۆ ناسراوە، چونکە بلیمەتە و بەدرێژایی خوێندنەکەی یەکەمیی خۆی پاراستووە.. ئەم سمیثە ویستی لە زانست گرەوم لێ بباتەوە، کەچی من فێری ئەدەبم کرد!

– بەڕاست؟

– بەگیانی تۆ وام شان لەشانی گیر کرد، تا نەمکوتا بەزەویدا لە کۆڵی نەبوومەوە.. سێ جار بەسەریا یەکەم دەرچووم.. ئێستاش لە هەر شوێنێک بمبینێت دەستی بڵند دەکاتەوە و سڵاوم لێ دەکا!

سوور بوو لەسەر ئەوەی کیسەکانی بۆ هەڵگرێت، گەیاندییە ئەپارتمانەکەی لە نهۆمی حەوتەم، وەستا تا خواحافیزی لێ بکا.. لە کاتی سوپاسکردنیدا دەنگی گۆڕا:

– نازانم چی بڵێم دوکتۆر تارق.. خوا پاداشتت بداتەوە بۆ ئەو چاکەیەی لەگەڵ مندا کردت!

– دەکرێ بێ نازناو بەتارقم بانگ بکەی؟

– بەمەرجێک.. تۆش پێم بڵێی شەیما!

کاریگەریی دەنگە نزمەکەی وای لێ کرد هەست بەشێوە موچڕکێک بکا، ئەو کاتی تەوقەی لەگەڵدا کرد بیری لە ناسکی و نەرمونیانی دەستی دەکردەوە.

گەڕایەوە ئەپارتمانەکەی خۆی، بینی گڵۆپەکان هەڵکراون و کتێبی ئامار کراوەتەوە، کوپە چایەکەش هەر لە شوێن خۆیەتی و پیجامەکەشی لەسەر جێیەکەی فڕێ دراوە.. هەموو شتەکان چۆنیانی جێ هێڵابوون ئاوا لە شوێن خۆیاندا بوون... وەلێ ئەو خۆی، وەکو پێشوو نەمابووەوە... هەستێلێکی نوێ لە ناخیدا گڕیان گرتبوو، شڵەژانەکەی گەیشتبووە ڕادەیەک جلەکانی داکەندن و بەدەرپێ و فانیلەیەکەوە بەناو ئەپارتمانەکەدا دەهات و دەچوو، پاشانەکینێ خۆی هەڵدایە سەر پێخەفەکەی و لە بنمیچەکە ڕاما. ئەوی رووی دا بەلایەوە سەیر بوو، بۆچی بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا کرد؟ ئەی ئەم بوێرییەی لە کوێوە هێنا؟!.. ئەمە یەکەمین جارە لە ژیانیدا لەگەڵ کچدا دەردەچێ.. وای هەست دەکرد ئەوی لە میترۆکە بەتەنیشت شەیماوە بوو خۆی نەبوو، بەڵکو یەکێکی تر بوو!.. تا نووکەش وا دەزانێت ئەوی ڕووی دا خەیاڵ بوو، چونکە ئەگەر ئێستا لێی بگەڕێ نایدۆزێتەوە!.. ئەی خوایە!.. بۆچی بەم ئاوایە سەرنجی ڕاکێشا؟... خۆ ئەو تەنیا کچە لادێییەکی مامناوەندییە لە جوانیدا، وەکو دەیان کیژ لەوانەی ڕۆژانە لە قاهیرە دەیانی بینی.. چی لەوانی تر جیای دەکاتەوە؟.. داخۆ لە لایەنی سێکسییەوە ورووژاندوویەتی؟.. ڕاستە دوو لێوی پڕ و خۆشی هەن، کە بۆ مەبەستی دڵگیر دەست دەدەن، هەروەها هەندێک جار بێ ویستی خۆی جلە

پانوپۆڕەکەی بەگیانییەوە دەنووسێ و مەمکە قیتەکانی، کە گاڵتەیان پێ ناکرێ، بەدەردەکەون، وەلێ هەرگیز بەراورد ناکرێ بەو کچە خوێندکارە ئەمەریکاییانەی ئەلینۆی، یاخۆ بەو کیژە میسرییانەی داوای دەستی کردن، ئەستەمیشە تەنانەت لەگەڵ ئەو شۆخە ڕووتانەی ناو فیلمە سێکسییەکانیشدا ئەوانی گڕ لە ئاڵۆشی بەردەدەن، ناوی بهێنرێ!.. کەواتە بەچیی ئەو سەرسامە؟.. بەدبەختی و سادەییەکەی؟.. لەبەرئەوەی گریا و سۆزی جووڵاند؟.. یاخۆ پەرۆشیی بۆ میسر خرۆشاند؟.. بەڕاستی وایە.. هەموو شتێک لەودا میسریی تەواوە:

دیشداشە قەستۆرە گوڵینەکەی، گەردنە بێگەردە جوانەکەی، ئەو دوو گوێیە بچووکانەی، کە جووتە گوارەیەکی زێڕی دەشتەکیانەیان لە شێوەی بۆڵەترێ پێدا شۆڕ بوونەتەوە، قاپقاپەکەی کە پێیە بچووکە خاوێنەکانی و نینۆکە خڕە بەوردی قەڵەم کراوە بۆیاغ نەکراوەکانی (لەبەر دەستنوێژ) بەدەردەخەن.. ئەو بۆنە سووکە پاکەی لە جەستەیەوە دێ و ئەویش هاوشانی دانیشتووە.. ئەوی بۆ لای ئەو بەکێشی دەکات، هەستی پێ دەکا، وەلێ ناتوانێ وەسفی بکا.. شتێکی تەواو میسرییانە وەکو پاقلە و فەلافل و فاڵگرەوە و پێکەنینی نێرانە و سەمای ڕۆهەڵاتی و دەنگی شێخ ڕەفعەت لە ڕەمەزاندا و نزاکانی دایکی دوای نوێژی بەیانیان، گشت ئەو شتانەی لە غەریبی ونی کردوون.

نوقمی بیرکردنەوە بووبوو، تاکو لە دەنگی لێدانی کاتژمێرە هەڵواسراوەکەی هۆڵەکە ئاگادار بووەوە، لە جێیەکەی دەرپەڕی و هەرکە خوێندنی ئاماری بیر کەوتەوە، هاواری کرد:

– ئای هەش بەسەرم!

لە نووسینگەکەی دانیشت و سەری خستە نێوان هەردوو لەپی دەستییەوە و سەرنجی تیژی دا تاکو لەو دۆخی خەوخۆشییە ڕزگاری بێ،

هێواش هێواش سەرقاڵی خوێندنەکەی بوو، یەکەمین پرسیاری بەئاسانی وەڵام دایەوە، پاشان دووەم و سێیەم.. کاتێک لە پرسیاری پێنجەم بووەوە، ئیتر بەپێی نەریتی کۆن مافی ئەوەی هەبوو پارچە بەسبووسەیەک بخوات.. کەچی سەری سڕما (بۆ یەکەم جار) بەسبووسەی پێ نەخورا.. بیرۆکەی وانەکە بەتەواوی ڕوون بووەوە، لە ماوەی نیو سەعاتدا چەند پرسیارێکی نوێی وەڵام دانەوە، وای بەمێشکدا هات کەمێک پشوو بدا.. لێ ترسا گەرم و گوڕییەکەی لەدەست بدا، لە کارکردن بەردەوام بوو، تا گوێی لە زەنگی دەرگاکە بوو، بەقورسییەکەوە هەستا لە کاتێکدا مێشکی بە ژمارە تەنرابوو.. دەرگاکەی کردەوە، بینی لە بەرابەرێتی، هێشتانەکینێ جلی دەرەوەی لەبەردابوو، ڕوخساری لەبەر ڕووناکییە شینە ئارامەکە، کە هۆڵەکەی ڕووناک دەکردەوە، وا دەهاتە بەرچاو لە هەموو کات جوانتر بوو. بەشەرمەوە دەستی بەدەفرێکی لە سلیلۆن دروستکراوە درێژ کرد و گوتی:

– بێگومان برسیت و کاتت نەبووە شام ئامادە بکەی.. دوو سەندەویچم بۆ کردیت.. فەرموو.. نۆشی گیانت بێ!

***

«چەندێک خەیاڵم والابێ و جڵەوی بۆ شل بکەم، وێنام نەدەکرد ئەمە ڕوو بدا!.. مەست بەخواردنەوە و حەز دەرگام کردەوە، بەشۆک وریا بوومەوە.. دەتگوت بەئاسماندا فڕیم، ناگەهان کەوتم و سەرم دای بەعەرزە ڕەقەکەدا!.. بۆ چەند ساتێک وڕبووم و لە بیرکردنەوە وەستام.. ئافرەتێکی بەتەمەنم لە پێش خۆم بینییەوە، چل ساڵ بەڵکو پەنجا ساڵی تێپەڕ کردبوو، ڕەشتاڵە، قەڵەو، چاوی چەپی خێل بوو.. تەنوورەیەکی کۆنی شڕی ڕەنگ شینی لەبەر بوو تا چۆکی هاتبوو، هێند تەنگ بوو جەستە گۆشتنەکەی بەدەرخستبوو..

کاتێک بزە خەنەیەکی بۆ کردم ددانە گەورە گێڕوگەواڵە ڕەشەکانی (بەهۆی نیکۆتینەوە) بەدەرکەوتن، پاشان بەخۆشییەوە هاواری کرد:

– تۆی ناجی؟

– بەڵێ.. هیچ خزمەتێکم پێ دەکرێ بۆتی بکەم؟

بەم شێوەیە پرسیارم لێ کرد، لە کاتێکدا خۆم بەدوا داوی ئەو هیوایەوە گرتبوو، کە هەڵەیەک لە گۆڕێدا بێ و خوا بکا ئەو ئافرەتە نەبێ کە من چاوەڕوانیم.. کەچی بەئاسپایی خستمیە لاوە و بەئەنقەست تا بموروژێنێت بەخۆ بادانەوە خۆی بەژوورا کرد:

– وام زانی بەدڵ دەمناسیتەوە.. من دۆنام ئازیزەکەم.. وای.. بەڕاستی ئەپارتمانەکەت دڵگیرە.. کوا ژووری نووستن؟

هەینێ لەسەر جێیەکە دانیشت، ڕوخساری لەبەر ڕووناکیی ژوورەکە بەدەرکەوت، تا بڵێی قەڵب و ناشرین بوو، وام بەمێشکدا هات گشت ئەمانەی ڕوو دەدەن خەونن و ڕاستی نین!.. بەخۆم گوت: با پشوویەک بەخۆم بدەم، بەڵکو سوودێکی بۆ بیرکردنەوە هەبێت، لە قەنەفەکەی بەرامبەری دانیشتم و پێکێکی دیم بۆ خۆم کرد.. لە کاتێکدا بەچاوی پشکنیمی، بزەیەکی کرد و گوتی:

– بەڕاستی قۆزیت، بەڵام لە ئەنوەر سادات ناچیت.. تۆ هەر بۆ ئەوەی هەڵمبخەڵەتێنی لە تەلەفۆنەکە درۆت لەگەڵدا کردم.. وانییە؟

بەبێدەنگی پەرداخەکەم نا بەسەرەوە و گوتم:

– پێکێکت بۆ بکەم؟

– ئۆ سـوپاس.. تەنیـا لەگـەڵ نانخـواردندا دەخـۆمـەوە.. وێسکیت هەیە..؟

– نا.. بەداخەوە..

– کەواتە.. خواردنت هەیە..؟.. برسیمە!

– لە یەخچاڵەکەیە.

خۆم لە تەماشاکردنی دەپاراست. هەستا و یەخچاڵەکەی کردەوە، هێندەی نەبرد بەناڕەزاییەوە شیڕاندی:

– پەنیـر و هێلکە و سـەوزە؟! هەر ئەمـەندەت هەیە؟.. ئەمـە خـــواردنی کـــەروێشکە.. خـــواردنی گـــەرمم دەوێ.. خۆشـەویستـەکەم تۆ خواردەیت و ئەمشـەو لە ڕیستۆرانتێکی نایابم داوەت دەکەیت.. وانییە؟

زارم هەڵنەهێنا.. دڵتەنگییەکی قورس دای گرتبـووم، لە داخـاندا پەرداخـەکەم بەیەکجـار نایە سـەرمـەوە و چۆڕ بڕم کـرد، پەرداخـێکی دیم بۆ خـۆم تێکرد.. سـەرم دانـەواندبوو، هەینێ سـەرم هەڵبـڕی دەبینـم جلـەکـانی لێ فـڕێداوە و بە ئەتەگـێکەوە لە ناوەڕاسـتی ژوورەکـەدا وەسـتـاوە. جـەسـتـە ڕەشە پڕ لە چرچ و لۆچی و ئاوساوییەکانی لە ژێر ڕووناکییە کزەکەدا چون ئاژەڵێکی زەبەلاحی دەریایی تازە لە زەریا ڕاو کرابێ، بەدەرکەوت! لێم هاتە پێشێ، هەستم بەسینگی کرد لەسـەر دەمـوچاومـە، لە زۆر جگەرەکێشاندا هەناسـەبڕکێی بوو. دەستی خستە سەر ڕانم و بەگوێمدای چرپاند:

– وەرە خۆشەویستم.. بۆ بەهەشتت ببەم!

بۆنی تێکەڵەیەک بوو لە ئارەقەی بۆگەن و عەترێکی خراپ لە بۆنی دەباغخانە دەچوو. لە شوێن خۆم هەستام و دوورکەوتمەوە، پاشان خۆم خڕکردەوە و گوتم:

– دۆنا.. زۆر داوای لێبووردن دەکەم.. ڕاستییەکەی تەواو نیم.

سەرلەنوێ نزیک بووەوە و بەگوێمدای چرپاند:

– من خۆم دەزانم چۆنت باش بکەم.

ئەمجارەیان بەدەستم لە خۆمم دوورخستەوە، بوێری و سنووردانانەکەم زیادیان کرد، پێم گوت:

– من خۆشحاڵم بەناسینت، لە ڕاستیدا زۆر ماندوو و شەکەتم، ناتوانم..

تەماشایەکی کردم، چون هەوڵدات تێبگات، پاشان لە پڕ کەوتە سەر چۆک و دەستی خستە ناو گەڵمەوە، بەدەنگێک لە فیشکەی مار دەچوو، گوتی:

– ڕات چییە لەسەر سێکس کردن لە دەمەوە؟ من لەوەدا پسپۆڕم.. زۆر چێژی لێ دەبینیت.

– نا.. سوپاس.

– کەیفی خۆتە!

لەسەرخۆ هەستا، لەودەمی بەدوای جلەکانیدا دەگەڕا، بەهێمنییەکەوە گوتی:

– بەڵام کرێکەم دەدەیت..

– چۆن؟

– گوێ بگرە.. من گەمەت لەگەڵدا ناکەم.. بە ١٥٠ دۆلار

لەگـەڵمـــدا ڕێککەوتیت.. مـــادام بۆ لات هـاتم، دەبێ هـەر بیدەیت.. ئەگەر لەگەڵمدا بخەویت یان نا!

– بەڵام من..

– ١٥٠ دۆلار دەدەیت!

ئاوا شیـڕاندی و تووڕەیی ڕوخساری گرتبووەوە، بەچاوە ساغەکەی لێی دەڕوانیم، لە کاتێکدا چاوە خێلەکەی شتێکی جیای دەردەخست.. بەتوندییەوە گوتم:

– نایدەم!

– دەیدەیت!

– تاقە دۆلارێک چییە نایدەم!

بەم شێوەیە شیـڕانـدم و هەستم بەوەڕسییـەکی زۆر کرد.. ناگـەهـان چۆن شـێت بووبێ، گـرتی بەقـۆڵی ڕۆبـەکـەمـدا و بەتوندی ڕای تەڵەقاندم:

– دەبێ فێر بی لە ئەمـەریکا چۆن مـامـەڵە لەگەڵ ئافرەتدا دەکەی؟. تێگەیشتی هەی عارەب؟. ئافرەت لێرە هاوولاتییەکی بەڕێزە، نەک بوونەوەرێکی بێ ئابڕوو، وەکو ئێوە لەو بیاوانەی لێوەی هاتووی وێنای دەکەن!

– من ڕێز لە ئافرەت دەگرم، لێ ڕێز لە بەدڕەوشت ناگرم!

ساتێک لێی ڕوانیم، لەناکاو.. زللەیەکی خێواندمێ. بەلەز سـەرم بردە دواوە، دەسـتـی بۆش ڕۆیی و بەرگـوێـی ڕاسـتم کەوت.. هەستم بەسـەرەخولێ و کرژبوونەوەی گەدەم کرد، لە ئەنجـامی کـاریگەریی ڕیسـواکـردنەکـە و خـواردنـەکـە و خواردنەوە و بێ هیـوایی، ئاوەزم لەدەست دا، بەتوندی پاڵێکم

بەشانییەوە نا و شیڕاندم:

– دەرچۆ.

لە بەرابەرمدا کشایەوە، پاڵێکی قایمترم پێوەنا.. بەتوندی بەلادا هات، هاوسەنگیی لە دەست دا و کەوتە سەر زەوی.

– هەر ئێستا دەرچۆ.. پێوەندیی بەپۆلیسەوە دەکەم بێن بتبەن، هەی قەحپە!

لەسەر هەمان دۆخ دانیشتبوو: هەر دوو قاچی لە پێشی کرابوونەوە، خۆی بەسەر دەستەکانیدا دابوو، سەری بەرەو دوا لار کردبووەوە چون چاودێریی شتێک بەبنمیچەکەوە بکا.. دەستم بەجوێندانی کرد، هەموو ئەو دژوێنە ئینگلیزییانەی دەمزانین پێ وت.. نیگایەکی پڕ لە پیش خواردنەوەی لێ کردم، پاشان دەستی بۆ لامەوە درێژ کرد و چون هەڕەشەم لێ بکا بەپەنجەی ئاماژەی بۆ کردم، زاری هەڵێنا تا قسەیەک بکا، لە هیکرا.. دەموچاوی پلی دا و کەوتە گریان!.. بەبێدەنگی چاودێریم دەکرد، لە گەیشتنی کارەکە بەم ڕادەیە وڕوکاس بووم، هەستێکی لەناکاوی پڕ لە غەم دای گرتم، هێندەی نەبرد بۆ پەشیمانی گۆڕا، بەدەنگێکی کزەوە گوتم:

– دۆنا.. داوای لێبووردن دەکەم.. لە ڕاستیدا من تەواو سەرخۆشم.

متەقی نەکرد، تەنانەت وامزانی گوێی لێم نەبووە. پاشان بەدەنگێک چون لە گیانەڵادا بێت، بەسەری دانەوییەوە گوتی:

– تۆ نازانیت چەندێک پێویستم بەو پارەیەیە.. من بەم

ئیشەم نانی سێ منداڵ دەدەم.

– داوای لێبووردن دەکەم.

– باوکیان لەگەڵ ئافرەتێکدا، کە بیست ساڵ لە خۆی بچووکتر بوو هەڵات و منی بۆ ئەمانە جێهێشت. هیچ مافێکی یاساییم نییە، چونکە نەیخواستبووم، ئەگەر مافیشم هەبێ، ئەوا هیچ شتێکم پێ ناکرێ، لەبەرئەوەی شوێنی نازانم.. دەستم لە منداڵەکان نابێتەوە.. تاوانی ئەوان لەم درامایەدا چییە؟.. لەسەرمە بەتەنیا هەموو شتێک بدەم: خەرجیی قوتابخانە و نرخی خواردن و پارەی غاز و کارەبا.. حەز ناکەم ببمە سۆزانی، لێ بەئاسانی هیچ کارێکی دیم نەدۆزییەوە.. زۆرم هەوڵدا، بەڵام هیچ..

لە شوێنی خۆم ڕاستەپێ هەستام، ئەو قسەی دەکرد، لەسەر چۆک بەتەنیشتییەوە دانیشتم، دوایی نزیک بوومەوە و ماچێکی نێوچەوانیم کرد:

– دۆنا گیان بمبوورە.

– گوێی مەدەرێ.

– هەر بەڕاستی لێم خۆش بوویت؟

بەهێوری سەری هەڵبڕی و بەغەمبارییەوە گرژییەوە:

– لێت خۆش بووم.

چون دوو مشتومڕشێن بین و تازە لە یارییەکی سەخت بووبینەوە، هەردووکمان متەقمان نەکرد و تەواو شەکەت بووبووین.. نیگایەکی کردم و بەنەرمییەوە گوتی:

– دەکرێ نیوەی پارەکەم بدەیتێ؟

وەڵامم نەداوە، دەستی خستە سەر شانم و بەچرپەوە گوتی:

– نیوەی پارەکەم بدەرێ.. تکایە.. بەڕاستی ئاتاجی ئەو پارەیەم.. تازە شەوم لە کیس چوو و کڕیارێکی تر نادۆزمەوە.

وەڵامم نەداوە، لە دوا هەوڵیدا چرپاندییەوە بەگوێمدا:

– وابزانە پارەکە قەرزێکەو بەدۆستێکی دەدەیت.. کەنگێ توانیم بۆتی دەگەڕێنمەوە.

هەستام بۆ لای دۆڵابەکەوە چووم. گەڵایەکی سەد دۆلاریم هێنا، دۆنا بەلەز لە دەستی سەندم و لە ئامێزی گرتم.. مۆری ماچێکی بەڕوومەتمەوە نا و بەدەنگی نزمەوە گوتی:

– سوپاس ناجی.. بەڕاستی تۆ بەخشندەیت!

دوای ماوەیەک.. جلەکانی لەبەر کردبوون، لەو دەمی ڕووخۆشییەکەی بۆ گەڕابووەوە، پرسیاری لێ کردم:

– من دەڕۆم.. هیچت ناوێ؟

– سوپاس.

ڕووی لە دەرکەی دەرێ کرد و کردییەوە، پاشان وەک ئەوەی شتێکی بیرهاتبێتەوە، وەرسووڕاو بە دەنگێکی گەشبینانەی فریودەرانەی دروستکراوەوە، چون نوێنەرانی ڕیکلامەکان بەکاری دێنن، گوتی:

– ئەگەر کچی بیست ساڵیت ویست دەتوانیت پێوەندیم پێوە بکەی.. بەڕاستی دڵگیرن.. سوورە، ڕەشتاڵە، چۆنت دەوێ.. لەبەر تۆ هەر بەو نرخە دەبێ، هەروەها سەد دۆلارەکەش لە پارەکە دەردەکەم.. دەبێ منیش لەگەڵتدا

بەخـشندەبم، هەروەک چۆن تۆش دەست و دڵ فـراوان بوویت لە بەرابەرمدا.

بەبێـدەنگی چاوم تێ بڕیبـــوو، تا دەرچوو و دەرگــاکـەی داخست.

٨

کـاتێک دوکـتـۆر ئەحـمـەد دەنانـە بۆ داخـوازی خـاتوو مـەروە نەوفـەل چووە پێـشێ، بەهەمـوو پێوەرەکـان زاوایەکی باش بـوو: لە خـواترس، بـەو دەلیلەی نیشانەی نـوێژکردن بەتەوێڵییەوە دیاربوو، هەروەها تەسبیحەکەی دەستی و هەمیشە لە قسەکردندا پشتبەستنی بەقورئان و فەرمـوودەکانی پێغەمبەر و کـردنی نوێژەکـانی لە کـاتی خـۆیاندا، لە هەر بارودۆخـێکدا بووبێت.. بۆ ژنهێنان تەواو ئامادەیە.. ئەپارتمانێکی نایابی ٢٠٠ مەتری هەیە، دەکەوێتە سـەر شەقامی فەیسەڵ لە هـەرەم.. هەروەها ئامادەبوونی خۆی ڕاگەیاند بۆ ئەو مارەیییەی داوای دەکەن، لەگەڵ ئەو نیشـانەی بووک هەڵی دەبژێرێت (لە سنووری مـاقـووڵ).. لە هـەمـووی گـرینگتـر ئەوەیە لـە کـۆلێـجی پزیشـکی مـامـۆسـتـای یاریدەدەرە، وا لە ئەمـریکا دەخـوێنێت و دوکـتـۆرا بەدەست دەهێنێت، بشگەڕێتەوە بەرزترین پۆستی لە میسر پێ دەدەن.

چۆن شـنەبا لقی درەخـتـەکـانی ڕادەژەند، ئاواتـی حـاجی نەوفـەلیش (بازرگانی کەرەستەی تەندروستی لە ڕوەیعی) خـتـووکـەی دەدا، کە مێردی کـچـەکـەی وەزیر، تەنانـەت سـەرەک وەزیـران بێ.. بۆ نا؟.. دوکـتـۆر دەنانە ئەندامـێکی دیاری ئەمـیندارێتـیی لاوانە لە حـزبی دەسـەڵاتدار و پێـوەندیی بەرفـراوانی هـەیە، لە کـاتی پشـوودانـەکـەی لە قـاهیـرەدا ڕۆژانە چەندین گەورەپیاوی دەوڵەتی دەبینی... کەواتە وەکو زاوایەک چییەتی؟!..

تەمـەن گـەورەییـیـەکـەی؟!.. ئەمـە لە باشـیـیـەتی نەک لە خـراپی.. پیـاوی

پێگەییو نازی مەروە دەکێشێ و دڵی لای دەبێ، نەک گەنجێکی هەڵەشە، کە ڕەنگە بۆشی خراپ بێ!..

حاجی نەوفەل دەنانەی زۆر بەدڵ بوو، خەرجی ژنهێنانەکەی لێکدایەوە (بەئاوەزی بازرگانێک) بینی چەندین قات لەوەی زاوا دەیدا، بەری ئەو دەکەوێ.. لێ بەخۆی گوت:

خوا سامانێکی زۆری پێ بەخشیوە، دەبێ هێندەی توانای خۆی خەرج بکا، هەروەها ناکرێ بەرامبەر بەکیژە گەورەکەی هیچی لە چاو بێ.. هەرچی مەروە خۆی بوو، ئەوا دوای تەواوکردنی کۆلێجی بازرگانی (بەشی ئینگلیزی) چەندین ساڵ دانیشت و شووی نەکرد، چونکە شووکردنی کلاسیکی ساڵۆنەکانی بەدڵ نەبوو و گاڵتەی پێدا دەهات.. دەیزانی زۆر جوانە، شۆخ و شەنگییەکەشی لەو چەشنە بوو، کە ئارەزووی پیاوی دەجووڵاند، لەگەڵ سەرهەڵدانی هەرزەکارییدا، پیاوێکی نەبینی تامەزرۆیی لە چاوانیدا بەدی نەکردبێ.. قژە قەترانییە نەرمەکەی بەسەر شانیدا هاتبووە خوار، دوو چاوی ڕەشی دڵگیر، لێوە گۆشتنە پڕ لە ئاڵوشەکانی، جەستە باریکە شیرینەکەی.. مەمکە قوتەکانی، ناوقەدی باریکی، پاشان کەفەڵی فراوان دەبێتەوە و بەسەر دوو لاقی جواندا شۆڕ دەبێتەوە.. تەنانەت پێیە بچووکەکانی بەقامکە گونجاو و نینۆکە خڕە بۆیاغکراوەکانیانەوە، دەتگوت دیارییەکی سەیر دروستکراون و بەپەلەکانی مرۆڤ بەخشراون.

مەروە چەندین ساڵ نوقمی خەونەکانی بووبوو، وا خۆی دەبینییەوە کە شازادەیە و چاوەنۆڕی شۆڕەسوارێکی قۆزە بێت بیرفێنێت و بیخاتە پشتی ئەسپە سپییەکەیەوە، داخوازیکەری زۆری لە پیاوماقووڵان و دەوڵەمەندەکان ڕەت کردەوە، چونکە بەرابەر هیچ یەکێکیان هەستی بەدڵبردنی ڕاستەقینە نەدەکرد، کەچی ناگەهان زانی، کە بیست و نۆ ساڵی تێپەڕاندووە و ئەویندارە گەورەکەی خۆی نەدۆزیوەتەوە.. بۆیە لەسەری بوو بەدیدێکی

زانستییانەوە بەهەڵوێستیدا بچێتەوە!.. دایکی چەندین جار جەختی لەسەر ئەوە کردبووەوە، ئەو خۆشەویستییەی لەدوای شووکردن دێ، زۆر سەقامگیرتر و ڕێزدارترە لەو سۆزە هەڵچووە ڕاڕایانەی لەناکاو دەپووکێنەوە و بەبەڵایەک دواییان دێ!.. پاشان مەروە هەمان مانای لە وەڵام بەئاریشەی خوێنەران، کە ڕۆژانی هەینی لە پۆستەی ئەهرام بڵاو دەکرێنەوە، بینییەوە. ئیدی خاترجەم بوو، کە قسەکانی دایکی ڕەنگدانەوەی ڕاستییەکانی ژیانن.. کەواتە لەسەریەتی لە خەونەکەی، کە خۆشەویستیی مەزن بوو، بێتە خوار، چونکە لەوەیە ژیانی کۆتاییی بێ و هەر نەیدۆزێتەوە.. ژیان لە کەتواردا جیاوازە لە ژیان لە سینەمادا.. دەبا ئەویش وەکو خەڵک شوو بکات..

لە دواییدا دەبێ ماڵ و خێزان و منداڵی هەبێ. خۆ منداڵ نییە، چەند مانگێکە و دەگاتە سی ساڵی!.. ئێستا گرینگترین شت ئەوەیە شووەکەی بکا، خۆشەویستی پاشان خۆی دروست دەبێت. هیچی لەگەڵ ئەحمەد دەنانە و دژیشی نەبوو، هەست و سۆزی بەرابەری بێلایەن بوو، لێ وای بینی (بەحیسابی ئاوەز) کە مێردێکی خراپ نییە.. تەنیا ئەوەند بیتوانیایا ئەو ڕەزا قورسییەی و لۆچەکانی تەوێڵی و قژە لوولەکەی و ورگە زلەکەی، کە سەرەڕای ئەوەی ئەو قایشەی لەسەر دەبەستێت تا دیار نەبێ، لە بیر بکردایا.. ئەگەر بیتوانیایە ئەم ناشرینییانەی بیر خۆی ببردنایەتەوە، بەهەر شێوەیەک بووایا دەیتوانی چیرۆکێکی خۆشەویستیی لەگەڵیدا بگوزەراندایا.. ئەوە نییە لەگەڵیدا نەرم و بەسۆزە؟.. داخۆ بۆنەیەک تێپەڕیوە دیارییەکی گرانبەهای پێشکێش نەکردبێ؟.. ئەی بۆ ناودارترین ئوتێل و ڕیستۆرانتی نەبرد؟.. ئەی دەستی واڵا نەکرد و بێ حیساب شتی بۆ کڕی، تا ئەو بەزەییی پێدا هاتەوە و زیاد لە جارێک نەیهێشت پارەکەی بدات؟!.. دەکرێ ئەو شەوە دڵگیرەی، کە وەکو خەونێکی جوان تێپەڕی، بیر بچێتەوە، ئەو کاتی لە ژێر ڕووناکیی مۆم و بەدەم ئاوازی کەمانچەوە لە کەشتیی زەبەلاحی «ئەتڵەس»دا ماوەی دوو سەعات بەناو نیلدا سووڕاندنیەوە،

شـامیـان کرد.. ئـەو خـۆشی دەوێ، نازی هەڵدەگرێ و لە پێنـاو بەختـەوەریی ئەودا ئەوپەڕی توانای دەخاتە گەڕ.. لەمە زیاتر چی دەوێ؟.. ڕاستە هەندێک جـار تـووشـی خـەمـۆکـی دەبێ و وای لێ دەکـا لێی دوور بکەوێتـەوە، لێ بەدەگمەن ئەمە ڕوودەدا، قەناعەتی تەواوی بەلێکدانەوەکانی دایکی هێنا، کە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، ئیرەیی پێ بردراوە و ئامۆژگاریی ئەوەی کرد قورئان زۆر بخوێنێت، بەتایبەت لە شەواندا!..

ئیدی ڕۆژانی مارەبڕین بەڕێکوپێکی بەڕێوە چوو، جەنابی شێخی ئەزهەر بەخۆی لە مزگەوتی حەزرەتی حوسێن (ڕەزای خوای لێ بێ) مارەی کردن. زەماوەندەکەش لە ئاهەنگێکی ئەفسانەییدا بوو، لە ئوتێلی مێردیان سازکراو هونەرمەندان ئیهاب تۆفیق و هیشـام عەباس و دینای سەماکەر بەڕێوەیان برد. هەروەها (ڕۆژنامەکان نووسیبوویان) کۆمەڵێک لە هونەرمەندان و پیاوانی دەوڵەت ئامادەی زەماوەندەکە بووبوون.. خەرجیی حاجی نەوفەل لەم ئاهەنگەدا چارەکە ملیـۆنێک جونەیە بوو. نارەزاییـیەکی شـەرعی لەسـەر ئامـادەبوونی سـەمـاکـەرێکی ڕووت لە شـایـی خێـزانێک، کە بەئاینپـەروەر ناسـراون هـاتە کایەوە، لێ حـاجـی نەوفـەل بەتاقـە ڕسـتـەیەکی یەکلاکەرەوە بەرەو ڕووی ناحـەزان بووەوە: «مـەروە کـچـی گـەورەمـە و ئەمـەش یـەکـەمین شاییمە.. زەماوەندیش بەبێ سەما بێتام دەبێ.. خوای مەزنیش بەنییەتەکان باش دەزانێ، هەر خۆیشی بەخشندەو بەبەزەییە»!

ڕاستی پابەندبوونی حاجی نەوفەل بەدینای سەماکەرەوە (ناسراوە بەجلە ئاوڕووبەر و جووڵە ورووژێنەرەکانییەوە)، پاشـان هاندانی تا چەپڵە لێ بداو لە کاتی سووڕداندا هاوار بکا، هەروەها ئەو قسە خۆش و چپە دووانەی، کە لە کۆتاییی شـاییـیەکـەدا لە نێوانیـاندا ڕووی دا و وای کرد ئەو ئاڵۆزییە بەڕووی «ئینساف»ی حاجی ژنی خێزانییەوە دیار بێ..

هەموو ئەمـانە ئەو حەکایەتانەی بیر خستنەوە، کە بەدزییەوە لەبارەی

گەنجیی حاجی نەوفەل بەر لەتۆبەکردنی دەگێڕدرانەوە، کە چۆن خەریکی ڕابواردن و بەدووی سەماکەرانەوە بووە.

بووک و زاوا لەسەر حسێبی حاجی نەوفەل مانگی هەنگوینییان لە تورکیا بردە سەر، لەوێشەوە بەرەو شیکاگۆ فڕین، دەنانە ئەپارتمانێکی گەورەتری نوێی لە دەرەوەی بەشی ناوخۆیی خوێندکاران گرت. مەروە بەدڵسۆزی و پەرۆشییەوە پێی نایە ژیانێکی تازەوە، لە ناخەوە ویستی پیاوەکەی بەختەوەر بکا و ژیانی ڕێک بخات و پشتگیریی بکا، تا سەر بکەوێ و بگاتە لووتکە.. بەڵام ئەو وێنە گەشە، هەر لە چەند ڕۆژی یەکەمەوە خەوش و گەردی تێ کەوت. ئێستاش، دوای ساڵێکی تەواو لە شووکردن، مەروە بەتەنێ لە ماڵدا دەمێنێتەوە، ڕووداوەکان چون فیلمێکی سینەمایی بەمێشکیدا گوزەر دەکەن، بەتوندی سەرزەنشتی خۆی دەکا، چونکە لە سەرەتاوە ئەو هێما ڕوونانەی لە ئاکاری مێردەکەیدا بەدی نەکرد، یاخۆ ڕەنگە تێبینیی کردبن، لێ بۆ پاراستنی خەیاڵە گوڵینەکەی لە بیر خۆی بردبنەوە.. ئا ئەوەتانێ خەونەکان لە چیایەکی سەرکەشەوە دەکەونە خوارێ و بەر تاشەبەردی کەتوار دەکەون و وردە شووشە ئاسا هەپروون بە هەپروون دەبن و پەرشوبڵاو دەبنەوە!

ئاریشەکان لە قاتەکەوە دەستی پێ کرد.. دەنانە لە شاییەکەدا قاتێکی نایابی سپیی کەشخەی لە دیزاینی فرساچیی لەبەر کردبوو.. کەچی دوای شووکردنی، لە کاتی ڕێکخستنی جلەکانی دەنانەدا ئەو قاتەی لە دۆڵابەکەدا نەبینییەوە، زۆری پێ دڵگران بوو، وای بەبیردا هات لە فڕۆکەکەدا دزراوە، یاخۆ گوم بووە.. ئەودەمی دەنانە لە کۆلێج گەڕایەوە لێی پرسی، متەقی نەکرد و بەچاوێکی نەگریسانە و ڕاڕاوە لێی ڕوانی، پاشان چون شۆخی بکا، گوتی:

– ئەم قاتە دەستگیرۆیی ئەمەریکایی بوو!

زیاتر ڕوونی کردەوە، لەودەمەدا بۆ ئەوەی شڵەژانەکەی بشارێتەوە، وای نیشان دا دەیەوێ بەسەر پێکەنینەکەیدا زاڵ بێ، گوتی:

– سیستەمێک لە ئەمەریکادا هەیە مافی ئەوەت دەداتێ، هەر شتومەکێک دەیکڕیت ئەگەر لە ماوەی مانگێکدا لیستی نرخەکەت پێ دانەوە، ئەوا دەتوانیت شتوومەکەکەت بگەڕێنیتەوە.

– ئێستاش تێنەگەیشتم.. قاتی شاییەکە چی لێ هات؟

– هیچ. بیرم کردەوە من لە تەمەنمدا تەنیا شەوێکی لەبەر دەکەم (لە کاتێکدا نرخی تا بڵێی گرانە) بۆیە لیستی نرخەکەم لای خۆم پاراست، گەڕاندمەوە و پارەکەم وەرگرتەوە!

– ئاخۆ ئەمە بەجۆرێک لە فێڵکردن دانانرێ.. قاتێک بکڕێ و ژنی پێ بگوازێتەوە، پاشان بۆ دووکانەکەی بگەڕێنێتەوە؟

– کۆمپانیاکانی جلوبەرگ لە ئەمەریکا زەبەلاحن، بودجەیان بەملیۆنانە، نرخی قاتێک کاریان لێ ناکات.. خۆ ئێمە لە وڵاتێکی موسڵماندا نین.. پرسیشم بەزانایانی ئاینیی جێ بڕوا کردووە، ئەوانیش جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە لە لایەنی شەرعەوە ئەمەریکا بەخانەی کوفر دادەنرێ نەک بەخانەی ئیسلام، هەروەها ڕێسایەکی فیقهیی ناسراو هەیە پێویستیی ژیان حەرامەکان حەڵاڵ دەکا، بەم شێوەیە پێویستم بەپارەی قاتەکەیە، شەرعیش ڕێگەی ئەوەم دەداتێ بۆ دووکانەکەی بەرمەوە!

مەروە سەیری لە بیرکردنەوەی ئەو هات، خەریک بوو لێی بپرسێ «بەقسەی کێ ئیسلام فەرمانمان پێ دەدا ماڵی ناموسڵمان بدزین؟».. کەچی سەرەڕای ئەوەش ویستی پاکانەی بۆ بکا.. بەخۆی گوت: «دەبێ ئەوەم لە بیر بێ، کە ئەو وەکو بابم زەنگین نییە و بەڕاستی پێویستی بەپارەی قاتەکەیە»..

ئەم ڕووداوە بەسەرچوو و خەریک بوو لەبیری بکا، ئەگەر پاش ئەوە ڕووداوی دڵتەزێنی تری بەدوادا نەهاتایا. دەنانە دەستی بەپرتە و بۆڵە کرد،

کە مووچەی نێردەکەیان بەشی خەرجیی ماڵەوە ناکا، چەندین جار ئەمەی دووپات کـــردەوە، مــەروە پشـــتگوێی خـــست (وەڵامــێک بوو بەو ئاگادارکردنەوەیەی ناخی).. کەچی هێندەی نەبرد لە سووسەکردنەوە گۆڕا بۆ درکاندن، ڕاستەوخۆ لێی پرسی:

– دەکرێ مانگانە هەندێک پارە لە بابت قەرز بکەم.. کاتێک گەڕاینەوە میسر بیدەمەوە؟

بەبێدەنگی لێی دەڕوانی، ئەویش بەبێ شەرمییەوە درێژەی پێ دا:

– لە بەرابەردا دەتوانم لەســەر کاغەزێک ئیمـزای بۆ بکەم.. تاکو لە پارەکەی دڵنیابێ.

مەروە هەستی بەهێدمە کرد و حەقیقەتی پیاوەکەی تەنگی پێ هەڵدەچنی، کەچی (سەرەڕای ئەوەش) پێوەندیی بەباوکییەوە کرد و داوای یارمەتیی لێ کرد.. بۆچی؟.. ڕەنگە خۆی بەدەزوویەکی باریکی ئومێدەوە هەڵواسیبێت، بەڵکو لەو بێ هیواییەی ڕزگار بکا!..

هەوڵی دا بڕوا بەخۆی بێنێت، کە مێردەکەی لە تەنگانەدایە، چونکە لە وڵاتێکی غەریبدا دەخوێنێت سروشتییە ئەگەر بێ پارە بێ و پێی شەرم نەبێ داوای پارە لە باوکی بکا.

سەیری هاتێ کە باوکی وەک پێشبینیی کردبێ، داواکەی بەهێمنانەوە وەرگـرت و هەزار دۆلاری بۆ نارد، دەنانە هەمـوو سـەر مـانگێک چاوەڕێی دەکرد و بەبێ شەرم لە دەستی وەردەگرت، ئەگەریش دوا بکەوتایا پەلەی لێ دەکرد.. ئەوە پارەکە نەبوو مەروەی خستبووە دڵەڕاوکێوە، ئەو ئامادەبوو بەلەوەندەش زیاتر بەشـداریی مـاڵەوە بکا؛ چونکە بەشـێوەیەک پەروەردە کـرابوو، نموونەی ژنی ڕەسـەنی دەچەسـپـاند، کـە بەپارە و بەتوانایەوە پشتگیری لە مێردەکەی بکا.. لێ ڕێکەوت وای لێ کرد لە گیرفانی دەنانە حەواڵەی بانق بدۆزێتەوە، لەوەوە تێگەیشت پارەیەکی زۆر، دوور لە مووچەی

نێرده وەردەگرێ.. بۆیە خۆی نەگرت، تووڕەیی وەک تیژڕەویی پەڵە هەور لە ڕۆژێکی بەهەور و هۆڵدا بەرچاوی گرتبوو، لێی پرسی:

– بۆچی مووچەکەی دیت لێم شاردەوە؟!.. باشە بۆ وامان لێ دەکەی داوای پارمەتی لە بابم بکەین، مادامەکی پێویستمان نییە؟

دەنانە هەندێک شڵەژا، هێندەی نەبرد بوێرییەکەی بۆ گەڕایەوە و گوتی:

– بۆیە ئەو زیادەیەم پێ نەگوتی چونکە ڕێکەوتێک نەهاتە پێشەوە، هەروەها تۆ وەکو ژن لە لایەنی ئاینییەوە بۆت نییە مووچەی مێردەکەت بزانیت، دەتوانم بەڵگەی شەرعیت لەسەر ئەمە بۆ بێنمەوە.. هەرچی ئەو پارە کەمەیە، کە بابت بۆمانی دەنێرێ، من وای دەبینم شتێکی سروشتییە، چونکە یەزدانی مەزن بەسەریدا هەڵیڕشاندووە، هەرچی ئێمەین ئەوا ژیانی نوێمان دەست پێ دەکەین و دەبێ پاشەکەوتێک هەر بکەین.. پاشەکەوتیش چاکەیەکی گەورەیە، بۆیە پێغەمبەری مەزنمان (د.خ) هانمان دەدا ئەو چاکە گەورەیە بکەین.

هەڵبەت ئەمجارەیان قەناعەتی نەهێنا، ئەوەشی بۆ دەرکەوت، کە ڕژدییەکەی وەکو قرچەی گەرمای چلەی هاوین بەرچاوە. هەروەها دیقەتی ئەوەشی دابوو ئەگەر پارەی شتێک بدا چۆن دەموچاوی تێک دەچێت، ئەو کاتی پارەکەی دەژمێرێ و بەشێنەیی دەیخاتە جزدانەکەیەوە وای دەپەستێتە گیرفانی ژوورەوە، دەڵێی بۆ یەکجاری دەینێژێت، ئیتر ئارامی لەبەر دەبڕێ.. هێواش هێواش گومانی تۆقێنەر دەیگرتەوە.. ئەو زۆر لە کەسوکارییەوە دوورە، زەریای ئەتڵەنتی و دەیان هەزار کیلۆمەتر لێکیان دوور دەخاتەوە.. ئەو لە شیکاگۆ غەریبە و تەنیایە، کەس نایناسێ و کەسیش گرینگیی پێ نادات، ئەو ئینگلیزییە کەمەی دەیزانێ بەشی ئەوە ناکا لە شەقام لەگەڵ خەڵکیدا قسەی پێ بکات، لەو دوورەوڵاتییەش لە دەنانە زیاتر کەسی تری نییە.. داخۆ دەتوانێت پشتی پێ ببەستێت؟.. چی ڕوودەدات ئەگەر نەخۆش

کەوت، یاخۆ تووشی بوویەرێک هات؟.. ئەم کابرایەی ئەم شووی پێ کردووە هەرگیز بەتەنگییەوە نایەت، خۆ ئەگەر دە دۆلارێک زیانی پێ بگەیەنێت ئەوا تووڕی دەداتە دەرەوە!.. ئەمە ڕاستییەکەیەتی.. ئەو پیسکە و خۆپەرستە و تەنیا بیر لە خۆی دەکاتەوە.. نووکە لە هەموو کات پتر تێگەیشتووە، بۆچی ئەوی خواستووە، ئا ئەوەتانێ وا سامانەکەی دەدۆشێت، بێگومان ئێستا پلانی داناوە (دوای مردنی بابی) چۆن دەست بەسەر میراتییەکەیدا بگرێ، دووریش نییە لە ئێستاوە بەوردی حیسابی بۆ بکا!.. گرفتەکە تەنیا لە پیسکەیی، خۆپەرستییەکەیدا نییە، بەڵکو هەستێکی تری قێزەون هەیە ڕۆژانە لە بەینیاندا ڕەگ دادەکوتێت.. پرسێکی زۆر تایبەت، زۆریش بەگیرهێنە، مەروە ناتوانێ تەنانەت بۆ نزیکترین کەسی خۆی بگێڕێتەوە، بەڵکو تەنیا بەبیرکردنەوە لە شتی وا سەرزەنشتی خۆی دەکرد، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئازاری دەدا و ژیانی لێ تاڵ دەکرد.. ڕاستییەکەی.. ئەو ڕقی لە شێوازی سەرجێیی لەگەڵ مێردەکەیدا دەبووەوە، بەشێوەیەکی سەیر بۆی دەهات، بێ پێشەکی هەڵمەتی دەبردە سەر، جاری وا هەبوو لە ژووری نووستن سەیری تەلەڤزیۆنی دەکرد، یاخۆ لە گەرماو دەردەچوو، پری پیادا دەکرد، چون هەرزەکاران بەخزمەتکاری مالآنی دەکەن، ئاوا بەرەپبوونەوە خۆی بەسەردا دەدا، ئەو شێوازە ناپەسەندەی ئەو، ترس و دڵەڕاوکێ و هەست بەڕیسوایی کردنی لە لا دروست دەکرد، هەروەها بووە هۆی هەوکردنی پڕ ئازار لە گیانیدا.

شەوێکیان، ئاماژەی بەو ئێش و ئازارە دا و لە شەرماندا خۆی لە تەماشاکردنی ڕووی پاراست، کەچی ئەو بەگاڵتەجاڕییەوە خەنییەوە، بەشێوە بەخۆ نازینێکەوە گوتی:

– هەوڵدە لەسەری ڕابێیت، چونکە من بەسروشت بەهێز و توندوتیژم.. هەموو پیاوانی بنەماڵەکەم وان... خاڵێکم هەیە لەدوای هەشتا ساڵی ژنی

هێنا و منداڵیشی لێ کەوتەوە!

چونکە لێی نەگەیشت هەستی بەتێکشکان کرد، لە تواناشیدا نەبوو لەوە زیاتری بۆ ڕوون بکاتەوە. ویستی بەخوێندنەوەی ئەو بڕگە دڵگیرەی قورئان «وقدموا لأنفسكم» ئامۆژگاریی بکات، تا تێ بگات چی دەوێ، لێ شەرم و فەدی بەسەریدا زاڵ بوو و متەقی نەکرد..

دوای ئەوە سەرسام بوو کاتێک تەنیا دەبوون، هەوڵی دەدا، جۆرە چەورییەکی بۆن تیژی بەکار دەهێنا. ئەویش نەیهێشت، بەتوندی پاڵی ناو لە خۆی دوورخستەوە، لە جێیەکەی بازێکی دا و ڕقەکەی بەرامبەری زیاتر بوو.. بەهەر جۆرە پاساوێک بوایا لە دەستی ڕایدەکرد، تا شەوێکیان هێرشی بردە سەر و ئەویش بەتوندی بەرگریی لە خۆی کرد تا لە دەستی ڕای کرد، لەو دەمەی کە لە تاو کردن هەناسەبڕکێی پێ کەوتبوو، بەتووڕەییەوە شیراندی:

– کچێ مەروە لە خوا بترسە.. لە سزای یەزدانی مەزن ئاگادارت دەکەمەوە.. بەڕێککەوتنی هەموو زاناکان ئەمەی تۆ دەیکەیت شەرعەن حەرامە. پێغەمبەر (د.خ) ڕاستی فەرمووە وتوویەتی: ئەو ژنەی ناهێڵێ مێردەکەی لەگەڵیدا بخەوێ، تا بەیانی فریشتەکان نەفرەتی لێ دەکەن.

دەنانە پاڵ کەوتبوو ئەویش بەجلی نووستنەوە لە بەرابەریدا وەستابوو.

ڕقەکە دای گرتەوە بەچاوێکی پڕ لە قین و گاڵتەجارییەوە لێی ڕوانی، خەریکبوو بەرپەرچی بداتەوە و پێی بڵێت، ئاینی ئیسلام هەرگیز زۆر لە ژن ناکا لەگەڵ پیاوێکی بەدڕەفتاردا سەرجێیی بکا، پێغەمبەر دروودی خوای لێ بێ فەرمانی بەتەڵاقدانی ژنێک لە مێردەکەی دا، تەنیا لەبەرئەوەی خۆشیی پێدا نەهاتەوە...

بێزاری و وەڕسبوونی گەیشتە ڕادەیەک بۆ یەکەمین جار بیری لە تەڵاق کردەوە.. دەبا ئێستا تەڵاقی بداو لێی بگەڕێ بۆ میسر بگەڕێتەوە..

تەڵاقدانی گەلێک باشترە لەو شێوە ئەتککردنەی شەوانە دەیکات!

«ئێستا تەڵاقم بدە»... وا سەرنجی لەسەر ئەم ڕستەیە گیر کردبوو، وای بینی پیتەکانی لە بیرگەیدا نووسراون، لێ لەبەر هۆیەک (ویستی لێی بگا کەچی بێ سوود بوو) هەر هێندە ویستی بەرپەرچی بداتەوە و زاری هەڵهێنا تا ئەو ڕستەیە یەکلاکەرەوەیە دەربڕێ، کۆمەڵێک هەستی دژ بەیەک و پەنهانی وا دای

گرت، کە ناچاری بێدەنگییان کرد، پاشان چون بەدەم خەوەوە بێ خۆی بینییەوە بەئاسپایی لێی نزیک دەبێتەوە.. بەساردییەکەوە یەک یەک جلەکانی داکەندن، تا لە بەرامبەریدا بەڕووتی وەستا، کاتێک هەڵمەتی بردە سەر هیچ بەرگرییەکی نەکرد.. ئەو شەوە قۆناغێکی نوێ لە نێوانیاندا دەستی پێ کرد، وای لێ هاتبوو بەساردییەکی تەواوەوە خۆی دەخستە بەردەستی، چاوانی دەنووقاندن و بەرگەی قامچیی بۆن هەناسە قورس و بۆگەنەکەی و لینجیی جەستە دڵ تێکهێنەرەکەی دەگرت، ساتەکان بەقورسی و ئازارەوە تێدەپەڕین، بەسەر دڵ تێکچوونەکەیدا زاڵ دەبوو، تاکو ئاڵۆشی دابمرکێتەوە و بەهەناسەبڕکێ و شانازی بەخۆکردنەوە چون لە جەنگێکی سەربازیدا سەرکەوتنی بەدەست هێنابێ، لێی ڕادەکشا. ئەویش دەتگوت هەموو جەستەی لە ئەنجامی لێداندا تێکشکاوە، ڕوخساریشی دوای پێکگەیشتنەکەیان دەگۆڕا و خوێنی تیادا دەزا، دەتگوت ئاوساوە.. کەچی سەرەڕای شکستهێنانی لە بەرابەریدا لە جەنگە سێکسییەکەدا بەردەوام بەسووربوونەوە بیرۆکەی منداڵبوونی ڕەت دەکردەوە.. ئەویش زۆری لێ دەکرد و پێی لەسەر ئەوە دادەگرت، تا بەهەر شێوەیەک بێ قەناعەتی پێ بهێنێ منداڵێکی لە ئەمەریکا ببێ، پێی دەگوت:

– کچێ هەی گێژ و وێژ.

– تکایە بەم شێوازە قسە لەگەڵ مندا مەکە!

ڕووی وەرچەرخـــاند، بـەدڵڕاگــرتنـەوە لێی نـزیک بـووەوە و بەدەنگێک وەک فیشکەی مار بەگوێیدا چرپاند:

– چاوەکـەم گـوێ لە قسـە بگرە.. ئەگەر مـنداڵ بێنین ئەوا ڕەگـەزنامـەی ئەمـەریکایی پێ دەدەن. ئێـمـەش دوای ئـەوە یەکـسـەر بەدەسـتی دەهـێنین.. خـەڵکی دەیان هـەزار دەدەن، تـاکـو پاسـپـۆرتێکی ئەمـەریکاییـیـان دەست بکەوێ، کەچی تۆ لەقە لە بەختی خۆت دەدەی!

– ئەرێ تۆ لە دووبارەکردنەوەی ئەم قسانە بێزار نەبووی؟. ئێستا نامەوێ منداڵم ببـێت.. ناشـتـوانم تـەنیـا بۆ ئەوەی پاسـپـۆرتی ئەمـەریکاییم بدەنێ، منداڵ بێنم!

***

ئەو شەوە، مـەروە بەخۆ خـاوکردنەوەوە لەسەر قـەنەفەکەی ژووری گوزەران تەمـاشـای زنجیـرەیەکی تەلەفزیـۆنیی کـەناڵی ئـاسـمـانیـی میـسـری دەکرد، کــاتێک گــوێی لە زەنگی دەرگــا بوو، هــەســتی بەدڵەڕاوکێ کــرد، چونکە چاوەڕوانی هاتنی کەسی نەدەکرد. بەدوودڵییەوە هەستاو هەموو ئەو ئاگادار کـردنەوانەی لەسـەر کردنەوەی دەرگـا لە غـەریبـە لە شـیکاگۆ بـیسـتـبـووی بەمێشکیدا گوزەریان کرد.. چاوی بـەکونی سـەرەوەی دەرگاکەوە نا، بینی سەفوەت شاکر وەستاوە و دەگرژێتەوە، هێندەی نەبرد بەدەنگی بەرز گوتی:

– دوکتۆر دەنانە لە ماڵە؟

– لە ماڵ نییە.

– ببــووره خــاتوون.. من لە واشنـتــۆنەوە تـایبــەت بـۆ لای ئەو هـاتووم، بەداخەوە مۆبایلەکەشم تێک چووە... دەکرێ بێمە ژووری و چاوەڕوانی بم؟

بەرسڤی نەدایەوە. کەچی ئەو بەچیرە درێژییەوە گوتی:

– کارێکی گرینگم پێیەتی، دواخستن هەڵناگرێ.

سـەفوەت شـاکری دەناسی، زیاد لە جارێک لە ئاهەنگەکانی کونسوڵخـانەدا بینیـبووی و هـەرگیـز نـاچووە دڵیـەوە، وا دەهـاتە بەرچاوی کابرایەکی لووت بەرز و بەسامـە، لێ ئەوەشی دەزانی چەندێک مێردەکەی گرینگی پێ دەدات. چاری نەبوو، دەرکەی لێ کـردەوە و هـاتە ژوورێ. بەخدێی خۆی کەشـخە بوو، بۆنێکی گرانبەهای لێدابوو. تەوقەی لەگەڵدا کرد و لەسەر نزیکترین قەنەفەی ڕاڕاوەکەدا ڕۆنیشت. ئەویش دەرگای ئەپارتمانەکەی بەکراوەیی لێگەڕا و لە بەرامـبـەریدا دانیـشت. پێـوەنـدیی بەدەنانـەوە کـرد و هەواڵی دایـێ، ئەویش دڵنیـای کـردەوە کە هـەر ئێسـتاکانێ دێتـەوە.. هیـچ نەبێ دەبێ خـزمـەتی بکا، پیـاڵەیـەک چایی بۆ کـرد، بەکـارامـەیی دەرگـای هـەوڵەکـانی بۆ قـسـەکـردن لەگەڵیدا بەڕوودا داخست.

هـەرکـە دەنانە هـاتەوە یەکسـەر ئەم چووە ژوورەکەی خـۆی.. ڕاسـتی دەنانە هیچ بایەخێکی پێ نەدا، هەمـوو بیـر و هۆشی لای مـیـوانە گەورەکەی بوو.. بەهـەناســەبـڕکــێــوە بەپـڕتاو هـاتە پێــشـێ تـا خــێــرهاتنی بکا، ڕەنگە هـەناســەبڕکـێکەی لـەبەرئەوە بووبێ تـا بیـسـەلمێنێت بەغـاردان هـاتووەتەوە. بەزەردەخەنەیەکی مەرایيکەرانەوە گوتی:

– بەخێرێی گەورەم.. شیکاگۆ ڕووناک بووەوە!

– بمبوورە کە بێ ئەوەی هەواڵت بدەمێ هاتم.

– جەنابتان هەر کات بێن مایەی سەربەرزییە.

– تکام وایـە لە خـانم داوای لێـبـووردن بـکەیت لەسـەر ئەو وەڕسـیـیـەی تووشم کرد.

– بەپێچـەوانەوە گەورەم.. مـەروە بەهـاتنـی جـەنابتـان خـۆشـحـاڵە، چونکە دەزانێ پایە و ڕێزی تۆ لای من چەندە!

سـەفوەت پشتی لە قەنەفەکە کێشایەوە و گوتی:

– ئەو بابەتەی من بۆی هاتووم تا بڵێی گرینگە..

– خێر ئیشاڵڵا!

– جارێک هەندێ پرسیارم هەن.

– لە ژێر فەرمانتدام.

– لە بەشەکەتاندا میسریی قپتیتان هەن؟

– بەشی هیستۆلۆجی قپتیی تێدا نییە.. ئەوان لە بەشەکانی هەناو و نەشتەرکاری و فسیۆلۆجیدان.. مەڵبەندی پزیشکی لە زانکۆی ئەلینۆی تەنیا حەوت قپتی تێدان، هەموویان دەناسم.

سەفوەت کاغەزێکی پێچراوی لە گیرفانی چاکەتەکەیدا دەرهێنا، بەئاسپایی هەڵی پچراند و بۆ دەنانەی درێژ کرد، ئەویش لێی وەرگرت و بەگرینگی پێدانەوە خوێندییەوە، پاشان تووڕەیی ڕوخساری داگرت و گوتی:

– درۆی هەڵبەستراون!

– ئەمە یەکێک لەو بەیاننامانەیە، کە هەفتەی ڕابردوو دابەش کراون.. لای خۆت بیپارێزە و بەشێنەیی بیخوێنەوە.. چالاکیی قپتییەکانی هەندەران بەشێوەیەکی وەڕسکەرانە لە زیاد بووندایە، بەبێ شەرمانە هێرش دەکەنە سەر میسر و جەنابی سەرۆک.. مخابن دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا گوێیان لێ دەگرن!

– گشتیان خاینن، بەکرێگیراون و پارە لە ئیسرائیلەوە وەردەگرن!

سەفوەت شاکر ساتێک سەری کز کرد، پاشان بەشێلگیرییەوە گوتی:

– ئیسرائیل تەنیا پێوەندیی بەیەک ڕێکخراوەوە هەیە.. زۆربەی ڕێکخراوە قپتییەکان بەتەنێ کار دەکەن و پشت بەکۆمەکی خۆیی دەبەستن.. ئەوان هێرش دەبەنە سەر حکوومەت، تاکو هەندێک دەستکەوت بۆ قپتییە میسرییەکان بەدەست بهێنن.

– نابێ شتی وابێت گەورەم.. میسر ناچێتە ژێر باری دزی و فزییەوە، هەروەها پەنابردن بۆ دەرەوە ناپاکییە.

دەنانە چون وانە بڵێتەوە ئاوا بەپەلە بەرپەرچی داوە.. سەفوەتیش سەری ڕەزامەندیی لەقاند، پاشان بەدەنگێکی شێلگیرانەوە پرسی:

– چی لەبارەی کەرەم دۆسەوە دەزانیت؟

– نەشتەرکاری دڵە.. ملیۆنێرە، لە کۆشکێکی نایاب لە ئۆک پارکدا نیشتەجێیە.. یەکێک لە سەرکردە قیتییەکانی هەندەرانە.

– ڕاپۆرتێکی درێژم لەبارەیەوە بۆ بنووسە.

– لە ژێر فەرمانتدام.

– زانیاریی سەرتاسەریم دەوێت، لەگەڵ هەڵسەنگاندنی ڕەوشەکە.

– بەڵێ.

– هەرچی ئەو هەتیوەیە، ناجی عەبدلسەمەد.. بەرپرسانی ئاسایشی دەوڵەت دانەیەکی دەقاودەقی دۆسێکەیان بۆ ناردووم.. وریای بە، چونکە توخمێکی ئاژاوەگێڕە!

دەنانە چون گاڵتەی پێدا بێت، لە قاقای پێکەنینی دا و گوتی:

– ناجی نائومێدە.. من لە میسر دەمناسی... بەرنامەیەکم بۆ داناوە دڵنیام بەدڵی جەنابتان دەبێ!

بۆ چەند ساتێک متەقیان نەکرد، پاشان سەفوەت هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی:

– ئێستا.. با بێینە سەر گرینگترین بابەت.

دەنانە جگەرەیەکی گڕ دا و لەو دیو چاویلکەکەیەوە بەوردی نیگای سەفوەتی کرد، کە بەدەنگی نزمەوە گوتی:

– خـوا یار بـێ جـەنابی سـەرۆک دوای دوو مـانگی تر سـەردانی ئەمــریکا دەکات. هاتنەکەی زۆر گرینگە، لە کاتێکدا دێت تا بڵێی دۆخەکە هەستیارە و لە سەرمانە باش خۆمانی بۆ ئامادە بکەین.. کاتمان لەبەردەمدا نەماوە، هەر هەڵەیەکیش لای ئێمەوە بێ کارەسات دەقەومێت.

– جەنابتان هێڵی ڕۆیشتنەکەی دەزانن؟

– هێـڵی تێپـەڕبوونی تا دواسـات ڕاناگەیـەنرێ.. هەندێک جـاریش لە پڕ لەبەر هۆکاری ئەمنی دەگۆڕێ.. لێ من بەڕێگەی خۆم زانیم جـەنابی سەرۆک سـەردانی واشنـتۆن و نـیـویۆرک دەکـا و دواتر بۆ شـیکاگۆ دێ.. بێگومـان بەڕێزیان چاوی بە نێرراوەکان دەکەوێ.

– سـەردانی جـەنابی سـەرۆک جـەژنێکی نیـشـتـمـانیـیـە بۆ هەمـوو نێرراوەکان!

– دەنانە تۆ زۆر زیرەکیت و دەزانیت هەر سـەردانێکی جـەنابی سـەرۆک ڕەنگە ژیانمـان بگۆڕێ.. دوور نیــیــە دوای ئـەوە بگەمــە وەزارەت، یانیش خانەنشین بکرێم!

– گەورەم بەپەنای خوا بۆ وەزارەتە.. وەلێ بۆ ئەمانەت لە بیرم نەکەی.

سـەفـوەت شاکر خـەنییـەوە، دیاربوو زەوقی تەواو بوو، هەسـتـا بڕوا، بەڵام دەنانـە زۆری لێ کـرد تـا بۆ خـواردنـی شـێـوان بمێنێـتــەوە، خــەریک بوو دەپاڕایەوە:

– سـەفـوەت بەگ.. تکات لێ دەکـەم.. لەم شـانازییـەم بێبـەری مـەکـە.. کە پێکەوە شام بکەینەوە.

– لە کونسوڵخانە چاوەڕێم دەکەن، دەبێ هەر بڕۆم.

– گــەورەم هـەر هـیچ نـەبێ بەســەرپـێــوە پارووییەک بخـــۆن و ئـەوجــا لە ئەمانەتی خوادا بی.

دەنانە بەغار چووە ژوورەوە، دوای چارەکە سەعاتێک مەروە بەخۆی و قاپەکانیەوە بەدەرکەوت، سەفوەت بەبزە و چاوی پشکنینەوە تەماشای کرد:

–جارێکی دیش داوای لێبووردن دەکەم خانم، کە وەڕسم کردی!

مەروە چون بێزارییەکە ڕەت بکاتەوە، هەندێک لێوی جووڵاند، لێ ڕوخساری خۆش نەبوو، ئەمەش وای لە دەنانە کرد چەند جارێک بەمەبەستی ئاگادار کردنەوەی چاوی تێ ببڕێ.. دەمێ بێ هیوا بوو لەوەی ژنەکەی ڕووی بەلایدا بکا، جارێکی تریش سەفوەتی بەخێر هاتن کردەوە.. مەروە وەرسووڕا تا بڕوات.. سەفوەت بەبوێرییەوە لێی پرسی:

– چییە دەڵێی نانمان لەگەڵدا ناخۆی؟

وەک ئەوەی چاوەڕوانی ئەو پرسیارە بووبێ، بلەز بەرسڤی دایەوە:

– پێش تۆزێک نانم خوارد.. جەنابت بفەرموو، نۆشی گیانت بێ.

دەنانە لەسەر خوانەکە لە بەرابەر سەفوەت دانیشت، ئەویش جانتاکەی کردەوە، بوتڵێکی بچووکی وێسکیی مینیاتۆری دەرهێنا..

– دەکرێ هەندێک سەهۆڵم بۆ بێنی؟

لە چاوتروکانێکدا دەنانە سەهۆڵی لەگەڵ پەرداخێکی گەورەی بەتاڵدا هێنا، سەفوەت ئەو کاتی ویسکێکەی تێ دەکرد، بەزمانی لێبووردنەوە گوتی:

– ئەم نەریتەم، کە پێکێک لەگەڵ خواردندا بخۆمەوە، لە سۆنگەی چەندین ساڵ مانەوەم لە ڕۆئاوا بۆ ماوەتەوە.

– گەورەم، جەنابت هێندە خۆت لە کارەکەتدا ماندوو دەکەی، لە سەرووی توانای مرۆڤەوەیە.. مافی خۆتە بێ دڵیی خۆت نەکەی..

سەفوەت لەودەمی قومی لە ویسکییەکە دەدا بزەیەکی سەنگینی کرد، بەئارەزووەوە نانی خوارد، پاشان هەڵستا تا بڕوات، دەنانە تا بەردەرکە ڕەوانی کرد، لە نێوانیاندا قسە و باسێکی گەرم لەسەر ئەوە کرا، کە ڕۆژانی

داهاتوو چی بکەن. دەنانە وەستا تا بەچاو گەورەکەی بەڕێ بکا، هەتا لە ئاسانسەرەکەدا ون بوو.. ئاهێکی هەڵکێشا و چووە ژوورەوە، دەرگاکەی لە دوای خۆی داخست، چون لە فیلمی ئەندێشەی زانستیدا ڕوخساری پاڵەوان لە خێرەوە بۆ شەڕ دەگۆڕێت، دەموچاوی دەنانە لەگەڵ برینی ژوورەکەدا پەیتا پەیتا دەگۆڕا.. هەینێ گەیشتە ژووری نووستنەکە، خەشم و تووڕەیی بەسیمایەوە دیاربوو، بەتوندی دەرکەی کردەوە، ژنەکەی لەسەر جێیەکە ڕاکشابوو.. وەکو هەورە تریشقە گرماندی:

– بەوپەڕی بێ زەوقییەوە لەگەڵ کابرادا جووڵایتەوە!

مەروە بەهێمنی باگۆی داوە:

– ئەو خۆی ئوسووڵ نازانێ.. چۆن دێتە ژوورەوە بۆ ماڵەکەت و تۆش لە ماڵ نیت؟

– کارێکی زۆر گرینگی پێم بوو.

– دەیتوانی نامەیەکت بۆ جێبهێڵێ.

– شتەکە زۆر لەوە گرینگترە.

– من هەوەسم پێیدا نایەتەوە.

– دەزانی سەفوەت شاکر کێیە؟

– هەر کێیەک بێ.

– سەفوەت شاکر بەرپرسی هەواڵگرییە لە باڵیۆزخانەی میسری و گەورەترین کەسە.. لە باڵیۆز خۆی گرینگترە... بەڕاپۆرتێک بۆ حەلحەلەی ئاسمانم بەرز دەکاتەوە، یاخۆ بەیەکجار دواڕۆژم تێک دەدا!

مەروە وەک یەکەمین جار بێ بیبینێت، قەیرێک لێی ڕاما و گوتی:

– پلەوپایەی هەر چییەک بێ مافی ئەوەی نییە بێتە ماڵەکەت و خۆتیش لە ماڵ نەبی.. هەروەها ڕازیش نیم ماڵەکەم ببێتە مەیخانە.

– ڕێگەت نادەم دوارۆژم تێک بدەیت.. ئاگادارت دەکەمەوە. ئەگەر جارێکی تر هاتەوە و بەو شێوە نەشیاوە لەگەڵیدا بجووڵێیتەوە، ئەوا هەموو شتێک لە نێوانماندا کۆتاییی دێ.

– چەندە بەئومێدم ئەو کۆتاییە بێ، لەسەر ئاگر چاوەڕوانیم.

ئاوای گوت و بەهاندانەوە تەماشای دەکرد، ئەویش شیراندی بەسەریدا:

– هەڵەی منە، کە کچم لە خێزانێکی نەزان خواست!

– ڕێگەت نادەم سووکایەتی بەکەسوکارەکەم بکەی.

– ئەمە سووکایەتی نییە.. ڕاستییە!

– ڕێزی خۆت بگرە!

– حاجی نەوفەلی بابت خوێندەوارە، یا نەخوێندەوار؟

– زرووف ڕێگەی پێ نەدا بخوێنێت، لێ تێکۆشا و بەباشترین شێوە پێی گەیاندین و فێری کردین.

– بەڵام تا ئێستاش هەر نەزانە.

– ئەو باوکە نەزانەی کە بەدڵی تۆ نییە، ئەوە خەرجی ماڵەکەت دەکێشێ.

دەنانە دەستی هەڵبڕی و تا توانی زللەیەکی بەبنا گوێیدا کێشا و وای لێ کرد بەلادابێ، ئەویش پەلاماری دا کراسەکەی گرت و قیژاندی:

– لێم دەدەی؟!.. تاقە ڕۆژێک چییە لەگەڵتدا ناژیم.. هەر ئێستا تەڵاقم بدە.. دەی!

٩

دوای سی ساڵ تا ئێستاش ئەو شەوەی باش لە یادە!

ناچار بوو نۆبەی کارکردنەکەی لە "قصر العینی" جێبهێڵێ و بۆ لای بچێ، هێـزەکـانی ئاسـایش بەتەواوی ئابڵـووقـەی زانکۆی قـاهیـرەیان دابوو و نەیاندەهێشت کەس بچێتە ژوورەوە، یاخۆ دەربچێ. لە نێوان پردی زانکۆ و دەروازەکەیدا چەندین بەربەستی ئاسایش ڕایان گرت، هەمان پرسیاریان لێ کرد، ئەویش هەمان وەڵامی دانەوە. لە دوا بۆسەدا ئەفسەرێک بەپلەی سەرهەنگ وا دیار بوو فەرماندەی هێزەکە بێ، ڕوخساری شەکەت و ماندوو و جـووڵانەوەکـانی تووڕەییـیـان پێـوە دیاربوو، جگەرە لە دوای جگەرەی دەکێشا.. پەڵە دووکەڵێکی لە جگەرەکەیەوە دا بەبایا، دوای ئەوەی تەماشای ناسنامەی پزیشکییەکەی کرد، کە پێی بوو، گوتی:

– چیت دەوێ دوکتۆر؟

– کیژێکی خزمم لەو مانگرتنەدایە.. هاتووم بیبەمەوە بۆماڵی خۆیان.

– ناوی؟

– زەینەب ڕەزوان.. کۆلێجی ئابووری.

ئەفسـەرەکە بەنیگایەکی پسـپـۆڕانەوە تەماشـای کـرد، وەک ئەوەی لە ڕاستیی قسەکەی دڵنیابێ، گوتی:

– ئامـۆژگـاریی ئەوەت دەکـەم بەپەلە بیبـەیتـەوە.. گـەفـمـان پێ داون

مانگرتنەکە هەڵوەشێننەوە، کەچی سوورن لەسەر ئاژاوەگێڕی.. لە چەند ساتێکی تردا ڕێنوێنیمان بۆ دێ تا هێز بەکاربهێنین.. ئەو کات بێ بەزەییانە لێیان دەدەین و گشتیان دەگرین.

– تکام لە جەنابت ئەوەیە کە بزانی ئەوانە لاوی خوێنگەرمن و لە پێناوی وڵاتەکەیاندا تووڕەن.

– ئێمەش میسریین و نیشتمانپەروەریشین، کەچی مان ناگرین و وێرانکاری ناکەین!

– ئومێدەوارم جەنابتان بەچاوی باوکەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن.

– نە باوک و نە دایک.. من ڕێنوێنییەکان جێبەجێ دەکەم!

بەم شێوەیە ئەفسەرەکە چون بەرهەڵستیی هاوسۆزیی ناخی بکا شێراندی، پاشان دوو هەنگاو کشایەوە و بەدەستی ئاماژەی کرد، سەربازەکان جووڵان و ڕێگەشیان بۆ ئەو کردەوە.

زانکۆ تەواو تاریک بوو، سەرمای ڕێبەندانیش ئێسقانی دەسمی، ئەویش پاڵتۆکەی داخست و دەستی پەستایە گیرفانییەوە.

لافیتە و ڕۆژنامە دیوارییەکان باڵەخانەکەیان گرتبووەوە، لەبەر تاریکی دیار نەبوو چییان لەسەر نووسراون، جگە لەو وێنە گەورەیەی ئەنوەر سادات نەبێ نێرگەلەی دەکێشا!.. سەدان خوێندکاری بینی لەسەر گیایەکە، یاخۆ لەسەر پایەی پلیکانەکان دانیشتبوون، زۆریان نووستبوون، هەندێکیان جگەرەیان دەکێشا و قسەیان دەکرد، هەندێکیشیان گۆرانییەکانی شێخ ئیمامیان دەچڕی.. ماوەیەک بەدوویدا گەڕا تاکو دۆزییەوە، لە بەرامبەر هۆڵی کۆبوونەوەکان وەستابوو، بەپەرۆشەوە لەگەڵ چەند خوێندکارێکدا گفتوگۆیان بوو.

لێی نزیک بووەوە و گازی کرد، بۆ لای هات، بەو شێوازە گەرمەی، کە

هەرگیز لە بیری ناکا بانگی کرد:

- بەخێربێی.

بەکورتی بەرپەرچی دایەوە:

- ماندوو دیاری.

- من باشم.

- دەمەوێ لەگەڵمدا بێیت.

- بۆ کوێ؟

- بۆماڵەوەتان.

- هاتوویت دەستم بگری و بمبەیتەوە بۆ لای دایە؟!.. دەتەوێ پێیەکانم بشۆم و شیرەکە بخۆم، تاکو بمخەیتە ژێر جێگەوە بانم بدەی و بەر لە نووستن مەتەڵم بۆ بگێڕیتەوە؟!

لە گاڵتە پێکردنەکەی زانی کارەکەی هێند ئاسان نییە.. بەگلەییەوە تەماشای کرد و بەدەنگێکی یەکلاکەرەوەوە گوتی:

- ڕێگەت پێ نادەم ئازار بەخۆت بگەیەنی؟

- ئەمە مافی خۆمە.

- تۆ بەتەواوی چیت دەوێ؟

- من و هاوەڵەکانم داواکاریی دیارکراومان هەن.. مانگرتنەکە ناشکێنین تاکو جێبەجێ دەکرێن.

- ئێوە وا دەزانن جیهان دەگۆڕن؟!

- میسر دەگۆڕین.

- میسر بەخۆپیشاندان ناگۆڕێ.

- ئێمە گوزارشت لە هەموو میسرییەکان دەکەین.

– ورێنە بەسە.. خەڵکی لە دەرەوەی زانکۆ ئاگایان لە ئێوە نییە.. زەینەب.. لەگەڵمدا وەرە.. ئەفسەرەکە پێی گوتم دەتانگرن.

– چییان لە دەست دێ با بیکەن.

– حەز دەکەی سەربازەکان تێت هەڵبدەن و بەزەویدا ڕاتکێشن؟

– چی ببێت هاوکارەکانم جێ ناهێڵم.

– دەترسم شتێکت لێ بکەن.

بەبێ ئارامییەوە وای بەگوێدا چرپاند، ئەویش نیگایەکی گاڵتە ئامێزی تێ بڕی، پاشان بەهێوری وەرچەرخاو گەڕایەوە لای هاوکارەکانی، دەستی بەقسەکردن لەگەڵیاندا کردەوە و بەتەواوییش ئەوی فەرامۆش کرد.. قەیرێک لە شوێنی خۆی وەستا و تەماشای دەکرد، دوایی بەتووڕەییەوە ڕۆیی و لە مێشکی خۆیدا گوتی ئەو کچە شێتە دەستی ئەم نادات، خۆ ئەگەر بیخوازێ ئەوا ماڵەکەیان دەبێتە مەیدانی جەنگ.. لە خۆبایی و ڕەگەنیزە، ئێستاش بەبێ شەرمانە و بێ باکانە مامەڵەی لەگەڵدا کرد.. ئەم ئاگاداری کردەوە، کەچی ئەو سووربوو لەسەر بێ مێشکییەکەی.. چاوی دەردەهات با سەربازەکان تێری بکوتن.. با بەزەویدا ڕایکێشن، با ئەتکی بکەن. ئیدی لەمەودوا هیچ سۆزێکی بەرابەر نابێ، ئەو بەخۆی ئەم چارەنووسەی هەڵبژارد. بەوپەڕی ماندوویی و شەکەتییەوە چووە سەر نوێنەکەی، وەلێ چاوی نەدەچووە خەو. تا بانگی بەیان ئەمدیو و ئەودیوی کرد، هەستا چووە گەرماوەکەوە، جلەکانی لەبەرکردن و بۆ زانکۆ گەڕایەوە، زانی سەربازەکان خۆیان بەژووردا کردووە و خوێندکارەکانیان گرتوون، هەوڵێکی زۆری دا تاکو پێوەندیی بەکەسوکارییەوە بکا، هەر چۆنێک بوو توانی دوای نیوەڕۆ لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایش سەری لێ بدا.

ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، لێوی سەرەوەی ئاوسا بوو، دەوروبەر برۆی چەپ و ئەنیەی شین بووبوونەوە.. دەستی درێژ کرد بەدەموچاویدا هێنا و

بەغەمبارییەوە لێی پرسی:

– ئێشی هەیە؟

بلەز وەڵامی دایەوە:

– هەموو میسر بریندارە!

دوای ئەم هەمـــوو ســـاڵە تا ئێـــســـتـــاش زەینەب ڕەزوانی لە یادە، ڕاسـتـیـیـەکـەی ڕۆژێک تێنەپەڕیوە بیـری لێ نەکاتەوە.. وێنە کـۆنەکـان بەڕوونیـیـەکی سـەیر بەمـێـشکیـدا دەهـاتن، تاڤگەی بیـرەوەرییـەکـان چون نەفرەجایەک بێ و لە ئافتاوەی جادووییـیەوە دەرچووبێ، سەر هەڵدەداتەوە و تێکی دەشکێنێت. ئەوەتا بەباڵا کورتەکـەی و ڕوخسـارە جوان و قژە ڕەشـە درێژەکەیەوە، کە لە شێوەی کلکی ئەسپ دەیبەست، لە بەردەمی ڕاوەستاوە، چاوەکانی بەشێلگیرییەوە دەدرەوشێنەوە، بەشێوەیەکی ئەفسووناویی خەون ئاراوە چون چامـەی ئەوین بخـوێنێتـەوە، ئاوا لەبارەی مـیسـرەوە قسـەی بۆ کرد:

– وڵاتەکـــەمـــان زۆر مـــەزنە ســـەلاح، کـــەچی زۆری ســـتـــەم لێ کـــراوە.. میللەتەکەمان توانای لەبن نەهاتووی هەیە.. ئەگەر دیموکراسی بەدی بێ، ئەوا لە دە ساڵ کەمتر میسر دەبێتە وڵاتێکی پێشکەوتووی بەهێز.

گــوێی بۆ ڕادێرابوو، بەهەند وەرنەگــرتنەکـــەی بەبزەیەکی بێ لایەن شاردەوە. چەندێک کۆشا کێشی لای هەڵوێستی خۆی بکا، کەچی ئەو تەقەی سەری دەهات.

لە جـــەژنی لە دایکبـــوونیـــدا زەینەب کـتـێـبی (التـــأریخ الکامل)ی عەبدولڕەحمان جەبەرتیی پێشکێش کرد.. گوتی:

– هەموو ساڵێک بەخۆشی.. ئەم کتێبە بخوێنەرەوە تا زیاتر لێم بگەی.

کـەمـێکی لە کـتـێبـەکـە خـوێندەوە و بێـزار بوو، بەدرۆ پێی گـوت تەواوی

کـردووه.. حــەزی بەدرۆ نـەدەکـرد، بەدەگــمــەن پـەنای بۆ دەبـرد، لێ تەنیـا لەبـەرئەوەی بوو نەیدەویست تووڕەی بکا.. دەیویست لە باشـتـرین دۆخـدا بیـهێڵـێتـەوە.. کاتێک کـەیفی باش بووایا، ئەوا زەردەخـەنەکەی بـریسکەی دەهاتێ و ڕووشی دەکرایەوە.. لە کاتی بێگەردییە دڵگیرەکەیدا لە باخچەی ئۆرمان بەتەنیشت یەکەوە دادەنیشتن و زەینەب کتێبەکانی لەسەر کورسییە مـەڕمـەڕ سپـییە خـڕەکە دادەنان، چەندین کاتژمـێر تێدەپەڕین بێ ئەوەی هەست بکەن، دەئاخـاوتن و خـەونیـان بەئایندەوە دەبینی، چپـە دوویان بوو، سەلاح لێی نزیک دەبووەوە و بۆنی ئەو عـەترەی دەکرد، کە ئێستاش بەتوندی بەلووتیدا دێ، دەستی دەگوشی خۆی لار دەکردەوە و مـاچێکی لە ڕوومـەتی دەدزی، ئەویش نیگایەکی لە نێوان گلەیی و مـیــهـرەبانی لێ دەکـرد.. لێ خەونەکان چەند بەخێرایی تێدەپەڕن!..

ئەوە دوا دیمەنـە، هەزار جـاری دیش بیـری خـۆی دێنێـتـەوە، لەســەر هـەر پەیڤـێک و هـەر نیگایەک و هـەر سـاتێکی بێدەنگی هەڵوەستـەیـەک دەکا.. لە شـوێنەکـەی خـۆیان لە هەوارگـەی دڵان بوون، هەواڵی کـۆچکردنەکـەی پێ ڕاگـەیاند.. هـەوڵی دا بەئـارامی بمێنێـتـەوە، ویسـتی هەڵوێسـتـەکـە بۆ گفتوگۆیەکی لۆجیکی بگۆڕێ، کەچی کەوتە پێشیەوە و گوتی:

– تۆ هەڵدێیت!

– بەڵکو خۆم قوتار دەکەم.

– تەنیا باسی خۆت دەکەی!

– هاتووم بۆ ژیانە تازەکەمانت بانگ بکەم.

– هەرگیز وڵاتەکەم جێ ناهێڵم.

– بەیارمەتی خۆت بەسە دروشمبازی.

– دروشمبازی نییە، بەڵکو هەستکردنە بەئەرک، تۆ ناتوانی تێی بگەی.

– زەینەب!..

– بەسامانی ئەم گەلە هەژارە فێربووی، تاکو بوویتە پزیشک.. هەزار گەنجی میسری هەبوون ئاواتی ئەو شوێنەی تۆیان لە کۆلێجی پزیشکی دەخواست.. ئێستاش دەتەوێت پشت لە میسر بکەی و بۆ ئەو ئەمەریکایە بچیت، کە ئاتاجی تۆ نییە!.. ئەو ئەمەریکایەی سۆنگەی هەموو ماڵوێرانییەکانمانە.. ئەو کەسەی لە تەنگانەدا وڵاتی جێ دەهێڵێ و خۆی دەخاتە خزمەتی دوژمنانەوە، چ ناوێکی لێ دەنێی؟

– من فێری پزیشکی بووم و بەتوانای خۆم لە زانکۆدا جێی خۆم کردەوە، چونکە زیرەک بووم.. هەروەها زانست نیشتمانی نییە... زانست سەربەخۆ و بێ لایەنە.

– ئەو زانستەی ناپاڵمی دایە ئیسرائیل، تاکو دەموچاوی زارۆکانمان لە "بحرالبقر" ببرژێنێ.. نابێ بێ لایەن بێت!

– زەینەب وابزانم دەبێ ئێمە واقیع وەک خۆی ببینین کە هەیە، نەک ئەوی ئاواتی بۆ دەخوازین ببێت.

– قسە بکە فەیلەسووف!

– شکستمان هێنا و تەواو.. ئەوان زۆر لە ئێمە بەهێزترن، دەتوانن هەر کات بخوازن بمانهاڕن.

– ئەگەر وەک جەنابت بیر بکەینەوە، هەرگیز سەرکەوتن بەدەست ناهێنین.

ئەو سووکایەتی پێکردنە ورووژاندی، بەدەنگێک شیڕاندی ئەوانی ناو باخچەکە هەموو ئاوڕیان لێیان دایەوە:

– کەنگێ لەو وڕێنانەت بێدار دەبیتەوە؟.. بەهۆی دواکەوتن و هەژاری و چەوساندنەوە سەرکەوتنمان ئەستەمە.. چۆن بەسەریاندا سەردەکەوین، لە کاتێکدا ناکارین ئاسانترین جۆری مایکرۆسکۆپی تیشکدار دروست

بکەین؟!.. ئێـمـە گـشـت شـتـێک لە دەرەوە دەرۆزە دەکـەین، تەنانـەت ئەو چەکانەی بەرگریی خۆشـمـانی پێ دەکەین.. ئاریشـەکە لای ئەوانە نییـە کـە وەک منن، بەڵکو لای ئەوانەیە کـە وەک تۆن.. عەبدولناسـر وەکو تۆ لە خـەوندا دەژیا، تاکو ماڵوێرانیی بۆ هێناین..

دەنگیـان بەرزبووەوە و کـەوتنـە مشـتـومـڕێکی توندەوە، گـرژومـۆنی دای گرت، هەسـتا ئەو کتێبانە خڕ بکاتەوە، کە خـۆی لێدان و بەسـەر زەوییـەکەدا بڵاوبوونـەوە. لەو کـاتەدا قـژە ڕەشـە نەرمـەکـەی شـۆڕبـووەوە و ڕوخـسـاری داپۆشی، لـە پڕ بینـی چەندە قـەشـەنگ و جـوانـە، ئاواتی ئەوەی خـواست لە ئامێزی بگرێ و ماچی بکا.. هەر بەڕاست ویستی لێی نزیک ببێتەوە، کەچی ئەو بەجووڵەی دەستی دووری خستەوە، پێی گوت:

– لەمڕۆ بەدواوە ئیتر نامبینی!

– زەینەب!

– داخ بۆ ئەوە دەخۆم، کە زۆر ترسنۆک و جووڵەکەی!

ئای لـەو سـەرێشـە کـوشندەیە.. لە تەوقـی سـەرەوە دەست پـێ دەکـا و دەکشێ، دەڵێی سـوپـایەک مێرووڵەیە و دەیکرۆژن!.. ئێسـتـا خـەون دەبینێ، یاخـۆ ڕاسـتییە و ڕوو دەدات؟.. بریسکەی ڕووناکییەک بەهـۆشی هێنایەوە، خـۆی بینیـیـەوە لەسـەر کـورسـیـیـەکی درێژ لە نـۆرینگی پزیشـکی دەروونی ڕاکشـاوە، مۆسیـقـایەکی هێمنی بەرگوێ کەوت.. ڕووناکییەکەی دواوە کز بوو، دوکتۆرەکەیش بەتەنیشـتـییـەوە دانیشـتبوو بەئاگـەدارییـەوە چی دەڵێت تۆمـاری دەکـا.. چی بکات؟!.. چی بـۆ ئێـرەی هێنا؟... داخـۆ ئەم پزیشـکە ژیانی چاک دەکاتەوە؟.. ئای لەو بێ مانایییە.. ئەو چاک شارەزای ئەم جۆرە گـەنجـانـەیە.. ڕۆڵەی چینە مـامناوەنـدییـە بـاڵاکان، ئەوانـەی بەپارەی بابیـان دەخـوێنن و هەر کـە خـوێندن تەواو دەکـەن، دەبیـنن شـوێنیـان لە ترۆپکی کـۆمـەڵگەی ئـەمـەریکاییدا پارێزراوە.. ئـەوانە خـراپتـرین جـۆری خـوێندکـار

بوون، کـه ئـەم وانەی پێ دەوتنەوە.. نەزان و تـەمــبــەڵ و لووت بـەرز.. ئەمــە یەکێکیانە:

جـەسـتـەیـەکی توندوتۆڵ و بەرچاو، ڕوویەکی پاراو و نیگایەکی بێ خـەم.. ئەم منداڵۆکەیە چی لەبارەی ژیانەوە دەزانێ؟..

ئەوپەڕی ئازار کە پێی گوت ئەوەیە و کە لە دوای یاریی سکواش تووشی دێ!.. دوکـتـۆر بزەیەکی پیـشـەییی دروسـتکراوی بۆ کـرد و چون ڕۆڵێکی سینەمایی بگێڕێ، پێنووسەکەی هەر بەدەستەوە بوو، گوتی:

– زیاتر لەسەر زەینەبی خۆشەویستت قسەم بۆ بکە.

– هیچم پێ نەما بیگێڕمەوە.

– تکایە یارمەتیم بدە، تاکو یارمەتیت بدەم.

– من بەهەموو توانامەوە هەوڵ دەدەم.

دوکتۆر لەو کاتی سەیری کاغەزەکانی بەردەمی دەکرد، گوتی:

– چۆن لەگەڵ کریسی ژنە ئەمەریکاییتدا پێک گەیشتن؟

– بەڕێکەوت.

– لە چ شوێنێک؟

– لە بار.

– کام بار؟

– ئەم خاڵە ئەوەندە گرینگە؟

– زۆر.

– لە باری زگورتییەکان بینیم.

– لەوێ چی دەکرد؟

– کرێکار بوو لە دووکانێک.

– توورە مەبە لە قسەکانم.. بناغەی چارەسەری تۆ ڕاستییە.. ئاخۆ کریست بۆ ئەوە خواست تاکو ڕەگەزنامە بەدەست بهێنی؟

– نا.. خۆشمدەویست.

– شووی کردبوو؟

– تەڵاق درابوو.

دوکتۆر بێدەنگ بوو.. چەند وشەیەکی لە کاغەزەکان تۆمار کرد، پاشان ناگەهان نیگایەکی سەیری تێ گرت و گوتی:

– سەڵاح.. من مێژووەکەت بەم شێوەیەی خوارەوە دەبینم:

تۆ ویستت ڕەگەزنامەی ئەمەریکایی وەرگریت، چوویتە مەیخانەی ڕەبەنانەوە و ئافرەتێکی کرێکاری کڵۆڵت دەستنیشان کرد، تەڵاقدراو و بێکەس.. بەسێکس کردن لەگەڵیدا کۆنترۆڵت کرد، تاکو شووی پێ کردی و ڕەگەزنامەی پێ بەخشیت.

– من هەرگیز ڕێگەت پێ نادەم وا بڵێی!

دوکتۆر سەڵاح وای شیراند لە توورەییاندا پیشی دەخواردەوە، کەچی دوکتۆر وەک گوێی لە هیچ نەبووبێ قسەی دایە بەرقسە:

– گرێبەستێکی ماقووڵ و دادپەروەرانەیە.. دوکتۆرێکی فرە ڕەنگی عەرەب ماڵ و ناوی خۆی دەبەخشێتە ژنە کرێکارێکی سپیی هەژاری ئەمەریکایی و لە بەرامبەردا پاسپۆرتێکی ئەمەریکایی وەردەگرێ!

دوکتۆر سەڵاح هەڵسا و بەپیشخواردنەوە گوتی:

– ئەگەر بەم بێ ئابڕووییەوە لەگەڵم دەدوێی، ئەوا من چارەسەری تۆم ناوێ.

دوکتۆر بزەیەکی هاتێ و چون گەڕابێتەوە دۆخی سروشتیی خۆی بەتۆنێکی لێبووردنخوازانەوە گوتی:

– بمبووره.. تکام وایه لێم نەگریت.. تەنیا ویستم لە شتێک دڵنیا بم.

سەرلەنوێ لە کاغەزەکانی نووسی پاشان پرسی:

– وتت لەگەڵ ژنەکەتدا تووشی بێ توانایی سێکسی بوویت؟

– بەڵێ.

– لە کەیەوە؟

– سێ مانگە.. ڕەنگە کەمێک زیاتریش بێ.

– توانای سێکسیت پلە بەپلە لەدەست دا، یان بەیەکجار؟

– بەیەکجار.

– بەوردی باسی ئەوەم بۆ بکە بەرلەوەی سێکس لەگەڵ ژنەکەتدا بکەیت هەست بەچی دەکەی؟

– هەموو شتەکان بەئاسایی بەڕێوە دەچن، کەچی لە پڕ هیچ زەوقم نامێنێ و ساردەوە دەبم.

– هۆی ئەمە چییە؟

– ئەگەر بمزانییایە بۆ لات نەدەهاتم!

– ئەوەم بۆ وەسف بکە چۆن هەستت دەگۆڕێ؟

– شەهوەت ڕێ لە وردەکارییەکان دەگرێ.. ئەگەر وردەکارییەکان ببینم ئارەزووم نامێنێ!

– تێ ناگەم.. نموونەیەکم پێ بڵێ.

– ئەگەر برسیت بێ تێبینیی ئەو وردە پیازانە ناکەی، کە بەلێواری قاپەکەوە نووساون. تەنیا دوای مڕبوون تێبینییان دەکەی.. لێ ئەگەر بەر لە خواردن تێبینیت کردن، ئەوا ئارەزووی خواردنت لەدەست دەدەی.. لێم دەگەی؟

دوکتۆر سەری لەقاند و ئاماژەی کرد بەردەوام بێ، گوتی:

– ئەگەر ئارەزووی ئافرەتێک بکەی ئەوا شتە بچووکەکانی نابینی.. تەنیا کاتێک دوای ئەوەی، کە لەگەڵیدا ڕادەبوێری دیقەت دەدەی نینۆکەکانی پاک نین، یاخۆ پەنجەیەکی زیاد لە پێویست بچووکە، یاخۆ پەڵەی ڕەش پشتی داگرتووە.. ئەگەر بەر لە نووستن لەگەڵیدا تێبینیی ئەم شتانەت کرد، ئەوا زەوقت نامێنێ.. من لەگەڵ ژنەکەمدا تووشی ئەمە دێم.. ئەو دەمی لێی نزیک دەبمەوە، ئەو وردەکارییانەم دێنە پێش چاو و مێشکم دادەگرن، ئیدی حەز و ئارەزووم بەیەکجار نامێنن.

– ئەم قسەیەت زۆرمان یارمەتی دەدات.

دوکتۆر ئاوا دوا، پاشان گەڕایەوە لای زەردەخەنە پیشەییەکەی و چەکمەچەکەی تەنیشتی کردەوە، پاکەتێک حەبی دا پێی و بەبڕوا بەخۆبوونەوە گوتی:

– یەک حەب لەگەڵ بەربانگدا بۆ ماوەی حەفتەیەک.

پاشان دەرمانێکی تری لە پێشی هەڵگرت و گوتی:

– ئەم حەبە بەر لە سێکسکردن بەنیو سەعات.

داخۆ ئەم حەبانە غەمی شەست ساڵ دەرەوێننەوە؟!.. ئەوانەی ڕوو دەدەن چەند ناماقووڵ دیارن!.. ئەم منداڵکارە بۆ هێندە بڕوای بەخۆیەتی؟.. خۆت و حەبەکانت بۆ دۆزەخ!.. تۆ چی لەبارەی ژیانی ڕاستەقینەوە دەزانی؟.. ئەوەتانێ بەڕێز و خۆشەویستییەوە لە ئاستانەی دەرگاکە وەستاوە بەڕێی دەکا، ئەوی لە کۆلێج فێری بووە دەقاودەق پەیڕەوی دەکات.. بەشی «چۆن مامەڵە لەگەڵ نەخۆشەکانتدا دەکەیت؟».

دوکتۆر دەستی ڕاگرتبوو، بەشێنەیییەوە گوتی:

– دوکتۆر سەلاح.. لەم دۆخەی تۆدا.. زۆر جار نەخۆش هەوڵ دەدا لە

چارەسـەر هەڵبێ و ڕق و تووڕەیی خـۆی بەسـەر پزیشکدا بڕژێنێ.. وابزانم تۆ لەوە زیرەکـتری.. بڕوات هەبێ دەمەوێ یارمـەتیت بدەم.. بمبوورە ئەگەر بەقسـەکانم سـەر و دڵم گرتبیت.. دوای حەفتـەیەک وەک ئەمڕۆ.. سـەرم لێ بدەرەوە..

***

لە بەشی هیستۆلۆجی ژوورێکی بچووکیان بۆ نووسینگە بۆ تەرخان کردم و داوایان لێ کردم لەسەر پارچە تەختەیەک ناوی خـۆم بنووسـم و لە بان دەرگـاکـەی هـەڵواسم. چوومـە قاتی خوار خوارەوە خۆشنووسەکەم دۆزییەوە، پیرەمێردێکی ئەمەریکایی بوو.. بەگەرمی پێشوازیی لێ کردم و داوای لێ کردم لەسـەر کوتە کاغەزێک ناوی خۆم بنووسم، پاشان بێ ئەوەی سەری لەسەر تەختەکەی لە بانی دەنووسی هەڵبڕێ، گوتی:

– دوای نیوەڕۆ سەرم لێ بدە، تا وەری بگریتەوە.

سـەیرم پێدا هات، چونکە تەنیا کاتژمێرێکی مابوو بۆ نیوەڕۆ..

لە کاتی دیارکراودا چووم، بەدەستی ئاماژەی کرد و گوتی:

– ئا لەوێدا دەیدۆزیتەوە..

بینیم ناوم بەجوانی لەسـەر پارچەکە نووسـرابوو، گـرتم پێیاو بەدوودڵییەوە وەستام، پاشان لێم پرسی:

– ئێستا چی بکەم؟

– بیبە.

– پێویست بەوە ناکات ئیمزا لەسەر وەرگرتنی بکەم؟

– ئەمە هی تۆ نییە؟

– بەڵێ..

– لە تۆ زیاتر کەس گرینگی پێ دەدا تا بیبات؟

سەرم لەقاند و سوپاسم کرد، لە ئاسانسەرەکە پێکەنینم بەخۆدا دەهات، دەبێ لەو میراتە بیرۆکراتییە میسرییەی لە خوێنمدایە رزگاربم. ئەم کرێکارە ئەمەریکاییییە سادەیە وانەیەکی پێ دام:

چ پێویست بە ئیمزاکردن دەکات ئەگەر ناوی منی هەڵگرتبێ؟

رۆژەکە بەهێمنی بەڕێوەچوو، دوای نیوەڕۆ بەبەرنامەی خوێندنی بەشەکەدا دەچوومەوە، لەو کاتەدا ئەحمەد دەنانە پەیدابوو.. خۆی بەژووردا کرد و بەدەنگی بەرز گوتی:

– سوپاس بۆ خوا بۆ سەلامەتیت ناجی.

هەستام و تەوقەم لەگەڵدا کرد. ئامۆژگارییەکەی دوکتۆر سەلاحم بیر هاتەوە، هەوڵم دا لەگەڵیدا رووخۆش بم.. باسی گشتیمان کرد.. ناگەهان، مشتێکی بەشانمدا کێشا و بەدەنگێکی فەرمانئامێزەوە گوتی:

– لە گەڵمدا وەرە.

بەناو هۆڵەکانی بەشدا بردمی، تا چووینە ژوورێکی پڕ لە رەفی تژی لە کاغەز و پەڕاوی شێوە و رەنگی جیاجیا، پێی گوتم:

– چیت دەوێ لە پەڕاو و کاغەز و پێنووس ببە.

منیش هەندێک پەڕاو و پێنووسی رەنگاورەنگم برد،

بەخەنینەوەوە گوتی:

– ئەم کەرەستانە تایبەتن بەتوێژەرانی بەشەوە.. گشتی بەخۆڕاییە.. لەسەر حیسابی خاوەن دووکانەکەیە!

– سوپاس ئەوی پێویستم بوو بردم.

هۆڵەکەمان بڕی و گەڕاینەوە، دەبینم دەڵێ:

– هەموو ئەو میسرییانەی بۆ شیکاگۆ هاتوون.. من پیاوەتیم بەسەریانەوە هەیە.. لەگەڵیاندا وەستام و یارمەتیم دان، کەچی بەدەگمەن ئەو چاکانەیان لە چاوە!

قسەکەم بەدڵ نەبوو، لێ متەقم نەکرد. هەینێ گەیشتینە بەردەرکەی نووسینگەکەم تەوقەی لەگەڵدا کردم و بەدڵڕاگرتنەوە گوتی:

– سەرکەوتووبی ناجی.

– سوپاس.

– ئەمشەو لە یەکێتیی خوێندکارە میسرییەکاندا کۆبوونەوەمان هەیە.. چییەڵێی بێیت و بەهاوەڵانت بناسێنم؟

دوودڵیم پێوە دیار بوو، بەجەخت لەسەر کردنەوە گوتی:

– ئەمشەو لە شەش چاوەڕێتم.. ها ئەوە ئەدرێسەکەیە.

***

گەڕامەوە ماڵ، دانیشتم و دەستم بەجگەرەکێشان کرد و کەوتمە بیرکردنەوە: ئەحمەد دەنانە بەکرێگیراوی ئاسایشی دەوڵەتە، خێر بەپایەوە نییە، هەڵبەت بەمەبەستێکەوە دەیەوێ خۆیم لێ نزیک بکاتەوە.. من چیم لەم سەرێشەیە داوە؟.. دەبوو بەیەکجاری لێی دوور بکەومەوە. ویستم پێوەندیی پێوە

بکەم و داوای لێبووردنی لێ بکەم، کەچی ژیوان بوومەوە و لە مێشکی خۆمدا گوتم یەکێتییەکە لە خوێندکارە میسرییەکانی شیکاگۆ پێک هاتووە، مافی خۆمە بەشداریی تێدا بکەم و بیانناسم.

لە ترسی دەنانە دەست لە مافی خۆم هەڵناگرم!.. ئاوێکم بەخۆدا کرد و جلەکانم لەبەرکردن و بۆ کۆبوونەوە چووم.. ناونیشانەکە لەگەڵ نەخشەیەکی ڕوونکردنەوەدا بەوردی تایپ کرابوو، بەئاسانی گەیشتمە بارەگای یەکەتییەکە، نزیکەی بیست خوێندکار و سێ کچە خوێندکاری لەچک لەسەری لێ بوون، تەوقەم لەگەڵدا کردن و ناسییانم.. هەینێ کۆبوونەوە دەستی پێ کرد یەک یەک لێیان ورد بوومەوە، هەموویان وەکو سەدانی تر لە ئەندامی دەستەی مامۆستایانی زانکۆکانی میسر لاوی زیرەک و خۆماندووکەر بوون. بڕوا ناکەم یەکێکیان لەم دنیایەدا جگە لە وانەکانی و دواڕۆژی زانستی و زیادکردنی پاشەکەوت، بایەخ بەشتێکی تر بدا. زۆربەیان دیندارن، نیشانەی نوێژکردن بەتەوێڵیانەوە دیارە و هەندێکیشیان ڕیشیان هێشتووەتەوە.. زۆریان وا لە ئاین گەیشتوونە، کە نوێژ و ڕۆژوو و لەچەکە. تێبینیی ڕیکۆردەرەکەی تەنیشت دەنانەم کرد، لێم پرسی:

– ئەوی دەیڵێین تۆماری دەکەی؟

– بێگومان.. نارازیت؟

بەرەقییەکەوە وای گوت و نیگایەکی چوکڵە چزێ ئامێزانەی لێ کردم.. سەیرم لەو گۆڕانە کتوپڕەی بەرامبەر بەمن هات... بێدەنگیم لێ کرد و گوێم لە قسەکانی لەگەڵ

خـوێندکـارەکـاندا گـرتبـوو... سـەیرم لـەو هەڵکوتانە سـەرەی دەهات بۆ گـیـانیـان.. چـون سـەرۆک کـار، یاخـۆ فـەرمـاندەی سەربازییان بێ نەک هاوکارێک، بەترس و ڕیاییەوە لەگەڵیدا دەدوان. دوای نزیکەی نیـو کـاتژمـێـر لە وردە گـفـتـوگـۆ و وردەکـاریـی وەڕسکەر.. دەنـانە بەحـەمـاسـەوە دەنگی بەرز کردەوە:

– بەڕاست.. هەواڵێکی دڵخۆشکەرم پێیە:

لە سـەرچاوەی باوەڕ پێ کـراوەوە زانـیم، کـە بەم زووانە جەنابی سەرەک کۆمار سەردانی وڵاتە یەکگرتووەکان دەکا و سەرێک لە شیکاگۆیش دەدا.

چپەچپێک بەناویاندا بڵاوبووەوە، بەدەنگی بەرز بەردەوام بوو:

– ئەنگۆ شـانسیـارن.. ڕۆژێک دێ دەتوانن بەمنداڵەکانتان بێژن، ڕووبەڕوو بەدیداری سەرکردەی مەزن شاد بوون!

پاشان مژێکی قووڵی لە جگەرەکەی دا و گوتی:

– ڕوخسەتتان لێ دەخوازم بەناوی ئەنگۆوە بروسکەیەک بۆ جەنابی سەرۆک دەنێرم و تیایدا پەیمان نوێ دەکەینەوە و خۆشیی خۆمان بۆ سەردانە بەخشندەکەی دەردەبڕین.

– من ڕازی نیم!

بەخـێـرایی ئـەمـەم گـوت، چپەچپ لە دەوروبەرم بڕا و بێ دەنگیـیـەکی قـورس بڵاوبووەوە. دەنـانە لەسـەرخـۆ ئاوڕی لێ دامەوە و بەدەنگێکی ئاگادارکەرەوەوە گوتی:

– بەتەواوی لەسەر چی ناڕازیت؟

– ناڕازیم لەسەر ناردنی بروسکەی پەیمان نوێکردنەوە بۆ سەرۆک.. ئەم دووڕووییە لە ئێمەی نێرراو ناوەشێتەوە.

– ئێمە دووڕوو نین.. ئێمە بەڕاستی سەرۆکی خۆمان خۆشدەوێ.. داخۆ گومان لە سەرکردایەتییە مێژووییەکەی دەکەی؟.. ئاخۆ نکووڵی لەوە دەکەی، کە میسر لە سەردەمی ئەودا دەسکەوتی گەورەی بەخۆوە بینیوە؟

– ئاخۆ تۆ گەندەڵی و هەژاری و بێکاری و کلکایەتی... بەدەسکەوت دادەنێی؟

– ناجی تا ئێستاش هەر کۆمەنیستیت؟!.. وام زانی گەورە بوویتە و ئاوەزت پەیدا کردووە... گوێ بگرە.. لێرە لەم یەکەتییەدا جێگەی کۆمۆنیزم نابێتەوە.. سوپاس بۆ خوا هەموومان موسڵمانین و بڕواشمان پێیەتی.

– من کۆمۆنیست نیم، خۆ ئەگەر لە ماناکەشی بگەی ئەوا تاوان نییە!

– ئەو جەنابی سەرۆکەی تۆ بەگەنی ناکەی، لە کاتێکدا وڵاتی وەرگرت لێوانلێو بوو لە گێرمە و کێشە، بەدانایی خۆی و سەرکردایەتییە حەکیمانەکەی توانی لەو هەموو قەیرانانە ڕزگاری بکا.

– ئەمانە درۆ و دەلەسەی حزبی دەسەڵاتدارن... ڕاستییەکەی زیاد لە نیوەی میسرییەکان لە خوار هێڵی هەژارییەوەن... تەنیا لە قاهیرەدا نزیکەی چوار ملیۆن کەس هەرەمەکییانە دەژین..

بەدەنگی بەرز قسەکانی بڕیم:

– تۆ ئەگەر لە دەسەڵاتی جەنابی سەرۆکدا ناتەواویشت بینی، ئەوا ئەرکە ئاینییەکەت گوێڕایەڵیت بەسەردا دەسەپێنێت!

– بەقسەی کێ؟

– ئیسلام... ئەگەر خۆت بەموسڵمان بزانی... زانایانی ئیسلام لەسەر پێویستی گوێڕایەڵیی موسڵمانان بۆ دەسەڵاتدار کۆکن، لە کاتێکدا ئەگەر زوڵمیشیان لێ بکا، مادامەکی شەهادەت بەزمانیدا دێ و نوێژەکانی لە کاتی خۆیدا دەکا. چونکە دژوەستانەوە بەرابەر بەسەرۆک گەلێک زیانی زیاترە بۆ میللەت لە بەرگەگرتنی زۆرداری!

– ئەم قسەیە لە ئیسلامدا نییە.. بەڵکو دروستکراوی دەستی فەقێی سوڵتانەکانن، ئەوانی ئاینیان بۆ پشتگیری لە ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان بەکار بردووە.

– ئەگەر نکوڵی لەم قسەیە بکەی، مانای وایە دژ بە بەسەرجەم زانایانی ئیسلام وەستاویتەوە و پشتت لە ئاین کردووە.. دەزانی سزای ئەمە چییە؟

– دوکتۆر من پێی بڵێم؟

بەگاڵتە پێکردنەوە گەنجێکی ڕیشدار دەنگی بڵند کردەوە... دەنانە بەخەنینەوەوە چون منەتباریی تێدابێ، تەماشای کرد و گوتی:

– پێویست ناکا.. مشتومڕ لەگەڵ کۆمەنیستەکاندا نابڕێتەوە.. ئەوان لە گفتوگۆی نەزۆکدا پسپۆڕن.. کاتمان نییە.. کارەکە دەخەمە بەر دەنگدان.

برایان، ڕازین لەسەر ناردنی بروسکەی پەیماندان بەجەنابی سەرۆک؟. بەیارمەتیتان کێ ڕازییە با دەستی بەرز بکاتەوە.

دەمــودەست هەمــووان دەســتــیــان هەڵبــڕی، دەنانە بەگاڵتەجاڕییەوە خەنییەوە، بەسووک تەماشاکردنێکەوە لێی ڕوانیم و گوتی:

– ئێستا ڕات چییە؟

متەقم نەکرد. تا کۆبوونەوەکە تەواوبوو زارم هەڵنەهێنا، تێبینیی ئەوەم کرد هاوەڵانم بەتەواوی پشتگوێیان خستم.. بەپەلەپرووزێ دەرچووم و گوتم «خواحافیز»، کەس وەڵامی نەدامەوە.

میترۆکە زۆر قەرەباڵغ بوو، بۆیە ناچار بووم بوەستم، ئەوەم بەبیردا هات، کە دەنانە بۆیە بۆ کۆبوونەوە گازی کردووم، تا وێنەم لە بەرچاوی نێرراواندا بشێوێنێ، تا ئیدی نەتوانم قەناعەتی هەر هەڵوێستێکی نیشتمانییان پێ بێنم. ئێستا من لە چاوی ئەوانەوە کۆمۆنیستێکی ئاتەئیستم[3].

شێوازێکی هەواڵگریی کۆن و سواوە، کەچی هێشتا بۆ ناشرینکردنی هەر کەسێک دەستدەدات!. لە دەستێک ئاگاداربوومەوە دەیدا بەسەر شانمدا، ئاوڕم دایەوە گەنجە ڕیش درێژەکەی لە کۆبوونەوەکەدا پێی ڕابواردم، بەتەنیشتمەوە ڕاوەستاوە، بزەیەکی کرد و گوتی:

– تۆ لە کۆلێجی پزیشکیی ئەلینۆیت.. وانییە؟

– بەڵێ.

---

٣. ئاتەئیست: بێ خوا. ئەوی بوونی خوا ڕەت دەکاتەوە. ملحد (و)

– برات مەئموون عەرەفەیە. خۆم بۆ دوکتۆرا لە ئەندازەی شارستانی لە زانکۆی نۆرث ویسترن ئامادە دەکەم.. لە بەشی ناوخۆیی خوێندکارانیت؟

– بەڵێ.

– ماوەیەک لە بەشی ناوخۆیی بووم، پاشان لەگەڵ هاوەڵێکی لوبنانیدا گواستمانەوە بۆ ئەپارتمانێکی هەرزانتر.

سەرلەنوێ بێدەنگیم ڕاگەیاند... شتێک پاڵم پێوە دەنێ خۆمی لێ بەدوور بگرم.

ناگەهان گوتی:

– وا دیارە سیاسییەکی مەترسیداری.. بەیەکجار هێرش دەبەیتە سەر سەرەک کۆمار!. باشە نازانیت گشت کۆبوونەوەکانی یەکێتی تۆمار دەکرێن؟!

بەتەواوی پشتگوێم خست، ڕووم وەرگێڕا و لە پەنجەرەکەی نزیکمەوە لە دەرەوەم دەڕوانی. چەند وێستگەیەکمان دانە دواوە، دەبوو دابەزم، بەناو ئاپۆراکەدا ڕێگەم بۆ خۆم کردەوە.. لە پڕ قۆڵی گرتم و بەگوێیدا چرپاندم:

– گوێ بگرە.. نەکەی ئەحمەد دەنانە لەدەست بدەی، لێرە هەموو شتێکی بەدەستە.. ئەگەر لێت تووڕە بێت، دوور نییە سەرنگومت بکات!

بەتوندی قۆڵم لە دەستی ڕاپسکاند، گوتی:

– من وریام کردیتەوە، بەخۆتیش ئازادیت.

***

هەرکە سەرلەبەیانی دوکتۆر سەلاحم بینی بەزەردەخەنەوە

دەستپێشکەریی کرد و گوتی:

– ئای ناجی گرفتەکانت دواییيان نایەن!

– بۆچی؟

– دەنانە پێی ڕاگەیاندم، کە لەگەڵیدا بەشەڕ هاتووی.

– درۆ دەکـــا.. تەنیـــا ئەوەندە بوو ویســـتی بروسکەی ماستاوچێتی بۆ سەرۆک بنێرێ من ڕازی نەبووم.

بەچاوی بزی پرسیارئامێزەوە نیگای کردم و گوتی:

– هەڵبـــەت من بەو شـــێلگیـــرییـــەت ســـەرســـامم، لێ ئەم کێشەیە ئەوەندە دێنێت لەسەری بەشەڕ بێی؟

– دەتەوێ منیش وەکو ئەو دووڕووانەی پارتی نیشتمانی ئیمزا لەسەر بەڵێننامەی مل بۆدان بکەم؟

– بێگومان نا.. لێ وزەی خۆت بەم قسانە بەفیڕۆ مەدە.. دەرفەتێکی گەورەی فێربوونت لە بەردەمدایە، لە دەستی مەدە.

– زانست هیچ بایەخێکی نییە، ئەگەر هەڵوێست لەسەر ئەوەی لە وڵاتەکەمدا ڕوودەدا وەرنەگرم!

– فێرببە و بڕوانامەکەت بەدەست بهێنە، پاشان چۆنت پێ باشە ئاوا خزمەتی وڵاتەکەت بکە.

– هاوپیشەکانمان لە زانکۆی قاهیرە ئەوانی بەشدارییان لە ڕێپێوانە نیشتمانییەکاندا نەدەکرد، هەمان لۆجیکیان بەکار دەبرد.. بەم چارەسەرانە گاڵتە بەخۆمان دەکەین، کە ئەرکی نیشتمانی بەسەرکەوتنی پیشەیی بگۆڕینەوە.. نا بەڕێزم.. ئێستا میسر ئاتاج بەکاری نیشتمانیی

ڕاستەوخۆیە، زۆر زیاتر لە پێویستی بەمامۆستا و ژمێریار.. ئەگەر داوای مافی خەڵکی لە دادپەروەری و سەربەخۆیی نەکەین، ئەوا هیچ سوودێک لەو زانستە نابینین کە فێری دەبین.

من بەشێلگیرییەوە قسەم دەکرد، ڕەنگبێ پەلەم کردبێ. چونکە دوکتۆر سەلاّح لە پڕ تووڕەیی دای گرت و بەڕوومدا هەڵشاخا:

– گوێ بگرە.. تۆ لێرەدا تەنیا لە پێناوی زانستدای.. ئەگەر دەتەوێ شۆڕش ڕابگەیەنیت، ئەوا بگەڕێوە بۆ میسر.

سەیرم لە تووڕەییییەکەی هات، متەقم نەکرد.. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و بەتۆنێکی پڕ لە لێبووردنەوە گوتی:

– تکایە ناجی لێم بگە.. هەموو مەبەستم یارمەتیدانی تۆیە.. تۆ لە یەکێک لە هەرە گەورەترین زانکۆکانی ئەمەریکادایت، ئەمەش هەلێکە و دووبارە نابێتەوە.. تۆ بەشەڕ لەم بەشەدا وەرگیرایت.

– شەڕ؟

– دوودڵ بوون لە وەرگرتنت، چونکە تۆ مامۆستای زانکۆ نەبووی.. من یەکێک بووم لەوانەی بۆ وەرگرتنت بەپەرۆش بووم.

– سوپاست دەکەم.

– تکام وایە ڕووزەردم نەکەی.

– بەچاوان.

– بەڵێنم دەدەیتێ؟

– بەڵێن بێ.

دوکتۆر سەلاح چون پشوو بدا هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، پاشان کاغەزێکی بۆ درێژ کردم و بە شێلگیرانەوە گوتی:

– ئەوە پێشنیارەکانی منن بۆ ئەو وانانەی دەیانڵێیتەوە.

– ئەی توێژینەوەکەم؟

– حەز لە بیرکاری دەکەی؟

– هەمیشە سەتم لێ دەهێنایەوە.

– زۆر چاکە. ڕات چییە ئەگەر توێژینەوەکەت لەسەر چۆنێتی دروستبوونی کالسیۆم لە ئێسکدا بێ؟.. لەسەر کالسیۆمی تیشکدار کار دەکەی.. بەشێکی زۆری توێژینەوەکەشت پشت بەئامار دەبەستێت.

– بەسەرپەرشتی تۆ؟

– ئەمە بواری پسپۆڕیی من نییە.. تەنیا دوو کەس لەم بوارەدا کار دەکەن: جۆرج مایکڵ و جۆن گراهام.

– هەڵبەت جەنابت شیاوترینیانم بۆ هەڵدەبژێریت.

– لەگەڵ مایکڵدا ناگونجێی.

– هیوادارم بۆچوونێکی خراپم لەسەر وەرنەگریت. دەتوانم لەگەڵ هەر مامۆستایەکدا بێ بگونجێم.

– کێشەکە لای تۆ نییە. جۆرج مایکڵ حەز ناکا لەگەڵ عارەبدا کار بکا!

– بۆ؟

– سروشتی وایە. بەهەرحاڵ ئەوە پێوەندیی بەئێمەوە نییە. برۆ بۆ لای گراهام.

– کەی؟

سەیری کاتژمێرە هەڵواسراوەکەی سەر دیوارەکەی کرد و گوتی:

– دەتوانیت ئێستا بیبینیت.

هەستام برۆم، بزەیەکی کرد و گوتی:

– تاڕادەیەک کابرایەکی سەیرە.. وەلێ مامۆستایەکی مەزنە.

لە دەرگای نووسینگەکەی گراهامم دا، لەوسەری هۆڵەکەوە دەنگە گڕەکەی بەرگوێم کەوت:

– وەرە ژوورەوە.

پەڵە هەورێک لە دووکەڵی بۆنداری پایپ بەرەو ڕووم هات.. ئاورم لە دەوروبەری خۆم دایەوە تابزانم پەنجەرە هەیە یان نا، گوتی:

– بەدووکەڵ قەڵس دەبی؟

– من خۆم جگەرەکێشم.

– ئەمە یەکەمین گونجانی نێوانمانە.

پێکەنینێکی زوڵاڵی بۆ کرد و هاوکات بەری دووکەڵێکی چڕی کردەوە. لەسەر کورسییەکە هەڵاێژابوو، قاچەکانی لە پێشی خۆیەوە لەسەر مێزەکە بەشێوازی ئەمەریکایی درێژ کردبوون. تێبینیی ئەوەم کرد چاوەکانی چون شتێکی

خـۆشـیگەیێن ببـین، هەمـیـشـە ڕەنگدانەوەی دەربڕینی گاڵتەجاڕین. کەچی هەرهێندەی دەکەوێتە قسە ڕوخساری دیمەنێکی جیدی وەردەگرێ.

– چۆن دەتوانم یارمەتیت بدەم؟

– ئومێدەوارم سەرپەرشتی نامەی ماستەرەکەم بکەی.

بەئەدەبەوە زەردەخەنەیەکم بۆ کرد و وام گوت، هەوڵم دا بۆچوونێکی باشی لەسەرخۆم بدەمێ.

– پرسیارێکم هەیە.

– فەرموو.

– ئەگەر لە زانکۆ کار ناکەی، ئیدی بۆچی خۆت ماندوو دەکەی، تاکو ماستەر لە هیستۆلۆجی بێنیتەوە؟

– تکایە وڵامەکەمت پێ سەیر نەبێ.. لە ڕاستیدا من شاعیرم!

– شاعیر..؟!

– بەڵێ.. دوو دیوانم لە قاهیرە بەچاپ گەیاندووە.. شیعر گرینگترین شتە لە ژیانمدا، وەلێ دەبێ پیشەیەکم هەبێ تا لەسەری بژیم.. لە زانکۆی قاهیرە لەبەر چالاکیی سیاسیم دایان نەمەزراندم.. سکاڵام دژی زانکۆ بەرز کردەوە، لێ بڕوا ناکەم ئەنجامێکی هەبێ.. تەنانەت ئەگەر دۆزەکەشم بردەوە، کارگێڕی دەتوانێ فشارم بخاتە سەر و زانکۆ جێبهێڵم، هەروەک چۆن لەگەڵ هاوکارانی تردا ڕووی دا.. دەمەوێ لە ئەلینۆی ماستەرەکەم وەربگرم، تاکو چەند ساڵێک لە وڵاتانی کەنداودا کار بکەم و بڕێک پارە کۆ بکەمەوە، هەینێ

بگەڕێمەوە میسر و خۆم بۆ ئەدەب تەرخان بکەم.

گراهام نیگایەکی کردم و بەری پەڵەهەورێکی نوێی والاكرد و گوتی:

– کەواتە.. تۆ لە پێناوی ئەدەبدا هیستۆلۆجی دەخوێنی؟

– بەتەواوی وایە.

– سەیرە، کەچی جێگەی بایەخی منە.. گوێ بگرە.. من ڕازی نیم سەرپەرشتی نامەی هیچ خوێندکارێک بکەم، ئەگەر تاڕادەیەک لە شێوازی بیر کردنەوەی نەگەم.. لای من کەسایەتیی خوێندکار لە زانیارییەکانی گرینگترە.. ئێوارەی شەممە چی دەکەی؟

– شتێکی وام نییە.

– چییەڵێی شامم لەگەڵدا بکەی..؟

– بەخۆشحاڵییەوە.

١٠

بەدرێژایی کاتژمێرێکی تەواو، ڕەئفەت سابت بێ سوود بەمەبەستی ڕاوەدوونانی خەوەنووتکە لە جێیەکەی ئەم دیو ئەو دیوی دەکرد. ژوورەکە تاریک بوو، بێدەنگییەکی قووڵ، تەنیا دەنگی هەناسەی میشێلی ژنی، کە بەتەنیشتییەوە نووستبوو، دیواری بێدەنگییەکەی دەبڕی. جەستەی بەرەوسەرێ بکێش کرد و پشتی دایە پاڵپشتی سیسەمەکەوە، ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە بەبەرچاویدا گوزەریان کرد: ئەمە ڕۆژێکی بێ وێنەیە لە ژیانیدا، هەرگیز لە بیری ناکا.. سەرلەبەیانی جیف هات و تاقە کچەکەی برد. ئاوا سارە جێی هێشت، تاکو لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا بژێ.. هەردووکیان کاتێک چەمەدانەکانیان بۆ ئۆتۆمبێلەکە دەگواستەوە وایان نیشان دەدا لەوپەڕی خۆشیدان، پێدەکەنین و شۆخییان لەگەڵ یەکتریدا دەکرد، جیف هەلی وەرگرت و ماچێکی کرد.

ڕەئفەت لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە چاوی تێ بڕیبوون، لە پڕ بڕیاری دا کچەکەی پشتگوێ بخات، با بۆ دۆزەخ ملی بشکێنێت. لە ئەمڕۆ بەدواوە بایەخی پێ نادات، ئەگەر ئەو بەپێی پێویست ئەمی خۆش نەوێ، ئەوا ئەمیش لە خۆشەویستی بۆ ئەو دەوەستێت. ئیدی پاشماوەی ژیانی وا بەڕێ دەکات وەکو ئەوەی هەر منداڵیشی نەبووبێت. لە پەنجەرەکە دوورکەوتەوە و لەسەر قەنەفەکە هەڵایژا، سەرلەنوێ خەنینەوەکانیان لە باغچەکەوە بەرگوێی دەکەوتن.. میشێلی ژنی چون ئاهەنگیان بۆ بگێڕێ بەشداری خۆشییەکانیان بوو. لەو کاتەدا هەستی بەرقێکی قووڵ لە بەرامبەریاندا دەکرد.. دوای چەند ساتێک دەنگی لە دەرگادانەکە وریای کردەوە، پاشان دەرگاکە کرایەوە و سارە خۆی بەژووردا کرد، هێمن و بووژاوە دەهاتە

بەرچاو، پێستەی ساف و لووس و قژی بۆ پشتەوە هەڵدابووەوە.. نیگایەکی بێ گوناهانەی تێ بڕی، بەدەنگێکی ئاسایی وەک ئەوەی بۆ گەشتی قوتابخانە بچێت، گوتی:

– هاتووم خواحافیزیت لێ بکەم.

– بۆ کوێ؟

– وابزانم بەخۆت دەزانیت.

– ئۆ.. وامزانی بیرێکی تری لێ دەکەیتەوە.

– بڕیارم دا و تەواو.

لێی نزیک بووەوە و بەتوندی لە ئامێزی گرت، زیاد لە جارێک تەوێڵ و ڕوومەتەکانی ڕامووسین، ئەو بۆنە پاکە لە جەستەیەوە دەهات، ئەو کاتی کۆرپە بوو لەسەر قۆڵی دادەنا و لووتی پڕ دەکرد.. قەیرێک لێی ڕاما و بەدەنگێکی کزەوە گوتی:

– ئاگاداری خۆت بە.. پێویستیت بەهەرشتێک بوو پێوەندیم پێوە بکە.

دوای ئەوەی سارە ڕۆیشت، یەکشەممەیەکی ئاسایی لەگەڵ میشێلی ژنیدا بەسەر برد، بۆ سینەما چوون، پاشان نانی شێوانیان لە چێشتخانەیەکی ئیتالی لەسەر دەریاچە خوارد، ئێستا سەیری دێ بەدرێژایی ئەو ڕۆژە باسی سارەیان نەکرد، وەک ئەوەی لەسەر پشتگوێ خستنی ڕێککەوتبن!. هەروەها ئەوەشی پێ سەیربوو، هەر کە گەڕانەوە ماڵ، حەزێکی توند دای گرت، چون چەند ساڵێک نەیکردبێ، ئاوا سێکسی لەگەڵدا کرد، پڕی پێدا کرد، هەستی هاتە جۆش، دەتگوت غەمەکانی لە ناویاندا دەشارێتەوە، یاخۆ لە پاڵدا ماتیان دەدات، یان پێیدا دەکا، تاکو تۆڵەی ماڵ جێهێشتنەکەی سارەی لێ بکاتەوە.. هەینێ لە خۆشەویستی بەتاڵ بوونەوە، ئەو خۆی دایە دەستی خەونێکی ئارامەوە، کەچی ئەم نوقمی دەریای بیر کردنەوە بوو.. ناگەهان،

گڵۆپەکەی تەنیشت پێ کرا، ڕوخساری خەو لێ نیشتووی میشێل بەدەرکەوتەوە:

– چییە ڕەئفەت بۆ نانوویت؟

– بەهۆی ئەو قاوەیەی دوای نانخواردن خواردمەوە خەوم زڕاوە.

بەسۆزەوە بزەیەکی کرد و دەستی خستە بان سەری:

– نا ڕەئفەت.. لە سۆنگەی قاوەکەوە نییە.. بەتەواوی هەستت پێ دەکەم.. منیش بەڕۆیشتنی سارە غەمبارم، بەڵام چیمان لەدەست دێ؟.. ژیان وایە.. دەبێ قبووڵی بکەین.

قەیرێک بێدەنگ بوو، پاشان گوتی:

– زۆر بەپەرۆشم بۆی.. بەڵام بەوە دڵی خۆم دەدەمەوە، کە لە شیکاگۆدا دەژێت نەک لە شارێکی دوور.. ئەو، بەمانایەکی دی، نزیکە لێمانەوە.. سەردانی یەکتری دەکەین و ماوە ناماوەیەک بانگی دەکەین، تاکو کۆتاییی هەفتەمان لەگەڵدا بەسەر ببات.

«ئەم غەمخواردنە ڕاست نییە، ئەو بەمە دڵخۆشە». ڕەئفەت ئاوا بیری کردەوە. هەر ئەو بوو هانی سارەی دا دووربکەوێتەوە، ئێستاش خۆی وانیشان دەدات غەمبارە!

میشێل لێی نزیک بووەوە، ماچێکی ڕوومەتی کرد و دەستی لە ملی ئالاند.. وای هەست کرد بۆش و بەتاڵ و شەکەتە و هیچی نییە بیڵێت. لەناکاو لێی پرسی:

– دەزانیت سارە لە کوێ لەگەڵ جیفدا دەژێ؟

– لە ماڵەکەی.

– بێگومان لە ماڵەکەی.. دەزانیت ئەم ماڵە لە کوێیە؟.. لە ئۆکلاند.. هەژارترین و پیسترین گەڕەک لە شیکاگۆ!

– جیف هۆیەکەی بۆ ڕوون کردمەوە.. ئێستا لە توانایدا نییە کرێ خانوو لە گەڕەکێکی باشتردا بدات.. بەڵام کە تابلۆ تازەکەی فرۆشت ئەوا حاڵیان چاکتر دەبێ.

– تۆشی بەم وڕێنانە هەڵخەڵەتاند؟!. تۆ لەو بڕوایەدایت یەکێک هەبێ تاقە دۆلاریێک بدا، تاکو ئەم شتە قۆڕە بکڕێ، کە تابلۆکەی پێ سواخ داوە؟

– ڕەئفەت.. نازانم بۆ هێندە ڕقت لێیەتی؟

– بەڵکو من لەم گەمژەییەی تووشی بوویتە ناگەم.. ئەم قورمساغە تاقە کچەکەتی بۆ پیسترین گەڕەکی شیکاگۆ بردووە، کەچی هێشتا داکۆکیی لێ دەکەیت!

– من داکۆکی ناکەم.

– تۆ نەک هەر داکۆکی دەکەی.. بەڵکو لە ڕاستیدا خەتاکە لە تۆوەیە!

– ئەوە چی دەڵێی؟

– تۆ هانی ڕۆیشتنت دا.

– ڕەئفەت!

– بەسە نواندنی بێ مانا.

– گوێ بگرە.

– دەبێ تۆ گوێ بگری خانم.. لەو ڕۆڵەی دەیگێڕیت وەڕس بووم.. تۆ هەرگیز منت خۆش نەویستووە.. پەشیمانیت لە شووکردنت بەمن.. هەمیشە باوەڕت وابوو شایستەی پیاوێکی باشتریت.. هەموو ڕۆژێک ئەوەت لە ناخمدا دەچاند، کە من لە گشت شتێک لە تۆ کەمترم.. هەموو شتێکت کرد، تەنیا بۆ ئەوەی بیسەلمێنیت من جگە لە میسرییەکی دواکەوتوو هیچی تر نیم و خۆتیش لە ڕەگەزێکی بالاتریت!

– بەسە ئیدی.

– ناوەستم.. ئێستا پێویستمان بەڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەقینە هەیە.. تۆ ڕقت لێم بوو و ویستت بەسارە تۆڵەم لێ بستێنیتەوە.. وات لێ کردم لە دەستی بدەم. میشێل بەترس و سڵەمینەوە دیقەتی دا.. لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا وەستابوو، دەتگوت ئاوەزی لەدەست داوە. شەقێکی لە سیسەمەکە دا و کەوتە هاوار کردن:

– قسە بکە.. بۆ زارت هەڵناهێنیت؟.. پلانت بۆ ئەم ڕۆژە دانەنابوو؟.. پیرۆزباییت لێ دەکەم میشێل، سەرکەوتیت.. تاقە کچەکەمت لە چنگ کردمەوە.

چووە لای کانتۆرەکەوە و بەتوندی کردییەوە، پیجامەکەی داکەند و تووڕی هەڵدایە سەر زەوییەکە، جلەکانی دەرەوەی لەبەرکردن. میشێل تاویدا بیگرێ، پاڵێکی پێوەنا و دووری خستەوە.. کەچی سەرلەنوێ هەوڵی دایەوە.. وەستا تا بەری دەرگاکە بگرێ، بەدەنگی بەرز هاواری بەسەردا کرد:

– لاچۆ.

– بۆ کوێ دەچیت؟

– حەقت بەسەرمەوە نییە.

میشێل ویستی قسە بکا، کەچی ئەو بەتوندی دەستی گرت تا دووری بخاتەوە، هاوسەنگیی تێکچوو و کەوتە سەر لێواری سیسەمەکە.. دەرچوو و بەتوندی دەرگاکەی داخست، دوای قەیرێک هاڕەی ئوتۆمبیلەکەی ڕەئفەتی بیست دوور دەکەوتەوە.

١١

شەیما چەندە گۆڕاوە!

لەسەر گشت وردەکارییەکانی بەرنامەی خانمی شۆخوشەنگ «کە هەموو چوارشەمووانێک لە کەناڵی ئاسمانیی میسرییەوە پەخش دەکرێ».. لە ڕێگەی پێداهێنانی خوێ و ڕۆن زەیتوون لە زیپکەکانی دەموچاوی ڕزگاری بوو. هەروەها بەهۆی بەکارهێنانی ماسکی ماست بەخەیارەوە پێستی نەرم و ناسک بووبووەوە، بەئاگادارییەوە برۆکانی هەڵگرتبوون، هەروەها بەرگەی قامچیی ڕشتنی چاوەکانی بەکلی خۆماڵی دەگرت، کە بەرلەوەی بەسەر پێڵووەکانییەوە جێگیربێ و ڕەونەقێکی دڵگیری بداتێ، چاوەکانی دەسووتانەوە و ئاویان پێدا دەهاتنە خوارێ.. تەنانەت جلە شەرعێکانی، سەرقۆڵەکانی بەپوولەکە و دوگمە و قەیتانی نەجەفی چنیبوو، قیچەک تەنکی کردبووەوە، تا پێچەکانی جەستەی بەدیار بکەون (بەتایبەت سینگە توندوتۆڵەکەی، کە هێند نرخی دەزانی هەندێک جار وای دەنواند بەڕێز و قەدر زانینەوە هەڵی گرتوون).

سەرباز ئاسا لەسەر هێڵێکی ڕاست و ڕەوان نەدەڕۆیشت، بەنەرمی لاردەبووەوە، دەچەمایەوە، ڕاست لە نێوان نازکردن و شەرمدا دەگیرسایەوە.. تەنانەت چاویلکە پزیشکییەکەشی نموونەی هەوڵ و تێکۆشان بوو، لێی دەگەڕا پەیتا پەیتا شۆڕ بێتەوە سەر لووتی، پاشان لە پڕ بەقامکی بەرزی دەکردەوە، ئەمەش دۆخێک لە خۆشی و بەدبەختی دروست

دەکرد. هەموو ئەمانە لە پێناوی تارقدا بوون.. تارق.. هێند بەتاسەوە ناوی دەبرد دەتگوت ماچی دەکا. سوبحانەڵڵا! لە تەنتا چاوەڕێی چارەنووسی خۆی دەکرد تا بێ ئومێدی دای گرت، پاشان هات و لێرەدا بینییەوە، لە لاکەی تری دنیا!. خواوەندی مەزنمان نێردەکەی بەڕێ کرد و وای لە شەیما کرد لە پێناو خێری خۆیدا لەسەری سووربێ. داخۆ خەونی بەزاوایەکی لە تارق حەسیب باشتر بینیوە؟!.

مامۆستایەک لە بەشی پزیشکی وەکو خۆی، ئیرەیی بەسەرکەوتنی ئەم نابات، وەکو ئەوانی تر داوای لێ ناکات زانکۆ جێ بهێڵێ و لە ماڵەوە دابنیشێت، تەمەنی گونجاوە و شێوەشی بەدڵدا چووە (سەرەڕای زیاد لاوازی و کەپووە درێژەکەی و چاوە زەقەکانی).. ئەم بەدرێژایی تەمەنی حەزی لە زۆر قۆزیی نەبوو، پیاوی شیرین وەک شەکری زیاد دەروون دەمەیەنێت. ناکرێ پیاوێک بەو ڕابوێرێ، مەگەر گەلێک دڕ و ژیر بێ!

ئەم تارقی خۆشدەوێ، وەکو دایکی بێ چاودێریی دەکا و بۆی بەپەرۆشە، خشتەی وانەکانی لەبەر کردووە و سات بەسات لەگەڵیدا دەژێ، سەیری کاتژمێرەکەی دەکا و بزەیەک دەیگرێ، بیر لەوە دەکاتەوە ئەو ئێستا لە وانەکەی بووەتەوە و خەیاڵی دەکا، ڕووەو تاقیگە دەکەوێتە ڕێ، ڕۆژانە چەند جارێک مۆبایلی بۆ دەکا، شەیدایی و ئالوودەیی دەگاتە ڕادەیەک بۆ دڵنیایی چەندین نامەی بۆ دەنێرێ. یەکشەمووان خواردنی بۆ لێ دەنێ، ناوی هەموو ئەو خواردنانەشی ئەزبەر کردوون، کە ئەو حەزیان لێ دەکا: برنج بەبیبەر، بامیە و چینییە پەتاتە و هەرشتە بەیەنگی دونیاوە، شیرینی.. حەلوای ئوم عەلی و محەللەبی و برنج بەماست.. سوپاس بۆ یەزدان، کە چێشت لێنان لە دایکییەوە فێر بوو. تارق خواردنەکانی ئەمی زۆر بەدڵ بوون، لەو کاتی بەتامەوە خواردنەکەی ئاودیو دەکرد، زیاد لە جارێک پێی گوتووە:

– دەستەکانت خۆشبن شەیما.

چەندێک ئەم قسەیەی پێ خۆش بوو، بەمە ئەو چەند سەعاتەی بەپێوە لە ئاشخانە دەوەستا لە بیر دەچووەوە، سوپاسی دەکرد و دەموچاوی سوور هەڵدەگەڕا، بەوردی لێی ڕادەما، وەک ئەوەی پێی بڵێ:

– ئەمە کەمێکە لەو زۆرەی، کە خواستمت پێتی دەبەخشم.

شەوان کە دەچووە سەر جێیەکەی خەیاڵ دەیبردەوە، خۆی دەبینی بەکراسێکی سپییەوە لەسەر قەنەفەکە دانیشتووە. زەماوەندەکە چۆن دەبێ؟. ئاهەنگێکی گەورە کۆمەڵێک هونەرمەندی ناودار بەڕێوەی دەبەن، بەدەیان کەسیش داوەت کراون؟. یاخۆ شامێکی هێمن تایبەت دەبێ بەخزمانەوە؟.. ئەی مانگی هەنگوینی لە کوێ بەسەر دەبەن؟. شەرەمولشێخ یان مەرسی مەترووح؟. دەڵێن تورکیا دڵڕفێنە و نرخەکانیشی هەرزانن.. دوای زەماوەند لە قاهیرە دەژین، یاخۆ لە تەنتا؟. چەند منداڵ دێنن؟. داخۆ ڕێی دەدات لەسەر ناوی دایک و بابی ناویان بنێت عایشە و محەمەدی؟

سەرەڕای خۆشی هاتنەوەی بەتارق، سەیریشی بەڕەفتارەکانیدا دەهات:

ئەو بەیاخی پێ دەدا و حەزی لە بینینیەتی و بەنەرمی لەگەڵیدا دەجووڵێتەوە، ناگەهان، بەبێ هۆ و بێ پێشەکی، چون شەیتان چووبێتە کەوڵییەوە دەبێتە کەسێکی دڵڕەق و توندوتیژ، بەسەریدا دەشیڕێنێ و لەسەر بچووکترین شت زەبر و زەنگی لە بەرامبەردا دەنوێنێت.. لەو کاتەدا ئەویش بێدەنگی لێ دەکا، بەئامۆژگاریی دایکی دەکا و هیچ وەڵامی ناداتەوە «ئافرەتی ژیر بەرامبەر مێردەکەی ناوەستێتەوە ڕقبەڕقێی لەگەڵدا بکا، بەڵکو هەروەکو لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە سۆزی پێ دەبەخشێ و بۆی دەبێتە ئارامگە.. ئەمەش کەمکردنەوە نییە لە ڕێز و شکۆی.. ئەگەر بەهەمان ڕادەی سووکایەتییەکە وەڵام بداتەوە، ئەوا قرەقرەکەیان دەبێتە شەڕێکی توند.. لێ ئەگەر بێدەنگی لێ کرد ئەوا ویژدانی ئازاری دەدا و دێ داوای لێبووردنی لێ دەکا».

تاوەتووڕەییەکانی هێند دڵگرانیان نەدەکرد، بەشێوەیەک لە شێوەکان وای دەبینی ئەو لەم تووڕە نابێ، بەڵکو لە هەستەکانی لە بەرامبەریدا هەڵدەچوو، وەک ئەوەی بەشەڕ کردن لەگەڵیدا بەرگری لە خۆشەویستییەکەی بکا.. ئەویش هەستی بەهەندێک ئارامی دەکرد، چونکە لە کۆتاییدا شەڕکردن هیچ نییە جگە لە پرۆڤەی زەماوەند زیاتر، ئەم ڕووداوانەش نیشانەی ڕوودانین... ئەوی بەڕاستی خەوی زڕاندووە شتێکی ترە، ماوەیەکی زۆر بەسەر پێوەندییەکەیاندا تێپەڕیوە، لە هەموو شتێکدا پێکەوە بوون، کەچی تا نووکە تاقە وشەیەک چییە لەبارەی ئەوینداری، یاخۆ ژنهێنانی بەبەرگوێدا نەداوە.. هەروەها سەرەڕای نائەزموونی لە خۆشەویستیدا (جگە لە ئەوینە کپەکەی، کە یەک لایەنە بوو بۆ کوڕە دراوسێکەیان، ئەو کاتی لە پۆلی یەکی ناوەندی بوو) کەچی دڵنیا بوو هەڵوێستی تارق ناسروشتییە.. باشە گەر خۆشی دەوێ بۆچی پێی ناڵێ؟.. ئەو کابرایەکی جیدی و زیرەک و دیندارە، هەرگیز مەبەستی ڕابواردن نییە لەگەڵیدا.. هەروەها کەسێکی بەڕێزیشە، تا ئێستا دەستی بەر جەستەی نەکەوتووە، تەنیا دووجار نەبێ (بەڵکو سێ جار) لە ئاپۆرەی میترۆکە (بێ ئاگا) پێکەوە نووسان.. ئەی کەواتە بۆ قسە ناکا؟.. ئاخۆ لە بەرپرسیارێتی دەترسێ؟.. یاخۆ دەستەپاچە و بێ دەسەڵاتە نازانێت چۆن لەگەڵ ئافرەتدا مامەڵە بکا؟!.. چییە دەیەوێ بەرلەوەی بیخوازێت تاقی بکاتەوە؟. دەبێ دەزگیرانێکی لە میسر نەبێ ئەڵقەکەی داکەندبێ و لەمی شاردبێتەوە؟.. لە هەمووشی خراپتر: ناشێ ئەمی بەدڵ نەبێ؟.. بەشایانی ئەوەی نەزانێ ببێتە دایکی منداڵەکانی؟.. ئەو، لە چەشنی ئەمە، سەر بەخێزانێکی کۆنەخوازی ئایندارە، وا تێدەگات تێکەڵبوونی لەگەڵیدا نیشانەی هەڵوەشانەوەیە؟.. ئەوە بەڕاستی کارەساتە! دەبێ ئەو ئەوە باش بزانێ ئەم لەبەر ئەو بارودۆخی غەریبییە ئاوارتەییەیە لەگەڵیدا دەردەچێ، خۆ ئەگەر لە میسر بوایا، ئەوا وەک هەر هاوەڵێکی تر بەسەرپێیی لەگەڵیدا دەجووڵایەوە.. ئەی بۆ زاری

هەڵناهێنێ؟.. خۆ زیاد لە جارێک قسەی بۆ تێگرتووە و هانی داوە، کەچی ئەو ئاماژەکانی پشتگوێ خستوون.. خوایە!.. هەموو ئاواتی تەنیا ڕستەیەکە: «شەیما گیان خۆشمدەوێی و دەمەوێ بتخوازم». دەبێ ئەم ڕستەیەی ئەوەندە لەسەر زمان گران بێ؟!..

لە دوێنێوە شپرزەیە و کەڵکەڵە دای گرتووە، ئەم سەرلەبەیانییە هەستا و بڕیاری خۆی داوە.. دەبوو سەرێک لە کۆلێج بدات، تاکو لە نموونەکانی توێژینەوەکەی دڵنیا بێ، پاشان لە باخچەی لینکۆڵن پارک بگا بەتارق، کە ڕاهاتبوون هەموو شەمووانێک لەوێ پێکەوە نیوەڕۆژە بکەنەوە.. «ئیدی لەمە زیاتر ڕێگە بەدواخستن نادەم.. ئەمڕۆ گومان و دڵنیایی یەکلا دەکەمەوە»..
لەوکاتی جانتا لە پەلکی دارخورما چنراوەکەی بەدەستەوە بوو، لە دڵی خۆیدا وای گوت، چەناگەی هەڵبڕی و لچی هەڵقورتاند، پاشان بەخێرایی بەرەو میترۆکەی بەر لە چەند خولەکێک گەیاندییە باغچەکە، دابەزی.. تارق لەوێ بوو، بەخدێی خۆی لەسەر کورسییە مەرمەڕەکەی تەنیشت فوارەکە، کە لە هەموو شوێن پێیان باشتر بوو، دانیشتبوو.. بەگەرمی پێشوازی لێ کرد، ئەویش بەپارێزەوە وەڵامی داوە.

شەیما بەتەنیشتییەوە دانیشت و ڕاخەرێکی شینی لە نێوانیاندا ڕاخست، پاشان بەئاگادارییەوە سەندەویچەکان و پاقلاوەکەی کردە قاپە مقەباکانەوە و لە نزیک ترمزە چای بەپونگەکەی دانا.. تارق دوو بابۆڵەی گەورەی پڕی ئاودیو کرد، یەکەمیان لنشۆنی جوجک بەتورشیاتی زەیتوون، ئەوی دیش هێلکەی تێکەڵ بەباسترمە.. پاشان بەتامەوە قومی لە پەرداخە چای بەپونگەکە دا و لەودەمەی بەبایەخەوە چاوی لە قاپە محەللەبییە پڕ لە مێوژ و گوێز هندییەکە بڕیبوو، گوتی:

– دەستەکانت نەڕزێن شەیما.. بەڕاستی خواردنێکی خۆش بوو.

یەکسەر دەستی بەئەنجامدانی پلانەکەی کرد، گوتی:

– تەفسیرەکەی شێخ شەعراویت خوێندووەتەوە؟

– کاتی خۆی لە میسر لە تەلەڤزیۆن بەردەوام سەیرم دەکرد.

– دەبێ بەنووسراوی بیخوێنیتەوە.. لەگەڵ خۆمدا هێناومە و شەوانە لێی دەخوێنمەوە.

– شێخ شەعراوی زانایەکی گەورە بوو.

– هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی.. خواوەند ئەو توانایەی پێ بەخشی، تابتوانێ مەزنیی ئیسلام ڕاڤە بکات.

– شوکور بۆ خوا.

– ئیسلام لە کاروباری ژیاندا گەورە و بچووکی نەهێشتووەتەوە، هەمووی باس کردوون.

– بێگومان.

– بڕوا دەکەی ئاینی ئیسلام باسی خۆشەویستیی کردبێ؟

تارق سەرنجی فوارەکەی دا و لەو شەپۆلە ئاوانە ورد بووەوە، کە لە کونەکانیەوە هەڵدەقووڵین..

شەیما درێژەی بەقسەکەی دا:

– ئاینی ئیسلام هانی خۆشەویستی دەدا مادامەکی نابێتە هۆی سەرپێچی.

تارق ئاهێکی هەڵکێشا و تاڕادەیەک نیگەران بوو، کەچی ئەو بەدوویەوە بوو:

– شێخ شەعراوی فەتوای ئەوەی دابوو، ئەگەر کوڕ و کچێک هەستیان بەخۆشەویستی کرد، ئەوا حەرام نییە مادام نیازیان بۆ یەکتری بوونە.

– بێگومان تێ دەگەم.

– ئەی تۆ ڕات چییە؟

– بەڕاست شەیما.. دووکانێکی پیتزا فرۆشم دۆزیوەتەوە لە ڕەش ستریت زۆر بەهەرزانی دەفرۆشێ.

بەتووڕەیییەوە سەرنجی دایێ و گوتی:

– بۆچی بابەتەکە دەگۆڕی؟

– کام بابەت؟

– بابەتی شەعراوی.

– چییەتی شەعراوی؟

– جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە خۆشەویستی حەرام نییە مادام دەبێتە هۆی ژنهێنان و شووکردن!

– تۆ هەمان قسە دووبارە دەکەیتەوە.. نازانم پێوەندیی ئێمە بەم بابەتەوە چییە؟

بەتوندی وای گوت، بێدەنگییەکی قورس دای گرت، خوڕەی ئاوی هەڵقوڵاوی فوارەکە و قیژە و هاواری ئەو منداڵانەی لەو ناوەدا گەمەیان دەکرد، دیواری بێدەنگییەکەیان بڕی.. شەیما ناگەهان هەستا لەو کاتی شتەکانی کۆ دەکردنەوە و دەیپەستانە جانتاکەیەوە، گوتی:

– دەگەڕێمەوە بەشی ناوخۆیی.

– بۆچی؟

– بیرم کەوتەوە سبەینێ تاقیکردنەوەم هەیە.

– تۆزێکی تر بمێنەرەوە.. هێشتا زووە و جەوەکەشی خۆشە.

بەبێزارییەوە لێی ڕوانی، پاشان بەئەنگوستی چاویلکەکەی لەسەر چاوی گیر کرد و بەشڵەژانەوە گوتی:

– تۆ خۆت بەتەنیا چێژ لە جەوەکە ببینە.

– دەقیقەیەک، شەیما!

تارق بۆ ئەوەی بیهێڵێتەوە هاواری کرد، کەچی ئەو بلەز دەرپەڕی.. هەستا و خەریک بوو بەدوایدا ڕابکا.. بەڵام هێندەی نەبرد گەڕایەوە سەر دانیشتنەکەی خۆی، تا لە ئاپۆراکەدا گوم بوو، چاوی بەدوایەوە بوو.

## ١٢

سەرەڕای ئەو ڕێزە ترسئامێزەی دەنانە بەسەر دەوروبەرەکەیدا سەپاندبوو، ئینجاش ئەگەر باش لێی وردببوویتایەتەوە شێوە مێیینەییەکت تێدا دەبینییەوە!.. ئەمەش (خوانەخواستە) مانای ئەوە نییە، کە نێرەمووکە، نەخێر بەنێرییەکی تەواو کامڵەوە لە دایک بووە.. وەلێ جەستە قەڵەوە نەرم و شلەکەی، کە خاڵییە لە ماسوولکەی دەرپەڕیو، هەروەها شێوازی برۆ هەڵتەکاندنی لە کاتی سەرسامیدا، لچ هەڵقورتاندن و دەست لە کەلەکە گیرکردن لە کاتی تووڕەییدا، جگە لە حەزکردنی لە وردەکاری و نهێنی و شەیدایی بۆ چەنەبازی و فیتنەیی و وەشاندنی قسەی بەتوێکڵی مانادار و بایەخدان بەماچکردنی ڕوومەتی دۆست و ناسیاوان و بەکارهێنانی نازناوی ژنانەی وەک "ڕۆحەکەم" و "لە دڵا شیرینەکەم".

ئەم هەموو نیشانانە زیاتر لە ئافرەتێکی ڕق هەستاوی نزیک دەخستەوە وەک لە پیاوێکی یەتوندوتۆڵ!.. ئەم سەرژنانییەیشی دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی حاجی بەدرییەی خوالێخۆشبووی دایکی.. چونکە ئەو سەرەڕای ئەوەی نەخوێندەوار بوو، لووتبەرز و کەللەڕەق بوو، "بەدەستی ئاسنینی" حوکمی ماڵێکی گەورەی دەکرد، کە لە چوار کوڕ و دوو کچ و باوکیان پێکهاتبوو، نیگایەکی ئەو بەس بوو هەر یەکێک لە خێزانەکە بشڵەژێنێ، یەکەمیشیان پیاوەکەی بوو، کە لەگەڵ چوونە ناو ساڵەوە لە سکرتێری تایبەتی ئەوی دەکرد، یاخۆ دەتگوت پاشکۆی گوێڕایەڵییەتی.

دەنانە وا بەکەسایەتیی دایکی پڕ بووبوو تەنانەت بەبێ ئاگا (بەتایبەت ئەو کاتی ئالۆزییەکی دەبوو) لاسایی شێوەی ئەوی لە دەربڕیندا دەکردەوە، ئیدی سەرلەبەری نەبرە و تەماشاکردن و گەیاندنەکانی دایکی پێوە دیار دەبوون.. بەم شێوەیە، دوای ئەوەی لەگەڵ مەروەدا بەشەڕ هات و شەپازللەیەکی لێدا، یەکسەر زنجیرەیەک کردەوەی پڕ لە فرتوفێڵی ژنانەی بەکار هێنا:

لێی زویر بوو، هەر کاتێکیش بیبینیایا لچی هەڵدەقورتاند و بەڕقەوە لێی دەڕوانی، یاخۆ ئاخی هەڵدەکێشا و ناولەپی دەدا بەیەکدا و بەدەنگی بیستراو ئەستەغفیروڵڵای دەکرد، یان دوای ئەوەی دەستنوێژی هەڵدەگرت، دەچوو بەرماڵەکە بهێنێت، لەو کاتەدا ئەو سەیری تەلەڤزیۆنی دەکرد، بەتەنیشتیدا ڕەت دەبوو و قسەیەکی مزری تێ دەگرت، وەکو " هەر خوام هەیە کەسی تر نا.. ئەو پشت و پەنامە. خوایە خۆت سەبووری بەدڵم ببەخشیت". یاخۆ دەیگوت: "هەزار ڕەحمەت لە گۆڕت دایە.. بەڕاستی نموونەی ژنی باش بووی"!

ئەمە شێوازی ئەو بوو لە سزادانی ژنەکەی. ڕەنگە یەکێک بپرسێ: باشە بۆ سزای دەدا؟!. باشتر نییە لەسەر ئەو زللە لێدانە داوای لێبووردنی لێ بکا؟!

وەڵامەکەی ئەوەیە دەنانە لەو جۆرە کەسانەیە هەرگیز لۆمەی خۆی ناکا و هەمیشە خۆی بە لەسەر حەق دادەنێ، هەرچی هەڵەکانیشن ئەوا لە کەسانی دییەوە دەردەچن!.. بڕواشی بەوە هەیە، کە تەنیا عەیبی ئەوەیە زیاد لە پێویست دڵی باشە و بەدکاران (چەند زۆرن) لە پێناوی بەرژەوەندیی خۆیاندا لەسەر حیسابی ئەو سوود دەبینن. قەناعەتی تەواوی هەبوو کە مەروە هەڵەیە.. ئەو زماندرێژی کرد و ناچاری کرد لێی بدا.. پاشان چی تێدایە، ماوە ناماوەیەک. شەپازللەیەکی مامناوەندی لێ بدا و بیهێنێتەوە سەر ڕێی ڕاست؟. باشە شەرع ڕێگەی بەپیاو نەداوە بەمەبەستی تەمێکردن

له ژنەکەی بدا؟. داخـۆ خـەوش و نـەنگی له کـوێدایه ئەگـەر پیـاو قـەرز له خـەزووری بکا؟.. ئەی ئـەرکی ژن نییـه پشـتگیـری له پیـاوەکەی بکا؟. هەر خاتوو خەدیجـه «سلاوی خوای لێ بێ» نەبوو بەپارە یارمەتیی مێردەکەی دا، ئەو پیاوەی دروودی خوای لێ بێ مـەزنترین خـەڵقەندەیە؟ ژنەکەی هەڵەیەکی گـەورەی له بەرامبـەردا کـرد و دەبێ داوای لێبـووردنی لێ بکا، خـۆ ئەگـەر ئەمجار لێی خـۆش بێ، ئەوا بەمرازی خۆی دەگا و ئیتر دەسەلاتی بەسەریدا ناشکێ..

هەرچی سکالاشـیـەتی له دەست کـردە سـێکسـیـیـەکـانی، ئەوا ئەم بەدڵنیاییەکی تەواوەوە بەشێوە نازێکی ئافرەتانەی دادەنێ و هیچی تر نا!.. چێژ و ئازار لای ئافرەت بەڕادەیەک پێکەوە گرێدراو و تێکەڵن، کاتێک ئەو له لووتکەی لەزەتدایە چون یەکـێک بـەتوندی دارکـاری بکا، ئاوا هاوار دەکـا. بۆیە گـەلێک جـار کـە ژن گلەیی له سـێکس دەکـا، ئەوە له ڕاسـتـیـدا له خـۆشـیـیایەتی. دەنانە جارێکیان ڕای برادەرێکی خـۆی گوێ لێ بوو، زۆری بەدڵ بوو، ڕایەکـەشی ئەوەبوو، حـەزی شـاراوەی هەر ئافـرەتێک ئەوەیە، کـە بەزۆر سـواری ببـیت. ئافرەت هەر ئەمـەی دەوێ ئەگـەرچی پێچـەوانەکەشی دەربخـا. ئای لـه ئافـرەت چ بوونـەوەرێکی پـەنهـان و دژبەیـەک و قـووڵە له تێگەیشـتندا، خـۆی بەپێچـەوانەی هـەسـتـەکانییـەوە نیـشـان دەدا. دەڵێت نا کـەچی مـەبـەسـتی بەڵێیـە.. شـاعـیـرێکی کۆن نەیگوتـووە: "حـەزیش دەکـەن و نازیش دەکـەن"؟! خـۆ بەڕاست وایە.. ئـافرەت له ئاوەز و له ئایندا ناتەواون، پیاوێکیش پیاو بێ دەبێ چۆن له جێگەدا دەستەمۆی دەکا، له ژیانیشدا ئاوا دەستەمۆی بکا، دەبێ جڵەوی بەدەسـتەوە بێ و گوێی بادات، له هـەمان کاتدا نابێ باوەڕی تەواوی بداتێ. خـۆ له باب و باپیـرانەوە قـسـەی زۆرمـان بۆ ماوەتەوە:

"پرس بەژن بکەن و بەقسـەیان مەکەن".

"نیشـانەکانی گـەوجییـەتی سیانن: گـەمەکردن لـەگەڵ شێردا، خواردنەوەی ژار بەمەبەستی تاقیکردنەوە، هەروەها درکاندنی نهێنی لای ژن".

"خۆتان لە بەدکارییەکانی ژنان بەدووربخەن و وریای باشەکانیشیان بن".

دەنانە ئاوا ئافرەتی دەبینی.. هەرچەندە ئەزموونی بەر لە ژنهێنانی لەگەڵ ئافـرەتدا لە چەند جـارێک تێـپـەڕی نەکـردووە، لـەگـەڵ چـەند کـارەکـەر و پاڵەیەکـدا بەرابەر بـەپارەیەکی کـەم ڕێککەوتبـوون، ڕای دەبوارد.. پاشــان دوای ئەوەی حـەز و ئارەزووی دادەمـرکـایەوە، بـەمـامـەڵەکـردنەوە مـاندووی دەکـردن، تاکـو کـەمـتـریان بداتێ.. ڕەنگە قـەتیـسـمـانی ئـەزمـوونی لەگـەڵ سۆزانییەکاندا هۆیەک بێ بۆ تێگەیشتنی لە سێکس، نەک وەکو پێوەندییەکی دوو ســەرە و هـاوبەش، بەڵکو وەکــو کــارێکی یەکـلایـەنەی نێـرانەی پڕ لە توندوتیژیی وا، ئافرەت لە دەستدرێژی کردنە سەری چێژ وەربگرێ!

دەنانـە ئابڵــووقــەی لەســەر ژنـەکــەی توندتر کـردەوە و خــۆی لـێ بەدوور دەگرت، چاوەڕوانی ئەو ساتە بوو تێیدا بڕووخێ و بێ داوای لێبووردنی لێ بکا، کـەچی ڕۆژان ڕادەبرد و ئـەویش سـووربـوو لەســەر هەڵوێسـتی خـۆی، ڕاستی ئەو زللەیەی لێی درا، سەرەڕای دزێوییـەکەی وەکو ڕیسواییـیەکیش، لە دوا هـەسـتـکردن بەپابەندبوون بەمـێـردەوە قـوتـاری کـرد، وەکــو چۆن جـیـابوونەوەکـەش لە ئازاردانـی جـەسـتـەیی، کـە حـەفـتـەی چەند جـارێک دووچاری دەبوو، ڕزگاری دەکا. ئەم سرەوتنە هەلی بیرکردنەوەی قووڵی لە چۆنێــتی ژیانی لـەگــەڵیــدا پـێ بەخــشـی، باشــە دەیەوێ چی بکا؟. ڕق و تووڕەییـیـەکـەی بەرابەر بەدەنانە گـەیشـتـبـووە ئەوپەڕی.. لـێ هێـشــتــان ئارەزووی تـەڵاقــدانـی بۆ دایکی باس نەکــردبوو. چونکە چاوەڕێی ئـەوە بوو بیــــری کـــــۆ بـکاتـەوە و بزانـێ بـەتـەواوی چـی دەڵـی، چون پـارێزەرێک تەمـاشـاکـردنی دۆزەکەی دوادەخـا، تاکو بەڵگەکان بەشـێوەیەک ڕێک بـخـا بڕیارەکە لە بەرژەوەندیی ئەودا بشکێتەوە.

دڵنیـابوو ئەگـەر دایک و بابی بەکـۆژانـەکـانی بزانن ئەوا پشـتگیـری لێ دەکـەن.. ئەو باوکـەی هەینێ لە فـڕگـە بـەڕێی کـرد وەک منداڵ دەگـریا، دایکیـشی ئەگـەر ئەم تووشی هەڵامـەتێکی سـووک ببـووایا، خـەو نەدەچووە چاوی، ناکرێ لەم دۆزەخەدا جێی بهێڵن.

هەینیی داهاتوو لە کاتژمێر حەوتی سەرلەئێوارەدا پێوەندییان پێوە دەکا، ئەو کـات دەنانە لە کۆبوونەوەی یەکێتیی خـوێندکارانە، بـابیشی «بەکـاتی قاهیرە» تازە لە نوێژی هەینی گەڕاوەتەوە. زۆریان قسە لەگەڵ دەکا و هەموو شتەکانیان بەوردی پێ دەڵێ.. تەنانەت سووسەی مەسەلە تایبەتەکەشیان بۆ دەکا.. لە بەرابەردا سەرپشکیان دەکا.. یەکسەر جیابوونەوە و گەڕانەوە بۆ میسر.

دوای ئەوەی مکوڕبوو لـەسـەری بەتەواوی ئارام بـووەوە، ئیـدی گـوێی بەشـەڕفرۆشتن و هەناسـە هەڵکێشـان و قسـە و پلارەکانی نەدەدان.. بۆچی بەشەڕی نوێوە وزەی لە خۆڕا بڕوا؟ هەمووی چەند ڕۆژێکە و بەیەکجاری لەم ئێش و ئازارە ڕزگاری دەبێ. لێ ئەوی ڕووی دا حسێبی بۆ نەکرابوو. هەر کە یەکی مانگ هات مەروە ئەو هەزار دۆلارەی بابی بۆی ناردبوو بەدەنانەی نەدا، لەبەر زۆری گـرفت و ئاریشـەکـانی بیـری چووبوو، هـەڵبـەت دەنـانە هەمیشـە بیری لێ دەکردەوە.. کاتێک چەند ڕۆژێک لە مانگی نوێ تێپەڕی دڵەڕاوکێ و پشێوییەکەی زیادی کرد، تەنانەت ئەو گومانەی لا دروست بوو، کە مەروە لە خۆڕا و بەتایبەت ئەو کێشەیەی نایەوە، تاکو ئەو مانگانەیەی لێ ببـڕێ، یاخـۆ بەداواکـارییـەکـانی بیـرووتێنێـتـەوە، یان.. لە هـەمـووشی مەترسیدارتر ئەوەبوو، دەکرا دانوستان لەسـەر پارەکەی بابی بکرێ، ئەگەر بەدڵی بوو دەیداتێ، ئەگـەریش تووڕەبوو نایداتێ... ئەم هەمـوو بایەخـدانە وایان لە دەنانە کرد شێوازی خۆی بگۆڕێ، وازی لە شەڕ فرۆشتن هێنا، هەر کات بیبینیایا بەسـڵاوێک دەستپێشکەری دەکرد، پاشان تەماشای دەکرد و

نیگایەکی لێکگەیشتنی خۆشەویستیی تێکەڵ بەسووکە گلەییەکی لێ دەکرد.. دوێنێیش هەنگاوێکی تر لێی هاتە پێشێ و لە بەرابەر تەلەفزیۆنەکە بەتەنیشتیەوە دانیشت.. ئەم سەیری فیلمێکی عادل ئیمامی دەکرد، ئەویش وەکو پێشەکییەک بەدەنگی بەرز دەخەنییەوە، تاکو قسەی لەگەڵدا بکا، لێ ئەم بەتەواوی پشتگوێی خست، وەک ئەوەی هەر لەوێش نەبووبێ، تاکو ئەو بێ ئومێد بوو و چوو بنوێت..

سەرلەبەیانی هەستا، خۆی شوشت، دەستنوێژی هەڵگرت و نوێژەکەی کرد، پاشان لە هۆڵەکە دانیشت، دەستی بەچا خواردنەوە و جگەرەکێشان کرد، دوای قەیرێک مەروە بەدەرکەوت، هەر هێندەی چاوی پێ کەوت وەرسووڕا تاکو بڕوات.. لێ ئەو پێشی گرت و گوتی:

– بەیارمەتیت مەروە.. بۆ شتێکی گرینگ دەمەوێت.

– خێر ئینشاڵڵا.

بەڕوویەکی ساردەوە وای گوت، ئەمیش هەستا و لێی نزیک بووەوە، دەستی گرت، ئەویش بەتوندی ڕای پسکاند و شیراندی:

– نەکەی دەستت بەردەستم بکەوێ.

– گوێ بگرە کچی باش.. تۆ هەڵەت بەرامبەر بەمن کرد و دەمدرێژیت کرد.. ئەم ماوەیە لێت گەڕام تا هۆشت بێتەوە خۆ.

– نامەوێ لەم بارەیەوە قسە بکەم.

– من بۆ خوا ئامۆژگاریت دەکەم.. ئەوی دەیکەی لە شەرعا حەرامە.. ڕاستە من لێم دای.. بەڵام تۆ ئابڕووت بردم.. بۆیە منیش حەقی شەرعیی خۆم بەکارهێنا.

– ئەو ئامۆژگارییە ئاینییانەت بۆ خۆت هەڵگرە.. پێم ناڵێی چیت لێم دەوێ؟

– تەنیا خێر.

بەسووکایەتییەکەوە بزەیەکی کرد و لەو کاتی لە جانتاکەی دەگەڕا، گوتی:

– چاک دەزانم تۆ چیت دەوێ.

– مەبەستت چییە؟

– تۆ پارەکەت دەوێ.. بیبە.. فەرموو.. بەڵام نەکەی ئیتر توخنم بکەوی.

پارەکــە چەند کــاغــەزێکی ســەد دۆلاری پێکەوە نوشــتــاو بوو، دەنانە بەجووڵەیەکی گورجی دەستی هەڵی گرت، هەینێ هەناسەیەکی هەڵکێشا و لەو دەمی دەیپەستییە جزدانەکەیەوە، گوتی:

– خوا لێت خۆشبێ مەروە.. لەسەر ئەو قسانەت دەنگت لەگەڵدا ناکەم.. وا دیارە تەواو شەکەتیت.. ئامۆژگاریم ئەوەیە بچیت دووشێک بکەی، پاشان بەمرازی خەم ڕەوینەوە دوو ڕکات نوێژبکەی.. بەپشتوانیی خوا خێر و فەڕ دەچنیتەوە!

***

«سەرلەئێوارەی ڕۆژی شەممە کاتژمێر هەشتی تەواو، جوانترین جلم پۆشیبوو و بەچەپکێک گوڵەوە لەبەر دەرکەی ماڵی گراهام وەستابووم.. خانووەکەی بچووک و یەک نهۆمی بوو، بەباغچەیەکی تەنگ دەورە درابوو، لێ ئەملا و ئەولای پیاڕەوەکە بەگوڵ تەنرابووەوە.. کچەلاوێکی ڕەشئەسمەری بەژن زراڤی شــۆخ و شــەنگ (لە جل نمایشکاری ناودار نائوومی کەمبڵی دەکرد) جلی سادە و ساکاری لەبەر بوو، فانیلەیەکی سپی و پانتۆڵێکی جینزی شین، دەرگای لێ کردمەوە، لەو دیویەوە منداڵێکی ڕەشتاڵەی تەمەن شەش ساڵان وەستابوو.

– هەلاو.. من کارۆڵ ماکنیللیی هاوەڵی جۆنم.. ئەمەش مارکی کوڕمە.

تەوقەم لەگەڵ کردن و چەپکە گوڵەکەم وێدا، لەگەڵ بۆنکردنیدا بەگەرمی سوپاسی کردم.

ناو ماڵەکەی سەرتاپا لە تەختەی ڕەشباو لەسەر شێوازی ئینگلیزی بوو، سادە و ساکار و ڕێکوپێک، جۆن لە ژووری گوزەران دانیشتبوو، جەستە قورسەکەی دابووە سەر قەنەفەکەدا و بەرامبەریشی مێزێکی لەقی چەکمەجەدار، کۆمەڵێک شووشە مەی و بادەی لەسەر بوون. دیارییەکی خاکەڕاییم پێشکێش کرد: دەفرێکی نەخشێنراو بەهێلکە شەیتانۆکە، لە خان خەلیلی کڕیبووم، بەخێرهاتنی کردم و لە بەرابەر خۆی دانام. منداڵەکە لێی نزیک بووەوە و بەگوێیدا چرپاند، جۆن سەری لەقاند و گۆنای ماچ کرد. ئەویش بەغار چووە ژوورەوە.. پاشان بەدەم زەردەخەنەوە ئاوڕی لێ دامەوە و لێی پرسیم:

– چی دەخۆیتەوە؟!

– بیرە.

– باشە خواردنەوە لە ئاینی ئیسلامدا حەرام نییە؟

کارۆڵ لە کاتی هەڵپچڕینی شووشەکەدا ئەم پرسیارەی کرد.

– من لە دڵەوە بڕوام بەخواوەند هەیە.. لە کەللەڕەقەکان نیم.. هەروەها پیاوانی ئاین لە عێراقدا لە سەردەمی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی عەباسیدا ڕێگەیان بەبیرە خواردنەوە دابوو.

گراهامیش لەسەری ڕۆیی و گوتی:

– وام دەزانی دەوڵەتی عەباسی لەمێژە نەماوە!

– هەر بەڕاست نەماوە، من هەر خۆم حەزم بە بیرەیە.

هەموومان لە قاقای پێکەنینمان دا.. کارۆڵ لەودەمی قومی لە بادەکە دەدا، بەمیهرەبانییەوە گوتی:

– جۆن پێی گوتم جەنابت هۆزانڤانی.. دەکرێ شتێک لە هۆنراوەکانت ببیستین؟.. شتێکی دڵگیر دەبێ.

– نازانم چۆنیان وەربگێڕم.

– کەچی ئینگلیزییەکەت باشە.

– وەرگێڕانی هۆنراوە بابەتێکی ترە.

– وەرگێڕانی هۆنراوە ناپاکییە!

گراهام ئاوا هاواری کرد.. پاشان شێلگیرانە درێژەی دایێ:

– ئەی هۆزانڤان.. خوێندنەکەی ئەمەریکات هەلێکی باشت پێ دەبەخشێت، تاکو لە کۆمەڵگەی ئەمەریکایی بگەی.. دوور نییە ڕۆژێک لەسەری بنووسیت.. نیویۆرک ئیلهامی کاری جوانی بەهۆزانڤانی ئیسپانیایی فردریکۆ گارسیا لۆرکا بەخشی.. ئێمە چاوەڕوانی هۆنراوەکانتین لەسەر شیکاگۆ.

– منیش بەو هیوایەم.

– مخابن جەنابت لە کاتی هەڵکشانی کۆنە پارێزیی دواکەوتوودا، کە ئێستا هەموو ئەمەریکای تەنیوەتەوە. هاتیت.. ڕۆژگارێک کە لاو بووم لەگەڵیدا ژیام و پشکدارییشم تێدا کرد، ئەو کات ئەمەریکایەکی تر بوو.. مرۆڤایەتیتر و

ئازادیخوازتر بوو.

تاوێک وەستا تاکو پەرداخەکەی پڕ بکاتەوە، درێژەی دایێ و بەدەنگێکی خنکاوەوە درێژەی پێ دا:

– من لە نەوەی ڤێتنامم.. ئێمە بووین فێڵی خەونی ئەمەریکاییمان خستە ڕوو و تاوانەکانی دەزگای ئەمەریکاییمان ڕیسوا کرد و بەتوندی دژی جەنگاین.. لە شەستەکاندا لەسەر دەستی ئێمە بوو ئەمەریکا شۆڕشی ڕاستەقینەی هزری بەخۆوە بینی، بەها پێشکەوتنخوازەکان شوێنی بیری کۆنی سەرمایەدارییان گرتبووەوە.. لێ ئەفسووس، نووکە هەموو ئەمانە نەماون!

– بۆچی؟

ئەم پرسیارەم کرد، کارۆڵ وەڵامی داوە:

– چونکە ڕێژیمی سەرمایەداری توانی خۆی نوێ بکاتەوە و ڕەگەزە بەرهەڵستکارەکان بگرێتە خۆ.. لاوە شۆڕشگێڕەکان، ئەوانی ڕێژیمیان ڕەت کردەوە، ئێستا لە نیوەی تەمەنیاندا بوونەتە بۆرژوای داتەپیو، ئەوپەڕی هەوڵیان مامەڵەیەکی سەرکەوتووانەیە، یاخۆ ئیشێکە بەمووچەی زۆر.. هزرە شۆڕشگێڕەکان کۆتاییان پێ هات، وای لێ هاتووە هەر هاووڵاتییەکی ئەمریکی خەون بەماڵ و باخچە و ئۆتۆمبیل و پشووی ساڵانەوە دەبینێت لە مەکسیکی بەرێتە سەر.

– ئەم قسانە دوکتۆر گراهامیش دەگرێتەوە؟

کارۆڵ خەنییەوە و گوتی:

– جۆن گراهام ئەمریکییەکە لە جۆری نییە.. ئەو هەرگیز بایەخی بەپارە نەداوە.. ڕەنگە تاقە مامۆستای زانکۆ بێ لە شیکاگۆ، کە ئۆتۆمبیلی نییە.

دوای قەیرێک کارۆڵ نانی شێوانی بۆ ئامادە کردین.. لەگەڵمدا لەو پەڕی میهرەبانیدا بوون، لە بارەی میسرەوە قسەم بۆ کردن، لە بارەی زۆر شتەوە دواین.. بیرەیەکی زۆرم خواردەوە، هەستم بەسەرگەرمی کرد، وای لێ کردم لە قسە و پێکەنین زیادەڕۆیی بکەم.. پاشان لە پڕ کارۆڵ لە چاو ون بوو، تێگەیشتم چوو بنوێت.. وام دانا کە ئەمە نیشانەی درەنگییە، هەستام تا خواحافیزی لە گراهام بکەم.. کەچی ئەو بەدەستی ئاماژەی بۆ کردم چاوەڕێ بکەم، لەو کاتەی شووشە ڤۆدگاکەی بلند کردەوە، گوتی:

– چییەڵێی پێکێکت بۆ ڕێگە بۆ بکەم؟

دەستەکانم والا کردن و خواردنەوەکەش زمانی بەرەڵا کردبووم، گوتم:

– پەرداخێک بیرە خراپ نییە!

– حەز لە ڤۆدگا ناکەی؟!

– لەبیرە زیاتر ناخۆمەوە.

– بەئامۆژگاریی پیاوانی ئاینیی عەباسی دەکەی؟

– من بەڕاستی حەز لە چاخی عەباسی دەکەم، زۆریشم لەبارەوە خوێندووەتەوە، ڕەنگە حەزکردنم بۆ بیرە هەوڵێک بێ بۆ گەڕانەوەی سەردەمی مەزنی عەرەب، کە ون بووە. بەڕاست بۆ وەک هاروونە ڕەشید ناکەی؟

– چی کردووه؟

– یەکێک لە شتە سەیر و سەمەرەکانی مێژوو ئەوەیە، هاروونە ڕەشـــیـــد ســـەرەڕای ئەوەی توانای هەبووە بەئاماژەیەک بۆ مەسرووری شیروەشێن سەری هەرچ کەسێک بیەوێ بپەڕێنێ، کەچی لە هەمان کاتدا مرۆڤێکی ناسک و شـــەرمن بووە، تا ئەوپەڕی هەســـتی ئەوانی تری ڕاگرتووە.. ئەگەر لەگەڵ برادەرەکانی بیخواردایەتەوە، ئەوا دارەکەی بەتەنیشت خۆیەوە دادەنا، هەر کات ماندوو و شەکەت بووایا و بیویستایا بڕۆن، دارەکەی دەخستە سەر ڕانی، ئیدی ئەوانیش تێدەگەیشتن بەزمی شەویان تەواو بوو.. بەم شـــێـــوەیە نە تەریقی دەکـــردنەوە و نە ئەوانیش دەبوونە بار بەسەریەوە.

گـراهام لە تریقەی پێکەنینی دا و بەشـێلگیرییەکی منداڵانەوە هەستا، پاشان دارهۆکییەکەی بەدیوارەکەوە هەڵواسرابوو هێنا و گوتی:

– کەواتە با مێژوو بگەڕێنینەوە.. ئا ئەوە دارەکەیە.. ئەگەر وام دانا ئەوا تێ دەگەی دەمەوێ بنووم.

گەلێکمان قسە گۆڕییەوە، کە ئێستاکێ زۆربەیانم بیر نین، زۆریش خەنینەوە، لەگەڵ مەستییەکەمدا حەزی قسەکردن دای گرتبووم، لەگەڵ سۆزانییە ڕەشتاڵەکەدا چیم کردبوو بۆم گێڕایەوە.. گراهام لە سەرەتادا لە قاقای پێکەنینی دا، کەچی لە کۆتاییی حەکایەتەکەدا بیری کردەوە و گوتی:

– ئەم ئەزمـــوونە مـــانای خـــۆی هەیە.. تا ئەو ڕادەیەی هەژاری، کە تۆ بەچاوی خۆت بینیت، ملیۆنەها هاووڵاتی لە

دەوڵەمەندترین وڵاتی جیهاندا ئاوا دەژین.. بەڕای من ئەم ژنە کڵۆڵە لە زۆرێک لە سیاسەتوانانی ئەمەریکا شەرافەتمەندترە.. ئەو جەستەی خۆی دەفرۆشێ تا منداڵەکانی بژێنێ، کەچی ئەوان سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا وا ئاراستە دەکەن لە پێناو گەرمکردنی جەنگدا، تا دەست بەسەر سەرچاوەکانی نەوتدا بگرن، لەو نێوەشدا چەکەکانیان ساغ دەکەنەوە و بەدەیان هەزار کەسی بێتاوان لەناو دەبەن، تاکو بەملیۆنان دۆلار قازانجیان بەسەردا بڕژێ!. شتێکی دیش دەبێ تێی بگەی: داوودەزگای ئەمەریکایی کۆنترۆڵی هەموو شتێکی لە ژیانی ئەمەریکاییەکاندا کردووە.. تەنانەت پێوەندیی نێوان ژن و پیاو سیستەمێکی توندی بۆ دانراوە!

– مەبەستت چییە؟

– لە شەستەکاندا بانگەشەکەمان بۆ ئازادیی سێکسی هەوڵێک بوو بۆ پیادەکردنی هەستەکانمان بەدوور لە دەسەڵاتی گەورەکان، کەچی ئێستا نەریتی بۆرژوا تەواوی هێزی بۆ گەڕاوەتەوە:

ئەگەر ویستت ئافرەتێکی ئەمریکی بناسیت، دەبێ لە ڕێگەی هەنگاوی دیارکراوەوە بێ، وەک ئەوەی جاڕدان بێ بۆ کۆمپانیایەکی بازرگانی: لەسەرتە (یەکەمین جار) هەندێک کاتی بەگفتوگۆوە لەگەڵدا ببەیتەسەر، دەبێ قسەکانت مایەی ڕابواردن و پێکەنین بن.

دووەم جاریش: دەبێ لە گیرفانی خۆت داوەتی خواردنەوەی بکەی. سێیەمیش: داوای نمرەی تەلەفۆنە

تایبەتییەکەی لێ بکەی.

چوارەمیش: لە ڕیستۆرانتێکی ناوداردا داوەتی خواردنی شێوانی بکەی و لە کۆتاییشدا داوای لێ دەکەی سەردانی ماڵەکەت بکا.. ئەو کات، نەریتی بۆرژوا مافی ئەوەت دەداتێ لەگەڵیدا بنوویت. لە هەر هەنگاوێک لەم هەنگاوانەدا ئافرەتەکە بۆی هەیە بکشێتەوە، خۆ ئەگەر ئافرەتەکە نمرەی تەلەفۆنەکەی نەدایتێ، یان داوەتەکەتی بۆ نانی شێوان قبووڵ نەکرد، مانای وایە پێوەندیت لەگەڵدا دانانێ.. لێ ئەگەر لە هەر پێنج هەنگاوەکە لە گەڵتدا هات، واتا تۆی بەدڵە.

بەبێدەنگی لێم ڕوانی، هێندەی نەبرد دەستی بەشۆخی کردەوە و بەپێکەنینەوە گوتی:

– دەبینیت مامۆستا پیرەکەت زانیاریی وای لایە گەلێک لە هیستۆلۆجی گرینگترە!

بەزمە شەوێکی دڵگیربوو. ناگەهان، گوێم لە فیتوویەکی پچڕ پچڕ بوو، بۆ یەکەم جار تێبینیی بیستەک (سماعة) و بۆردی سویچم کرد بەدیوارەوە بەتەنیشت قەنەفەکەوە هەڵواسراون. گراهام سەری لە بیستەکەکە نزیک کردەوە، دەستی بەدوگمەکەوە نا و بەڕووی خۆشەوە هاواری کرد:

– کەرەم.. بۆچی دواکەوتیت؟!. حەقی ئەمەت پێ دەبژێرم.

پاشان ئاوڕی لێ دامەوە و گوتی:

– ئەمەیە ئەمەشەو لێم شاردبوویتەوە.. برادەرێکی میسرییە وەکو تۆ.

لە بیستەکەکەوە بۆڵەیەک هات، لێی نەگەیشتم، گراهام

دەستی بەدوگمەکەوە نا و فیتوویەکی تری لێی دا، زانیم ئەوە دەرگـای دەرەوە دەکـاتەوە.. دوای قـەیرێک، لە ناوەڕاسـتی ژوورەکەدا زەلامێکی میسریی تەمەن شەست ساڵ وەستابوو، جەسـتەیەکی وەرزشـوانیی درێژ و باریکەلەی هەبوو، قـژی چەرمـوو لە نـاوەڕاسـتـەوە دوولەت کـراو، دیمەنێکی تەواو قیتییانەی هەبوو، ئەسمەر، کەپو ئەستوور، دوو چاوی گەورە و خـڕی پڕ لە زیرەکی و غـەم، دەتگوت تازە لە یەکـێک لە کەڤاڵەکانی پیشانگەی "ڕوخسارەکانی فەییوم"ەوە دەرچووە.

گراهام گوتی:

– کـەرەم دۆسی هاوەڵمت پێ دەناسێنم.. یەکێک لە هەرە لێهاتووترین نەشتەرکارەکانی دڵە لە شیکاگۆ.. ئەمەش ناجی عـەبدولسـەمـەدی برادەرمـە.. هۆزانڤـانە و دەخـوێنێت، تاکـو ماستەر لە هیستۆلۆجی بەدەست بهێنێت.

– خۆشحاڵم بەناسینیت.

کەرەم بەئینگلیزییەکی تەواو ڕەوانەوە وای گـوت، هەر لە سەرەتاوە دیاربوو بەخۆیەوە دەنازی و تا بڵێی پوختە بوو:

کراسێکی سپی سەرقۆڵەکانی نەخشێنرابوون، ئیمزای نەخشـەسـازی جلەکە لەسـەر سـینگی درابوو، پانتـۆڵێکی ڕەشی کـەشـخـە، جـووتێک پێـڵاوی بریقـەدار، زنجـیـرێکی ئەسـتـووری زێڕ خـاچێکی پێـوە بوو، بەئەسـتـۆیدا هاتبـووە خـوارێ و نوقـمی تووکە چڕە سـپییـەکەی سینگی بووبوو.. دیمەنی نزیکتر بوو لە ئەستێرەیەکی سینەماییـیەوە وەک لە پزیشکێک.. نوقمی قەنەفە ڕیشوودارەکە بوو و گوتی:

– داوای لێبووردن دەکەم دواکەوتم.. بەبۆنەی خانەنشین

بوونی یەکێک لە مامۆستاکانی نەشتەرکاریمان ئاهەنگمان گێڕا و بەزمەکەمان درێژەی کێشا.. کەچی ئینجاش بڕیارم دا. ئەگەر بۆ چەند خولەکێکیش بێ هەر بێم.

– سوپاس بۆ هاتنت.

گراهام گوتی، کەرەم چون لەگەڵ خۆیدا بدوێ بەدەنگێکی کزەوە درێژەی پێ دا:

– من زۆر کار دەکەم، تا ئەو ڕادەیەی لە پشووی کۆتاییی هەفتەدا وا هەست دەکەم منداڵێکم و لە گەشتی قوتابخانەدام.. حەز دەکەم تابتوانم ڕابوێرم و زۆرترین ژمارەی برادەرانم ببینم، لێ هەرگیز کات بەش ناکا.

– چی دەخۆیتەوە؟

گراهام لەو کاتی مێزی خواردنەوەکەی بۆ لایەوە پاڵ نا، ئەو پرسیارەی لێ کرد:

– جۆن گیان زۆرم خواردووەتەوە.. لێ پەرداخێکی بچووکی سکۆچ بەسۆدەوە خراپ نییە.

هەینێ بەدەم بزەی دۆستانەوە لێم پرسی:

– لە ئەمەریکا پزیشکی فێربوویت؟

– من دەرچووی کۆلێجی پزیشکیی عەین شەمسم.. لێ لە دەست زەبروزەنگ بەرەو ئەمەریکا هەڵاتم!

– زەبروزەنگ؟!

– بەڵێ، لە ڕۆژگاری مندا، سەرۆکی بەشی نەشتەرکاریی گشتی، دوکتۆر عەبدولفەتاح بلبع بوو، موسڵمانێکی توندڕەو بوو بەئاشکرا ڕقەبەرایەتیی قیپتییەکانی دەکرد. بڕوای وابوو

نەشتەرکاری فێرکردنی قیپتییەکان لە ئاینی ئیسلامدا ناڕەوایە، چونکە ناکرێ کافر ژیانی موسڵمانی لە دەستدا بێ!

– ئەمە شتێکی زۆر سەیرە!

– بەڵام ڕووی داوە.

– دەشێ مامۆستای نەشتەرکاری بەم شێوە دواکەوتووانەیە بیر بکاتەوە؟!

– لە میسر زۆر شیاوە.

ئاوای گوت و بەشێوەیەک نیگای کردم پێی وەڕس بووم، گراهامیش خۆی هەڵقورتاند و گوتی:

– تاکەی قیپتییەکان دەچەوسێنرێنەوە. لە کاتێکدا ئەوان خاوەنی ڕەسەنی میسرن؟

ساتێک بێدەنگی دای گرتن.. لە گراهامم ڕوانی و گوتم:

– ١٤٠٠ ساڵە عەرەب تێکەڵ بەمیسرییەکان بوونە، ئەمڕۆ ناتوانین بەکردەوە قسە لەسەر خاوەنەکانی میسر بکەین، هەروەها زۆربەی موسڵمانە میسرییەکان قیپتی بوونە و بوونەتە ئیسلام.

– مەبەستت ناچار کران بچنە ئاینی ئیسلامەوە.

– دوکتۆر گراهام.. ئاینی ئیسلام کەسی ناچار نەکردووە بێتە ناوییەوە.. گەورەترین دەوڵەتی ئیسلامییش لە جیهاندا کە ئەندەنۆزیایە، عەرەب ڕزگاری نەکرد.. بەڵکو لەسەر دەستی بازرگانە موسڵمانەکان ئیسلامی تێدا بڵاوبووەوە.

– ئەی قیپتییەکان تووشی کوشتوکوشتار نەهاتن تا ببنە

موسڵمان؟

– ئەمە ڕاست نییە.. ئەگەر عەرەبەکان بیانویستایا قپتییەک لە میسردا نەمێنێتەوە خۆ کەس دەستی نەدەگرتن.. وەلێ ئیسلام فەرمان بەپێڕەوکەرانی دەدات ڕێز لە ئاینەکانی تریش بگرن.

– مایەی سەرسوورمان نییە تۆ بەم گەرمییە و بەسەرخۆشی داکۆکی لە ئیسلام دەکەی؟

– سەرخۆشیم شتێکی تایبەتە پێوەندیی بەگفتوگۆکەمانەوە نییە.. لێبووردەیی ئیسلام ڕاستییەکی مێژووییە زۆرێک لە ڕۆهەڵاتناسە ڕۆئاواییەکان دانیان پێدا ناوە.

– بەڵام قپتییەکان لە میسردا دەچەوسێنەوە!

– گشت میسرییەکان دەچەوسێنەوە، بەموسڵمان و قپتییەوە.. هەڵبەت ڕووداوی ڕەگەزپەرستیی تاکڕەو لێرە و لەوێ هەر ڕوو دەدا، لێ بەڕای من دیاردەیەک پێک ناهێنێت.. دەمارگرژیی ئاینی ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی چەپاندنی سیاسییە.. هەموو میسرییەکان بەدەست جیاکارییەوە، کە دژیان دەکرێ دەناڵێنن، مادامەکی ئەندامی حزبی دەسەڵاتدار نین.. بۆ نموونە من خۆم موسڵمانم، کەچی بەهۆی چالاکیی سیاسیمەوە لە زانکۆی قاهیرە دایان نەمەزراندم.

گراهام هەندێک یاریی بەڕیشی کرد و گوتی:

– ئا.. لێم بگەڕێ با لەم بیرۆکەیە ورد ببمەوە.. مەبەستت ئەوەیە ستەم لە میسر سیاسییە نەک ئاینی؟

– بەتەواوی وایە.

– بۆ میسرییەکی موسڵمانی وەکو تۆ ئاسانە جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە، کە هەموو شت تەواوە.

کەرەم بەشەرفرۆشتنەوە وای گوت، وا دیار بوو قسەکانی منی بەدڵ نەبوون. بەهێمنییەوە بەرپەرچم دایەوە:

– بەڕای من گرفتەکە لە نێوان موسڵمان و قپتییەکاندا نییە، بەڵکو لە نێوان ڕێژیم و میسرییەکانە.

– ئاخۆ دان بەبوونی گرفتی قپتییەکاندا نانێیت؟

– گرفتەکە میسرییە و کۆژانی قپتییەکانیش بەشێکە لێی.

– بەڵام لە هەموو پۆستێکی باڵای دەوڵەتدا قپتییەکان پشتگوێ خراون.. قپتییەکان ستەمیان لێ دەکرێ و لە ناویش دەبرێن.. هیچت لەبارەی ڕووداوەکەی دێی کوشحەوە بیستووە؟.. بەبەرچاوی پۆلیسەوە بیست قپتی کوژران و کەسیش دەستی ڕزگار کردنی بۆ درێژ نەکردن!

– بەڕاستی ئەمە کارەساتێکی غەمهێنەرە.. لێ بیرتی دەخەمەوە ڕۆژانە لە پۆلیسخانەکان و بارەگاکانی ئاسایشی دەوڵەت چەندین میسری لە ژێر ئەشکەنجەدا گیان لەدەست دەدەن. جەللادەکان جیاوازی ناکەن لە نێوان موسڵمان و قپتیدا.. سەرلەبەری میسرییەکان بەدەست ستەمکارییەوە دەناڵێنن.. ناتوانم کێشەی قپتییەکان بەدەر لە کێشەی میسرییەکان ببینم.

– تۆ پێڕەوی شێوازە میسرییە ناسراوەکە لە دان نەنان بەڕاستیدا دەکەی!. تاکو کەنگێ میسرییەکان وشترمەل

ئاسا سەریان دەکەنە ژێر لەوە بۆ ئەوەی ڕۆژەکە نەبینن؟ دەزانی چۆن.. ئەو دەمی تازە بوو بوومە پزیشک لە میسر، وەزیری تەندروستی هات تاکو نەخۆشخانەکەمان ئەوی من کارم تێدا دەکرد، بەسەر بکاتەوە.. بەڕێوەبەر ئاگاداری کردینەوە کەس لەبارەی ئاریشەکانی نەخۆشخانەکەوە قسە نەکات، ئەوی بەلایەوە گرینگ بوو تەنیا ئەوە بوو وەزیر بڕوا بێنێت کە هیچ گرفتێک نییە، کەچی نەخۆشخانەکە بەدەستی پشتگوێ خستنێکی وێرانکەرەوە دەینالاند.. ئەمە نموونەیەکە لە بیرکردنەوەی میسری!

– ئەم بیرکردنەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ گەندەڵیی ڕێژیمی دەسەلاتداری میسری نەک بۆ میسرییەکان خۆیان.

– میسرییەکان لە ڕێژیمەکە بەرپرسن.

– کەواتە تۆ گلەیی لە قوربانی دەکەی؟

– هەر گەلێک لە دنیادا ئەو حکوومەتە بەدەست دەهێنێت کە شایانیەتی.. ئەمە قسەی وینستۆن چەرچڵە، منیش لەگەڵیدام.. ئەگەر میسرییەکان قابیل بەجەور و ستەم نەبن، ئەوا چەندین سەدەیان لەگەڵدا هەڵنەدەکرد!

– لە دنیادا گەلێک نییە نەکەوتبێتە ژێر چنگی دیکتاتۆرییەوە.

– بەلام میسر لە هەموو ولاتێکی تر زیاتر لە مێژوودا دیکتاتۆرەکان فەرمانڕەواییان کرد. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی میسرییەکان بەسروشتی خۆیان سەر بۆ ملکەچکردن و سەرشۆڕی دادەنوێنن.

– سەیرم دێ خۆت میسریت و ئەم قسانەش دەکەی؟

– میسری بوونم ڕێی ئەوەم لێ ناگرێ خەوشی میسرییەکان نەخەمەڕوو. هەرچی تۆی وای دادەنێیت وتنەوەی درۆ و دەلەسە ئەرکێکی نیشتمانییە!

بەنەبرەی ئاگادارکردنەوەوە گوتم:

– من درۆ و دەلەسە نالێمەوە، تکاشم وایە وشەکانت باش هەڵبژێریت.

ئێمە لەسەر دوو کورسیی بەرامبەر بەیەک دانیشتبووین... لە کاتێکدا گراهام لەسەر قەنەفەکە ڕاکشابوو، کەچی ناگەهان چون ناوبژیمان بکا تەکانێکی بەخۆ دا و بەرەو پێش جوولا، دەستەکانی درێژکردن و گوتی:

– دوا شتێک کە ئەمشەو پێویستم پێی بێ ئەوەیە قرەقرِ لە نێوانتاندا ڕووبدات!

کەرەم بەهاندانەوە لێی ڕوانیم، وا دیاربوو مکورِ بوو لەسەر ئەوەی تا کۆتایی کۆڵ نەدات. گوتی:

– بۆ لە ڕاستی ڕابکەین؟!. میسری دێرین ژیارێکی مەزنی هەبوو، هەرچی ئێستایە بووەتە ولاتێکی مردوو.. گەلی میسر لە ڕووی فێرکردن و بیرکردنەوەوە لە دواوەی گەلانە.. بۆچی وا تێدەگەیت ئەم ڕاستییە سووکایەتییە بەکەسایەتیت؟

– ئەگەر تۆ ناشرینیی میسرییەکانت لایە، ئەوا منیش جوانییەکانیانم لا هەن.

– ئەم جوانییانە چین؟ بەیارمەتیت یەکێک لەو جوانییانەم پێ بڵێ.

کەرەم بەتیزەوە لێی پرسیم، منیش وەلامم داوە:

– هەر چۆنێک بێ، من وڵاتی خۆم خۆشدەوێ و هەڵنەهاتم لێی!

– مەبەستت چییە؟

– مەبەستم ئەوەیە تۆ لە میسر هەڵاتیت، بۆت نییە قسەی لەسەر بکەی.

– من بەناچاری جێم هێشت.

– تۆ وڵاتە هەژارە کڵۆڵەکەت لە پێناو ژیانی پڕ لە ئاسوودەیی ئەمریکادا جێهێشت.. بیرت نەچێ تۆ بەخۆڕایی لەسەر شانی ئەو میسرییانەی ئێستا ڕقت لێیان دەبێتەوە فێربوویت.. میسر فێری کردیت، تاکو ڕۆژێک بێ سوود ببەخشیت.. کەچی وازت لەو نەخۆشە میسرییانە هێنا کە پێویستییان پێتە.. لێیان گەڕایت لەوێ بمرن و خۆتیش هاتیت خزمەتی ئەو ئەمەریکاییانە بکەی، کە پێویستییان پێت نییە!

کەرەم ڕاستەپێ هەستا و شیڕاندی:

– لە هەموو ژیانمدا قسەی وا دەبەنگانەم نەبیستووە!

– تۆ مکوڕی لەسەر سووکایەتی پێکردنم، لێ ئەمە لە ڕاستی ناگۆڕێ.. ئەوانی وەکو تۆ، کە لە وڵاتەکەیاندا هەڵاتوون، دەبێ لە ڕەخنەگرتن لێی، بوەستن.

کەرەم هەندێک پرتە و بۆڵەی کرد و کەوتە جوێندان، بەپڕتاو بۆم هات، مشتی بەرزەوە کردبوو، منیش هەستامە سەر پێ تا ئامادەببم و بەرگری لە خۆم بکەم.. کەچی گراهام. سەرەڕای قورسیی کێشی، لە کاتی شیاودا

بەگورجی خۆی هەڵدایە نێوانمانەوە و گوتی:

– هێــواش هێــواش.. لەســـەرخــۆبن.. هـەردووکـــتـــان سەرخۆشن.

هێند شڵەژابووم هەناسەبڕکێم پێ کەوتبوو، بەدەنگی بڵند هاوارم کرد:

– دوکـتـۆر گـراهام.. قـبـووڵ ناکـەم کـەس سـووکـایـەتی بەوڵاتەکـەم بکا.. من دەڕۆم، چـونکە یـەک چرکـەی تر بمێنم دەیکوتم!

وەرسـووڕام و بـەپەلە دەرچووم، کـاتێک هۆڵەکـەم دەبڕی، گوێم لێ بوو کەرەم دەیشیراند:

– منیش سـەرت دەپلیشـێنمـەوە.. هـەی بەدفـەسـاڵی کوڕی قەحپە!

***

بەرادەیەک ســـەرخـــۆش بـووم، ئێـــســـتـــاش نـازانم چۆن گـەڕامـەوە. لەوە دەکـات جلـەکـانم لـە هۆڵەکـەدا داکـەندبێ، چونکە بینیم لە تـەنیـشت مـێـزەکـە لەســـەر زەوییـــەکـــە فڕێدرابوون.

کـاتژمـێـر چواری ئێـوارە لە خـەو هەسـتـام، لە حـاڵێکی خـراپدا بووم، هـێندەم خـواردبووەوە نەخـۆش بووم. زیاد لە جارێک ڕشـامـەوە، بەدەست دابەزینی پاڵەپەسـتـۆی خـوێن و دڵەکزێوە دەمناڵاند، جگە لە سـەرئێشـەیەک دەتگوت کوتەکە و بەسـەرمـدا دەکێشـرێت.. لە هـەمـووشی خـراپتر هەسـتکردنم بوو بـەتاوان، چونکە بەزمـی شـەوم شـێـواند و گـرفـتم بۆ دوکـتـۆر گـراهـام دروست کـرد. پەشـیـمـان نیم لەسـەر هەر

وشـــەیەک بەکـــەرەم دۆسم گـــوتووە، چەندێک بیـــرم لە ڕۆحـزلییـەکەی و سـووکـایەتییـەکـانی دژ بەمـیسـرییـەکـان دەکـردەوە، زیاتر ڕقم لـێ دەبووەوە. پیـاو چۆن دەتوانـێ بەم ئاسـانییـە لەبەرچاوی خـەڵک قسـە بەوڵاتەکەی خـۆی بڵێت؟.. سـەرەڕای ئەمـانـەش من هەڵە بووم و کۆنتـرۆڵـی خـۆم نەکرد، چونکە هیچ گـونجـاو نەبوو مـن بەشـەڕبێم.. گـراهـام تاوانی چییە؟.. ئەو کابرا باشە ویستی بەگەرمی پێشوازیم لێ بکاو بمنـاسێ، کـەچی من ئاریشـــەم بۆ نایەوە.. پێی گـوتم بەلای ئەوەوە کەسایەتیی خوێندکار هێندەی ئاستە زانستییەکەی بایەخی هەیە.. دوای ئەوەی ڕووی دا داخـۆ چۆنم تـەمـاشـا دەکات؟.. خۆم شـوشت و کوپێکی گەورەی قاوەم خـواردەوە.. پێوەندیم بە دوکتـۆر گراهامەوە کرد، تاکو داوای لێبـووردنی لێ بکەم، کەچی وەڵامـی نەداوە.. بیرم کەوتەوە ژمارەکەی من لە مـیـمـۆریـی تەلەفـۆنەکـەیدا هەیە، داخـۆ ئەمـە مـانـای وایە نایەوێ قـسـەم لەگـەڵدا بکا؟ چەند جـارێک پێوەندیم پێوەی کـردەوە، کـەچی دیسـانەوە وەڵامـی نەدامـەوە. دووەم کـوپی قـاوەم هـەڵقـوڕاند و هـێندێک هـاتمەوە خـۆم، لەو کـاتی گەیشتبوومە شیکاگۆ چیم کردبوو پێیدا چوومەوە.. وا دیارە من (وەکو دوکتـۆر سەلاح گوتەنی) ناتوانم کۆنتـرۆڵی هەستە نالەبارەکانم بکەم!.. خـەوشـێکی جەوهـەری لە کـەسـایـەتیی مندا هەیە، دەبێ بەرەو ڕووی ببمـەوە.. بۆچی ئاوا بەئاسـانی سـەر و دڵم دەگیرێ؟.. دەبێ من ئـەوەندە خراپەکاربم؟! داخـۆ ئەو دڕنـدەییـــەم بۆ زۆر خـــواردنـەوە، یاخـــۆ هەســـتکردنم بەتێکشکان دەگـەڕێتـەوە؟ یان لـە غـەریبی هەســتـەکـانمان ناسکتر دەبنەوە؟. هەموو ئەمانە هۆکاری یارمەتیدەرن، لێ

من هۆی ڕاستەقینەی کڵۆڵییەکەم پێ دەزانم.. لە ناخی خۆمدا هەڵم گرتووە و پشتگوێی دەخەم.. تەنانەت لە بیرکردنەوە لێی ڕادەکەم.. ساڵێکی ڕەبەق تێپەڕی و نەمتوانی دێرە هۆنراوەیەک بنووسم.. گرفتی ڕاستەقینەی من لە پەلوپۆ کەوتنمە لە نووسین.. کاتێک دەنووسم لێبووردەیی و جیاوازی قبووڵکردنم زیاتر دەبێ، ئەودەم کەمتر دەخۆمەوە و بەشێوەیەکی باشتر دەخۆم و دەنووم. هەرچی ئێستایە ئەوا دڵم تەنگە، بەلای شەڕدا لادەدەم و بەبێ وەستان هەست بەپێویستیی خواردنەوە دەکەم.. هۆنراوە تاقە شتە هاوسەنگیم بۆ دەگێڕێتەوە.. هەندێک بیرۆکەی هۆنراوەم هەن لە دوورەوە دڵڕفێن دیارن، کەچی هەرهێندەی دادەنیشم تا لەسەر کاغەزیان تۆمار بکەم، لە دەستم هەڵدێن.. چون جار لە دوای جار تا ناکۆتا تەریفە بم و لە بیاواندا ڕاوی تراویلکە بنێم.

لە دنیادا لەو شاعیرە کڵۆڵتر نییە کە ئیلهامی لە دەست دابێ!.. هەمەنگوای مەزنترین ڕۆماننووسی سەردەمەکەی خۆی بوو، کاتێک لە نووسین وەستا خۆی کوشت!.. خواردنەوە دڵم دەداتەوە، وەلێ بەرەو تونێلێکی نووتەکی بێ کۆتاییم دەبات.. چۆن لە خوێندن خۆم ڕێک بخەم و بەم زۆرییەش دەخۆمەوە؟.

زەنگی دەرگەکە وریای کردمەوە.. بەشێنەیی هەستام بیکەمەوە، کاتێک لە چاوە جادووییەکەوە ڕوانیم ساتێک وڕ و کاس بووم، کەسێک کە هەرگیز مەزندەی ئەوم نەدەکرد.. دوکتۆر کەرەم دۆس بوو!

دوکتۆر سەلاح مۆچیارییەکەی دوکتۆری لە گوێ گرت و ڕۆژی شەممە لەو چێشتخانە مەکسیکییەی زۆری پێ باش بوو، ژنەکەی داوەتی خواردنی شێوان کرد.

کریس بەقژی ڕێکخراوی و ماکیاجی تەواو و جلی سووریەوە، کە سینگی بەدەرخستبوو و لە ناوقەدیشییەوە برۆشی درەوشاوە لەسەرشێوەی گوڵ، پرشنگی دەدایەوە.. ئاهەنگەکەیان بەجوانترین شێوە بردە سەر:

گوێیان لە مۆسیقای مەکسیکی گرت و خواردنی گەرم و بەتامیان خوارد، کریس چەند پەرداخێک تکێلای خواردەوە، هەرچی سەلاح بوو چۆن پزیشک ئامۆژگاریی کردبوو لە پەرداخێک زیاتری نەخواردەوە. بەخۆشییەوە چپەدوویان بوو، کریس بەخۆشحاڵییەوە پێکەنی و گوتی:

– سوپاس خۆشەویستەکەم.. شوێنێکی دڵگیرە.

بەرلەوەی بڕۆن، سەلاح ڕوخسەتی خواست و چووە گەرماوەکە، حەبێکی قووتدا، لە ڕێگە بەرەو ماڵەوە کریس لە ئۆتۆمبێلەکەدا بەتەنیشتییەوە دانیشتبوو.

ئاڵۆزییەک کەوتبووە نێوانیانەوە، چون چاوەچاوی شتێکیان بێ و نەتوانن ئاشکرای بکەن، ئیدی بەقسەی بۆش و بەتاڵ دایپۆشن.

گەیشتنەوە ماڵ، بەر لە ژنەکەی خۆی بەگەرماوەکەدا کرد، پاشان

بەرۆبێکی کشـمـیریـی سـپـیـیـەوە دەرچوو، لـەسـەر نوێنەکەی هـەڵایژابوو و سەیری تەلەڤزیۆنی دەکرد، تاکو ئەویش لە خۆ شووشتن ببێتەوە.. ئەمە ئەو سرووتە دێرینەی بەر لە خۆشەویستی کردنیان بوو.

ئەوی لەسـەردانی پزیشکەکـەدا ڕووی دابوو بەمـێشکیدا گـوزەری کـرد. بۆچی ئەوی ئەو وتـی بە لەوچەیی دادەنێ؟!. ئەو ڕاسـتـیـیـەی گوت کە ئەم لە ناخیدا هەڵی گرتووە و لە دەستی ڕادەکا!.. بەڕاست وایە.. ئەو کریسی لە لایەنی سـێکسـیـیـەوە بەکـارهێنابوو. وای لێ کـرد ئـالوودەی ببـێت، تاکـو پلانەکەی بەجێ بهێنێت و لە پێناو پاسپۆرتێکی ئەمریکیدا بیخوازێ.

«ئیـدی بەس خـۆت هەڵخـەڵەتێنە.. ڕەنگە دان پێـدانانت بەهیـچـوپووچی خـۆتدا یارمـەتیت بدات.. تۆ گـیگۆڵۆ ئاسـا ڕەفـتـارت کرد، وەک ئـەوانەی لە مـەیخـانـەکـانی سـاوپاوڵۆ و مـەدرید دەکـەونە دووی پیـرەژنـە گـەشـتـەوەرە ئەمـریکیـیـەکـان.. تۆش دەق وەک ئەوانیت.. جـیـاوازییـەکـەی ئەوەیـە تۆ خـوێندەواریت.. گـێگۆڵۆ بە دوکـتـۆراوە.. چیت لەگـەڵ کـریسـدا کـرد؟. بەخواردنەوە و دەستبازی گڕت لە جەستەی بەردەدا، پاشـان نازت بەسەردا دەکرد.. خۆت لێ دەدزییـەوە.. کاتێکیش پێی دادەگرت، سۆزانی ئاسا لێت دەپرسی:

– ئەمشەو چەند بەڵگەت لەسەر خۆشەویستی دەوێ؟

هێندە گـەمـەت بەشـەهوەتی دەکـرد تاڕادەی گـریان، بێ شـەرمی و ڕووقـایمییـەکەت لەگەڵیدا حـەزەکانتی لە بەرابەردا زیاتر دەکرد.. خۆت لێ دوور دەگـرت، تاوای لێ دەهات لێت بێ ئـومـێـد دەبوو.. لە هـیکڕا وا خـۆت نزیک دەکردەوە لـە چێژدا دەتسـووتانـد، لە بێ هۆشـیـیـەکی درێژ مـاوەدا ون دەبـوو، پاشـان دەهـاتەوە هـۆش خـۆی و مـنەتبـارت دەبـوو و سـەرتاپـای جەستەتی بەمـاچ دادەگرت.. هەموو شتەکان چۆنت نەخشـە بۆ کێشابوون وا هـاتنەوە:

کریست خواست و کارتی سەوزت بەدەست هێنا، پاشانیش ڕەگەزنامەی ئەمەریکایی..».

کاتێک وەستا بوو تاکو سوێندی دڵسۆزی بۆ نیشتمانە تازەکەی بخوات، نەیتوانی بۆ تەنیا ساتێک زەینەب ڕەزوانی بیر بچێتەوە.

«داخ بۆ ئەوە دەخۆم، کە زۆر ترسنۆک و جوولەکەیت».. قسەیەکە زەینەب بەر لە سی ساڵ گوتبووی، ڕەنگە بشێ ببێتە ناونیشانێک بۆ ژیانی!.. لە بیرکردنەوەکانی لەسەر کریس هاتەوە خۆی، بەرۆبێکی سپییەوە، کە بەئەنقەست کردبوویەوە لە گەرماو هاتەدەر، گیانی هێند سپی بوو دەتگوت بەفرە، لەسەر نوێنەکە بەتەنیشتییەوە دانیشت و خۆی پێوەنووساند.. ئەم تەماشایەکی کرد، ئەو ڕوخساری تێکچوو بوو، هێند ئاڵۆشی سەری کردبوو هەناسەبڕکێی پێ کەوتبوو. ویستی قسە بکا، کەچی بۆی دەرکەوت شتێک نەماوە بوترێ.. هەر هێندەی پەنجەی بەر جەستەی کەوت، ئەو خۆی دایە بانیا، بەتوندی باوشی لێ دا و دەمی نایە ناو دەمییەوە. دەستی بەگیانیدا هێنا و بۆنە خۆشەکەی لووتی پڕ کرد، هەستی کرد خوێنی قوڵپ دەدا.. ئەویش لە ڕەقییەکەی دڵنیابوو، دەتگوت تافی لاوی بۆ گەڕاوەتەوە، گازی لە گۆپکەی مەمکەکانی دەگرت و بەناو لەپی بەتوندی دەیگووشین، کەچی لەپڕ کەڵکەڵە دای گرتەوە، بیری تیژ کرد تاکو لێی قوتار بێ، ئەویش هەستی پێ کرد، مکوڕ بوو لەسەر یارمەتیدانی تاکو هەڵسێت.. بەهێوری و سووربوونەوە گەمەی پێ دەکرد، هەموو هەوڵی خستەگەڕ، زیاد لە ڕێگەیەکی بەکار هێنا، تاکو کڵپە و گەرمییەکەی بپارێزێ، کەچی هەژیا.. پاشان هێدی هێدی فس بووەوە، تابەتەواوی دامرکایەوە.. هەردووکیان ئەم شکستخواردنەیان چون ڕووناکیی بریسکە، لە شێوەی هەواڵێکی لە ناکاودا هاتە بەرچاو!.. چاوانی لێک نان و کەمێک جوولا، ئەویش لەسەرپشت لێی ڕاکشا، دەتگوت توانای جووڵەکردنی لەدەست داوە. چاوی لەو سێبەرانە بوو

کە گڵۆپە کزەکە لەسەر میچەکەی دروست دەکرد، وای بەمێشکدا هات ئەمانە شێوەیێلێک بن و مانایەک بەدەستەوە بدەن.. توخوا ئەوەی ئێستا دەیبینێت ورچێکی گەورە نییە و منداڵێک بەتەنیشتیەوەیەتی، یاخۆ دوو درەختی پێکەوەنووساون و یەکیان لەوی تر درێژترە؟!

لێی نزیک بووەوە و سەری ماچ کرد، ئەویش بەدوو چاوی پڕ لە ڕۆندکەوە تەماشای دەکرد، بەزەییی پێدا هاتەوە.. بەدەنگێکەوە زیاتر لە نووزانەوە دەچوو لەبەر خۆیەوە دوا:

– گرفتی من لە سێکسدا نییە.. بچووک نیم، ئاتاجی جەستەییشم لەگەڵ تەمەندا کەم دەبێتەوە.

بەبێدەنگی دەستی بەقژیدا دەهێنا.. درێژەی پێ دا:

– ئەوی ئازارم دەدا ئەوەیە وەکو جاران خۆشت ناوێم.

– کریس!

– ناکرێ ئافرەتێک لە هەستکردنی بەخۆشەویستیدا فریو بخوا.

سەلاح لە دانیشتنەکەیدا ڕاست بووەوە، وەک ئەوەی شکستهێنان کاتی پێ بەخشیبن، بەهێوری دەدوا:

– دوای چەند هەفتەیەکی کەم شەست تەواو دەکەم.. ژیانم لە کۆتایی نزیک دەبێتەوە، زۆر زۆر دە ساڵی تر دەژیم.. هەینێ ئاوڕ لەو هەموو ساڵانەی ژیانم دەدەمەوە، بۆم دەردەکەوێت بڕیارێلێکی زۆری پڕ لە هەڵەم داون..

– داخۆ منیش لەناو ئەو بڕیارە هەڵانەتدا بووم..؟

– تۆ جوانترین مرۆڤیت ناسیبێتم، لێ من تەنیا.. ئومێدەوارم ژیانم دووبارە ببێتەوە، تاکو بڕیاری جیاواز وەربگرم.. ڕەنگە ئەمە مایەی پێکەنین، یاخۆ ناماقووڵ بێ.. ئێستا دەزانم بڕیاری کۆچکردنم ڕاست نەبوو..

– کەس ناتوانێ سەرلەنوێ ژیانی دووبارە بکاتەوە..

– کارەساتەکە لێرەدایە..

– چارەسەری دەروونی لەم غایەڵانەت دوور دەخاتەوە.

– جارێکی تر بەرگەی ئەمە ناگرم.. لە ژوورێکی داخراودا لەسەر جێگە نانووم، تا نهێنییەکانی ژیانم بۆ کەسێک بگێڕمەوە نەیناسم و وەکو منداڵی کەتنکەر بەرگەی سەرکۆنەی بگرم.. هەرگیز شتی وا ناکەم..

دوا ڕستەی لەو کاتی لەسەر نوێنەکە هەستا بەدەنگی بەرز گوت.. ڕووناکیی ژوورەکەی پێ کرد و کتێبەکەی سەر مێزەکەی تەنیشتی گرتە دەستەوە، پاشان دەسکی دەرگەکەی گرت و بەر لەوەی دەربچێ، گوتی:

– خۆت باش دەزانی تۆ بۆ من چی دەگەیەنی، وەلێ بەقەیرانێکدا تێ دەپەڕم ئاوا بەزوویی لێی دەرناچم.. نامەوێ ئازاری زیاترت پێ بگەیەنم.. وا پێشنیاز دەکەم ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێ جیا ببینەوە.. بمبەخشە کریس، لەو بڕوایەدام بۆ هەردووکمان باشتر بێت!

«من هێندە گەمژە و گەلۆر نیم تا بکەومە داوەوە.. هیچم کەم نەبوو ئەمە نەبێ.. بچم شەیما بخوازم؟!.. بەڕۆژوو ببم و فتار بەپیواز بکەمەوە!.. ڕاستە ئەو مامۆستای یاریدەرە لە کۆلێجی پزیشکی، بەڵام دەشتەکییە.. من کوڕی لیوا عەبدولقادر حەسیبم، یارمەتیدەری بەڕێوەبەری ئاسایشی قاهیرە، منێک لە ڕۆکسی و یانەی هلیۆبۆڵس پەروەردە بووبم و کچی ماڵە گەورەکانم ڕەت کردبێتەوە.. لە کۆتاییدا کچە جووتیارێک بهێنم؟! توخوا با هەر تووڕە بێ.. چاوی دەردەهات!»

تارق ئاوای بەخۆی گوت.. ڕاستە ئێسکی سووکە و دەرچوون لەگەڵیدا خۆشە.. ڕاستە چاوی لێیەتی و هەموو ئەو جۆرە خواردنانەی بۆ لێ دەنێ، کە حەزیان لێ دەکا.. بەڵام مانای وا نییە بیخوازێت! دەبێ سەرپشک بێ، یان دۆستایەتییەکەیان وەکو خۆی بمێنێتەوە، یانیش لە ژیانی دەرچێت. ماوەیەک وازی لێ بێنێ تاکو دەگەڕێتەوە هۆش خۆی.. ئیدی قسەی لەگەڵدا ناکا.. باشە بۆ قسەی لەگەڵدا بکا؟..

ئەو هەڵەی کردووە.. لەخۆڕا تووڕە بوو و لە شوێنێکی گشتی بەشێوەیەکی نەشیاو قسەی لەگەڵدا کرد.. دەبێ بێت داوای لێبووردن بکا.

دانیشت بەوانەکانیدا بچێتەوە، هەوڵی دا لە بیری خۆی دەربکات. بەخدێی خۆی بەرلەوەی بنوێ، تەماشای یاریی زۆرانبازیی کرد و چێژی لە فیلمێکی سێکسی وەرگرت.. «ڕاستییەکەی بەزۆرەملێ چێژی وەرگرت، تاکو

بیسەلمێنێت گرفتەکەی شەیما کاری تێ نەکردووە».. سەرلەبەیانی چوو بۆ کۆلێج و رۆژەکەی بەوانە و تاقیگەوە بردە سەر.. زۆری هەوڵ دا وێنەی ئەو لە بیر خۆی بباتەوە، دەوروبەر کاتژمێر سێ بەرەو بەش دەگەڕایەوە، لە پڕ وەستا، مۆبایلەکەی دەرهێنا و پەنجەی بەژمارەکەی شەیماوە نا.. پێوەندیی پێوە دەکا نەک لەبەرئەوەی ئاشتی بکاتەوە، بەڵکو تا سەرکۆنەی بکا.. تێی دەگەیەنێ چەندە لەسەر هەڵەیە، بەڕوونی و یەکجارەکی پێی دەڵێت، ئەگەر بەم ئاوایە بەردەوام بێ، ئەوا پێویستی پێ نابێ.. هەزار جار خواحافیز!.. لەودەمی قسەی ڕەقی ئامادە دەکرد تاکو پێی بڵێ، مۆبایلەکەی بەگوێیەوە نا، زرنگانەوەکە بەردەوام بوو تا بڕا، وەڵامی نەداوە، دوای نیوەڕۆیە ڕەنگە نووستبێت، کاتێک بێدار دەبێتەوە ژمارەکەی دەبینێ پێوەندیی پێوە دەکا.. تارق نانەکەی خوارد (ئەوی شەیما ئامادەی کردبوو) و سەرخەوێکی شکاند. هەرکە لە خەو هەستا دەستی بۆ مۆبایلەکەی درێژ کرد و شاشەکەی ڕووناک کردەوە، داوای نەکردبوو. پەنجەی بەژمارەکەیەوە نا، وەڵامی نەبوو، هەینێ دووبارەی کردەوە هێڵەکەی لەسەر داخست. ئێستا مەسەلەکە ڕوون و ئاشکرایە.. ڕۆڵی دلبەری ڕەنجاو دەبینێ، دەیەوێ بەدوایدا ڕابکا و ملکەچی بێت.. «مەحاڵە!».. بەم ئاوایە ورتە ورتێکی کرد و گۆشەی دەمی بزەیەکی وەرسئامێزی پێوە دیار بوو، بەتووڕەیییەوە سەیری پێش خۆی دەکرد.. مادام هێڵەکەی بە ڕوودا داخست واتا کۆتاییی هەڵبژارد.. پێی ناڵێ "خواحافیز" بەڵام "سەد بەرد لەدوای".. "خۆی بەچی دەزانێ؟ ئەم دەشتەکییە دەیەوێ سەرم پێ دانەوێنێت؟.. ئای لەم گاڵتەجارییە!.. کەواتە نازانێت تارق حەسیب کێیە.. کەرامەتم لە خودی ژیانم گرینگترە.. لە ئێستاوە وەک ئەوەی هەر لە ژیانمدا نەبووبێت لە ژیانمی دەردەکەم.. بەرلەوەی بیناسم ناتەواویم چی بوو؟ پاشا بووم بۆ خۆم، کارم دەکرد و دەمخوارد و دەنووستم و ڕامدەبوارد.. بەپێچەوانەوە.. لەوەتەی ناسیومە من بەردەوام لە دڵەڕاوکێ و ئاڵۆزیدا دەژیم".

له نووسینگەکەی دانیشت، کتێبەکانی دەرکردن و دەستی بەخوێندن کرد.. توخمە سەرەکییەکانی وانەکەی نووسییەوە، هەوڵێکی زۆری دا هزری لای خوێندنەکەی بێ، کەچی دوای نیو کاتژمێر. لە نکاورا.. لە شوێنەکەی ڕاست بووەوە و لە ئەپارتمانەکە دەرپەڕی، چون یەکێک هەڵی برێ، یاخۆ لەوە بترسێ ڕای بگۆڕێ، بلەز هۆڵەکەی بڕی، سواری ئاسانسەرەکە بوو بەرەو نهۆمی حەوتەم، لە ئاوێنەکەی ڕوانی، تراکسۆتێکی شینی لەبەردابوو، دەموچاوی ماندوویێتی پێوە دیار بوو، ڕیشی کەمێک هاتبوو.. گەیشتە ئەپارتمانەکەی شەیما، زیاد لە جارێک پلی بەزەنگەکەوە نا، دوای قەیرێک دەرگاکەی کردەوە، دیشداشەی ماڵی لەبەردابوو.. بەزەردەخەنەیەک پێشی کەوت و گوتی:

– سلاو.

– سلاو لە تۆش دوکتۆر تارق.

شێوە قسەکردنە فەرمییەکەی لە گوێیدا زرنگایەوە، نیگایەکی قووڵی لێ بڕی.. کەچی ئەو پشتگوێی خست و گوتی:

– خێر ئینشاڵڵا.

بەدەنگێکی نزمەوە گوتی:

– هێشتا لێم تووڕەیت؟

– کێ وای گوت؟

– دوێنێ جێتهێشتم و ئەمڕۆش پرسیارت نەکردم.

بەبێدەنگی تەماشایەکی کرد وەک ئەوەی بڵێت: بەخۆت دەزانیت لە سۆنگەی چییەوەیە.

– شەیما.. ڕێگەم دەدەیت بێمە ژوورەوە؟ بەیارمەتیت.

ساتێک شڵەژا، چونکە مەزەندەی ئەوەی نەدەکرد داوای هاتنە ژوورەوەی

لێ بکا.. جارەکانی پێشوو سنووری دەرماڵی دەرەوەی نەدەبڕی.. چەند هەنگاوێک کشایەوە و ڕێگەی دا، زوو خۆی بەژووردا کرد وەک ئەوەی لەوە بترسێ پەشیمان ببێتەوە.. لەسەر کورسییەک لە هۆڵەکە دانیشت، شەیما تازە ئاگادار بووەوە، کە جلی ماڵەوەی لەبەردایە، ئیزنی لێ خواست و قەیرێک جێی هێشت، بەلای ئەمەوە زۆر درێژ بوو، بەکوپێک چایەوە گەڕایەوە و کراسێکی سەوزی کەشخەی لەبەر کردبوو.. لەسەر کورسییەک دوور لەو دانیشت.. تارق قومێکی لە چایەکە دا و گوتی:

– چی تووڕەی کردووی؟

– بەلاتەوە گرینگە بزانی؟

بەنازەوە ئەو قسەیەی کرد و شنەیەکی ژنانەی پڕ لە ناسکیی لێ دەباری، دڵی کوتە کوتی پێ کەوت و بەدەنگێکی شڵەژاوەوە گوتی:

– زۆرم بیر دەکردی!

– منیش.. وەلێ بەم دۆستایەتییەمان ئاسوودە نیم!

– لەبەرچی؟

– هەموو ڕۆژێک زیاتر پێوەت پێوەست دەبم، کەچی هیچ لەبارەی داهاتووەوە نادوێین.

سەیری لەم بوێرییەی خۆی هات.. ئاخۆ ئەمە ئەو شەیما شەرمنەیە، کە لە ماڵەکەی خۆیدا پێشوازی لە پیاو دەکا و بەم ئاوایە قسانی لە بەرابەردا دەکا؟

– دوارۆژ لە دەستی خواوەند دایە.

بەم شێوەیە بەدەنگێکی کز وای گوت، تاکو خۆی لە بابەتەکە بدزێتەوە.

– تکام وایە دۆخی من بزانیت.. هەرچی تۆی پیاویت، چی بکەی نەنگی تێدا نییە.. من کچم داوونەریتی خێزانەکەشم زۆر توندە.. چی بکەین لێرە لە

ئەمەریکا لە ڕێگەی چەندین کوڕی باشەوە، بەخۆتیش دەزانیت چەند زۆرن، دەگاتەوە خەڵکی لە میسر.. نامەوێ شەرمەزاری بۆ کەسوکارم بێنم.

– ئێمە شتێکی هەڵەمان نەکردووە.

– بەڵکو دەیکەین.. پێوەندییەکەمان دژ بەداوونەریتە.. دژی ئەو بنەمایانەن پێیان گۆش کراوم.. باوکم خوای لێ ڕازی بێ پیاوێکی ڕووناکبیر بوو، پشتگیریی لە فێرکردن و کارکردنی ئافرەت دەکرد.. وەلێ ئەمە مانای ئەوە نییە دەست لە خۆم و ئابڕووم بەردەم.

– ئابڕووت پارێزراوە شەیما.

وەک قسەکەی نەبیستبێت، درێژەی پێ دا:

– بۆچی بەیەکەوە دەردەچین؟.. تۆ ئێستا بۆ لێرەیت؟. پێم نەڵێی برادەرییە، چونکە برادەرییش سنووری خۆی هەیە.. دەبێ بڕیار لای ئاوەزمان بێ. نەک بکەوینە دوای هەست و سۆز.. گوێ بگرە تارق، پرسیارێکت لێ دەکەم تکام وایە بەڕاستگۆیی وەڵامم بدەیتەوە.

– فەرموو.

– من لە چاو تۆوە چیم؟

– برادەر.

– بەس؟

ئاوا بەدەنگێکی ناسکەوە چرپاندی، دڵی لەرزی و بەدەنگێک زرنگانەوەی تێدابێ گوتی:

– کەسێکی ئازیزی منی.

– بەس؟

– خۆشمدەوێی!

وەک ئـەوەی لـە دەمــی دەرچـووبـێ جـــــارێک گـــــوتـی، چـون بـەردەوام بەرهـەڵسـتـیی کـردبێ و پاشـان لە هیـکرا ڕووخـابێ!. وەک ئەوەی وشـەیەکی ئەفسـووناوی گوتبێت و دەرگەکانـی بۆ خـرابنە سـەرگازی پشت، دۆخـەکە گۆڕا.. بزەیەکی هاتێ و بەمیهرەبانییەوە تەماشای کرد و چرپاندی:

– جارێکی تر بیڵێرەوە.

– خۆشم دەوێی!

چاویان لـە یەکـتـری بڕیبـوو، دەتگوت بڕوا ناکـەن، وەک تازە بـەدۆخـێکی دەگمـەن گـەیشـتبن و نەزانن دوای ئەوە چی بکەن. لە شـوێنەکەی هەسـتا و سـینی و کوپە بەتاڵەکانی بـەدەسـتـەوە بوون، پاشـان بەدەنگێک لەو کاتەوەی ناسیویەتی ئاوا بەشیرینی نەیبیستبوو، گوتی:

– سینییەک «ئوم عەلی»م کردووە.. با قاپێکت بۆ بێنم.

چاوەڕێی وەڵامەکەی نەکرد، بەڵکو خۆی بەئاشـخانەکەدا کرد و بەقاپێکەوە گـەڕایەوە، بەمـتـمـانە بـەخـۆبـوون و نازەوە خـۆی بـادەدا، چون تازە هـەسـتـی بەکامبڵوونی مێیینەیەتییـەکەی کردبێ.. تارق وەستا تاکو قاپەکەی لە دەست وەربگرێ، کەچی لە پڕ دەسـتی درێژ کرد و مەچەکی گرت، بۆ خـۆی ڕایکێشا و لە ڕوخـسـاری نزیک بووەوە، تا ئەو ڕادەیەی هـەناسـەبـڕکێ گـەرمـەکـەی پێستەکەی سووتاند. بەهـەموو هێزییەوە پاڵی پێوەنا و بەدەنگێکی خنکاوەوە شیراندی:

– تارق.. تۆ شێتیت؟!

لەودیو پەردە کەسکەکەی پەنجەرەکەی داپۆشیبوو، لە ژوورە سیخناخ بەکتێبەکەی، کە سالآنێکە بەدووکەڵی جگەرە قانگ دراوە، جۆن گراهام سنووقێکی دارینی قاوەیی ڕەشباوی بەمسی کۆن نەخشێنراوی پاراستووە، بەمەحکەمی کڵۆمی دەکا و بۆ ماوەیەکی درێژ لە بیری دەکا، پاشان لە پڕ بیری دێتەوە و سورگیی دەرگەی نووسینگەکە لە ناوەوە دادەخات و بەهەناسەبڕکێوە بەجرەجر سنووقەکە بۆ ناوەڕاستی ژوورەکە بەکێش دەکا، چوارمشقی لێی دادەنیشێت، ئەوی لەناویەتی دەریدەهێنێ و لەسەر زەوییەکە لە پێش خۆی بڵاویان دەکاتەوە، ئیدی یەکسەر سەرتاپای ژیانی دێتە بەرچاو: وێنەی ڕەش و سپیی سەردەمی لاوی، کوتە ڕۆژنامەی شەستەکان مانشێتی ڕووداوە گرینگەکانیان لە خۆ گرتووە، بەیاننامەی تووڕەی شۆڕشگێریی دژ بەدەوڵەت، بڵاوکراوەیێلێک وێنەی ئەو منداڵ و ئافرەتانەیان پێوەن، کە لە جەنگی ڤێتنامدا شێوێنراون (هێندێکیان هێند ناشرینن، تەنانەت دوای ئەم هەموو ساڵە ناتوانێت تەماشایان بکا)، داوەتنامەی ڕەنگاوڕەنگی بەدەست نەخشێنراو بۆ ئامادەبوون لە خۆپیشاندان و ئاهەنگی ڕۆک، بەرنامەی فیستیڤاڵی وۆدستۆک، کۆمەڵە میدالێک نیشانەی خۆشەویستی و ئاشتیی بەناوبانگیان هەڵگرتووە، زوڕنایەکی هیندی، کە بەلێزانییەوە دەیژەند.. دوایش بەنرخترین شتەکان: کڵاو ئاسنێک لە کاتی پێکدادانێکی توندا لە یەکێک لە خۆپیشاندانەکاندا

لەسـەری پۆلیسێکی کردبووەوە. لە وێنە کۆنەکاندا گراهام وەکو گەنجێکی ڕەقەڵە بەدیار دەکەوێ، ڕیشێکی بێ خزمەت، قژیشی لە شێوەی کلکە ئەسپ لەدواوە گرێ دراوە، کراسێکی پانوپۆڕی هیندیی لەبەردایە، لەگەڵ پانتۆڵێکی جینز و جووتێک سۆڵ.. ڕۆژگاری باخچەکان وەکو ناوی نابوو، لە باخچە بەناوبانگەکانی شیکاگۆدا: گرانت پارک و لینکۆڵن پارک، دەیخـوارد و دەیخـواردەوە و تلیاکی دەکێشا و دەنووست و لەگەڵ کیژە هاوەڵەکانیدا دڵداریی دەکرد.

یەکێک لە لاوە تووڕەکان بوو، لەوانەی دژی جەنگی ڤێتنام بوون و هەموو شتیان ڕەت دەکردەوە:

کڵێسا و دەوڵەت و ژنهێنان و کار و ڕێژیمی سەرمایەداری، زۆربەیان ماڵ و خێزان و کار و خوێندنیان جێ هێشتبوو، شەویان بەگفتوگۆی سیاسی و تلیاک کێشان و گۆرانی گوتن و مۆسیقا ژەنین و دڵداری کردنەوە دەبردە سەر، بەڕۆژیش گریان لە تەنووری خۆپیشاندانەکان بەردەدا..

لە ئۆگستی ساڵی ١٩٦٨دا حزبی دیموکرات لە شیکاگۆ لە پێناو دیارکردنی پاڵێوراوی نوێی بۆ سەرۆکایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان کۆبووەوە، بەدەیان هەزار لاو کەوتنە خۆپیشاندان.. لە دیمەنێکی مێژووییدا، کە کامێراکان بۆ سەرتاپای جیهانیان دەگواستەوە، ئاڵای ئەمەریکایان داگرت و لە بریی کراسێکیان بەرز کردەوە شەلاڵی خوێن بوو، پاشان بەرازێکی گەورەیان هێنا، ئاڵای ئەمەریکایان بەدەوریدا لوول دا و لەسەر دوانگە (منصة)یەکی بەرزیان دانا و ڕایانگەیاند وەکو باشترین کاندیدکراو بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکای هەڵدەبژێرن!.. ئیدی خۆپیشاندەران هاوکات لەگەڵ هوتاف کێشانی گاڵتەجاڕی و فیکە و چەپڵەلێدان، کەوتنە ستایش و پیاهەڵدانی بەرازی کاندیدکراو. نامەکەیان ڕوون و ئاشکرا بوو:

داوودەزگای دەوڵەت لە بناخەوە گەندەڵە، ئەگەر چەندێکیش کەسەکان

بگۆڕدرێن. دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا ڕۆڵەی هەژاران بەرەو مەرگ بۆ ڤێتنام دەنێرن، تاکو سوود و قازانجیان بەملیۆنان زیاد بکا. لە هەمان کاتدا ڕۆڵەکانی خۆیان ژیانێکی پڕ لە خۆشگوزەرانی دوور لە مەترسی دەبەنە سەر. خەونی ئەمەریکایی خەیاڵە، پێشبڕکێیەکی بێ کۆتاییە و کەسی تێدا براوە نییە، لە میانەیدا پاڵ بە ئەمەریکاییەکانەوە دەنێن هەر بۆ ئەوەی ماڵ و ئۆتۆمبیلی گرانبەها و شوێنی حەوانەوە لە لادێ بەدەست بهێنن، مل بەکاری قورس و ململانێیەکی سەختی بێ بەزەییانەوە بنێن.. ژیانیان بەڕاونانی تراویلکەوە دەبەنە سەر و لە دوادوایی تەمەنیاندا بۆیان دەردەکەوێ فریودراون، هەڵبەت ئەنجامی پێشبڕکێکەش بەر لە دەستپێکردنی بڕیاری لەسەر دراوە و بڕاوەتەوە:

تاقمێکی ملیۆنێر دەست بەسەر هەموو شتەکاندا دەگرن.. ئەوانەی پەنجا ساڵە ڕێژەیان لە چاو ژمارەی دانیشتوانەوە بەهیچ شێوەیەک زیادی نەکردووە، لە کاتێکدا ژمارەی نەداران لە زیادبوونێکی بێ وێنە و بەرباد دایە. بەڕاستی ڕۆژی هەڵبژاردنی بەرازەکە ڕۆژێکی مێژوویی بوو، نامەکە بەبەهێزی گەیشتە ڕای گشتی، وای لێ هات بەملیۆنان ئەمەریکایی بیریان لەوە دەکردەوە، کە ڕەنگە ئەم گەنجانە لەسەر حەق بن... ڕووبەڕووبوونەوەی توند لەگەڵ پۆلیسدا ڕووی دا، باخچەکان بوونە مەیدانی جەنگی ڕاستەقینە، پۆلیس بەهەموو شێوەیەک و زۆر دڵڕەقانە کەوتبووە وێزەی خۆپیشاندەران، هەرچییەکیان بهاتایەتە دەست، لە تێلا و سۆندەی ئاو و بۆمبی فرمێسک ڕێژ و گوللەی پلاستیکی سڵیان نەدەکردەوە. خوێندکارەکانیش بەرگرییان لە خۆ دەکرد، بەردیان دەهاویشت و گریان لە قوتیی سپرای قژ بەردەدا و دەیانهاویشت، ئیدی دەبووە بۆمبێکی بچووک. زۆرێک بەخەستی بریندار بوون، ئەمبولانسەکان بەسەدانیان گواستەوە و بەسەدانیش دەستگیر کران.. لەو ڕۆژەدا گراهام تێلایەک بەر سەری کەوت و سەری شەق کرد، لە ئەنجامدا دوو حەفتە لە نەخۆشخانەدا کەوت، تا نووکەش شوێنەوارەکەی

بەپشت گوێیەوە ماوە، ئەو ڕۆژانە ڕۆژگاری خەباتی ڕاستەقینە بوون:

چەندین جار دەستگیر کراوە و حوکم دراوە ماوە، نامەوەیەک لە بەندیخانەی دەبردە سەر، جارێکیان بەتۆمەتی ئاژاوەنانەوە و لە ناودانی شتومەکی گشتی و دەستدرێژی کردنە سەر پۆلیس، شەش مانگی تەواو لە ژوورەوە بوو، کەچی ئینجاش لەوەی کردی هەرگیز ژیوان نەبوو. چەند ساڵێک دەربەدەر و سەرگەردان بوو، خۆ ئەگەر بیویستایا ئەوا ژیانێکی پڕ لە خۆشبژێوی بەدەست دەهێنا، چونکە پزیشکێکی سەرکەوتووی زانکۆی بەناوبانگی شیکاگۆ بوو و لە توانایدا بوو هەر کات بیویستایا ئیشێکی باشی دەست بکەوتایا، بەڵام ئەو بڕوای بەشۆڕش بوو چون ئاینێک بێ و دەبێ گیانی لە پێناودا بەخت بکات.

لە زیندان دەردەچوو تاکو سەرلەنوێ لە خۆپیشاندان بەشدار ببێتەوە، بێ کاروکاسبی و بەگیرفانی بەتاڵەوە لەگەڵ هاوڕێ یاخییەکانیدا دەژیا.. دڵنیابوون دنیا دەگۆڕێ و شۆڕش چۆن لە شوێنانی تر سەرکەوت، ئاوا لە ئەمەریکاش سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت.. هەردەبێ ڕێژیمی سەرمایەداری بڕووخێ، ئیدی بەدەستی خۆیان ئەمەریکایەکی نوێی دادپەرست و مرۆڤدۆست ڕۆ دەنێن.. ئەو کات گشت ئەمەریکاییەکان لە دوارۆژی ڕۆڵەکانیان خاترجەم و ئەرخاین.. بۆ یەکجاری ململانێی زیانگەیێنی بەدەر لە ڕەوشت نامێنێت.. ئەو نووسینانەش «زیانمان دەسکەوتی تۆیە»، کە فرۆشتگە بازرگانییەکانی کەناری مایە پووچی بەرزی دەکەنەوە، تاکو تەماحی خەڵکی بۆ کڕینی بەهەرزان بجووڵێنن..

ئەمانە خەونی لاوانی تووڕە بوون، بەڵام نەهاتنە دی.. شەڕی ڤێتنام کۆتاییی پێ هات و دەست بەسەر شۆڕشیشدا گیرا، زۆربەی هاوڕێیان دایانە پاڵ ئەو ڕێژیمەی تادوێنێ دژی دەجەنگان: ئیش و کاریان دەستکەوت و دامەزران، ژنیان هێنا و بوونە خاوەنی ژن و منداڵ، هەندێکیشیان

سامانێکی بێ شوماریان پێکەوە نا.. گشتیان ئایدۆلۆجیای خۆیان گۆڕی.. تەنیا جۆن گراهام نەبێ، ئەوەتا شەستیشی تێ پەڕاندووە و تا ئێستاش دڵسۆزە بۆ شۆڕش!. ژنی نەهێنا، چونکە بڕوای بەسیستەمی ژنهێنان نییە، بەڕاستی لە توانایشیدا نییە لەم جیهانە گەندەڵەدا بەرگەی بەرپرسیارێتیی منداڵ هێنان بگرێ، هەرگیز بڕوای بەبنیاتنانی دنیایەکی باشتر لەق نەدەبوو، ئەگەر ئەمریکییەکان لەو ماشێنی سەرمایەدارییەی بەسەر ژیانیاندا زاڵە، قوتار بن. سەرەڕای کەوتنە تەمەنەوە، لە چەندین ڕێکخراوی چەپڕەودا چالاک بوو: "هاوەڵانی پۆرتۆریکو".. "کۆمەڵەی سۆشیالیزمی ئەمەریکایی".. "نەوەی ڤێتنام".. "بزاڤی دژ بەجیهانگیری" و هی تریش..

هەڵبەت باجێکی زۆریشی بەرابەر بەو خەباتەی دا:

بووە پیرەمێردێکی تاق و تەنیا، نە خێزان و نە منداڵ.. دوو پێوەندیی خۆشەویستیی هەبوو، لە هەردووکیاندا سەرنەکەوت و زامێکی قووڵیان لە ناخیدا هێشتەوە.. دوو جاریش تووشی خەمۆکی بووە و خراوەتە نەخۆشخانەی دەروونییەوە، تێیدا هەوڵی خۆکوشتنی دا، خۆ چاکبوونەوەی لەو قەیرانە لە ئەنجامی داودەرمان، یاخۆ دانیشتنەکانی چارەسەری نەبوو، بەڵکو لە سۆنگەی ئەو پتەوییەی ناخییەوە بوو، بەدرێژاییی ژیانی فێربووبوو پەنای بۆ ببات و ئەویش شەرمەزاری نەدەکرد.. هەروەها، بەهۆی خۆشەویستیی بۆ کارەکەی و توانەوەی تێیدا، وێڕای پابەندبوونە ڕامیارییەکەی، کە مایەی گفتوگۆ و گرفت بوو، گراهام بەیەکێک لە مامۆستا دەگمەنەکانی زانستی ئاماری پزیشکی دادەنرا، بەدەیان توێژینەوەی پڕ بایەخی بڵاو کراوەی لە سەرتاسەری جیهاندا هەبوو.. ئەو ئاماری بەهونەرێکی داهێنەرانە دادەنا، کە پشت بەئیلهام دەبەستێ پتر لەوەی پشت بەزانستی بیرکاری ببەستێت، قسەیەکی نەستەقی هەیە هەمیشە بەوە دەست بەوانەکانی خوێندکارانی خوێندنی باڵا دەکا:

– ئامار زوڵمێکی مێژوویی لێ کراوە، ئەمەش لە سۆنگەی ئاوەزی بۆرژوای مامناوەندی لە ژێریدا، وا دەزانێت ئامار شێوازێکە تەنیا بۆ ژماردنی قازانج و زیان.. ئەمەتان باش لە بیر بێ: ئامار ڕێگەیەکی ڕاستگۆیانەیە بۆ دیتنی جیهان، ئامار زانستی لۆجیکە لەسەروەختی فڕیندا، بەهەردوو باڵی خەیاڵ و ژمارە!

گەرچی گراهام جەماوەرێکی خورینی لە زانکۆ هەبوو، وەکو کەسایەتییەکی سەرنجڕاکێش، زانایەکی بێ هاوتا و وانەبێژێکی مەزن، کەچی ئینجاش بەدەگمەن برادەرییەکی ڕاستەقینەی تووش دەبوو؛ ئەو هاوەڵانەی هاوسۆزی بوون، بەکەسایەتییەکی فۆلکلۆریی قسە خۆشیان دادەنا، کە مایەی ڕابواردن و خۆشی بێ، تاڕادەیەکیش هێند لێی نزیک نەدەبوونەوە. هەرچی کۆنەپارێزەکان بوون وەک "جۆرج مایکڵ" ئەوا خۆیان دوور دەگرت و بەبەرچاوی خەڵکەوە هێرشیان دەکردە سەر، گوایا کۆمۆنیست و ئاتەئیست و ئانارشیستە و بانگەشە بۆ بیروباوەڕی ڕووخێنەر و شەڕخواز دەکات!.

بەم ئاوایە گراهام ژیانی بەسەر دەبرد و لە کۆتاییە مەزەندەکراوەکەی نزیک بووەوە:

پیرە مامۆستای چەپڕەو بەتاقی تەنێ دەژێ و دەمرێ، گرینگترین ڕووداوەکانی ژیانی بەدوایەوە بوون. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەستی دەکرد پێوەندیی لەگەڵ جیهاندا کز دەبێ.. هەوڵی دا شێوەی کۆتا بهێنێتە بەرچاوی:

چۆن دەمرێ؟.. دوور نییە لە نووسینگەکەی یاخۆ لە کاتی وانەوتنەوەدا، یان لە شەودا دڵی بوەستێت و دراوسێکانیش دوای چەند ڕۆژێک پێی بزانن.. کەچی بەر لە دوو ساڵ شتێک ڕووی دا سەرتاپای ژیانی گۆڕی. بزاڤی دژ بەجیهانگیری کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانیان لە لینکۆڵن پارک

بەست، گـراهـام لەوێ گـوتارێکی توندوتیـژی دژ بەداگـیـرکـەری نوێی خـۆ مـەلاسـدەر لە پشت کـۆمـپـانیـا فـرەڕەگـەزەکانەوە خـوێندەوە، ئامـادەبووان لە هـارەی چـەپڵـەیان دا، سـەرسـام بـوون بەتەمـەن گـەورەیـی و شـێلگیـری و ناوبانگـی وەکو خـەباتگێـڕێکی دێرین، کـە تا ئێـسـتـاش سـوورە لەسـەر ئەو ڕێگەیـەی گـرتـوویەتیـیـە بـەر.. گـراهـام لە دوانگـەکـە هـاتە خـواری، کـاغـەزەکـانـیـشـی بەدەسـتـەوە بـوون، سـڵاوی ئامـادەبووانـی دەسـەندەوە و تەوقـەی لەگەڵدا دەکردن.. لەو دەمـەدا، کـچـە لاوێکی ڕەشی جـوانکیلە لێی نزیک بووەوە و خۆی پێ ناسـاند بەناوی کارۆڵ ماکنیللی، ئامانجی ئەوە بوو هەندێک خـاڵی گـوتارەکـەی بـۆ ڕوون بکاتەوە و بۆ هـەندێک کـتـێب لەبارەی جـیـهـانگیـرییـەوە چاوسـاغی بکات.. ئەوی داوای کـرد چـەند خـولەکـێکی نەخایاند، جۆن و کارۆڵ تێکەڵی قسەکردن بووبوون، هەندەی نەبرد وایان لێ هـات پێویستییان بەکەسـی سێیەم نەبوو.. هـەر لە ئێـوارەوە تاکو نیوەی شـەو پێکەوە بوون، هـەر لەو نێـوەدا سێ مـەیخـانەیان گـۆڕی، لە خـواردنەوە و وتووێژ نەوەسـتـان.. گراهـام بەخـێراییـەکی سـەیر هێزڕاکێشی بوو، لەوەش سـەیرتر سـەرەڕای تـەمـەنێکی تەواو لە نێـوانیـاندا ئینـجـاش ئەو خـۆشـی ویست!.

هێند بەهێـزڕاکـێـشی دەزانی بەڕادەیەک بـەرگـریی پێ نەدەکـرا، بەقـژە چەرمـووەکـەی و بیـروباوەڕە چەپڕەوانەکـەی و کـەللەڕەقی و گـاڵتـە هـاتنی زیرەکـانـە و خـۆ بەزلزانـی بەرابەر بەهـەمـوو ئەو شـتـانەی پیـاوی ئاسـایی پەرۆشـیـان بوو.. ئەو کـیـژە تازە لە پێـوەنـدییـەکی ئەویندارییـی لە مـێـژینەی بەئاکام نەگەیشتوو بووبووەوە، غەم و پەژارە و کوڕێکی پێنج سـاڵی بۆ جێ هێشتبوو.. دوای چەند حەفتـەیەک کاتێک گراهـام داوای لێ کرد بێ لەگەڵیدا بـژی، داواکـەی پێ سـەیر نەبـوو.. بەدەم بزەیـەکی ئارامـی بـەخـشـەوە تەماشایەکی کرد و گوتی:

– من خۆشمدەوێی.. وەلێ ناتوانم کوڕەکەم جێ بهێڵم.

– جێی ناهێڵێت.. دێ و لەگەڵماندا دەژی.

– تۆ دڵنیای قبووڵی دەکەی؟

– بەڵێ.

– دەزانی گوزەران لەگەڵ منداڵدا مانای چییە.. لە دواییدا کوڕی تۆ نییە؟

– دەزانم.

– نامەوێ دوای ئەوە پەشیمان ببیتەوە!

– پەشیمان نابمەوە.

– تا ئەم ڕادەیە منت خۆشدەوێ؟

لە کەناری دەریاچەی میشیگاندا پیاسەیان دەکرد، زوقم و سەرما و سۆڵە بوو.. وەکو ئەوەی شیکاگۆ لەوان زیاتر کەسی تێدا نەمابێ، تەنیا هەردووکیان بوون.. گراهام وەستاندی و هەردوو شانی گرتن، پاشان تێر لێی ڕوانی، هەناسە گەرمەکانی پەڵەهەورێکی هەڵمی نوێی بەدەموچاویدا دەدا.. بەزمانێکی شێلگیرانەوە لێی پرسی:

– وەڵامی پرسیارەکەت دەوێ؟

– بەیارمەتی خۆت.

– ئێستا یان دوایی؟

– ئێستا.. هەر ئێستا.

پاشانەکینێ.. دەمی خستە نێو دەمی و تێرتێر مژی، بزەیەکی کرد و گوتی:

– ئەمە وەڵامی منە!

ئەویش پێکەنی و گوتی:

- وەڵامێکی ڕازی بەخشە!

گراهام مارکە بچکۆڵەی زۆر خۆشدەویست، ئەویش هۆگری بووبوو، هەردووکیان زۆرێک لە کاتی خۆیان پێکەوە بەسەر دەبرد.. مارک بەو باوکەی دادەنا، کە لێی بێبەری بوو، هەرچی گراهام بوو لەو پێوەندییەیاندا خۆشەویستیی غەریزەیی بۆ منداڵان دەدۆزییەوە و تاسەی دەشکاند.. لەوەش گرینگتر، هێند کارۆڵی خۆشدەویست، وەکو ئەوەی پێشتر بەئافرەتێکی دیی نەبەخشیبێت.. ئەو دلبەر و ئیلهام بەخش و دۆست و هاوەڵ و کچی بوو. لەگەڵیدا جوانترین ئەزموونی لە ژیانیدا بەسەربرد، تا ئەو ڕادەیەی هەندێک جاران وای هەست دەکرد بوونی لەگەڵیدا ڕاستەقینە نییە و ئەندێشەیە، خەونێکە و کەنگێ بێدار بێتەوە نایبینێتەوە.. کەچی جیاوازی لە ڕەنگدا ئاریشەی زۆری بۆ دروست کردن.. ئەم سپییە و ئەویش ڕەش، کاتێک دەست لەملانێی یەکتری دەبوون، یاخۆ ڕازی دڵیان بۆ یەکتری دەردەخست، تەنانەت دەستیان لە ناو دەستی یەکتری بوایا، ئەوا هەستی ڕەگەزپەرستیی گەلێکی دەبزواند.. هەر لە کیژە گەرسۆنە سپییەکانی چێشتخانە و مەیخانەوە، ئەوانەی بەساردی و بێ شەرمییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکردن، تا تەماشاکردنی هەندێک لە مشەخۆرە نەگریسەکانی شوێنە گشتییەکان، تەنانەت بڕێک لە دراوسێکانی گراهام هەینێ بەڕێکەوت تووشیان دەبوون ڕووی قسەیان لەو دەکرد و کارۆڵیان وا پشتگوێ دەخست چون ئەویان نەبینیبێت!..

چەند جار خودان چێشتخانەکە بەبەهانەی ئەوەی ناندێنەکە داخراوە نەیهێشت بێنە ژوورەوە، کەچی لە هەمان کاتدا زۆرێک لە ژوورەوە دانیشتبوون چاوەڕێی ئەو خواردنەیان دەکرد کە داوایان کردبوو!.. لە پشووی کۆتاییی هەفتەشدا گراهام و کارۆڵ ڕاهاتبوون لە بەدمەستانی سەرشەقام توانج و قسەی ناشرین ببیستن.. وەکو:

– بلاک ئاند وایت[٤] (ئاماژەیە بۆ جۆرێکی بەناوبانگی وێسکی).

– بۆچی لەگەڵ ڕەشپێستێکی وەک خۆتدا نانوویت؟

– باپیرە حەزت لەسەرجێیی لەگەڵ ڕەشپێستاندا هەیە؟

– ئەم کۆیلەیەت بەچەند کڕی؟

تەنانەت لە زانکۆی ئەلینۆی کە شوێنی کاری بوو، هەڵوێستێکی دڵتەزێن ڕووی دا؛ بەیانیانێکیان کارۆڵ ناچار بوو لە کۆلێج سەرێکی لێ بدات، بۆ نەگبەتی جۆرج مایکڵی تووش هات.. نەیدەناسی، ئاسایی سڵاوی لێ کرد و پرسیاری نووسینگەکەی جۆنی لێ کرد.. واقی وڕما کاتێک لێی پرسی:

– دوکتۆر گراهامت بۆ چییە؟

– من هاوەڵیم.

– هاوەڵییت؟!

مایکڵ ئاوا بەدەنگی بیستراوەوە پرسیاری لێ کرد و بەئاشکرا سەرسووڕمانی خۆی دەرخست، تاکو سووکایەتی پێکردنەکە پتر دەربخات.. پاشان بەچاوی پرسیارئامێزەوە لەسەرەوە بۆ خوارێ تەماشای کرد و گوتی:

– نووسینگەی دوکتۆر گراهام لەوسەری هۆڵەکەدایە.. ژووری ٣١٢.. بەڵام هەرگیز بڕوا ناکەم تۆ هاوەڵی ئەو بی.

– لەبەر چی؟

– وابزانم بەخۆت هۆیەکەی دەزانی..

مایکڵ ئاوای گوت و لێیدا ڕۆیشت.. کاتێک کارۆڵ بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە خۆی بەژووردا کرد و ئەوی ڕووی دابوو بۆی گێڕایەوە، لە بەشی هیستۆلۆجی ڕووداوێکی سەیر ڕووی دا، گراهام وەکو منداڵ دەستی

---

٤. واتا: ڕەش و سپی. (و.)

کارۆڵی گرتبوو و بەناو هۆڵەکەدا بەدوای خۆیدا بەکێشی دەکرد، پاشان ملی بەنووسینگەکەی مایکڵەوە ناو بەدەنگی تریشقە ئاساوە شیڕاندی:

– گویّ بگرە.. زۆر بەناشیرینی برادەرەکەمت سووک و ڕیسوا کردووە.. یان ئێستاکیّ داوای لێبووردنی لیّ دەکەی، یانیش سەرت دێنمە خواریّ.. تێگەیشتی؟!

مایکڵ بەهێوری سەری هەڵبڕی، بەدەست وانەیەکەوە شەکەت و ماندووبوو، دەبوو دوای نەختێک بیڵێتەوە.. بەزیرەکی و لێزانیی خۆی زانی گراهام هەڕەشەکەی دەباتە سەر (بەدووری نازانی چونکە کۆمۆنیستێکی ئانارشیستی بیّ ڕەوشت بوو، هەموو شتێکی لەدەست دەهات).. بەمیهرەبانییەوە لە کارۆڵی ڕوانی (لەوکاتەدا لە ترسی شەرکردن چارەی لە گریانەوە بۆ ترس و تۆقێن گۆڕابوو) پاشان لەسەر شێوازی هیندییەکان دەستەکانی لەسەر سینگی تێک ئالاند و سەرە زلەکەی دانەواند، تاکو شتەکە وەکو گاڵتەی لیّ بیّ، بەخەنینەوەوە گوتی:

– خانمەکەم لەوەی پێم گوتی داوای لێبووردن دەکەم.. تکا دەکەم لێم خۆشبی!

دەتگوت گراهام منداڵێکی وڕک گرتووە و ناتوانیّ تۆڵەی خۆی بکاتەوە، پیشی خواردەوە و لە ژوورەکە چووە دەریّ و کارۆڵیش بەدوایدا ڕای دەکرد.. ئینجاش ئەو هەموو شەڕ پیّ فرۆشتنە ڕەگەزپەرستانانە سەرەڕای گەرمی و توندوتیژییان هەرگیز کاریان لەو دوو ئەویندارە نەکرد، ئەوان پاش هەموو هەڵوێستێکی ڕەگەزپەرستانە، کە تووشیان دەهات، دەگەڕانەوە ماڵیّ و بەچێژ و تاسەوە دڵداریی خۆیان دەکرد، لە سەرەتادا بەچڵێسییەوە پێکی خۆشەویستییان هەڵدەدا، دواییش چون لە ڕۆژانی یەکەمیاندا بن، بەشێنەیی و بەتامەوە لەسەرەخۆ قومیان لیّ دەدا، وەک ئەوەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو جیهانە دزێوە زۆردارەی مکوڕە لەسەر

جیاکردنەوەیان دامێنگیری یەکتری بوون، یاخۆ ئەوی سووکایەتی پێ کردوون دەیانبینێ ئەوان چۆن دڵداریی خۆیان دەکەن، بۆیە لە ناخەوە ئارەزوو دەکەن بەرەنگاری ببنەوە و بۆی بسەلمێنن چەند لەسەر هەڵەیە.

جارێکیان، پاش ئەوەی لە تاوسەندنێکی خۆشەویستییەکی شێتانە بوونەوە لە پەلوپۆ کەوتن، بەرووتوقووتی بەدەم هەناسە برکێوە لێی ڕاکشان.. کارۆڵ سەری نایە سەر سینگی و بەخدێی خۆی گوێی لە ترپەی دڵی دەگرت و بەئەموستی یاریی بەتووکی سینگە سپییەکەی دەکرد و ماچی دەکردن.. گراهام بەدەنگی خەوخۆشێک، کە لە بێدەنگیی ژوورەکەدا دەنگی دەداوە، گوتی:

– ئەگەر دەمتوانی.. ئێستا دەمخواستی!

– بۆچی ناتوانیت؟

– ڕێوڕەسمی ژنهێنان جاڕدانی کۆمپانیا بازرگانییەکانم بیر دەخاتەوە.. هەرچی وەستانە لە بەرابەر کەشیشێکی تێکسمڕاودا، کە بەدەست بەد هەرسییەوە دەناڵێنێ، لەدوایەوە قسەکانی بڵێمەوە، تا بمانکات بەژن و پیاو.. ئەمە هەڵوێستێکە من بەرگەی ناگرم!

– بۆ؟

– ئەگەر خواوەند هەبێ. بڕوات وایە ئاتاجی کاغەز و مۆری فەرمی بێ؟!

– ئەمە ڕێوڕەسمی کڵێسایە!

– کڵێسا یەکێک لە هەرە گەورەترین درۆکانی مێژووە، لە زۆر چاخدا لە هەموو شت زیاتر ڕۆڵی دەزگای بازرگانیی کۆڵۆنیاڵی دەبینی.

– چۆن!

– دەتوانم ئەگەر بتەوێت بەبەڵگەی مێژوویی بۆتی بسەلمێنم، کە لە بناخەدا مەسیح هەر نەبووە.. مرۆڤ بۆ ئەوەی بەسەر ترس لە نادیار زاڵ

بێ، ئاینی داهێنا!

کارۆڵ دەستی خستە سەر دەمی گراهام و گوتی:

– تکایە.. من کرستیانێکی ئیماندارم.. دەکرێ کەمێک ڕێز لە هەستەکانم بگری؟

ئەو دەمی تووڕە دەبێ، هەینێ لێوی توند دەکا و دەموچاوی وەکو منداڵێکی لێ دێ خەریک بێت بگریێت، کاتێک چون بێ ئومێدی کردبێ و بەچاوە جوانەکانی لێی ڕامابێ، ئا ئەو ساتە بەرگەی دڵڕفێنی و قەشەنگییەکەی ناگرێ، لە ئامێزی دەگرێ و ماچبارانی دەکا، هەندێک جاریش کارەکە بەتاوێکی تر لە خۆشەویستی کۆتاییی دێ.

ئەویندارییەکەیان دڵگیربوو، لێ دەردیسەری ئەو کات سەری دەرهێنا، کە کارۆڵ کارەکەی لە دەست دا.. بەڕێوەبەرێکی نوێی سپیپێست بازارەکەی ئەو کاری تێدا دەکرد، گرتە دەست، بەبێ هۆیەکی دیار (هەڵبەت جگە لە ڕەنگیان) خۆی و هاوەڵێکی ڕەشپێستی لە کارەکەیان دەرکران.. بەدرێژایی دە مانگی ڕەبەق کارۆڵ سەرسەختانە کۆششی کرد، تاکو کارێکی تر بەدەست بهێنێت، کەچی بێ ئەنجام بوو، هەردوو ئەویندار کەوتنە قەیرانی داراییەکەوە، کە لە حیسابیاندا نەبوو:

گراهام هیچ پاشەکەوتێکی نەبوو، تەخشان پەخشانێکی وای بەپارەکەی دەکرد، دەتگوت دەیەوێ لە قورساییەک، یاخۆ لە نەنگییەک ڕزگاری بێ، وەکو هەر بەساڵاچوویەکیش بیرۆکەی نەخۆشی و لەپەلوپۆ کەوتن ئازاری دەدا، بۆیە هەندێک لە مووچەکەی بۆ دابینکردنی پزیشکی تەرخان کرد و قستی مانگانە بەشێکی گەورەی لە مووچەی زانکۆی دەبرد، لە هەمان کاتیشدا قستی خوێندنگەی مارکە بچکۆڵە و خەرجییە بنەڕەتییەکانی زۆربوون، لە کاتێکدا بیمەی بێکاری کە کارۆڵ وەری دەگرت، شایانی باسکردن نەبوو.. ئا لێرەوە گراهام پێی بەجەرگی خۆیدا نا، تاکو ئەو

قەیرانە ببڕێ:

بەیەکجاری وازی لە داوەتکردنی کارۆڵ لە دەرەوەی ماڵ هێنا، هەروەها پشتی لە کڕینی ئەو سیپالانە کرد، کە بۆ زستان پێویستی پێ بوون، بۆ یەکەم جاریش دوای سالانێکی زۆر خۆی لە تووتنی هۆڵەندیی گرانبەها، کە زۆری حەز لێ دەکرد، دوورخستەوە و جۆرێکی خۆماڵیی هەرزانی بەکار دەهێنا، کە بۆنێکی خنکێنەری وای هەبوو دەتگوت لە تەختەی سووتاوەوە دێ!.. هەموو ئەمانەی کرد بێ ئەوەی پرتە و بۆڵەی بێ، یاخۆ شپرزە ببێ.. بەڵکو بەپێچەوانەوە، گاڵتە و سوعبەتی لەگەڵ کارۆڵدا زیاتر بوو و هەر بۆ ئەوەی دڵی بداتەوە زیاد لە جارێک پێی گوت:

– هیچ قەیرانێکم نییە.. مادامەکی دەتوانین خەرجی مارک و خواردنمان دابین بکەین، هیچ شتێک ناتوانێ وەڕسم بکا.. لە ژیاندا خۆم لەسەر کەمترین ڕاهێناوە.. جوانترین ڕۆژانی ژیان ئەو ڕۆژانەن، کە بەرەلای سەرشەقامەکان بووم!

کارۆڵ بەو ئاسانییە قەیرانەکەی وەرنەدەگرت، هەستی بەتاوان دەکرد، چونکە خۆی بەسۆنگەی کۆژانەکە دەزانی و لە دڵی خۆیدا دەیگوت زوڵمی لەویش کرد.. هەرچی ئەو بوو مووچەکەی تەنیا بەشی خۆی دەکرد، کەچی ئەم و کوڕەکەی بوونەتە بار بەسەر شانییەوە!.. تاوانی گراهام چییە ئەگەر باوکی مارک لەسەر کوڕەکەی خۆی خەرج نەکا؟!.. هەستی بەغەم و کەسەری زۆر دەکرد، چونکە کارەکەی لەدەست چوو، ئەمەش نەک لەبەر خەمساردی، یاخۆ نەتوانایی، بەڵکو تەنیا لەبەرئەوەی ڕەشپێستە.

گراهام سەرلەبەیانیانێک واقی وڕما کاتێک بینی لە ڕاڕەوی سالۆنەکەدا تابلۆیەکی تەختەی گەورە هەڵدەواسێ، ئەم ڕستانەی لەسەر هەڵکۆڵرابوون:

Are you white? you are Right..

Are you black? Go Back..

**"تۆ سپییت؟ تۆ لەسەر حەقیت..**

**تۆ ڕەشیت؟ بگەڕێوە دواوە!".**

گراهام پێی ناڕەحەت بوو، لێی پرسی:

– بۆچی ئەمەت نووسیوە؟

بزەیەکی غەمهێنەری کرد و گوتی:

– چونکە ئەمە ڕاستییە جۆن.. لەبەر چاوم هەڵمواسیوە، تاکو هەرگیز لە بیرم نەچێ.

کارۆڵ وای لێ هاتبوو دڵی تەنگ دەبوو و خولقی نابوو، ماوەیەکی زۆر متەقی نەدەکرد، پاشان لە هیکرا و بێ هۆ لە پرمەی گریانی دەدا.. هەندێک جار مامەڵەی دوژمنکارانە دەکات و لەسەر بچووکترین شت لەگەڵیدا بەشەڕ دێ.

لەو دەمەیدا ئەو بەلێبووردەیی و تێگەیشتنەوە لەگەڵ ئەوی خۆشی دەویست بەرووی تووڕەییەکەیدا دەوەستایەوە، ئەم لە ترۆپکی تووڕەیی و تۆسنیدا بوو و بەڕوویدا هەڵدەشاخی و دەیگووڕاند، ئەو بێدەنگی لێ دەکرد و بەدڵنەرمییەوە بزەیەکی دەهاتێ.. بەهێوری لێی نزیک دەبووەوە، باوەشی لێ دەداو بەگوێیدا دەچرپاند:

– نامەوێ قسە لەسەر وردەکارییەکان بکەم. خۆشمدەوێی.. بمبوورە لەسەر هەموو ئەو شتانەی تووڕەت دەکەن، تەنانەت ئەگەر هۆیەکەی منیش نەبم.

عادەتی وا بوو ڕۆژانی یەکشەممە درەنگ لە خەو هەڵدەستا، کەچی ئەو سەرلەبەیانییە زوو بێدار بووەوە و بەتەنیشتییەوەی نەبینی!.. لە ماڵەوە لێی گەڕا، هەستی بەبێ ئارامی کرد، چونکە بێ ئەوەی پێی بڵێت لە ماڵ دەرچووبوو.. بۆ کوێ ڕۆیشتووە، ئەی بۆ نامەیەکی جێ نەهێشتووە؟ زوو لە

مـاڵ دەرچوو بوو و دڵنیـابوو کـە ئەو بەخـدێی خـۆی بـەر لە نیـوەڕۆ لە خـەو هەڵناسێت، چی لێ شـاردووەتەوە؟ دەبێ چووبێتە لای باوکی مـارک و داوای خەرجیی لێ کردبێ؟ خۆ جارێکیـان پێی گوت وا دەکەم، کەچی ئەو بەتوندی بەرپـەرچی داوە، گـوتـی دەبێ کـەرامـەتـی بپـارێزێت، هەڵبـەت دەشـیـزانی نەهێشـتنەکەی لە ئیـرەییـیەوە دێت.. دەترسـا خـۆشـەویسـتـیـیـەکەی لەگەڵ هاوەڵە کۆنەکەیدا نوێ ببێتـەوە.. ئەو گەنجـە و هێشـتـا مـێژوویەکی درێژ لە نێـوانیـاندا مـاوە.. دەبێ چووبێ بۆ لای؟.. ئەگـەر وای کـردبێ هەرگـیـز لێی خۆش نابێ!

ماركی بچكۆڵە لە خەو هەستابوو، گراهام بەرتێشتی بۆ ئامادەكرد لەگەڵ كوپێكی گەورەی شوكۆلاتەی گەرم بەماسـتـەوە، تەلەفزیۆنەكەشی بۆی خستە سـەر فیلمی كارتۆن، پاشان گـەڕایەوە ژوورەكـەی، دەرگـاكـەی داخـست و پایپەكەی گرتا، كەچی خۆی نەگرت، گەڕایەوە و لە ماركی پرسی:

– كارۆڵت لە دەرچووندا نەبینی؟

– نووستبووم.

– نازانیت بۆ كوێ ڕۆیشتووە؟

– جۆن دڵت لای دایكم نەبێ.. ئەو ئافرەتێكی بەهێزە.

جـۆن گـراهـام خـەنیـیـەوە، مـاركی لـە ئامـێـز گـرت و مـاچی كـرد، بەتەنیشتییەوە دانیشت و كەوتە گەمەكردن لەگەڵیدا. دوای قـەیرێك دەنگی دەرگاكـەی بیست دەكـرێتـەوە، پاشـان جـیـرەیەكی لێـوە هات و بەئاسـپـایی داخـرا، هەنـدەی نەبرد كـارۆڵ لە دەرگـای ژوورەكـەوە بـەدەركـەوت. وێڕای دیمەنی ڕێكوپێك و كەشـخەی، كە گومـانەكـانی زێتر كرد، گرژومۆنی و بیر بڵاویی پێوە دیاربوو. گراهام بەمیـهرەبانی و دڵنیاییـیەوە بەرەو ژوورەكەیان ڕایكێـشـا.. لە كـاتێكدا دەیویست بەری تووڕەییـیـەكەی بگرێ، دەرگـاكـەی داخست و لێی پرسی:

– له کوێ بووی؟

– چییه ئەمە لێکۆڵینەوەیە؟

– دەمەوێ بزانم.

– مافی ئەوەت نییە.

شەڕانگێزانە دەدوا، لە هەمان کاتیشدا خۆی لە تەماشاکردنی چارەی دەبوارد.. بەجەستەی تێکسمڕاوییەوە خۆی دایە بان کورسییەکە، چەند ساتێکی برد تاکو پایەکەی گڕداو پەڵەهەورێکی لە چرە دووکەڵ دروست کرد، پاشان بەهێمنییەوە گوتی:

– کارۆڵ.. من دواکەسم لە جیهاندا دەکۆشێت ئەو ئافرەتەی خۆشی دەوێ ببێتە موڵکی.. بەڵام بڕوام وایە، مادامەکی پێکەوە دەژین، سروشتییە هەر کامێکمان بزانێ ئەوی تر بۆ کوێ دەچێ.

– خۆ داوای نووسراوی ڕێگە پێدانت لێ ناکەم تاکو دەربچم!

ئاوا شیراندی و وادیار بوو سوور بوو لەسەر ئەوەی ناکۆکییەکان بگەنە ئەوپەڕی. کارۆڵ ژمارەی حەفتانەی ڕۆژنامەی شیکاگۆ تریبیۆنی بەدەستەوە بوو، لە تووڕەییاندا فڕێیدا، پەڕە زۆرەکانی بڵاو بوونەوە و گووڕاندی:

– بەرگەی ئەم ژیانە ناگیرێ!

لە ژوورەکە دەرچوو، لێ بەرلەوەی بەهەنگاوێک بگاتە دەرگاکە کتوپڕ وەستا، لە شوێن خۆی مەیی، دەرنەچووە دەرێ و وەریش نەسووڕا بگەڕێتەوە لای، دەتگوت وەڵامی ئەو ڕیتمە پەنهانە چەسپیوەی، کە بۆ ماوەیەکی درێژ لە نێوان ژن و مێرددا ڕوودەدا، دایەوە.. لە شوێن خۆی ڕەق ڕاوەستابوو، چون چاوەنۆڕی بێ یاخۆ بانگی بکا، ئەویش وەکو ئەوەی هێماکەی پێ گەیشتبێت بەرەو لای چوو و لە دواوە باوەشی لێدا، پاشان وەری سووڕاند، لە ئامێزی گرت و بەئاسپایی پێی گوت:

– کارۆڵ.. چیتە؟

وەڵامی نەداوە. ئەویش شێتانە کەوتە ڕاموسانی، وای هەست کرد پەیتا پەیتا جەستەی وەک لە بەرابەریدا بکرێتەوە ئاوا نەرم بووەوە، بەمیهرەبانی بەرەو جێیەکەی پاڵی نا.. لە هیکرا هەستی کرد فرمێسکەکانی کارۆڵ دەموچاویان تەڕ کرد، بەشپرزەییەوە لێی پرسی:

– چی ڕووی داوە؟

لێی دوورکەوتەوە و لەسەر لێواری جێ خەوەکە دانیشت.. هەوڵێکی زۆری دا تابەسەر خۆیدا زاڵ بێ، لێ لە ئەنجامدا ڕووخاو لە پرمەی گریانی دا.. بەدەنگێکی پچڕ پچڕەوە گوتی:

– چووم بۆ ئینتەرڤیو بۆ ئیشکردن.. بەخۆم گوت تەنیا ئەو کات پێت دەڵێم، کە لە کارەکە دابمەزرێم.. تۆ لە سۆنگەی منەوە نائومێدیت کەم نییە!

گراهام هەردوو دەستی ئەوی بەرز کردنەوە و ماچی کردن..

دەنگە خۆشەکەی جۆن لە هەناوی غەمەوە هەڵقووڵێت، دووبارە دەبووەوە:

– خودان کارەکە بەرازێک بوو بۆ خۆی.. هەر هێندەی بینیمی ڕەشم یەکسەر ئەنتەرڤیووەکەی کۆتا پێ هێنا. گوتی دوایی پێوەندیت پێوە دەکەم. دڵنیام کردەوە کە سالانێکی زۆر وەکو سکرتێری ڕاپەڕاندن کارم کردووە و بڕوانامەی لێزانیم پێیە.. کەچی بەئاماژەیەکی دەستی وەکو ئەوەی کارەکەر بم، دەری کردم!

کشوماتییەک دای گرتبوون، لەو دەمی سەری نابووە سەر سینگی و خۆی دەدایە دەست گریانێکی بەکوڵی سەرلەنوێوە، بەدەنگی نزمەوە گوتی:

– ئای جۆن.. چەندێک هەست بەسووکایەتی دەکەم!

ئەو ڕیزلێگرتنەی لە پرۆفیسۆر دنیس بیکەر دەگیرێت دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەک:

کەسایەتییە بەهێزەکەی، دەست و داوێن پاکی و دڵسۆزیی بۆ زانست.. بەخۆشەویستی و دادپەروەرانە مامەڵەکردنی لەگەڵ خوێندکار و هاوەڵانیدا، دیمەنی زبر و سادە و ساکاری، بێدەنگییە هەمیشەییەکەی، کە نایبڕێت مەگەر قسەیەکی پێویست و بەسوود بکا.. لە هەمووشی گرینگتر: دەسکەوتە زانستییەکانێتی..

بیکەر خۆی وەکو "وێنەگری خانەکان" دەناسێنێ.. ئەم دوو وشانە نیشانەی هەوڵ و تەقەلای پڕ ماندوویەتیی ئەون، کە بەدرێژایی چل ساڵ داونی، توانی وێنەگرتنی شانەکان لە توێژینەوەی زانستیدا لە "شێوازی یاریدەدەر"ەوە بگۆڕێ بۆ زانستێکی سەربەخۆی چەسپیو و ڕەگ داکوتاو، کە ئامراز و ڕێسای خۆی هەبن.. بیکەر شێواز و تەکنەلۆجیای نوێی لە وێنەگرتنی خانەکاندا داهێنا، هەر بۆیەشە بەناوی ئەوەوە تۆمار کراون، بەدرێژایی چەندین ساڵ توێژینەوەکانی هێند زۆربوون، وای لێ هات لە کۆنفراسە زانستییەکاندا کارنامەی وی گرفتێکی ڕاستەقینەی دروست دەکرد، چونکە پێویستی بەچەند قات ڕووبەر هەیە، کە مامۆستایەکی تر ئاتاجی دەبێ.. وای لێ هاتووە بووەتە شتێکی ئەستەم ئەگەر کتێبێکی هیستۆلۆجی لە هەر زانکۆیەک لە جیهاندا دەربچێ و پەنا وەبەر وێنەی

شانەکانی کۆمەڵەی بیکەر نەبڕێ.

بەڕاستی بەڕۆحی هونەرمەندەوە کارەکەی بەڕێوە دەبا:

لە سەرەتادا بیرێکی پەنهان دەستی بەسەردا دەگرێ، زۆری لێ دەکا و خەوی دەزڕێنێ، پاشان ون دەبێ و لەگەڵ بیرۆکەیەکی سەرسامکەر، وەلێ بۆش و بەتاڵ، جێی دەهێڵێ.. ئیدی تاقی دەکاتەوە و دەیخووسێنێ، تاکو لە مێشکیدا دەخەملێت.

چەندین حەفتە بەتاقیکردنەوەی خانەکانەوە لە ژێر پلەی جیا جیای ڕووناکی و ئاستی جیا جیای توانای مایکرۆسکۆپەوە خەریک دەبێ، لە کۆتاییدا ئیلهامەکەی بۆ دێ.. بەڕوونییەکی سەیرەوە ئەوەی دێتە بەرچاو کە چی بکا، هەینێ بەجۆش و خرۆشەوە هانا بۆ وێنەگرتن و تۆمارکردن و چاپکردن دەبا.

وێڕای دەستکەوتی زانستی، بیکەر بەیەکێک لە گەورەترین وانەبێژان دادەنرێ، کە زانکۆی ئەلینۆی بەخۆیەوەی بینیبێتی.. وانەکانی لەسەر شانە "ئەتەم"ی لەش قووڵی و سادە و ساکاری پێکەوە گرێ دەدەن، ئەمەش وای لە بەڕێوەبەرایەتیی زانکۆ کرد لەسەر سیدی کۆپی بکەن و بەهەزاران دانەی لێ فرۆشرا. سەرەڕای مەزنی دەسکەوتەکانی، بیکەریش چەشنی داهێنەرە مەزنەکان ڕزگار نەبوو لە ترسی سەرنەکەوتن و کەڵکەڵەی کەمتەرخەمی!.. جاربەجار بیرۆکەی ڕەش ئەو پرسیارەی لا دروست دەکرد، داخۆ بەهای ئەوەی خەریکیەتی چییە؟. ئەوانی لەگەڵیدا کاریان کردووە ئەوە باش دەزانن بەر لە وانەوتنەوە چ دڵەڕاوکێیەک دای دەگرێت، لە چەشنی ئەکتەر بەر لە نمایشکردن، هەر هێندەش وانەکە تەواو دەبێ لە یەکێک لە یاریدەدەرانی دەپرسێ:

– بەڕای تۆ وانەکەم هەندێک نارۆشنی تێدا نەبوو؟

خۆ ئەگەر یاریدەدەر زوو و بەگەرمی ئەو خەتا دانە پاڵ خۆیە ڕەت

نەكاتەوە، ئەوا بیكەر لەو نەنگییە دروست كراوە دڵنیا دەبێ، سەری بادەدا و بەغەمبارییەوە وەڵام دەداتەوە:

– هەوڵ دەدەم لە جاری داهاتوودا باشتر ببم.

لە سەرما و سۆڵە و زوقوم و زریانی زستانی شیكاگۆدا زۆرجار پیرە بیكەر لە چواری بەیانی بێدار دەبێتەوە. خۆی دەشوات، پاشان جلە ئەستوورەكانی لەبەر دەكا و دەستكێشەكانی لە دەست دەكا و كڵاوەكەی تاسەر گوێی دێنێت، دەڵێی سەربازێكە و بۆ بەرەكانی جەنگ دەڕوات، كاتژمێر پێنجی سەرلەبەیانی لەگەڵ كرێكارانی پاقژكردنەوە و سەرخۆشانی شەوی ڕابردوودا سواری میترۆ دەبێ، ئەم هەموو ماندووبوونەی بەخۆشییەوە دەبردە سەر، تەنیا بۆ ئەوەی پەردە لەسەر نموونەی شانەكان هەڵماڵێ و یەك یەك بیاناسێ.

دنیس بیكەر بەم ئاوایە ڕۆژ بەڕۆژ بەرەنج و تێكۆشانی مێروولە و دڵسۆزیی كەشیش شكۆیی بەدەست هێنا، تا وای لێ هات بووە ئەفسانە. لە ئەلینۆیش چەندین ساڵە قسە لەسەر ئەوە دەكرێ كە شیمانەی ئەوە هەیە، هاكا خەڵاتی نۆبڵی پێ بەخشرا.. جۆن گراهام لە یەكێك لە دەركەوتنەكانیدا لەو بارەیەوە گوتی:

«ژیاری مەزنی ڕۆژئاوا زانایانی كەموێنە و دڵسۆزی لە چەشنی دنیس بیكەر دروستیان كردووە، لێ ڕێژیمی سەرمایە داهێنانە گەورەكانی كردن بەماشێنی بەرهەمهێنان و ڕێكەوتنی بازرگانی، كە بەملیۆنان دۆلاری بۆ پیاوانی گەلۆر و گەندەڵی وەكو جۆرج بوش و دیك چینی لێ هەڵقووڵێت!»

بیكەر سەرپەرشتی دەیان تێزی ماستەر و دوكتۆرای كردووە، لە نێویاندا گەلێك خوێندكاری میسریی تێدابوون، كە ئەنجامی باشیان بەدەست هێناوە.. ئەو لە شوێنی كارەكەیدا نامەی سوپاسی چەندین خوێندكاری پاراستووە، هەمیشەش داوای لێ دەكردن بەزمانی عەرەبی بیاننووسن،

چونکە حەزی لە شێوەی پیتەکانی بوو.. لێزانی و هەڵسوکەوتی لەگەڵ میسرییەکاندا حەزی شت زانینی لە بارەی وڵاتەکەیانەوە لا پەیدا بوو، بۆیە لە کتێبخانەی زانکۆ زیاد لە کتێبێکی لە بارەی میسرەوە خواست.. جارێکیان لەگەڵ هەندێک مامۆستادا داوەتی ئاهەنگی پێشوازی لە زانکۆی دۆبۆل بوو، دوو پێک وێسکیی خواردەوە «چونکە لەوە زیاتر ناخواتەوە».. ئیدی خواردنەوەکە مەستی کرد، شەپۆلێک لە میهرەبانی لە ناخەوە ڕایماڵی، سەیرێکی دوکتۆر سەلاحی کرد، کە بەتەنیشتییەوە وەستابوو، بەشێوازە ڕاستەوخۆکەی خۆی لێی پرسی:

– سەلاح.. پرسیارێکم هەیە.. هەموو ئەو میسرییانەی لەگەڵمدا کاریان کردووە، بەهرە و توانایەکی بەرزی کارکردنیان هەن.. کەچی ئینجاش میسر لە لایەنی زانستییەوە دواکەوتووە.. لێکدانەوەت بۆ ئەمە چییە؟

سەلاح دەمودەست چون وەڵامەکەی ئامادە کردبێ گوتی:

– میسر بەهۆی نەبوونی دیموکراسییەوە لە دواکەوتندایە.. نە کەم و نە زیاد.. میسرییە بەهرەدارەکان هەینێ دەچنە ڕۆئاوا ئەنجامی گەورە بەدەست دەهێنن.. هەرچی لە میسرە، مخابن، ڕێژیمی سەرکوتکەر دەیانچەوسێنێتەوە و کۆیلەیان دەکا.

بیکەر تاوێک لێی ڕاما، پاشان سەری لەقاند و گوتی:

– تێگەیشتم.

ئەم هەڵسەنگاندنە قووڵەی ئەو زانا گەورەیە بۆ میسرییەکان هانی دا هەمیشە ڕازی بێ سەرپەرشتیی نامەکانیان بکات. لێرەدا جێی خۆیەتی باسی ئەوە بکەین، کە بیکەری کرستیانی پرۆتستانتی ئیماندار نوێژەکانی لە کاتی خۆیدا دەکا، هیچ جیاوازییەک لە نێوان ڕەگەزە جیاوازەکاندا نابینێتەوە، بەبڕوای ئەو سەرلەبەری مرۆڤەکان ڕۆڵەی خواوەندن و لە ڕۆحی پیرۆزی خۆیەوە گیانی بەبەردا کردوون..

له ئەنجوومەنی بەش ئاوا لە هەڵوێستە لیبرالیە لێبووردەییەکانی دەگەین، ئەو هەر خوێندکارێک بەپێی کۆشش و توانای دەخەملێنێت، بێ ئەوەی هەرگیز تەماشای ڕەگەزنامەی، یاخۆ ڕەنگی پێستی بکا (بەپێچەوانەی جۆرج مایکڵی دەمارگیرەوە).. ئەم بەها بالایانەی بیکەر باوەڕی پێیان بوو، بەم دواییە دەرگیری ئەزموونێکی سەخت هاتن، بڕیاری دا سەرپەرشتی تێزی دوکتۆرای ئەحمەد دەنانە بکا.. کەچی، هەر لە یەکەم ساتەوە، تێبینیی ئەوەی کرد ئەم شێوازێکی دەگمەنە لە میسرییەکان، کە پێشتر نەیبینیوە:

چووەتە تەمەنەوە و سیمایەکی فەرمیشی هەیە، قات لەبەر دەکا و ملبەستیش[٥] دەبەستێ. بیکەر هێند لەسەر دیمەنی دەنانە هەڵوێستەی نەکرد، لێ گرفت لەگەڵ یەکەم وەرزی خوێندندا دەستی پێ کرد.. بیکەر وانەی میتۆدەکانی توێژینەوەی دەگوتەوە، هەڵبەت ئەویش بەشێکی گرینگە، چونکە توێژەر فێری بنەما سەرەکییەکان دەبێ، کە لە نامەکەیدا پێڕەویان دەکا، سەرکەوتنیش لەم بەشەدا پشت بەبەشداریکردن لە ناو وانەکەدا دەبەستێ نەک تاقیکردنەوەی ئاسایی.

بیکەر هەفتانە خوێندکارەکانی ڕادەسپارد توێژینەوەی دیارکراو بخوێننەوە، کورتی بکەنەوە و قسەی لەسەر بکەن، پاشان گوێیان لێ دەگرێ، گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکا و لەسەر بناغەی تێگەیشتن و تەقەلادانیان نمرەیان پێ دەبەخشێ. هەر لە وانەی یەکەمەوە بیکەر بەدڵتەنگییەوە تێبینیی ئەوەی کردبوو، قسەکانی ئەحمەد دەنانە دوورن لە بابەتی وانەکەوە.. ئەمەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە، ڕەنگە لەوەی داوای لێ کراوە نەگەیشتبێت، لەدوای وانەکە بۆ نووسینگەکەی بانگ کرد، توێژینەوەیەکی تازەی وێ دا و بەمیهرەبانییەوە پێی گوت:

---

٥. ملبەست: بۆینباخ، ملبەند. کەرەوێت. رباط.

– ئەم توێژینەوەیە باش بخوێنە.. هەفتەی داهاتوو لە پۆلدا داوای کورتکردنەوە و قسە لەسەر کردنیت لێ دەکەم.

لە وانەی داهاتوودا کاتێک نۆرەی دەنانە هات، بەقاتەکەیەوە وەستا و کەوتە کۆکەکۆک، پاشان کەوتە قسەکردن بەپچڕ پچڕی.. دەستەکانی دەجووڵاندن و بەئینگلیزییە تێکشکاو و شەقوشڕەکەیەوە بەناو پۆلدا دەهات و دەچوو، هەروەها دەنگی بەرز و نزم دەکردەوە، تاکو کاریگەریی لەسەر گوێگران جێ بهێڵێت، چون گوتار لە حزبی نیشتمانی بدات. خوێندکارانیش بەسەرسامییەوە گوێیان ڕادێرابوو، دەیگوت:

– ئەی برادەری ئازیز.. بڕوام پێ بکەن.. گرفتەکە لە میتۆدەکانی توێژینەوەدا نییە.. خوا حەز بکا میتۆدەکانی توێژینەوە زۆرن و لەبەردەستدان.. ئەوی حەز دەکەم ئەمڕۆ قسەی لەسەر بکەین.. بیرۆکەی ئەودیو میتۆدی توێژینەوەیە.. لە ناخی هەر یەکێکماندا بیرۆکەیەکی دیارکراو لەسەر میتۆد هەیە.. پێویستە.. دووبارەی دەکەمەوە «پێویستە» لە پێناوی دوارۆژی زانستدا.. لە پێناو ڕۆڵەکانمان و نەوەکانماندا!.. شتەکان ڕاستگۆیانە وەدەربخەین.

بیکەر بەخدێی خۆی چی لە پۆل بوترایا تۆماری دەکرد، تاکو بەوردی خوێندکارەکانی هەڵسەنگێنێ.. بەقسەکانی دەنانە ئەبڵەق بوو، تەنانەت ئەوەی بەمێشکدا هات کە دەنانە شێتیی هەبێ، لێ ئەمەی بەدوور گرت و ناچار بوو بەتوندی قسەکانی ببڕێ:

– مستەر دەنانە.. حەز دەکەم لە وەت ئاگادار بکەمەوە، کە قسەکان بەتەواوی لە دەرەوەی وانەکەمانن!

ئەم دەستەواژەیە لە بیکەرەوە بەس بوو بۆ خێرا دەمکوتکردنی خوێندکارێک.

هەرچی دەنانەی چاک ڕاهێنراوی کۆڕە سیاسییەکانە لەسەر تەکان و

کشانەوە، چاوی دانەگرت و بەدەنگی بەرزەوە گوتی:

– پرۆفیسۆر بیکەر.. تکایە.. من بانگەشەی هاوەڵانم دەکەم تاکو ڕاستگۆ بین.. هەر یەکێک لە ئێمە باسی ئەو بیرۆکەیەی خۆی بکا، کە لەسەر میتۆدەکانی توێژینەوەیە.

بیکەر لە ڕق و تووڕەییياندا دەموچاوی سوور هەڵگەڕا و شیراندی:

– گوێ بگرە.. دەبێ واز لەم قسانە بهێنی.. ڕێگەت پێ نادەم چەنەبازی بەسەر هاوەڵانتدا لێ بدەی.. یا دەبێ قسە لە بابەتەکە بکەی یانیش بێدەنگ بی. یاخۆ لە پۆل دەربچی.

دەنانە ئاهی هەڵکێشا و زاری هەڵنەهێنا، دەموچاوی ڕوخساری پیاوێکی گەورەی وەرگرت، کە بەتوندی سووکایەتیی پێ کرابێ.. لێ لەبەر هەندێ هۆی جوامێرانە، کە جگە لە خۆی کەس پێی نازانێ. بڕیاری دا سووک و ڕیسواکردنەکە پشتگوێ بخات. وانەکە ئاسایی بەردەوام بوو.. کاتێک کە تەواو بوو، بیکەر لە ڕوخساری دەنانە ورد بووەوە، بەشێوە سەرسامی و وەڕسییەکەوە لێی پرسی:

– هیچ گرفتی دەروونیت هەیە؟

– بێگومان نا.

ئاوا دەنانە بەزەردەخەنەیەکی گوێ پێ نەدانەوە بەرپەرچی داوە.

– ئەی بۆ توێژینەوەکەت نەخوێندەوە؟

– بەڵێ، خوێندمەوە.

– کەچی بەوشەیەکیش ئاماژەت پێ نەدا.. وانەکەت بەقسەی بێ ماناوە کوشت.

دەنانە چۆن بیکەر برادەرێکی کۆنی بێ، دەستی نایە سەر شانی و بەزمانێکی ئامۆژگاریکارانەوە گوتی:

– من هەمیشە پێشکێشکردنی ئەو زانیارییە زانستییانەم پێ باشە، کە ڕۆحێکی مرۆییانەی وایان تێدا بن، خوێندکارەکان لێک نزیک بکەنەوە.

بیکەر چاوی پرسیارئامێزی لێ بڕی و بەهێمنییەکەوە گوتی:

– لەم پۆلەدا من شێوازی وانەوتنەوە دیار دەکەم نەک تۆ!

پاشان پەروەندەکەی دەستی کردەوە و بەستەیەکی قەبەی کاغەزی دەرهێنا، بۆ دەنانەی درێژ کرد و گوتی:

– دوا هەلت دەدەمێ.. بگرە.. ئەم توێژینەوەیە باش بخوێنەوە. دەمەوێ لە ماوەی ئەوپەڕی دوو ڕۆژدا کورتکراوەکەیم بدەیتێ.

– ئەم هەفتەیە کاتم نییە.

– ئەی چۆن خوێندکاریت و کاتت بۆ وانەکانت بەدەستەوە نییە؟

– من خوێندکارێکی هاکەزایی نیم.. من سەرۆکی یەکەتیی خوێندکارە میسرییەکانم لە گشت ئەمەریکا.

– پێوەندیی ئەمە بەتوێژینەوەکەوە چییە؟

– من کاتم مۆڵکی خۆم نییە، بەڵکو مۆڵکی ئەو هاوەڵانەمە، کە بەرپرسیارێتییان پێ بەخشیوم.

بیکەر متەقی نەکرد، دیقەتی دەداو سەرسامییەکی تەواو بەرابەر ئەم جۆرە مرۆڤەی لە ژیانیدا شتی وای نەبینیبوو، دای گرتبوو..

دەنانە بەزمانێکی فەرمی درێژەی بەقسەکانی دا:

– پرۆفیسۆر بیکەر.. بڕوام وایە بەتەنگ پایە سیاسییەکەمەوە بێیت؟

بیکەر بەتووڕەیییەوە شیراندی.

– ئەوی دەیڵێی قسەی قۆڕە.. تێگەیشتی؟! تۆ لێرە خوێندکارێکی و هیچی تر.. ئەگەر کاتی خوێندنت نییە وازی لێ بێنە.

بیکەر وەرســـوورِا و رِۆیی، دەنانە بەدوایدا رِایکرد تا قـــایلـی بکا، وەلێ بەئاماژەی دەستی سیکتری کرد.

ئیـدی لەو رِۆژەوە دەنانـە بووە بارێکی دەروونیـی قـورس بـەسـەر بیکەرەوە، کە نەیدەزانی وێرِای دنیا دیتەییەکەی چۆنی مامەڵە لەگەڵدا بکا، چونکە ئەو چەند رِۆژێک بەرِێکوپێکی لەسەر خوێندنەکەی بەردەوام دەبوو، پاشـان پچرِ پچرِ دەوامی دەکرد و وانەکانی پشتگوێ دەخستن، هەر جارە و بەهانەیەکی لەبارەی ئـاریشــەی خـوێندکـارێک دەهـێنایەوە، کـە ناچاری سـەفـەرکـردنی کـردووە بۆ واشنتـۆن، یاخـۆ خـوێندکـارێک لە هیکرِا نەخـۆش کـەوتووە و گـەیاندوویەتیـە نـەخـۆشـخـانە!.. ئێـمـە دەبێ لەوە بگـەین، کـە گرفـتـەکـە لە سـەرقـاڵیی دەنانە، یاخـۆ کـەمـتـەرخـەمـیـیـەکەی قـووڵتـرە، لەبەرئـەوە ئـاسـتی زانسـتیی ئەو کە لە میسـرەوە هـاتووە تا بڵێی نزمـە؛ چـونکە پێوەندیی ئەو بەئاسایشی دەوڵەتەوە (لەو کاتەوە دەستی پێ کرد کە خوێندکار بوو) سەری خست نەک کارەکەی، هەمـوو ساڵێک دەزگاکـانی ئاسایش فشـاری توندیان بۆ مـامـۆسـتـاکـانی کـۆلێجی پزیشکیی قـاهیـرە دەهێنا، تاکـو نمرەیەکی بەرز بەدەنانە بدەن، کە شـایانی نییـە، پاشـان فشـارەکان بەردەوام بوون و دەنانە بەمامۆسـتا لە کۆلێج دامەزرا و پلەی ماسـتەری بەدەست هێنا.. دواتر لەگەڵ نێردەدا بۆ دەرەوەیان نارد.. لێ ئاستی رِاستەقینەی لە ئەلینۆی بەدەرکەوت، نەیتـوانی لەسـەر خـوێندنەکەی بەردەوام بێ، پرۆفـیـسـۆر بیکەر زۆری سـەر لەوە سـوورِما، کە تەنانەت ئاگای لە زانیـارییـە سەرەکییەکانی پزیشکییش نییە، بۆیە جارێکیان بەحەپەساوییەوە پێی گوت:

– تێ ناگەم تۆ چۆن لەگەڵ تارق حـەسـیب و شـەیمـا محـەمـەدی دەرچووی هـەمان کۆلێجن!.. چونکە ئاستی زانستیی ئەوان زۆر لە تۆ بەرزترە.

دوو سـاڵان تێپەرِین و دەنانـە زۆر کەم کـاری لە توێژینەوەکەیدا کردبوو.. دەبوو ئەم هـەفـتــەیە ئەنجـامـەکـانی پێـشـکێش بکردنایا، کـەچی سێ رِۆژ

لەسەریەک دەوامی نەکرد، سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارەم بیکەر لە تاقیگەکەیدا کاری دەکرد، هەینێ لە دەرگا درا دەنانە خۆی بەژووریدا کرد. بیکەر گوێی پێ نەدا و لەسەر کارەکەی بەردەوام بوو. کاتێک دەنانە وەکو جارانی تر پاساوی هێنایەوە و دەستی بەڕێستن کرد، بیکەر بێ ئەوەی ئاوڕی لێ بداتەوە قسەکانی پێ بڕی. چون لوولەی تفەنگ بجەڕبێنێت، چاوێکی خستبووە سەر شووشەی تاقیکردنەوەکە و بەلەسەرخۆییەوە گوتی:

– ئەگەر ئەنجامی توێژینەوەکەت ئەم هەفتەیە پێشکێش نەکەیت، ئەوا داوا دەکەم دەست لە سەرپەرشتی کردنی نامەکەت بکێشمەوە.

دەنانە ویستی قسە بکات، لێ بیکەر بەئاماژەی دەستی دەمی داخست، لەودەمەی لێی دوور دەکەوتەوە و بەرەو ناوەوەی تاقیگەکە دەڕۆیشت، گوتی:

– هیچم نییە پێتی بڵێم.. ئەمە دوا هەلە بۆ تۆ...

***

«.. کەرەم دۆس زەردەخەنەیەکی هاتێ و گوتی:

– بمبەخشە لەوەڕسکردنت ناجی.

– بەخێربێیت سەرچاو.

– ڕێم دەدەی لە هەر شوێنێکدا بێ داوەتی فنجانێک قاوەت بکەم؟

ڕوخساریم لەبەر ڕووناکییە کزەکەی هۆڵەکەدا بەرچاوکەوت، زەرد هەڵگەڕابوو، شەکەت و ماندوو دیار بوو، وا دەهاتە بەرچاو لە دوێنێوە نەنووستبێ و جلەکانی نەگۆڕیبن، چونکە دیاربوو لۆچیان تێ کەوتبوو و کەمێکیش چڵکن بوون.. پێم گوت:

– ئەگەر ئیشەکەت پێوەندیی بەوی دوێنێوە هەیە، ئەوا من

لە بیرم چووەتەوە.

– نەخێر... بابەتەکە لەوە گەورەترە!

من هیلاک و ماندوو بووم. ئامادەییی گفتوگۆ و گرفتی زیاترم نەبوو، گوتم:

– دەکرێ بانگهێشتنەکەت بۆ کاتێکی تر قبووڵ بکەم؟.. تا ئێستاش نەخۆشی دەستی خواردنەوەکەم.

– تکایە.. زۆر نامێنینەوە.

– چاکە.. فەرموو وەرە ژوورەوە، تاکو جلەکانم لەبەر دەکەم.

– ئیسراحەتی خۆت وەربگرە.. لە پێشوازی چاوەنۆڕت دەکەم.

دوای چارەکێک، لە ئۆتۆمبیلە جاگوارە سوورەکەیدا بەتەنیشتییەوە دانیشتبووم، پاڵم دایە کوشنە ڕیشوودارەکەوە، وام هەست دەکرد پاڵەوانی فیلمێکی بیانیم، کە لەسەر پێشبڕکێی ئۆتۆمبیلە.. گوتم:

– ئۆتۆمبیلەکەت کەشخەیە.. وا بزانم ئەمانە نرخیان زۆر گرانە.

بزەیەکی کرد و بەهێمنییەوە بەرپەرچی دامەوە:

– سوپاس بۆ خوا.. پارەی باشم دەستدەکەوێ.

شاشەی دەشبوولی ئۆتۆمبیلەکە دەتگوت هی فڕۆکەیە، پڕ بوو لە گێچی هەمەجۆر، هەرچی ڤیتێسی گێڕەکە بوو لە شێوەی مستێکی پانی ئاسنین دروست کرابوو، کەرەم دەستی لەسەر توند کرد و گۆڕی، وەگەڕهێنەکە لە هاڕەی دا

و ئۆتۆمبیلەکە بەخێرایی دەرپەڕی.

لێم پرسی:

– حەز لە پێشبڕکێی ئۆتۆمبیل دەکەی؟

– دەمرم بۆی.. کاتێک منداڵ بووم خەونم بەوەوە دەبینی، کە ببمە لێخوڕی ئۆتۆمبیلی پێشبڕکێ.. وائێستاش هەندێک لە خەونە دێرینەکانم دێنمە دی!

شتێکی قووڵ لە تۆنی دەنگیدا هەبوو جیابوو لەوی دوێنێ، دەتگوت ڕۆڵ لەسەر شانۆ دەبینێت، وا ئێستا دوای نمایش قسە لەگەڵ برادەرێکیدا دەکات. بەشادی و شەنگوڵییەوە پرسی:

– ڕەش ستریتت بینیوە؟

– نا.

– ڕەش ستریت ئەو شەقامەیە، کە لاوانی شیکاگۆ زۆریان بەدڵە.. گرینگترین مەیخانە و چێشتخانە و دیسکۆتیکی تێدان.. لە پشووی کۆتاییی هەفتەدا گەنجان دەردەچنە سەر شەقامەکە و تا بەیانی سەما دەکەن و دەخۆنەوە.. جۆرێکە لە ئاهەنگگێڕانی بەکۆمەڵ بەبۆنەی هەفتەیەک لە کارکردنەوە.. تەماشاکە..

سەیری ئەو شوێنەم کرد، کە بەدەستی ئاماژەی بۆ کرد، کۆمەڵێک پۆلیسم بەسەر ئەسپەکانیانەوە بینی.. لە چاو باڵەخانە ئاسمان قۆچەکاندا بەدیمەنێکی سەیر دەهاتە بەرچاو.. کەرەم بەدەم خەنینەوەوە گوتی:

– شەوان درەنگوەختێک هەینێ زۆریان مەست دەبن و

دەکەونە قیژە و هاوار، شەڕ دەست پێ دەکات، پۆلیسی شیکاگۆ بۆ بڵاوە پێکردنی بەدمەستان هانا بۆ ئەسپسوارەکان دەبەن.. ئەو دەمی لاو بووم هاوەڵێکی ئەمەریکاییم فێری کردم چۆن ئەسپ تووڕە بکەم.. تێرمان دەخواردەوە و دادەبەزینە شەقام، کاتێک ئەسپسواران بۆ بڵاوە پێکردنمان دەهاتن، بەدزییەوە دەچوومە پشتی ئەسپەکەوە و بەشێوەیەکی دیارکراو تێوەم دەژەند، دەیحیلاند و شێتگیر دەبوو، بەسەربازەکەی سەرپشتییەوە دوور دەکەوتەوە.

ئۆتۆمبیلەکەی لە پارکەکە وەستاند و دایخست. بەتەنیشتییەوە دەڕۆیشتم و ڕووناکیی نیۆنەکەی بێ پچڕان چریسکەی دەهات و دەکوژایەوە، سەرنجی ڕاکێشابووم، سەرتاپای شەقامەکە دەتگوت سووڕخانەیەکی گەورەی شەوانەیە... لە هیکرا لە پشتمانەوە گوێمان لە دەنگێک بوو:

– گەورەم بەیارمەتیت.

وەستام تا ئاوڕ لە سەرچاوەی دەنگەکە بدەمەوە، لێ کەرەم قۆڵی گرتم و بەگوێیدا چرپاندم:

– لە ڕۆیشتن بەردەوامبە.. ئاوڕ مەدەوە و لەگەڵ کەس مەدوێ.

تۆنی دەنگی جیدی بوو بۆیە بەگوێم کرد، هەنگاوی نا و بەرەوپێش چوو، منیش بەدوویدا، هێندەی نەبرد لاوێکی ڕەشپێستی درێژ و بەلەباریکە کەوتە تەنیشتمان، قژی لەسەر شێوازی ئەفریقی هۆنیبووەوە... بازنی لە مەچەک و زنجیری لە ملدا بوو.. ئەمەش وای دەکرد هەرچەندێک

دەجووڵاوە زرەی دەهات.. پێی گوتین:

– ها کابرا.. ماریگوانات[٦] دەوێ؟

– نا.. سوپاس.

کەرەم بەم ئاوایە وەڵامی دایەوە، کەچی کوڕە لاوەکە پێی داگرت:

– پارچەیەکی نایابم هەیە.. وات لێ دەکات جیهان لەسەر ڕاستییەکەی ببینیت.

– سوپاس.. ئارەزووی ماریگوانا ناکەین.

لە پڕ کەرەم لەسەر ڕۆیشتنەکەی وەستا و منیش لەگەڵیدا... لەسەر شۆستەکە لە شوێن خۆمان وەستاین، کوڕە لاوەکەش بەبەردەممانندا بەزرەی زنجیریەوە تێپەڕی، خۆی بەکۆڵانێکدا کرد و لە چاو ون بوو..هەینێ کەرەم دەستی بەڕۆیشتن کردەوە، گوتی:

– بایەد خۆت لەمانە بپارێزیت.. گەلێک جار هۆشیان لەبەر نییە.. دوور نییە بەناوی ماریگواناوە فریوت بدات، تاکو پارەکە لە گیرفانت دەربکەیت و لێتی برفێنێت، یان ئازارت بدات!

زارم هەڵنەهێنا، لێی پرسیم:

– بەوی ڕووی دا تێکچوویت؟

– بێگومان.

لە قاقای پێکەنینی دا و گوتی:

– ئەوی ڕووی دا ئاساییە، لێرە ڕۆژانە خەڵک ڕووبەڕووی

٦. ماریگوانا: جۆرێکە لە ڕووەکی هیندی، وەکو بەنگ و تلیاک دەکێشرێت. "و"

دەبنەوە.. برا تۆ لە شیکاگۆیت.. ئەوە گەیشتین.

چووینە بینایەکی دوو نهۆمییەوە، بەگەورەیی لەسەر پارچەیەکی فلێکس[7] نووسرابوو "پیانۆ بار". شوێنەکە لە رووناکییەکی کزدا مەلەی دەکرد، بەمێزی خڕی بڵند تەنرابوو، لەو سەری هۆڵەکەوە پیاوێکی ڕەش قاتی ئاهەنگگێرانی لەبەردابوو پیانۆی دەژەند..

لەسەر مێزێکی نزیک دانیشین، کەرەم گوتی:

– هیوادارم شوێنەکەت بەدڵ بێ.. من حەزم لە باری هێمنە.. بەرگەی زرم و هۆڕی دیسکۆ ناگرم.. هەڵبەت ئەمەش نیشانەی پیرییە.

کیژێکی قژ زەردی جوان هاتە لامان، دەمێ داوای پەرداخێک شەرابم لێ کرد، کەرەم بەسەرسوورمانەوە لێی پرسیم:

– هێشتا ئارەزووی خواردنەوەت هەیە؟ من لە دانیشتنەکەی دوێنێوە هێشتا نەهاتوومەتەوە خۆم.

– منیش.. لێ پەرداخێک دووان دەمهێننەوە سەرخۆ.. ئەم ڕێگەیە بۆ سەرێشەی خواردنەوە چاکە.. کە بۆ ڕۆژی دوایی کەمێک هەڵدەی. ئەبو نەواس گوتوویەتی:

«بەو دەردەم چارەسەر بکە، کە خۆی دەردە».

دوکتۆر کەرەم کاغەزێکی لەسەر مێزەکە ڕاکێشا، خامەیەکی زێڕینی لە گیرفانی دەرهێنا و گوتی:

---

٧. فلێکس: تابلۆیەکی باغەی دیودەرە و گڵۆپی ڕەنگاوڕەنگ لە ناوی، یاخود بەدەوروبەریدا دادەنرێن. "و"

– ئەبو نەواس ئەو شاعیرە نییە، کە لە سەردەمی عەباسیدا بەمەی بەناوبانگ بوو؟

– خۆیەتی.

– دەکرێ ئەو دێرە دووبارە بکەیتەوە؟ دەمەوێ بینووسمەوە.

بەپەلە نووسی، کاتێک خامەکەی دەخستە گیرفانییەوە، گوتی:

– وەک تۆ پێکێک هەڵدەدەم تا لەو سەرئێشەیە ڕزگارم بێ.

چون شەڕەکەمان بیرکەوتبێتەوە، خۆمان لە تەماشاکردنی یەکتر بەدوور دەگرت..

قومێکی گەورەی لە وێسکییەکەی دا، ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی:

– ناجی من داوای لێبووردن دەکەم!

– بەڵکو من هەڵەم لە بەرامبەرتدا کرد.

– هەردووکمان سەرخۆش بووین، دەمەقاڵەمان بوو و تەواو.. لێ من ئەمشەو لەبەر هۆیەکی تر هاتووم.

جانتایەکی بچووکی بەدەستەوە بوو، بەرزی کردەوە و لە نێوانماندا لەسەر مێزە خڕە مەڕمەڕەکەی دانا، پاشان چاویلکە چوارچێوە زێڕەکەی لە چاو کرد و کۆمەڵێک کاغەزی دەرهێنا.

– فەرموو.

– ئەمە چییە؟

– شتێکە دەمەوێ بیخوێنیتەوە.

ڕووناکییەکە کز بوو، خۆمیش سەرم دێشا، گوتم:

– بمبەخشە، دوایی دەیخوێنمەوە.

– بەڵکو ئێستا.. تکایە.

تۆزێک بەلای ڕاستدا خۆم جووڵاند، تا لە ڕۆشناییەکە نزیک ببمەوە.. کاغەزەکان بەعەرەبی نووسرابوون.. دەستم بەخوێندنەوەیان کرد:

«پرۆژەیەک لەلایەن دوکتۆر کەرەم دۆسی مامۆستای نەشتەرکاریی دڵی کراوە لە زانکۆی نۆرث وێسترن بۆ کۆلێجی پزیشکیی زانکۆی عەین شەمس پێشکێش کراوە». نەیهێشت لە خوێندنەوەکەم بەردەوام ببم.. هەردوو ئانیشکی نانە سەر مێزەکە و گوتی:

–ساڵی پار ئەم پرۆژەیەم دا بەزانکۆی عەین شەمس.

داوای پێکێکی تری کرد و بەجۆش و خرۆشەوە درێژەی پێ دا:

– من نووکە ناوێکی گەورەم لە نەشتەرکاریی دڵدا، لەسەر هەر نەشتەرکارییەک پارەیەکی زۆر وەردەگرم.. ئینجاش پێشنیازی ئەوەم بۆ بەرپرسانی کۆلێجی عەین شەمس کرد، کە ساڵانە بۆ مانگێک بەخۆڕایی نەشتەرکاری بکەم.. دەمویست هاریکاریی نەخۆشە هەژارەکان بکەم و تەکنەلۆجیای پێشکەوتووی نەشتەرکاری بگوازمەوە میسر.

– کارێکی مەزنە!

– سەرەڕای ئەوەش... پرۆژەیەکم پێشکێش کردوون بۆ بنیاتنانی یەکەیەکی نوێی نەشتەرکاری، بۆ ئەوان هێندەی تێ ناچوو.. من لە ڕێگەی پێوەندیی باشی خۆمەوە لەگەڵ

ناوەندە ئەمریکییەکانی تایبەت بەتوێژینەوە و زانکۆکاندا پشتگیرییەکی دارایی باشم بۆ وەردەگرتن.

– بەڕاستی بیرۆکەیەکی چاکە!

بەم شێوەیە هوتافم لێ داو هەست بەتاوان کردنیشم لە زیادبووندا بوو.

– دەزانی وەڵامیان چی بوو؟

– بێگومان پێشوازیی گەرمیان لێ کردوویت.

خەنییەوە و گوتی:

– وەڵامیان نەدامەوە. کاتێکیش پێوەندیم بەڕاگری کۆلێجی عەین شەمسەوە کرد، سوپاسی کردم و گوتی، بیرۆکەکە لە ئێستادا جێبەجێ نابێ.

– بۆچی؟

– نازانم!

قومی لە پەرداخەکە دەدا و وام مەزەندە دەکرد بەزەحمەت تێ دەفکرێ.. ئەوەم باش دەزانی، کە دەستتێکردن بەخواردنەوە سەرەتای مەستییە، جگە لەوەی سەرئێشەکە ناهێڵێ، بەتوندییش کاریگەریی خواردنەوەکە دەبووژێنێتەوە.

– ئەم سەرهاتەم بۆ کەس نەگێڕاوەتەوە، لێ دەبێ بیزانی.. چونکە دوێنێ بەهەڵاتن لە میسر تاوانبارت کردم.

– دووبارە داوای لێبووردن دەکەم.

سەری دانەواند و بەدەنگێکی نزم وەک ئەوەی خۆی بدوێنێ، گوتی:

– تکایە، بەس داوای لێبووردنم لێ بکە.. تەنیا دەمەوێ

بەڕاستی بمناسی. بەدرێژاییی سی ساڵ لە ئەمریکا دەژیم، بۆ تاقە ڕۆژێکیش میسرم لە یاد نەکردووە.

– لێرە ژیانت لا خۆش نییە؟

وەک ئەوەی لە وتەیەکی شیاو بگەڕێ، لێی ڕوانیم، پاشان بزەیەکی کرد و گوتی:

– میوەی ئەمەریکاییت خواردووە؟

– هێشتا نا.

– ئەوان لێرە ئەندازەی پاشماوەیی بەکار دەهێنن، تاکو میوەکە قەبارەی زۆر گەورە بێ، سەرەڕای ئەوەش بەتام نییە... ناجی ژیان لە ئەمریکا وەکو میوەی ئەمریکی وایە، لە دەرێ حەزبزوێن و درەوشاوەیە، کەچی تامی نییە!

– دوای ئەوەی ئەم هەموو شتانەت بەدەست هێناوە، ئینجاش وا دەڵێیت؟

– گشت سەرکەوتنێک لە دەرەوەی وڵات بەناتەواوی دەمێنێتەوە.

– ئەی بۆ ناگەڕێیتەوە بۆ میسر؟

– زۆر زەحمەتە سی ساڵ لە تەمەنت بسڕیتەوە.. بڕیارێکی قورسە، لێ بیرم لێ کردووەتەوە.. ئەو پڕۆژەی پێشکێشم کرد هەنگاوی یەکەمی گەڕانەوە بوو... کەچی ڕەتیان کردەوە!

دوا وشەی بەئازارەوە گوت، گوتم:

– بەڕاستی مایەی خەمە میسر کەسێکی وەک تۆ لە دەست بدا!

– ڕەنگە زەحمەتی لە تێگەیشتنیدا ببینیتەوە، چونکە تۆ هێشتا گەنجی.. هەینێ پیاوێک دڵبەندی ئافرەتێک دەبێ و زۆری خۆشدەوێ، پاشان بۆی دەردەکەوێ ناپاکیی لەگەڵدا کردووە، لەم جۆرە ئازارە دەگەی؟.. نەفرەت لە ئافرەتێک بکەی و لە هەمان کاتیشدا خۆشت بوێ و نەتوانیت لە بیری بکەی! من ئەم هەستەم بەرابەر بەمیسر هەیە.. خۆشمدەوێ و حەز دەکەم چیم هەیە پێی ببەخشم. کەچی ڕەتم دەکاتەوە!

بینیم چاوانی فرمێسکیان تێ زا، تاوم دایە خۆ و دەستم لە ملی کرد و چەمامەوە تاکو سەری ماچ بکەم، لێ ئەو بەنەرمییەوە دووری خستمەوە و هەوڵی دا زەردەخەنەیەک بکا، گوتی:

– چییەڵێیت کۆتا بەم درامایە بێنین؟

بابەتەکەی گۆڕی و هەواڵی خوێندنەکەی پرسیم، نزیکەی نیو سەعات باسی جۆراوجۆرمان هێنایە پێشێ.. لە هیکرا، لە دەنگی ئافرەتێک، کە لە تەنیشتمانەوە دەهات، ئاگادار بووینەوە:

– های.. بمبەخشن قسەکانتانم بڕی.. پرسیارێکم هەیە.

– فەرموو.

بەپەلە بەرپەرچم دایەوە.. کیژێکی بیست سالان بوو، قژزەرد و خڕوخەپان بوو، ئەو کاتی لەگەڵ کەرەم قسەمان دەکرد چاوم لێ بوو خۆی بەبارەکەدا کرد و لە مێزەکەی تەنیشتمانەوە دانیشت.

– بەچ زمانێک قسە دەکەن؟

– عەرەبی.

– هەردووکتان عەرەبن؟

– ئێمە خەڵکی میسرین.. دوکتۆر کەرەم نەشتەرکاری دڵە و منیش لە ئەلینۆی لە کۆلێجی پزیشکی دەخوێنم.

– من وندی شوورم.. کارمەندم لە بۆرسەی شیکاگۆ.

– کەواتە بەختت هەیە.. پارەت زۆرە.

خەنییەوە و گوتی:

– مخابن! من تەنیا دەستم بەرپارەکە دەکەوێ و نیمە.

کەشێکی شادی و شەنگوڵیمان دروست کرد، لە پڕ دوکتۆر کەرەم هەستا دەستی نایە سەرشانم و گوتی:

– من دەڕۆم.. لە دوێنێوە نەنووستووم، سبەی کاتژمێر حەوتی بەیانی نەشتەرکاریم هەیە.

پاشان ئاوڕێکی لە وندی دایەوە، تەوقەی لەگەڵدا کرد و گوتی:

– خۆشحاڵم بەناسینت میس شوور.. هیوادارم جارێکی تر بتبینمەوە.

تا لە دەرگەی بارەکە ئاوابوو سەرنجم لەسەری بوو.. هەستم کرد خۆشمدەوێت، لە دڵی خۆمدا گوتم: دەبێ لەمەودوا لە بڕیاردان بەسەر خەڵکیدا لەسەرخۆ بم، هەتا ئاکامی هەڵە وەکو ڕوویدا بەدەست نەهێنم!..

دەنگی خۆشی وندی بەئاگای هێنامەوە:

– دەی.. باسی میسرم بۆ بکە.

پەرداخـەکـەم هەڵگرت و بـۆ مـێزەکـەی ئەوم گـواسـتـەوە.. جوان و قـەشـەنگ بوو، قژە زەردەکـەی بەرەوبان هەڵدرابووەوە و مله ناسکەکەی بەدەرکەوتبوو، خاڵی کاڵ بەکوڵمەکانییەوە بوون، ئەوانە زیاتر منداڵیــان کــردبووەوە و چاوە شـــینە گـەورەکـانی وایان لـێ کـردبوو وەک هـەمـیـشـە ئەبڵـەق بێ. ئامۆژگارییەکانی گراهامم بیر هاتنەوە، گوتم:

– هەتا داوەتی خـواردنەوەم نـەکـەی باسی مـیـسـرت بۆ ناکەم.

– ئەمە لە میهرەبانیتەوەیە.

– چی دەخۆیتەوە؟

– جین تۆنیک، بێ زەحمەت.

لەودەمەی شیکاگۆ بنیات نراوە، کۆچی ڕەشپێستەکان بۆ ئەوێ بەردەوامە. سەدان هەزار لە دەستی کۆیلایەتی لە ویلایەتەکانی باشوورەوە بەرەو شیکاگۆ هەڵاتن، خەونێک پاڵیان پێوە دەنێ، کە ببنە هاووڵاتیی ئازاد و کەسایەتی و کەرامەتیان هەبێ.

لە کارگەکاندا دەستبەکار بوون، ژنەکانیشیان لە ماڵاندا خزمەتکار و هاودەمی منداڵان بوون، هەر زوو هەستیان کرد ئەوان کۆت و بەندی کۆیلەتییان بەکۆتی نەبینراوی لە شێوەی ئەوی پێشوو گۆڕیوەتەوە..

لە ساڵی ١٩٠٠ەوە هەرگیز ڕێگە بەڕەشەکان نەدراوە جگە لە باشووری شار ژیان لە شوێنێکی تر بەرنەسەر، دەسەڵاتداران لەوێ شوێنی نیشتەجێی خراپیان بۆ بنیاتنان، ڕەشەکانیش لەبەر هەژارییان نەیانتوانی بگوازنەوە شوێنێکی باشتر، چونکە نەداربوون، لەبەرئەوەی بەهیچ شێوەیەک نەیاندەهێشت لە گیتۆ[٨] دەربچن؛ بۆیە بەدرێژایی زیاد لە سەد ساڵ بۆ ساتێکیش ئەو باوەڕە لای سپییەکان نەلەقی، کە نابێت لەگەڵ ڕەشەکاندا دابنیشن، دەروونزانیی ئەمەریکایی ئەمە بە NEGROPHOBIA "ترس لە ڕەشپێستەکان" ناو دەبات..

گشت ئەو هەوڵە هەڕەمەکی و ئەنقەستانەی بۆ بڕینی ئەو دیوارە دران بێ

٨ گیتۆ: ئۆردوگای زۆرەملێی نیشتەجێکردن. "و"

هووده بوون.. ڕۆژی ٢٧ی خەرمانانی ساڵی ١٩١٩، کەشوهەوای شیکاگۆ هێند گەرم بوو، وای لە هەرزەکارێکی حەڤدە ساڵی ڕەشپێست کرد، کە ناوی یۆجین ویلیامز بوو ئەو ڕۆژە لەسەر کەنار لە شەقامی ٢٩دا ببـاتە سەر. ئەو ڕۆخەش وەکو هەر شتێکی تری شارەکە دابەش کرابوو، بۆ شوێنێک بۆ سپی و ئەوی دییش بۆ ڕەشەکان، یۆجین ئەو ڕۆژە هەستی بەبووژانەوەیەکی دڵگیر کرد کاتێک خۆی هەڵدەدایە ئاوە ساردەکەوە، نزیکەی کاتژمێرێک مەلەی کرد.. پاشان بۆ نەگبەتی ئەوەی بەمێشکدا هات توانای خۆی لە ژێر ئاودا تاقی بکاتەوە، پڕ لە سییەکانی لە با کرد و خۆی خستە ژێر ئاوەکەوە... لەبەرئەوەی مرۆڤ، کە لە ژێر ئاو بوو ناتوانێ بەوردی ئاقار دیار بکا، یۆجین سەری لە ئاوەکەدا دەرهێنا و چاوی کردەوە، بۆی دەرکەوت تخووبی بڕیوەو گەیشتووەتە ئەو شوێنەی بۆ مەلەی سپییەکان تەرخانە!.. شیرە و هاواری پڕ لە تووڕەیی دەوروبەری تەنییەوە، بەرلەوەی لە کوێوە هاتبوو بۆ ئەوێ هەڵبێ، مەلەوانە سپییەکان ئەوانەی لە ئەنجامی گلاو کردنی ئاوی هەرێمیانەوە تووڕەیی کوێری کردبوون، کوڕەی ڕەشپێستیان گرت، تێریان جنێو پێ دا و تێیان هەڵدا، بەهەموو توانایانەوە بەمشتەکۆڵە دەیاندایە ناو زگیا و بەدەموچاویاندا دەکێشا، هەندێکیان بەسەوڵ ئەوەندەیان بەسەریدا کێشا تا گیانی لەدەست دا، پاشان تووڕیان هەڵدایە کەنارەکەوە.. کارەکە ئەو کات خراپتر بوو، کە پیاوانی پۆلیسی سپیپێست سووربوون لەسەر ئەوەی نابێ بکوژەکان بگیرێن، یان تەنانەت لێکۆڵینەوەشیان لەگەڵدا بکرێ!..

بۆ ماوەی شەش ڕۆژ شیکاگۆ پێکدادانی ڕەگەزیی ترسناکی لە نێوان سپی و ڕەشەکاندا بەخۆوە بینی، کە بووە ئەگەری کوشتنی ٣٨ کەس و برینداربوون و ئاوارەبوونی سەدان کەس.. ئیدی یادی یۆجین ویلیامزی هەرزەکار بووە پەندێکی مێژوویی بۆ گشت ئەوانەی خەیاڵی سنوور برین دەکەن.

له ساڵی ١٩٦٦دا لە گەرمەی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکاندا، کە دژ بە ڕەگەزپەرستی و جەنگی ڤێتنام هەڵگیرسا، سەرکردەی ناوداری ڕەشپێست مارتن لۆسەر کینگ گەیشتە شیکاگۆ و ڕابەرایەتیی ڕێپێوانێکی گەورەی جەماوەریی کرد، کە لە دەیان هەزار ڕەشپێست پێکهاتبوو و گەڕەکی سپیپێستەکانیشیان تەی کرد.

مارتن لۆسەر کینگ بەمە دەیەویست نامەیەکی خۆشەویستی و برایەتیی دیانەکان بنێرێت، لە هەمان کاتیشدا ڕای بگەیەنێت، کە ئیدی بەرگەی ڕەوشی ڕاسیزم ناگیرێ، لێ ئەنجامەکەی پڕ لە توندوتیژی و چۆک شکێن بوو، ئەوەبوو دانیشتوانە سپییەکان دڕندانە بەرەنگاری ڕێپێوانەکە بوونەوە.. چی بهاتایەتە دەستیان لە خۆپیشاندەرانیان دەگرت.. هەر لە هێلکەی خاو و تەماتەی بۆگەنەوە، تاکو بەرد و کوتەک، پاشان گوللەبارانی خەڵکەکەیان کرد و خەڵکێکی زۆر لە ڕەشەکان بەرکەوتن.. هێندەی نەبرد مارتن لۆسەری پێشەوا دوای ئەوە بەچەند مانگێک بەگوللەی ڕەگەزپەرستانەوە بوو و گیانی لەدەست دا.

ساڵی ١٩٨٤ ژن و مێردێکی ڕەشپێست سامانێکی زۆریان بەدەست هێنا، خانوویەکیان لە کەنار لای دەوڵەمەندە سپییەکان کڕی، یەکسەر وەڵامیان درایەوە.. سپیپێستەکان بەردبارانیان کردن و بەتوندی بریندار بوون، دواتریش دراوسێ تووڕەکانیان دەستدرێژیی زیاتریان کرد و گەراجەکەیانیان سووتاند، پاشان ماڵە تازەکەیان، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەوێ جێ بهێڵن. هەر لەو ساڵەدا هەمان ڕووداو بەسەر ژن و پیاوێکی ڕەشپێستی تردا دووبارە بووەوە، ئەنجامەکەشی کارەساتبارتر بوو!..

بەم شێوەیە، بەدرێژاییی مێژووی شیکاگۆ، لەمپەری ڕەگەزپەرستی بەردێکی ڕاستەقینەی ڕەق بوو، ناکرێ پشتگوێ بخرێ، یاخۆ خۆی لێ بپارێزرێ.. باکوری شار کۆمەڵێک گەڕەک و قەراغ شاری پێشکەوتووی

لەخۆ گرتوون، دەستەبژێرێک لە سپییەکان لێی نیشتەجێن، کە یەکێک لە بەرزترین ڕێژەی داهات لە ئەمەریکادا بەدەست دەهێنن..

هەرچی خوارووی ڕەشە تێیدا هەژاری دەگاتە ئاستێک زەحمەتە بوونی لە ئەمریکادا بهێنرێتە بەرچاو: بێکاری و مادە بێ هۆشکەرەکان و ڕووداوی کوشتن و دزی و ئەتککردن یەکجار بڵاون، هەروەها ئاستی فێرکردن و تەندروستی لە خراپبووندایە، هەموو شتەکان تەنانەت چەمکی خێزانیش دەشێوێنرێت، لەبەر ئەوە گەلێک لە منداڵانی ڕەش دوای هەڵاتنی باوکیان یاخۆ کوشتنی یانیش زیندانی کردنی، لە ژێربالّی دایکیاندا پێدەگەن..

ئەم دژایەتییە بەرچاوەی نێوان ئەم دوو جیهانە وای لە زانای کۆمەڵناسی بەناوبانگ گریگۆری سکایەرز کرد زمانی ئەدەب بەکار ببات، توێژینەوەکانی لەبارەی شیکاگۆوە بەم بڕگەیە دەست پێ کرد:

"شیکاگۆ تەنیا بەدژایەتییە هەمەجۆرەکانی ناناسرێتەوە، لێ ئەوی وای لێ دەکات تاک بکەوێتەوە، هەمیشە دژایەتییەکانی دەگەنە لووتکە.."

***

هەر کە ڕەئفەت سابت بەئۆتومبیلەکەیەوە خۆی بەگەڕەکی ئۆکلانددا کرد، دیمەنەکە هەژاندی: ماڵەکان لە خشتی سوور دروست کرابوون و گەلێکیان ڕووخابوون، لای دواوەیان بەشتی کۆنە و خاشاک تەنرابووەوە، دروشمی چەتەکان بەسپرایی ڕەش و سوور لەسەر دیوارەکان نووسراون، لاوە ڕەشپێستەکان بەکۆمەڵ لە گۆشەکاندا ماریگوانایان دەکێشا، هەندێک لە مەیخانەکانیش دەنگی مۆسیقا و ژاوەژاوی توندیان لێوە دەهاتن.. ڕەئفەت ئارامی لەبەر بڕا و لە خۆی پرسی: کچەکەی چۆن لەم زەلکاوەدا دەژی؟..

مکوڕ بوو لەسەر بینینی، ئیدی بەهەر شێوەیەک بێ.. بیری لەوە نەکردبووەوە ئەگەر بەم دووی بەیانییە لە دەرگا بدات چی پێ بڵێ..

نووکە دەیبینێت ئیدی چی دەبێ بابێ.. لە مێشکی خۆیدا وای گوت،

ئۆتۆمبیلەکەی هێواش کردەوە و لە ژمارەی ماڵەکانی دەڕوانی. ئەدرێسی جیفی لەبەربوو، هەینێ گەیشتە لای ماڵیان خۆی بەپارکەکەدا کرد، ئۆتۆمبیلەکەی بەکۆنترۆڵ داخست و بەرەو شەقامەکە هەنگاوی نا، تاریکییەکی قورس ئەو ناوەی داگرتبوو، لەپڕ نائارامییەک دای گرت.. هەر هێندەی یەکەمین ڕیزی ئوتۆمبیلەکانی بڕی هەستی کرد یەکێک بەدواوەیەتی. ویستی ئەمە لە هزری خۆی دەربکا، کەچی ئەمجارەیان بەڕوونی هەستی کرد لە تاریکاییەکەدا شتێک بەتەنیشتییەوە دەجووڵێتەوە.. وەستا و لە دەوروبەری خۆی ڕوانی، خەریک بوو پەیتا پەیتا تەنێکی زەبەلاحی لە تاریکییەکەدا دەبینی:

– ئەوە بۆ تا ئێستا پیرەمێرد لەناو جێگەکەی خۆیدا نییە؟

ئەوە ڕەئفەتی تووشی ئیفلیج بوون کرد، متەقی نەکرد. کابرا لە قاقای پێکەنینی دا، لە دەنگە نەرمە خاوەکەیدا دیاربوو لە ژێر کاریگەریی تلیاکدایە:

– پیرە پیاو بۆچی هاتوویتە ئۆکلاند؟ لە ئافرەت دەگەڕێی، یاخۆ دەتەوێ مێشکت پڕ بکەی؟

– هاتووم سەر لە کچەکەم بدەم.

– کچەکەت لە ئۆکلاند چی دەکات؟

– لەگەڵ هاوەڵەکەیدا دەژێ.

– دەبێ هاوەڵەکەی پیاوێکی ڕاستەقینە بێ.. ئۆکلاند تەنیا پیاو دێنێت.. چیت لە کیژەکەت گەرەکە باوکە؟

– هاتووم تا دڵنیابم لێی.

– چ باوکێکی میهرەبانیت!.. گوێ بگرە باوکە، من ماکسم... لە پیاوانی ئۆکلاند.. ئێستا ئاتاجی ئەوەم مێشکم پڕ بکەم باوکە.

قەیرێک بێدەنگی دای گرتن، ماکس دوای ئەوەی دەنگی بۆ تۆنێکی جیدی

و قووڵ گۆڕی، گوتی:

– پەنجا دۆلارم لێ دەوێیت باوکە، هەتا گیای[٩] پێ بکڕم و مێشکمی پێ بئاخنم.

ڕەئفەت وەڵامی نەدایەوە، ماکس دەستە زلەکانی خستنە سەرشانی و گوتی:

– پەنجا دۆلارم بدەیێ.. پیسکەی بۆگەن مەبە.. دەی دەی.

لە ناکاو قەڵەمبڕێکی نوشتاوی لە گیرفانی دەرهێنا و کردیەوە، چرکەیەکی لێوەهات، دەمە درێژەکەی لە تاریکییەکەدا بریقەی دەدایەوە.

– دەی باوکە.. کاتم نییە بەفیڕۆی بدەم، دەیدەیت، یاخۆ لەم دڵڕەقییەی دنیات قوتار بکەم؟

ڕەئفەت بەئاسپایی دەستی بۆ گیرفانی برد و جزدانەکەی دەرهێنا، پاشان زانی لەو تاریکییە ئەنگوستەچاوەدا هیچ نابینێت.. ماکس چون درکی بەمە کردبێ بەلایتە بچووکەکەی دەستی ڕووناکیی دایێ.

– ئەوەتانێ یارمەتیم دای تاپارەکەی دەستت بدینیت.. تەنیا پەنجا دۆلارم دەوێ باوکە.. تۆ چانست هەیە، چونکە ماکسی پیاوباشت بینی.. ئەگەر من پیاوخراپ بوومایا ئەوا جزدانەکەم لێ دەسەندیت.. لێ من دز نیم باوکە.. من کابرایەکی مەردم و لەم شیکاگۆ لەعنەتییەدا کارێک نادۆزمەوە.. کابرایەکی شەریف عانەیەکی نییە مێشکی پێ پڕ بکات.. هەموو مەسەلەکە ئەمەیە.

ڕەئفەت گەڵایەکی پەنجا دۆلاری دەرهێنا، ماکس لە دەستی ڕفاند و لە کاتێکدا قەڵەمبڕەکەی هەر بەدەستەوە بوو، هەنگاوێک گەڕایەوە دواوە و گوتی:

---

٩. مەبەستی ڕووەکی ماریگوانایە. "و"

– هەوکە بۆ لای دوێتەکەت برۆ.. ئەم ئامۆژگارییەشت بیر نەچێ باوکە.. نەکەی بەشەوان بەئۆکلاندا بسووڕێیتەوە.. گشت کەس لێرە وەکو ماکس خاس نین!

ڕەئفەت لەو چەندین ساڵ مانەوەیەی لە شیکاگۆ، تووشی هەڵوێستێلی لەو بابەتە بووە، ڕێگەی ڕاستی بەرەنگاربوونەوەشی دەزانی:

«نەکەیت هێرشبەرەکەت بەکەم بزانیت، نەشکەیت بەرەنگاری ببیتەوە، ئەوەی بەڕق لێبوونەوە دزیت لێ بکات، زۆرجار لەبەر سەرخۆشی و تلیاک کێشان هۆشی لەبەرخۆی نییە، دووریش نییە لەهەر ساتێکدا بتکوژێت.. چی دەخوازێت بیدەیێ.. چەندوچووی لەگەڵدا مەکە.. زۆریش پارە لەگەڵ خۆتدا هەڵمەگرە، چونکە ئەو هەمووی دەبات، بێ پارەش دەرمەچۆ، چونکە ئەگەر نائومێدی بکەی دوور نییە بتکوژێ».

ڕەئفەت هەنگاوی نا و دوورکەوتەوە، لە پشتەوە گوێی لە ماکس بوو لەگەڵ یەکێکی تردا دەدوا، وای مەزندە کرد لە تاریکییەکەدا خۆی مات دابوو.

ماڵەکەی جیف نزیکەی سەد مەترێک لە پارکەکەوە دوور بوو، بەپەلە ئەو مەودایەی بڕی، بەتووڕەییەکی زیاد لە پێویستەوە تێ دەفکری:

«سارە چۆن ئەو شوێنە خۆشەی، کە لێی گەورە بووە جێهێشتووە و هاتووە لە نێو ئەم پیاوکوژانەدا دەژی؟!.. لە سۆنگەی پێوەندیی بەم بێ هۆشەوە ژیانی لە مەترسییەکی ڕاستەقینەدایە، ئەرکی ئەویش وەکو باوک ئەوەیە بەزووترین کات ڕزگاری بکات.. ئێستا بۆ ئەو کارە دەبزوێت».

بەپێی پاڵێکی بەدەرگە ئاسنینەکەی دیوارەکەوە نا، جیرەیەکی کۆن و وەڕسکەرانەی دەرکرد. بلەز باخچە بچووکەکەی لە تاریکیدا نقوم بووبوو بڕی، سێ پلیکانەی بڕی و لەبەردەم دەرگای ماڵەکەدا وەستا.. لە ئەنجامی شڵەژان و شەکەتی هەناسەبڕکێی پێ کەوتبوو.. دەستی هەڵبڕی تاکو پەنجە بەزەنگەکەوە بنێت، کەچی هێندەی نەبرد دەستی خاو بووەوە. «چی پێ

بڵێ؟!.. داخۆ لەم سەعات دووی بەیانییەدا هەڵی بستێنێ و داوای لێ بکات لەگەڵیدا بۆ ماڵ بگەڕێتەوە؟!.. دەبێ هەروا بەم ئاسانییە ڕازی بێ؟».

بەدوودڵی چەند ساتێک لەبەر دەرگا وەستا، پاشان بڕیاری دا هەڵی بیرکردنەوە بەخۆی بدات، وەرسووڕا و لەسەرخۆ بەدەوری ماڵەکەدا خولایەوە. ڕاڕەوەکەی تەنگ بوو، تێبینیی پەنجەرەیەکی بچووکی کرد لەو سەرەوە ڕووناکی دەدات، «کەواتە تائێستا نەنووستوون».. ئاوای گوت، حەزێکی سەیر دای گرت، بەئاسپایی و بەوریاییەوە بەرەو پەنجەرەکە هەنگاوی نا.. پەردەیەکی ئەستوور نەیدەهێشت ئەودیو ببینێت، لێ کەلێنێکی بچووکی لە نێوان پەردەکە و جامی پەنجەرەکەدا دۆزییەوە، ڕێگەی ئەوەی پێ دەدا لە گۆشەیەکی تەنگەوە تەماشا بکات. دەموچاوی بەشووشەی پەنجەرەکەوە نووساند، هەستی بەساردییەکەی کرد بەرەو گوێیەکانی دەکشا، بینی جیف پانتۆڵێکی جینزی لە پێدایە و بەسینگی ڕووتەوە لەسەر قەنەفەکە دانیشتووە.. لاواز و بێ ڕەنگ دیار بوو، پەڵەی ڕەش بەدەوری چاوە جوانەکانیدا خەرمانەیان بەستبوو.. پێدەکەنی و بەهەردوو دەستی ئاماژەی دەکرد و قسەی لەگەڵ یەکێکی نەبینراودا دەکرد، بەمەزەندەی ڕەئفەت سارە بوو. قسەکانی چەند خولەکێکیان خایاند، ڕەئفەت خۆی دایە دەستی حەزییەوە، کە بەدزییەوە تەماشا بکات، لە شوێن خۆی نەجوولا، هێندەی نەبرد سارە دەرکەوت.. کراسێکی نووستنی ڕەنگ شینی زۆر کورتی لەبەردابوو، مەمکی و ڕانی بەتەواوی بەدەرەوە بوون.. خۆی هەڵدایە پاڵ جیف، لەپڕ چەمایەوە و لە مەودای بینین دەرچوو. ڕەئفەت خۆی لەسەر نووکی پەنجەی بەرز کردەوە، تاکو دیمەنەکە بدینێت. لەبەردەم هەردوو خۆشەویست تەپڵەکێک دانرابوو دەفرێکی سپیی بەسەرەوە بوو، پڕ بوو لە شتێک لە وردە لی سپیی دەکرد.. جیف پارچە کاغەزێکی بەقەبارەی جگەرەیەک لە شێوەی ڕەحەتی لێ کرد، هەڵی بڕی و ئاخنییە کونی لووتییەوە، چەند جارێک دوا بەدوای یەک لە پۆدرەکەی هەڵمژی، بەهێوری لە

بنمـیـچـەکـەی ڕوانـی، چاوانی لێکنان و دەمـوچاوی واکـرژبـووەوە دەتگوت ئازارێکی لەناکـاو دای گـرتووە، پاشـان ڕەحـەتیـیـەکـەی دایە سـارە، تەنیـا جارێک هەڵی مژی و خۆی لە قەنەفەکەدا نقوم کرد و خاوبوونەوەی پێوە دیار بوو.. جـارێکی دییش بۆنی کـردەوە، جـیف لـە پڕ ئاوڕی لە سـارە دایەوە و بەتوندی لـە ئامێـزی گـرت.. بەکـاوەخـۆ و بەلـەزەتەوە مـاچیـان دەگـۆڕییـەوە، جیف کەوتە لێستنەوەی گوێیەکانی و بەرەو گەردنی دابەزی، بەشێتانە ڕای دەمـووسـی، سـارە دەمی وا بەش کـردەوە دەتگوت دەناڵێنێت.. بەهێـمنیـیـەکی چێژبەخـشی پڕ لە خرۆشـانەوە دەستی کردە ناو کراسـەکەیەوە، مەمکەکانی دەرکـردن و ناولەپـی بەسـەردا دەهێنـان.. بەزەردەخـەنەوە چـۆن کـۆرپـەیەک ڕاژەنێت ئاوا قسـەی لەگەڵدا دەکردن.. لە کاتێکدا سارە گەیشتبووە ئەوپەڕی چێژ و هـاواری دەکرد..

هـەردووکیـان تەواو هـەژابوون، وەک ئەوەی بیـانەوێت بەرلەوەی کـاریگەریی تلیـاکـەکە لە دەست بدەن سـێکس بکـەن، یان دەتگوت بەشـێـوەیەکی پەنـهـان، کـە ناکـرێت لێک بـدرێتــەوە هـەست دەکـەن چاودێرییــان لەســەرە، بۆیە بەئـەنقـەست ئەوپەڕی خـۆشـەویسـتی دەنوێـنن.. جـیف بەردەوام گـازی لە مـەمکۆڵانی دەگرت، دەیلسـتنەوە و گـۆیـەکانـی دەمـژین، تا ئەو بەهێـمنیـیـەوە پاڵی نا، لەسەر پشت ڕاکشا، لەو کاتەدا دەتگوت بەپێی ڕیتمێکی چەسپاوی لەسـەر ڕێکەوتوو دەجـووڵێنـەوە.. سـارە چەمـایەوە بانی، دەسـتی درێژ کـرد و زنجیری پانتۆڵەکەی کردەوە، دەستی برد چووکی دەرهێنا و بەتامەزرۆیییەوە لێی دەڕوانی، چەند جـارێک زمـانی بەدەوردا گێڕا، پـاشـان دەسـتی بەمـژینی کرد و لە خـۆشـییـاندا چاوانی نوقـاندبوون. ڕەئفـەت هـەسـتی بەخـۆی نەکرد چۆن بەخـێـرایی بەرەو دەرگـەکە چـوو.. زەنگەکە بەتوندی و بـێ بڕانەوە لێی دەدا، بەوپەڕی توانـایەوە بەمـشت و پـێـیـەکـانی بەدەرگـەیدا دەکـێـشـا. دوای مـاوەیەکی درێژ دەنگی ترپەی پـێ دەبیـسـتـرا نزیک دەبـووەوە، گـڵـۆپـەکـەی دەرەوە داگـیرسـا و دەرگـەکە کرایەوە، سـارە بەرۆبێکی ئاوریشـمـینەوە، کـە

دابووی بەسەر کراسی نووستنەکەیدا، بەدەرکەوت.. بەدوو چاوی ئەبلەقەوە وەک یەکێک بڕوا نەکات تەماشای کرد.. دەمی بەش کردەوە دا شتێک بڵێت، لێ ئەو بەزللەیەکی توند بەبناگوێیدا و پێلەقەیەکیش بەدوایدا، کە بەرسکی کەوت دەستپێشکەری کرد، لەتاو ئازار زریکەی لێ هەستا، دەنگی ئەویش بروسکە ئاسا بەرزبووەوە و خۆی بەماڵەکەیاندا کرد:

– هەی تلیاککێش. هەی قەحپە.. هەر ئێستا دەتتۆپێنم!

## ١٨

شەیما سینییەکەی بەتوندی دایە بان مێزەکەیا، زرمەیەکی لێوە هات و چەند دڵۆپێک لە "ئوم عەلی"یەکە پرژایە دەرەوەی قاپەکە.. بەمۆنییەوە چاوی لە تارق بڕی، وا شڵەژابوو هەناسەبڕکێی پێ کەوتبوو، گوتی:

– چۆن ڕێگە بەخۆت دەدەیت دەستم بۆ بێنیت؟

چرۆچاوی لێک نا. ورتە ورتێکی کرد و گوتی:

– داوای لێبووردن دەکەم!

– گوێ بگرە تارق.. ئەگەر واتێگەیشتووی، کە من کیژێکم ئاسان بەدەست دێم ئەوا بەهەڵەدا چوویت.. ئەگەر ئەم بێ ڕەوشتییەت دووبارە ببێتەوە، ئەوا هەرگیز نامبینییەوە.. تێگەیشتیت؟!

تارق چرکەی لە خۆی بڕیبوو، چون منداڵێکی کەتنکەر فەخفوورییەکی گرانبەهای شکاندبێت، سەری دانەواندبوو... ڕوخسەتی خواست و ڕۆیشت، ئەویش بەنیگایەکی پڕ لە سەرزەنشت کردنەوە چاوی تێ بڕیبوو، تا دەرگاکەی لەدوایەوە داخست.

جەستەی کەوتە لەرزین، هەستی بەبەرکەوتنی دەستی و هەناسە گەرمەکانی بەسەر ڕوویەوە دەکرد.. جووڵە لەناکاوەکەی وڕ و کاسی کرد، ساتێکی برد تاکو تێگەیشت و لێی دوورکەوتەوە، لێ ئەوساتە بوارێکی بەودا کە پێشتر نەیکردبوو.. شوێنێکی نهێنیی خۆماتداوی پڕ لە هەست و نەستی

بەیەکداچووی بەتامـە، مـەگـەر لە خـەونە حـەرامکراوەکـانیـدا ئەگـینا پێی نەگەیشتبوو.. یەکسەر مۆچیارییەکانی دایکی وەکو شووتی ئاگادارکردنەوە بەمـێشکیدا گـوزەریان کـرد، ئەو قسـانەی بەهـەزاران جـار بیـسـتبـوونی، لەودەمی لە پۆلی چواری ئامـادەیی لە وانەی جوگرافیـادا سووڕی مـانگانەی هـات: «شـەیما پیـاو تەنیا جـەسـتـەی ئافـرەتیـان دەوێ، بۆ بەدەسـتـهـێنانی ئامـادەن هـەمـوو شـت بکەن... لاوان بەقسـەی خـۆش کـچـان هـەڵدەخـەڵەتێنن، بەناوی خـۆشـەویسـتـییـەوە تەفـرەیان دەدەن، تاکـو بەمـەرامـەکـانیـان بگەن.. جـەستـەت ئابڕووی خـۆت و باوکـتـە، جەسـتـەت نامـووسـی هـەموومـانە، ئەگـەر ڕێزت لێ نەگرت، ئەوا هـەمـوو ژیانمان ڕیسوا و سەرشۆڕ دەژیین.. جـەستەت ڕاسـپـاردەی خـواوەندی گـەورە و مـیـهـرەبانە لای تۆ، دەبێ بەپـاکی و سـاغی بیـپـارێزی و بیـسـپـێـریتـە ئەوەی لەسـەر ڕەزامـەندیی خـوا و پێـغـەمـبـەر دەتخوازێت.. شەیما دەبێ ئەوە باش بزانی پیاو هەرگیز ئەو کچە ناخوازێت کە بەجەسـتـەی شـاد بووبێ.. پیـاو ڕێز لە ئافـرەتی شـل ناگرێ و مـتـمـانەشـی پێ ناکات نامووس و منداڵی پێ بسپێرێ».

دوای ئەوەی بەو بنەمـایانەی لەسـەری پەروەردە بووبـوو چووەوە، هەسـتی بەڕەزامەندی کرد، چونکە سنوورێکی بۆ تارق دانا.. دوای قەیرێک بەهێمنی تێ فکری:

«وێڕای ئـەوەی ئیــشـــێکی قــۆڕی کـــرد و هـەوڵـی دا لە بـاوەشـی بگـرێ، (لەلایەکی تریشـەوە) خـۆشەویسـتـیی خـۆی بۆ ڕاگەیاند، ئـەمـەش مـانای وایە ڕێزی لێ دەگرێ و دەیەوێ بیخوازێت».

دانیـشت، شـتـەکانی بیـر خـۆی دێناوە و مکوڕ بوو لەسـەر ئەوەی بەهـەمـوو توانایەوە تەرکیـز بکات.. بەخـۆی گـوت: «دەبێ ئـەوینی من و تـارق پاڵنەرێکی زیاتر بێ، هـەتا زیاتر کـۆشش بکەین، بڕوانامـە بەدەست بـهـێنین، بگەڕێینـەوە میسر و زەماوەند بکەین».

له بیر کردنەوە وەستا و چوو خۆی بشۆرێت، دەستنوێژی هەڵگرت و نوێژی شێوان و بەیانی و ویتری کرد، پاشان ڕووناکیی ژوورەکەی کوژاندەوە و له تاریکییەکەدا بەرەو نوێنەکەی خۆی بەکێش کرد.. له تاریکییەکەدا ڕامابوو، ئیدی ئەوە ڕووی دا کە سەرسامی کرد:

ئەوی تارق لەگەڵیدا کردبووی بیر خۆی هێنایەوە، نارازی نەبوو و تووڕەش نەبوو لێی، بەڵکو پەرۆشییەکی قووڵ دای گرت!.. هەڵبەت ئەو خۆشی دەوێ، هەر بۆیە ویستی وەکو ئەوینداران له ئامێزی بگرێ، هەموو شتەکە تەنیا ئەمەندەیە.. داخۆ زیادەڕۆیی له تووڕەبوونەکەی نەکردووە؟.. ئاگادارکردنەوەکانی دایکی بەڕەقی بەبیریدا هاتنەوە، لێ له ژیانیدا بۆ یەکەمین جار پێیدا دەچێتەوە:

ئەگەر ئەوی دایکی دەیڵێت ڕاست بێ، ئەوا دەبێ ئەو کیژەی بەکەمییش دەست له جەستەی خۆی بەردەدات و شل دەبێ، هەرگیز نابێ شوو بکات، کەچی ئەو حیکایەتێلێکی زۆر دەزانێ پێچەوانەی ئەوە دەسەلمێنن، کچێلێک دەناسێ لەگەڵ پیاواندا شل بوون و باشترین مێردیشیان بەدەست هێنا.. ڕەزوای وانەبێژی هاوەڵی له بەشی پاسۆلۆجی[١٠] له کۆلێجی پزیشکیی تەنتا، هاوەڵیی مامۆستاکەی دەکرد، پێوەندییە نائاساییەکەیان بۆ ماوەیەکی درێژ بووبووە قسەوباسی خوێندکارانی کۆلێج..

له ئەنجامدا مامۆستا ژنەکەی (دایکی منداڵەکانی) تەڵاق دا و ڕەزوای خواست و منداڵیشی لێ بوو.. ئەی لوبنای دراوسێی له تەنتا؟.. زیاد له دەزگیرانێکی نەبوو و بەخۆی باسی پێوەندییە جەستەییەکانی لەگەڵیاندا بۆ ناکرد؟.. ماچوموچ و لەباوەش گرتن و زۆر شتی تریش، کە شەیما ناوێرێ تەنانەت خەیاڵیشیان بکات؟.. سەرەنجامەکەی چی بوو؟.. داخۆ ئابڕووی

---

١٠. پاسۆلۆجی: بەشێکە له زانستی پزیشکی، باسی دەستنیشانکردنی نەخۆشی و هۆ و نیشانەکانی دەکات. "و"

لوبنا تکا و دواڕۆژی بەفیـڕۆ چوو؟.. بەیەکـجـاری ڕق و نەفـرەتی بەسـەردا باری؟..

بەپێچەوانـەوە، شووی بەتامری کوڕی فەرەج بەهـتیمیی ملیۆنێر، خاوەنی کـارگـە ناودارەکـانی شـیـرنەمــەنی کـرد، کـە زۆر نـازی دەکـێـشێ و داخـوازییـەکـانـی ڕەت ناکـاتەوە.. ئەو لوبنایـەی گـەنجـان یارییـان بەگـیـانی دەکرد، ئێستـا کچە میر ئاسـا لە ڤێللایەک لە دەوروبەر تەنتـا دەژێت، ژنێکی بەخـتــەوەر و دایکـی دوو منداڵە!... باشــە بۆ دوور بـڕۆین؟.. خـۆی.. ئاخـۆ جـەسـتەی نەپـاراست؟.. سیی تێپـەڕ نەکرد بێ ئەوەی پیـاوێک دەسـتی بەری کەوتبێت؟.. هـەموو تەمـەنی وابەستە بوو و لە کۆلێجیش ڕێگەی بەکەس نەدا سنووری هاوەڵی ببەزێنێت، تەنانەت ڕاهاتبوو لەگەڵ مامۆستاکانیشیدا زۆر بەخـۆپارێزییـەوە مـامـەڵە بکات.. لاپەڕەی نێـوبانگی لـە کـۆڵان و لـە زانکۆدا سـپی و بێگەرد بوو، باشــە بۆ شـووکـردنەکـەی ئاوا دواکـەوت؟.. ئـەی بۆ خـوازبێنیکەرانی لـەپێناو ئەو ئاکـارە بەرزانەیدا ڕووی تێ ناکــەن؟!.. ئەم نموونانـە لەگـەڵ قـسـەکـانی دایکیـدا نـایەنەوە! داخـۆ دایکی زیادەڕەوی لە وریاکـردنەوەی دەکـرد، یاخـۆ قـســەی لەســەر ڕەوشــتی ســەردەمـێکی تر دەکرد؟.. باشە بۆ ناکـرێ لێـبووردەیی کچ لـەگەڵ خـۆشـەویسـتـەکـەیدا (لە سنوورێکدا) جۆرێک لە زیرەکی بێ بەرەو خواستن بەکێشی بکات؟.. ئەی بۆ نابێ مـاچکردن و لە ئـامێزگرتنی ببێتە هـۆی ئەوەی زیاتری پێوە پێوەست بێ؟

ئەو جگە لە خـوێندنەکەی هیـچ لەبارەی هـەسـتـەکانی پیـاوەوە نازانێ.. ئەی نابێ خـۆشـەویسـتیی پیـاو بۆ ئافرەت وای لێ بکات بێ ویسـتی خـۆی بیر لە جەسـتەی بکاتەوە؟.. پاشـان.. ئەگەر گشت پێوەندییەک لە دەرەوەی ژنـهێنان شـــوورەیـی و حـــەرام و تاوانـێکی وا گـــەورە بـێ نەفــرەت بـەئەنجــامــدەرانی بگەیەنێ، باشـە بۆ یـەزدان نەفرەت لەو ئەمـەریکاییـانە ناکات، کە زۆربەیان

خەریکی حەرامن؟.. ئەو کچ و کوڕە لاوانەی لە پاشماوەی هەفتەدا بەوێستگەی میترۆ و باخچەکاندا بڵاوبوونەتەوە.. ئەوانە بەئاشکرا ماچ دەگۆڕنەوە و هەندێک جار دەگاتە ڕادەیەک ئەو شەرم دەکات تەنانەت لە ژوورێکی داخراویشدا ئەو ڕەفتارە لەگەڵ پیاوەکەی خۆیدا بکا.. باشە بۆ تووڕەییی خوا بەر ئەو پاشەڵ پیسانە ناکەوێ؟!..

ئەو چەند مانگەی لە شیکاگۆی بردنە سەر وای لێ کرد بەشێوەیەکی تر بیر لە ژیانی بکاتەوە.. ئەو شتە چەسپاوانەی لەسەر بەپیرۆزکردنیان پەروەردە کراوە، ئێستا خەریکە لە بەرابەریاندا گومانی لا دروست دەبێ.. داخۆ پەروەردگار بەشێوەیەک لە ئێمەی موسڵمان دەپرسێتەوە و لە ئەمەریکاییەکانیش بەشێوەیەکی دی؟ ئەم ئەمەریکاییانە سەرلەبەریان تاوانی گەورە دەکەن.. زینا دەکەن و هەموو جۆرەکانی ناوازەیی سێکسی ئەنجام دەدەن.. چونکە لە بری سزادانیان لەسەر سەرپێچییەکانیان سامان و زانست و هێزی پێ بەخشیون، تا وایان لێ هات بوونە مەزنترین و بەهێزترین وڵات لە دنیادا.. بۆچی خواوەند ئێمەی موسڵمان لەسەر هەڵەکانمان سزا دەدات، لە کاتێکدا لەگەڵ ئەمەریکاییەکاندا نەرم و نیانە؟

«پەنا بەتۆ خوایە لە شەڕی شەیتانی بەدخوو.. خوایە تۆبە و پەشیمانیم قبووڵ بکە».

وای گوت و زراوی لە سەرکێشیی کەڵکەڵەکانی چوو.. سووربایەوە سەر لا و سەرینەکەی لەسەر سەری توند کرد، تاکو هەڵقوڵانی ئەو بیرۆکانە بوەستێنێت، لێ کاتێک چاوانی لێکنان ڕاستییەکی چەسپاوی یەکجارەکی بۆ دەرکەوت:

تارق خۆشی دەوێ و ڕێزی لێ دەگرێت، مەبەستیشی خراپ نەبووە، ویستی لە ئامێزی بگرێ، تاکو هەست و سۆزی خۆی بۆ دەرببڕێت.. ئەوەندە و بەس.. ئیشەکە ئەوەندەی ناهێنا، کە ئەم پێی کرد.. چەندێک دڵڕەق بوو

لەگەڵیدا!.. ڕوخسارە جوانەکەی لە بیرە چۆن هەڵبرزرکابوو و بەشەرمەوە بەورتە ورتێکەوە داوای لێبووردنی کرد و ئەوێی جێهێشت.. نووست و لە بەرابەریدا هەستی بەبەزەییەکی قووڵ دەکرد. هەینێ سەرلەبەیانی بێدار بووەوە یەکەمین شت پێوەندیی بەوەوە کرد. شڵەژانێک بەدەنگییەوە دیار بوو، چون چاوەڕێی ئەوەبێ سەرلەنوێ سەرکۆنەی بکات، کەچی ئەو بەڕوویەکی خۆشەوە لەگەڵیدا دەدوا، تا بۆی بسەلمێنێت هیچی لە دڵدا نەماوە.. نەخشەی ڕۆژەکانی خۆیان کێشا، هەفتەیەک بەشێوەیەکی ئاسایی تێپەڕی، پێوەندییان گەرم و گوڕتر بوو، وەک ئەوەی ئەوی ڕووی دا نێوانیانی نزیکتر کردبێتەوە.. هەستێکی نوێ لە بەینیاندا دروست بوو:

وای لێهات ئەگەر بێ مەبەستیش ساتێک جەستەیان بەریەک بکەوتنایا، ئەوا وەکو کەوانی تیر گرژی و ئاڵۆزییەک دروست دەبوو، هەینێ دەشڵەژان و زمانیان تێکەڵ دەبوو، شەیما چون ڕووت و قووت بێ و دەرگەی لەسەر خرابێتە سەر گازی پشت سوور هەڵدەگەڕا!.. کە ڕۆژی شەممە هات بڕیاریان دا پێکەوەی بەسەرببەن.. تارق گوتی:

– چییەڵێیت؟ بچین بۆ سینەما، پاشان لە ڕیستۆرانتی پیتزا، کە تازە دۆزیومەتەوە داوەتت بکەم.

ڕەزامەندیی پێوە دیار نەبوو، گوتی:

– ڕاستییەکەی.. دنیا ساردە، منیش لە سواربوونی میترۆ وەڕس بووم.. گوێ بگرە.. لای من لە ئەپارتمانەکەم نانی شێوان دەخۆین.. پیتزایەکت بۆ دەکەم سەدقات لەوی بازاڕ باشتربێ.. چیت گوت؟

وای نیشان دا تێنەگەیشتووە. دیقەتی ڕوخساری دا، کە لە پڕ سوورەوە بوو و لە قاقای پێکەنینێکی تووڕە ئامێزی دا.. چی لێم دەوێ؟ ویستی باوەشی لێ بدات حەیا و نامووسی برد.. بۆچی سەرلەنوێ بۆ ماڵەکەی دەیباتەوە؟

تارق بەتەواوی شڵەژان و بیربڵاویی پێوە دیاربوو، تەنانەت هیچ لەوانە نوێیەکەی کیمیای ئەندامی نەگەیشت.. سەیرەکەش لەوەدابوو بەوە زۆر دڵتەنگ نەبوو!.. ئەودەمی کتێبەکەی داخست لە دڵی خۆیدا گوتی: «هەوڵ دەدەم دوایی لێی تێبگەم»..

خۆی هەڵدایە سەر نوێنەکە و قاچی لەسەر قاچ دانا (ئەو دۆخەی بۆ بیرکردنەوە پێی باش بوو).. پاشان پرسی: لەگەڵ شەیمادا چی بکات؟ یەکسەر وەڵامی دایەوە: دەچم بۆماڵیان و چی دەبێت بابێت!..

لە کات و ساتی خۆیدا بەجلە کەشخەکانی دەرچوونییەوە، کە لەبەری کردبوون، لەبەر دەرگای ماڵەکەی شەیما وەستابوو: پانتۆڵێکی شینی تۆخ و فانیلەیەکی لۆکەی سپیی ملدار و چاکەتێکی ڕەشی چەرمین. هەر هێندەی هەنگاوی بەرەو ژوورنا بۆنی هەویری ناو فرن بەلووتیدا هات.. تا شەیما لە ئامادەکردنی پیتزا بووەوە، دانیشت سەیری تەلەڤزیۆنی کرد.

خوانی ئامادەکرد و بەدەنگێک گازی کرد لە گوێیدا کاریگەر و ناسک بوو.. عەبایەکی شینی مەغربی بەقامیش نەخشێنراوی لەبەردابوو، کاتێک بینی بەزنجیرێکی درێژ لە سینگییەوە بەرەو خوار داخراوە، دڵی بەتوندی بەتەپە تەپ کەوت.. جەستەی بەتەواوەتی داپۆشرابوو، لێ بیرۆکەی کردنەوەی زنجیرەکەی تا خوارەوە ڕووتی دەکاتەوە، چۆن چۆلەکە گەڵادار کون دەکات تا بۆی دەچێت، ئاوا مێشکی کون دەکرد!.. خەیاڵاتی سەرکێشی سێکسیی (هەمووی لە کردنەوەی عەباکەوە دەست پێ دەکات) هەراسانیان لێ هەڵگرتبوو و لەپەلوپۆیان خستبوو!..

پیتزایەکی بەتام بوو... دانیشتن، لەکاتی خواردنیدا باسی زۆر شتیان کرد، لێ تۆنی دەنگی ئاوازدار و قووڵ بوو... هەندێک هێمای پەنهانی گەرمی لێوە هەڵقوڵا و کەشی نێوانیانی بارگاوی کرد، بۆیە بیری زیاتر و زیاتر پەرتەوازە بوو و زۆرێک لەو قسانەی ئەو دەیکردن ئەم نەیدەبیستن..

دوای ئەوەی لە خـواردن بوونەوە، تارق مکوڕ بوو لـەسـەر ئـەوەی بەخـۆی قـاپەکان بـباتە ئاشـخـانەکەوە، بەجوانی شـۆردنی، وشکی کردنەوە و لەسـەر ڕەفەکانی دانان، ئینجا قـۆرییەکـەی پاک شوشت و پڕی لە ئاو کرد و لەسەر ئاگرەکەی دانا، سەیری هاتێ شـەیما خۆی بەژووردا کرد.. لێی نزیک بووەوە و بەدەنگێکی کزەوە گوتی:

– حەز دەکەی یارمەتیت بدەم؟

وەڵامی نەداوە. هـەسـتی دەکـرد دڵەکـوتێـیـەکـەی دەوڵ ئاسـا لێ دەدات. زیاتر نزیک بووەوە، هێند لێی نزیک بووەوە تەنانـەت هەستی بەعەباکەی کرد بەر پشـتی دەسـتی کـەوت و بۆنە تیـژەکـەی کـاسـی کـرد، تارق کـەوتە هەناسـەبڕکێ و ئەوی مێشک بێ لە کەللەیدا نەما، هەستی بەهاتنەوە یەکی گەدەی کرد، وای بەبیردا هات دەبوورێتەوە..

***

خـواردمـانەوە و زۆرمـان قـسـە کـرد، ویندی لەبارەی خێزانەکەیەوە دوا.. دایکی پسپۆڕی کۆمەڵایەتییە، باوکیشی پزیشکی ددانە، لەگـەڵیـاندا لە نیـویـۆرک دەژیا، تاکـو لە بۆرسـەی شیکاگۆ کاری دەستکەوت.. بەتەنێ لە ستۆدیۆیەکی نزیک ڕەش سـتـریت دەمـێنێـتـەوە.. گـوتی شـیکاگـۆی خۆشـدەوێ، لێ هەندێک جـار هەست بەتەنیـایی و خـەمـۆکی دەکات و ژیانی خۆی بەبێ مانا دێتە بەرچاو.. لێی پرسیم:

– بەڕای تۆ دەبێ پێـویسـتـم بـەڕاوێژی پزیشـکی دەروونی هەبێ؟

– بڕوا ناکەم.. ئەم خەمانە ئـاسـایین و تووشـی هەموو کەس دێن، بەتایبەت تۆ، کە بەتەنێ دەژی.. دەنکت نییە؟

– چیرۆکێکی ڕاسـتـەقینەی دڵگیری خۆشـەویسـتی ژیام..

لێ ئەفسووس هاوینی ڕابردوو بەکۆتا هات!

بە وەڵامەکانی ئارامییەک دای گرتم، منیش لەبارەی خۆم و شەیداییمەوە بۆ شیعر قسەم بۆ کرد، بەشەرمەوە گوتی:

– مخابن من ئەدەب ناخوێنمەوە.. کاتی ئەوەم نییە.

– تۆ بەخۆت هۆنراوەیەکی جوانیت.

– سوپاس.

جانتاکەی تەنیشتی هەڵگرت و گوتی:

– دەبێ بڕۆم.. سپێدە کارم هەیە.

– پێت ناخۆش نییە بەتەلەفۆن قسەت لەگەڵدا بکەم؟

– نا، هەرگیز.

لە هەفتەیەکدا دوو جار بەتەلەفۆن قسەم لەگەڵدا دەکرد، پاشان ڕۆژی هەینی لە کافتریای زانکۆ بانگهێشتی قاوە خواردنەوەم کرد (تا دەست بەپارەوە بگرم)..

بۆ ڕۆژی شەممەی داهاتووش، بەپێی ڕێنوێنییەکانی گراهامی دانا، داوەتی خواردنی شێوانم کرد..

ئەمجاریان هۆگرتر و زیاتر بایەخی بەکەشخەییەکەی دابوو.. پانتۆڵێکی ڕەشی ئاوریشمینی لە پێ کردبوو، لەگەڵ بلووزێکی بێ قۆڵ، هەروەها چاکەتێکی جۆری مۆهێری سوور برۆشێکی ورینجەداری بەیەخەوە بوو... وام بینی هەوڵە سادەکانی بۆ خۆ جوانکردن کاریگەرە و ڕاستگۆییان تێدان.. نانی شێوانمان لە چێشتخانەیەکی ئیتالی لە ناوەڕاستی شیکاگۆدا خوارد، بەشێوەیەکی وا قسەمان دەکرد و پێدەکەنین دەتگوت دوو کۆنە برادەری لە مێژینەین.

هەر بەڕاستی دڵم بەدەرچوونەکانی لەگەڵمدا دەکرایەوە، هەموو شتێکی خۆمم بۆ باس کرد.. دەربارەی دایکم و خوشکەکەم و گرفتم لە زانکۆی قاهیرە و حەزم بۆ شیعر..

لێی پرسیم:

– خەون بەوەوە دەبینیت ڕۆژێک لە ڕۆژان ببیتە شاعیرێکی ناودار؟

– ناوبانگ پێوەر نییە بۆ سەرکەوتنی نووسەر.. نووسەرێلی ناودار هەن نرخیان نییە، نووسەری مەزنیش هەن کەس نایانناسێت.

– کەواتە بۆچی دەنووسیت؟

– دەنووسم چونکە زۆر شتم هەن دەبێ بیانڵێم.. ئەوەی بەلامەوە گرینگە ناو نییە، بەڵکو نرخاندنە.. ئەوی دەینووسم بگاتە چەند کەسێک، ئەگەر کەمیش بن، هزر و هەستیان دەگۆڕێت.

– لە منداڵییەوە خەونم بەوەوە دەبینی ڕۆژێک بەشاعیرێکی ڕاستەقینە بگەم.

– ئەوەتانێ لەبەردەمتایە.

هەردوو دەستیم گرت، لەسەرەخۆ بەرزم کردنەوە و ماچم کردن، بەدەم زەردەخەنەیەکی نازدارەوە لێم ڕاما.. بەوپەڕی سەرگەرمیی خواردنەوەوە بەرەو شەقام ملمان نا.. ترپەی هەنگاوەکانی دڵیان خۆش دەکردم.. لە پڕ لێی پرسیم:

– ئێستا بۆ کوێ بڕۆین؟

لێدانی دڵم زیادی کرد و گوتم:

– فیلمێکی مەزنی تۆمارکراوم لەسەر میسر هەیە.. حەز دەکەی پێکەوە بیبینین؟

– بێگومان.. لە کوێیە؟

– لە ماڵەکەمدایە.

– باشە.

بەرەو وێستگەی میترۆکە چووین. بەپەلە هەنگاوم دەنا، وەک ئەوەی لەوە بترسم لە ڕایەکەی پەشیمان ببێتەوە. سواری میترۆی هێڵی شین بووین، لە کورسییەکەی بەرابەری دانیشتم، بەشێنەیی لە دیمەنی وردبوومەوە، وا هاتە بەرچاوم تا بڵێی نەرمونیانە. بیرم کردەوە دڵبەندیم بۆی ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاریشانەی لەگەڵ گەیشتنمدا بۆ شیکاگۆ بەدەستیانەوە دەمناڵاند. هەڵبەت ئاتاجی سۆزی ئافرەتم! هەینێ گەیشتینە ئەپارتمان لەسەر قەنەفەی ساڵۆنەکە بەتەنیشت یەکەوە دانیشتین، بیرەمان هەڵدەقوڕاند و قسەمان دەکرد.. پەشۆکابووم، دەترسام بەهەڵەشەیی شتێک بکەم و دانیشتنەکە تێک بدەم.. لەو کاتی ئەو قسەی بۆ دەکردم دەستم لە ملی کرد، بۆ ساتێک ڕەنگێکی هێنا و برد، هەستم کرد جەستەی گەرم داگیرساوە.. هەنگاوێک لە خۆشییەوە دووربووم، بەشارەزایی خۆم دەمزانی ئەمە ساتی یەکلاکەرەوەیە، ئەگەر لە دەستم دەرچێ هەموو شتێک لە دەست دەدەم.. لە هیکڕا لە قسەکردن وەستا، هەستم بەگەرمیی یەک لەدوای یەکی هەناسەکانی دەکرد چۆنیان گڕ تێ بەردەدام، وام مەزەندە دەکرد خەریکە بگرییێت.. باوەشم لێدا و بەشێتانەوە کەوتمە ماچکردنی دەموچاو و گەردنی،

هەستم بەجەستەی دەکرد توند دەبوو پاشان پەیتا پەیتا خاو دەبووەوە.. لە خۆوە دەستم بۆ پشتی برد، تاکو ستیانەکەی بترازێنم، بەنەرمی خۆی بەکێش کرد و لەناکاو ماچێکی ڕوومەتی کردم.. ئەو دەمی هەستا بەناسکییەکەوە گوتی:

– دەچمە گەرماوەکەوە و زوو دێمەوە.

هەر کە بەڕووتی دەرکەوت هەڵمەتم بردە سەری و بەگەرمی باوەشم پێدا کرد.. بۆ یەکەمین جار بەگوڕ و دڵڕەقانە خۆشەویستیمان کرد، دەتگوت خۆمان لە باری هەستە کەڵەکەبووەکانمان قوتار دەکەین، یاخۆ لە پڕ تواناکانی چێژمان دۆزیبێتەوە و بڕوا نەکەین بۆیە هەڵپە دەکەین.. دوای ئەوەی لێبووینەوە بەهانەسەبرکێوە بەتەنیشتییەوە ڕاکشام، ئەوی سەیر بوو هەستم بەوە کرد گورگی ئارەزوو خەریکە لە دوورەوە دەمپلکێنێتەوە.

ڕووداوێکی دەگمەن نەبوو. گرفتی بەردەوامی من لەگەڵ ئافرەتدا ئەو بێزارییە قورسەیە، کە لە دوای کردن پێ لەسەر سینگم گیر دەکات، هەر هێندەی سەرگەرم دەبم تەمی لەزەتم دەرەوێتەوە و هەستی جوانی لەدەست دەدەم.. لەگەڵ وێندی جیاواز بوو.. لە لەشە ڕووتوقووتەکەی ڕامام، توانی تا کۆتایی لە خشتەم بەرێ، چون بەر لە چەند ساتێک حەزم دانەمرکابێتەوە هەستم دەکرد خوێن بەدەمارەکانمدا هەڵدەقووڵێت..

سەری نایە سەر سینەم و بەدەنگە خۆشە تێرەکەیەوە گوتی:

– دەزانی.. یەکەمین جار کە بینیتم دڵنیابووم کە

کۆتاییه‌که‌ی ناو جێگه‌یه.

– چونکه من به‌ختم هه‌یه!

– سووربووم له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی نه‌یه‌مه ئه‌پارتمانه‌که‌ت، تا جارێکی تر پێکه‌وه ده‌رده‌چین، که‌چی له هیکرِا به‌رگریم له‌ده‌ست دا.

ماچێکی ناوچه‌وانیم کرد و گوتم:

– تۆ کچه میره نازداره‌که‌می!

– تۆ وێرِای ئه‌وه‌ی ژنت نه‌هێناوه شاره‌زاییه‌کی باشی ناو نوێنت هه‌یه.. ئاخۆ له میسر له ده‌ره‌وه‌ی ژنهێنان رِێگه‌ی سێکسکردنتان پێ دراوه؟

– خۆمان رِێگه به‌خۆمان ده‌ده‌ین.

وه‌ڵامدانه‌وه‌یه‌کی لاواز بوو، لێ من له‌و کاته‌دا ئاماده‌ی هیچ گفتوگۆیه‌کی جیدی نه‌بووم.. ویندی چه‌ناگه‌ی له‌سه‌ر سینگم داناو ته‌ماشای ده‌کردم.. کۆرپه‌یه‌ک بم، به‌ئه‌نگوستی یاریی به‌لێوم ده‌کرد، پاشان به‌شادی و شه‌نگوڵییه‌وه هاواری کرد:

– ده‌ی.. باسی ئه‌وینه‌کانی خۆتم له‌گه‌ڵ کیژه میسرییاندا بۆ بکه.

هه‌ستم به‌گه‌رمییه‌کی خۆش و به‌رگه نه‌گیراوی مه‌مکۆڵانی له‌سه‌ر سینگم کرد. به‌نه‌رمی هه‌ردوو قۆڵیم رِاکێشا، جووڵا تا وای لێ هات به‌ته‌واوی له بانم نووست. ئه‌مجاره‌یان به‌بایه‌خ و شێنه‌یی رِامووسی، پاشان سه‌رله‌نوێ خۆشه‌ویستیمان ده‌ست پێکرده‌وه. به‌رزی و نزمییه‌کانی

گیانی شارەزا بووبووم، ئەم کردنەی دووەمم وا لەسەرەخۆ و بەوردی بەڕێوە برد تاکو پێکەوە گرمان گرت، بەیەکجار سووتاین.

تا ماوەیەک لە سەرخۆشی و مەستیدا ون بوو، دوایی ئاگادار بووەوە و بەخۆشییەوە لەسەر جێگەکەی بازی دا.. کامێرایەکی بچووکی لە جانتاکەی دەرهێنا، لەو دەمی بۆ وێنەگرتنی ئامادە دەکرد، گوتی:

– با وێنەیەکت بگرم.

– چاوەڕێ بکە تا ئامادە دەبم.

– حەز دەکەم بەڕووتی وێنەت بگرم.

وام نیشان دا ناڕازیم، لێ ئەو خێراتر بوو. ڕووناکیی کامێراکە چەند جارێک بڵاچەی لێ هەستا، لە گۆشەی جیا جیاوە چەند وێنەیەکی گرتم، پاشان خەنییەوە و گوتی:

– ڕۆژێک دێت بەم وێنانە سەر و دڵت دەگرم.

– دەبێتە جوانترین سەر و دڵگرتن لە ژیانمدا.

– هیوادارم تا کۆتایی لەسەر ئەم ڕایە بیت.. دەبێ ئێستا بڕۆم.

– ناکرێ هەندێک چاوەڕێ بکەی؟

– بەداخەوە نا.. بۆ جاری داهاتوو خۆم ئامادە دەکەم زیاتر بمێنمەوە.

چووە گەرماوەکەوە، هێندەی نەبرد دەرچوو، جلەکانی لەبەر کردبوون و ڕوخساریشی سوور هەڵگەڕابوو، زەردەخەنەیەک بەڕوویەوە بوو لە منەتباری نزیکتر بوو.. من سیپاڵەکانم

لەبەر کـردبوون و چاوەڕوانی ئەو بووم، کـەوتە پێـشـمـەوە و گوتی:

– خۆت بەگەیاندنی منەوە ماندوو مەکە.

– زۆرم پێ خۆشە.

– باشترە بەتەنیا بڕۆم.

بەهێمنییەکی یەکلاییکەرەوەوە وای گوت.. کەمێک سەیرم هاتێ، لێ ڕێزی حـەزەکـەیم گـرت.. بـەگـەرمی باوەشـم لێـداو گوتم:

– ویندی.. خۆشحاڵم بەپێوەندییەکەمان.

– هەروەها منیش.

بەچرپەوە وای گوت و لە ڕوخسارم ڕامابوو، بەپەنجەکانی یاریی بەقژم دەکرد، هەینێ گوتی:

– کوانێ فیلمە تۆمارکراوەکەی بەڵێنت پێ دام؟

پەشـۆکـام، لە قـاقـای پێکەنینی دا و بەچاو هەڵتـەکاندنەوە گوتی:

– هەر لە سـەرەتاوە لە گەمـەکانت گەیشـتم، بەڵام من وام نیشان دا بڕوام پێیەتی!

– کەنگێ جارێکی تر بتبینم؟

– لەسەر تۆ دەوەستێت.

– تێ ناگەم.

– شـتـێک هەیە دەبێ پێتـی بڵـێم، جـا نازانم کـاردانەوەی لەسەرت چۆن دەبێ.

دەرگەکەی خستبووە سەرگازی پشت و ئامادەی ڕۆیشتن بوو. هەروا بەئاسانی گوتی:

– من جوولەکەم!

– جوولەکە؟!

– چییە هەواڵەکە وڕ و کاسی کردی؟

– نا.. هەرگیز.

– ڕەنگە من هەڵە بووبم چونکە لە سەرەتاوە پێم نەگوتیت.. بەڵام هەر چۆنێک بووایا دەتزانی.. مرۆڤ ناتوانێ ئاینی بشارێتەوە.

زارم هەڵنەهێنا، دەرگەکەی ڕاکێشا تا لەدوای خۆیەوەی دابخات، لەو دەمەی بزەیەکی پەنهان بەڕوخسارییەوە دیار بوو، گوتی:

– باش بیر لە پێوەندییەکەمان بکەرەوە.. هەر کاتێک بێ دەتوانیت پێوەندیم پێوە بکەی.. خۆ ئەگەر پێوەندیشم پێوە نەکەی، ئەوا من سوپاست دەکەم بۆ ئەو کاتە دڵگیرەی لەگەڵتدا بردمە سەر!

## ١٩

هەینێ کەرەم عەبدولەلاک دۆس زانی بۆ دووەمین جار لە تاقیکردنەوەی ماستەرییەکەیدا دەرنەچووە، یەکسەر چوو بۆ لای دوکتۆر عەبدولفەتاح بلبعی سەرۆک بەشی نەشتەرکاری لە کۆلێجی پزیشکیی عەین شەمس.. قرچەی گەرمای هاوینی ساڵی ١٩٧٥ بوو.

کەرەم لەودەمی خۆی بەنووسینگەکەدا کرد لە گەرما و لە ئەنجامی شڵەژانەکەیدا شڵپەی ئارەقی دەهات، کاتێک سکرتێر لە مەبەستی دیدارەکەی پرسی، وەڵامی داوە:

- شتێکی تایبەتە.

- دوکتۆر عەبدولفەتاح بەگ چووە نوێژی عەسر لە مزگەوت بکات.

- چاوەڕێی دەکەم.

کەرەم بەیاخیبوونێکەوە وای گوت، لە کورسییەکەی بەرابەر بەسکرتێر، کە فەرامۆشی کرد و کاغەزەکانی بەردەمی دەخوێندەوە، دانیشت. نیو کاتژمێری تەواو تێپەڕی بەر لەوەی دەرگاکە بکرێتەوە و دوکتۆر بلبع بەقەڵافەتی زەبەلاحی و سەرە کەچەڵەکەی و دەموچاوی پان و ڕیشە تەنکەکەی و تەسبێحە کارەباییەکەیەوە، کە هەرگیز لە دەستی نەدەبووەوە، بەدەرکەوت.. کەرەم ڕاستەپێ هەستا، مامۆستاکەی بەچاوێکی پرسیارئامێزەوە لێی ڕوانی، پاشان بەشێوە جارسییەکەوە لێی پرسی:

– خەواجە[11] خێرە؟

دوکتۆر بلبع لە قسەکردندا ئەو نازناوەی "خەواجە" بۆ سەرجەم قپتییەکان هەر لە مامۆستاوە تاکو بەردەست بەکار دەبرد. ئەم سوعبەتە بەرچاوەش ڕقی قووڵی لەبەرابەریاندا دەشاردەوە!.. کەرەم ئازایەتییەکەی کۆکردەوە و گوتی:

– تکام وایە بەڕێزتان چەند خولەکێک بواری هەبێت، بۆ شتێک کە تایبەتە بەمنەوە.

– وەرە.

دوکتۆر پێشی کەوت، لە شوێنەکەیدا دانیشت و ئاماژەی دانیشتنی بەویش دا.

– داخوازییەکانت؟

– دەمەوێت بزانم بۆ لەتاقیکردنەوەدا کەوتم؟

– نمرەکانت لاوازن خەواجە.

بەم ئاوایە وەک مەزەندەی پرسیارەکەی کردبێت، وڵامی دایەوە.

– بەڵام هەموو وڵامەکانم دروستن!

– چۆنت زانی؟

– بەخۆم دڵنیام.. دەتوانین سەیری کاغەزی وەڵامەکە بکەین؟ بەیارمەتیت.

دوکتۆر بلبع بەقامکەکانی یاریی بەڕیشی دەکرد، پاشان بزەیەکی کرد و گوتی:

– ئەگەر هەموو وەڵامەکانیشت ڕاستبن.. ئەوا ئەنجامەکەت ناگۆڕێت!

---

١١. لە میسر خەواجە بۆ کەسێکی بیانی بەکاردێن. خواجەش نازناوە بۆ جوولەکە و گاوری دەوڵەمەند. "و"

– تێ ناگەم.

– قسەکەم ڕوونە.. بەتەنیا تاقیکردنەوە بەس نییە بۆ دەرچوون.

– بەڵام ئەمە دژ بە پێڕەوی زانکۆیە!

– پێویستمان بە پێڕەوی زانکۆ نییە خەواجە.. ئەوەنییە هەرکەس و وەڵامی دوو پرسیار بداتەوە ڕێگەی پێ بدەین ببێتە نەشتەرکار و ژیانی خەڵکی لە دەستدابێت.. ئێمە ئەو کەسە هەڵدەبژێرین کە شایانی ئەو پایە زانستییەیە.

– لەسەر چ بنەمایەک؟

– لەسەر بنەمایێلێکی گرینگ پێت ناڵێم.. گوێ بگرە کەرەم.. کاتم بەفیڕۆ مەدە.. بەڕاستی پێت دەڵێم.. تۆ بەرلەوەی من ببمە سەرۆکی بەش دامەزراویت.. ئەگەر بەدەست من بوایا لەسەر دامەزراندنت ڕازی نەدەبووم..

لەوەی پێتی دەڵێم باش بیربکەرەوە و تووڕە مەبە.. تۆ نابیتە پزیشکی نەشتەرکار.. ئامۆژگاریت دەکەم کار و کۆششت بەهەدەر مەدە.. هەوڵی بەشێکی تر بدە و بە خۆم واسیدەت بۆ دەکەم.

بێدەنگییەکی قووڵ دای گرتن، لە پڕ کەرەم بەکەسەرەوە هاواری کرد:

– جەنابت زوڵمم لێ دەکەیت چونکە من قپتیم!

دوکتۆر بلبع بەنیگایەکی یەکلا کەرەوەوە تەماشای کرد، چون ئاگاداری بکاتەوە کە زیاتری لەسەر نەڕوات، پاشان هەستا و بەئارامییەکەوە گوتی:

– دیدارەکەت کۆتاییی پێ هات خەواجە.

***

ئەو شەوە کەرەم خەو نەچووە چاوی، دەرگەی ژوورەکەی لەسەرخۆی داخست و سەری شووشە وێسکییەکەی لە دوکانێک لە زەمالک کڕیبووی هەڵپچڕی.. بێ وەستان دەیخواردەوە.. هەر هێندەی پێکێکی لە هەناویدا

خـاڵی دەکـردەوە دڵەڕاوکـێکەی زیادی دەکـرد و بەدەم بیـرکـردنـەوەوە بەناو ژوورەکەیدا هاتوچـۆی دەکـرد.. چۆن واز لە نەشـتـەرکاری بهـێنێت؟!.. چووە کـۆلێـجـی پزیشـکـی و چەندین سـاڵ لە پێناو خـەونـێکدا کـە هەمـوو ژیـانـی داگرتووە، کۆششی کرد:

ببـێتـە نەشـتـەرکـار.. نابێت هەرگـیـز بچـێـتـە بوارێکـی ترەوە.. دەست لە نەشـتـەرکـاری هەڵناگـرێت، ئیـدی چی دەبێت بـابـبـێت!.. دەیزانی دەسـەڵاتی دوکتۆر بلبع ڕەهایە و قسەشی گەڕانەوەی نییە..

بەڕوونی پێی گوت: «کار و کۆششت بەهەدەر مەدە.. نابیتە نەشتەرکار».

ئەگەر لەسـەر هەوڵەکانی مکوڕ بێت، چـەند جـارێک دەیخـات تا لە زانکۆی دەربکات.. خۆ زیاد لە جارێکیش ئەوەی لەگەڵ پزیشکانی تردا کردووە!..

ئەی یەسـووعی مـەسـیـح.. چۆن بلبع ڕێ بەخـۆی دەدات بـەم ئاسـانیـیـە دواڕۆژی ئەوانـی تر تـەفـروتـونا بـکات؟ هەینێ ئـەم شـتــە دەکــات هـەست بەسەرزەنشتی ویژدان ناکات؟..

چۆن دەکارێت لەبەر دەستی خواوەنددا بوەستێ و نوێژ بکات؟

ڕۆژ لە کەرەم هەڵهات، خۆی شۆرد و چەند کوپێک قاوەی هەڵقوڕاند، تاکو لەو ماندوویێتی و سـەرگەرمـیـیەی ڕزگار بکات، پاشان جلەکانی لەبەرکردن و بەرەو باڵیـۆزخانەی ئەمـەریکایی کەوتە ڕێ، لەوێ داوایەکی بۆ کۆچکردن پێ دان.. چەند مـانگێکی پێ نەچوو دەروازەی فـڕگـەی ئـۆهێـری دەبڕی، تا بۆ یەکــەمین جــار پێ بنێـتــە شــیکاگــۆوە. هەر لـەڕۆژانی یەکــەمــەوە چـەند ڕاستییەکی بۆ دەرکەوت:

یەکەمینیـان ئەوەیە بوونی وەکو دیانێک لە کۆمەڵگەی ئەمـەریکاییدا هیچ لە مـەسـەلەکـە ناگـۆڕێت، چونکـە ئەولای ئەمـەریکاییـیـەکـان هەر عـەرەبێکی ڕەنگاوڕەنگە..

دووهمــیش ئـهمــهریکا وڵاتـی هەلە بەدەســتــهــاتووەکــان و ملـمــلانێ بەزیانەکـانیشـە، بۆیە ئەگەر بیـەوێت ببێتـە نەشـتـەرکارێکی مـەزن، دەبێت هـەوڵێکـی زیاتر بدات، هـەتا بەلای کـــەمـــەوە دووقـــات لـەهەر هـاوەڵێکی ئەمـەریکایی بـاشـتـر بێت.. هەر لـەبەر ئەمـەش بوو بۆ چەندین سـاڵ، کـەرەم ماندوویی نەناسانە لەشەڕدا بوو:

چەند تاقیکردنەوەیەکی بڕی و لە خوێندندا خۆی بەخت کرد.. وا ڕاهاتبوو هـەر لە بەیانیی زووەوە تا نیـوە شـەو کـار بکـات، بێ ئەوەی سکاڵایەک، یاخـۆ بۆڵەیەکی لێوەبێت.. خۆی وا ڕاهێنابوو تەنیا چوار پێنج سـەعات بنوێت، کە هـەڵسـیش وریا و چالاک بێت.. چەندین ڕۆژ بەدوای یەکدا لە نەخـۆشـخـانە دەمـایەوە و لەکارکردن نەدەوەسـتـا، تەنانەت ناو هاوپیشـەکـانیدا بەنازناوی «پزیشکی ئـامـادە» DOCTOR READY ناسـرابوو، چونکە هـەر کـارێک بەسـەریدا بدرایا یەکسـەر وەریدەگرت، لە ڕۆژێکدا ئامادەی نەشتـەرکاری و وانەکـانی دەبوو و خـوێندنـەکەشـی دەکرد.. وزە لـەبن نەهاتووەکـەی مـایەی سـەرسـووڕمـانـی مـامۆسـتـاکانی بـوو.. کاتێکیش شـەکەت دەبـوو و لەپەلوپۆ دەکـەوت، لەوسـاتەی هەسـتـی دەکـرد ئیـدی توانای زیاتری نیـیـە، دەرگـەی ژوورەکەی دادەخـست و لە بەرابەر خـاچەکەی، کە لـەسـەر نوێنەکـە دایدەنا بـەچۆکـــدا دەهـات.. چاوانـی لێک دەنـان و بـە پاڕانـەوەوە دەیگـوت «بـابـای پیرۆزمـان کە نیشـتـەجێی ئاسـمـانانە»، پاشان داوای لە یەزدان دەکرد هێز و ئارامـیی پێ ببـەخـشـێت.. وا لەگـەڵ خـواوەنـددا دەکەوتە گـفـتـوگـۆ دەتگوت لەبەردەمیەتی و دەیبینێت. «تۆ بەخۆت دەزانیت چەندم خۆش دەوێیت و بڕوام پێتـە.. سـتـەمم لێکراو تۆش دادپـەروەر بوویت لەگەڵمدا.. بـەهانامـەوە وەرەو شەرمەزارم مەکە».

خـواوەند بـەدەنگییـە واهات و لـە سـەرکـەوتنێکەوە بۆ سـەرکـەوتنـێکی تری برد، بەسـەر کەوتنێکی گـەورەوە ماسـتـەر و دوکـتـۆرای بەدەست هێنا، پـاشـان

بەنەشتەرکار دامەزرا، باشترین هەلی بۆ ڕەخسا، کاتێک بۆ ماوەی پێنج ساڵی تەواو بووە یاریدەری یەکێک لە کۆڵەکەکانی نەشتەرکاری لە جیهاندا، ئەویش پرۆفسیۆر ئەلبێرت لینز بوو.. ئەمەش دوا پلەی بەر لە لووتکە بوو.. کەرەم دۆس ئەم پلەیەشی بڕی و لەدوای ئەوە وەکو ئاواتی بۆ دەخواست، بووە نەشتەرکارێکی بەتوانا و ناودار، هەفتانە سێ ڕۆژ لە نەخۆشخانەی نۆرث وێسترنی ناودار نەشتەرکاریی دەکرد. لە کاتژمێر شەش و نیوی سەرلەبەیانی، هەینێ دوکتۆر کەرەم دەچێتە هۆڵی نەخۆشخانەوە و سڵاو لەو کرێکارانە دەکات، کە بەپاککردنەوەی زەوییەکەوە خەریکن و قسەی خۆش لەگەڵ کرێکارە پیرەژنە ڕەشپێستەکەی ئاسانسەرەکەدا دەکات..

ئەو دەمی وەڵامی کەسوکاری شپرزەی نەخۆشەکە دەداتەوە، بزەیەکی لەسەر ڕاهاتووی دڵنیاکەرەوە بەڕوویەوە دەنەخشێت، عانێ جلەکانی دادەکەنێ و جلی نەشتەرکار لەبەر دەکات، یاخۆ کاتێک بەفڵچە و شلەی پاقژکردنەوە دەست و پەنجەو نینۆکەکانی پاک دەکاتەوە.. یان کە ڕەق ڕادەوەستێ و پەرستارەکە بەجلی نەشتەرکاری دەپیچەتەوە و لە دواوە دەیبەستێت، پاشان دەستی لە بەرابەریدا دەکاتەوە تا دەستکێشەکانی لەدەست بکات.. ئیتر کەرەم دۆس بەمانای وشە لە ئامادەبوونە ئاساییە ڕۆژانەییەکانی ڕزگاری دەبێت و چون کەسایەتییەکی خەیاڵی، یاخۆ پاڵەوانی داستانێک بێت، ڕەهەندێکی ئەفسانەیی وەردەگرێت.. تاک دەکەوێتەوە، سەربڵند، بەهێز و نابەزێنرێت، بەئیرادەی خۆی دەوروبەرەکەی دەجوولێنێت، ئەو قسە نەستەقە لەسەر پێڕەو دەبێت، کە دەڵێت «نەشتەرکاری ڕاستەقینە خاوەنی دڵی شێر و چاوی هەڵۆ و قامکی ژەنیاری پیانۆیە»..

ژووری نەشتەرکاری ساردە، بلاجکتۆرەکان بەسەر سکی نەخۆشە بێ هۆشەکەوە، کە چاوەڕوانی چارەنووسی خۆیەتی، شەوق دەداتەوە، دەنگی

لەرینەوەی هەناسەکانی لە ئامێرەکە و ترپەی لێدانی دڵی، کە بەدەیان جار گەورە کراوەتەوە، هەڵوێستەکە ترسێنەرتر دەکات.

تیمی نەشتەرکاری، لە پەرستار و پزیشکی بەنجکردن و یاریدەرانی پێکهاتووە.. دوکتۆر کەرەم سڵاویان لێ دەکات و نوکتەیەکیان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەوانیش بۆ ئەوەی شڵەژانەکەیان بشارنەوە زیاد لە پێویست پێدەکەنن.. لەودەمی ئەوان بەنیگایەکی پرسیار ئامێزی یەکلاکەرەوەوە، کە خاڵی نییە لە پەرۆشی، کاردەکەن. ئەمیش چون مایسترۆ چاودێریی رۆڵی ژەنیارەکانی دەکات و چاوەڕوانە بەپێی ریتمی پەنهانی ناوەوە، چاوەڕوانی ساتی بەشداربوونییەتی لە ژەنیندا، ئاوا چاوی لێیانە. ئەو ساتە دێت، دوکتۆر کەرەم بەنەشتەرەکەیەوە وەک ئەوەی ڕێ بەنمایشەکە بدات دەست پێ بکات، دەستی درێژ دەکات.. بەنەشتەرەکەوە دەستی لەهەوادا بەڕاست و چەپدا دەسووڕێنێت، پاشان دایدەگرێتەوە سەر پێستی نەخۆشەکە و بەئاسپایی چەند جارێک چون سەرنجی بداتێ بەری دەکەوێت.. لە ناکاو دەست پێدەکات، بە لێدانێکی قووڵ نزیک لە ئارەزووەوە نووکە تیژەکەی ئەتەمەکان دەسمێت، بەشێوەیەک کە بڕوا ناکرێت، خوێن فیچقە دەکات، دەست و بازووی یاریدەرەکانیش بە سۆندەی هەڵلووشین و پێچارەوە دەکەونە گیانی برینەکە.. دوکتۆر کەرەم بەلەسەرخۆیی و متمانە بەخۆبوون و بێدەنگی و زۆر بە سەرنجەوە کاری دەکرد، یەکەمین کەس بوو پزیشکی بەنجکردنی لە شینبوونەوەیەکی کەم، کە بەڕووی نەخۆشەکەوە نەدەبینرا، ئاگادار دەکردەوە، یاخۆ بە دە چرکە بەر لە یاریدەرەکانی تێبینیی هەڵقوولینی خاڵێکی زۆر وردی خوێنی دەکرد.. لەکاتی نەشتەرکاریدا، هەموو شتەکان بە پێی سیستمێکی تۆکمە بەڕێوە دەچن:

دڵە دەستکردەکە دەردەهێنرێ و نەخۆشەکەش ڕەوانەی ئامێری دڵی دەستکرد دەکرێت، دوکتۆر کەرەم دەمارە خوێنبەرە لەکارکەوتووەکانی نەخۆشەکە بە دەمارێکی نوێ، کە لە لاقی دەکاتەوە، دەگۆڕێت. لە دەرەوەی

جەستە باش تاقی دەکاتەوە، دواییش بەوریاییەوە دەیڕوێنن، لە دواییدا تەوژمی خوێن بۆ ئەو دڵەی بەدەستی خۆی چاکی کردەوە، دەگەڕێنێتەوە.. ئەو نەشتەرکارییە چەندین کاتژمێر دەخایەنێت، لەو ماوەیەدا دەستەکانی لە ئیشکردن ناوەستن، لە کاتێکدا چاوی یاریدەرەکانی لەسەرین، چاویان لە بچووکترین ئاماژەیەتی تاکو یەکسەر بە هانایەوە بێن، زۆر جاریش بەرلەوەی زار هەڵبهێنێت ئەوان لێی تێدەگەن.. بە شارەزایی خۆیان وایان لێهاتبوو لەو دیو دەمامکیشەوە ڕوخساریان دەخوێندەوە: مادامەکی لە بێدەنگیدا کاردەکات ئەوا هەموو شتێک ئاساییە، ئەگەر دەستەکانی وەستان مانای وایە ناتەواوییەک ڕووی داوە، ئیدی هێندە نابات وەکو کاپتنی کەشتییەک، کە لە نوقومبووندا بێت، بە تۆنێکی درامی ئاگادارکەرەوە نەڕەی دەنگە گڕەکەی لە ژوورەکەدا دەنگ دەداتەوە.. «هەڵلووشەکەی تریش بخەرە گەڕ».. « شتێکی بدەنێ با پاڵەپەستۆکەی بەرز بکاتەوە».. «پێویستم بە کاتژمێرێکی تر هەیە»..

هەمووان بێ ئەملاو ئەولا بەقسەی دەکەن، ئەو مامۆستا و نەشتەرکار و ڕابەری لێهاتوویان بوو، کە بەرپرسیارێتی گەڕانەوەی ئەم نەخۆشە بێ هۆشە بۆ ژیان لە ئەستۆ دەگرێت.. چارەنووسی سەرتاپای خێزانێک لە نێوان قامکەکانیدایە، کە لە جووڵە ناکەون..

کەرەم دۆس بەحەق نەشتەرکارێکی مەزن بوو، ئەویش وەکو زۆرێک لە مەزنەکان لە ڕەفتاری سەیر بەدەر نەبوو، بۆ نموونە هەمیشە جلەکانی ژێرەوەی دادەکەند و جلی نەشتەرکاری ڕاستەوخۆ لەسەر جەستە ڕووتەکەی دەکردە بەر، ئەوکات هەستی بەو ئازادییە دەکرد، کە مێشکی ساف و سەرنجی تیژ دەکردن!.. ئەو لەو دەمەوەی دە ساڵە سەرۆکایەتی تیمە نەشتەرکارییەکەی بە دەستەوەیە، وا ڕاهاتبوو هەرکات نەشتەرکاریی بکردایا گوێی لە گۆرانییەکانی ئوم کەلسووم دەگرت، لە ژووری نەشتەرکاری لە میانەی مایکرۆفۆنەکەوە دەنگی لێ هەڵدەبڕی، دوکتۆر کەرەم فەرمانی دا

له دیوارەکە دای کوتن و بیگەیەنن بەنەواری ژوورەکەی تەنیشت.. دیمەنەکە بەو سەمەرییەوەی ئاشنابوو: گوێگران چەپڵە لێ دەدەن و داوا دەکەن تا ئوم کەلسووم بڕگەیەک لە «أنت عمري» یاخۆ «بعيد عنك»[12] دووبارە بکاتەوە..

هاوار دەکەن «خانم زۆر زۆر مەزنە»، یاخۆ لە مەستی گۆرانییەک کاتێک محەمەد عەبدە سالْح لە یەکێک لە مۆسیقا دڵگیرەکانی لەسەر ئامێری قانوون بە دەردەکەوێت، دوکتۆر کەرەم لە کاتێکدا سەرقاڵی دوورینەوەی خوێنبەرێکە، یان زیاتر بەنەشتەر لە پێست و دەمارێک دەبڕێت، تاکو بواری نەشتەرکارییەکە لەبەردەمیدا ببێتەوە، لەگەڵ مۆسیقاکەدا دەکەوێتە منگەمنگ..

دوکتۆر کەرەم دەڵێت: دەنگی ئوم کەلسووم یاریدەی ئەوەی دەدات لە کاتی کارکردندا هێمنییەکەی بپارێزێت، ئەوەی مایەی سەرسوورمان بوو ئەندامانی تیمە ئەمەریکاییەکەشی وایان لێ هات دەنگی ئوم کەلسوومیان بە دڵ بوو، یان ڕەنگە لەبەر ئەو وایان نواندبێت.

جارێکیان، بەر لە دوو ساڵ، یاریدەری نەشتەرکار، کە ناوی چاک بوو پێوەندیی بەتیمەکەوە کرد، هەرکە دوکتۆر کەرەم چاوی پێی کەوت بەلێزانیی ئەمەریکاییانەی خۆی، زانی کابرایەکی دەمارگیرە.. هێندەی نابرد بێ نووزە مشتومڕ لە نێوانیاندا هەڵدەگیرسا!..

چاک هەرگیز بە سوعبەتەکانی دوکتۆر کەرەم ناخەنییەوە، بە نیگایەکی ساردی درێژی پرسیار ئامێز، کە لە ڕیسوا کردنەوە نزیک بوو، تێی دەڕوانی، هەروەها بەقینەوە ڕێنوێنییەکانی وەردەگرت، بەسستییەکی ئەنقەستەوە جێبەجێی دەکردن، چون بیەوێت پێی بڵێت: «ڕاستە من لە ژێر فەرمانی تۆدا کاردەکەم.. من تەنیا یاریدەرێکم و تۆش نەشتەرکارێکی گەورە.. بەڵام نەکەی ئەوەت لە یاد بچێت، کە من ئەمەریکاییەکی سپیم و

۱۲. ناوی دوو گۆرانیی ئوم کەلسوومن. «و»

خاوەنی ئەم وڵاتەم، هەرچی تۆی، تەنیا عەرەبێکی ڕەنگاوڕەنگی لە ئەفریقاوە هاتووی، فـێـرمـان کـردیت مـەشـقـمـان پێ دای و کـردتمان بە کـەسـێکی شارستانی»

دوکتـۆر کەرەم جـووڵانەوە پڕ لە دەمـارگرتنەکانی چاکی فـەرامـۆش کرد و مکوڕ بـوو لەسـەر ئەوەی بەشـێـوازێکی ڕەسـمـیـیـانەی بێ لایەن مـامـەڵەی لەگـەڵدا بکات، بەیانیـانێکیـان بینی بەچەند خـولەکـێک بەر لە نەشـتـەرکـارییـەکـە، هاتە ژوورەوە و دەست و بازووی پـاقـژ دەکـردەوە. بەتەنیشـتییـەوە وەسـتـا و بەپەلە سـڵاوی لێ کرد، پاشـان بەدەنگێکی خنکاوی نزیک لە شڵەژان و ڕقەوە گوتی:

– پرۆفـیسـۆر کـەرەم.. تکـا دەکـەم لەکـاتی نەشـتـەرکـاریدا لە لێـدانی ئەم گۆرانیـیـە خـەمـهێنەرە مـیـسـرییـانـە بوەسـتیت، چونکە لەکاتی کـارکردندا تەرکیزم ناهێڵێت!

کەرەم دۆس متەقی نەکرد و بەئاگادارییەوە دەستی پاقژ دەکردەوە، هەینێ بەلای چاکدا وەرسـووڕا دەسـتـەکـانی بـەرز کـردبوونەوە، بەچـارەی لێکدرا و لەتووڕەییياندا سوور هەڵگەڕاوییەوە لە کەشیشێکی قیپتیی دانای دەکرد، کە خەریکە لە بەرابەر ڕاستیدا کۆڵ بەشەڕخوازان بدات.. بە هێمنییەوە گوتی:

– گوێ بگرە کوڕم.. بەدرێژاییی سی ساڵی بەردەوام من بەشێلگیری کارم کرد، تاکو بەمافی خۆمی بزانم چیم لە ژووری نەشتەرکاریدا بوێت بیبیستم.

چەند هەنگاوێک هاتە پێشێ، دەنگێکی پڕ لە مانای دەرکرد، ئینجا بەپێی پاڵێکی بەو دەرگەیەوە نا، کە دەچووە سـەر ژووری نەشتـەرکـاری، بەر لەوەی لە دوایەوە ون بێت، گوتی:

– ئەگـەر حـەزت لێیـە، دەتوانیت شـوێنێک لای تیـمێکی نەشـتـەرکـاریی تر بدۆزیتەوە!

***

ژیانی کەرەم دۆس بریتی بوو لە نەشتەرکاری، لەیەک کاتدا کار و چێژی گەورەی ئەو بوو.. ئەمەریکایی واتەنی؛ WORKAHOLIC واتا ئالوودەی کار.. دۆست و برادەری کەم بوون، بەدەگمەن کاتی بینینیانی هەبوو.. تاقە چێژیش لەگەڵ نەشتەرکاریدا پیادەی دەکرد، چەند پێکێکی وێسکی و کتێبێکی باش بوون.. شەستی تێپەڕاندووە و هێشتانەکینێ ژنی نەهێناوە، چونکە بەڕاستی کاتی ئەوەی نییە؛ نەشتەرکاری هەموو پێوەندییە خۆشەویستییەکانی تێکدا.. (کاتێک خوێندکارەکانی لە ئەنجامی زۆر ئیشکردندا تێک دەشکان) سەربوردەی خۆی لەگەڵ کیژە ئیتاڵییە شۆخ و شەنگەکەدا بۆ دەگێڕانەوە، کە بەر لە بیست ساڵ یەکتریان ناسی، زیاد لە جارێک لەگەڵیدا دەرچوو، پێوەندییەکەشیان گەردی نەگرتبوو.. وا ڕێک دەکەوت چەند جارێک دەیویست لەگەڵیدا بنوێت، لە بەشی فریاکەوتن گازیان دەکرد، تا هەرچۆنێک بوو شەوی ئارەزووکراو بەدەرکەوت:

لەگەڵیدا بۆ ئەپارتمانەکەی چوو، نانیان خوارد و خواردیانەوە، خۆیان ڕووتوقووت کردەوە، هەر بەڕاستی دەستیان بە ئەوین کرد.. لەپڕ ئامێری داواکردنەکە زرنگە تۆقێنەرەکەی لێوەهات.. کەرەم دەمودەست لەبانی هەستا، پاشان هەرچۆنێک بوو بلەز جلەکانی لەبەر کردن و بەقسەیێلێک دەستی بە لێبووردن کرد، دەیویست بۆ ئەرکەکەی کاریگەربن لە پێناو ڕزگارکردنی ژیانی مرۆڤێک، کە هەنووکە ئاتاجی ئەوە.. کەچی سەیری پێدا هات چی وشەی ناو فەرهەنگی جوێنی ئیتاڵی هەن بەسەر خۆی و دایک و باوکیدا بارین، پاشان لە تووڕەییدا عەقڵی لەدەست دا و وەکو پڵنگێکی شێتگیر دووی کەوت، وای کرد کەرەم لەدەستی هەڵبێ و چی لە ژوورەکەدا هاتە بەردەست تێی گرت..

دوکتۆر کەرەم هەرکات ئەم ڕووداوەی بگێڕایەتەوە لە کانگای دڵەوە پێدەکەنی، لێ هێندەی نابرد ڕوخساری جیدیەتی وەردەگرت و مۆچیاریی

لاوە نەشتەرکارەکانی دەکرد:

– ئەگەر نەشتەرکاریت خۆشبوێت ئەوا ناتوانیت شتێکی ترت خۆش بوێت!

ژیانی کەرەم دۆس وێڕای یەکەتیی بابەت، لە ڕووداوی ورووژێنەر خاڵی نەبوو، سەیرترینیان بەر لە چەند ساڵێکی کەم ڕووی دا.

ئەو ئێوارەیە دوای ڕۆژێکی دژوار کاتێک لەناکاو دەنگی ئامێری فاکسەکەی بیست، خۆی ئامادە کرد نووسینگەکەی جێ بهێڵێت.. دەستی درێژ کرد دەرگای نووسینگەکە دابخات، مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی سبەی بەیانی فاکسەکە بخوێنێتەوە، کەچی ڕای گۆڕی و گەڕایەوە، گڵۆپەکەی هەڵکرد و کاغەزەکەی لە ئامێرەکە کردەوە، ئەمەی خوێندەوە:

«لە نووسینگەی وەزیری خوێندنی باڵاوە لە میسر

بۆ پرۆفیسۆر کەرەم دۆس – نەخۆشخانەی نۆرث وێسترن – شیکاگۆ.. مامۆستایەکی نەخۆشی زانکۆ بە پەلە و زۆریش پێویستی بە نەشتەرکارییە بۆ گۆڕینی چەند خوێنبەرێک.. تکایە وەڵامان بدەنەوە، ئەگەر بتوانن لە نزیکترین دەرفەتدا لای خۆتانی قبووڵ بکەن.. تکایە زوو وەڵامان بدەنەوە، تاکو بەکاری پێویست هەڵسین..

ناوی نەخۆشەکە: دوکتۆر عەبدولفەتاح محەمەد بلبع»!

کەرەم نزیکەی خولەکێک لە فاکسەکە ڕاما، پاشان پەستایە گیرفانییەوە و دەرچوو.. لەکاتێکدا بەئۆتۆمبیلەکەی بەرەو ماڵ دەڕۆیشت، هەوڵێکی زۆری دا تا تەرکیزی بپارێزێت. لە بانیژەکەوە دەیڕوانییە سەر باغچە گەورەکەی ماڵ، پێکێکی بۆ خۆی چێ کرد، فاکسەکەی کردەوە و بەشێنەیی دەستی بە خوێندنەوەی کردەوە.. ئەمە چییە ڕوو دەدات؟.. ئای چ ڕێکەوتێکی هەڵاوێردە، دەڵێی زنجیرەیەکی تەلەڤزیۆنیی میسری دەبینێت!.. دوکتۆر عەبدولفەتاح بلبع بەخۆی تووشی دڵ دەبێ و ئاتاجی نەشتەرکارییە و داوا

لەو دەکرێت، بە تایبەت لەو، ژیانی ڕزگاربکات!..

بزەیەکی گاڵتەجارانەی هاتێ، پەیتا پەیتا بینی بەدەنگی بیستراوەوە دەخەنێتەوە. سەرلەنوێ بیری کردەوە.. کێ دەڵێت ئەمە ڕێکەوتە؟!.. خواوەند هیچ شتێک بەڕێکەوت دروست ناکات.. ئەوی ڕوو دەدات دادپەروەرانە و تەواو لۆجیکییە.. ستەمی لێ نەکرا؟.. نەچەوسایەوە؟.. هەستی ناکرد بێ نرخ و بێ کەرامەتە؟.. ئەی لە بەرامبەر یەسووعی دڵسۆز بەچۆکدا نەهات؟ ئا ئەوەتانێ پەروەردگار مافەکەی بۆ دەگێڕێتەوە..

ئەو پیاوەی ڕۆژێکیان پێی گوت «تۆ بەکاری نەشتەرکاری نایەیت»، ئەو پیاوەی دوارۆژی لە میسردا فەوتاند و بڕیاری ئەوەی بەسەردا دا هەموو ژیانی بەدوورخراوەیی بباتە سەر.. هەمان زەلام نەخۆش دەکەوێ و لێی دەپاڕێتەوە تاکو ژیانی ڕزگار بکات! باشە بەڕێز بلبع.. ئەگەر دەتەوێت نەشتەرکارییەکەت بۆ بکەم، دەبێت یەکەم جار حیسابی کۆنمان پاکەوە بکەین.. دەبێت چەند جاران لەسەر ئەوانەی کردووتن داوای لێبووردن بکەیت؟.. سەد جار؟.. هەزار جار؟ ئێستا داوای لێبووردن چ سوودێکی هەیە؟.. هەینێ لە سێیەمین پێک بووەوە بڕیاری خۆی وەرگرتبوو.. نەشتەرکارییەکە بۆ بلبع ناکات. با لە پزیشکێکی تر بگەڕێت، جا با بمرێت چییە.. سەرەنجام هەمووومان دەمرین!.. داوای لێبووردن دەکات لە ئەنجامدانی نەشتەرکارییەکە، دەبێت لێبووردنەکەی سارد و سڕو ئەوپەڕی خۆ بەگەورەزانین لە خۆ بگرێت.

«پرۆفیسۆر کەرەم دۆس ناتوانێت نەشتەرکاری بۆ بلبعی ناساغ بکات، چونکە تا چەند مانگێک بەرنامەکەی تژییە لە حاڵەتی سەختڵەت و جێی نەخۆشێکی تری تێدا نابێتەوە».

نامەکەی لەسەر کۆمپیوتەر نووسی، لێ چۆن شتێکی بیرهاتبێتەوە لەپڕ ڕاستەپێ هەستا.. بەدوودڵییەوە لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا وەستا، پاشان

بەهەنگاوی لەسەرخۆوە بەرەو خاچەکە چوو.. کڕنۆشی برد و کەوتە وێرد خوێندن «بابای پیرۆزمان کە نیشتەجێی ئاسمانانە»، ئینجا بەرێزێکی ڕاستگۆیانەوە نوێژەکانی کردن، بە دەنگێک لەرینەوەی تێدابێت بە چپەوە گوتی:

«ئەی باوە گەورە، بەویستی من نا بەڵکو بە ئارەزووی تۆ، چونکە ماڵ و موڵک و هێز و شکۆیی هەتاهەتایی هەر بۆ خۆتە.. ئامین».

ماوەیەک لەسەر چۆک مایەوە و چاوانی لێک نابوون، پاشان وەک ئەوەی لە خەو بێدار بووبێتەوە هەڵستا و چاوانی هەڵێنان.. لەبەرابەر کۆمپیوتەرەکە دانیشت و خۆی بینییەوە ئەوی نووسیبووی دەیسڕێتەوە و بەشێوەیەکی تر دەنووسێت:

«لە: کەرەم دۆس

بۆ: نووسینگەی وەزیری خوێندنی باڵا

پرۆفیسۆر عەبدولفەتاح بلبع لە کۆلێجی پزیشکیی عەین شەمس مامۆستام بوو. هەموو توانام بۆ ڕزگارکردنی ژیانی دەخەمە گەڕ. کارەکانتان ڕایی بکەن و با لە نزیکترین دەرفەتدا بێت. تەنیا پارەی نەخۆشخانەکە بدەن، چونکە من بۆ ڕێزگرتن لە مامۆستاکەم لە مافی خۆم خۆش دەبم......».

نامەکەی تایپ کرد، پاشان هەستا و بەفاکس ناردی، ئەودەمی ئامێرەکە لێی دا و گەیشتنی نامەکەی ڕاگەیاند، دوکتۆر کەرەم سەری خستە نێوان دەستەکانییەوە و وەکو منداڵ لە پرمەی گریانی دا. یاریدەرەکانی دەڵێن، لەوەیە تا نووکە نەشتەرکاریی وەک ئەوەی بۆ دوکتۆر بلبع کراوە، لە هیچ شوێنێکدا نەکرابێت، دەتگوت هەموو ئەو شتانەی لە نەشتەرکاری فێریان بووە ئەو بەیانییە لە دەستیدا کۆ بوونەتەوە!.. لە لووتکەدا دەدرەوشایەوە، بە شەنگی و شارەزایی و کۆنترۆڵی تەواوەوە هەنگاوی هەڵدەهێنا، بە ڕادەیەک

زیاد له جارێک بەدەوری مێزی نەشتەرکاریدا سووڕایەوە، تا بەخۆی له توانای هەندێک وردەکاری دڵنیابێت. کاترینی دێرینترین پەرستار له تیمەکەدا، هەینێ دوای نەشتەرکارییەکە پیرۆزبایی لێ کرد، پێی گوت:

«گەورەم نەک هەر سەرکەوتوو بوویت.. بەڵکو ئیلهامبەخش بوویت.. ئەمڕۆ هەستم کرد تۆ بەمیهرەبانییەکی زۆرەوە نەشتەرکاری دەکەیت.. وەک ئەوەی تیماری پێی زامداری باوکت بکەیت، یاخۆ نووستبێت و سەری ڕاست بکەیتەوە!».

له ڕۆژانی دواییدا دوکتۆر کەرەم چۆن هەموو نەخۆشەکانی بەسەر دەکاتەوە، ئاواش سەری له مامۆستاکەی پێشووی دەدا، ئەو کاتی دوای هەفتەیەک له نەشتەرکارییەکە سەیری ئیشاعەکانی کرد، بەشادی و شەنگوڵییەوە خەنییەوە و ڕستە نەستەقەکەی گوت، کە هەمیشە بۆ دڵنیایی کردنی نەخۆشەکانی بەکاری دەهێنا:

– ئەگەر حەزبکەیت دەتوانیت له ماوەی چەند مانگێکدا بەشداریی یاریی تۆپی پێ بکەیت.

هەستا بڕوات، کەچی ئەو ناگەهان دەستی گرت و بەنووزەوە گوتی:

– دوکتۆر کەرەم، نازانم چۆنت سوپاس بکەم.. تکایە.. بمبەخشە!

ئەمە یەکەمین هێمای ڕابردووی هاوبەشیان بوو. کەرەم هەندێک شڵەژا، ئینجا

بە ئاسپایی دەستی مامۆستاکەی گرت و خەریک بوو شتێک بڵێت، لێ بەزەردەخەنەیەکی پەشۆکاو لێبووەوە و بەپەلە چووە دەرێ.

مەروە ڕۆژی هەینی پێوەندیی بە دایک و باوکییەوە کرد، هەر هێندەی دایکی لە حاڵی پرسی ئەم لە پرمەی گریانی دا.. زۆری کار لە دایکی کرد، بۆیە کەوتە دڵدانەوەی و لە هۆیەکەی پرسی.. مەروە هەموو شتێکی بۆ گێڕایەوە:

قرچۆکی دەنانە و خۆپەرستی و چاوبڕینی لە سامانەکەی، هەروەها ئاماژەی بەئاریشە تایبەتییەکەیان دا.. ئانێ پێی گوت دەنانە زللەیەکی بەبنا گوێیدا کێشاوە، دایکی شێت و هار بوو، هاواری کرد:

– ئەی دەستی بەبڕین بچێت.. دەبێت فێربێت چۆن ڕێز لە کچی خەڵکی بگرێت!

مەروە بەتووڕەیییەکەی دایکی، کە پشتگیرییەک بوو بۆ ئەو، گەشایەوە. دوای سکاڵا و گلەیی، مەروە گوتی مکوڕە لەسەر تەڵاق وەرگرتنی لە دەنانە، هەینێ سەیری هاتێ هەڵوێستی دایکی پێچەوانە بووەوە.. قسەکردن لەسەر تەڵاقی ڕەت کردەوە «چونکە تەڵاق گاڵتە نییە»..

گوتی: ئەگەر هەر گرفتێکی خێزانی بەتەڵاق کۆتا پێ بێت، ئەوا ئافرەتێکی بەشوو نەدەمایەوە.. جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە هەموو ماڵێک پڕە لە گرفت، لە هەموو شووکردنێکدا ساڵی یەکەم دژوارە، ژنی وریا و ژیریش چاوپۆشی لە ناتەواوییەکانی مێردەکەی دەکات و هەوڵ دەدات چاکیان بکاتەوە، تاکو ژیان بەردەوام بێت.. خۆی بە نموونە هێنایەوە:

له سەرەتای شووکردنیدا بەرگەی توورەیییەکەی حاجی نەوفەلی گرت (هەندێک خووی خراپی تریش دوور لە وردەکاری ئاماژەی پێ دا)، تا لە دواییدا خواوەند ڕێگەی ڕاستی پی نیشان دا و بووە پیاوێکی هێندە باش بەنموونە کاتێک ناوی دەهێنرا، ژنان ئیرەیییان بەم دەبرد.

مەروە گوتی:

– هەرگیز ناکرێت باوکم بەدەنانە بەراورد بکرێت.

– گوێ بگرە.. تۆ چیت دەوێت؟

– تەڵاق.

دایکە لە بەرامبەر ئەو ڕووبەڕوو بوونەوە مێیینەیە غەریزییە توندەدا پێیدا هەڵکالا:

– نامەوێت قسەی وا ببیستم.. تێگەیشتی؟

– بەڵام ڕقم لێیەتی.. بەرگەی ئەوە ناگرم دەستی بەرم بکەوێت.

– حەزم لە پێچ و پەنا نییە.. یەک پرسیارت لێ دەکەم: مێردەکەت پیاوەتیی هەیە؟

–.....

– وڵامم بدەرەوە.. پیاوە؟

– بەڵێ.

– کەواتە.. هەر ئاریشەیەک بەتێکەڵبوون چارەسەر دەکرێت.

– بەڵام ئەو..

– شوورەیییە مەروە.. کچی بەئوسووڵ هەرگیز قسە لەم بابەتانە ناکات!.. تۆ شێت بوویت، یاخۆ ژیان لە ئەمەریکا پەروەردەکەتی لە بیر بردووەتەوە؟.. بەتایبەت ئەم بابەتانە زۆر ژن وەکو ئەرکێک بەجێی دەگەیەنن، سبەینێ خوا

منداڵت پێ دەبەخشێ و بەتەواوی لەبیرت دەچێتەوە.

مەروە سوودی لەبەردەوامیی قسەکان نەدەبینی، بۆیە بەدەستەواژەیێلێکی تەماوی کۆتاییی بەقسەکانی هێنا..

پاشان دانیشت و بەقووڵی بیری لە قسەکانی دایکی کردەوە، لێ تەلەفۆنەکە سەرلەنوێ لێی دایەوە، سەیری هاتێ کە گوێی لە دەنگی بابی بوو.. بابی بەشێوەیەکی هێمنانەتر و دۆستانەتر قسەی لە گەڵدا دەکرد، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەمان قسەکانی دایکی دووبارە دەکردەوە.. لە کۆتاییشدا بەتکاکارییەوە گوتی:

– مەروە.. تۆ لە تەمەنتا هەر ژیر بوویتە.. نەکەی پەلە بکەیت.. لە ماڵوێرانی خراپتر نییە!

ئەو شەوە نەنووست، لەسەر قەنەفەی سالۆنەکە ئەمدیو و ئەودیوی دەکرد، تاکو لە دەنگی دەنانە ئاگادار بووەوە دەستنوێژی بەیانی هەڵدەگرت..

ئەوی ڕووی دا بەبیری خۆیدا هێنایەوە و لێی ڕاما:

دایک و بابی لەم دنیایەدا لە هەموو کەس زیاتریان خۆشدەوێت، وێڕای ئەوەش زۆر بەتوندی بیرۆکەی تەڵاقدان ڕەت دەکەنەوە.. بۆ نابێت ئەم هەڵە بێت؟.. دوورنییە پەلە بکات و ماڵ لە خۆی تێک بدات، پاشان ژیوان ببێتەوە و ئەوسا پەشیمانی دادی نەدات.. وشەی «تەڵاقدراو» ی بیرخۆی هێنایەوە، بۆیەکەمین جار قورس و ترسێنەری هاتە بەرگوێ.. وای هاتە بەرچاو تەڵاق شتێکی پەنهان و تراژیدییە، وەکو مردن یان خۆکوشتن.. وێنەی ئەو تەڵاقدراوانەی هاتنە بەرچاو، کە لە ژیانیدا بینیبوونی..

تەڵاقدراو ئەو ژنەیە کە نەیتوانیوە مێردەکەی بۆ خۆی بپارێزێت، ئەو ژنەیە کە بەدەست تیاچوون و حەسرەتەوە دەناڵێنێت و بارە بەسەر کەسوکار و دۆستانییەوە، پیاوان مرخی لێ خۆش دەکەن، چونکە کون کراوە و هیچی نییە لە دەستی بدات، خەڵکی بەچاوی سۆز و بەزەییەوە تەماشای دەکەن،

بوختـانی بۆ هەڵدەبەستن و دەریشی نابرن.. ئەو نایەوێت وای لێ بێت، بۆیە لەســەریەتی ڕێز لـە مـۆچیـارییـەکـانـی دایک و باوکی بگرێت، چونکە ئەوان زانیارییان لەم زیاترە و جگە لە خۆشی و بەختەوەریی ئەم هیچیان ناوێت.. هەروەها ئەم پێشتر شووی تری نەکردووە و ئەزموونی لەگەڵ پیاواندا نییە (جگە لەو قسە ڕاگوزەرانەی لەگەڵ هەندێک قوتابیدا کردبوونی، کە لە سنووری تەلەفۆن تێ نەدەپەڕین).. پاشان ئەو چوزانێت، نابێت زۆربەی ژنان وەکو ئەو گرفتار بووبن و لەپێناو بەردەوامیی خێزاندا قبوولّی بکەن. ئەی دایکی بە ڕوونی نەیگوت: «ئێمەی ئافرەت ئەم پێوەندییە تایبەتە بە ئەرکی سەرشان دادەنێین، لەوەیە دوای منداڵبوونیش بەتەواوی لە بیری بکەین»؟..

باشە نابێت دایکیشی لەکاتی سەرجێییدا وەکو ئەو گرفتی هەبووبێت و ئینجاش توانیبێتی بابی خۆشبوێ و منداڵی بۆ هێنابێ و ساڵانێکی درێژیش لەگەڵیدا هەڵیکردبێت؟ چاکتر نییە بە هەڵوێستی خۆیدا لەسەر دەنانە بچێتەوە؟ ڕاستە ئەو چاوچنۆکە و ڕوحی بەسەر پارەدا دەردەچێت و تەنیا بەرژەوەندیی خۆی مەبەستە.. بەڵام شتی باشی نییە؟.. ئاخۆ هەموو ئەو شتانەی دەیانکات شەڕی ڕەهان؟ جێی خۆیەتی دانی پێدا بنێت دەنانە سەری بچێت نوێژی ناچێ و ئێسکیشی سووکە، لەو ساتە دەگمەنانەی نێوانیشیان زۆر جار بەلێکچوواندنەکانی و پلارە گاڵتەجارییەکانی هێناویەتییە پێکەنین. پاشان ئەی مێردێکی بەرزخواز نییە شەو و ڕۆژ ناوەستێت تاکو دوارۆژی بنیات بنێت؟ پیاوەکەی وەکو هەر کەسێکی تر لە دنیادا شتی باش و خراپیشی هەن، بۆیە چۆن خراپییەکانی باس دەکات دەبێت ئاواش جوانییەکانی باس بکات.

مەروە شەوی بەدەم ئەم بیرکردنەوانەوە بەڕێ کرد، سپێدە هەستا، خۆی شۆرد، دەستنوێژی هەڵگرت و نوێژی کرد، کاتێک لە ئاوێنە سەیری ڕوخساری کرد، هەستی کرد گۆڕاوە.. دیمەنی بۆ شێوە خۆڕاگرییەک

گـۆڕاوە. ئەو هەسـتـە دای گـرت کـە بـەشـێـوەیەکی نوێ ژیانی دەست پێ دەکـاتەوە. تـرپەی پێی پیـاوەکـەی بەرگـوێ کـەوت، بـەئانقـەست لـە بەردەمی وەستاو بەزەردەخەنەوە گوتی:

– بەیانیت باش.

– ژیانت باش.

دەنانە بـەسـاردییـەکەوە وەڵامـی دایەوە و زانی ژنەکـەی گـەڕاوەتەوە سـەر ڕێی ڕاست، بڕیاری دا نـەختـێک خـۆی گران بگرێت، تا پەنـدێکی وای بداتێ ئیـتر دووبـارەی نەکاتەوە. مـەروە بەزمـانێکی نەرمی سـازشـبەخشـانەی پڕ لە لێبووردنخوازییەوە گوتی:

– خواردنت بۆ ئامادە بکەم؟

– لە کۆلێج نان دەخۆم.

– بەپەلە قاپێک هێلکە بەباسترمەت بۆ بکەم؟

– سوپاس.

دەنانە ڕۆژێکی تەواو خـۆی تێنەگەیاند. پاشـان وەڵامی دایەوە و گـوتارێکی بچووکی دا:

– دوێنـێ باوکت پێـوەندیی پێـوەکـردم.. سـوپاس بۆ خـوا بـەدوور لە گەورەکردنی کەسێک بەسـەر پەروەردگاردا، تابڵێی پیـاوێکی پابەند بەئاین و خـواپەرسـتـە.. ئەوی کـردبووت بۆم گێڕایەوە و گـوتم من بە کـەمـترین شـێوە مـافی ڕەوای خـۆم لە تەمـێکردنیدا بەکار هـێناوە.. بەهـەرحـاڵ، من ئەمـجـارە لەبەر خـاتری حـاجی نەوفـەل لێت خـۆش دەبم، بەڵام لە کـەڵکەڵەی شـەیتـانت ئاگـادار دەکـەمـەوە.. پـەنای خـوا بگرە، لـەسـەر نوێژەکـانت بـەردەوام بەو لە پیاوەکەت و ماڵەکەتدا خواپەرستی ببینەوە.

ژیان لە نێـوانیـاندا گـەڕایەوە سـروشـتی خـۆی، بەڵکو لە جـاران باشـتر و

زیاتریش.. مەروە بەگرینگی پێدان و خۆشییەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد، حەزی لەچی بوایا ئەوەی بۆ لێ دەنا و چاوەڕوانی دەکرد، تا لەگەڵیدا نان بخوات، بایەخی پێ دەدا و لەگەڵیدا قسە و باسی زۆری دەکرد. بەشێوەیەکی وا گۆڕابوو، تەنانەت دەنانە خۆیشی سەری لەوە سووڕمابوو و ئەو بیرەی زیاتر لا چەسپی، کە ئافرەت بوونەوەرێکی پەنهان و پڕ لە دژایەتییە، ئەستەمە پێشبینیی کاردانەوەکانی، یاخۆ حەزە متبووەکانی بکرێن!..

هەموو هەوڵەکانی بۆ گونجان لەگەڵ مێردەکەیدا خستەگەڕ، وای نیشان دەدا بەلێزانییەوە ڕۆڵی ژنی ڕەزامەند دەگێڕێت.. تەنانەت پێکگەیشتنیان لەسەر جێ خەو، کە هەمیشە بەدەستییەوە دەینالاند، چارەیەکی نوێی بۆ داهێنا.. وای لێهات هەر هێندەی دەنانە ڕەقی دەکرد و هەڵمەتی بۆ دێنا، لەو ساتەی هەستی بەهەناسە گەرمەکانی لەسەر دەموچاوی دەکرد و هەوڵی دەدا ماچی بکات و لیکاوی تێکەڵ بە تالاوی تووتن دەرژایە دەمییەوە، کاتێک هەستی بەورگە قورسەکەی دەکرد پاڵ بەسکییەوە دەنێت، خەریک بوو هەناسەی لەبەر ببڕێ و دڵی تێک بچێ.. لەو ئانەی ئازاری دەکێشت، مەروە فێربوو بوو چاوی لێک بنێ و دەنانە لە بیر بەرێتەوە، یەکەمین جار مێشکی دەگووشی تا دەنانەی تێدا دەربهێنێ، پاشان وای وێنا دەکرد، کە دەست لەملانێی کەسێکی ترە، پیاوێکی قۆز و هێزکێشی ورووژێنەر.. جار لەدوای جار کۆمەڵێک عاشقی نهێنی لادروست دەبوون،

سبە خەیاڵ لەگەڵ هەموویاندا نووستووە: ڕوشدی ئەبازە و کازم ساهیر و مەحموود عەبدولعەزیز.. تەنانەت دوکتۆر سەعید دەقاقی مامۆستای دارایی گشتی لە بازرگانیی قاهیرە، کە جێگەی سەرنجی گشت قوتابییەکان بوو، مەروە زیاد لە جارێک لە جێگەکەی لەگەڵیدا نووستووە!.. بەم شێوەیە خەیاڵ چارەیەکی داهێنراو و کاریگەری بۆ گرفتە جەستەیییەکەی داهێنا، بگرە

کارەکە گۆڕا بەشێوە گەمەیەکی نهێنیی بەتام، مەروە هەر هێندەی هەستی بەدەستپێشکەرییەکانی هێرشی لە دەنانەوە بکردایا، لە خۆی دەپرسی: «ئەمشەو لەگەڵ کێدا بنووم؟ ڕوشدی ئەبازە دووجاری پێشووی بەسە.. چەند بەتاسەوەم بۆ کازم».. وای لێ هاتبوو لەگەڵ دووبارەکردنەوەدا تەواو جووت دەبوو، بەڕادەیەک ترسا جارێک ناوی دۆستە خەیاڵییەکەی لە بەرامبەر مێردەکەیدا بەزماندا بێت و ببێتە ئابڕووچوونێکی گەورە، هەرکە هەستی بە دەنانە دەکرد ئاوەگەرمە قێزەونەکەی دەرژێنێت، بەپەلە بەچاوی نیمچە نووقاوەوە تا خەیاڵەکەی نەفرێت دەچووە گەرماوەوە، پاشان خۆی دەورووژاند، تاکو ڕەحەت دەبوو!..

مەروە بەم ئاوایە دەکۆشا تا خۆی بگونجێنێ و بەرگە بگرێ و بژێت، ئیدی وای لێ هات ژیانی وەک خۆی لەگەڵ دەنانەدا دەبردە سەر نەک وەک ئاواتی بۆ دەخواست.. ئالێرەدا ڕەنگە پرسیارێک بێتە پێشێ: مایەی سەر سووڕمان نییە مەروە ئاوا بەم خێراییەوە لە دژەوە بۆ دژ بگۆڕێت؟! داخوا ئامۆژگارییەکانی دایک و بابی بەسن بۆ ئەوەی بەم شێوەیە خۆی بخاتە ئامێزی ئەو دەنانەیەی بەر لە چەند ڕۆژێکی کەم حەزی نەدەکرد چارەی ببینێت؟.. وەڵامدانەوە بە «بەڵێ» ناتەواوە.. هەستێکی پەنهانی قووڵ وای لێ دەکرد بەهەموو وزەیەوە دەنانە ڕازی بکات.. هەڵبەت لەبەر خۆشەویستی نەبوو، تەنیاش لەبەر ترسەکەی لە چارەنووسی تەڵاقدراوێک نەبوو، بەڵکو ئاگادارکردنەوەکانی دایک و باوکی پشێوییەکی قووڵیان بۆ دروستکرد، ویستی هەلی باشتر بۆ شووکردنەکەی دەستەبەر بکات.. ئەگەر تیایدا سەربکەوێت ئەوا بەختەوەری بەدەست دەهێنێت، خۆ ئەگەریش سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا ئەوا گلەیی لە خۆی ناکات، هەروەها باوک و دایکیشی ئیتر ناتوانن گلەیی لێ بکەن..

ئالێرەوە هەوڵەکانی بۆ دڵڕاگرتنی مێردەکەی، سەرەڕای هێز و

پێداگـرتنی، وەکو دەست لەناو دەسـت کـردنی دوو پارێزەری نەیار، یـاخـۆ لە نێوان دوو یاریـزانـی تێنس تازە لە گـەمــەیەکی توندی ڕقـهێن بووبنەوە، ئـاوا شێوازێکی ئاهەنگ ئامێزی درۆزنانەی لە خۆ گرتبوو!.. بەمیـهرەبانییەکی لە ڕادەبەدەرەوە مـامـەڵەی لەگـەڵدا دەکرد، چون بۆ دایـک و بابی نیـشـان بدات نەکو لە دوا ڕۆژدا بـەوەی تاوانبار بکەن، کـە پەلەی کرد و ماڵی لـە خۆی تێک دا.. ڕەفـتـاری نـوێی وێڕای ئەوەی دڵنەرمی و ناسکیی تێدابوو نەرمـونیـانیی تەڵەشـی لـە خـۆگـرتبـوو.. هـەڵبـەت دەنانە بەغـەریزە هـەسـتـی بەمـە کـردبوو و درکی کردبوو، کـە جـەنگی نێوانیـان بەردەوامـە، ئەگـەرچی شـێـوەیەکی نوێی وەرگرتووە، بۆیە حـیسابی باشـی بۆ قسە و هـەڵسـوکەوتەکانی خـۆی دەکرد.. لە ڕاسـتـیدا ئەو وزەی لـەبەر بڕابوو، چونکە دوا گـەفی دوکـتـۆر دنیس بیکەر ژیانی لێ تێکدابوو..

بیکەری پیر لە بەرامـبەر سـەنگی مەحەکی دانابوو، دەبوو لە چەند ڕۆژێکدا ئەنجـامی توێژینەوەکـەی پێشـکێش بکات، ئەگـینا دەست لە سـەرپەرشـتـیی نامــەکــەی هـەڵدەگـرێت. ئەگـەر ئـەم کـارەسـاتە ڕوو بدات، ئەوا داهـاتووی زانسـتی و سـیـاسـیی لە کـیس دەچێت. دەبێت زوو بەخـۆیدا بگات، ئەگـینا هەمـوو شـتێک لە دەست دەدات.. ئای لەو گـاڵتـە پێکردنەی ناحـەزانی ئەگـەر توێژینەوەکەی ڕەت بـکرێتـەوە.. داخـۆ چەند کینە لـە دڵ ئەمـە بەهـەواڵی وەرز دەزانن!

«ئەرێ بیستتان؟ ئەحمـەد دەنانە لە سۆنگەی دواکەوتنی لە توێژینەوەکەیدا نێردەکەی پووچەڵ کرایەوە؟.. پێم نەگوتن؟.. بـەدرێژاییی تەمەنی کـابرایەکی فاشل بووە..»..

دەنانـە چەند ڕۆژێکی لە نووسـینگەکـەیدا لە کـۆلێج بـردە سـەر.. لە بەیانیـیـەوە تاکـو ئـێـوارێ دەرگـای لەسـەر خـۆی دادەخـست، بۆ کـەسی نەدەکـردەوە و ئامـادەی وانەکانیش نەدەبوو.. سێ ڕۆژ بەسـەر ئەم دۆخـەدا

تێـپـەڕی، چوارشــەممەی ڕابردوو ڕووداوێکی دەگمـەن لـە مـێـژووی بەشی هیـسـتـۆلۆجیـدا ڕووی دا، هەر کـەسـە و بە جـۆرێکی دەگـێڕایەوە، هەڵبـەت هەندێکیان زیادەگۆییان لە گێڕانەوەیدا دەکرد.

بەڵام بەدڵنیـاییـیـەوە لە دوای پشـووی دوا نیـوەڕۆ دەوروبەر کـاتژمـێر یەک، دوکتـۆر بیکەر سەرقاڵی هەندێک تاقیکردنەوە بوو، لە گەڵیشیدا لە ئەنجامی ئەو بوتڵـە بچـووکە ئارەقـەی لەگەڵ نانی نیـوەڕۆدا هەڵی دا، بەدەنگی نزمـەوە منگەمـنگی بوو، بەوپەڕی وردئاگـاییـیـەوە خـۆی بۆ تـاقیکردنەوەی وێنەیەکی نوێ تەرخان کردبوو، کە بەوردبینی ئەلەکترۆنی وێنەی بڕێک شانەی دەماری گـرتبـوو.. لە تەقـەی دەرگـاکـە بە ئاگـا هـاتەوە، بـێ ئەوەی سـەری هەڵبـڕێت بەدەنگە گڕەکەیەوە گوتی:

– وەرە ژوورەوە.

دەرگاکە کرایەوە و دەنانە بەکۆمـەڵێک کـاغەزەوە، کـە بە وریاییـیـەوە هـەڵی گرتبوون، بەدەرکەوت. بیکەر تەماشای کرد و ئەوی لە نێوانیاندا ڕووی دابوو کەوتەوە بیری، دەموچاوی لێک نا و بەزمانێکی نا دۆستانەوە گوتی:

– چۆنت یارمەتی بدەم؟

دەنانە وەک ئەوەی برادەرێکی گاڵتەی لەگەڵدا بکات، گوتی:

– دوکتۆر بیکەر.. بۆچی بەم دڵڕەقییەوە ڕەفتارم لەگەڵدا دەکەیت؟

– بڵێ بزانم چیت دەوێت.. هێندە کاتم نییە لەگەڵتدا بەفیڕۆی بدەم.

دەنانە ئاهێکی هەڵکێشـاو دوو هەنگاو نزیک بووەوە، کاغـەزەکانی دەسـتی بۆ بیکەر درێژکـردن و ڕوخـسـاریشـی دیمەنێکی وەرگـرتبـوو، کـە ئامـادەی قسەی سەیرببێت.

– فەرموو.

– ئەمە چییە؟

– ئەو ئەنجامانەی داوات لێ کردم.

– ماقووڵە!.. تەواوت کرد؟

بیکەر لەودەمی بەپەرۆشـیـیـەوە ئـەنجـامـەکـانی ئەم دیو ئەو دیـو دەکـرد، بەدەنگێکەوە کــە بێــبــاوەڕیی تێــدابوو، ئـاوا هاواری کــرد.. زۆری نـەبرد ڕەزامەندیی لێ دەباری، بەدەنانەی کە لە بەرابەری دانیشتبوو، گوت:

– باشە برادەر.. ئەوەتانێ بەشێلگیری کار دەکەیت.

– دوای ئەوەی هـەفـتــەی ڕابردوو لـە نووســینگەکــەت وەدەرت نـام، دەبوو توانای خۆم بەگەڕ بخەم.

دەنانـە بەگلەییـیــەکی ژنانەی نزیک لە نازونـووزەوە وای گـوت، شــڵــەژان بەڕووی بیکەرەوە دیاربوو، بەدەنگێکی لێبووردن ئامێزەوە گوتی:

– تکام وایە ئەوە بزانیت، کە ئەو توێژینەوانەی سـەرپەرشـتییان دەکەم، من لێیان بەرپرسیارم.. هەر چاوپۆشییەک زیان بەمن دەگەیەنێت.

– دوکتـۆر بیکەر.. باشـە دەرکردنم پێـویست بوو؟.. خـۆ منیش کـەرامـەتم هەیە!

– بمبەخشە ئەگەر هەستتم بریندار کردبێت!

لێـخـۆشبـوون بەدەنانەوە دیارنەبوو، بـەڵکو دەستی هـەڵتەکاند وەکو ئەوەی ئەوی ڕووی دا بۆ مـاوەیەکی کاتی لەبیـری دەکـات.. پاشـان دیمـەنی پیـاوێکی بەخشندەی وەرگرت، کە لاپەڕەیەکی نوێ هـەڵداتەوە، گوتی:

– با باسـی کارەکەمان بکەین، ئەمەم بەلاوە گرینگترە.

بیکەر کاغەز و پێنووسێکی لەبەردەمی ڕاکێشا و بەشێلگیرییەوە گوتی:

– دوای بەدەسـتـهـێنانی ئەم ئەنجـامـانە، دەبێت دەست بەقـۆناغی ئـامـار بکەیـن.. هەمـوو ئەم ژمــارانە دەدەینە کـۆمـپـیـوتـەرەکـە، تا بزانـین دەلالەتی ئاماری هەیە.

دەنانە بەدڵخۆشیدانەوە پرسی:

– لە دوای ئەم هەموو ماندوویێتییەی کێشاوەمە، دوای چەندین کاتژمێر کارکردن، دەبێت ئەنجامەکان دەلالەتی ئاماریيان نەبێت؟

– بڕوا ناکەم.

– ڕەنگە واش بێت.. هەموو ماندوو بوونەکەم بەخۆڕایی بڕوا و سەرەنجام بەئاماریش نەژمێررێت.

– لەم کاتەدا من بەرپرسیارم، چونکە من پلانی توێژینەوەکەم داڕشتووە.. لێ با گریمانە ئەرێنییەکە دابنێین.. ئەنجامەکان دەلالەتیان دەبێت.. من دڵنیام.

دەنانە وەستا، ویستی بەر لەوەی بڕوات قسەیەکی کاریگەر بکات، گوتی:

– پڕۆفیسۆر بیکەر.. وێڕای هەموو شتێک.. من بەختەوەرم و شانازی بەوەوە دەکەم لەگەڵتدا کاردەکەم.

– منیش دەنانە.. دووبارە بمبەخشە.

بیکەر ئاوا وەڵامی دایەوە و بەتوندی دەستی گووشی.. پاشان دانیشت، ئەنجامەکانی لەبەردەمی دانان و کەوتە لێکۆڵینەوەیان.

دوای نیوکاتژمێر دەنانە لە نووسینگەکەی دانیشتبوو، کاتێک بیکەر بەخدێی خۆی هەینێ بە قووڵی بیری دەکردەوە، بەئەنگوستی ڕاستی سەرە کەچەڵەکەی دەخوراند، خۆی بە ژووردا کرد، بەچاوی درەوشاوەیەوە بەهێوری گوتی:

– جارێکی تریش پیرۆزبایيت لێ دەکەم دەنانە.. ئەنجامەکان لۆجیکی و بەهێزن.

– سوپاس.

– بیرۆکەیەک بۆ پاڵپشتیی ئەنجامەکانت بەمێشکمدا هات.. یەکێک لە

سلایدەکانتم پێ نیشان بدە.

دەنانە لەسەرخۆ هەستا و دۆلابەکەی تەنیشت مێزەکەی کردەوە و سلایدێکی بەبیکەر دا، ئەویش بەگرینگی پێدانەوە گرتی و چاویلکەکەی لە چاوان کرد، پاشان لەژێر وردبینەکەدا پشکنی، هێندەی نەبرد سەری هەڵبڕی و گوتی:

– ژمارەی خاڵە ڕەشەکان لەم سلایدەدا ١٦٧ ن !

دەنانە سەری بۆ لەقاند و متەقی نەکرد.. بیکەر ئەنجامەکانی پشکنی و بەسەر سووڕمانەوە هاواری کرد:

– شتێکی سەیرە.. ئەو ژمارانەی تۆمارت کردوون لەمە گەورەترن.

سەیرێکی دەنانەی کرد وەکو ئەوەی تێنەگات، پاشان بەخۆی بەرەو دۆلابەکە چوو و دوو سلایدی تری دەرهێنان و خستنیە ژێر هەمان تاقیکردنەوەوە، تەماشایەکی دەنانەی کرد، کە بە هێواشی سەری کز کردبوو.. دوای ئەوە، بۆ چەند ساتێک، خامۆشییەکی قووڵی بارگاوی بەوزەیەکی پەنهان ژوورەکەی داگرت، ویزەی کزی یەخچاڵەکەی تاقیگە دەتگوت دەنگی مەنجەڵە. کتوپڕ.. دوکتۆر بیکەر سلایدەکانی فڕێ دانە سەر زەوییەکە و پارچەکانی بڵاوبوونەوە.. پاشان بەتووڕەییەوە وا نەڕاندی کەس پێشتر بەو شێوەیەی نەبینیبوو:

– چ سەرسەرییەکیت!.. ئەو ئەنجامانەی پێشکێشت کردوون فێڵیان تێدا کراون.. تۆ کەسێکی بێ نامووسیت دەنانە.. نامەکەت ڕەت دەکەمەوە و هەر ئێستا لە بەشەکەمانت وەدەردەنێم.

## ٢١

– بەیانیت باش.. من بەمەبەستی ئەو ئیشەی ڕاتان گەیاندووە تەلەفۆنتان بۆ دەکەم.

– ئەو ئیشە گیرا.

کابرا ئاوا بەسەرپێییەوە وەڵامی دایەوە و بیستەکەکەی داخست. زەنگەکەی لە گوێی کارۆڵدا زرنگایەوە و هەستی بەتاڵییەک کرد.. شتێکی تازە لە گۆڕێدا نەبوو. ئەوە بەرنامەی ڕۆژانەی بوو:

گشت بەیانییانێک دوای ئەوەی گراهام بۆ زانکۆ دەچێت و مارکی بچکۆڵەش بۆ قوتابخانە، کوپێکی گەورەی قاوەی ڕەش بۆ خۆی چێ دەکات، لە هۆڵەکە دادەنیشێت و پەڕەی کاردۆزینەوەی ڕۆژنامەکانی شیکاگۆ: تریبیۆن و سەن تایمز و ڕیدەر لە بەردەم خۆی دادەنێت و خۆی بۆ پێوەندیکردن ئامادە دەکات.. زۆر لە خۆی دەکات تۆنی دەنگی بگونجێنێت، تاکو وادیار بدات بەبایەخدانێکی بەرزەوە سووسەی دەرفەتە کارێکی بەتاڵ دەکات.. خۆ ئەو ڕەشپێستێکی لەکار کەوتوو نییە تاکو باربووی بکەن.. ئەو برسی نییە، ناشپاڕێتەوە و داواش لە کەس ناکات بەزەیی پێدا بێتەوە. تەنیا هەواڵی کارێک دەپرسێت کە بەدڵیەتی، هەر ئەوەندە و بەس، وەکو ئەوەی پرسیاری بلیتی ئاهەنگێکی مۆسیقی، یاخۆ کاتی داخستنی ئەو ڕیستۆرانتەی بەلایەوە باشترینە، بکات.

ئەگەر ئەوی دەیەوێت بەدەستی بێنێت ئەوا دڵخۆش دەبێت، خۆ ئەگەر پێچەوانەی ئەوەش ڕووی دا خۆ دنیا کاول نابێت.. ئەمە ئەو شێوازە بوو، کە بۆ بەرهەڵستی کردنی ڕیسوایی دایهێنابوو:

گشت جارێک هەمان پرسیار و هەمان وەڵامیشی دەدرایەوە.. لە کۆتاییی ڕۆژیشدا ئەدرێسەکان لە بەردەمیدا کۆمەڵ دەبوون. بەدرێژایی چەند مانگێک بۆ زۆربەی شوێنەکانی شیکاگۆ ڕۆیشت و بۆ چەندین وەزیفەی جیا جیا چاوپێکەوتنی لە گەڵدا کردن:

سکرتێرە و کارمەندی پێشوازی و یاوەری منداڵ و سەرپەرشتیاری دایەنگە، کەچی ئینجاش هیچ کارێکی چنگ نەکەوت..

بەڕێوەبەری کرێکارەکان لە ئوتێلی «هایات» بەدەم زەردەخەنەوە بەتەریقییەوە پێی گوت:

– کار لە شوێنێکی تر دەدۆزیتەوە، لێ دەبێ دان بەخۆتدا بگریت؛ بێکاری لەوپەڕیەتی. بەدەیان، جاری وا هەیە سەدان کەس، بۆ تاقە وەزیفەیەک دێنە پێشەوە. ململانێکە ترسێنەرە!

بەر لە دوومانگ بۆ کرێکاری تەلەفۆن لە کۆمپانیای ئەسانسەر چووە پێشێ، لە یەکەم چاوپێکەوتندا دەرچوو، ئینجا دەبوو تاقیکردنەوەی دەنگی ببڕیایا. بەرپرسی کۆمپانیاکە پێی گوت:

– ئەگەر بتوانیت دەنگی خۆت ناسک و پڕ کرێشمەی مێیینانە بکەیت، بەڵام نەک خۆتی زۆر بۆ شل بکەیت.. دەبێت دەنگت هەستکردن بەخۆشی و سەرکەوتن بگوازێتەوە.. بەشێوەیەک وابێیتە بەرچاو تۆ دە هێندەی مووچەکەی خۆت وەردەگریت.. دەنگی تۆیە کۆمپانیاکەمان بە کڕیاران دەناسێنێت!

کارۆڵ بەشێلگیرییەوە مەشقی دەکرد و خۆی ڕادەهێنا، بە دەیان جار ناوی خۆی تۆمارکرد، لەو کاتی ئەم دەستەواژەیەی دەگوتەوە: «کۆمپانیای

هاندرێکس بۆ ئاسانسەر.. بەیانیت باش.. ڕێگەم دەدەیت یارمەتیت بدەم؟»..

هەر جارەو کە گوێی لە دەنگی خۆی دەگرت ناتەواوییەکی دەدۆزییەوە.. دەنگی کزە.. کەمێک دەلەرێتەوە.. زمانی تێکەڵو پێکەڵە.. زیاد لە پێویست خێرایە.. پیتەکان پێکەوە نووساون.. دەبێت ناوی کۆمپانیاکە بەشێوەیەکی باشتر دەرببڕێت..

دوای چەند ڕۆژێک لە مەشق کردن بە جوانی دەیوتەوە، چووە تاقیکردنەوەوە، پێنج ئافرەتی لەگەڵدابوون، هەموویان لە هەمان ژوور لەبەرامبەر بەرپرسی کۆمپانیاکە دانیشتن.. کابرایەکی زگئەستووری سپی پێست بوو، لە سەرووی پەنجا ساڵییەوە بوو، سەری تەواو ڕووتابووەوە، لاجانگە پانەکانی وایان لێ کردبوو نەدەچووە دڵەوە، لە پێڵووە هەڵاوساو و چاوە پەنماوەکانی و بێ خوڵقییەکەیدا دیاربوو دوێنێ زۆری خواردووەتەوە و تێر خەو نەبووە. یەک یەک ئاماژەی پێ دەدان، تاکو هەرکەسە و ڕستەکە بەشێوازی خۆی بڵێت، پاشان بۆ چەند ساتێک بیری کردەوە و چون لە مێشکیدا هەڵی بسەنگێنێت، چاوی لە بنمیچەکە بڕی، ئینجا بەسەر کاغەزەکەدا چەمایەوە، تا شتێک تۆمار بکات.. بۆ ئێوارێ ئەنجامەکان ڕاگەیەنران، ئیشەکە بەر کارۆڵ نەکەوت، بەساردییەکەوە هەواڵەکەی وەرگرت. لەسەر ئەو نائومێدییانە ڕاهاتبوو، شتێک نەمابووەوە تووشی شۆکی بکات... ئەوی زیاتر ئازاری دەدا مامەڵەی هەندێک خاوەنکاری سپیپێست بوو لەبەرابەریدا، چونکە دژ بەیاسا بوو، کەس دانەمەزراندنی ڕەشپێستی ڕانەدەگەیاند، کەچی هەر هێندەی دەیدیت ساردوسڕی و لووتبەرزییەک بەدەموچاوییەوە دەنیشتەوە، کۆتاییی بەچاوپێکەوتنەکە دەهێنا و بەڵێنی پێوەندی پێوەکردنی دەدایێ، خۆیشی چاکی دەزانی کە نابێت.

ئەم هەڵوێستە پڕ ڕیسواییانە دەتگوت شەپازلەن و شریخە لە بن گوێی

هەڵدەستێن. گەلێک جاران لەگەڕانەوەیدا بەرەو ماڵ هۆن هۆن دەگریا، هەندێک جاریش شەو تا بەیانی خەو نەدەچووە چاوی. بەخەیاڵی خۆی تۆڵەی لە خاوەنکارە ڕەگەزپەرستەکە دەکردەوە... پەندێکی دەدایێ... پێی ڕادەگەیاند، کە ئەم نایەوێت لەگەڵ کەسێکی ڕەگەزپەرستی نارەسەنی وەکو ئەودا کاربکات... دراماکە ئەوجار گەیشتە لووتکە هەینێ بەرابەر بە ١١ دۆلار لە کاتژمێرێکدا ویستی "یاوەریی سەگ" بکات... ئەو کارە هێندە سووک و بێ مانا بوو بەڕادەیەک دوای سێ ڕۆژ، ئینجا قەناعەتی بەخۆی هێنا تا بڕوات.

زۆری پێویست بەپارە بوو... ناتوانێت لەوە زیاتر بەرگەی ئەو کۆژانە بگرێت، کە بۆ گراهامی دروست کردووە. تاوانی ئەو چییە لەم نەبوونی و نەدارییەدا بژی و پارە بۆ خۆی و کوڕی خەرج بکات؟

ئەوی زیاتر ئازاری دەدات بێ بۆڵە بەرگەی قەیرانەکە دەگرێت. ئەگەر ئەو سکالای لە دەست بکردایا و بەدڵڕەقییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکردایا، ئەوا پێی باشتر بوو، کەچی بەپێچەوانەوە گەلێک بەنەرمییەوە لەگەڵیدا دەجووڵێتەوە و شۆخیی لەگەڵدا دەکات و لە شادی و شەنگوڵی و پێکەنین ناکەوێت. هێند ناسکە بەرگەی ناگیرێت. هەر لەبەر ئەو ئەم کارە دەکات. داخۆ لە ئەنجامدا چاودێری کردنی سەگ پیشەیەک نییە وەک هەر پیشەیەکی دی، ئەگەر بەدڵیشی نەبێت، چارەی تری هەیە؟ با بۆماوەیەکی کورت خەریکی ئاگاداریکردنی سەگ بێت، تاکو هەلێکی باشتری بۆ دەرەخسێت.

چاوپێکەوتنەکە لەکۆشکێکی گەورەی قەراغی شیکاگۆدا بوو، لەڕێکپۆشی و کەشخەییدا وای هاتە بەرچاو دیمەنێکە لە فیلمێکی سینەمایی، خزمەتکارێکی بەویقار بەجلی فەرمیی ڕەشەوە بەرەو پیری هات و بەرەو هۆڵێکی گەورە پێشی کەوت...

لەسەر قەنەفەیەکی ڕیشوودار لەسەر شێوازی لویسی شازدەم، دانیشت. تەماشای کەڤاڵە زەیتییە گەورەکانی دەکرد، کە بەدیوارەکانەوە هەڵواسرابوون، دوای قەیرێک پیرەژنێک هاتە ژوورێ و بەساردییەوە بەخێرهاتنی کرد... لەبەرابەری دانیشت و دەستی بەقسان لەسەر کەش و هەوا و گواستنەوە لە شیکاگۆدا کرد...

ئەم قسە بێ مانایانە درێژەیان کێشا، هەتا کارۆڵ قسەکانی پێ بڕی و بەخۆشییەکی دروستکراوی کلۆلانەوە دەنگی هەڵبڕی:

– کوا ئەو سەگەی هاوەڵیی دەکەم؟... ناوی چییە؟... چەندە شەیدای بینینیم!... من زۆرم سەگ خۆشدەوێت!

پیرەژن بێدەنگ بوو و کەمێکیش سڵەمییەوە، لەودەمی خۆی لە تەماشاکردنی دەپاراست، گوتی:

– چاکە... حەزدەکەم لەگەڵتدا ڕاستگۆبم... بڕوا ناکەم ئەوئیشە بۆ تۆ بگونجێت...

ژمارەی تەلەفۆنەکەت جێ بهێڵە و لە زووترین دەرفەتدا کارێکی دیت بۆ دەدۆزمەوە.

کارۆڵ ڕۆژانێکی پڕ لەغەمی بەڕێ کرد، هێند شکستی خوارد هەتا بەتەواوی کەفوکوڵی دامرکایەوە، ئیدی سەیری ڕۆژنامەکانی نەدەکرد تا عەودالی دوای ئیش بێت... بەیانییانی بەڕاکشان لە سەر نوێنەکەی دەبردەسەر، چەند کوپێک قاوەی دەخواردەوە و لە بنمیچەکە ڕادەما... بیری لە ژیانی دەکردەوە... وا سی و شەش ساڵی تەواو کرد و هەرگیز وەکو خۆی دەیویست نەژیا... کەس بەویژدانەوە قسەی لەسەر نەکرد و بەهیچ شێوەیەکیش مامەڵەی دادپەروەرانەیان لەگەڵدا نەکردووە. ئەوکەسانەی چارەنووسی ئەویان بڕییەوە، پەردەیان لەسەر ڕووی خۆیان هەڵماڵی...

دایکە باشە بێ وەیەکەی، باوە پیرە سەرخۆشەکەی، کە زۆر دڵڕەقانە لێی

دەدا، کاتێکیش گەورە بوو ویستی لەگەڵیدا بنوێت (گەلێک جار پەنای بۆ دایکی دەبرد، کە لەسۆنگەی ملکەچکردنی سێکسییەوە بۆی تاڕادەی زەبوونی، ئەو قسانەی بەساردییەوە وەردەگرت)...

تۆماسی ئەویندارى، کە دە ساڵ لەگەڵیدا ژیا، مارکی لێ بوو و پاشان هەڵات، جێی هێشت و هەموو شتەکان کەوتنە ئەستۆی ئەم...

پیرە گراهامی پیاو باش کە خۆشیویست، لە بریی ئەوەی ئەم دڵی خۆش بکات ژیانی پڕ لە غەم و کەسەر کرد... هەمیشە ستەمی لێ کراوە... ئەمە ڕاستییەکەیەتی... ئەم هەموو کات کۆششی کردووە و ڕێکخەر و چاو لە دوارۆژ بووە...

سەرەنجام چی بوو؟... کلۆڵییەکی تەواو!... لە فرۆشگاکە هەر لەبەرئەوەی ڕەشپێستە کارەکەی لەدەست دا، ئەوەتانێ لە بەدەستهێنانی ئیشێکی تردا دەستەپاچەیە... تەنانەت پیرەژن چاودێریکردنی سەگیشی پێ ڕەوا نەبینی... ڕەنگە حەزنەکات سەگە لەدڵا شیرینەکەی چروچارەی ڕەشپێستان ببینێت!...

ئەو بەیانییە هەینێ زەنگی تەلەفۆن لێیدا، کارۆڵ لەسەر جێگەکەی ڕاکشابوو و نوقمی دەریای خەمەکانی بوو... سەیری هاتێ یەکێک لەم کاتەدا پێوەندیی پێوە دەکات!... لەسەر نوێنەکەی ئەمدیو ئەودیوی کرد و سوور بوو لەسەر ئەوەی وەڵامی نەداتەوە... لێ چونکە زەنگی تەلەفۆنەکە جارلە دوای جار لێی دەدا، سەرەنجام هەستا تاکو وەڵام بداتەوە... دەنگی ئیمیلیی هاوەڵی بەرگوێ کەوت، هاوەڵێکی ڕەشپێستێتی لە دواناوەندی لەگەڵیدا بوو، لێ ئەو زانکۆی تەواو کرد، چونکە بابی پارێزەر بوو و دەیتوانی خەرجیی بۆ دابین بکات... چەند مانگێکە نەیبینیوە، دڵی پێی کرایەوە و پێی خۆش بوو بانگهێشتی ڕیستۆرانتی لاڤاییتی فەڕەنسی کرد، کە لە چەقی شیکاگۆدایە.

هەر لە ڕۆژانی قوتابخانەوە ئیمێلی حەزی لە خواردنی چێشتخانە گەورەکان بوو و کارۆڵیشی لەگەڵ خۆیدا دەبرد، کە زۆری پێ خۆش بوو، چونکە نەیدەتوانی بەتەنێ سەر بەم شوێنانەدا بکات... ڕیستۆرانتی لاڤاییت تا بڵێی دڵگیر بوو: مێزی کەشخە و فوارەی ئاو و مۆسیقای فیفاڵدی بەوناوەدا دەیچریکاند و هەستی ڕابواردنیانی زیاتر دەکرد.

کارۆڵ داوای "کرواسۆن"ی بەسپێناغ و "باتێ" بەگۆشت و قاوە بەماستی کرد، کەمێک تەماشای ڕوخساری هاوەڵەکەی کرد، پاشان بەشۆخییەوە هاواری کرد:

– دەتوانم لە سوور هەڵگەڕانی دەموچاوتدا دڵنیات بکەمەوە، کە ژیانی سۆزداریت خراپ نییە.

لە ناخی دڵەوە پێکەنین، ئیمیلییش باسی ئەوینە تازەکەی خۆی بۆ کرد... کارۆڵ کۆشا لە خۆشییەکەیدا بەشدار بێت، لێ شتێکی قورس پێی لەسەر دڵی دانابوو. ئیمیلی هەستی بەمە کردبوو، هەرهێندەی پرسیاری لێ کرد، لە پرمەی گریانی دا و هەموو شتێکی بۆ گێڕایەوە، پێویستی بەوە بوو لەگەڵ هاوەڵێکی دێرینی وەک ئیمیلیدا لەغەمەکانی کەم بکاتەوە، ئیمیلی نیگای لە دوور بڕی و بەپەژارەوە گوتی:

– ئەگەر وەزیفەیەکی بەتاڵ لە نووسینگەکەی باوکمدا هەبووایا، ئەوا یەکسەر دەمبردیت... بەڵام لە شوێنێکی تر هەوڵت بۆ دەدەم.

وێڕای ئەمانەش دانیشتنێکی جوان بوو، کارۆڵ کە لەوێ گەڕایەوە توانای تێکۆشانی تێدا ڕوابووەوە. بۆ سەر لەبەیانی سەرلەنوێ بۆ گەڕان بەدوای کاردا تێهەڵچووەوە... بەدرێژایی هەفتەیەک هەموو شتەکان بەهەمان شێواز دووبارە بوونەوە... تەلەفۆن کردن و چاوپێکەوتن و داوای لێبووردن و ڕووسەختییەکی ڕەگەزپەرستانە. هەینێ پێوەندییەکی کتوپڕی لە ئیمیلییەوە بۆ کرا، کاتژمێر لە یەکی پاش نیوەڕۆ نزیک دەبووەوە... سڵاوی لێ کرد و

یەکسەر بەدەنگێکی شێلگیرانەوە لێی پرسی:

– ئێستا خەریکی چیت؟

– چێشت لێ دەنێم.

– واز لە هەموو شتێک بێنە و هەر ئێستا وەرە بۆ لام.

– ناتوانم... جۆن و مارک بێنەوە هیچ نییە بیخۆن!

– نامەیەکیان بۆ جێ بهێڵە.

– دەکرێ دوایی سەرت لێ بدەم؟

– ئیشەکە دواخستن هەڵناگرێت.

زۆری لێ کرد، کەچی بەمکوڕییەوە ڕەتی کردەوە هۆیەکەی پێ بڵێت، کارۆڵ مەزەندەی ئەوەی کرد، کە ئیشەکە پێوەندیی بەوەزیفەوە بێت، چەند وشەیەکی نووسی و بەدەرگەی یەخچاڵەکەوەی هەڵواسی، بەپەلە جلەکانی گۆڕین و ڕۆیشت.

ڕێگەی ماڵی ئیمیلی بەمیترۆ نیو سەعاتێکی دەخایاند... دەمودەست چون لەودیوەوە چاوەڕوانی بێت دەرگەکەی لێ کردەوە، ڕێگەی دا بلەز سڵاوێک لە دایکە پیرەکەی بکات، پاشان دەستی ڕاکێشا بەرەو ژوورەکەی بردی و دەرگەکەی سورگی دا.

– ئیمیلی... چیتە؟

کارۆڵ بەهەناسە بڕکێوە وای گوت. ئیمیلی بزەیەکی پەنهانی بۆ کرد، پاشان نیگایەکی پرسیار ئامێزی سەیری تێ بڕی و گوتی:

– سینگتم نیشاندە؟

– چی؟!

– جلەکانت دابکەنە تا سینگت ببینم.

– چییە شێت بوویت؟!

– چیت پێ دەڵێم وا بکە.

– تێ ناگەم.

– دوای ئەوەی جلەکانت دادەکەنیت پێت دەڵێم.

دەستی بۆ دوگمەکانی بلووزەکەی درێژ کرد، لێ کارۆڵ دەستی گرت و بەشێوە توورەبوونێکەوە شیراندی:

– نا... شتی وا ناکەیت.

ئیمیلی چۆن سەبری لەبەر برابێت هەناسەیەکی توندی هەڵکێشا، پاشان بەوردی لێی راما و گوتی:

– گوێ بگرە... من تۆم بۆ ئێرە نەهێناوە هەتا شۆخیت لەگەڵدا بکەم... دەبێت سینەت ببینم.

دوای ئەوەی دوکتۆر سەلاح ئارەزووی تەلاقدانی بەکریس ڕاگەیاند، هەستی بەئارامییەک کرد و لەمێشکی خۆیدا گوتی: ئەم هەنگاوە دواکەوت، دەبوو لەزووەوە بمگرتایەتە بەر!...

ئیدی لەمەودوا لەدەست کەوتنەدووی ڕزگاری دەبێت، هەروەها لە داخوازییە جەستەیی و ساتە بەدە تاقەت پرووکێنە بێ تواناکانی، بۆچوون و بێ ئومێدییەکان، ئەو ئالۆزییە توندەی هەمیشە لەودیو گفتوگۆ هێمنەکانیانەوە خۆی ماتداوە...گوزەرانیان لەژێر یەک میچدایە، کەچی خۆ لە تەماشاکردنی یەکتر دەبوێرن... لەمەودوا پێویستی بەنواندن و درۆکردن نابێت... ئیدی پێوەندییان بەیەکەوە نەما ... ئەمە ڕاستییەکەیەتی...

بێگومان لە ماوەیەکی ژیانیدا خۆشیویست و زۆری یارمەتی دا . ئەم لەبەرابەریدا چون یەکێک بۆ هاوکارەکەی، کە چەندین ساڵ پێکەوە کاریان کردبێت، هەست بەجۆرێک لە ڕێزگرتنی هێمنانەی قووڵ دەکات و سوپاسگوزارێتی... بەهێمنی جیادەبنەوە، ئەم ئامادەی هەموو داخوازییەکانێتی. چەندی بوێت دەیداتێ، دەست لە کەلوپەلی ناو ماڵ و ئۆتۆمبیلەکە هەڵدەگرێت، تەنانەت ئەگەر بیەوێت ماڵەکەشی بۆ جێ دەهێڵێت، دەتوانێت شوێنێکی بچووک بۆخۆی بەکرێ بگرێت... ئەوی دەیخوازێت ئەوەیە کە تەنیا بێت، دەست لە ملی کامڵییەکی ئاسوودە و ئارامی خۆش بێت، بتوانێت بێ بڕانەوە و جار لە دوای جار کاوێژی ژیانی

بکاتەوە... ئای خوا!... چۆن گەیشتە شەست ساڵی؟... ساڵەکان چەند بەخێرایی تێپەڕین، بەرلەوەی ئاگادار بێتەوە تەمەنی بەسەرچوو، بەرلەوەی دەست پێ بکات!... ئەم نەژیا.... لە ژیانیدا چی کرد؟... چ خۆشییەکی لەخۆی بینی؟ ئاخۆ دەتوانێت کاتە خۆشەکانی ژیانی بژمێرێت؟ ژمارەیان چەندن؟... چەند ڕۆژێک؟... بەلای زۆرەوە چەند مانگێک؟... ڕەوا نییە بچینە ناوساڵەوە، بێ ئەوەی درک بەبەهای کات بکەین... ستەمە کەس لەوکاتە وریامان ناکاتەوە، کە لە هەر ساتێکدا لەدەستمان دەردەچێت... ئەوە فێڵێکی زیرەکانەیە: تەنیا بەر لە کۆتاییهاتنی ژیان ئینجا نرخی بزانین.

دوکتۆر سەلاح هاتە دەرێ و ژنەکەی لە ژووری نووستن جێ هێلا، بە ئەسپایی دەرگەکەی داخست، بیری کردەوە لەمەودوا، تا جیا دەبنەوە لە ژووری گوزەراندا بنوێت. ئارەزووی نووستنی نەدەکرد... بەخۆی گوت: بابەبێدەنگی پێکێک هەڵدەم و کەمێک لە ڕۆمانە تازەکەی ئیزابێل ئەلێندی بخوێنمەوە.

بەشێوەیەکی تەواو ئاسایی ڕێی کرد، لێ هەرکە ساڵۆنەکەی بڕی، بەتەواوی بەرلەوەی بچێتە ژوورە بچووکەکەی دەیبردەوە سەر ژووری گوزەران، لەپڕ وەستا، داچەمییەوە و وەک ئەوەی لە شتێک بگەڕێت، نیگای لەزەوییەکە بڕیبوو... لەهیکرا هەستێکی سەیر دەتگوت دەمەچەقۆیە، دای گرت... وەکو داوە ئاڵۆزەکانی خەونێک بەبەر نیگایدا تێپەڕین، ئەگەر باسی بکات کەس بڕوای پێ ناکات، کەچی لەهەمان کاتدا ڕاستەقینەیە... ئەو هەستە دای گرت چون کاتێک دەچینە شوێنێک، یاخۆ بۆیەکەمین جار کەسێک دەبینین وامان بەمێشکدا دێت، کە پێشتر لێرە بووینەوە و ئەوی لێرەدا ڕوو دەدات لە کاتێکی پێشووتردا بەسەرماندا هاتووە.

خۆی بینییەوە بەلای چەپدا وەرسووڕا و بەرەو ژێرزەوینەکە بەڕێ کەوت. وەک ئەوەی بەدەم خەوەوە بێت و هەڵیان گرتبێت لەسەرخۆ بەپلیکانەکاندا

دابەزی، چون یەکێکی تر پێیەکانی بجوولێنێت و خۆیشی تەنیا ئەوەندەی لەسەرە تەماشای پێیەکانی بکات چۆن بەرەو پێشی دەبەن... دەرگەکەی کردەوە و چووە ژێر زەوینەکەوە، بۆن شێیەک دای بەدەموچاویدا... هەواکەی بۆگەن و قورس بوو، هەستی بەهەندێک تەنگەنەفەسی کرد... بەدەستی بەدوای سویچەکەدا دەگەڕا و هەڵی کرد... ژێرزەوینەکە خاڵی بوو، جگە لە هەندێک شت نەبێ کریس بۆ فڕێدانی دانابوون: کۆنە تەلەڤزیۆنێک و قاپشۆرێکی سەقەت، هەروەها چەند کورسییەک، کە چەند ساڵێک لە باغچەکەدا بەکار دەهێنرێن بەرلەوەی هاوینی ڕابردوو تاخمێکی تازە بکڕێت... سەلاح وەستا و بەنیگایەکی لەوێ نەبوو شوێنەکەی دەپشکنی.

چی بۆ ئێرەی هێنا؟ چی دەوێت؟ ئەم هەستە پەنهانانە چین، کە لە ناخیدا گریان گرتووە؟... پرسیارەکان بەبێ وەڵام لەگوێیدا دەزرینگانەوە، تا خۆی بینییەوە سەرلەنوێ دەجوولێت.

تێگەیشت کە هێزێکی زاڵ پاڵی پێوە دەنێت و توانای بەرەنگاریی نییە... ڕاستەوخۆ بەرەو گۆشەکە ڕۆیشت و دۆلابی ناودیوارەکەی کردەوە، بەهەردوو دەستی چەمەدانە شینە کۆنەکەی ڕاکێشا... لەوە قورستربوو کە مەزەندەی دەکرد، تاوێک وەستا تاکو هەناسەیەک بخواتەوە، پاشان سەرلەنوێ بۆ ژێر گڵۆپەکەی ڕاکێشایەوە... داچەمییەوە و قایشەکانی کردنەوە، هەر هێندەی هەڵی دایەوە، بۆنی ئەسپەنک کاسی کرد... هەستی کرد دڵی تێکدەچێت، نزیکەی خولەکێکی خایاند تاهاتەوە سەرخۆی، شتەکانی ناو چەمەدانەکەی دەرهێنان... ئەمە ئەو سیپالانەن، کە بەر لە سێ ساڵ لە میسرەوە هێنایانی... ئەو کات بەکەشخەی دادەنان، کەچی هەر لە یەکەم ڕۆژەوە بۆی دەرکەوت لەگەڵ ئەمەریکادا ناگونجێت... بەو جلانەوە دەتگوت لە ئەستێرەیەکی دییەوە هاتووە، یاخۆ کاراکتەرێکە و لە شانۆگەرییەکی مێژوویییەوە هاتووەتە دەر!... هەینێ جلی ئەمەریکاییی

کڕی، بوێریی ئەوەی تێدانەبوو لە جلە میسرییەکانی قوتار بێت، وەک ئەوەی بزانێت ڕۆژێک دێت دەگەڕێتەوە سەریان، لە چەمەدانەکەی پەستانن و لە ژێرزەوینەکەی شاردەوە.

چەمەدانەکەی لەبەردەمیدا بەتاڵ کردە سەر زەوییەکە:

جووتێک پێڵاوی بریقەداری پاژنە بڵندی ڕەشی نووک درێژ لەسەر شێوازی شەستەکان، قاتێک لە پەمووی ئینگلیزیی ڕەنگ خۆڵەمێشی، کە پێی دەچوو بۆ نەخۆشخانەی قصر العینی، کۆمەڵێک ملبەندی باریک لە سەر شێوازی ئەو سەردەمە... ئەمە ئەو جلانەن، کە لەبەری بوون و بۆ دواجار زەینەبی بینی: کراسە سپییە بەسوور خەتدارەکە و پانتۆڵە خەنەییەکە و چاکەتە ڕەشە چەرمییەکە، کە پێکەوە لە دوکانی «لابور سانۆڤا» لە شەقامی سلێمان پاشا کڕینی... خوایە!... بۆچی شتەکانی ئاوا بەم ڕوونییە لەبیرە؟!... دەستی درێژکرد و بەجلەکانیدا هێنان، حەزێکی ماندووکەری سووتێنەر بەسەریدا زاڵ بوو، وای لێ کرد بەهەناسەبڕکێ بکەوێ و شڵپەی ئارەقەی بێت. ویستی بەرەنگاری ببێتەوە، کەچی زریان ئاسا ڕایماڵی! لە شوێنی خۆیدا وەستا، ڕۆبەکەی لەبەریدا بوو داکەند پاشانیش پیجامەکەی... بەدەرپێ و فانیلەیەکەوە لەناوەڕاستی ژێرزەوینەکە ڕەق ڕاوەستابوو، وای بەمێشکدا هات هەر بەڕاستی شێت بووە!... ئەمە چییە دەیکات؟ شێتی تەواو ئەمەیە... باشە ناتوانێت بەسەر ئەم حەزە نەسرۆیەیدا زاڵ بێت؟ کریس چی دەڵێت ئەگەر دەرگەکەی کردەوە و بینی؟... «چی دەڵێت با بڵێت... شتێک نییە لێی بترسم... بەشێتم تاوانبار دەکات؟... با بیکات... تەنانەت ئەوی دەیکەم شێتییش بێت... ئەوا هەر دەیکەم... کاتی ئەوە هاتووە چیم بوێت بەتەواوی بیکەم»...

یەک یەک جلە کۆنەکانی لەبەردەکردن... کەمێک قەڵەو بووبوو، جلەکانی بۆی نابوون... نەیتوانی قایشی پانتۆڵەکەی لەسەر زگی ببەستێت،

کراسەکەشی وا بەگیانییەوە نووسابوو خەریک بوو ئازاری پێ بگەیەنێت، هەرچی چاکەتەکەیشی بوو قۆڵەکانی تێ ئاخنی و نەیدەتوانی بیانجووڵێنێت... وێڕای سەیر و سەمەرەیی ئەو هەڵوێستە هەستێکی دڵخۆشکەر دای گرت... نوقمی ئارامییەکی دڵگیر بوو، دڵنیاییەکی تەڕی تاریک چون لە ئامێزی دایکیدا بێت، گرتییە خۆی!... لە ئاوێنەی گۆشەی ژێرزەوینەکە سەیری خۆی کرد، خەنییەوە... ئاوێنە قۆقزەکانی سوورخانەکانی بیر هاتنەوە، کە بەمنداڵی لە پێشیاندا گەمەی دەکرد، پاشان شتێک بەمێشکیدا هات، بەپەلە گەڕایەوە لای چەمەدانە کراوەکەی ناواخنەکەی لەسەر زەوییەکە هەڵتۆقیبوو. بەزەحمەت جووڵەی دەکرد، وا دەشەلی دەتگوت لەبەرتەنگیی پێڵاوەکانی پێیەکانی تۆقلەیان کردووە... لەبەرابەر چەمەدانەکەدا چوارمشقی لێی دانیشت و دەستی بۆ گیرفانی ناوەوەی درێژکرد... لەوێ دۆزییەوە، لەو شوێنەی مەزەندەی دەکرد، ڕێک بەر لە سی ساڵ بەدەستی خۆی لەوێی دانابوو... بەئاسپایی دەری هێنا و دایە بەر ڕووناکییەکە، دەفتەرێکی تێبینیی سەوزی پانی تەلەفۆن بوو لە جانتای پزیشکییەکەیی هەڵدەگرت، زەینەب لەبەر گەورەیی قەبارەکەی گاڵتەی پێ دەکرد... ئەویش بەخۆشییەکی منداڵانەوە هاواری دەکرد:

– کچێ خۆ ئەمە نۆتی تەلەفۆن نییە، بەڵکو ڕێبەری تەلەفۆنەکانی قاهیرەیە!... هەینێ کاتم بەدەستەوە بوو جیاوازیی نێوانیانت بۆ باس دەکەم.

کاتێک قسەکەی ئەوی بیرهاتەوە بەئاسپایی دەفتەری تێبینییەکەی کردەوە، بزەی هاتێ... کاغەزەکانی زەرد هەڵگەڕابوون و پیتەکانی تۆزێک هەڵڕووشابوون، لێ ناو و ژمارەکان هێشتا بەڕوونی دیاربوون.

***

چون خەون ببینم دیمەنێکی سەیرم بەرچاو کەوت!

بەنوێژی نیـوەڕۆ دنیا تاریک داهات، پاشـان بایـەکی هێنده توند هەڵی کرد وامدەزانی هەرچی دار هەیە لە بێخدا هەڵیان دەکێـشێت... لە پڕ، بەهەزاران پارچەی سـپیی نەرم و شل دەتگوت لۆکەی شیکراوەن، بەئاسمـاندا بڵاوبوونەوە، بەپەرتی باری، پاشـان پەیتـاپـەیتـا هـاتنەوە یەک و هـەمـوو شـتـێکی داپۆشـی... ماڵەکان و ڕێگەوبان و ئۆتۆمبیلەکان.

سەراسیمـە لەجێی خۆم چەقیم، ڕۆبەکەم لەسـەر جەسـتەی ڕووتمەوە لەبەرکردبوو و لەو دیو پەنجەرە داخراوەکەوە چاوم لەوەی ڕووی دەدا بڕیبـوو. گـەرمکـەرەوەکـەی ژوورەوە هێند بەهێـز بوو خـەریک بوو هـەست بەگـەرما بکەم، لە ئەنجـامی جیاوازیی نێوان ساردیی دەرەوە و گەرمیی ژوورەکە، جامەکە بەفـری گـرتبـوو و وەکـو ئارەقـەی کـردبێت بەقـەدیا دەهاتە خـوارێ. لەسـەرەخـۆ پێکم هەڵدەدا، دەسـتم برد و ویندیم لە ئامێز گـرت... ڕووتوقووت بوو، تازە لە خۆشـەویستییـەکی لە ڕادەبەدەر خـۆش بووبووینـەوە، گـەرمی و خـواردنـەوەکـە وا ڕوخسـاریان کردبووەوە، دەتگوت خونچـەی تازە پشکوتووە... بەگوێیدا چرپاندم:

– دیمەنی بەفربارینت بەدڵە؟

– نایابە!

– ئەفسووس، هیچ کارم تێ ناکات، چونکە لە منداڵییەوە لە سەری ڕاهاتووم.

دوای تۆزێک، ویندی خـواردنی شـێـوانی ئامـادەکـرد و گڵۆپەکانی کوژاندنەوە، پاشان دوو مۆمی بەمۆمدانەوە هێنان و گڕی دان... لە کـەشوهـەوایەکی ئەفـسووناویدا دەسـتمـان

بەنانخواردن کرد.. گوتی:

– ئەمە شۆربای مریشکە لە سەرشێوازی جوولەکە... بەدڵتە؟

– زۆر بەتامە!

کاتێک تەماشای کردم چاوەکانی لەبەر رووناکیی مۆمەکاندا دەدرەوشانەوە، جارجار سیمای رووخسارە جوانەکەی بەشێوەیەکی پەنهان دەگۆڕا، وادەمایەوە و دەمارەکانیشی دەهاتنەوە یەک، ئەو کاتە وادەهاتە بەرچاو دەتگوت ئەوی ئازاری دەدات بیری کەوتبێتەوە... چون غەمێکی قووڵی بۆ مابێتەوە، لەناخیدا خۆی حەشار دابێت و لە پڕ دەربکەوێتەوە، بەڕوخساریدا گوزەر بکات و دواییش ون ببێت!

– ناجی... تۆ لە ژیانی مندا رووداوێکی ناوازەی.. وام پێشبینیی دەکرد پێوەندییەکەمان تیژتێپەڕ بێت... تەنیا کاتێکی چێژ بەخش بێت و تەواو... هەرگیز بەبیرمدا نەدەهات خۆشم بوێیت.

– بۆ؟

– چونکە عەرەبیت!

– گرفتەکە لەکوێدایە؟

خەنییەوە و گوتی:

– تۆ تاقە عەرەبیت خەون بەلەناودانی جوولەکەوە نابینێت!

لە خواردن وەستام و گوتم:

– ئەمە ڕاست نییە... عەرەب ڕقیان لە ئیسرائیلە، نەک

لەبەرئەوەی وڵاتی جـووەکانە، بەڵکو لـەبەرئەوەی فـەڵەسـتـینی داگیر کـردووە و دەیان قـەسـابخـانەی دژ بـەفەڵەسـتینییەکـان ئەنجـام داوە... ئەگـەر ئـیـسـرائیلیـیـەکـان بوزی، یاخـۆ هندۆسـیش بوونایـا ئەوا مـەسـەلەکە بەنیسـبـەت ئێـمـەوە هەر یەک بوو... ملمـلانێی ئێمـە لەگەڵ ئیسـرائیلدا سیـاسییە نەک ئاینی.

– تۆ لەمە دڵنیایت؟

– مێژوو بخوێنەرەوە... جوولەکە چەندین سەدە بێ گرفت و چەوسـانەوە لەژێر دەسـەڵاتی عـەرەبدا ژیاون... بەڵکو جێگەی بڕوای عـــەرەب بوونـە، بەو دەلیلەی بـەدرێژاییـی هەزار ســاڵ زۆرجـار پزیشـکی تایبـەتی سـوڵتـانـە عـەرەبەکـان هەر جـوو بوونە... لە نێوان ئەو هەمـوو پیلان و ئاشـووبگێڕییەی، کە لە سـەر تەختی دەسـەڵات دواییـان نەدەهاتن، سـوڵتـان ڕەنگە لە منداڵەکـــانی و ژنـەکـــانی زیـاتر بڕوای بـەپزیـشـکـە جـــووە تایبـــەتەکـەی هـەبووبێت!... لە ئەندەلووسی مـوسـڵـمـاندا جووەکـان وەکو هاووڵاتی تێیدا ژیان و مافی تەواویان هەبوو، کـاتێکیش ئەندەلووس کـەوتە دەسـتی دیانەکـانی ئیـسـپـان، ستـەمیان لە موسڵمان و جـوولەکە پێکەوە کرد، سـەرپشکیان کـــردن لە نێـــوان بوون بـەدیـان و ســـەربڕینـدا. پاشـــان توندڕەوییـان گـەیشـتە ئـاسـتێک، بەمـەبەسـتی ڕزگـاربوون لەو جـوولەکـە و مـوسـڵـمـانانەی تازە بـووبوونە فـەلە، بۆ یـەکـەمین جار لە مێژوودا دادگاکانی پشکنینیان داهێنا!....

قـەشـەکـان پرسـیـاری ئاینیـیـان لێ دەکـردن، کـاتێک لە وەڵامـدانەوەدا شـکسـتیـان دەهێنا، سـەرپشکیـان دەکـردن لە

نێوان مردن بەخنکاندن، یاخۆ بەسووتان!

ویندی بەئازارەوە چاوانی لێک نان، ویستم خۆشییەکە بگەڕێنمەوە، گوتم: – بەم ئاوایە ئازیزم... باوباپیرانی من و تۆ پێکەوە ستەمیان لێ کراوە... دوور نییە، من و تۆ، نەوەی پیاوێکی موسڵمان و ژنە جوویەک بین لە ئەندەلووس یەکیان خۆشویستبێت.

– چ خەیاڵێکی دڵگیرە!

– بەڵکو ڕاستییە... وا هەست دەکەم لە مێژەوە دەتناسم، ئەگینا ئەم دڵبەندییەمان هەر لەیەکەم ساتەوە بۆ یەکتر چۆن لێک دەدەیتەوە؟

داچەمیمەوە و هەردوو دەستیم ماچ کردن، بیرۆکەیەک بەمێشکمدا هات، ڕاپەڕیم و کەوتمە پەیجووری شریتی مووەشەحات تا دۆزیمەوە، هێندەی نەبرد دەنگی فەیروز سەرتاپای ئەو شوێنەی گرتەوە:

ئەی هەزار و یەک شەوە

هەوری عەترمان بۆ بهێنەرەوە

ئەڤین تینوێتیی خۆی

لە ئاونگی بەرەبەیاندا دەشکێنێت

گوتم:

– ئەمە مۆسیقای ئەندەلووسە.

– لە وشەکان ناگەم، لێ مۆسیقاکە ناخم دەهەژێنێت!

ئەو وشانەی بۆم کران بۆم وەرگێڕان... هەموو شتەکانی دەوروبەرم دڵڕفێن بوون، بەفر و گەرمی و ئەوین و مۆم و بیرە

و مۆسیقا... هەروەها ویندیی دەستگیرانم... زەوق گرتمی و هەستام، شانیم گرت و بەئاسپایی ڕامکێشا، لە نێوەڕاستی ژوورەکەدا وەستاندم، لەوکاتی دەگەڕامەوە شوێنەکەی خۆم، گوتم:

– ئەم نوێنەی لەسەری دادەنیشم تەختی ئەندەلووسە... من میرم... ئێستا دادەنیشم و کاروباری میرنشین بەڕێوە دەبەم... هەینێ جارێک دەستم بەیەکدا دەکێشم... دەست بەسەما دەکەیت... تۆ لە هەموو سەماکەرانی ئەندەلووس بەهرەدارتر و جوانتریت، لەبەر ئەمەشە میر تۆی هەڵبژارد، تا بەتەنیا سەما بۆ ئەو بکەیت.

ویندی قیژەیەکی خۆشیی کرد، لە سەرپێ تەیار و ئامادە بوو، وەکو منداڵێک حەز بەگەمە بکات، شۆخی بەڕوخسارییەوە دیار بوو... دەنگی فەیروزیش لەسەر ڕیتمی سەماکە دەلەرایەوە:

ئەی ئەو چڵە پاقژەی
تاجە زێڕینەت لەسەردایە
دایک و باوکم باڵا گەردانت بن
ئەگەر بەدڕەوشتیم لەبارەی
خۆشەویستیتەوە نواندووە
ببوورە لێم، چونکە تەنیا پەیامبەران
لە گوناھ پارێزراون

دەستم دا بەیەکدا و ویندی دەستی بەسەماکردن کرد... بەپێی بیرۆکەی خۆی لەسەر سەمای ڕۆھەڵاتی

دەجووڵایەوە... بەتوندی چون بلەرزێت دەستەکانی و سینگی دەلەراندنەوە، دەتگوت منداڵێکە لاسایی گەورە دەکاتەوە و بووەتە مایەی سۆز و پێکەنین!... لەودەمی سەمای دەکرد تەماشایەکی کرد و ماچێکی لە هەوادا تێگرتم، ئیدی بەرگەی جوانییەکەی نەدەگیرا... باوەشم لێ دا و ماچبارانم کرد، خۆشەویستیمان کردو فەیروزیش وەک ئەوەی دەستخۆشیمان لێ بکات بەدەنگە خۆشەکەی دەیچریکاند، دوای ئەوەی بەتاڵ بووینەوە، بەڕووتوقووتی بەتەنیشت یەکەوە ڕاکشابووین... لووتیم ڕامووسی و بەگوێیدا چرپاندم:

– تا بمێنم قەرزاربارتم.

– ئەگەر لە نەرمونیانییەکەت کەم نەکەیتەوە لەمیهرەبانیدا دەگریم!

– من بەڕاستی منەتبارتم... دوای ساڵێک لە ونبوون شیعرت بۆ گەڕاندمەوە... ئەم سپێدەیە چامەیەکی نوێم نووسی.

– جوانە... چامە نوێیەکەت باسی چی دەکات؟

– تۆ.

بەتوندی باوەشی لێدام، چرپاندم بەگوێیدا:

– ویندی... لەکلۆڵیت قوتارکردم... خەونێکی جوانت بۆ دروست کردم.

هێشتا دەستمان لە ملی یەکتریدا بوو، هەستم بەگڕی هەناسەکانی دەکرد چۆنیان دەسووتاندم، بەئاسپایی کشایەوە و لەکاتی هەڵساندا گوتی:

– تەنانەت خەونە جوانەکانیش کۆتاییيان هەن، دەبێ بڕۆم.

وەک ئەوەی داوای بەخشـین بکات، ماچێکی خێرای تەوێڵی کردم، پاشـان چووە گەرماوەوە، کە دەرچوو جلەکـانی لەبەر کـردبـوون... من کـەوتبـوومــە نـاو دەریای ڕامــانـەوە، بەدەم بازدانەوە گوتم:

– چاوەڕێ بکە... دەتگەیەنمە وێستگەی میترۆکە.

– پێویست ناکات.

– بۆچی بەردەوام ناهێڵیت بتگەیەنم؟

پەشــۆکـان بەڕوخــســارییــەوە دیاربـوو، هەندێک دوودڵیی نواند، پاشان گوتی:

– هێنریت لە بیرە... دەستگیرانە کۆنەکەم، ئەوی باسـم بۆ کـردیت؟ لێـرە لـەبەشی ناوخـۆیی خـوێنکاراندا کـارمــەندی پێشوازییە... حەزناکەم پێکەوە بمانبینێت...

– ئەگـەر نێـوانـتـان نـەمــاوە ئـیـتـر بۆ هێندە بایەخـی پێ دەدەیت؟

– تکایە تووڕە مـەبە... ئـەگـەر تا نووکە خـۆشم بویستـبـایا نەمدەتوانی تۆم خۆشبوێت.

– کەواتە بۆ دەترسیت پێکەوە بمانبینێت؟

– بـەڕاســتـی پێت دەڵێم... هـێـنـری جــوولەکــەیە، تـۆش عەرەبیت، بەوە هـەلی دەست دەکەوێت گرفتمان بۆ بنێتەوە.

– پێوەندیی بەسـەر ئێمەوە چییە؟

– من باشی دەناسم... لێبووردنی نییە.

– بڕوا ناکـەم لە ئـەمـەریکا پێـویست بەوە بکات پێـوەندیی

خۆشەویستی بشارینەوە!

بەرەو لام هات، ماچی کردم و گوتی:

– تەنیا شتێک دەمەوێت لێی دڵنیابیت ئەوەیە... خۆشم دەوێیت.

***

بۆ ئەوەی وەڕسی نەکەم لەسەر گەیاندنی مکوڕ نەبووم... دۆستی پێشوویم دەناسی... لە نووسینگەی پێشوازی زیاد لە جارێک مامەڵەم لەگەڵدا کردووە. بەشێوازێکی سروشتیی وا دەجووڵایەوە لە دۆستایەتییەوە نزیکتر بوو... لێ دوای ئەوەی ویندی چەند جارێک هاتوچۆی ئەپارتمانەکەی کردم، تێبینیی ئەوەم کردبوو بەنیگایەکی دوژمنانەوە لێم دەڕوانێت. جارێکیان لێم پرسی هیچ نامەم بۆ هاتووە، وەڵامی نەدامەوە، کاتێکیش پرسیارەکەم دووبارە کردەوە، بێ ئەوەی سەری لەسەر ئەو کاغەزانە هەڵبڕێت کە دەیخوێندنەوە، بەڕەقییەوە گوتی:

– ئەگەر نامەت بۆ بێت ئەوا بۆتی دەنێرین... پێویست ناکات ڕۆژانە سەد جار لێم بپرسیت!

بەبێدەنگی ڕۆیشتم، چونکە نەحەزم بەشەڕ و نەئامادەیی ئەوەشم تێدابوو. لە خۆم پرسی: هێنری چۆن بەپێوەندیی من و ویندیی زانی؟... بیرم کەوتەوە کە نووسینگەی پێشوازی شاشەیەکی تێدایە هەموو باڵەخانەکە لەناوەوە دیار دەدات... ئاوا!... ویندی هاوەڵی پێشوویەتی، ئاساییە بیخاتە ژێر چاودێرییەوە تابزانێت دەچێتە کام ئەپارتمانەوە.

بەئەنقەست خۆم بەدوور دەگرت... تەنیا مامەڵەم لەگەڵ

کارمەندە ڕەشە ڕەفتار باشەکەی پێشوازیدا، کە بەیانیان لەوێ بوو، دەکرد... وەلێ ئیشەکە هەر لای هێنری نەبوو... وادیاربوو هەواڵی پێوەندیم بەوێندییەوە لە نێوەندە جووەکانی زانکۆدا بڵاو بووبووەوە؛ هەندێک لە خوێندکارانی پۆلی دوو شەریان پێ دەفرۆشتم... لەگەڵیاندا لەوانەی هیستۆلۆجیی گشتی ئامادە دەبووم... من لەگشتیان گەورەتر بووم، لەپێشدا زۆریان ڕێز لێ دەگرتم، کەچی لەپڕ هەڵگەڕانەوە... وایان لێ هات چەندێک بەتەنیشتیاندا تێدەپەڕیم فسکە فسکیان دەکرد و دەخەنینەوە... سەرەتا پشتگوێم خستن، بەخۆم گوت: ڕەنگە هەروا لە نێوخۆیاندا پێبکەنن... دەبێ دژ بەو بیرۆکە خراپە بوەستمەوە، تاکو پێوەندیم بەوێندییەوە تووشی گرێی هەست بەچەوسانەوە کردنم نەکات!... کەچی شەڕ فرۆشتنەکەیان توندتر بوو... وایان لێ هات هەر کە دەیانبینیم، لە دوامەوە دەڕۆیشتن و قسەی قۆڕیان دەکرد... بوێرترینیان لاوێکی باریکەلەی درێژ بوو، قژی سوور و ددانەکانی پێشەوەی کەمێک بەدەرەوە بوون، کڵاوێکی بچکۆڵەی ڕەشی لەسەر دەنا... ناو برادەرەکانی ڕۆڵی لێبووکی دەبینی.... هەرچەندێک دەمیبینی بەدەنگی بڵند هاواری دەکرد «سەلامون عەلەیکوم»، پاشان هەموو لە قاقای پێکەنینیان دەدا... من هەر پشتگوێم خستبوون، تاڕۆژی هەینی لەدوای تەواوبوونی وانەکە بەدەستی وەستاندمی و برادەرەکانیشی بەدەورییەوە بوون، پاشان بەمەزاقەوە پێی گوتم:

– لەکوێوە هاتووی؟

– من میسریم.

– بۆچی هیستۆلۆجی دەخوێنیت؟... بەمەزەندەی تۆ بۆ حوشتر بەخێوکردن سوودی هەیە؟

هەموو لە قاقای پێکەنینیان دا... لێ ئەمجاریان خۆم نەگرت... یەخەی کراسەکەیم ڕاکێشا و بەسەریدا شیڕاندم:

– بەئەدەبەوە قسەبکە ئەگینا کەللەت دەتەقێنم.

بەدەستی چەپم گرتبووم، هەرچی ڕاستەم بوو بەرەڵا بوو... ئەمەش لەخۆشبەختیم بوو؛ چونکە دای بەناو زگما و بەرەو دوا بازم دا، ئەمەش لەکاریگەریی لێدانەکەی کەم کردەوە... بەرەو خۆم ڕامکێشا، پاشان بەدەستی ڕاستم کێشام بەناو دەمیدا... مشتم زوو ئەو مەودایەی بڕی، بۆیە زۆر بەهێزبوو، تڵپەیەکی متبووی لێوەهات و خوێن بەلووتیدا فیچقەی کرد... کاتێک لە دۆڕاندنی خۆی دڵنیابوو، دەستی بەبۆڕەبۆڕ کرد:

– تۆ دڕندەیت... دەبێ هەرئێستا لە زانکۆ دەربکرێیت!

برادەرەکانی بوونە دوو بەشەوە، هەندێکیان لەگەڵیدا دەدوان، هەندێکیشیان بەمۆڕەوە لێیان دەڕوانیم... ئێستاش نازانم پۆلیسی زانکۆ چۆن پەیدا بوون.. گشتمانیان بۆ نووسینگەی ئاسایش برد... بەبەرچاوی پۆلیسە پیرە سەرچەرمووەکەوە، نەیارەکەم گوتی من ماوەیەکە بەدوایەوەم و گێچەڵی پێ دەکەم... جەختیشی لەسەر پابەندبوونی بەمافە یاساییەکانییەوە کرد، چونکە دەستدرێژیم کردبووە سەری.

تا ئەفسەرەکە پرسیاری لێ نەکردم، متەقم نەکرد، ئەوی ڕووی دابوو بۆم گێڕایەوە، بەهێمنییەوە گوتم:

– بەڵێ من لێیم داوە... چونکە قسەی بەوڵاتەکەم وتووە و گاڵتەی پێ کردووە.

– لەبارەی وڵاتەکەتەوە چی گوتووە؟ هەوڵدە بەوردی وشەکان بەبیرتدا بێن.

داچەمییەوە چیم گوتبوو تۆماری کرد... بیرکردنەوە بەڕوخسارییەوە دیاربوو، بەدەنگێکی ئارامەوە گوتی:

– گوێ بگرن... بەپێی پێڕەوی زانکۆ دوو سەرپێچیتان کردووە... تۆ (ئاماژەی بۆ ئەو کرد) قسەی ڕەگەز پەرستیت بۆ سووککردنی هاوەڵەکانت بەکارهێناوە... تۆش هەڵتکوتاوەتە سەر هاوەڵێکی خۆت... ئەگەر ڕاپۆرتەکە بەدژتان بنووسم، ئەوا هەردووکتان ڕەوانەی لیژنەی تەمێکردن دەکرێن!

بێدەنگییەکی قورس دای گرتین... وێنای ئەوەم دەکرد چۆن لە زانکۆ دەرکراوم و بەفڕۆکە بۆ میسر دەگەڕێمەوە...

لە دەنگی ئەفسەرەکە بەئاگا هاتم، بزەیەکی کرد و بۆ یەکەمین جار واهاتە بەرچاو کەسێکی باش بێت:

– هەڵبەت ئەگەر حەز بکەن، دەشێت مەسەلەکەتان بەشێوەیەکی دۆستانە کۆتاییی پێ بێت... ئەگەر لە یەکتر خۆش بوون... لەم کاتەدا تەنیا بەڵێننامەیەکم لێ دەوێن، کە ئەمە دووبارە نەبێتەوە.

ئەو هەلی بیرکردنەوەی پێ نەدام، چونکە لێم هاتە پێش و بەدەنگی بەرز گوتی:

– داوای لێبووردن دەکەم!

لێبووردنەکەی خاڵی بوو لە نەبرەی پەشیمانی... چون ڕۆڵ لە نمایشـێک بگێڕێت، ئـاوا لێبـووردنەکـەی لەزار دەرچوو... وەک ئەوەی تێم بگەیەنێت لە ڕاسـتـیـدا داوای لێـبـووردن ناکات، لێ لەبەر لیژنەی تەمـێکردن ناچارە داوای لێبـووردن بکات!...

ساتێک نیگام کرد و گوتم:

– منیش لەسـەر ئـەوەی لەگـەڵتـدا کـردم، داوای لێـبـووردن دەکەم.

***

تەشـقـەڵەپێکردنـەکـانیـان بەتەواوی وەڕسـیـان کـردبووم، لێ هێند خەریکیان نەکردبووم... لەسەر ژیانی نوێم ڕاهاتبووم و دۆخی دەروونیشم باش بوو، لە خوێندنەکەشم ڕێکوپێک بووم و خـەریک بووم لە هـۆنراوە نوێیـەکـەم دەبوومـەوە، هـەروەها ژوانەکـانم لەگـەڵ ویندیدا غـەمـەکـانی ڕادەمـاڵیم... لەمـەش گـرینگـتـر بـرادەرێکی مـەزنم دۆزییـەوە... هەمـیـشـە خـۆم بەقـەرزارباری دوکـتـۆر کـەرەم دۆس دەزانم لەسـەر ئەو کـاتە دڵگیـرانـەی پێکەوەمـان بردنـە سـەر، لـە پشـووی پاشـمـاوەی هـەفتەدا لە ماڵی گراهام پێک دەگەیشتین، لەناو هـەفتەکەشدا زۆرجـاران پێـوەنـدیی پێـوە دەکـردم، تاکـو لـە ڕەش سـتـریت پێکێک بـخـۆینەوە... بۆم دەرکـەوت تابلێی کـەسـێکی دڵگیـرە، خـــاکـــەڕا و زۆریش هـەست ناسکە، هـونـەرمـــەندێکی ڕاسـتـەقینـەیە... پێکەوە گـوێمـان لە ئـوم کـەلسـووم دەگرت... زۆری لەبارەیەوە دەزانی، چیرۆکی یەک بەیەکی گۆرانییەکانی پێ دەزانی و بـۆیەکـەمـین جـاریش کـەی بڵاوبوونـەتەوە... ئەو

هێند میسری خۆشدەویست بەڕادەیەک چی تێدا ڕوو بدایا بەبایەخەوە بەدواداچوونی بۆ کرد.

چەندین کاتژمێر باسی ڕەوشی میسرمان کرد... هێند بەجۆشەوە قسەی دەکرد، وای لێ کردم هەر بیرۆکەیەکم بەمێشکدا بهاتابا، زوو دەچووم پێم ڕادەگەیاند...

ئێوارەی یەکشەممە وەکو جاران لە ماڵی گراهام دەمانخواردەوە، چاوەڕێم کرد تاکو چەند پێکێکمان هەڵدا و گەرم بووین، پاشان لە دوکتۆر کەرەمم پرسی:

– هیچت لەبارەی خۆپێشاندانەکانی قاهیرەوە بیستووە؟

– دوێنێ لە کەناڵی جەزیرە بینیم.

– ڕات چییە؟

– بەبڕوای تۆ چەند سەد خۆپیشاندەرێک دەتوانن ڕێژیمەکە بگۆڕن؟

– ئەگەر ئابڵووقەی ئاسایش نەبووایا، ئەوا گشت میسرییەکان دەیاندایە پاڵیان.

– وادیارە گەشبینیت!

– بێگومان... میسرییەکان بڕژێنە شەقام و داوای لابردنی سەرکۆمار بکەن... نیشانەی ئەوەیە، کە شتێک گۆڕاوە و وەکو جارانی لێ نایەتەوە.

– ئەوانەی خۆپیشاندان دەکەن دەستەبژێری کۆمەڵگەن... ئەگینا جەماوەرە بەرینەکە کێشەی دیموکراسی خەریکی نەکردووە!

– هەموو شۆڕشەکان لە مێژووی میسردا لە جووڵانەوەی

دەستەبژێرەوە دەستیان پێ کردووە.

– دەبینین.

– چاوەڕوانی و تەماشاکردن بەس نییە.

– چیمان لە توانادایە بیکەین؟

– گەلێک شتمان لە توانادایە، لێ کارەکە لەسەر تۆ وەستاوە.

– لە سەر من؟

– تۆ ئامادەییت تێدایە لەسەر ئەوەی لە میسر ڕوو دەدات هەڵوێست وەربگریت؟

– چییە پلان بۆ کودەتای سەربازی دادەنێیت؟

– من گاڵتە ناکەم.

– چیت لە مێشکدایە؟

– گوێ بگرە... سەرۆک دوای چەند هەفتەیەک سەر لە شیکاگۆ دەدات... ئەمە هەلێکە و نابێت لەدەستی بدەین.

گراهام گوێی ڕادێرابوو، لەودەمی پێکێکی نوێی بۆ خۆی تێدەکرد بەپێکەنینەوە هاواری کرد:

– ئۆ... تەنیا ئەمە نا... نابمە شایەدی ڕێکەوتنێکی تاوانکارانە... چییە نەخشە بۆ کوشتنی سەرۆکی میسر دادەنێن؟!... چی دەڵێن لە کوشتنی جۆرج بووشەوە دەست پێ بکەین؟

چاوەڕێم کرد تا پێکەنین نەما، بەشێلگیرییەوە گوتم:

– سەرۆک چاوی بەنێردراوە میسرییەکان لەشیکاگۆ

دەکەوێت... بیرم لەوە کردووەتەوە بەیاننامەیەک ئامادەبکەین و لە پێشی بیخوێنینەوە.

– بەیاننامە؟!

– بەڵێ... داوای لێ دەکەین واز لە دەسەڵات بێنێ و یاسای عورفی هەڵوەشێنێتەوە و دیموکراسی پیادە بکات.

– بڕوا دەکەی گوێ لە قسەکانت بگرێت؟

– من تا ئەم ڕادەیە ساویلکە نیم... ئەمە تەنیا هەنگاوێکە، لێ کاریگەر دەبێت... خۆپیشاندان لە پێناوی ئازادیدا هەموو میسری گرتووەتەوە... خۆپیشاندەران کوتەک دەخۆن و دەگیرێن، ئافرەتانی خۆپیشاندەر لە ڕێگەی پۆلیسەوە لاقە دەکرێن.. داخۆ لەسەرمان نییە شتێک بۆ ئەمانە بکەین؟... ئەگەر بەیاننامەکەمان نووسی و میسرییەکانی شیکاگۆ ئیمزایان کرد و لەب بەرابەر سەرۆک بەبەرچاوی ڕۆژنامەنووس و کامێراکانی تەلەڤزیۆنەوە خوێندمانەوە... ئەوا بەمە شەپازلەیەکی توند بەقەپۆزی ڕێژیمی میسریدا دەکێشین.

– بەمەزەندەی تۆ میسرییەکانی ئێرە لەگەڵتدا ئیمزای بەیاننامەکە دەکەن؟

– نازانم... لێ هەوڵێکە و دەیدەم.

متەقی نەکرد، پێم گوت:

– دەبینم دوودڵیت؟

– هەرگیز نا!

– هەمیشە هەوڵت نەداوە شتێک بەوڵاتەکەت ببەخشیت؟

– له بواری نەشتەرکاری نەک سیاسەت.

– ئەم ڕێژیمە گەندەڵە هۆی سەرەکی ماڵوێرانییەکانمانە. ڕاگری کۆلێجی پزیشکیی عەین شەمس، کە پڕۆژەکەتی ڕەت کردەوە، چونکە سەر بەڕێژیم بوو دوور لە توانای کارگێڕی یاخۆ پزیشکی، لە شوێنەکەی خۆی دامەزرا. ئەو زەلامە تابلێی گەندەڵ و دووزمان و نەرمەبڕە و لەسەر حسێبی ئاسایشی وڵات سیخوڕی بەسەر هاوەڵەکانیدا دەکات.

ئەگەردانانی ڕاگر بەهەڵبژاردن بووایا، ئەوا کەسێکی باشتر و بەتواناتر پۆستەکەی وەردەگرت، بەدڵنیاییشەوە بەهاوکاری کردن لەگەڵتدا خۆشحاڵ دەبوو. ئەگەر ئێمە میسرمان خۆشدەوێت، ئەوا دەبێت بەهەموو توانامانەوە ئەم ڕێژیمە بگۆڕین... هەرشتێکی تریش بەکات بەفیڕۆدان دادەنرێت.

دوکتۆر کەرەم تەماشایەکی کردم، پاشان ئەوی لە پەرداخەکەدا مابووەوە یەکبین نایە سەریەوە و گوتی:

– لێم گەڕێ بابیرێکی لێ بکەمەوە.

ئەو شــەوە چی بەســەر تارق حــەســیــبــدا هات لە دەســتی خــۆیدا نەبوو. نەیدەتوانی ڕازی بێت یانەخۆ ناڕازی، ئەگەر سەد جاری تریش ئەو شتە ڕووی بدایەتەوە، ئەوا هەر هەمان هەڵوێستی دەنواند!... لەپڕ خۆی بینییەوە بەشەیماوە نووساوە... شەیما دەستی هەڵبڕی گۆزەکە لەسەر ڕەفەکە دابگرێت، مەمکەکانی بەتەواوی بەرگیانی کەوتن... لە خۆوە دەستی برد و لە ئامێزی گرت... ناڕەزایی دەرنەبڕی... هەستی بەجەستەی نەرمی کرد سەرتاپای دادەگرێت... دەستی بەپشتیدا هێنا و کەوتە ماچکردنی... لێوەکانی، دەموچاوی، قژی، پاشان مل و چەناگەی... پێستە لووسە ناسکەکەی زیاتری خرۆشاند، بەردەوام گەردنی ماچ دەکرد و گوێیە بچووکەکانی دەلستنەوە، پاشان کەوتە مژینی لێوەکانی (هەروەک چۆن لە فیلمە سێکسییەکاندا بینیبووی)... لەوکاتەدا شەیما چون ناڕەزاییەکی هاکەزایی کز دەرببڕێت، چونکە بەخۆی یەکەمین کەسە دەزانێت هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، یاخۆ بەرلەوەی لافاوی حەز ڕای بماڵێت، بۆ دواجار خۆی لێ بێبەری بکات. دوای تاوێک لە دەستلەملانێی گەرم، دەستی برد و زنجیری عەبایەکەی کردەوە، خشەیەکی خێرای لێوە هات... شەیما وەک بەدەم خەوەوە بێت ناڕەزایی دەرنەدەبڕی و چاوی لە دەستی بریبوو... مەمکەکانی کە لە ناو شەمامەبەندێکی لۆکەیی ڕەنگ پەمبەییدا بوون، بەدەرکەوتن... توند گووشینی، وەک میوەیەکی گەییو لە لقێکەوە شۆڕ

بووبنەوە سەریان دەرهێنا... تارق هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، پاشان بەتوندی دایەوە و دەموچاوی ئاخنیە نێوان مەمکۆلانییەوە... لە نەرمییەکی لە ڕادەبەدەردا دەپلکایەوە، لە نکاوڕا ئارەزووی گریان دای گرت، وەک ئەوەی غەمبار بێ و پێشتر ئەمەی نەکردبێت، چون منداڵێک دەمێک بێت گوم بووبێت و بێ هیوایی دای گرتبێت، پاشان لە پڕ دایکی دۆزیبێتەوە، ئەو گەرمییەی لە سینگییەوە دەهات بنەچەکەی دێرینە، لەمێژە پێی ئاشنا بووە، پاشان لێی بڕاوەتەوە، ئەوەتا وا دەگەڕێتەوە سەری!... مەمکەکانی ماچ باران کردن و بەئاسپایی گازی لێ گرتن، شەیما هاوارێکی بەژانی کزی دەربڕی، ئیدی تارق دڵنیابوو، کە جەستەی ئەو بووە موڵکی دەستەکانی، لە ژێر فەرمایشتیدایە وەڵام دەداتەوە و بانگی هاتنە پێشەوەی لێ دەکات... زنجیری پانتۆڵەکەی کردەوە و بەتوندی خۆی پێوە نووساند... بوێریی ئەوەی تێدا نەبوو عەباکەی دابکەنێت، لێ یەکتریان لە ئامێز گرتبوو و دەمارەکانی لەشیان بەشێوەیەکی غەریزیی یەک لە دوای یەک کرژبووبوونەوە، تا دەروازەی چێژیان بڕی... مەستییەکی لە ڕادەبەدەر جەستەی تارقی هەژاند، مەستییەکی ڕاستەقینە لە خوێن و گۆشت، نەک دەستکرد وەک ئەوەی شەوانە لە گەرماو چووکی دەدۆشێت، وای بەخەیاڵدا هات ئێستا لە دایک بووەتەوە و لە مردن هەڵساوەتەوە، بۆ یەکجاری ژیانە کۆنە پڕ لە مڕومۆچییەکەی بەرەو ژیانێکی ڕاستەقینەی دڵگیر جێ دەهێڵێت... چاوانی لەسەریەک نان و چون خۆی پێوە بگرێت ئاوا بەتوندی باوەشی لێدا، وا گرتبووی نەیدەتوانی خۆی لەدەست ڕاپسکێنێت... شێتانە بۆنی پێوەکرد و سەرلەنوێ کەوتەوە ڕامووسانی... ئامادەبوو جار لە دوای جار خۆشەویستیی لەگەڵدا بکات، تا هەتاهەتا، لێ لە فرمێسکەکانی شەیما ئاگادار بووەوە دەموچاویان تەڕ کرد... چاوی هەڵهێنا و سەری دوور خستەوە وەکو ئەوەی بێدار بووبێتەوە... دەستی بەڕوومەتیدا هێنا، لە قوڵپی گریانی دا و بەدەنگی پڕ لەهەنسکەوە گوتی:

– چەند خۆم بەسووک دەزانم!

– خۆشمدەوێی.

دەستەکانی ماچ کردن و وای گوت.

– ئێستا من ئافرەتێکی بەد ڕەوشتم!

– کێ وا دەڵێت؟

– بووم بەئافرەتێکی داوێن تەڕ!

– تۆ جوانترین ئافرەتی سەر ڕووی زەوینیت.

لەودیو فرمێسکەکانەوە چاوی تێ بڕی و گوتی:

– دوای ئەوەی ئەمەم لەگەڵتدا کرد، ئیتر ڕێزم ناگریت!

– تۆ ژنی منیت، چۆن ڕێزت لێ ناگرم؟!

– من ژنت نیم!

– ئەی ناتخوازم؟

– بەڵێ... لێ من ئێستاکێ لە تۆ حەرامم.

خۆ زینامان نەکردووە شەیما... حەدیسی شەریف زۆر هەن، هەمووشیان تەواون و لەسەر ئەوە کۆکن، زینای لێ دەرچێت گشت گوناهەکان بەخشەنین... ئێمە هەردووکمان یەکمان خۆشدەوێت و خوا یار بێت نییەتمان پاکە... خواوەندیش بەخشندە و بەبەزەیییە!

قەدەرێک لێی ڕاما، دەتگوت ڕاستییەکەی تاقی دەکاتەوە... پاشان بەچرپەوە گوتی:

– دوای ئەوەی ئەوەت لەگەڵدا کردم، بۆچوونت لەسەر من نەگۆڕاوە؟

– ناگۆڕێت.

– سوێندم بۆ بخۆ، کە هەردەم ڕێزم لێ دەگریت.

– بەخوای مەزن هەمیشە ڕێزت لێ دەگرم!

– تارق منیش بەسەری باوکم سوێندت بۆ دەخۆم پێشتر ئەمەم لەگەڵ کەسدا نەکردووە... ئەمەشم بۆیە لەگەڵتدا کرد چونکە خۆشمدەوێیت.

– بێگومان!

– داخۆ وازم لێ دێنیت؟

– هەرگیز وازت لێ ناهێنم.

لە ئاشخانەکە دەرچوون، هەنگاوەکانی شەیما پڕ و شۆخ و شەنگانە بوون، دەتگوت بارێکی گرانی لەسەر لاچوو. لەسەر قەنەفەکە لە تەنیشت خۆیەوەی دانا، چپەدوویان بوو، تارق جار جار بەنەرمی و ڕاستگۆیی ماچی قژ و دەستەکانی دەکردن، پەیتا پەیتا تەمی وەرسییەکە لەسەر ڕووی ڕەوییەوە و نەرمونیانییەکی گەرم شوێنی گرتەوە... لە ساتێکدا، چون هێمایەکی بۆ هاتبێت، دەستی درێژکرد و بەرەو خۆی ڕاکێشا، ئەمجار تەواو بەدڵنیاییەوە، قامکی بەسەر مل و لێوەکانیدا هێنا، پاشان سەری بەرەو خۆی بڵند کردەوە و لە ماچێکی درێژدا ون بوون.

٢٤

هەینێ سارە دەرگەکەی واز کرد، جیف لە پشتییەوە بوو، تەواو بێ هۆشی گرتبووی، بەنیگایەکی تەماوییەوە تەماشای دەکرد، دوکتۆر ڕەئفەت بەلێدان بەربووە گیان سارە، ئەوی مایەی سەرسووڕمان بوو هیچ بەرهەڵستییەکی نەکرد... لەگەڵ یەکەم شەپازلەدا قیژاندی، پاشان وەک ئەوەی سزای یاسایی بکێشێت خۆی دایە دەستەوە، تاکو شەقێکی بەهێزی تێ سرەواند و کەوتە سەر زەوییەکە. ئیدی جیف ئاگاداربووەوە و بەرەو ڕەئفەت چوو تابیگرێت، لێ ئەو پاڵێکی پێوەنا، ئەویش لە بێ هۆشیدا ڕەتێکی برد، بەنەڕینەوە بەسەریا شیراندی:

– هەرچی تۆیت ئەی ئالوودەی پیس و پۆخڵ... ئەمشەو فڕێت دەدەمە بەندیخانەوە. ڕەئفەت لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا وێستابوو، وەک ئەوەی نەیدەزانی دوای ئەوە چی بکات، پاشان وەرسووڕا و بەرەو دەرەوە تاوی دا، هێندەی نەبرد دەنگی ئۆتۆمبیلەکەی بڵند بووەوە و دوورکەوتەوە. دەرگەی دەرەوە کرابووەوە و ڕووناکیی ڕاڕەوەکە پێ بووبوو.

جیف بەدەم پرتە و بۆڵە و جوێنەوە دەهات و دەچوو... لە پڕ وەستا و بۆ ساتێک چون لە خەون بێدار بووبێتەوە خەیاڵ بردییەوە، بەهێوری ڕۆیشت دەرگەی حەوشەی داخست و گڵۆپەکانی کوژاندنەوە، پاشان دەستی درێژکرد تاکو یارمەتیی هەڵسانی سارە بدات، بردیە ژوورەوە و لەسەر ئەو قەنەفەیەی بەر لە کەمێک گەواهی گڕی لەزەتیان بوو، بەتەنیشت خۆیەوە

داینا. لەبەر ڕۆشناییییەکە دیقەتی دەموچاوی دا، بۆ یەکەمین جار تێبینیی ئەوەی کــرد لاچاوی چەپی شین بووەتەوە و دەزوولەیەکی باریکی خــوێن بەلالێویدا جۆگەلەی بەستووە... بەدڵسۆزییەوە دەستی بەدەموچاویدا هێنا و بەدەنگێکی گڕەوە گوتی:

– تووشی دەستدرێژییەکی نامەردانە هاتین!

وەک ئەوەی گوێی لێ نەبووبێت متەقی نەکرد، بەردەوام بوو:

– بابت ڕوخساری دڕندانەی خۆی بەدەرخست... وەک لە بیاوان بژێت، دەیەوێت کۆنترۆڵی ژیانی کچە پێگەییوەکەی بکات!

سارە بەبێدەنگی دەگریا... جیف بەقاپەکەوەی تلیاکی تێدابوو دەستی بۆ درێژ کرد و بەتۆنێکی شێواوەوە بەگوێیدا چرپاند:

– قاپەکە باش بشۆ... دەبێت بکەوینە خۆمان... تلیاکەکە لای برادەرێک لە شەقامەکەی تەنیشتەوە، دەشارمەوە... دوای ئەوە دەچین سکاڵا لای پۆلیس بەرز دەکەینەوە.

– ناچم بۆ پۆلیسخانە.

لێی ڕاما و گوتی:

– سارە... ئیشەکە جیدییە... دەبێت خەبەر لە باوکت بدەین، بەر لەوەی ئەو خەبەرمان لێ بدات.

– خەبەرمان لێ نادات.

– بەڕاستی تۆ شێتم دەکەیت... پێم ناڵێیت بۆ ئەوەندە بڕوات پێیەتی؟

– چونکە بابمە.

– پاش ئەوەی پێی کردی، چۆن بڕوای پێ دەکەیت؟

– جــیف گــوێ بگرە... من باش بابی خــۆم دەناسم، خــەبەر بەپۆلیس نادات... تەواو؟!... هەمووی ئەمە نییە تێکی داویت؟... ئێستا وازم لێ بێنە.

– مەبەستت چییە؟

– لێم گەڕێ بەتەنیابم... دەمەوێت هەندێک لە بێدەنگیدا دانیشم... بەیارمەتیت.

سەری بەدیوارەکەوە نا، هەر بەڕاستیش وابوو، پێویستی بەهێمنی بوو. وێڕای هیلاکی و ماندوویی و ئازار، مێشکی بەوێنەی یەک لە دوای یەکی سەرسوورهێنەر لە هێز و لەڕوونیدا، کەوتبووە کەفوکوڵ، ڕوخساری باوکە تووڕەکەی دەهاتە بەرچاو دەستی لە ئاسماندا بەرز دەکردەوە و جار لە دوای جاری بەبنگوێیدا دەسرەواند.

ئەوی ڕووی دابوو بیــــر خـــــۆی دەهێنایەوە، وەک ئەوەی تەواو لێی نەگەیشتبێت، یاخۆ دەیەوێت زیاتر ئازاری خۆی بدات. دیمەنی کۆن بەپەردەی بیریدا دەهاتن، وەکو بڵێسەیێلێک لە تاریکیی دێرزەمانەوە شەوقیان دەدایەوە و ون دەبوون:

خۆی بەمنداڵی بینی لە ئامێزی باوکیتی، ڕوخساری دایکیشی بەدەرکەوت... ئەوەی بیرهاتەوە چۆن چەندین ساڵ هەر کە شەوان دەچووە ناو جێگە بچووکەکەیەوە، چۆن چاوانی دەنووقاندن و سەری دەپەستییە ژێر بالیفەکەوە و بەگەرمی لە خوا دەپاڕایەوە شەوان بەشەڕ نەیەن، زۆرجاران لە گاڵە و هاواریان هەڵدەستا و زراوی دەچوو... یەکەم شەوی خۆی لەگەڵ جیفدا بیرهاتەوە، موچوڕکەی یەکەمین چێژ و تۆقینی لەو دڵۆپە خوێنانەی نوێنەکەیان پیس کرد، هەروەها چپەدووی جیف، کە دەیگوت:

– ئێستا بوویتە ژنی تەواو!

یەکەمین جار کە جیمی بینی بۆن دەکات، زۆری سەرکۆنە کرد، لەبارەی مەترسییەکانی مادە بێهۆشکەرەکانەوە لە قوتابخانە چی فێر بووبوو پێی گوت، کەچی ئەو خەنییەوە و بەسادە و ساکارییەوە گوتی:

– ئەوی تاقی نەکاتەوە مافی ئەوەی نییە قسەی لەبارەوە بکات... شتێکی

دڵگیره... ئەوە نەبوایا جیهانم بەو شێوەیە نەدەدیت، کە لە کەڤاڵەکانمدا وێنەی دەکێشم!

زۆری لێ کرد تا لەگەڵیدا بۆن بکات، کەچی ئەو بەسووربوونەوە ڕەتی کردەوە. شەوێکیان لەناو جێگە لەگەڵیدا بوو، زۆری لێ کرد... بەشێوە پاڕانەوەوە گوتی:

– گوێ لە قسەکانم بگرە... من چاکەی تۆم دەوێت... تلیاک هۆشت لە دەست نادات، بەڵکو هۆشێکی تازەت دەداتێ... تەنیا جارێک تاقی بکەرەوە، ئەگەر بەدڵت نەبوو ئەوا بەهیچ شێوەیەک توخنی مەکەوە. یەکەمین سەرگەرمی لە بیر ناکەیت... هەر هێندەی پۆدرەکەت بۆن کرد، وا هەست دەکەیت لە ئاسمانی و بەنێو هەورەکاندا دەفڕیت، نە غەم و نە دڵەڕاوکێ و نە ترس لە داهاتوو، خۆشییەکی گەش و ڕوون سەرتاپات دەگرێتەوە...

پاشان سێکسی لەگەڵدا کرد و گەیشتە لووتکەی چێژ. بۆ جاری دووەم، کە تلیاکەکەی بۆ درێژ کرد نەیگوت نا... کاتێک لە سێیەم جاردا خۆی داوای لێ کرد، لە قاقای پێکەنینێکی درێژی دا و لەو دەمی ڕەحەتییەکەی دایە دەست، گوتی:

– بەخێر بێی بۆ یانەی خۆشی!

وای لێ هات سێکسکردن پێوەندیی بەبەکارهێنانییەوە هەبوو... بۆنکردن دەیگەیاندە ئەو پەڕی پلەی ئۆرگازم، وای لێ دەکات چەند جارێک هەستێت، بەدەنگی بەرز هاوار دەکا پاشان جەستەی دادەمرکێتەوە... لە زۆر خۆشەویستیدا دەمرێ و دەژێتەوە...

ئێستا جیف هەوڵ دەدات لەکوێ پچڕابوو لەوێ گرێی بداتەوە... زیاتر لێی نزیک بووەوە، تاکو خۆی پێوە نووساند و بەگوێیدا چرپاند:

– نەفرەت لە باوکە بێ مێشکەکەت... کاریگەریی تلیاکەکەی لێ تێکداین!

بەشێـوەیەکی ئاسـایی قـسـانـی دەکـرد، دەتگوت قـسـە لەسـەر خـراپی کەشوهەوا، یاخۆ جەنجاڵی ڕێگە دەکات، دەنگێکی بێلایەن و لیبوردنێکی سـووکی ڕاگـوزەر... چاوەڕێی وەڵامی ئەو نەبوو وەک ئەوەی لێی بەتاڵ بووبێتەوە... دەستی بۆ شووشەکەی لە بناغەدا کەپسوولی ڤیتامینی تێدابوو، برد، لە شەوقی گڵۆپەکەی نزیک کردەوە و لێی ڕوانی، پاشان بەئاگاداریيەوە شڵەقاندی و کەمێک لە پۆدرەکەی کردە دەفرەکەوە، گوێزانێکی بچووکی بۆ جیاکردنەوەی هێڵێکی باریک بەکارهێنا، کاتێک لایەکی ڕەحەتییەکەی توند دەکرد، سارە لە پڕ هەستا، دوورکەوتەوە، وەک ئەوەی هەڵبێت بەپەلە لەپەنجەرەکە نزیک بووەوە، هەوڵی دەدا... هەوڵێکی سووک و سانای لاواز بوو، پێشوەخت بڕیاری نسکۆی بەسەردا دراوە...

ڕووی وەرگێڕا و لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەکرد، جیف وەڵامدانەوەکانی بەدڵ بوون... بەزەردەخەنەوە دیقەتی دا، دەتگوت گاڵتە بەبەرگریکردنە منداڵانەییەکەی دەکات،

بە ڕەحەتییەکەوە دەستی بۆ درێژ کرد... چاوە شینەکانی جیف ڕەنگدانەوەی کۆنترۆڵکردنێکی تەواو بوون، هەینێ هەستی بەدووڵییەکەی کرد، بەدەنگێکی پڕ لە بڕوا بەخۆبوونەوە چون کارێکی وەستێنراو تەواو بکات، گوتی:

– وەرە بەرخەکەم... بەسە یاری لە دەرەوە... بگەڕێوە باغچەکە.

چاوی داگرت و بەرەو لای چوو، سەرشۆڕ، گوێڕایەڵ، یەکپارچە بێ ئومێدی، کە دوای چەند ساتێک بۆ حەز و ئارەزوویەکی بەهێزی هاوارکەر دەگۆڕا.. خۆی فڕێدایە سەر قەنەفەکە لە تەنیشتییەوە، ڕەحەتییەکەی هەڵگرت، بەئاسپایی بۆ لووتی برد و بەتوندی چاوی نووقاند.

هەر لەو دەمەیرا لیوا سەفوەت شاکر خوێندکاری کۆلێجی پۆلیس بوو، لە سۆنگەی بەهێزیی کەسایەتی و دیسپلین و توانای جەستەیی و ئاوەزیەوە، مامۆستاکانی پێشبینیی دوارِۆژێکی پرشنگداریان بۆ کرد.

لە دوای تەواوکردنی کۆلێج بووە جێگری ئاسایشی ئۆزبەکیە، سەرەڕای گەنجییەکەی، توانی سیستەمی کارکردن لەوێ پەرە پێ بدات. ئەوکات ئیشی ئەفسەری ئاسایش لە گرتنی تاوانباران و ئەشکەنجەدانیان بەمەبەستی دان پێدانان قاڵ دەبووەوە، شێوازەکانی ئەشکەنجەدانیش کۆن بوون، لە دارکاریکردنی تاوانباران و هەڵواسینیان بەپانکەوە و بەقامچی لێدان دواییان دەهات، ئەگەر تاوانبار سووربووایا لەسەر دان پێدانەنان، ئەوا ئەتک دەکرا، تێلآیەکیان دەبڕییە قنگی و جگەرەیان لەسەر زەکەری دەکوژاندەوە و کارەبایان لە جەستەی ڕووتوقووتی دەدا... ئەشکەنجەدان درێژەی دەبوو تا تاوانبار دانی بەوەدا دەنا، کە خرابووە پاڵی...

هەڵبەت ئەم شێوازە کۆنانە سوودی خۆیان هەبوو، لێ بوونە هۆی گیان لەدەستدانی زۆرێک لە تاوانباران و خستنیە هەڵوێستی پڕ لە سەغڵەتییەوە.. لەو کاتەدا ئەفسەری ئاسایش پەنای بۆ دوو ڕێگە دەبرد: یان ڕاپۆرتێکی پزیشکی دەردەکرد و ڕایدەگەیاند، کە تاوانبار لە ئەنجامی دابەزینی زۆری پاڵەپەستۆی خوێنەوە گیانی لە دەستداوە، پاشان دوای هەڕەشەکردن لە کەسوکارەکەی بەگرتن و ئەشکەنجەدان، ئەگەر زاریان هەڵبهێنایا، فەرمانی

بەنهێنی ناشتنیان دەدا... یاخۆ فەرمانی بەهەواڵگەیێنەکان دەدا تەرمی تاوانبارەکە لە بانیژەی بەشەوە بهاوێژنە خوارەوە، دواییش ڕاپۆرتێکی لەسەر چۆنیەتی خۆکوشتنەکەی دەنووسی!...

سەفوەت شاکری ئەفسەری لاو دوای ئیزن وەرگرتن لە سەرۆکەکەی، ڕێبازێکی نوێی لەکارکردندا گرتەبەر، لە بریی کارەبا و لێدان، ژنی تاوانبارەکەی دەگرت (یان دایکی یانیش خوشکەکەی، ئەگەر ڕەبەن بووایا)، پاشان فەرمانی بەسەربازەکانی دەدا پارچە پارچە جلەکانیان لەبەر دادەکەند، تا ڕووتوقووت دەبووەوە، ئیدی بەبەرچاوی مێردەکەیەوە یارییان بەجەستەی دەکرد و ئەویش هێندەی نابرد دەڕووخا و چییان لێ داوا بکردبا دانی پێدا دەنا... ئەو شێوازە تازەیە ئەنجامی باشی بەدەستەوە دا، وای لێ هات داوای تەواوی کێشەکان بەنیوەی کاتی ئاسایی تەواو دەبوو، قۆمیسەری بەشی ئۆزبەکییە چەند ساڵێک لە دوای یەک سوپاسنامەی لە جەنابی وەزیری ناوخۆوە لە سەر خێرایی بەجێگەیاندن و وردی لە ئیشکردندا پێ گەیشت... جارێکیان گرفتێک ڕوویدا، ئەو دەمی یەکێک لە تاوانبارەکان بەرگەی بینینی دایکە پیرە ڕووتەوەکراوەکەی، کە سەربازەکان گەمەیان بەعەورەتی دەکرد، نەگرت. چون ئاگری تێ بەربووبێت هاوارێکی بەرزی گیانەڵای کرد و لە خۆی چوو. پاشان دەرکەوت لایەکی ئیفلیج بووە. کەچی سەفوەت شاکر بەخدێی خۆی جەربەزانە کارەکەی چارەسەر کرد، بڕیاری دا تاوانباری ئیفلیج بۆ نەخۆشخانە بگوازنەوە و ڕاپۆرتێکی نووسی تێیدا هاتبوو تاوانبار بەدەست بەرزیی فشاری خوێنەوە دەیناڵاند و تووشی شەپڵەی مێشک هات... ئەم ڕووداوە ڕاگوزەرە نەبێت، ئەو شێوازە نوێیە سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی، وای لێ هات بەشەکانی تری پۆلیس چاو لەوان بکەن...

هەروەها زۆر باس لە هەڵکەوتوویی سەفوەت شاکر لە وەزارەت دەکرا،

ئەوەبوو بۆ ئاسایشی دەوڵەت گواسترایەوە، لەوێش هەمان شێوازی خۆی لەگەڵ بەرهەڵستکارانی سیاسیدا بەکارهێنا و هەمان سەرکەوتنی بەدەست هێنا، ئەمەش وای لە سەرۆکەکانی کرد لە پارێزگاکانی دیشەوە پەنای بۆ ببەن... لەگەڵ دووبارەکردنەوە و لێزانیدا سەفوەت شاکر شێوازەکانی چاکتر کردن و ڕەهەندێکی شانۆیی وای پێ بەخشی گەلێک کاریگەرتر بوو...

وای لێ هات (بۆ نموونە) کاتێک ژنی یاخۆ دایکی تاوانباری ڕووت دەکردەوە، بەشێنەیی لێی دەڕوانی و بەزمانێکی بێلایەنانەوە بەتاوانباری دەگوت:

- هەی بێ ئەقڵ... ژنەکەت زۆر جوانە... توخوا کفر نییە ئەمە تینووی سێکس بێ و تۆش لە سیاسەت ئیش بکەیت!

یان دەیگوت:

- ڕاستە دایکت بەتەمەنە... بەڵام کاتێک جلەکانیمان لەبەر داکەند و بەڕووتی بینیمان بۆمان دەرکەوت هێشتا تەڕایی تێدا ماوە!

ڕەنگە کابرای زیندانی بگرییێت، یاخۆ هاواری نەفرەت بکات، یان داوای بەزەیی بکات... سەفوەت وەکو ئەکتەرە پڕ ئەزموونەکانی شانۆ فێر بووبوو، چۆن وسکت بێت تا تاوانبار لە بەرپەرچدانەوەکەی دەبێتەوە، پاشان تاوێک چاوەڕوانی دەکات و بەدەنگێکی نزمەوە وەکو بەدگومانیی شەیتان بەگوێی زیندانیدا دەدا و دەیگوت:

- دوا وتەم ئەوەیە... یا بەقسەم دەکەیت و دەدوێیت... یانیش ڕێ بەسەربازەکان دەدەم بەبەرچاوی خۆتەوە لەگەڵ ژنەکەتدا بنوون... پێویستە سوپاسم بکەیت، بەخۆڕایی فیلمێکی ڕووتت پێ نیشان دەدەم!

بەدرێژایی چەندین ساڵ تاقە زیندانییەک چییە لە بەرابەر سەفوەت شاکردا خۆی ڕانەگرت، گەلێکیان دانیان بەوەدا دەنا، کە لە یەک کاتدا سەر

بەچەند ڕێکخراوێک بوونە، یان کاغەزیان بەسپێتی ئیمزا دەکرد و سەفوەت بەگ ئەو دان پێدانانەی دەنووسین، کە خۆی دەیویست. هەروەها جگە لە توانا بێ وێنەکەی، بەوە ناسرابوو، کە هانی ئەفسەرە کەم تەمەنەکانی دەدا... بەسەبرەوە فێری دەکردن و هەوڵی دەدا بەشارەزاییی خۆی سوودیان پێ بگەیەنێت... کاغەز و خامەیەکی بەدەستەوە دەگرت و کێرڤێکی ئەندازەیی دەکێشا، لە خاڵێکی بەرزەوە دەستی پێ دەکرد و لە سەر هێڵێکی ڕاست دەڕۆیشت تا لەپڕ دادەبەزییە سەر سفر... بۆ خوێندکارە ئەفسەرەکانی شی دەکردەوە:

– «ئەم کێرڤە نیشانەی بەرەنگاریی تاوانبارەکانە... لە وێنەکەوە بۆتان دەردەکەوێت، کە بەرهەڵستی هەمیشە لە بڵندییەوە دەست پێدەکات و تاماوەیەک بەجێگیری دەمێنێتەوە، پاشان لە پڕ لە خاڵێکی دیارکراودا دەڕووخێت... ئەفسەری بەتوانا تاو بەخاڵی ڕووخان دەدات... تەنیا پشت بەلێدان مەبەستن... ڕەنگە دوای پلەیەک لە ئازاری جەستەیی تاوانبار هەستەکانی لە دەست بدات، دەشێت کارەبا لێدانیش بیکوژێ و لە خۆڕا گرفتێکمان بۆ بنێتەوە... شێوازی من تاقی بکەنەوە ئینجا نرخی دەزانن... جەسوورترین تاوانبار بەرگەی ئەتککردنی نامووسی ژنەکەی، یاخۆ دایکی بەبەرچاوییەوە ناگرێت!».

سەفوەت شاکر هەر لە ئاسایشی دەوڵەت مایەوە تاکو پلەی سەرهەنگی وەرگرت، پاشان دەوڵەت ویستی لە بوارێکی نوێدا سوودی لێ ببینێت، گواسترایەوە بۆ هەواڵگریی گشتی، هەڵبەت شێوازی کارکردنی لەوێ گۆڕا، ئیشی ئەو بووە بەدواداچوونی تۆڕەکانی سیخوڕی و ڕەوتەکانی ڕای گشتی و کۆنترۆڵکردنی پیاوانی دەزگاکە لە مامۆستایانی زانکۆ و ڕاگەیاندنکاران و بەرپرسانی حزبی و حکوومی و ڕاسپاردنیان بەکاری دیارکراو، دەبێت هەواڵگریی گشتی لە مێژووی پڕ لە شانازیی خۆیدا، دەسکەوتێکی مەزن بۆ

سەفوەت شاکر تۆمار بکات، هەینێ نارەزایی دژ بەرژێم لەلایەن هەندێک لە رۆشنبیرە میسرییەکانی نیشتەجێی پاریس توند بووەوە، کە نووسەرێکی ناسراوی خاوەن رێز لە ناوەندە فەرەنسییەکاندا سەرۆکایەتیی دەکردن... سەفوەت شاکر داوای لە سەرۆکی دەزگاکە کرد دەستی لەو کارەدا ئاوالا بکات، ئەویش رێگەی پێ دا، یەکسەر بۆ پاریس چوو، دوای ئیزن وەرگرتن لە هەوالگریی فەرەنسی ئافرەتێکی سۆزانیی بەرابەر بەچارەکە ملیۆنێک فرەنگ گرت و کەوتە مەشق پێدانی، ئافرەتەکە توانی پێوەندی لەگەڵ نووسەرە میسرییەکە دابنێ و خەولێخەر بکاتە ناو وێسکییەکەیەوە، پاشان بانگی سەفوەت و پیاوەکانی کرد، دەرزییەکی بەهێزی بێ هۆشکەریان لێدا و خستیانە سنووقێکەوە، کە تایبەت بۆ ئەوەیان ئامادە کردبوو، کابرای نووسەر دوای چەند کاتژمێرێک بەهۆش هاتەوە، خۆی لە ناو دەزگای هەوالگری لە کۆپریی قوببە بینییەوە!... لێدانێکی گورچکبڕ بوو، لێکۆڵینەوەی فرەنسییەکان نەگەیشتە هیچ ئەنجامێک، دژ بەنەزانراوێک تۆمارکرا!...

هەرچی بەرهەڵستکارە میسرییەکان بوون لە ترسی ئەوەی بەهەمان دەرد نەچن، بۆماوەیەکی درێژ چرکەیان لێ برا، راستییەکەی تۆمارکردنی دەسکەوتە پیشەییەکانی لیوا سەفوەت شاکر پێویستی بەکتێبێکی قەبەی جیا هەیە.

ئیدی وای لێ هات سەرکەوتن لە دوای سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا، تاکو بەراوێژکار لە دەرەوە (ناوی فەرمی راگەیاندراوی بەرپرسی هەوالگرییە لە باڵیۆزخانە میسرییەکان) دامەزرا.

سەفوەت شاکر لە باڵیۆزخانەی میسری لە گانا و پاشان لە تۆکیۆ کاری کرد، ئینجا لە گرینگترین پایتەخت بەنیسبەت رێژیمی میسرییەوە... واشنتۆن!... ئەوەی باش دەزانی ئەم پۆستە دوا رێگەیە بەرەو شکۆیی، بۆیە

هەوڵێکی لەڕادەبەدەری دا و سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەست هێنا، هەتا سەردانی نزیکبووەوەی سەرۆک بۆ ئەمەریکا هاتە پێشەوە، ئەوەیش بۆ ئەو هەلی تەمەن بوو... ئەگەر سەرۆک ببینێ و بچێتە دڵیەوە ئەوا لە نزیکترین گۆڕانکاریدا وەکو وەزیری ناوخۆ، یاخۆ وەزیری دەرەوە، یانیش هاوکاریی نێودەوڵەتی دایدەمەزرێنێت، لێ ئەگەر بۆ خۆ ئامادەکردنی سەردانەکەی سەرۆک هەڵەیەکی لە دەست دەرچوو، ئەوا لە داهاتوودا خانەنشین دەکرێت!

داخۆ هەموو شتێکمان لەبارەی سەفوەت شاکرەوە زانی؟! هێشتا دوولایەنی ژیانی ماون:

پەلاماردان و ئافرەت... دوای چەندین ساڵ چی بگوتایا قسەی لەبەرد نەدەدرا، چارەنووسی هەزاران زیندانیی لە دەستدا بوو، هێزێکی چەسپاوی متبووی نادیاری وای لە دەستدا بوو ئەستەم بوو بەتەواوی باس بکرێت... سروشتی ئیشەکەی کە وای لێ کرد خەڵکی لە لاوازترین دۆخدا ببینێت، ڕێی پێدا پەی بەتایبەتترین نهێنیی نێوان پیاو و ژنەکەیدا بەرێت، ئەمەش فێری کرد چۆن پیاوەتیی کەڵلەڕەقترین خەباتگێڕ بنێتە ژێر پێوە، تاکو بەگریانەوە چۆک لەبەری دابدەن و پێیەکانی ماچ بکەن، نەکو بەبەرچاوی خۆیانەوە فەرمان بەئەتککردنی ناموسی ژنەکانیان بدات... ئەو قاڵبوونەوە مرۆڤایەتییە نەسرۆیە قووڵە پەلاماردانێکی سەیری بۆ سەر دەوروبەرەکەی پێ بەخشی، وەک ئەوەی بوارە نەبینراوەکەی، کە خەڵک لە سنووریدا دەجووڵێنەوە، شکاندبێت.

ئیدی هێزێکی ئاوارتەیی وای بەدەست هێنا لە دەستی کەسدا نەبوو!... پێویستی بەوە نەبوو زۆر قسە بکات، شتێکیش نەبوو مایەی سەرسووڕمانی بێت، یاخۆ وای لێ بکات دوودڵ بێت... دیمەنی یەکلاکەرەوەی ڕوخساری بەردینی دەتگوت قەدەرە، نیگا بەهێزە ترسێنەرەکەی، کە بەندی دڵی دەپساند، جووڵە سەلارانە لەسەرخۆکانی لەسەر ڕیتمێکی تایبەت بوون،

ئەمــەش وای دەکــرد ئاڵۆزیــیــەکــانی دەوروبەری بەکـەم بـزانێت، ئـەو قـســە کەمـانەی بەهێـوری دەیکردن و دوا وشـەیانی بـەزەقی دەردەبڕی، تاکو لە هـەر شــوێنێک بێت دۆخی چڕی پڕ لە دڵەڕاوکێ دروست بکات... هەمـوو ئـەمـانە پەلاماردانەکانی تا ئەوپەڕی چەند قات کردنەوە و نیمچە تارمـاییانە بوو!... ئەو دادوەری دەکرد و دادەکەی نەدەگەڕێنرایەوە، قەدەری جێبەجێ دەکرد و ملـی بۆ کــەچ نەدەکـرد... بـەوشــەیەک، یـاخـۆ ئـامــاژەیەک بـڕیاری لـەســەر چارەنووسـی ســـەرلـەبەری خـــێـــزانێک بـۆ نەوەکـــانی داهـاتوو دەدا. ئـەو پەلامـاردانە سـەرسـوورهێنەرەی پیـادەی دەکرد، تووشـی چەندین پرسـیـاری دەکردین:

ئاخۆ لە توانای حـەزەکانماندایە ڕەوتی ڕووداوەکـان بگۆڕن؟... ئەی ئەگـەر لە کـارێکدا ئارەزووی هێـزنوانـدنمان کـرد، بەشـێـوەیەک لە شـێـوەکـان بەرەو بەئەنجامگەیاندنی دەبەین؟...

ئەگـەر ئەمە ڕاست بێت، ئـەوا پەلاماردانەکانی سەفوەت شـاکر لە بناغـەدا دەگـەڕێتـەوە بۆ هـەسـتکردنی تەواوی پێـی... بەو دەلیلەی یـەکســەر ویسـتی خۆی تەنانەت بەسەر ئەوانەشدا بسەپێنێت، کە نازانن پلە و پایەی چییە.

ئەگـەرچی ئەم ڕەفتـارەی لەگەڵ ئافـرەتاندا، کە لـە باو و باپیـرانیـەوە ئەو پەرۆشـیـیـەی بۆ مـابووەوە ئـاقـارێکی تـری وەرگـرتبـوو... زۆربەی پیـاوانی بنـەمــاڵەکـەی ئافــرەتێک، یـاخـۆ دووانیــان هـەبـوو (ژن یان دۆست)، بـاسی منداڵیی خـۆی دەکـرد چۆن چـەندین جـار دایک و باوکی پێکەوە لەســەر ئەو پێـوەندییـانەی باوکی لـەگـەڵ ژناندا هـەیبـوونە، بەشــەڕ هـاتوون... هـەروەها باسی ئەوەی دەکرد، چۆن لە کاتی خـوێندنیدا لە کۆلێجی پۆلیس، پێوەندیی لەگەڵ خـزمـەتکارەکـەی مـاڵیـاندا هـەبووە، کاتێک هـەمـوو پێنجشـەمـووانێک دوای گـەڕانەوەی نیوەی شـەوی لای برادەرەکانی سـەرجێیی لەگەڵدا دەکرد، هـەستی دەکرد ئەو خـاوەنی جـەستـەیەکی پڕ، لەسـێبـەری خـۆشیدا زەلاوەیە،

ئەو گومانە بەهێزەی، کە هەندێک هێماش پشتگیرییان دەکرد لا دروست بوو، کە باوکی سەرجێیی لەگەڵدا دەکات!... ئەم هەرەتی سێکسە، درندە بەحەز و کردارە، وێڕای ئەوەی سەفوەت شاکر گەیشتووەتە پەنجا و پێنج ساڵی هێشتانەکی گڕی لە جەستەیدا ماوە، ئەمەش تەنیا بۆ بۆماوە ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ سروشتی کارەکەشی... ئەوانەی لە لێواری مەرگدا دەژین، وەکو سەربازانی شەڕکەر و زۆرانبازی گا و چەتە ڕاونراوەکان، ئارەزوویان بۆ سێکس بەجۆشترە و لە جووتبوون تێر نابن...

وەک ئەوەی دەبێت زۆر بکەن، نەکو لە هەر کاتێکدا لەگەڵ ژیاندا لە دەستی بدەن، یاخۆ بە سێکسکردن هەستیان بەرابەر هەر ساتێک لە تەمەنی هەڕەشە لێکراویان قووڵتر ببێتەوە!

یەکێک لە سەیر و سەمەرەترین کردارەکانی سەفوەت شاکر، شێوازی ڕابواردنێتی لەگەڵ ئافرەتدا:

دوای چەندین ساڵ لە زیندانی کردنی بێ دادوەری، ژنی گیراوەکە هیوای بەربوونی پیاوەکەی لەدەست دەدات، ئیدی تەنیا غەمی باشترکردنی ژیانی مێردەکەیەتی بەپێی توانا، یاخۆ گواستنەوەیەتی بۆ بەندیخانەیەکی نزیکتر، یانیش گەیاندنی داودەرمانە بەرێکوپێکی بەمەبەستی چارەسەرکردنی... بۆیە یەکێک لە دیمەنە ئاشناکانی پێش بینای ئاسایشی دەوڵەت، وەستانی ئاپۆرەیەک لە ژنانی ڕەشپۆشە لە بەیانی زووەوە لە بەر دەرگەکە، چەندین کاتژمێر لە بێدەنگیدا چاوەڕوانن، یاخۆ بەدەنگی نزم چەنەبازی دەکەن، یانیش خۆیان دەدەنە دەست گریانەوە، تاکو ڕێگەی چوونە ژوورەوەیان پێ دەدرێت... ئیدی دەموودەست پاڕانەوە هاوکات لەگەڵ گریان و دوعا کردن بۆ ئەفسەرەکان بەمەبەستی هێنانەدی داوا بچووکەکانیان، کە تایبەتن بەمێردەکانیانەوە، دەست پێدەکات... ئەفسەرەکانیش وا ڕاهاتبوون بەساردی و بێزارییەکی تێکەڵ بەقینەوە بەداخوازییەکانیاندا بچنەوە، گەلێک

جاریش ڕەتیان دەکردەوە و هەڕەشەی گرتن و ئەشکەنجەدانیان لەو ژنانە دەکرد ئەگەر ئەوێ بەجێ نەهێڵن... تەنیا مەگەر ژنی گیراوەکە جوان بووایا، ئەوا مامەڵەیان لەگەڵیدا جودا دەبوو، داوایان لێ دەکرد بچێت سەفوەت شاکر ببینێت، ئەمەیان پێ دەگوت و لە چاوانیشیاندا مانایەکی تیزەجاڕی شاراوە بریقەی دەدایەوە. دەیانزانی سەرۆکەکەیان چەندێک حەز بەئافرەت دەکات، بەنهێنیی لە نێوان خۆیاندا قسە قسەڵۆکی زۆر دەکران. کەچی ئینجاش بۆ دڵڕاگرتن و ڕازی کردنی، جوانەکانیان بۆ دەنارد... بەم ئاوایە ژنی نازداری کابرای گیراو بەترس و کڵۆڵییەوە دەچووە نووسینگەکەی سەفوەت شاکرەوە، ئەویش هەر لە یەکەمین نیگاوە دەیزانی چ جۆرە ژنێکە... ڕازی دەبێت یانەکو ڕەتی دەکاتەوە؟

بەتاقە نیگایەکی درێژ و بەشێنەیی وەڵامدانەوەکەی هەڵدەسەنگاند و بەئارەزوویەکی بەرچاوەوە سەیری گیانی دەکرد، لە هەمان کاتیشدا کاردانەوەکەی هەڵدەسەنگاند... ژنەش بەپەرۆشییەوە لە بەرابەریدا دەوەستا، سکاڵای دەکرد، دەگریا و دەلالایەوە، تا بەهانایەوە بێت... سەفوەت بەلێزانیی خۆی ئەگەر بۆی دەربکەوتایا ڕێی پێ نادات، داواکەی بۆ بەرپرسانی مێردەکەی دەنارد، تا بەکاری پێویست هەڵسن... بەڵام ئەگەر هەستی بکردایا خۆی بەدەستەوە دەدات، ئەوا یەکسەر بەخۆی داواکەی بەجێ دەگەیاند... لە نێوان زریانی منەتباری و نزاکردندا، کە ژنەی دەگرتەوە، سەفوەت سەرلەنوێ بەلەشولاریدا دەچووەوە و بەهێورییەوە دەیگوت:

– کچێ تۆ زۆر جوانیت... چۆنە تا ئێستا بەرگەت گرتووە؟

ئەم گواستنەوە لە ناکاوە بەرچاوە پێویستە بۆ دوورخستنەوەی دوا شیمانەی دەرەنجامی هەڵە... چونکە ئەگەر ئافرەتەکە بزەی هاتێ، یاخۆ بەبێ توورەیی و بەشەرمەوە بێدەنگ بوو، یان سەری داگرت و دەموچاوی

سوور هەڵگەڕا، یانیش بەدەنگی نزمەوە چرپاندی، لێ گۆڕانێک لە دەنگیدا هەبوو... ئیدی سەفوەت لە چۆڵی ڕێگەکە دڵنیا دەبێت، ئەوکات بەئاشکرا لەگەڵیدا باسی سێکس دەکات... لە دواییشدا کاغەزێک دەردەهێنێت و ناونیشانی ئەپارتمانە تایبەتییەکەی، کە لە شەقامی شەوارببیە، دەنووسێت و دەیداتێ. چون باسی ئیش بکات لەبەر خۆیەوە دەڵێ:

– سبەینێ... کاتژمێر پێنجی ئێوارێ لەم ناونیشانە چاوەڕێت دەکەم.

تا ئێستا تاقە ئافرەتێک لە هاتن دوا نەکەوتووە... هۆیەکانیش زۆرن:

سەرەنجام ژنی بەندکراوان مرۆڤە و حەز و ئارەزووە دڕندەکانی لە بێ ئومێدییەکی نزیکی تێربووندا جەرگیان کون کون کردبوو، دووریش نییە لە ناخەوە پێی خۆشبێت ئەفسەرێکی گەورەی وەکو سەفوەت شاکر ئەوی بەدڵدا چووە، واتا لە خانمانی کۆمەڵگەی بالادا (ئەویش ئافرەتێکی هەژارە)، کە دەستی دەیانگاتێ ئەمی بەباشتر دانا، هەروەها بەپێوەندی دانان لەگەڵ سەفوەتدا بارودۆخێکی چاکتر بۆ مێردەکەی لە زینداندا دابین دەکات...

هەڵبەت خۆبەدەستەوەدانی ژنانی گیراوەکان لە بناغەدا دەگەڕێتەوە بۆ هۆیەکی قووڵتر پێوەندیی بەو هێڵی بەیانییەوە هەیە، کە سەفوەت شاکر بۆ فێرکردنی خوێندکارە ئەفسەرەکانی دەیکێشا... ئەو ئافرەتەی لە ژێر هەڕەشەی بەلا و نەداریدا تێکشکا، ئەوی لە چەندین بەرەوە شەڕ و کوشتار شەکەتیان کرد، ئەوی بەتەواوی لە سەرلەنوێ دەست پێکردنەوەی ژیانێکی سروشتیدا هیوابڕ بوو، ئەوی بێبەری و چاوچنۆکیی پیاوان و تێکۆشانی ڕۆژانەی پڕ لە کوێرەوەری بۆ تێرکردنی منداڵەکانی گەلەکۆمەیان لێ کرد...

ئەم ژنە وەکو سەربازێکی ئابڵووقەدراوی شەکەت بەر لە خۆبەدەستەوەدانی بەچەند ساتێک دێتە بەرچاو... ئا لەو کاتەدا حەزێکی ناوەکیی قووڵ بەرەو ڕووخان پاڵی پێوە دەنێت.. بەڵێ، هەرەسهێنانی جۆرە حەوانەوەیەکی پێ دەبەخشێت، چونکە بۆ یەکجاری ململانێکەی ناخی، کە

بەردەوام ئازاری دەدا، دادەمرکێنێتەوە!...

ئەم هەنووکە بەڕاستی بەدڕەوشتە، ئیدی هیچ بوارێک بۆ دوودڵی و بیرکردنەوە، یاخۆ بەرهەڵستیکردن نەدەما... هەر لەگەڵ چوونە ژوورەوەیدا بۆ ئەپارتمانەکە، سەفوەت شاکر یەکسەر دەیباتە ناو جێگەوە، هەموو جارێکیش ئەوەی بۆ دەردەکەوت ژنە ئاگای لە وردەکارییە ناوەکییەکان هەبوو، چونکە پێشبینیی کردبوون و ئامادەیی وەرگرتبوو...

ئەوی مایەی سەرسووڕمان بوو هەرگیز ماچی نەدەکردن، زۆر جاریش بێ ئەوەی قسەیەکی لەگەڵدا بکردنایا سەرجێیی لەگەڵدا دەکردن، خەریکی گەمەکردن بەجەستە بەئارەزوو کڵپە سەندووەکەیان دەبوو، تاڕادەی شێت بوون گڕی لە حەزەکانیان بەردەدان. لە ساتێکدا خۆی ئامادە دەکرد، وەک چۆن زۆرانبازی گا شیرەکەی هەڵدەبژێرێت، تاکو هەڵکوتێتە سەر دوژمنە فیلەتەنەکەی، سەفوەت بەوپەڕی توندوتیژییەوە پەلاماری جەستەی دەدات، نەمیهرەبانی نە نەرمونیانی، بێ بەزەییانە سەرجێیی لەگەڵدا دەکات، چون بەقامچی دارکاری بکات، هەروەکو پێشتر پێی بەربووەتە گیانی مێردەکەی، جار لەدوای جار تێی دەخست... ئەویش وەک ئەوەی هانای بۆبەرێت پڕ بەدەمی هاوار دەکات، لەگەڵ هاوارکردندا لەزەت و ئازار تێکەڵ دەبن، یان ڕەنگە لە ئازارەوە لەزەت بەرهەم بێت... بەم ئاوایە دەستدرێژیکردنە سەری چێژی قووڵ بەژنە دەبەخشێت، ئەو چێژەش لە سێکسەوە هەڵناقووڵێت هێندەی لە ڕزگاربوونی یەکجارەکی لە ناموس بەدەستی دەهێنێت... سەرنج لە ڕیسواکردنی دەدات، لەگەڵیدا ڕادەبوێرێ و بەسووکیش تەماشای دەکات، نزم تەماشا کردنەکەی دەگاتە ئەوپەڕی قووڵایی ئافرەتەکە، چونکە شایانیەتی... بەدڕەوشتە و شایانی ئەوەنییە کەس بەنەرمی و ڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات، ئەویش چون لەگەڵ لەشفرۆشێکدا بنوێت، ئاوا لەگەڵیدا ڕادەبوێرێت... دوای ئەوەی هەردووکیان دەگەنە ترۆپکی چێژ، ژنە

پابەندی سەفوەت دەبێت، زاتی ئەوە ناکات ماچی سەفوەت بکات (چونکە ماچ تەڕیی پێوەیە)، کەچی ئامێزی لێ دەدات، توند بەخۆیەوەی دەنووسێنێت، دەستی پێدا دەهێنێ و بۆنی دەکات، جارجاریش بەزمان دەیلێسێتەوە، گەلێک جاریش بەدەم گریانەوە دادەچەمێتەوە و دەستەکانی ڕادەمووسێت... ئەویش درێژبووە و خاوبووەتەوە، قوم لە جگەرەکەی دەدا و بەخەیاڵ دوورکەوتووەتەوە، دەڵێی خواوەندە و بێ زۆر لەخۆکردن قوربانی لە کۆیلەکانییەوە وەردەگرێت... ئەوەتانێ لیوا سەفوەت شاکر لە نووسینگەکەی خۆی لە باڵیۆزخانەی میسر لە واشنتۆن، دانیشتووە. خەریکی خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکانی ئاسایشە تازە لە قاهیرەوە گەیشتوون... بێدەنگی ژوورەکەی داگرتبوو، تا دەنگی حەسەنی سکرتێر لە ئامێری گەیاندنی ناوەکییەوە بێدەنگییەکەی بڕی:

– گەورەم بمبەخشە لە وەڕسکردنت!

– پێم گوتی هیچ پێوەندییەکم ناوێت.

– دوکتۆر ئەحمەد دەنانە لە شیکاگۆوە بۆ بینینت هاتووە... پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، کە شتەکە بەپەلەیە و گرینگە.

سەفوەت تاوێک بێدەنگ بوو، پاشان بەدەنگێکی گڕەوە گوتی:

– بابێتە ژوورەوە.

دوای ساتێک، دەنانە خۆی بەژووردا کرد، هەناسەبڕکێی پێ کەوتبوو و شڵپەی ئارەقی دەهات، دەتگوت بەڕاکردن لە شیکاگۆوە هاتووە... خۆی هاویشتە سەر قەنەفەکەی بەرابەر بەمێزەکەی، چون داوای بەهانا هاتنەوە بکات، بەدەنگێکی نووساوەوە گوتی:

– ببوورە گەورەم بێزارم کردیت، لێ کارەساتێک ڕوویداوە گەورەم... کارەسات! سەفوەت بەبێدەنگی چاوی تێ بڕیبوو، دەنانە بەدەنگێک لە زرینگانەوە دەچوو، گوتی:

– دوکتۆر دنیس بیکەر، ئەوی سەرپەرشتیی نامەی دوکتۆراکەم دەکات، ئەنجامەکانی توێژینەوەکەم بەساختەکاری ناودەبات و ڕەوانەی لێکۆڵینەوەی کردووم.

سەفوەت متەقی نەکرد... جگەرەیەکی لە قوتییە ئاڵتوونییە کراوەکەی بەردەمی ڕاکێشا و بەئاسپایی گرِیدا، پاشان مژێکی قووڵی لێ دا و لە دەنانە ڕاما، ئەویش بەدەنگی پڕ لە لاڵانەوەوە گوتی:

– ئەگەر لە لێکۆڵینەوەکەدا بەتاوانبارم دەربکەن ئەوا لە زانکۆش وەدەرم دەنێن!

سەفوەت لەوکاتی بەنیگایەک گوللە ئاسا سمی، بەهێورییەوە وەڵامی دایەوە:

– دەتەوێت چیت بۆ بکەم؟

– گەورەم دوارۆژم دەفەوتێت... لە زانکۆ دەرم دەکەن!

– کێ پێی گوتی ساختەکاری لە ئەنجامی توێژینەوەکەتدا بکە؟!

– گەورەم بەخوا ساختەکاریم نەکردووە... لە سۆنگەی ئەو ئەرکانەی جەنابت پێت سپاردبووم، لە توێژینەوەکەم دواکەوتم... دوکتۆر بیکەریش فشاری خستە سەرم، تاکو ئەنجامەکانی بدەمێ... لە مێشکی خۆمدا گوتم: ئەنجامەکانی دەدەمێ و پاشان بەشێنەیی تاقیکردنەوەکان دەکەم!

– چ کەرێکیت!... ئەی بەمێشکتدا نەهات بەئەنجامەکاندا بچێتەوە؟

– لە نامەکانی تردا، زۆرجار تەنیا بەژمارەکاندا دەچووەوە... قەناعەتی بەو ژمارانە هێنا، کە پێشکێشم کرد.

دەنانە بەم شێوەیە منگەیەکی کرد و سەری داخست، پاشان چۆن قسە بۆ خۆی بکات بەدەنگێکی کزەوە درێژەی دایێ:

– خەریکبوو بەسەریدا تێپەڕێت... کەچی لە بەدبەختیی من ویستی

بیـرۆکـەیەکی تـازە لە سـەر توێژینەوەکـەم پـراکـتـیـزە بـکات، سـلایدەکـانی خوێندنەوە و پێی زانی!

سەفوەت هەر بێدەنگ بوو، دەنانە کەوتەوە لالانەوە:

– دەسـتـم دامێنت سـەفوەت بەگ... من لەو دەمی خوێندکاری کۆلێج بووم خـزمـەتی دەوڵەت دەکـەم... ڕۆژێک لـە کـارەکـەمـدا قـسـوورم نەکـردووە و چیـشـتـان پـێ سـپـاردبم درێغـیم نەکـردووە... ئـاخـۆ شـایانی ئەوە نـیم لەم بەلایەدا لەگەڵمدا بوەستن؟!

– ئێمە لەگەڵ ساختەکاراندا نین!

– دەستەکانت ماچ دەکەم!

– ئەگـەر زانکۆ دەرت نـەکـات ئـێـمـە خـۆمـان وەدەرت دەنـێین... ناکـرێت ساختەکار بیت و لە پۆستەکەشتدا بمێنیتەوە.

دەنانە زاری هەڵهێنا شـتێک بڵێت، کەچی ڕوخساری بەتوندی پلی دا و لە پرمەی گریانی دا... بەڕاستی گریا و فرمێسکی ڕاستەقینەی لە چاو هاتن، پاشان ناوبڕێکی تر لە هاوار و باوکەڕۆ دەستی پێ کرد:

– ئـای لەو هـیــلاکـــیـــەی دام... ئای لـە شــەونخــوونیی شــەوم... سەرەنجامەکەشی ئابڕووچوون و دەرکردن!

– وسکت بە.

سەفوەت ئاوا سەرکۆنەی کرد و دەموچاوی هێنایەوە یەک... دەنانە لەمەوە هەستی بەتروسکەی هیوا کرد، بۆیە سەرلەنوێ تێهەڵچووەوە:

– بەگۆڕی دایک و باوکت خوا لێیان خـۆش بێت، سـوێندت دەدەم... تکایە سـەفوەت بەگ... تۆ سـەرۆک و مامـۆسـتـامی و منیش قـوتابیت... مافی خـۆتە لەکاتی هەڵەکردندا گوێم بابدەیت... جـەنابتـان چیم لـێ دەکـەن بکەن، تەنیـا پشتم لێ مەکەن.

ڕەنگە ئەمە ئەو دۆخەبێت، کە سەفوەت چاوەڕوانی بوو؛ لەسەر کورسییە ڕیشوو دارەکەی خۆی کشاندە دواوە، سەری هەڵبڕی و لە میچەکەی دەڕوانی، بێدەنگییەکی قووڵ دای گرتن، هێندەی نەبرد دیواری بێدەنگییەکەی بڕی و گوتی:

– یارمەتیت دەدەم. لە پێناوی تۆ نا، بەڵکو لە پێناوی ئەو ژنە قوڕبەسەرەی بەدەستتەوە خەریک و خەنکان ماوە!

– خوا بۆ ئێمەت بهێڵێت گەورەم.

– کەنگێ لێکۆڵینەوەکەیە؟

– سبەی.

– بڕۆ ئامادەبە.

– دەکرێت مۆڵەتی نەخۆشی وەربگرم و کارەکە تا هەفتەیەکی تر دوابخەم...

– نا... وەکو داوایان لێ کردوویت سبەی بچۆ.

– گەورەم... دوکتۆر بیکەر لە بەشەکەمان گوێ لە قسەی ڕادەگیرێ و سەد دەر سەد دەرم دەکەن.

– لێیان بگەڕێ بادەرت بکەن... هەر دەبێت بڕیاری دەرکردنەکەتمان بۆ بنێرن.. دەتوانین لێرە بڕیارەکە لەگۆڕ بنێین و فەرمانگەی ناردنیش پێی نەزانێت.

– خوا بۆ ئێمەت بهێڵێت گەورەم... لێ لە خوێندن دادەبڕێم!

– دوای ئەوەی بابەتەکە هێمن دەبێتەوە، هەوڵ دەدەم بتخەمە زانکۆیەکی ترەوە. ئەمە لەوە زیاتر بوو، کە دەنانە ئاواتی بۆ دەخواست، تەنانەت کەمێک لە ڕوخساری سەفوەت ڕاما و بەدەنگێک دوودڵی تێدابێت، گوتی:

– وای دادەنێم جەنابتان بەڵێنتان پێ داوم.

سـەفـوەت بەچاوێکی نـاحـەزانەی واوە لێی ڕوانی خـەریک بـوو لە شـوێنی خۆیدا وشکی بکاتەوە، پاشان بەدەنگی یەکێک بێزار و جاڕس بێت، گوتی:

– ئێـسـتـا بگەڕێرەوە شـیکاگـۆ و ئەوەی پێـم گـوتی جـێـبـەجـێی بکە... سەردانەکەی سەرۆکی فەرماندە نزیک بووەتەوە... کاتمان بەدەستەوە نییە.

دەنانە ویسـتی بڕگەیەک تەنانەت بچووکیش بێت لە سوپاس و منەتبـاریی پێ بڵێت، لێ سەفـوەت گەڕایەوە سـەر خوێندنەوەی ڕاپۆرتە پرژ و بڵاوەکـانی بەردەمی و گوتی:

– لە ئیشم مەکە... کاری زۆرم لە پێشە.

دەنانە هەناسـەی ئۆخـەی هەڵکێشـا و دڵی داکەوت، وەرسـوورِا تا بڕوات، لێ بەرلەوەی بگاتە دەرگەکە دەنگی سەفوەتی بەرِیتـمێکی جیاوازەوە بەرگوێ کەوت:

– بەڕاست... داخوازییەکم لات هەیە.

– لە ژێر فەرمانتدام... داوای ئەستۆم بکە گەورەم.

کــارۆڵ لە ترســـاندا ڕەنگی هەڵبـــزڕکـــابوو، دڵە کــوتێی پـێ کــەوتبـــوو و هەناسـەدانی تونـد بوو بوو، ئەو دەمی لەگەڵ ئیـمیلیـی هـاوەڵیدا خـەریک بوو بچێتە ئاسـانسـەرە قـەرەباڵغـەکەی باڵەخـانە فرە نـهۆمەکـەی دەیرِوانییـە سـەر میشیگەن ئەفنیو، هێندەی نەمابوو لـە هۆش خۆی بچێت. ئیمیلی چرپاندییە گوێی کرێکاری ئاسـانسـەرەکەوە، ئەویش پلی بەدوگمەی نهۆمی سـێیەوە نا و ئاسـانســەرەکـە بـەرلەوەی دەرپەڕێت زەنگێکی لێـدا . هـەردووکـیـان بێـدەنگ بوون، چونکە هـێندە قسـەیان کردبوو ئیدی شـتێک نەمـابوو بیـڵێن، کارۆڵ پرسـیــارێلێکی زۆری کـرد، هـێند دوودڵ بـوو زیاد لە جـارێک خـەریک بوو بگەڕێتەوە، کـەچی ئیمیلی دڵنیای دەکردەوە، بەبزەیەکی دایکانەوە تەمـاشـای دەکرد و دەیگوت:

– ئەمە هـەلی تەمەنتە... لە شوێن تۆ بوومایا دوودڵیم نەدەکرد.

– ناتوانم هـەست بەشوورەییکردن لەخۆم دووربخـەمەوە!

– ئەگـەر لەلایەنی جـوانیـیـەوە لێی بـڕوانیت ئەوا هیچ نـاوزڕاندنێکی تێـدا نییە!

لە ئاسـانسـەرەکـە دەرچوون، ئیـمیلی کەوتە ڕێ و کـارۆڵیش تا ئەوسـەری هۆڵەکـەی لای ڕاسـتدا بەدوایەوە بوو. لە بـەرابەر دەرگەیەکی شـووشـەیی لێڵ ئەودیوی دیار نەبوو، لـەبانیــەوە بـەهێـڵـێکـی جــوان نووســرابوو «ئاژانسـی فرناندۆ بۆ ڕیکلام»، وەستا... ئیـمیلی پەنجـەی بەدوگمەی زەنگەکەوە نـا و لە

ئامێری دیکتافۆنەکەوە ناوی خۆی برد، هێندەی نەبرد دەرگەکە لەسەر پیاوێکی چل ساڵان، کە قژی بەچەند پەلکێکی باریک و درێژی بەیەکدا چوودا لە سەر شێوازی ئەفریقی هۆنی بووەوە، لە نەرمیی جووڵەی و ئەو ماکیاجە سووکەی دەموچاوی دیاربوو نەسرۆیە (شاذ)، جگەرەیەکی پەنماوی دەکێشا، بۆنی تیژی ماریگوانای لێ دەهات... بەدەنگی بەرز چاک و چۆنیی لەگەڵ ئیمیلیدا کرد، ئیمیلییش بەگەرمییەوە باوەشی لێدا، ڕوومەتەکانی ڕامووسین و بەخۆشییەوە گوتی:

– کارۆڵی هاوەڵم... فرناندۆی برادەرم.

– خۆشحاڵم بەبینینت.

کارۆڵ تەوقەی لەگەڵدا کرد و زۆری لەخۆ کرد بزەیەک بکات.

ئەپارتمانەکە فراوان بوو، لەسەر شێوازی تازە ڕێکخرابوو. کارۆڵ بەقەد دیوارەکەوە تێبینیی گرتەی فۆتۆگرافیی گەورەوە کراوی ڕوخسار و دیمەنی سروشتیی کرد، وای مەزەندە کرد، کە فرناندۆ ئەوی لە ڕاڕەوە درێژەکەدا پێشیان کەوت وێنەکانی گرتوون. کارۆڵ دیتی بەتەنیشتی ڕاڕەوەکەدا دەرگەی ژووری نووستن، کە لە ڕووناکییەکی کزی سووردا مەلەی دەکرد، کرابووەوە... سەرئەنجام هەرسێکیان چوونە ستۆدیۆکەوە:

هۆڵێکی بچووکی خڕ، میچەکەی بەرز، کامێرای قەبارە جیاواز بەهەر چوار گۆشەکەیەوە دامەزرابوون، لەناوەڕاستیشەوە کورسییەک و مێزێکی بچووک و قەنەفەیەک، بەمیچەکەوە بلاجیکتۆر بەڕەنگی زەرد و شین و سوور شۆڕ بووبوونەوە. فرناندۆ گازی کردنە سەر قەنەفەکە دابنیشن، خۆشی لەسەر کورسییەکە لە بەرابەریان دانیشت و بەدۆستانەوە گوتی:

– بمبوورن لەم ناڕێکوپێکییە، من کەسێکی شپرێوم!

– هەموو هونەرمەندەکان وان!

– نەختێک ماریگوانا لە جۆری نایابتان بۆ بێنم؟

– نا .... سوپاس...

ئیمیلی منگەیەکی کرد، کەچی کارۆڵ زاری هەڵنەهێنا .

– چی دەخۆنەوە؟

– هەر شتێک ساردبێت.

یەخچاڵەکەی کردەوە دوو قوتی پیپسی دەرهێنا ... پاشان بەتۆنی بەڕێوەبردنی کارەوە گوتی:

– باشە کارۆڵ... نامەوێت کاتت لە دەست بدەم... وا بزانم ئیمیلی هەمووشتی پێ گوتووی.

کارۆڵ سەری ڕاوەشاند، فرناندۆ بەردەوام بوو:

– دەبێت لە پێشدا سینگت ببینم... تاکو بناغەیەکمان هەبێت لە سەری قسە بکەین.

لە قاقای پێکەنینی دا، پاشان سەری لەقاند و بەدەستەکانی پەلکەکانی قژی کۆکردنەوە و بەهەنگاوێکی نیمچە خۆبادانەوە لە شوێنەکەی هەستا . لە بەرابەر کامێراکە وەستا، دەستی بۆڕیمۆتەکە برد بلاجیکتۆرێکی سپیی هەڵکرد، پەڵەیەکی خڕی لە ڕووناکیی شەوقدار لەسەر تەختەی سەرزەوییەکە دروست کرد، پاشان بەئاماژەیەک بانگی کارۆڵی کرد، بەشێنەیی هەستا، لەودەمەدا وای بەمێشکدا هات هەڵێت، دەرگەی ئەپارتمانەکە بکاتەوە و تا هێزی تێدایە تێی تەقێنێت، واز لە هەموو شت بهێنی و بگەڕێتەوە ماڵی خۆی، بۆلای مارک و گراهام... لێ وێڕای ئەوەش چون قاچەکانی بەدەر لە دەسەلاتی خۆی بجووڵێن، بەرەو ئەو ڕۆیشت.

فرناندۆ وەک ئەوەی هەستی پێی کردبێت بزەیەکی بۆ کرد و بەدەنگێکی هێمنانەوە گوتی:

– بەیارمەتی خۆت ئەو کراسەت دابکەنە.

ئەمــە لـە ســەرووی وزەی ئـەوەوە بوو، لە بـەرابەریدا ســەری دانەواندبوو و ڕەق ڕاوەستابوو، جووڵەی نەدەکرد. فرناندۆ بەسادە و ساکارییەوە گوتی:

– با یارمەتیت بدەم.

لێی نزیک بووەوە چون چێژی لێ وەربگرێت بەئاسپایی کەوتە ترازاندنی دوگمەکانی. کارۆڵ مچوڕکی پێدا هات و هەستی بەدڵتێکچوون کرد، وای دەزانی ڕۆحی لەبەر دەردەهێنن، کەچی ئینجاش ڕادەستی بوو... فرناندۆ لەدواوە مەمکدانەکەی کردەوە و فڕێی دایە سەر مێزەکە، مەمکەکانی چون لە کۆت و پێوەند ڕزگاریان بووبێت، شۆڕبوونەوە... پاشان وەرسووڕا و گوزارشتێکی پیشەیی تەواو نیشتە سەر ڕوخساری، چووە ئەودیو کامێراکەوە و بەوردی لە هاوێنەکەی ڕوانی، پاشان گەڕایەوە لای و چەند جارێک وەستانەکەی ڕێکخست، تاکو وێنەی مەمکەکانی لە چەند گۆشەیەکەوە بپشکنێت... هێندەی پێ نەچوو هەناسەیەکی هەڵکێشا و چون کارێکی وەستێنراو تەواوبکات هاواری کرد:

– خراپ نییە... با تۆزێک قسە بکەین.

دەستەکانی درێژ کردن و بەکراسەکەی بان سینگ و مەمکی دا، لێ وا ئەبڵەق بووبوو بەکراوەیی جێی هێشت و قۆپچەکانی دانەخستن.

فرناندۆ لە بەرابەری دانیشت و جگەرەیەکی ماریگوانای پێ کرد، لایەکی گەشایەوە و زۆری نەبرد دووکەڵێکی چڕی لێوە دەرچوو... بەتوندی کۆخی و گوتی:

– دۆستی ئازیزم... مەسەلەکە ئاوایە:

لە شیکاگۆ دوو کۆمپانیا هەن جلی ژێرەوەی ئافرەتان بەرهەم دەهێنن: کۆمپانیای دەبڵ ئێکس و کۆمپانیای ڕۆکی... وا بزانم ناویانت بیستوون.

ملمـــلانێ لە نێـــوانیـــاندا توندە، وەکـــو دەڵێن تـا ڕادەی مل شکاندن... هەردووکیـان زیاتر ململانێکەیان لەسـەر بازاڕ گەرمکردنی شـەمـامـەبەندە، چونکە لـە هەمـــووی پڕ فــرۆشــتــرە... ئـاســتـی بەجـێـــهـێـنان لـە هەردوو کۆمـپـانیـاکەدا لێکەوە نزیکن. ئەمـەش بایەخی ڕیکلام چەند قـات دەکـات... چەند هەیڤێکە کۆمپانیـای ڕۆکی هەڵمەتێکی تازەی ڕیکلامکردنی داهێناوە، ئافرەتی ڕاستەقینە بەکار دەهێنێت... ئافرەتەکە لە تەلەفۆن بەتەنیشت ناوی ڕاسـتەقینەی و پیشەکەیەوە دەردەکەوێت... بینەران بەچاوی خـۆیان دەبینن چۆن جـلەکـــانی ژێرەوەی دادەکـەنێت و شـــەمـــامـــەبـەندی جـــۆری ڕۆکی دەبەســتـێت، پاشـان لەســـەر باشـیـیـەکـانی دەدوێت. ئەم ڕیکلامـانـەت لە تەلەڤزیۆن بینیون؟

– بەڵێ.

– دەبێت دانی پێـدا بنێین هـەڵمــەتێکی ڕیکلامی زیرەکـانە بوو لـەلایەن کۆمـپـانیـای ڕۆکییـەوە... کە بووە هۆی دابەزینی فرۆشـتـنی شـەمـامـەبەند لەلایەن کـۆمـپـانیـای دەبڵ ئێکس بـەڕێژەی ٢٠٪، واتا چەندین ملیـۆن دۆلار زیان!... کـۆمـپـانیـای دەبڵ ئێکس ڕوویان لـێ ناوم هەڵمـەتێکی ڕیکلامی دژ بەوان ڕێک بخـەم... ئەمـە هەلێکی گەورەی کـارکردنە بۆ من... ئەگەر تێیدا سـەربکەوم ئەوا ئـەو ئاژانسـە ڕیکلامـییـە بچـووکەی هەمـە دەکەوێتـە پێشی پێـشـەوە... زۆرێک لە بیـرکردنەوەدا بـووم، تاگەیشـتـمـە بیـرۆکـەیەکی تەواو داهێنراوی ڕیکلامی.

– ئیمیلی دڵنیای کردمەوە، کە دەموچاوم لە ڕیکلامەکە دەرناچێت!

کارۆڵ بەدەنگی بەرز وای گوت و چون پەنا بۆ ئیمیلی ببات ئاوا تـەماشای کرد، فرناندۆ گوتی:

– لە سـەرخـۆت گیانی من... نـاکرێت لاسـایی ڕیکلامی کۆمـپـانیـای ڕۆکی بکەینەوە... سـتایلی ئێمە تەواو جیاوازە... تەنیـا ئەو کاتە وێنەت دەگرم، کە

شـەمـامـەبەندی جـۆری ڕۆکـی دادەکـەنیت و هـی دەبڵ ئێکس لە سـینگت دەبەستیت. کامێرا ڕوخسـارت دەرناخات... لە ڕێگەی جـووڵەی جەستەتەوە بۆ بینەرانی دەردەخـەم کاتێک شەمامەبەندی دەبڵ ئێکس دەبەستیت چەندە هـەست بەحـەوانەوە دەکەیت... ئـەمـەیە بەڕوودا وەسـتـانەوەی قـورس! کـاری زۆرمـان لە پێشـدایە. پرۆڤـەیێلـێکی زۆر دەکـەین، تاکـو فـێرت دەکـەم چۆن لە ڕێی جەستەتەوە گوزارشت لەخۆت بکەیت.

– باشە بۆ بەتایبەت منت هەڵبژارد؟

کـارۆڵ ئەم پرسـیـارەی کـرد و پشـێـوییـەکـەی بۆ هەسـتکردنێکی قـووڵ بەسەرسووڕمان گۆڕا، چون بەشـێک بێت لە دیمەنێکی ئەفسـانەیی دوور نییە لە هەرساتێکدا تەواو ببێ و ببێتە ڕاستی.

فرنـاندۆ قـومـێکی توندی لە مـاریگواناکـە دا، پاشـان لێـوەکانی داخـستن قووتی دا و کەوتە کۆکەکۆک، لەو دەمی چاوانی سوور بووبوونەوە گوتی:

– لەم ڕیکلامـەدا مـەرج نییـە مـەمکەکان زۆر جـوان بن، چونکە کـاڵاکە لە هەسـتـی کـڕیار دوور دەخـاتەوە... من لە سـینەیـەکی ئاسـایـی دەگـەڕام، سـینەیـەکی باوی وا، کـە زۆربەی بینەران لەو بابـەتە بن، سـینەیـەکی ڕەشی مـامناوەندیی ئەمـەریکایی نە ئەوپەڕی جـوان بێت نە ئەوەندەش نـاشـیـرین بێت... بینیم سینەی تۆ گونجاوە... ئیمیلی کرێکەی پێ گوتووی؟

– هەزار دۆلار بۆ سەعاتێک وێنەگرتن.

– زەینی ژمارەییت زۆر باشە.

لە قـاقـای پێکەنینی دا، پاشـان هەسـتـا و لە هـۆڵەکە دەرچوو، زۆری نەبرد بەبادەیەکی بچووکەوە گەڕایەوە و گوتی:

– ئێستا یەکەمین تاقیکردنەوە دەکەین... تکا دەکەم بەتەواوی خۆت بدەیتە دەستمەوە... بخۆرەوە.

– ئەمە چییە؟

– پێکێکی بچووکی کۆنیاکە، لەبەرامبەر کامێرادا ترست دەشکێنێت.

هەستی کرد ئەو شلەیە گەرووی دەسووتێنێت، هەر ئەوەندەی پەرداخەکەی لە سەر مێزەکە دانا، فرناندۆ دەستی ڕاکێشا و گوتی:

– دەی بەرەو کار.

***

«ئێمە کە لێرەدا ئیمزامان کردووە، میسرییەکانی دانیشتووی شاری شیکاگۆی وڵاتە یەکگرتووەکانین، لەسەر ئەو ڕەوشەی میسری پێ گەیشتووە لە هەژاری و بێکاری و گەندەڵی و قەرزی ناوەکی و دەرەکی، ئەوپەڕی هەراسانین، ئێمە لەو بڕوایەداین هەموو میسرییەکان شایانی دادپەروەری و ئازادین... سەردانی سەرکۆمار بۆ ئەمەریکا بەهەل دەزانین، تا ئەم داواکارییانەی لێ بکەین:

یەکەم: هەڵوەشاندنەوەی یاسای عورفی.

دووەم: پراکتیزەکردنی چاکسازیی دیموکراسی و دەستەبەرکردنی ئازادییە گشتییەکان.

سێیەم: هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتیمانی بۆ داڕشتنەوەی دەستووری نوێ، کە دیموکراسیی ڕاستەقینە بۆ میسرییەکان دەستەبەر بکات.

چوارەم: وازهێنانی سەرۆک لە پۆستەکەی، کە ماوەیەکی زۆرە بەدەستیەوەیەتی، هەروەها سەرۆکایەتی بەمیرات بۆ کوڕەکەی جێ نەهێڵێ و ڕێگە بەململانێی ڕاستەقینە لەسەر سەرۆکایەتی بدات و ملکەچی هەڵبژاردنێک لە ژێر

سەرپەرشتیی نێودەوڵەتیدا بێت».

من و دوکتۆر کەرەم لە ماڵی گراهام، کە لەگەڵماندا بە کەفوکوڵی شۆڕشگێڕی دێرینەوە بەشداری کرد، دانیشتبووین بەیاننامەکەمان دادەڕشت... دەقەکەمان بۆ وەرگێڕا و هەندێک بیرۆکەی گرینگی پێ داین... گوتی:

– دەبێت زمانی بەیاننامەکە ڕێکوپێک و دیارکراو بێت، ئەگەر ئەدەبی و سۆزداری بوو ئەوا بەهەند وەرناگیرێت... ئەگەریش زمانەکەی توند بێت وەکو ئەوەی ڕاگەیاندنی شەڕ بێت، ئەوا دەبێتە شتێکی کاریکاتێری.

هەندێک داواکاریی ترمان خستە سەر، وەکو بەردانی گیراوەکان و هەڵوەشاندنەوەی دادگا نایاساییەکان و نەهێشتنی ئەشکەنجەدان...

لە کاتژمێرێکی درەنگی شەوی هەینیدا گەیشتینە دوا داڕشتن، سبەینێ زوو لە خەو ڕابووم و بەیاننامەکەم تایپ کرد، پاشان بیست دانەم لەسەر دەرکرد و گەشتەکەم دەست پێ کرد... دەبوو چاوم بەنێرراوە میسرییەکان بکەوتایا و ڕازیم بکردنایا تا ئیمزا بکەن.

بەڕۆژ چاوم بەپێنج نێرراو کەوت، بەگفتوگۆی نەزۆک شەکەت و ماندوویان کردم، ئینجاش ئیمزایان نەکرد... سەیرترین وەڵام لە تارق حەسیب و شەیما محەمەدییەوە بوو، دوو هاوەڵن لە بەشی هیستۆلۆجی، هەرگیز لەیەک جیانابنەوە (وابزانم پێوەندیی خۆشەویستی پێکەوەیان دەبەستێتەوە).

ئەم تارقە کەسێکی سەیرە... تابڵێی زیرەکە، کەچی

گۆشەگیر و شەڕانییە، هەمیشە زەوقی تێکچووە، وەک ئەوەی یەکێک تازە لە خەوی هەستاندبێت!... بەبێدەنگی گوێی لێ گرتبووم، شەیماش بەتەنیشتیەوە بوو... باسی ڕەوشی میسرم کرد و گوتم لەسەرمانە لە پێناوی گۆڕاندا شتێک بکەین...

لێکدانەوەیەکی پڕ لە گاڵتەجاڕیم بەڕوخساریەوە بەدی کرد... هەر ئەوەندەی ناوی بەیاننامەکەم هێنا بەقەشمەرییەوە قسەکەی پێ بڕیم:

– شۆخی دەکەیت؟ دەتەوێت ئیمزا لەسەر بەیاننامەیەک دژ بە سەرکۆمار بکەم؟!

– بەڵێ... لە پێناوی وڵاتەکەتدا.

– بایەخ بەسیاسەت نادەم.

– هەینێ دەگەڕێیتەوە بۆ میسر... ژن ناهێنی و منداڵت نابێت؟

ئەم پرسیارەم ئاراستە کرد و لە شەیمام دەڕوانی.

– خوا یاربێت.

– داهاتووی منداڵەکانت بەلاوە گرینگ نییە؟

– ئەو کات دوارۆژی منداڵەکانم چاکتر دەبێت، کە تەرخان بم بۆ وانەکانم و بە دوکتۆراوە بۆ میسر بگەڕێمەوە.

– بۆ قبووڵ دەکەیت لەم هەموو ستەمکاری و گەندەڵییەدا بژین؟

– ئاخۆ بەگرتنی من گوزەرانیان باشتر دەبێت؟

– کێ دەتگرێت؟

– بێگومان... هەریەکێک ئیمزا لەسەر ئەم بەیاننامەیە بکات تووشی دەردەسەری دەبێت.

شەیما یەکەم جار بەم ڕستەیە هاتە گۆ، دانم بەخۆدا گرت و هەوڵم دا زیاتریان بۆ ڕوون بکەمەوە... کەچی تارق هەستا و گوتی:

– ناجی کاتی خۆت بەفیڕۆ مەدە... ئێمە ئیمزای لەسەر ناکەین، بڕواش ناکەم تاقە میسرییەک لە شیکاگۆ ئەمە بکات... بۆ خوا ئامۆژگاریت دەکەم... لەم ڕێگەیە دوور بکەوە، چونکە ئەنجامەکەی باش نییە... خەریکی وانەکانی خۆت بە... حەقت بەسەر هیچەوە نەبێ و هەوڵ مەدە دنیا چاک بکەیتەوە!

بەگاڵتە پێکردنەوە وای گوت، پاشان دەستی شەیمای ڕاکێشا و بەتەنێ جێیان هێشتم.

کاتێک ئێوارێ کەرەمم بینی تەواو سارد بووبوومەوە. پێم گوت:

– خەریک بوو لە بیرۆکەکە بکشێمەوە!

– بۆچی؟

– هەموو ئەو نێرراوانەی بینیمن ئیمزایان نەکرد.

– وات دەزانی بەئاسانی قەناعەتیان پێ دەکەیت؟

– وایان مامەڵە لەگەڵدا کردم وەکو ئەوەی من شێت بم!

– شتێکی سروشتییە.

– بۆ؟

– گشت نێرراوەکان لەژێر چنگی حکوومەتدان... ئەگەر

ئیمزا لەسەر بەیاننامەکە بکەن هەر بەڕاستی تووشی سزا دێن.

– ئێ خۆ منیش هەروەک ئەوانم.

– تۆ کەسێکی ئاوارتەی، هەروەها لە زانکۆ کار ناکەیت... بۆیە هیچت نییە لە دەستی بدەیت.

– ئەگەر هەرکەسە و بەم شێوەیەی لێک بداتەوە، ئەوا هیچ ناکەین.

– چ خەوخۆشێکی!

– من خەوخۆش نیم... لێ دەبینم هەڵوێستێکی خۆپەرستانە و هیچوپووچانەیان هەن... ئەمانە ئێمەیان گەیاندە ئەم قۆناغە... ئەوان لە دنیادا جگە لە بەرژەوەندیی تەنگی خۆیان هیچ نابینن. لە نێو ئەمانەدایە ڕێژیم وەزیر و پسپۆڕەکانی خۆی هەڵدەبژێرێت، ئەوانەی بەرابەر بەحەق لاڵ دەبن و بۆ ئەوەی پلە و پایەیان بپارێزن، ڕیاکاری بۆ سەرۆک دەکەن.

دوکتۆر کەرەم گوتی:

– بێ ئومێد مەبە.

– ئەوی دەیکەین سوودی تێدا نابینمەوە.

بزەیەکی هاتێ و دای بەسەر شانمدا، پاشان کاغەزێکی پێچراوی لە گیرفانی دەرهێنا، خوێندمەوە بینیم وێنەیەک لە بەیاننامەکەیە و کۆمەڵێک ناوی نوێ ئیمزایان کردووە. بەدەنگی بەرز پێ کەنی و گوتی:

– دانی پێدا بنێ، کە من بەسەرتدا سەرکەوتم!

تەماشـای ناوەکانم دەکرد... قپـتی و مـوسڵـمـان بوون... لەودەمی خۆشحاڵییەکەی پێ نەدەشاررایەوە تێهەڵچووەوە:

– لە سـەرەتادا بۆ بیـرۆکـەی بەیاننامـەکـە بەجـۆش نەبووم، کـەچـی تەمـاشـا دەکـەم شـتـێکی نایابە... زۆربـەی ئەوانەی بینییـانم لەگەڵمدا بوون... ناجی سـەرکـەوتن بەدەست دێنن، بەڵام لە سـەرمـانە لە شـوێنی شیـاو بگەڕێین... کاتی خـۆت لەگـەڵ نێـردەکـاندا بەفـیـڕۆ مـەدە... لیـسـتـێکم بـەناوی ئەو میسـرییانەوە بۆ هێناویت، کە لە شیکـاگۆن... لەگەڵ ئەدرێس و نمرەیان... نـاوەکـان لە نێـوان خـۆمـانـدا دابەش دەکـەین و پێوەندییان پێوە دەکەین.

ئیــدی من لە ڕۆژانـی داهاتوودا هـەر ئەوەنـدەی لە کــۆلێج دەگـەڕامـەوە، تەلەفـۆنەکـەم لەتەنیشت خـۆم دادەنا و پێوەندیم بەژمـارە تەلـەفـۆنی مـیـسـرییـەکـانەوە دەکـرد... خـۆم وەکـو نێـردەیەک پێـیـان دەناسـاند، کـە کـۆشش بۆ دامــەزراندنی هـاوبەندییـەکی نوێ بۆ مـیسـرییـەکان دەکات، پاشـان داوای بینینیم دەکرد...

وەڵامـەکـان جیـاواز بوون... هـەندێکـیـان بەڕاشکاوی پێـیـان گوتم لە مێژە پێوەندییان بەمیسرەوە نەمـاوە و ئەوەشـی تێیدا ڕوودەدات بەلایانەوە گرینگ نییە... کەچی زۆریشیان بەجۆش و خـرۆش کـەوتـن... بەچەندین کـووچە و کـۆڵانی شـیکاگـۆدا سـووڕامــەوە... زۆربەی زۆری ئەو مـیـسـرییـانەی بینیـمن لەو بارودۆخە نـاڕازی بوون... لە کۆتاییی قسـەکانمدا هـەریەکە و پرسیارێکی ڕاستەوخۆم ئاراستە دەکرد:

– دەتەوێت شتێک بۆ وڵاتەکەت بکەیت؟

له تەماشاکردنەکەیەوە وەڵامەکەیم دەزانی... ئەگەر گوێی پێ نەدا و سەخڵەت بێت، ئەوا ڕەتی دەکاتەوە... ئەگەر دۆستانە هاتە پێشەوە، مانای وایە ئیمزای دەکات. بۆ هەفتەی داهاتوو، کاتژمێر چواری ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە، کاتێک سواری میترۆ شین بووم بەرەو ماڵەوە بگەڕێمەوە، ئیمزای دە کەسم بەدەست هێنابوو، جگە لە بیست و نۆ ئیمزا کەرەم کۆی کردبوونەوە، سەرجەمیان سی و نۆ ناو بوون، بەدەر لەو پێنج کەسەی داوای دەرفەتی بیرکردنەوەیان کرد... ئەمە لە چەند ڕۆژێکی کەمدا دەسکەوتێکی لە سەرووی مەزەندەی ئێمەوە بوو. مانگێکی تەواومان لە بەردەمدا بوو، ئەگەر ئاوا بڕۆین بەسەدان ئیمزامان دەست دەکەوێت.

وتارێکم بیرهاتەوە بەر لە چەند ساڵێک خوێندبوومەوە، دەربارەی ئەو سروشتە پەنهانەی میسرییەکان هەیانە، کە چەند زەحمەتە پێشبینیی کاردانەوەیان بکەیت. وتارەکە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، هەمیشە شۆڕش لە میسر دوور لە مەزەندەکردن هەڵدەگیرسێت، هەڵبەت کارلێککردنێک هەیە لە ژێرەوەی ئارامیی میسرییەکاندا ڕوو دەدات، وایان لێ دەکات لەو ساتەی وا دیارن، کە ملیان بۆ ستەمکاری کەچ کردووە، لە پڕ شۆڕش هەڵدەگیرسێنن. لەوە دەکات ئەم بیردۆزە ڕاست بێت!...

هەستی خۆشی و شانازیکردن دای گرتبووم، ئەوەتا وا شتێکی بچووک بۆ ئەو هاوەڵانەم دەکەم، کە لە شەقامەکانی قاهیرەدا لێیان دەدرێ و بەزەویدا ڕادەکێشرێن و ناموسیان

دەبڕێن... ئەوانەی دەگیرێن و بەشێوەیەکی ناشرین ئەشکەنجە دەدرێن، تەنیا لەبەرئەوەی ڕای خۆیان دەربڕیوە... سبەی بەبەرچاوی هەموو دنیاوە ڕێژیمی میسری شەرمەزار دەکەین!... لە بەرابەر کامێرای وێنەگران و پەیامنێری ڕۆژنامە جیهانییەکاندا کەسێک بەناوی میسرییەکانی شیکاگۆوە دەوەستێ و داوا لە سەرۆک دەکات دەست لە کار بکێشێتەوە و دیموکراسی پێڕەو بکرێت... هەواڵی لەمە گرینگتر لە ئاژانسەکانی هەواڵدا نادۆزیتەوە!

لەو دەمی ڕاڕەوی ماڵەوەم دەبڕی، هێنریی برادەری پێشووی ویندیم بەرچاو کەوت لە نووسینگەکەی دانیشتبوو... بەچاوێکی سووکەوە تەماشای کردم، منیش تەواو پشتگوێم خست... ڕۆیشتنەکەم خاوکردەوە تا بزانێت گوێی پێ نادەم... لە هیکرا هەستم بەخۆم کرد، کە من بەهێزم... سڵم لێ نەدەکردەوە... هەواڵەی دۆزەخ بێت... لە ئێستا بەدواوە ئەگەر سنوور ببەزێنێت، یاخۆ قسەیەکی قۆڕ بکات، ئەوا پەندێکی دەدەمێ هەرگیز لەبیری نەچێتەوە.

لە ئاسانسەرەکە دەرچووم و دەرگەی ئەپارتمانەکەم کردەوە، هەرکە هەنگاوم بەرەو ژوورەوە نا هەستم بەشتێکی سەیر کرد... گڵۆپەکان داگیرسابوون، کەچی چاکم لە بیرە بەر لە دەرچوونم هەمووم کوژاندبوونەوە!... بە ئاسپایی و وریاییەوە هەنگاوم نا... لەپڕ یەکێکم بینی لەسەرکورسییەک لە هۆڵەکەدا دانیشتووە... لە شوێنی خۆمدا وشک بووم، بەهەموو توانامەوە شیڕاندم:

– تۆ کێی، چۆن هاتیتە ژوورەوە؟

ڕاستەپێ هەڵستا و بەرەو لام هات، بزەیەکی کرد و دەستی درێژ کرد تەوقەم لەگەڵدا بکات، گوتی:

– ئێـوارەت باش ناجی... بمبـەخـشـە بـەم شـێوەیـە هـاتمە ژوورەوە، لێ بەڕاسـتی بۆ ئیشێکی گرینگ دەمـەوێیت... ناوم سـەفـوەت شـاکـرە... ڕاوێژکـاری باڵیـۆزخـانـەی مـیسـر لە واشنتۆن.

## ٢٧

کریس ئەو بەیانییە وەڵامی بەئەنگێزێکی نارۆشنی ناوەکی دایەوە و جلی ئاسایی لەبەر کرد، تایبیرێکی سەوزی ڕەشباوی قۆڵدرێژی لەبەردا بوو و چاویلکەیەکی ڕەشیشی لە چاو کردبوو... دیمەنی لە ئافرەتێکی خۆ حەشاردراوی ناو زنجیرە پۆلیسییەکان دەکرد، چۆن لە ڕۆژنامەکە خوێندبوویەوە ئاوا چەند هەنگاوێک دوور لە دەروازەی میترۆکە فرۆشگاکەی دۆزییەوە، جامخانەی دووکانەکە بەقوماشێکی ڕەش داپۆشرابوو، فلێکسێکی بەنیۆن ڕووناک لەسەری نووسرابوو: «مەکسیم بۆ ئامرازی خۆشنوودی»...

چەند ساتێک بەدوودڵی لە بەرابەر فرۆشگاکەدا وەستا، سەیری هاتێ لە پڕ دەرگاکە کرایەوە و کیژێکی بیست ساڵان بەدەرکەوت... بەڕوووی خۆشەوە سڵاوی لێ کرد و فەرموو فەرمووی ژوورەوەی لێ کرد، ئەویش بەدوایدا چووە ژوورێ، لە مێشکی خۆیدا گوتی لە شوێنێکی وادا سروشتییە بەکامێرای نهێنیی چاودێریی بەردەم دەرگەکە بکەن... چاوی بەناویدا گێڕا، هەستی بەسەرەخولی و دڵتێکچوون کرد... بەدەیان جۆر ئامرازی سێکسی بۆ گشت مەبەستێک بینی... بۆ پیاو و ئافرەت و نەسرۆ و پانپانۆکێکەران... شاشەیەکی زل لە دوایەوە فیلمێکی ڕووتی لێ دەدا، سیمای فرۆشیارەکە لەو دەمی بەئەدەبەوە بزەی دەبەخشاندەوە و بەنەرمی دەدوا، سەیر دەهاتە بەرچاو و لە پشتیشەوە ئاخۆئۆفی لەزەت لە فیلمەکە بەرز دەبووەوە:

– چۆنت یارمەتی بدەم؟

– دەمەوێت ورووژێنەرێک بکڕم[١٣].

بەم ئاوایە کریس هەوڵی دا بێلایەنانە و بێ گوێ پێدان قسان بکات، لێ بێ ئەوەی مەبەستی بێت دەنگی هەڵبڕی، بۆیە زیاتر هەستی بەشەرم کرد... فرۆشیارەکە بەسادەیییەوە لێی پرسی:

– چ جۆرە ورووژێنەرێک دەخوازیت؟

کریس لێی نزیک بووەوە و بەدەنگێکی لەرزیوەوە بەگوێیداچرپاند:

– لە ڕاستیدا... من ئەمە یەکەم جارمە ورووژێنەر دەکڕم، بۆیە نازانم چ جۆرێک هەڵبژێرم؟

کیژەی فرۆشیار بزەکەی سەرلێوی فراوانتر کردەوە و گوتی:

– ئەگەر ئامۆژگاریی پسپۆڕی سێکست دەوێت... ئەوا هەر دانیشتنە و ٥٠ دۆلار دەخوازێت.

شڵەژانەکەی زیاتر بوو، کیژەی فرۆشیاریش درێژەی پێ دا:

– خۆ ئەگەر زانیاریی تەواوت لەسەر ورووژێنەر دەوێت... ئەوا دانیشتنێکت بەسە... خۆ ئەگەر گرفتی سێکسیت هەیە، یاخۆ دەتەوێت لە ناو جێگەدا چالاکتر بیت، ئەوا پێویستت بەکۆمەڵێک دانیشتن هەیە، پسپۆڕەکەمان دوای ئەوەی لەگەڵتدا دادەنیشێت دیاری دەکات.

– من تەنیا ورووژێنەرەکەم بەلاوە گرنگە.

– کەواتە تاقە دانیشتنێک ٥٠ دۆلارە.

پەنجا دۆلارییەکی دەرکرد کچەی فرۆشیار لە دەستی سەند و خستیە چەکمەجەکەوە، پاشان ئاماژەی پێ دا دوای بکەوێت، بەناو هۆڵێکی درێژدا بردی تا گەیشتنە دەرگەیەک لەسەری نووسرابوو (جین دیهان ... پسپۆڕی

---

١٣. ورووژێنەر: لە رزێنەر، ڤایبرەیتەر VIBRATOR.

سێکسیی ڕێگەپێدراو). کچەی فرۆشیار چووە ژوورەوە، چەند ساتێک ون بوو، پاشان کە گەڕایەوە دەستی درێژکرد:

– فەرموو.

پسپۆڕەکە پەنجا ساڵی تێپەڕاندبوو، بەچاویلکە پزیشکی و پاڵتۆ سپییەکەی و بەقژە بۆرە لە دواوە لە شێوەی کێک بەستراوەکەیەوە لە پسپۆڕی خۆراکی دەکرد، ئەوانەی وێستگە تەلەڤزیۆنییەکان پەنایان بۆ دەبەن، تاکو خاڵەکانی ڕێجیمکردنیان بۆ بنووسن...

پاش یەکتری ناسین و هەندێک سوعبەتی خۆپاریز، پسپۆڕەکە ئاهێکی هەڵکێشا و بەزمانی یەکێک دەست بەکاربێت، گوتی:

– باشە خاتوو کریس... چی لەبارەی وروژێنەرەوە دەزانیت؟

– ئەوی دەیزانم ئەوەیە، ئامێرێکە لە ڕێگەیەوە ئافرەت بێ ئەوەی پێویستی بەپیاو بێت دەگاتە پلەی ڕەحەتبوون.

– ئەی وروژێنەر چۆن کاردەکات؟

– لە ڕێگەی ختووکەدانی زێوە، بەشێوەیەکی دیارکراو ئافرەت ڕەحەت دەکات.

ژنەی پسپۆڕ خەنییەوە و بەڕووخۆشییەوە گوتی:

– ئەمە سەرەتایەکی باشە... لێ لە ڕاستیدا وروژێنەر زۆر لەوە گەورەترە، کە بەئامێریک دابنرێت تەنیا بۆ دەستپەڕ لێدان... وروژێنەر پوختەی پێشکەوتنی زانستی و گۆڕانی هزری کۆمەڵگەیە لەسەر ئافرەت.

کریس بەبێدەنگی چاوی تێ بڕی، ئەویش درێژەی پێ دا:

– بەدرێژاییی مێژووی مرۆڤەکان... زانیاریی سێکسی لەبارەی ئافرەتەوە کەم بوون، هۆیەکەشی بۆچوونی کۆمەڵگە دێرینەکان بوو بەرابەر بەئافرەت، گوایە ئامرازی شەیتانە بۆ فریودانی پیاو... ئەم تابووە بووە ئەگەری

نەزانیمان بەرابەر ئەو ڕێگەیەی ئافرەت دەگەیەنێتە مەستی... ئەم بیرۆکەیە بۆ چەندین سەدە چەسپیبوو، کە ئافرەت لە ڕێگەی گەمەکردن بەمیتکەیەوە دەگاتە ڕەحەتبوون، تا ساڵی ١٩٥٠ زانایەکی مەزنی ئەڵمانی بەناوی ئەرنەست گرافنبێرگ توانی خاڵی جی G.SPOT بدۆزێتەوە.

پاشان بەهۆی توێژینەوەکانی هەردوو زانا بیری و وێبلزەوە ساڵی ١٩٧٨ جەخت لەسەر داهێنانەکەی کرایەوە... وامان لێ هات هەمووو بزانین، کە هەموو ئافرەتێک خاڵی جیی هەیە، ئەوانەی سەلماندیان کە لە دیواری پێشەوەی (زێ) دا شوێنێک هەیە، کە بەخاڵی G.SPOT ناودەبرێت، هەست ناسکترین جێی ئافرەتە... وروژاندنی دەبێتە هۆی ڕەحەتبوونێکی بەهێز جیا لە ڕەحەتبوونی میتکە... ئەم مەستییە لەوێوە دەست پێ دەکات، ئافرەتەکە حەز بەمیزکردن دەکا، پاشان بەخێرایی دەگۆڕێت بۆ جۆری بەهێزی یەک لە دوای یەکی چێژ، دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێک لەو ئافرەتانە شلەیەکی لینجی بێ بۆن لە شێوەی ماست بڕژێن... ئاخۆ پێشتر ئەمەت تاقی کردووەتەوە؟!

– نا... لە ڕاستیدا نازانم... تاماوەیەکی کەمیش ژیانێکی سێکسیی ئاساییم بەڕێ دەکرد...

ژنەی پسپۆڕ خەنییەوە و گوتی:

– بێگومان نازانیت... تۆ زۆر جار لە ڕەحەتبوونی میتکەییت زیاتر نەزانیوە... ئەمە قەدەری ئێمەی ئافرەتە، کە نەزانی بەرابەر بەگیانی خۆمان وامان لێ دەکات چێژی لێ نەبینین... ئەم نامیلکەیە ببە... هەموو شتێک لەبارەی خاڵی جییەوە دەبینیت، هەندێ ڕاهێنانی بەسوودیش هەن فێرت دەکەن چۆن بەخۆت بیدۆزیتەوە.

کریس نامیلکەکەی وەرگرت و خستییە جانتاکەیەوە، ژنەی پسپۆڕ بەردەوام بوو:

– دۆزینەوەی خالّی جی و یەکسانیی نێوان ژن و پیاو و ڕزگاربوونی یەکجارەکی لە ژێر دەسەڵاتی ئەودا... هەموو ئەمانە بوونە ئەگەری ئەوەی بیر لە ڕێگەیەک بکرێتەوە وا لە ئافرەت بکات بەخۆی چێژ لە جەستەی وەربگرێت. ئافرەت لە ئامرازێکەوە، کە تەنیا بۆ چێژی پیاو و جەستەی سەر بەئەو بێت گۆڕا بۆ مرۆڤێک مافەکانی یەکسان بن لەگەڵ ئەودا، گرنگترینیشیان مافی تێرکردنی سێکسی... ئیدی تێرکردنی جەستەی ئافرەت لەسەر حەزی پیاو، یاخۆ توانای کردنی ناوەستێت...

ئەمە بەتەواوی ئیشی ورووژێنەرە. ئەمە تەنیا ئامرازێک نییە بۆ دەستپەڕ لێدان، بەڵکو لە ڕاستیدا، ئامێرێکی زانستییە ژن بەدەر لە توانای سێکسیی پیاوەکەی، یاخۆ تەنانەت بوونی، ئەم ئامێرە تێربوونی سێکسی بۆ مسۆگەر دەکات... زۆرێک لە کڕیارەکانم ورووژێنەر لەگەڵ پیاوەکانیاندا بەکاردەهێنن تابگەنە ڕەحەتبوونی زیاتر...

هەروەها هەندێک لە پیاوان ورووژێنەر بۆ ژنەکانیان دەکڕن، تاکو لەکاتی کردن یاخۆ سەفەرکردندا، یان ئەو شەوانەی پیاوەکە زیادی خواردووەتەوە و توانای کردنی نییە، ژنەکانیان بەکاری بهێنن... ورووژێنەر ڕەفتاری سێکسیی گۆڕی، بەشێوەیەک شتێک هەیە دەکرێت ناوی بنێین ڕۆشنبیریی ورووژێنەر... تکایە... ئەگەر پرسیارێکت هەبێت حەزدەکەم بیبیستم...

کریس کەمێک دوودڵ بوو، پاشان دەستی بەپرسیار کرد:

– جیاوازی چییە لە نێوان ڕەحەتبوونی میتکەیی و ئەو ڕەحەتبوونەی خالّی جی دروستی دەکات؟

ژنەی پسپۆڕ بزەیەکی کرد و گوتی:

– ڕەحەتبوونی جی زۆر بەهێزترە، لەسەر شەپۆلی درێژی بەرز ڕوو دەدات، تەنانەت زۆربەی ئەو ئافرەتانەی دوای ئەوەی تاقی دەکەنەوە پەشیمان دەبنەوە، کە پێشتر نەیانزانیوە و بەکاریان نەهێناوە...

سەرلەنوێ بێدەنگی دای گرتن، ژنەی پسپۆڕ لێی پرسی داخۆ پرسیاری تری هەیە، بەنا بەرسڤی دایەوە. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و بەدەم هەستانەوە گوتی:

– زۆر چاکە... ئێستا وەرە هاوەڵە نوێیەکەت هەڵبژێرە.

ژنەی پسپۆڕ ڕەت بوو و ئەویش بەدوایدا، دەرگەیەکی بچووک دەیبردنەوە سەر ژوورەکەی تەنیشت، لە بەرابەر جامخانەیەکدا وەستان، پڕ بوو لە هەموو جۆرەکانی وروژێنەر... دەستی خستە سەرشانی و بەزمانێکی دۆستانەوە گوتی:

– دەتوانم بزانم چەندت بۆ کڕینی وروژێنەرەکە داناوە؟

– زۆر جۆرمان هەن، هەر لە ١٠ دۆلارییەوە تاکو ٢٠٠ دۆلاری.

– دەتوانم چەند بڵێن بیدەم... گرنگ ئەوەیە لە باشەکەیم بدەنێ.

– کەواتە ئیشەکەم ئاسانە...

ژنەی پسپۆڕ داچەمایەوە و ئامێرێکی گەورەی درێژ و ئەستووری لە شێوەی چووک دەرهێنا، لقێکی چەماوەی لە وێنەی لقەدار لێ دەبووەوە، بنەکەشی پارچەیەکی سپیی خڕی پێوەبوو، کریس زانی ئەوە شوێنی پاترییە...

ژنەی پسپۆڕ لەو کاتی بەشێوە بەخۆنازینێکەوە ئاماژەی دا، گوتی:

– ئەم جۆرەیان ناوی کەروێشکە جاکە... بەڕای من باشترین جۆرە لە جیهاندا... دەبینیت چۆن بەهەشتت پێ نیشان دەدات... نرخی ١٥٠ دۆلارە... جیا لەوەی ٢٠ دۆلار نرخی قوتووی شلەی پاککردنەوەیە... نرخەکەی گونجاوە بۆت؟

کریس سەری ڕاوەشاند و ژنە هەستا پێکهاتەکانی ئامێرەکە و چۆنیەتی ئیشکردنی باس کرد، پاشان سیدییەکی دەرهێنا و گوتی:

– بەر لەوەی بەکـاری بهـێنیت مـۆچیاریت دەکـەم ئەم سـیدییـە ببـینیت.. پارەکەی کاش دەدەیت یاخۆ بەکارت؟!

کارتەکەی کریسی خستە ئامێرەکەوە و وەسڵێکی پێ دا تا ئیمزای لەسەر بکات، پاشـان ئامـێرەکە و قوتووەکە و سـیدییـەکـەی بەئاگادارییـەوە خسـتـە کیسـەیەکی جوانەوە، کە دروشمی فرۆشگاکەی هەڵگرتبوو، دایە دەستیەوە و گوتی:

– هیـوای خـۆشـیت لەگـەڵ کـەروێشکە جـاکدا بۆ دەخـوازم... هەر کـاتێک لەبارەی هەر شـتێکەوە پرسـیارت هەبوو دەتوانیت پێوەندیم پێوە بکەیت... تا مانگێک ڕاوێژپێکردن بەخۆڕاییە... من وای دادەنێم کە لەگەڵتدا سەرکەوتوو بوومە، نەک هـەرئەوکاتەی کە سوود لە ئامێرەکە وەردەگریت، بەڵکو هـەینێ لە کـەمترین هـەسـتکردن بەشـەرم لە بەکارهێنانیشدا ڕزگار دەبیت... هـەمـیشـە ئەوەت لـە یاد بێت، کـە تۆ مـافی خـۆت لـە خـۆتـێرکـردنی سـێکسی پیـادە دەکەیت.

تکام وایـە ئامــێــری ورووژێنـەر وەک گــوێزانـی ڕیشــتــاشین، یاخــۆ قژوشککەرەوە تەماشا بکەیت... تەنیا ئامێرێکی زانستییە و ژیانمان جوانتر و ئاسانتر دەکات...

***

کریس بەئاسانی لەو شـەرمـە ڕزگاری نەبوو... ڕاسـتییـەکەی شـەرم نەبوو، بەڵکو هـەسـتکردن بوو بەسـەیری، سـواری میـترۆکە بـوو، کەروێشکە جـاکیش خـۆی لە کـیسـە ڕازاوەکـەدا مـەڵاس دابوو... سـەرەتا وای هـەسـت دەکرد ئەو دەسـتەی کیسـەکەی هـەڵگرتووە لە دەرەوەی جەسـتەیدایە، پاشان کـەڵکەڵەی ئەوەی کرد دوور نییە کیسەکە لە دەستی بکەوێت، یاخۆ لە ناکاو بدڕێت و پیرە ورووژێنەر سـەر دەربهێنێت، ئەوجا سـەرنشینەکانی میـترۆکە بۆیان دەربکەوێت، کە خانمی تایبر کەسکی چاویلکە ڕەش لە چاو ئامێرێکی کڕیوە

تا بەناوگەڵیدا بهێنێت...

کریس بەرهەڵستی ئەو نیگەرانییەی کرد و خۆی دڵنیا کردەوە، کە کیسەکە ئەستوورە و ئەستەمە بدڕێت، هەوڵی دا بەقسەکانی ژنەی پسپۆڕدا بچێتەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی:

«من شتێکم نەکردووە مایەی شەرم بێت... جەستەم موڵکمە، مافی خۆشمە بەو شێوەیەی بەدڵمە چێژی لێ ببینم... پاشان نارەوایە لەبەرئەوەی سەلاح لە ژیانی خۆی نارازییە من لە هەموو شت بێبەری ببم... حەز و ئارەزووەکانم ناشارمەوە و گەنجێتیی خۆم نافەوتێنم، ئەمە چییە سەلاح دوای سی ساڵ بۆی دەرکەوت هەڵە بووە کۆچی بۆ ئەمەریکا کردووە... مافی خۆمە چۆنم بوێت ئاوا چێژ لە سێکس وەربگرم».

ئەو لۆجیکەی بەمێشکیدا دەهات رازیکەر بوو، لێ رەنگدانەوەی گشت راستییەکە نەبوو... دەستەواژەیەکی ناتەواو هەیە دەیزانێ و لە بیری خۆی دەباتەوە... ئاریشەی سێکسی لە قەتماغەی برینێک زیاتر هیچی تر نییە... غەمی قووڵ دای گرتبوو... سەلاح داوای تەلاق دەکات؟!..

دوای ئەو هەموو ساڵانەی پێکەوە ژیان ئێستا دەیەوێت جێی بهێڵێت... ئاوا بەئاسانی، تەوقەی لەگەڵدا دەکا و دەڕوا... دەبێتە کەسێک لە رابردوو... لە یادەوەری... تەنیا وێنەیەک لە ئەلبوومدا، هەندێک جار تەماشای دەکات و پاشان دەیگەڕێنێتەوە شوێنەکەی خۆی لە چەکمەجەکەدا... ئەی بۆ لەخۆشویستنی وەستا؟ دەبێ کەوتبێتە داوی ئەوینی ئافرەتێکی دیکەوە؟ یاخۆ دوای ئەوەی ئەم کەوتە ناو ساڵەوە ئەویش پشتی تێ کرد؟ دەبێ بێ ئەوەی بەخۆی بزانێت بووبێتە پیرەژنێکی چەنەبازی وەڕسکەر؟ یاخۆ بەم دوادواییە خۆی رێک نەدەخست و گرنگی بەخۆی نەدەدا؟ ئاخۆ پیاوی عەرەب هەمیشە پێویستیان بەئافرەتی گەنجە بۆیە زیاد لە ژنێک دەهێنن؟ داخۆ سەلاح سەرەڕای ئەو هەموو ساڵەی لە ئەمەریکای گوزەراند، ئینجاش

لە ناخـیدا ئاوەزی پیـاوی ڕۆهەڵاتیی هەڵگرتووە؟ یاخـۆ لە ڕاسـتـیدا هەر خۆشی نەویستووە؟ ئاخۆ ئەم هەموو ساڵە هەڵی خەڵەتاندبوو؟... دەبێت لەبەر پاسەپۆرتێک خواستبێتی؟

لە پێناو تەواوکردنی شـێوازی کـۆمـەڵایەتی؟... تا ببێـتە مـامـۆسـتـایەکی زانکۆی کۆچبەری سـەرکەوتوو، کە ژنـە ئەمەریکاییـیەکی خـواستووە... ئـەگەر ئەمە وابێت ئەی بۆ تەمەنێک لەگەڵیدا بەردەوام بوو؟... ئەگەر ئەو دوای ئەوەی پاسـەپۆرتی ئەمەریکاییـی بەدەست هێنا وازی لێ بهێنایا ئاسانتر بوو... ئەو کات دەیتوانی لە بیری بکات، بەڵکو لێیشی خـۆش بێت... ئەوسا گـەنج بوو و دەیتـوانی سـەرلەنوێ دەست پێ بکاتەوە... هەرچی ئێـسـتـایە... دەڵێن ئەم هەموو سـاڵە بەکاری هێناوە و پاشان بڕیاری داوە تووڕی هەڵبداتە تەنەکەی زبڵـەوە... چۆن دڵی دێت تا ئەم ڕادەیە ئـازاری بدات؟... ئەگـەر خـۆشـیـشـی نەویستبـایا، ناکرێت پێکەوە ژیانیـان ئاوا بەسـووک و سـانایی لـە سـاتێکدا بسڕێتەوە... مافی نییە وا بکات...

ئەم بیـرۆکـانە وەکـو نۆرە ئـازاری درێژخـایەن دەرزی ئـاژنیـان دەکـرد... هەسـتکردنی بەکـوێرەوەری پێـویسـتـبـوونی بەلەزەت زیاتر دەکـرد... بەشـێـوەیەکی غـەریزی پاڵنەرێک هەبوو تا لەو باری خـەمـەی قـوتار بکات، هەمـوو هۆش و هزری دەخـسـتـە سـەر جەسـتـەی... ئاوێکی بەخـۆیدا کرد و بەڕووتوقـووتی گەڕایەوە ژوورەکەی، کە دوای ئەوەی سـەلاح لێی نەدەنووست ئەم بەتەنێ لێی دەنووست...

لاپتـۆپەکـەی کـردەوە و سـیـدییـەکـەی خـسـتـە سـەر، بەئاگـادارییـەوە ڕێنـوێنیـیـەکـانی ئیش پێکردنی ڕەچاو کـرد، لەسـەر نـوێنەکـە پاڵکەوت و کەروێشکە جـاکی دەرهێنا، پەنجـەکانی بەسـەردا هێنان، سـەرەکەی تابڵـێی لووس بوو، کـەچی چووکەکە گرنج گرنج بوو لە شێوەی میرووی تیژ... باشـە بۆچی بەکەروێشک ناودەبرێت؟

ئاخۆ لەبەرئەوەی لە کەروێشک دەچێت یاخۆ گوێڕایەڵ و دەستەمۆیە؟...

خۆی خزاندە ژێر چەرچەفەکەوە و چۆن لە ڕێنوێنییەکاندا هاتبوو چەوری کرد و بەشێنەیی خستییە ناوگەڵیەوە... یەکەم جار هەستی بەگەورەیی و ڕەقییەکەی کرد، هەر هێندەی پلی بەدوگمەکەیەوە نا حەزی دەکرد میز بکات، پاشان پەیتا پەیتا ئەو حەزەی نەما و دایە دەست هەستی بەهێز و ورووژێنەری سەرکردووەوە... شەپۆلی موچوڕکی شەیتانی جەستەی تەنی، بەتوندی گازی لە بالیفەکەی دەدا، تاکو هاوار نەکات، لەزەتەکە زۆر دڕندانە و کێوییانە بوو... بەبێ ئەندێشە و خۆشەویستی و هاوبەش... لەزەتێکی پەتیی سووتێنەر، دەتگوت قامچی، یاخۆ برووسکەیە بەردەوام بەتوندی لێی دەدا، تاکو لە کۆتاییدا بەشەپۆلی پەی دەرپەی هەژاندی و هاویشتییە ناو خۆشییەکی گەورەوە، پاشان لەوکاتی شادمانی شەکەتی کردبوو دەستی لێ بەردا...

بۆ سبەینێ لەژێر پریشکی ئاوی گەرماودا، هەستی بەجەستەی کرد چون سەرلەنوێ ژیابێتەوە سپوساغ و بووژابووەوە، مێشکی ساف و دەمارەکانی لە کرژبوونەوە ئازاد ببوبوون، دەتگوت ڕۆژێکی تەواو لە خەونێکی قووڵدا بووە...

کەروێشکە جاک گەیاندیە کەشکەڵانی فەلەکی لەزەت، بەشێوەیەکی تەنانەت لە سەرکێشترین شەویدا لەگەڵ سەلاح پێی نەگەیشتبوو...

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەهاتنی شەو خەنی دەبوو. بایەخی بەجەستەی دەدا، پاشان وەکو دۆستێکی ڕاستەقینە کەروێشکە جاکی لە خۆی دەبڕی... دەتگوت خۆشەویستیی لەگەڵدا دەکات... کێ ئەو هەموو خۆشییەی پێ ببەخشێت ئەم خۆشی دەوێت، تەنانەت ئەگەر ئامێرێکیش بێت بەپاتری کاربکات... بەمیهرەبانییەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد، بەئاگاداریییەوە خاوێنی دەکردەوە، بەوپەڕی وریاییشەوە ئەو شلەیەی بەسەردا دەکرد و دەیشێلا.

چون بترسێت برینداری بکات، یاخۆ ئازاری پێ بگەیەنێت، بەنەرمییەوە قامکەکانی بەبانیدا دەهێنان... وای لێهات جلەوی بۆ شل دەکرد، لەکاتی ڕەحەت بووندا هێند بەدەنگی بەرز ئاخ و ئۆفی دەکرد، دەنگی دەگیرا، بەلایەوە گرنگ نەبوو سەلاح گوێی لێ بێت یان نا... دڵنیا بوو ژیانیان کۆتایی پێ هاتووە...

سەلاح بەیانیان بەتەنێ بەرچایی دەکرد و نیوەڕوانیش لە دەرێ فراوینی دەخوارد، دواتریش نووسینگەکەی لەسەر خۆی دادەخست، تاکو چاوی بەچارەی نەکەوێت... چ گوێی لێیە ئەگەر ئاخ و ئۆفی شەوانەی ببیستێت؟... یاخۆ ئەگەر ببینێت لەگەڵ کەروێشکە جاکدا ڕادەبوێرێت؟... هیچ شتێکی ئەوی بەلاوە گرنگ نەبوو، بەڵکو لە ڕاستیدا کریس خۆی حەزێکی ناوەکیی قووڵ وای لێ دەکرد دەنگی لێ هەڵبڕێت، تاکو ئەو بیبیستێت... دەیویست پێی بڵێت:

«ئەوەتانێ وا ئەو چێژەم دەست دەکەوێت، کە تۆ منت لێ بێبەری کردبوو... ئا ئەوەتانێ ئەو لەشولارەم، کە جێت هێشت و پشتگوێت خست و بەدەستەپاچەییکەت ئازارت دا، دەبووژێتەوە و جار دوای جار ئازاد دەبێت...»

دوکتۆر سەلاح قسەکانی نەبیستن، نەک تەنیا لەبەرئەوەی ژێرزەوینی ماڵەکەیان چەپەک و دوورەدەستە، بەڵکو لەوێ نەمابوو، چونکە لەمپەرەکەی بڕیبوو و گەیشتبووە ئەودیو، لەوسەری ژێرزەوینەکە جیهانێکی ئەفسووناویی هەزار و یەک شەوەی بینیبووەوە، شەوان بەر لەوەی ڕۆژە ناحەز و درێژەکە هێرش بێنێت، ئەم بۆی دەکشا و جوانییەکەی دەڕفاند... هیچ گوێی بەژیانی ڕۆژانە نەدەدا... ئیتر بیری لە کریس و تەلاقدان و لە پیاوەتی کەوتن و تەنانەت لە کارەکەیشی نەدەکردەوە...

وای لێ هات ڕۆژانە بەنیوە ئاگادارییەوە خۆی بەکێش دەکرد، بەشێوەیەکی ڕاگوزەر و بێ گوێ پێدان، چاوەڕوانی ساتی دەرچوونی

دەکرد، نیوەی شەو گەشتەکەی دەست پێ دەکرد، ئاوێکی بەخۆدا دەکرد و وابۆنی لەخۆی دەدا دەتگوت ژوانی هەیە، پاشان دادەبەزییە ژێرەمینەکە و جلی سالانی حەفتاکانی لەبەر دەکرد، بەرگدرووەکی باشی دۆزییەوە، ژیانی بەبەر سیپاڵە کۆنەکانیدا کردەوە، گەورەی کردنەوە و لەبەریدا ڕێکی خستن، هێند پارەی زۆری لێ سەند بەشی کڕینی کۆمەڵێک جلی نوێی دەکرد... بەرلەوەی گەشتە شەوانە دەرباییەکەی بکات، دەرگەی ژێرزەوینەکەی لە ناوەوە دادەخست، ڕەنگە لەبەر ئەوەبێت، تا هەست بەوە بکات تەواو لە جیهانە دەرەکییەکە دابڕاوە، یاخۆ لە ترسی ئەوەی نەکو کریس دەرگەکە بکاتەوە و بەم شێوەیە بیبینێت... ئەوکات بۆی دەردەکەوێت کە شێت بووە... ئەویش لە توانایدا نابێت پاساوی بۆ بێنێتەوە... ئەو بەخۆی تێناگات... حەزە کوشندەکەی لە تێگەیشتن و بەرهەڵستی کردنی بەهێزترە... ئەم سیپالانە مێژووەکەیان لە ناواخنی خۆیاندا هەڵگرتووە، بۆنی ڕۆژە ڕاستەقینەکانی... هەر پارچە جلێک یادەوەریی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرێت: کراسە لۆکەییە تەنکەکانی شۆربەچی، کە لە فرۆشگەی سوەیلم لەناوەندی شاردا دەیکڕی... قاتە سپییە چەرکەسکینەکەی، کە لە دانیشتنە هاوینییەکانیدا لەبەری دەکرد... قاتە شینەکەی، کە تایبەت بوو بەسەیرانی ڕۆژی پێنجشەم، ئەم قاتە ڕەشە خەتخەتییەیش بەتایبەت کڕیبووی بۆ ئاهەنگ گێڕانی جەژنی لە دایکبوونی زەینەب، ئەوەبوو نانی شێوانیان لە چێشتخانەی ئۆنیۆن لە بەرابەر دادگەی بالا خوارد، پاشان پێکەوە چوونە سینەمای ڕیڤۆلی، تا سەیری فیلمی «أبي فوق الشجرة»[14] بکەن.

لە بەرگی ناوەوەی چاکەتەکەدا کاغەزێکی لوولدراوی بینییەوە، کە سی ساڵی ڕەبەقە لە ناویدا بوو... پاشماوەی بلیتی ئاهەنگێکی ئوم کەلسووم بوو،

١٤. ئەم فیلمە لە نواندنی ستێرانبێژی کۆچکردوو "عبدالحلیم حافظ" و "نادیة لطفي"یە (و).

کە لە ساڵی ١٩٦٩دا ئامادەی بووبوو... یەکسەر شتێک بەئاوەزیدا هات، بەپەلە ژێرزەوینەکەی جێ هێشت و بە نەوارێکەوە گەڕایەوە، گۆرانیی «الأطلال»ی خستە سەر، دانیشت گوێی لێ دەگرت و ئەو قاتەی کردەبەر، کە بۆ یەکەمین جار گۆرانییەکەی بیست لەبەریدا بوو...

ئەوەتانێ دەگەڕێتەوە لای خۆی، سواری ئەو ئامێری کاتە دەبێت، کە ئێچ. جی. وێلز لە ڕۆمانەکەیدا باسی کردووە. لە سەر ئاوازی گۆرانییەکی ئوم کەلسووم لەبەرخۆیەوە کەوتە مزەمز و جارجارەش، کە گەرم دەبوو دەنگی لێ هەڵدەبڕی و لەو چانەکاندا بەهەمان شێوەی لەئاهەنگەکەدا کردی، دەستی بەچەپڵە ڕێزان دەکرد...

وای لێ هات گشت شەوانێک گوێی لە گۆرانییەکانی ئوم کەلسووم دەگرت، کاتێکیش کاتژمێر لە دووی بەیانی بەکاتی شیکاگۆ نزیک دەبووەوە، واتا نۆی بەیانی بەکاتی قاهیرە... ئەوا دوکتۆر محەمەد سەلاح نەوارەکەی دەکوژاندەوە، چاویلکە پزیشکییەکەی لەچاو دەکرد و دەفتەری تەلەفۆنی دەکردەوە و پێوەندیی بەناسیاو و برادەرە کۆنەکانیەوە دەکرد... سەرپاکی نمرەی تەلەفۆنەکانی قاهیرە گۆڕابوون:

پێنج ژمارەییەکان بووبوونە حەوت ژمارەیی... ئەو ژمارانەی بە ٣ دەستیان پێ دەکرد بووبوونە ٣٥ یان ٧٩ ... هەرجارە و لە شێوەی ئەهلی کەهف شتێکی سەیری بەسەردا دەهات، سی ساڵ نووست پاشان بێدار بووەوە و بۆ شارەکەی گەڕایەوە، ژمارەیێلێکی زۆری هەڵەی بینییەوە، گەیشتە ئەو ئەنجامەی ئەو کەسەی ئەم دەیناسێت شوێنەکەی گۆڕیوە، ناوبەناو ژمارە ڕاستەکە دەدۆزێتەوە، دوایی بۆی دەردەکەوێت خاوەنەکەی مردووە، هەندێک جاریش یەکێک دەدۆزێتەوە، کە پرسیاری بکات، دەکەوێتە پێشییەوە و بەشێلگیرییە پێی دەڵێت:

– نامناسیت؟ من محەمەد سەلاحم... هاوکاری کۆلێجی پزیشکی لە

قاهیره لە دەرچووانی ١٩٧٠م.

هەمووان ئەویان دێتەوە بیر، هەندێکیان یەکسەر و ئەوانی دیکەش دوای بیرکردنەوەیەکی کەم... دەنگی چاک و چۆنی و پێکەنین بەرز دەبێتەوە، ئەویش درێژەی پێ دەدا:

– من ئێستا مامۆستام لە کۆلێجی پزیشکی لە شیکاگۆ...

– خۆشحاڵ بووم...

دوای چاک و خۆشی و بیرهاتنەوەی ڕۆژانی ڕابردوو، دەبێت ئەوساتە بێت گەرمیی قسەکان بەلایەکی تردا ببرێن، وەک ئەوەی ئەوی قسەی لەگەڵدا دەکات بپرسێت: «چی منی هێنایەوە بیرت؟ بۆچی قسەم لەگەڵدا دەکەیت؟!»...

دەبوو وەڵامێک ئامادە بکات، درۆی ڕیزدەکرد و قسەی لەسەر پرۆژەیەکی خەیاڵی دەکرد بۆ خڕکردنەوەی دەرچووانی ساڵی ١٩٧٠ی پزیشکیی قاهیرە... یاخۆ بانگەشەی ئەوەی دەکرد، کە پرۆژەیەک هەیە بۆ هاوکاریکردنی نێوان پزیشکانی ئەلینۆی و میسر... خێراخێرا چەنەی لێ دەدا و بەشێلگیرییەکی واوە درۆی دەکرد خۆیشی سەیری دەهاتێ... ئامانجی ئەوەبوو ئەوی قسەی لەگەڵدا دەکرد تووشی تێکەولێکەی هزری بکات و بیر لە سەیر و سەمەرەیی قسەکانی نەکاتەوە و هەست بەبەزەیی هاتنەوە لە بەرابەریدا نەکات، دەبێت بەوە نەزانن، کە شوێنپێی تاسە و پەرۆشی دای ڕزاندووە، ئەو دوای شەست ساڵی بۆی دەرکەوت، کە هەڵەیەکی گەورەی کردووە وڵاتی جێ هێشتووە، تاڕادەی مردن لە کۆچکردنەکەی پەشیمانە... نابێت بەلاوازی و خەمەکانی بزانن... ئەوی لێیانی گەرەکە ئەوەیە هەندێک لەبارەی ڕابردووەوە قسەی لەگەڵدا بکەن... لەگەڵیاندا ژیانی ڕاستەقینەی خۆی بەسەر بکاتەوە... وای لێ هاتبوو شەوان تا گزنگی دەدا بەپێوەندیکردن لەگەڵیاندا دەیبردە سەر، ئینجا هەڵدەستا ئاوێکی

بەخۆدا دەکرد و چەند فنجانێک قاوەی دەخواردەوە و بۆ کۆلێج دەچوو... دوو سێ ڕۆژ جـارێک کـۆئەندامی دەمـاریی دەڕووخـا و وەکـو مـردوویەک، تا سەرلەبەیانیی ڕۆژی داهاتوو لێی دەنووست، پاشان هەڵدەستا و سەرلەنوێ خـۆی بەدەریـای ڕابردوودا دەکردەوە... بەسـەر گەنجینەیەکی ڕاستەقینەدا ڕما، ئەو کـاتی لـە ئەنتـەرنێت ڕێبـەرێکی تەواوی تەلەفـۆنـەکـانی قـاهیـرەی دۆزییـەوە... وازی لە بیـرنامـە (مـفکرە) کـۆنەکـەی هێنا و ڕێبـەرەکـەی بەکاردەهێنا، ئێسـتا لە توانایدایە گورزی کـوشندە بووەشـێنێت، ناوەکەی بەتەواوی دەهێنـایەوە بیر خـۆی، پاشـان لە ڕێبەری ئەنتـەرنێت لێی دەگەڕا، تاکو ژمارەکەی دەدۆزییەوە و پێوەندیی دەکرد... کۆمەڵێک دۆست و ناسیاوی کۆنی خۆی بەسەر دەکردەوە و گەیشتە خاڵی ئامانج... کۆتاییی گەشتەکەی... ئەو ناوەی لە سەرەتاوە پێی لەسەر دادەگرت و لە دەستیشی هەڵدەهات... ئەو ناوەی هەوڵێکی زۆری دا تا لە مێشکی خۆی دەربکات، سەرەنجام خۆی دایە دەستـەوە... لە بەرابەر کۆمپیوتەرەکە دانیشت و ڕێبـەرەکەی کردەوە، پاشان کلیکێکی کرد:

«زەینەب عەبدولڕەحیم محەمەد ڕەزوان»...

تەمـاشـایەکی کـرد، هـێند شـڵـەژابوو خـەریک بوو هەناسـەبڕکـێی پێ بکەوێت... چەند ساتێک ڕابورد و وەڵامەکەی بەدیار کەوت... «داوای لێبووردن دەکەین، کە ئەم ناوەمان لا نییە»...

سـەیری پیـتـەکانی سـەر شاشـەکەی کرد، بێ هیـوایی دای گرت... بیری کردەوە زەینەب پێنج ساڵ لەم بچووکترە، دەبێت لەمێژ بێت شووی کردبێت، هەڵبـەت تەلەفۆنەکەش بەناو پیاوەکەیەوە تۆمارکراوە، ئەمە ئەگەر لە ژیاندا مـابێت... غـەم دای گـرت... دەبێت مـردبێت؟... وای دابنێین مـردووە، ئەم چی بەسـەرەوە؟... ئاخـۆ مـایەی گـاڵتـەجـاڕی نییـە دوای ئـەوەی سی سـاڵ جـێی هێشت ئێستاش غەمی بۆ بخوات؟... بیری کەوتەوە ڕێبەرێکی پیشەیی هەیە

ژمـارە تـەلەفـۆنـی کـارەکـەت پـێ دەدات، ناوی چوارینەی نووسـی و کلیکی لەسـەر سێرجـەکە کرد... دوای چەند ساتێک لـە خۆشییاندا خـەریک بوو دڵی لە لێدان بکەوێت... ناوەکەی بەدیارکەوت و لە ژێریدا نووسرابوو:

«چاودێری گـشـتـیی پلاندانان لـە وەزارەتی ئابووری» پاشـان ژمـارەکـانی نووسـینگەکەی... چییـە زەینەب بوویتـە یەکێک لە فـەرمـانبـەرە گەورەکـانی دەوڵەت؟... داخـۆ تا ئێـسـتـاش سـووریت لەسـەر باوەڕە شـۆڕشگێڕییـەکانت، یاخـۆ بوویتـەتە ئافـرەتێکی ئاسـایی، فـەرمـانبـەرێکی دەوڵەت و لە لیـسـتی ڕۆژانەی ئامـادەبووندا ئیـمـزا دەکات، دوو ڕوویی بۆ سـەرۆکەکانی دەکات و پیـلان لـە دژی هاوەڵەکانی دەچنێت، پاشـان بەپەلـە دەگەڕێتەوە مـاڵ، تا بەر لەوەی مێردەکەی و منداڵەکانی بگەڕێنەوە خواردنیان بۆ لێبنێت؟!

«دەبێت ئێـسـتـا چۆن بیت زەینـەب؟ داخـۆ ڕۆژگـار لەگـەڵتـدانەرم بووە و کەمێک لەو سحرە کۆنەی بۆ جێ هێشتوویت؟! یاخۆ بوویتە بەژنێکی قەڵەوی لەچک لەسـەر وەک ئەو دەیان هەزارەی شەقامەکانی قاهیرە گرتوونیـەتە خۆ و لە تەلەڤزیۆن دەیانبـینێت؟ چـەندم پێ ناخـۆشـە وابێت! زەینـەب من تاکـو ئێـسـتـاش تۆم وەکـو خـۆت لە یادەوەریمدا هەڵگرتووە... هەروەک چۆن لە باخـچـەی ئۆرمـان بـەتەنیـشـتـمـەوە دادەنیـشـتیت؟ چەندە جـوان و نازدار بوویت!... زەینەب دەکـرێت وەکـو جـارانمان لێ بێـتـەوە؟... دەبێت ڕێگـەیەک هـەبێت بگەڕێینەوە لای یەک...»

کـاتژمێر دەی بەیانییـە بەکاتی قاهیـرە... کـاتێکی باشـە بۆ پێوەندیکردن... ڕەنگە وەکـو فـەرمـانبـەرە گـەورەکـان تۆزێک درەنگ بۆ دەوام بڕوات... نیـو کـاتژمـێـری دیکەش چاوەڕوانی کـرد، تا لـە ئامـادەبوونی دڵنیـابێت، ئینجـا پێوەندیی پـێـوە کرد... زۆری کۆشش کرد، تاکو شڵـەژانـەکەی بشـارێتـەوە... سکرتێـرەکـەی بەدەنگێکی ناسک وڵامـی داوە... ئەم پرسـیـاری مـامـۆسـتـا زەینـەبی لێ کرد، ئەویش پرسـیاری ناوی ئەمی کرد... هێند شڵـەژابوو دەنگی بەخنکاوی دەرهات...

– من هاوەڵێکی کۆنی ئەوم و لە ئەمەریکاوە قسە دەکەم...

– تکایە تەنیا ساتێک...

وای پێ گوت و لەگەڵ ئاوازی مۆسیقای چاوەڕوانیدا جێی هێشت، بێ کۆتا لێی دەدا، لە ناکاو بڕا و دەنگی ئەو هات...

– بەیانیت باش...

– ژیانت باش... من سەلاحم زەینەب...

٢٨

ڕۆژێک تێ ناپەڕێت بێ ئەوەی تارق حەسیب لە کانیاوی خۆشی نەنۆشێت... خێرا خوێندنەکەی تەواو دەکات و ئاوێکی گەرم بەخۆیدا دەکات، هەر هێندەی لە ئاوێنە لە جەستە ڕووتەکەی خۆی دەڕوانێت، ئەوەی بەبیردا دێت دوای ماوەیەکی کەم چی دەکات، ئیتر ئاگری تێ بەردەبێت، قژی لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەبات هەتا کەچەڵییەکەی پێ داپۆشێت. بۆنی گرانبەهای «پینۆ سیلڤستەر» بەسەر و مل و سینگیدا دەپژێنێت، پاشان بەپرتاو لە ئەپارتمانەکە دەردەچێت... خەریکە بکەوێتە غاردان، بازدەدات... سواری ئاسانسەرەکە دەبێت ڕاست بەرەو ئەپارتمانەکەی شەیما، پەنجە بەزەنگەکەوە دەنێت، هێند زوو دەرگەکەی لێ دەکاتەوە، وادەزانێت لەودیو دەرگەکەوە چاوەڕوانی بوو، پری پێدا دەکات، لە ئامێزی دەگرێ و دەکەوێتە ماچکردنی... بەدەنگێکی ناسکی سەرزەنشتکارانەوە دەچرپێنێت:

– بەسە تارق.

– نا.

– پێویست دەکات هەموو ڕۆژ یەکتری ببینین؟

– بێگومان.

– ئەوەندە بەس نییە، کە ڕۆژی شەممە دەیکەین؟

– هەموو خولەکێک پێویستم پێتە.

– دەبێت ئاوڕێک لە خـۆمـان بدەینەوە... تاقـیکردنەوەی تێـرم[١٥] نزیک بووەتەوە.

– ئەنجامەکانمان لە هەموو جارێک باشتر دەبێت.

– خوا یاربێت.

ئەو تاوە دڵدارییەیان لە نیـو کاتژمـێر زیاتری نەدەبرد... تارق ناوی نابوو «سـڵاوی بەپەلەی خۆشـەویستـی»، دوای ئەوە دەگەڕێتەوە مـاڵ و سـەرلەنوێ ئاو بەخـۆیدا دەکـاتەوە، ئیـدی وەکـو منداڵ خـرپ لێی دەخـەوێت... ڕۆژانی شـەممـە سـڵاوەکـە بەپەلە نابێت، بەڵکو ژن و مـێرد ئاسـا بەڕێی دەکـەن... پێداویستـییـەکانی حـەفتـە دەکرن و بۆ سینەمـا دەچن، پاشـان دەگەڕێنەوە ئەپارتمانەکەی شەیما، پیجامەکەی لەوێ دای ناوە دەکاتە پێی و لە پێش ئەو دەچێتە سەر جێخەو، تا ئەو لە خۆشوشتن دەبێتەوە ئەم سەیری تەلەڤزیۆن دەکات، کـاتێک دەیبـینێت بۆ لایەوە دێت و دەموچاوی لەبەر ئاوە گەرمـەکە سـوور هەڵگەڕاوە، هـەناسـەبڕکـێی حـەزی دەکـەوێتـە گـەڕ... شـەیما لـەناو جێگەکەدا هەمـوو جلەکانی لێ فڕێ دەدات، تەنیـا مـایۆکەی نەبێت (چونکە ڕێککەوتبوون لەسەر ئەوەی هێڵی سـوورە و بەهیچ شێوەیەک نابێت سنووری ببـڕدرێت)، وەکـو ژنێک لە خـەمی ڕازیکردنی مـێردەکەیدا بێت لە ئامێـزیدا دەتوایەوە، دوای ئەوەی لـە خۆشـەویسـتی دەبنەوە، دەکـەونە گـفـتـوگـۆیەکی گـەرمی بەتامی پڕ لـە ئارامی... هەست بەکـات ناکـەن، هەندێک جـار هەمـوو ڕۆژەکەیان لـەناو جێگە بـەڕێ دەکەن، بەڕووتوقـووتـی دەست لەملی یەکـتـری دەکەن و لێی دەنوون:

هـەڵدەسـتن، نانـەکـەیان دەخـۆن، چـای دەخـۆنەوە و زیـاد لـە جـارێک تێهەڵدەچنەوە...

لە سـەرەتـادا شـەیمـا تووشـی ئازاری قـووڵی ویژدان بوو، نوێژەکـانی

---

١٥. تێرم: (Term) کۆرسی خوێندن.

تێکچوون، پاشان بەیەکجاری بڕان، مۆتەکەی بێزارکەر جارسیان کردبوو:

زیاد لە جـارێک بـابی هـاتە بەرچاوی دەیشـیـڕاند بەڕوویدا و بەتوندی دارکاری دەکرد، لە هەمـان کاتدا دایکی لە پشتەوە وەستـابوو بەکوڵ دەگریا، لێ نەدەهات دەستی بگرێت.

پەیتا پەیتا گەیشتە لۆجیکێکی خۆشی هێن:

چووە بەشی عـارەبی کتێبـخـانەی گشـتـیی شـیکاگۆ، ئەو فـەرمـوودانەی دەنووسـینەوە، کـە تارق لە (بـخـاری)یـەوە وەری گرتبـوون... سـزای شـەرعی تەنیا لەسـەر زینا... مانای زینا، چوونی گۆشت بۆ ناو گۆشت وەکو کلچێوک لە کلداندا.

چیـڕۆکـێکی نووسـراو هەیە لـەسـەر پیـاوێک زینـا دەکـات و دەچێـتـە لای پێـغـەمـبـەری خـوا (د.خ)، تاکـو بۆی یـەکلایـی بکاتەوە، پێـغـەمـبـەر بەزەیی پێداهاتەوە و لە بیری خۆی بردەوە، تاکو بەخۆیدا بچێتـەوە، یاخۆ هەڵبـێت، کـەچی کـابرای زیناکـار مکوڕ بوو لەسـەر ئەوەی پێـغـەمـبـەر سـزای بدات، ئەویش (د.خ) لێی پرسی:

«ئاخۆ بەڕاستی زینات کردووە؟ ڕەنگە مـاچت کردبێت... ڕەنگە دەستت بەر دەسـتـی کـەوتبـێت... ڕەنگە ڕانت بەر ڕانـی کـەوتبێت».. هـەمـوو ئەمـانە پلەی پێکگەیشـتنـی سێکسین و لەخـوار زینا کردنەوەن، هیچ سـزایەکی شـەرعیی لەسـەر نییە... خوا بیەوێت لێی خۆشدەبێت!...

ئەو لەگەڵ تارقدا زینای نەدەکرد، بۆیە ئومێدیان لە لێخـۆشبـوونی یەزدان لێـیـان گـەورەیە، چونکە خـوای مـەزن لە مـەرامی ڕاسـتـەقـینەیان لە بۆ یەکبوونیان ئاگادارە... ئەگەر بیانتوانیبـا ئێسـتـا زەمـاوەند بکەن ئاویان لێ نەدەخـواردەوە، لێ چـارە نیـیـە... ناتوانن بـێ ڕەزامـەندی کـەسـوکـاریان، لە شـیکاگۆ زەمـاوەند بکەن، لە هەمـان کاتیـشـدا ناشـتـوانن نێردەکەیان ببڕن... هـەر لەگـەڵ یەکەم سـەفـەریاندا، کـە ڕێیـان پـێ بدرێت مـارە دەبڕن... ئـەمـەش

دوای دوو ساڵ دەبێت، لەو کاتەدا ئەم دوکتۆرای بەدەست هێناوە، ئەویش لە مۆڵەتی نیوەی نێردەکەیە... شەیما بەقورئان سوێندی دابوو هەرکە گەڕانەوە میسر یەکسەر مارەی ببڕێت، وای لێ کردبوو ئەو قسەیە بڵێتەوە، کە خۆی دای هێنابوو: «شەیما ئەوا من لەسەر سوننەتی خوا و پێغەمبەر تۆم خواست، هەر هێندەی بگەڕێینەوە میسر مارەت دەکەم، خواوەندیش لەسەر ئەوەی دەیڵێم گەواهی دەدات»...

بەم شێوەیە دڵنیابوو، ئیدی مۆتەکەش هەراسانی ناکات، گەڕایەوە سەر نوێژکردن... ئەو ئێستا ژنی شەرعیی تەواوێتی (تەنیا هێڵە سوورەکە نەبێت)، ناتەواوییەکەی ئەوەیە تۆماری بکات.

بەڕاست، ئەنجامدانی تۆمارکردن لە ئیسلامدا نییە، بەڵکو پێویستییەکە و حکوومەتەکان بەم دوادواییە دایانناوە... ڕۆژگاری پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) ژنهێنان زارەکی بوو... چەند وشەیەکە و هەردووکیان دەیڵێنەوە، ئیدی لە بەرابەر پەروەردگاردا دەبنە ژن و مێرد... هەرئەمەشی لەگەڵ تارقدا کرد... قەناعەتی بەخۆی هێنابوو، کە لەسەر سوننەتی خوا و پێغەمبەر ژنی ئەوە، دەستی بەخوێندنەوەی کتێبە ئاینییەکان کرد، ئەرکەکانی ژنی موسڵمانی خوێندەوە و کەوتە پێڕەوکردنیان:

نامووس وماڵی بەئامادەبوون و لە پشتییەوە بپارێزێت، خانوو و شوێنێکی هەبێت خۆی تێدا ستر بکات... هەرچی تارق بوو دەتگوت کوویە ئاڵتوونی دۆزیوەتەوە، ژیانی بەتەواوی گۆڕا... ئەم هەمەوو لەزەتە؟!... ئەم هەمەوو خۆشییە؟! ئێستا دەتوانێت لەو ڕووداوانە تێبگات، کە لە ڕۆژنامەکاندا دەیانی خوێندەوە:

پیاوێک لە پێناوی خۆشەویستەکەیدا دزی بکات، یاخۆ پیاو بکوژێت... ڕەنگە لە ساتێکدا ئەو چێژە لە ژیان بەنرختر بێت!... چەندە پەشیمانە کە پێشتر نەیناسیوە...!

سی و پێنج ساڵ بیاوان ئاسا وشک و برینگ بوو... چون برسییەک هەوڵ بدات بەخەیاڵ خۆی تێربکات، ئاوا ژیا... ئەو ئێستا کەسێکی دیکەیە... جیاواز... ڕقی لە دنیا نابێتەوە... بەجیقڵدانە تەنگییەوە مامەڵە لەگەڵ کەسدا ناکات... وەکو جاران نەما لە هەموو ساتێکدا ئامادەی شەڕ بێت... بووبووە کەسێکی هێمن و قایل، تەنانەت ڕوخساریشی گۆڕابوو... «بەیەزدانی مەزن گۆڕاوە!» لە ئاوێنە تەماشای خۆی دەکرد و ئاوا سوێندی دەخوارد... ناسکی و پاراوی بەپێستەکەیەوە دیار بوو، دەرپۆقیویی چاوەکانی کەم بووبوونەوە، هەینێ قسانی دەکرد دەمارەکانی کرژەوە نەدەبوون و دەمی گێڕەوە نەدەکرد... لە هەمووشی سەیرتر ئەوەبوو حەزی لە فیلمی ڕووت نەدەکرد... تەنانەت زۆرانبازیی ئازادیش، کە لە منداڵییەوە شەیدای بووبوو، ئێستا بەدەگمەن حەزی بینینی دەکات! ئەو حەوانەوەیەی لە خۆدانە بەر خورەی ئاوە گەرمەکە لە دوای خۆشەویستی کردن بەدەستی دەهێنا، بەوشە وەسف ناکرێت. وەلێ... هەر بەڕاستی نیازی هەیە شەیما بخوازێت؟ پرسیارێکی زەحمەتە کەس ناتوانێت، تەنانەت تارق خۆیشی وەڵامێکی بنجبڕی بداتەوە... ئەم خۆشیدەوێت... جارێکیان خوێندیەوە، پیاو دەتوانێت هەستە ڕاستەقینەکانی بەرابەر بەئافرەت دوای ئەوەی لەگەڵیدا دەنوێت تاقی بکاتەوە... ئەگەر دوای ئۆرگازم حەزی کرد لەو ژنەی هاونوێنیی لەگەڵدا کردووە دوور بکەوێتەوە، ئەوە نیشانەی ئەوەیە ئەو ژنەی خۆشناوێت، پێچەوانەکەشی ڕاستە... ئەم هەرگیز لە شەیما تێر نابێت... لەناو جێگە لێی نابێتەوە و باوەشی لێ داوە، وەکو دایکی بێت لەباوەشیدا هەست بەئاسوودەیی دەکات، هەندێک جاریش، ئەوکاتی سۆز و خۆشەویستی بەر شەپۆلی دەدەن، دەکەوێتە ماچکردنی هەموو جەستەی... دەیلێسێتەوە... حەزدەکات بیخوات... کەواتە پێوەندییەکەی تەنیا حەز و شەهوەت نییە... ئەم خۆشیدەوێت و بەدرێژاییی ڕۆژ بەتاسەوەیە بۆی، باشە ئەم هەموو شتانە ئەوە دەگەیەنن کە دەیخوازێت؟... وەڵامەکەی نارۆشنە... پەیمانی خواستنی

پیّ داوه و له دوایشــیــیــهوه ســوێندهکــهی خــوارد... ههزار جــار دڵنیــای کردووهتهوه، که تانووکهش ڕێزی لیّ دهگرێت و دڵنیایه خۆی پیاوی یهکهم و دواییــیــهتی... داخــۆ ئهمــهی له قــایلبــوونهوه کــردووه، یاخــۆ له بــهزهیی پێداهاتنهوهوه، یاخۆ (ئای چ بیرۆکهیهکی بهده) ئهم له دهستپێکهوه درێژهی بهئیــشــهکــه دا و چاک دهزانێت بــهمــه یهکــجــاری له خــانهی خــواســتنی دادهبڕێت؟... دهبێت ئـهو دهمی هـهســتـی کـردووه بۆی لیّ دراوه و پابهندێتی بهئـهنقــهست ســێکسـی لهگــهڵدا کــردبێت، تـاکـو لهبهرچاوی بکهوێت و بۆ یهکـجـاری خـواستن له مـێشکی خـۆیدا دهربهـێنێت؟ وهڵامـهکـهی نازانیّ و سـهرقـاڵیشی نـهکردووه... بۆچی خۆشییـهکهی بهوهسـواسی لێخن بکات؟... پهلـهی چیــیــهتی؟... دوو ســاڵی ڕهبـهقی له بـهردهمــدایه بهرهو ڕووی ســاتی بڕیاردان ببێتهوه... دهبا ئێستاکیّ له کانیاوی بهختهوهری بخواتهوه، دوای ئهوهش چی دهبێت بابێت... له ئاوهزی خۆیدا وای گوت، مێشکی خۆی ساف کـرد و چـهند مـانگێکی له بـهههشت بردهســهر، خـۆشــترین ڕۆژانـی ژیانێن وهلیّ... خۆشی تاسـهر بۆ کیّ ماوهتهوه؟... دوێنیّ... دهوروبهر کاتژمێر سێی دوای نیوهڕۆ، تارق له پێداچوونهوهی سـهمپڵـهکانی توێژینهوهکهی بووهوه، دهرگـهی نووسـینگهکـهی داخـست و ئامـادهی ڕۆیشتن بوو، کـهچی سـهیری هاتیّ دوکـتــۆر بیلّ فــریدمــانی ســهرۆک بـهش له بهرابـهریدا وهســتــاوه... بهئاماژهیهک سڵاوی لیّ کرد و بهدهنگێکی تیژهوه گوتی:

– تارق هاتووم بتبینم... دوو سیّ خولهک بوارت ههیه؟

– بێگومان.

– کهواته لهگهڵمدا وهره.

## ٢٩

تا بڵێی باڵەخانەکە جوان و ڕازاوە بوو:

سێ نهـۆمی و بەباخـچـە دەورە درابوو، دوکتـۆر ڕەئفـەت بلـەز ڕاڕەوەکـەی بڕی... نووسینگەی پسپۆڕە دەروونییەکە لای ڕاستەوە بوو، لە دەرگەکەی دا و چووە ژوورێ، بزەیەکی کرد و گوتی:

– من ڕەئفەت سابتم... بمبەخشە لە دواکەوتنم... زۆر بەزەحمەت شوێنم بۆ ئوتۆمبیلەکەم دۆزییەوە.

– قەیدی نییە... فەرموو دانیشە.

پسپۆڕە دەروونییەکە پیرە ژنێک بوو لە داپیرەی دەکرد، سـەری پاک سپی بووبوو، قژە کورتەکەی بەملاو بەولای سەرە بچووکەکەیدا هاتبووە خوارێ، دەم بەپێکەنینییەکەی هەستی ئاشنایی و میهرەبانی دەگواستەوە... دەتگوت کارتی یەکتری ناسین پێشکێش دەکات... گوتی:

– ناوم کاترینە... من بۆ یارمەتیی تۆ لێرەم.

– ماوەیەکی زۆرە لێرەدا کاردەکەیت؟

– لە ڕاستیدا من کارناکەم. من خۆبەخشم بۆ یارمەتی کەسانی ئالوودە و خێزانەکانیان.

– دەستخۆشی ئەو هەستە جوامێرانەیەت لێ دەکەم!

ڕەئفـەت ڕەوتی قسـەکـانی بەلایەکدا دەبرد دوور لـەو بابەتەی لە پێناویدا

هاتبوو، ڕەنگە لەبەرئەوەی بێت چۆن دەست پێ بکات.

– سوپاست دەکەم... بەڵام ئەوی هانی خۆبەخشیی دام بەتەواوی هەستی جوامێرانەم نەبوو... «تیدی»ی کوڕە تاقانەم بەئالوودەیی مرد!

کاترین لەوکاتی بزەکەی سەر لێوی کوژایەوە، بەهێمنییەوە وای گوت.

– هەستم کرد من بەرپرسیاری یەکەمم لە مردنەکەی... دوای جیابوونەوەم لە باوکی تەواو خۆم بۆ کارەکەم تەرخان کرد... بەدرێژاییی بیست ساڵ، ویستم بۆخۆمی بسەلمێنم، کە من کەسێکی سەرکەوتووم... کۆمپانیایەکی ماددە پاککەرەوەکانم هەبوو، هەموو کاتی خۆم پێ بەخشی، تاکو بووە گرنگترین کۆمپانیا لە شیکاگۆ... پاشان درەنگ بۆ ڕزگارکردنی کوڕەکەم ئاگادارەوە بووم!

ڕەئفەت بەبێدەنگی گوێی بۆ قسەکانی ڕادێرابوو... کاترین قومێکی لە پەرداخە ئاوەکەی بەردەمی دا و گوتی:

– وابزانم تۆ وەکو باوکێک هەست بەگەورەیی هێدمەکەم لە بەرابەر مردنیدا دەکەیت... دوای مردنی، من ساڵێکی تەواو چارەسەری دەروونیم وەرگرت!... یەکەمین شت لە دوای دەرچوونم لە نەخۆشخانە کردم کۆمپانیاکەم تێکدا... هێند ڕقم لێ دەبووەوە دەتگوت ئەو بووەتە هۆی مردنەکەی... ئێستا لەسەر داهاتی ئەو پارە پاشەکەوتکراوە دەژیم، کە لە بانق دامنابوو، کاتیشم بەیارمەتیدانی کەسانی بەنگکێش و خێزانەکانیانەوە بەسەر دەبەم... چەندێک یارمەتیی چارەسەرکردنی ئالوودەیەک بدەم وا دەزانم شتێک بۆ تیدی دەکەم!

بێدەنگییەکی قووڵ ژوورەکەی داگرتبوو، ڕەئفەت سەیرێکی دیوارەکەی کرد، تا لە تاریکیی ژوورەکە هەڵبێت، چەندین بڕوانامەی ڕێزلێنان، کە لە دەزگاکانەوە بەکاترین بەخشرابوون بەدیوارەکەوە هەڵواسرابوون، هەروەها وێنەی لەگەڵ کوڕ و کچی گەنجدا گرتبوو، گشتیان لە دۆخی پێکەنیندا

بوون، ڕەئفـەت وای بۆ چوو، کـە هەمـوویان ئالـوودەن و ئەم یارمـەتیی داون. کـاترین ئاهێکی هەڵکێـشـا و چون لاپەڕەی غـەم بـپێـچێـتـەوە بەناسکیـیـەوە بزەیەکی کرد و گوتی:

– داوای لێبـووردن دەکـەم... من لێـرە بۆ ئەوە دانیـشـتووم گوێت لێ بگرم نەک لەبارەی خۆمەوە بدوێم... فەرموو... لەبارەی گرفتەکانتەوە قسـەم بۆ بکە... من تەواو گوێم بۆت ڕادێراوە.

هەمـوو شـتـێکی لـەبارەی سـارەوە بـۆ گێـڕایەوە، دەتگوت لـەو دیو پەردەوە دانیپێدانانەکانی بۆ کـەشـیـشـێکی دلۆڤـان هەڵدەڕێژێت... ئەوەی بینیـبـووی و هـەسـتی بـەچی کـردبوو بۆ بـاس کـرد، پـاشـان بـەهـەوڵ و کـۆشـشـێکی زۆر بۆ کۆنترۆڵکردنی هەستەکانی کۆتاییی بەقسەکانی هێنا:

– ژیانم بەتەواوی وەسـتا... خـەریکە توانـای کـارکردنم نـەمێنێت... دەمـەوێت شتێک لە پێناویدا بکەم!

ژنەی پسـپۆڕ پێنووسـەکەی خـسـتـە نێـوان قامکەکانیـەوە و چۆن ئەوی ئەو دەیڵێت هەڵی بسەنگێنێت، گوتی:

– لەسـەر بـنەمای ئەوەی باست کـرد... کچەکەت کراک دەکێشێت... ئـەمیش جـۆرە بەنگێکە لە کـۆکـایـین دروست دەکـرێت... چارەســەری ئەم جـۆرەیان ئاسـان نیـیـە... کراک هـانی لاوان دەدات تاقی بکـەنەوە، چونکە یەکـەم جـار مـاددەی دۆبامین لـە مـێـشـکدا زیاد دەکـات، ئـەمـەش دەبێـتـە هـۆی ئەوەی هەستێکی بەتینیان بەرابەر بەئاسوودەیی و حەوانەوە هەبێت.

– پێشتر کەسانی ئالوودەی لەم بابەتەت چارەسەر کردووە؟

وشەی «کەسانی ئالوودە»ی لە مێشکدا زرنگایەوە و بەلایەوە سەیربوو.

– من چارەسـەر ناکەم... من پسپۆڕی دەروونیم... چەند کۆرسێکی خوێندنم لەســەر یارمــەتیــدانی کــەســانی ئالوودە وەرگــرتووە... ئەو کــاتـی دەست

بەچارەسـەر دەکـەین پزیشکی دەروونیـمـان لەگـەڵدایە، لێ من پێـشـتـر لە یارمەتیدانی کراک کێشەکاندا بەشداریم کردووە...

– ڕێژەی سەرکەوتن چەندە؟

– نزیکەی پەنجا لە سەدا.

– ڕێژەیەکی کەمە!

– من وای دادەنێم بەرزە، چونکە نیوەی بـەنگکێشـەکان چارەسـەر کـران... لەبیـرت نەچێت چارەسـەری کەسـانی ئـالوودە هەروا ئاسـان نیـیـە... دەبێت هەمیشە پێشبینییەکانمان کەمتر دابنێین تاکو تووشی بێ هیوایی نەیەین.

ڕەئفەت بەبێدەنگی سەری داخست، هێندەی نەبرد کاترین گوتی:

– ئێستا دەستبەکار دەبین... گوێ بگرە... بەپێی شارەزایی خـۆم لە دۆخی کچەکەت، ئەوا تیمی خۆشەویستی ڕەنگە سەرەتایەکی باش بێت.

بەچاوی پرسیارەوە لێی ڕوانی، ئەویش درێژەی دایێ:

– تیـمی خۆشەویستی ڕێگەیەکە بۆ هاندانی کەسی ئالوودە، تا چـارەسەر وەربگرێت... کۆمەڵێک لەوانەی ئەو خـۆشی دەوێن کۆدەکەینەوە... خزمـەکانی، یاخـۆ دراوسـێکانی، یان ئەوانەی لەگـەڵیدا کـاردەکـەن، یانیش هاوەڵەکـانی خـوێندنی... بەردەوام بەڕێکوپێکی سـەردانی دەکـەن و یارمـەتی دەدەن دانی پێدابنێت، کە بەنگکێشە و پێویستی بەیارمەتی هەیە... ئەگەر تیمـەکە لەمەدا سـەرکـەوتنی بـەدەست هـێنا، ئـەوا کـەسی ئـالوودە ئـامـادەی بەرنـامـەی چارەسەرکردن دەبێت، کە لە ١٢ هەنگاو پێکهاتووە... ڕێگەم بدە پرسیارێکت لێ بکەم، من خۆم بەدڵم نییە وەلێ لە سەرمە بیکەم.

– فەرموو.

– سەبارەت بەتێچووی بەرنامەکە؟

– ئەوە کۆمپانیای دابینکردن دەیدات... ئەم حەفتـەیە داوام کرد ئالوودەیی

بخەنە بەڵگەنامەکەوە.

– چاکــە... ئـەم داوانامـــەیە بگرە... بـەر لە ڕۆیشـــتنت پڕی بکـەرەوە و لە نووسینگەی پێشوازی جێی بهێڵە.

ڕەئفەت فۆرمەکەی وەرگرت، لە نێوان دوو پەنجەیدا دەلەرییەوە و چاویشی لە ڕوخساری بڕیبوو... کاترین گوتی:

– ئێـستـا کـاری تۆ ئەوەیـە... قـەنـاعـەت بەدوو سێ هـاوەڵی سـارە بـهـێنیت لەگەڵمـانـدا بۆ سـەردانی بێن... ئەم نامـیلکەیە ڕۆڵی تیـمی خۆشـەویسـتی لە چارەسەرکردنی کەسانی ئالوودەدا ڕوون دەکاتەوە.

ڕەئفـەت بـەباوەشـێک نامـیلکە و بڵاوکـراوەی هـەمـەڕەنگەوە، کـە لەبارەی ئالوودەیی و چالاکـیـیەکانی کۆمـەڵـەکەوە بوون لە نووسـینگەکە دەرچوو، لە مـاڵەوە بەوردی کـەوتە خـوێندنەوەیان... گۆڕینی هـەڵوێسـتی بۆ ڕایی کـردن و زانیاری، یارمەتیی هـەلاتنی لە دەست ئەو ماڵوێرانییە دەدات، کـە پەیتا پەیتا لە بەرابـەریدا دەبووە کـێوێکی هـەزار بەهـەزار... سـارە بووبووە ئالوودەیەکی تەواو!... ڕەوا نییە سـەرزەنشتی بکات... پسپۆڕەکە گوتی کراک بەکـارهێنان دووجـاری بەسە تاکو ئالوودەی ببیت... دڵنیای کـردەوە ئەوی بەسـەر سـارەدا هـاتووە دوورنیـیـە بەسـەر هـەر کـەسـێکدا بێت، جـارێک تاقی بکاتەوە پاشـان جارێکی تریش چێژی لێ وەربگرێت، بۆ جاری سێیەم دەبێتە کەسێکی تەواو ئالوودە... چۆن گلـەیی لێ بکات؟... سـارە هۆشی لە سـەرخـۆی نییـە و لەسـەر کردارەکـانی بەرپرس نییە... تاوانەکە لەو نییـە، بەڵکو جـیـفی تاوانکار بەرەو ئالوودەبوونـی برد... چەند کـیـژێکی بەسـتـەزمـانە!... چـەند سـەرکۆنـەی خـۆی دەکات، کە ئەوجا لێی دا.. هێند بەوە دڵتەنگ بوو وای هەست دەکرد دەتگوت دەسـتـی ڕاسـتی لە لـەشی جیـابووەتەوە... ئەو دەسـتـەی پێی لـە سـارەی دا... بۆچی لێی دا؟ ئەی بۆچی خۆی نەگرت؟ چەندێک لەگەڵیدا دڵڕەق بوو!... چەند ڕۆژێکی برد تاتوانی غەمەکانی بڕەوێنێتەوە... لە مێشکی خۆیدا گوتی:

«بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کارەساتەدا دوو ڕێگە هەن:

یان دەبێ ببمە باوکێکی ڕۆهەڵاتیی دواکەوتوو، حاشای لێ بکەم و نەفرەتی بۆ بنێرم... یانیش وەکو کەسێکی شارستانی بجووڵێمەوە و یارمەتی بدەم، تاکو لەو بەڵایە ڕزگاری دەبێت».

لەگەڵ میشێلی ژنیدا ناوی ئەو هاوەڵانەی سارەیان ڕیز کرد، کە دەکرێت بێنە تیمی خۆشەویستییەوە... هەینێ پێوەندیی پێوەکردن، دەرکەوت هەموویان بەوە دەزانن، کە سارە بەنگکێشە!... سیلڤیای برادەری پێی گوت:

– هۆیەکەی جیفە.. چەندێک ئاگادارم کردەوە، کەچی کەوتە دوای خۆشەویستیی ئەوەوە.

سیلڤیا ئامادەبوونی خۆی ڕاگەیاند، هەروەها لاوێک بەناوی جیسەوە، کە لە پۆلدا بەتەنیشتییەوە دادەنیشت... جگە لەمە کاریان بۆ فراوانکردنەوەی بیرۆکەکە کرد، سیلڤیا گوتی کێک بەسێو و مۆز بۆ سارە دەکرێت، چونکە دەزانێت زۆری حەز لێ دەکات، هەرچی جیسی بوو مکوڕبوو لەسەر ئەوەی بەچکە پشیلەیەکی پێشکێش بکات، چونکە زۆر حەز بەئاژەڵ دەکات...

کاترینی پسپۆڕ شتەکانی زۆر بەدڵ بوون، گوتی:

– ئەمانە بیرۆکەی باشن... ئەو خواردنانەی حەزیان لێ دەکات، هەروەها پەروەردەکردنی ئاژەڵی بچووکی بیردەخاتەوە... دەکرێت گشت ئەمانە زەوقی دژ بەئالوودەیی لا دروست بکەن.

هەموو شتەکان ئامادەبوون... یەکشەمی داهاتوو، کاتژمێر دەی سەرلەبەیانی، تیمی خۆشەویستی بەرەو ماڵی سارە لە ئۆکلاند کەوتە ڕێ... میشێل بەتەنیشت ڕەئفەتەوە بوو، جیسی و سیلڤیا لە کوشنی دواوەی کەدیلاکەکە سوار بووبوون، لە ڕێگە قسەی زۆریان گۆڕییەوە، کورت و شپرزە، تاکو لە مەترسیی هەڵوێستەکە هەڵبێن، قاقای پێکەنینی بێ مانایان بەرز دەبووەوە... ڕەئفەت بەخێراییەکی لە ڕادەبەدەر لێی دەخوڕی، ئەمەش

وای لە میشێل کرد لێی بپرسێت:

– چییە هەوڵ دەدەیت سەرپێچیی خێراییت بۆ بنووسن؟

لێ ئەو وزەیەکی پەنهـــانی پڕ لە خـــەشم و قین پاڵی پێـــوە دەنا، بۆیە تاگەیشتە ئۆکلاند لە خێراییەکەی کەم نەکردەوە، کەمێک هێواشی کردەوە، تاکـو ڕێگەکـەی بیـربێتـەوە. شـێـوەی گـەڕەکـەکـە لە ڕۆژدا جـیـاواز بوو، شەقامەکان چۆڵوهۆڵ دەتگوت بەجێ هێڵراون، دیوارەکان بەسپرایی ڕەش و سـوور دروشـمی چەقـۆکـێـشـەکـانیـان لەسـەر نووسـرابوون. ڕەئفـەت ئۆتۆمبیلەکەی لەو شوێنە ڕاگرت، کە جاری پێشوو هەڵیان کوتایە سەری... هەرکە لە ئۆتۆمـبـیلەکـە دابەزین گـشـتـیـان لە بەرابەر کـاترینی پسـپـۆڕدا وەسـتـان، دەتگوت یاریزانن و بەر لە یارییـەکـە ڕێنوێنیـیـەکـانی ڕاهـێنەر وەردەگـرن!... کـاترین لەو دەمـی بزە هێـمنانـەکـەی هەر بەڕوخـسـارەوە بوو، گوتی:

– ڕەئفـەت تکایە لە ئۆتۆمـبـیلەکەدا چاوەڕوانمـان بە... دواجـار کە سـارەت بینی شـەڕ لە نێوانتـاندا ڕووی دا... نامانـەوێت هەسـتی نـەرێنیی بورووژێنین، چونکە ئـەوی کراک دەکـێشـێت نزیکتـرە لە هەڵچـوونی دەمـارگـیـری... لێـرە بمێنە، ئێمە دوای ئەوەی هەندێک قسەی لەگەڵدا دەکەین و پرسـیاری ئەوەی لێ دەکەین، داخۆ حەز بەبینینت دەکات؟

ڕەئفـەت بەقسـەی کـردن، سـەری داخـست و هەنگاوێک کشـایەوە. کـاترین کەوتە مۆچیاریی تیمەکە:

– گرنگترین شتێک بەسارەی بگەیەنین ئەوەیە، کە ئێمە خۆشمان دەوێت... نەبەزەیی پێداهاتنەوە و نـەیش ئامۆژگاری... ئەمەتـان باش لەبیر بێت... ڕەنگە لە دۆخێکدا بیبینینەوە حەزی پێ نەکـەین.. دەشێت بەخراپی پێشوازیمان لێ بکات، یـان ڕەفـتـاری ناحـەزانەمـان لەگـەڵدا بکات، یـان دوورنیـیـە دەرمـان بکات... خۆتان بۆ خراپترین شیمانە ئامادە بکەن... ئەو کیژەی دوای تۆزێک

دەبیـینین ئەو سـارەیە نیـیـە کـە دەیناسین... ئەو ئێـسـتـا ئالوودەی مـاددە بێهۆشکەرەکانە... دەبێ ئەم ڕاستییە لە بیر نەکەین.

بەبێـدەنگی گـوێیـان ڕادێرابوو، لێ لە پڕ سـیلڤـیـا بەدەنگێک نزیک لە گیانەڵاوە هاواری کرد:

«ئەی عیسای مەسیح ... سارەی بەستەزمان قوتار بکە!»

پاشـان لە پرمـەی گریانی دا، میشـێل باوەشی لێ دا، ئەمـجـارەیان دەنگی پسپۆڕەکە بەئارامی و یەکلاکەرەوەییەوە هات:

– سـیلڤـیـا... دان بـەخـۆتدا بگرە... دەبێت هەسـتـە ئەرێنیـیـەکـانمـانی بۆ بگوازینەوە... ئەگەر ناتوانیت لە گریان بوەستیت، ئەوا باشترە بچی لەگەڵ ڕەئفەت لە ناو ئۆتۆمبیلەکەدا بمێنیتەوە.

ڕەئفـەت بەهێـوری کشایەوە، دەرکـەی ئۆتۆمـبـیلەکـەی کردەوە و لە بەرابەر سـوکانەکـە دانیـشت، لەکاتێکدا ئەوان بەرەو ماڵەکە چوون، جیـسی بێچووە پشیلەکـەی لـە ئامـێز گرتبـوو، سـیلڤـیـاش قـاپە کێکەکـەی بەدەسـتـەوە بوو... لەسـەرخـۆ و بەڕێزەوە ڕێـیـان دەکـرد، دەتگوت بەدوای تەرمـەوەن!... بینیـیـان دەرگـەی بـاغـچـەکـە کـراوەتەوە و گـڵـۆپەکـانی دەرەوەش هەڵکراون، کـەچی ڕۆژیش بـوو... بەپـلیکـانەکـانی بـەردەرگـەدا سـەرکـەوتن، مـیـشـێل پـلی بەزەنگەکـەوە نـا . خولەکێک تێپـەڕی و کەس دەرگەکەی نەکردەوە، سـەرلەنوێ پەنجـەی پێـوە نایەوە... دوای خـولـەکێکی تر دەرگـەکـە کرایەوە و کـابرایەکی ڕەشی کەتە بەدلەیەکی شینی کرێکارانی لەبەردابوو، بەدەرکەوت.

– بەیانیت باش... سارە لە ماڵە؟

– کێ؟

– بمبەخشە... ئەمە ماڵی جیف ئەندرسۆن و سارە سابت نییە؟

کـابـرای کرێکار وەک ئەوەی بیـربکاتەوە سـەیری دووری کـرد، پاشـان لەو

دەمی زمانی لەسەر پیتەکان دادەگرت، گوتی:

– وابزانم ئەمە ناوی ئەو کرێچییەیە، کە باریان کرد.

– باریان کرد؟

– بەڵێ، بەرلەچەند ڕۆژێک... خاوەن خانووەکە منی ناردووە تا ماڵەکە بۆیاغ بکەم... وابزانم بەکرێچییەکی تازەی بەکرێ دەدات.

ساتێک بێدەنگ بوون، پاشان میشێل گوتی:

– من دایکی سارەم... هاتووم چاوم پێی بکەوێت... ئەمانەش برادەرەکانین... بێ زەحمەت دەتوانیت ناونیشانە تازەکەیم بدەیتێ؟

– بمبەخشە خانم، من نایناسم.

***

– تەنانەت ئەگەر بەرپرسیش بیت لە باڵیۆزخانەی میسری، مافی ئەوەت نییە هەڵکوتیتە سەر ماڵەکەم!

بەم ئاوایە بەڕووی سەفوەت شاکردا شیراندم. نیگایەکی تیژی پڕ لە بەرەنگاربوونەوەی تێ بڕیم، هەنگاوێک هاتە پێشەوە بۆ ناوەڕاستی هۆڵەکە، هێند لەسەرخۆ بوو دەتگوت لە کۆنترۆڵکردنی هەڵوێستەکەدا دڵنیا دەبێتەوە.

– خۆم بۆ فنجانێک قاوە لات داوەت کرد... گوێ بگرە ناجی... تۆ کەسێکی سەرکەوتوو و زیرەکیت، دوارۆژێکی پرشنگدارت لەبەردەمدایە...

– بەتەواوی چیت دەوێت؟

– دەمەوێت یارمەتیت بدەم.

– چی وای لێ کردی یارمەتیم بدەیت؟

– بەزەیی پێداهاتنەوەم.

– له چی؟

– له گەوجییەکەت!

– ئاگاداری زمانت بە.

– تۆ لە ئەمەریکا دەخوێنیت، لە بریی ئەوەی ئاگاداری دوارۆژت بیت... بەڵاو دەردەسەری بۆ خۆت دەدۆزیتەوە!

– مەبەستت چییە؟

– ئیمزا لەسەر بەیاننامەیەک دژ بەسەرۆکی فەرماندە کۆدەکەیتەوە؟... شەرمت بەخۆتدا نایەت؟

– بەڵکو لە وەی دەیکەم شانازیم بەخۆدا دێتەوە.

– گرفتەکە لەوەدایە رۆشنبیرانی لە شێوەی تۆ دیلی دەستی کتێب و بیردۆزەکانن.. ئێوە هیچ لەبارەی راستیی ئەو شتانەی لە وڵاتەکەتاندا روودەدەن نازانن... من دە ساڵە وەکو ئەفسەری پۆلیس لە چەندین پارێزگە کارم کردووە، بەگوند و بیاوان و گەڕەکەکاندا سووڕاومەتەوە، بناغەی کۆمەڵگەی میسری شارەزا بووم... دڵنیات دەکەمەوە میسرییەکان هەرگیز دیموکراسییان مەبەست نەبووە و ئامادەییشیان تێدا نییە. میسری لەم دنیایەدا تەنیا بایەخ بەسێ شت دەدات:

ئاین و گوزەران و منداڵەکانی. ئاین لە هەموویان گرینگترە... ئەو شتەی هانی میسرییەکان بۆ شۆڕشکردن دەدات ئەوەیە یەکێک دەستدرێژی بکاتە سەر ئاینەکەیان.. کاتێک ناپلیۆن هاتە میسرەوە وای نواند، کە رێز لە ئاین دەگرێت، میسرییەکان پشتگیرییان کرد و بیریان چووەوە،

که وڵاتەکەیانی داگیر کردووە.!

– وادیارە باش مێژووت نەخوێندووەتەوە... میسرییەکان لە ماوەی سێ ساڵدا دوو جار دژی هەڵمەتی فەرەنسییەکان ڕاپەڕین و سەرلەشکری هەڵمەتەکەیان کوشت!...

بەتووڕەییەوە تەماشای کردم، هەستم بەجۆرێک لە ئاسوودەیی کرد، چونکە سووکایەتیم پێ کرد... بەدەنگێک خۆبەزلزانی تێدا بێت، گوتی:

– کاتی ئەوەم نییە لەگەڵ تۆدا بەفیڕۆی بدەم... من ویستم یارمەتیت بدەم، کەچی تۆ لەسەر گەوجییەکەت مکوڕیت... دڵنیابە ئەو بەیاننامەیەی جەنابت ئیمزای لەسەر کۆ دەکەیتەوە جگە لە ڕەفتارێکی منداڵانە هیچی تر نییە.

– ئەگەر بەیاننامەکە ئیشێکی منداڵانەیە، ئەی باشە بۆ خۆت تێکداوە و بۆ ئێرە هاتوویت؟

– تۆ یاری بەئاگر دەکەیت!

– هەڕەشەم لێ دەکەیت؟

– بەڵکو ئاگادارت دەکەمەوە... ئەگەر دەست لەم بەیاننامەیە نەکێشیتەوە ئەوی پێتی دەکەم بەخەیاڵیش بەمێشکتدا نەهاتووە!

– چیت لە دەست دێت تەخسیر مەکە.

بەم شێوەیە بەسەریدا شیراندم و لە کاریگەریی ئەو لە ناکاوییە ڕزگاربووم، بۆ یەکەمین جار ئەوەم بەمێشکدا هات دەری بکەم... لە شوێنەکەی خۆی هەستا، چەند هەنگاوێک بەرەو دەرگەکە پاشەکشەی کرد و گوتی:

– تۆ ئاو لە بێــژنگ دەدەیت... وادەزانیت حکوومـــەت لە بەرابەر ئەمەریکادا سەخڵەت دەکەیت؟... دڵنیات دەکەمەوە، کە حکوومەتی میسری وەکو چیا بنجی داکوتاوە و پێوەندیی توندوتۆڵی بەڕێژیمی ئەمــەریکاوە هەیە... هەمــوو ئەوەی لە بەیاننامــەکەدا نووسیوتن ئەمەریکاییـیەکان پێی دەزانن، مادامەکی حکوومەتی میسری بەرژەوەندییەکانیان فەراهەم دەکات، ئەم شتانەیان بەلاوە جێی بایەخ نییە!

– ئەمە دانپێدانانێکە لە تۆوە، کە ڕێژیمی میسری نۆکەری ئەمەریکاییەکانە!

– بۆ دواجار ئاگادارت دەکەمەوە... بەهەڵەدا چوویتە ئەگەر وابزانیت بوونت لە ئەمەریکا لە سزات دەپارێزێت... ناجی بۆ خۆت عاقڵ بە... ئەگەر لەبەر ئایندەی خۆتیش نا ئەوا لەبەر دایکت، کە چەندین ســاڵ پێــتــەوە مــاندوو بووە... لە پێناو نوهای خوشکت، کە خوێندکاری ڕامیاری و ئابوورییە... کـیـژێکی ناسکە، تاقە شەوێک چییە لە ئاسایش بەرگە ناگــرێت... ئەفـســـەرەکــانی ئەوێ ئەوپەڕی بەدڕەوشت و نامەردن، دین و ئیمانیان ئافرەتە!

– دەرچۆ دەرەوە.

– ئەمەت بەگران لەسەر دەکەوێت... وەختێک بەهیچدا ناگــەیت، تێ دەگــەیت چەندە لە تەمــێکردنتــدا دەست ڕۆیشتووین!

لەگەڵ کردنەوەی دەرگەکەدا دوا وشەی گوت، پاشان لە پڕ بەلامدا وەرسووڕا و گوتی:

– بەڕاست... سڵاوم بۆ ویندیی دۆستە جوولەکەکەت هەیە...

کاسێتە ڤیدیۆییەکەتانم بەدەست گەیشت لەوکاتی سێکس دەکەن... سوپاست دەکەم بەڕاستی گەلێک چێژ بەخشە!

لە قاقای پێکەنینی دا، دەرگەکەی داخست و ون بوو.

لە پەلوپۆ کەوتم و لەسەر نزیکترین کورسی دانیشتم... ناتوانم ئەو ساتەوە وەسف بکەم... تێکەڵێک بوو لە وڕبوون و تووڕەیی و سووکایەتی...

بوتڵێک شەرابم هەڵپچڕاند، جگەرەیەکم پێ کرد، دەستم کردە خواردنەوە و جگەرەکێشان. سەفوەت چۆن ئەو بەیاننامەیەی بەدەست هێناوە؟ چۆن هەموو شتێکی لەبارەی منەوە زانیوە؟ لەمەش ترسناکتر: چۆن هاتە ئەپارتمانەکەوە؟!... هەستام دەرگەکەم کردەوە، بەوردی تەماشام کرد، شوێنەواری توندوتیژیم بەدی نەکرد... دانەیەک لە کلیلەکەی هەبووە و هاتووەتە ژووری... چۆنی دەستکەوت؟ هەڵبەت هاوکاری لە نێوان هەواڵگریی میسری و بەشی کارگێڕیی زانکۆدا هەیە... دەبێت بەزووترین کات ئەم شوێنە بگۆڕم... دەست بەپارەوە دەگرم، تاکو کرێی خانوویەکی تایبەت دابین بکەم.

حەزێکی سەیر دای گرتم، چوومە ژووری نووستنەوە و گڵۆپەکانم پێ کردن، دیوارەکانم پشکنین، وەک ئەوەی کامیرە شاراوەکەی لەگەڵ ویندی وێنەی گرتووم بدۆزمەوە... دوای تۆزێک گاڵتەم بەخۆدا هات، گڵۆپەکانم کوژاندنەوە و گەڕامەوە هۆڵەکە... هێندەی نەبرد دەنگی کلیلم بیست لەناو کێلۆنی دەرگەکەدا دەسووڕا... ڕاستەپێ هەستام، ویندی بەدەرکەوت... بەپێکەنینەوە گوتی:

– هەلاو... تەندروستیت چۆنە؟

وەکو جاران ماچم کرد... هەوڵم دا سروشتی بم، کەچی ئەو بەخۆشییەوە هاواری کرد:

– ناجی... گوێ بگرە... دەچمە گەرماوەوە... تکات لێ دەکەم... چاوت بنووقێنە و مەیکەوە، تا خۆم ڕێگەت پێ دەدەم.

– دەکرێت ئەم گەمانە بۆ کاتێکی تر هەڵگرین؟

– ناکرێت.

بەشۆخییەوە دەنگی بەرز کردەوە و ماچێکی خێرای لەسەر ڕوومەتم نەخشاند، پاشان چووە گەرماوەکەوە. پێکەکەم نا بەسەرەوە و پێکێکی دیکەم تێ کرد، سەرلەنوێ کەوتمە سەرکۆنەکردنی خۆم... چۆن ڕێگەم بەسەفوەت شاکر دا خۆی بەماڵەکەمدا بکا و هەڕەشەم لێ بکات... ئەی بۆچی بانگی پۆلیسم نەکرد؟ ئەوی ئەو کردی لە یاسای ئەمەریکاییدا بەتاوان دەژمێردرێت... تەنانەت ئەگەر تەرخانبەندی (شوورەبەندی)[16] دیپلۆماسیشی هەبێت، ئابڕووچونێکی گەورەم بۆ دەنایەوە... باشە بۆچی وام نەکرد؟

– چاوانت نووقاندن؟

دەنگی ویندی لە گەرماوەکەوە هات... لەو کاتی بیرم

---

١٦. تەرخان : شوورەبەند، حصانە. لە کوردەواریدا باو بوو کەسێک لەبەر ڕێز، یان پایە، یان زانیاری، لە مەجلیسدا کەس قسەی نەدەدایە بەر قسەی و بۆی هەبوو لە هەموو بابەتێک بدوێت، پێی دەوترا: تەرخان مەجلیس. بەهەڵە ئەم وشەیە بۆ (تخصیص) بەکار هێنراوە. لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەی هەژاردا (ل ١٦١) هاتووە:

تەرخان: ئازاد لە باج و بەهرەی ئاغا.

ڕۆییــبــوو چاوانم نووقــاندن... لە دەنگی ئاگــادارەوە بووم، چونکە نزیک بوو:

– ئێستا... چاوت بکەرەوە.

دیمەنێکی نامۆ بوو... ویندی جلی سـەماکـەری ڕۆهـەڵاتیی لـەبەردا بـوو... مـــەمکۆڵانی لە ســـتـــیـــانە تەنگەکـــەیەوە دەرپـەڕیبـــوون، ســـینگ و سکی، کـــە لـە نـاوەڕاســـتـــەوە ئەسـتێـرەیەک ناوکی داپۆشـیبـوو، بەدەرەوە بوون، ناوقـەدی بەپشـتـێنێک وا توند کـرابوو کـەفـەڵی زیاتر دەرپەڕانـدبوو، گـوڵەنگی درێژ بـەحـاڵ قـاچە ڕووتەکـانی داپۆشـیـبـوون... پەشـۆکـابوو، لـە هەمـان کـاتیـشـدا دڵخـۆش دیاربـوو... چەند جارێک بەدەوری خۆیدا سووڕایەوە و هاواری کرد:

– ڕات چییە؟ من ئێستا سەماکەرێکی ئەندەلووسیم... ئاخۆ لەگەڵ ئەو وێنەیەی لە خەیاڵتدایە دێمەوە؟

– بێگومان.

– زۆر مـاندوو بووم، تا گـەیشـتـمـە ئەو فـرۆشگەیـەی جلی سەمای ڕۆهەڵاتیی دەفرۆشێت... دەزانی من چیم کرد؟

– چی؟

– سـاڵی پار لـە ئاهەنگێکی کـۆسـەکـاریدا (حـفلة تنكرية) ئامــادە بووم، کـیـژێکم بینی لەم جلـەی لەبەردابـوو... بەدوای ژمــارە تەلـەفــۆنەکــەیدا گــەڕام تا دەســـتـم کــەوت، ئیــدی فرۆشگەکەی پێ گوتم.

توانای بەگـەرم و گوڕی قـسـەکردنم لـەگەڵیدا دیارکـراو و لاواز بوو... چاوم هـەر لەســەری بوو و بیـریشـم لە شـوێنێکی

دیکەدا بوو... زۆری نەبرد هەستی بەمە کرد و ڕوخساری گرژ هەڵگەڕا، بەتەنیشتمەوە دانیشت و بەبێزارییەکەوە لێی پرسیم:

– چییە؟

شێوەی بەو جلەوە، کە لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو سەیر دەهاتە بەرچاو، دەتگوت ئەکتەرێکە لەودیو پەردەوە بەجلی نمایشکردنەوە دانیشتووە... وام بەمێشکدا هات ئەوی ڕووی دا لێی بشارمەوە، یان بەڕێی بکەم، یانیش بەهەر تەوازووییەکەوە بێت بڕۆم... لە پڕ، چی ڕووی دابوو بۆم گێڕایەوە... نیشانەی بیرکردنەوەی قووڵ بەڕوخسارییەوە دیاربوو، پاشان بەدەنگێکی کزەوە گوتی:

– تا ئەم ڕادەیە لە وڵاتێکی پۆلیسیدا دەژین؟

– ئەگەر پشتگیریی ئەمەریکا نابێت ئەوا ڕێژیمی میسری تاقە ڕۆژێک چییە بەردەوام نەدەبوو!

هەردوو دەستی لەناو قەدم ئاڵاند و هێند لێم نزیک بووەوە هەستم بەهەناسەی کرد... بەگوێیدا چرپاندم:

– چی دەکەیت؟

– لە ئیمزا کۆکردنەوە بەردەوام دەبم.

– ناترسیت؟

– ترسان هەستێکی سروشتییە، لێ بەسەریدا زاڵ دەبم... هیچ هەڵوێستێک نییە باجی خۆی نەبێت.

– بەڵام ئەم کارە تەنیا پێوەندیی بەتۆوە نییە... ئەوان ئازاری دایکت و خوشکەکەت دەدەن.

دیمەنی نوها و دایکمم بەمێشکدا هاتن، ئەو دیمەنەم هاتە بەرچاو، کە چۆن ئەفسەر و هەواڵدزەکان هەڵدەکوتنە سەر ماڵەکەمان و هەردووکیان دەگرن... دەنگم لێ هەڵبڕی و گوتم:

– چی دەکەن بابیکەن... پەشیمان نابمەوە.

– تۆ لە هەڵوێستتدا ئازادیت... بەڵام تاوانی دایک و خوشکەکەت چییە؟

– ئەوان لە دایک و خوشکی دەیان هەزار گیراو باشتر نین!

– ناجی... من بەڕاستی لێت ناگەم... بۆچی خۆت تووشی سەرئێشە دەکەیت؟

– مەبەستت چییە؟

– دوای ئەوەی لە میسر دەرچوویت، چی بەکێشەکانی ئەوێوەت دەبەستێتەوە؟

– میسر وڵاتی خۆمە.

– میسر وەکو زۆرێک لە وڵاتانی جیهانی سێیەم بەدەست زۆرێک لە گرفتێلی قووڵەوە، کە بەدرێژایی چەند سەدەیەک کەڵەکە بوون دەناڵێنێت... ژیانی تۆ و ژیانی من بەشی چاککردنی ناکەن...

پێشبینیی ئەو قسانەم لێ نەدەکرد... پێکەکەم هەڵدا و بەسەرسامییەوە چاوم تێ بڕی... هەستا و لە بەرابەرم وەستا، پاشان دەموچاومی بەرەو سکە ڕووتەکەی ڕاکێشا و چرپاندی بەگوێمدا:

– پێوەندییەکی دڵگیرمان هەیە... لەگەڵ تۆدا هەستێلێکم لا

دەڕوێن، کە پێشتر پێیان ئاشنا نەبوومە... تکایە بیر لە دوارۆژمان بکەرەوە.

– دەسبەرداری ئەرکی سەرشانم نابم.

– بۆچی بەشێوەیەکی تر بیر ناکەیتەوە... ئەمەریکا لەسەر شانی گەنجی بەهرەداریی پڕ لە حەز و ئارەزووی وەک تۆ دامەزراوە، کە لە گشت شوێنێکی جیهاندا هاتوونە و وێڵی دوای ئایندەیەکی باشترن... ئەمەریکا خاکی هەلەکانە... ئەگەر لێرە بمێنیت ئەوا شتێکی مەزن دەکەیت.

– تۆ وەکو سەفوەت شاکر دەدوێیت!

– چی؟!

– بەڵکو هەمان بڕگەیێلی ئەو بەکار دەبەیت!

دەنگم سەیر دەهاتە بەرگوێم، وام بەبیردا هات سەرخۆش بووبم... دەمزانی کاریگەریی شەراب لەگەڵ شڵەژانەکەمدا زیاتر دەبێت... هەستێکی چیرە درێژی پەنهان لەشێوەی قەدەر بکێشی کردم، لێم پرسی:

– مایەی سەرسووڕمان نییە سەفوەت شاکر بەپێوەندییەکەمان بزانێت؟

– لەوەش سەیرتر کلیلی ئەپارتمانەکەی لا بێت!

– ویندی... کێ ئەم هەموو زانیارییانەی پێ داوە؟

تەماشایەکی کردم و چون بڕوا نەکات چاوی زەق بووەوە... ئەوەندە شڵەژابوو بەدەنگێکی شێواوەوە گوتی:

– مەبەستت چییە؟

– مەبەستم شتێکی دیارکراو نییە... تەنیا دەپرسم:

سەفوەت چۆن بەوردەکارییەکانی پێوەندییەکەمانی زانی؟... ئەگەر کاسێتی ڤیدیۆیی لەسەرمان هەبێت، ئەوا دیارە کامێرایەک لە ژووری نووستن هەیە... کێ داینـاوە؟

ساتێک لێی ڕوانیم، پاشان وەرسووڕا و بەپەلە بەرەو گەرماوەکە چوو... لە شوێن خۆم دانیشتم و نەجووڵام... توانا و ئارەزووی هیچ شتێکم نەبوو... بەوپەڕی خێراییەوە بەرەو قووڵایی لێژ بوومەوە، نەمدەتوانی بوەستم. پەرداخەکەم پڕ کرد و قومێکی گەورەم لێ دا... دوای کەمێک ویندی بەدەرکەوت، جلەکانی لەبەر کردبوون و جلی سەماکردنەکەی خستە کیسەیەکەوە... ڕوخساری گۆڕابوو، خۆی لە تەماشاکردنم دەبوارد، بەهەنگاوی خێراوە بەرەو دەرگەکە دەرپەڕی... بەدوایدا ڕامکرد.

– ویندی!

ئاوڕی نەداوە... گرتم، پاڵێکی پێوەنام و ڕایکرد، لەو کاتەدا ڕوخساریم بەرچاو کەوت بەئەسرین تەڕ بوو بوو... بەپاڕانەوەوە بانگیم کرد:

– تکایە... گوێم لێ بگرە.

کەچی ڕۆیشت و بەتوندی دەرگەکەی داخست.

– دوکـتـۆر بیکـەر بەدەمـارگـرژییـەکـەی دژ بەمـوسـڵـمـانان ناسـراوە، منیش سـوپاس بۆ خـوا مـوسـڵـمـانم و شـانازی پێـوە دەکـەم... زیاد لە جـارێک ویسـتوویەتی لەپێش من گاڵتـە بەئیسـلام بکات، کـەچی من کۆڵم پێ داوە و سەرکۆنەم کـردووە... ئیدی بڕیاری دا تۆڵەم لێ بستێنێتەوە، بۆیە ئەم پەندەی بۆ هەڵبەستام!

دەنانە ئـاوای بەمـەروەی ژنـی گـوت، کـە لەسـەر قـەنەفـەکـە لەبەرابەریدا دانیـشـتـبـوو، پاشـان سـەری کـز کـرد و ڕوخـسـاری وا گـۆڕا دەتگوت کـوانوویەکی پڕ لـە ژیلەمـۆی گـرتووەتـە ئامـێـز، لە هەمـان کـاتدا سـەبر و بارقـووڵی بەرابەر بـەلێقـەومـاوان لە دەست نەدا... هەڵبـەت مـەروە تێـبینیی هەندێ شـتـی لـە قـسـەکـانیـدا کـرد بوو، لەودەمـی هەوڵی دا زەردەخـەنە بێلایەنەکەی بپارێزێت، گوتی:

– حەقایەتێکی سەیرە!

– بۆچی سـەیرە؟... دوژمنت ناحـەزی ئاینەکەتە، یـەزدانی مەزن لە قـورئاندا دەفـەرمـوێت: (ئەم جـوولەکـە و فـەلانە، تا نەچیـە سـەر دینیـان، هەرگـیـز خۆشییان بەچارەتدا نایەت).

– تۆ پێشتر پێت گوتووم دوکتۆر بیکەر میسرییەکانی خۆشدەوێت!

– منیش بەرلەوەی ڕاسـتیی بۆگـەنییـەکـەیم بۆ دەربکەوێت بڕوام وابوو...

بەخۆت دەمناسیت دڵم سافە و بەئاسانی هەڵدەخەڵەتێم.

– نابێت بەدحاڵیبوونێک لە نێوانتاندا هەبێت؟

– من دەڵێم لە بەشەکە دەرم دەکات، تۆش دەڵێیت بەدحاڵیبوون؟!

دەنانە بەم ئاوایە بەتووڕەیییەوە شیڕاندی، مەروە ساتێک بێدەنگ بوو، پاشان لێی پرسی:

– ئەی چی دەکەیت؟

– نازانم.

– باشە بۆچی بۆ لێکۆڵینەوە ناچیت ڕاستییان پێ بڵێیت؟

– وا دەزانیت هاوکارە ئەمەریکاییەکانی بیکەر ئەو بەدرۆ دەخەنەوە و بڕوا بەمن دەکەن؟

کەمێک سەری کز کرد، ئینجا بەدەنگێکی تێکشکاوەوە گوتی:

– من مەزڵوومم، لێ خوا گەورەیە. سەفوەت شاکری بۆ ناردم، تا بۆمی یەکلا بکاتەوە.

مەروە هەستی کرد قسەکان دەڕژێنە دەڤەرێکی پەنهانی پڕ لە شیمانەوە، بۆیە بێدەنگیی لێ کرد... دەنانە چون قسە لەگەڵ خۆیدا بکات تێهەڵچووەوە:

– سەفوەت بەگ بەڵێنی دامێ کارەکە لەگەڵ نێردەیا یەکلا بکاتەوە، دوای ئەوە لە زانکۆیەکی تر دەخوێنم.

– سوپاس بۆ خوا.

– لە ژیانتدا پیاوی باش و بەخشندەی وەک ئەمت بینیوە؟

– بێگومان!

– توخوا دەکرێت هەر داواکارییەکی هەبێت ڕەتی بکەمەوە؟

مەروە بەبێدەنگی تەماشایەکی کرد، دەنانە بەتوندییەوە گوتی:

– وەڵامم بدەرەوە.

– بەتەواوی چیت دەوێت؟

– لە خێر زیاتر هیچی تر نا... مەروە ئێمە ژن و مێردین... لە تاڵی و شیرنیدا هاوبەشین... من ئێستا بەدەست بەڵایەکەوە گیرم خواردووە، سەفوەت بەگیش پیاوەتی لەسەرمە.

– پێوەندیی من بەمەوە چییە؟

– سەفوەت بەگ دەیەوێت لەگەڵیدا کاربکەیت.

– من؟

– بەڵێ. لە نووسینگەکەیدا دەتکات بەسکرتێرەی خۆی.

– بەڵام من پێشتر کاری سکرتێرەییم نەکردووە!.

– ئیشەکە گران نییە. تۆ خۆت زیرەکیت و زوو فێردەبیت... سەفوەت بەگ ئەگەر بیەوێت دەتوانێت دە سکرتێری ئەمەریکایی دابمەزرێنێت... لێ کارکردن لە نووسینگەکەی ئەو حیسابی تایبەتی خۆی هەیە.

– تێ ناگەم!

– ئەوی لەگەڵیدا کار بکات چاوی بەبەڵگەنامەی ترسناک دەکەوێت... ئەو بۆیە تۆی دەوێت چونکە بڕوای پێتە... هەواڵگریی ئەمەریکا و ئیسرائیل هەوڵی بۆ خۆڕاکێشانی هەر سکرتێرەیەک دەدەن، کە لەگەڵیدا کاردەکات، تاکو نهێنییەکانی وڵاتەکەمان ئاشکرا بکات... کارکردنت لەگەڵ سەفوەت بەگدا پێزانینێکی بچووکە بەرابەر پیاوەتییە گەورەکەی... جگە لەوەی کارێکی نیشتمانییە.

مەروە سەرلەنوێ متەقی نەکرد... بەیەکدا هاتنی ڕووداوەکان شڵەژاندبوویان و مێشکیان تێک دابوو.

– ڕات چییە؟

دەنانە بەخێرایی پرسیارەکەی کرد، بەشێوەیەک تەماشای دەکرد دەتگوت زاری تاوڵەی هەڵداوە و چاوەڕێی ئەنجامەکەی دەکات... بەهەموو شێوەیەک خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئامادە کردبوو... دەبێت لەگەڵ سەفوەت شاکردا کار بکات... زۆری لێ دەکات، لێی دەپاڕێتەوە، لەگەڵیدا بەشەڕ دێت، ئەگەر پێویستی کرد هانا بۆ بابی دەبات...

بەهاندانەوە لە بەرابەری دانیشتبوو... چەند ساتێک تێپەڕین، پاشان مەروە سەری هەڵبڕی، بزەیەکی پەنهان بەڕوویەوە بوو، بەهێمنییەوە گوتی:

– ڕازیم.

چۆن زستان وەردەچەرخێتە سەر بەهار؟

سەرەتا بەفر دەتوێتەوە، پاشان پەیتا پەیتا چڵە وشکەوەبووەکان دەژێنەوە و خونچەکانیش دەپشکوێن... بەم ئاوایە ژیانی کارۆڵ دوای کارکردنی لە بواری ڕیکلامدا گۆڕا... ئیدی هەوڵی بێهوودەی بۆ گەڕان بەدوای کاردا نەدەدا، بەچەند جارێک ئەو پارەیەی لە ئیمیلیی هاوەڵی قەرز کردبوو، دایەوە... جلی تازەی بۆ مارکە بچکۆڵە کڕی، هەروەها خەونەکەشی، کە بەشداریکردن بوو لە یانەی بۆڵینگەکەی لایماڵیان بۆ هێنایەدی.

سێ دەستە جلی هاوینەی کەشخەی بۆ گراهام کڕی و زۆری لێ کرد، تا گەڕایەوە سەر تووتنە باشە هۆڵەندییەکەی (ئەمیش نەیتوانی پێخۆشبوونەکەی بشارێتەوە)، پاشان کارۆڵ ئۆتۆمبیلێکی کۆنی بیوکی بۆ هاتوچوون کڕی... ئینجا هەموو ماڵەکەی بۆیاغ کرد و درەختی جوانی لە باغچەکەدا ناشت...

سبەینانێکیان، لە بانیژەکە لەگەڵ گراهامدا نانیان دەخوارد، کیمۆنێکی سپیی شیکی لە خوری دروستکراوی لەبەر کردبوو (لە فرۆشگای تیجۆرۆی بەناوبانگدا کڕیبووی)... گراهام بەتەنیشتیەوە دانیشتبوو پایپی دەکێشا، قاوەی فڕ دەکرد و بابەتێکی لە شیکاگۆ تریبیۆندا دەخوێندەوە... کارۆڵ پێی گوت:

– جۆن... چییەڵێیت؟ ماڵەکەمان دوای نۆژەنکردنەوە نرخەکەی هەستاوە...

ئەگەر ئێستا بیفرۆشین ئەوا پارەیەکی باشمان بۆ دەکات. دەتوانم شتێک لەوەی پاشەکەوتم کردووە بخەمە سەر و خانوویەکی تر بکڕین.

گراهام شتەکەی پێ کتوپڕ بوو. ماوەیەک قامکەکانی بەڕیشیدا هێنان، پاشان بەهێورییەوە گوتی:

– بیرۆکەیەکی چاکە، لێ من بەم خانووەوە پێوەستم کارۆڵ.. بیست ساڵ تێیدا ژیاوم.. هەر کونج و کەلەبەرێکی بەشێک لە ژیانی خۆمم بیر دێنێتەوە.

– بۆ ماڵێکی گەورەتر و جوانتر دەگوازینەوە.

– ڕەنگە هەستێکی ڕۆمانسیی گەوجانەم هەبێت... لێ بەڕاستی خۆم نایەتە بەرچاو لە ماڵێکی دیکەدا بم!

بێ هیوایی بەڕوخساری کارۆڵەوە دیار بوو، گراهام دەستی گرت و بەگوێیدا چرپاند:

– بەهەر حاڵ.. بەڵێنت دەدەمێ بیری لێ بکەمەوە.

– شت بەزۆر مەکە.

– ئەوی تۆ بەختەوەر بکات من دەیکەم.

«چاوی تێ بڕی و لە پڕ شەپۆلی هەستەکانی سەریان کرد، چووە لایەوە، دەستی لە ملی ئالاند و ماچبارانی کرد... لەو دەمەدا لە هەموو کات زیاتری خۆشدەویست... هەرچۆنێک بوو لە کارە تازەکەیدا گەیشتە هاوسەنگیی دەروونی... یەکەمین جار کە لە بەرابەر فرناندۆدا خۆی ڕووتەوە کرد، هەینێ هەستی بەدەستە ساردەکەی کرد بەر جەستە ڕووتەکەی دەکەوێ و بۆ وێنەگرتن ئامادەی دەکات، ڕیسوایی ئەمی هاڕی، سەری سووڕا، وایزانی لە هۆش خۆی دەچێت... جار لەدوای جار شەرمی شکا و ڕاهات... بەخۆی گوت: «فرناندۆ ناوێزەی سێکسیی هەیە، جەستەی ئافرەت نایورووژێنێت، ڕەنگە بێزیشی لێ بکاتەوە... بۆچی کاتێک لە بەرابەریدا خۆم ڕووت دەکەمەوە

شەرم دادەگرێت؟ ئەی کاری من و ئەو نییە؟... باشە ئەو کاتەش هەستم بەشەرمەزاری دەکرد ئەگەر وێنەی دەست و پێمی بگرتایا؟... ئەمە دژایەتی نییە؟... ئەی سینگم وەکو بەشەکانی تر پارچەیەک لە جەستەم نییە؟... هەستکردنم بەئابڕووچوون لە پاشماوەی بیری کۆنەوە دێت، کە بۆمان ماوەتەوە، وای دادەنێت جەستەی ئافرەت موڵکی تایبەتە و بێ ئیزنی باوکی، یاخۆ پیاوەکەی نابێت دەستی بۆ ببردرێت... ئەمانە قسەی پڕوپووچن.... شتێکم نییە مایەی شەرم بێت... من ئەکتەرم، لە بەرابەر کامێرادا بەجەستەم گوزارشت لە شتەکان دەکەم و چی تر نا... نازانم شوورەییەکەی لەکوێدایە؟... پاشان کارێکی باشترم لە پێشدابوو؟... نەمدەتوانی ئەم کارە ڕەت بکەمەوە... بەرگەی ئەوەم ناگرت ببمە هۆی بەدبەختیی زیاتر بۆ گراهام... گراهام من و کوڕەکەمی زۆر خۆشویست و لە پێناو ئێمەدا بەرگەی گەلێک چەرمەسەری گرت... منیش لە بەرابەردا لە کوێرەوەری و کڵۆڵی زیاتر هیچم پێ نەبەخشی!... مرۆڤ لە هەڕەتی لاویدا بەرگەی هەژاری دەگرێت، بەڵام لەدوای شەستساڵییەوە ناچاری ئەوە بێت بەڕاستی کارەساتە!... پاشان تاوانی مارکە چکۆڵە چییە؟...

بابی ئەوە ڕەت دەکاتەوە پارەی بداتێ... دەبێت ژیانێکی باشی بۆ دابین بکەم... هەرگیز ئەوەم لەبیرناچێت چەندە دڵی بەجلە تازەکانی خۆش بوو و لەخۆشییاندا تۆپی بۆڵینگەکەی بەدەستەوە گرتبوو و لە سەربازە دارینەکانی دەگرت... ئەگەر سەد جاری تریش ئەم پیشەیەم بدەنێ ئەوا لەبەر مارک و گراهام قبووڵی دەکەم... ئەو دوو بوونەوەرەی لە دنیادا لە هەموو شت زیاترم خۆش دەوێن».

بەم شێوەیە قەناعەتی بەخۆی هێنا و ئاهێکی پێدا هاتەوە!... ڕاستییەکەی لە گراهام شاردبووەوە... پێی گوتبوو کارێکی لە ڕیکلامی ئیستگە دۆزیوەتەوە، دەنگی و شێوەی وتنەکەیان بەدڵ بووە و مووچەیەکی باشیان بۆ

تەرخان کردووە...

هەینێ گراهام لە کاتی بڵاوکردنەوەی ڕیکلامەکەی پرسی، ئەو وڵامەکەی ئامادە کردبوو... ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی:

– ئەو ڕیکلامانەی من تۆماریان دەکەم ئیستگەیەکی بچووک لە بۆستن، کە لە شیکاگۆدا وەرناگیرێت، دەیانکڕێت.

پاشان زەردەخەنەیەکی دروستکراوی کرد و بەدەنگێکی خەواڵووەوە لەبن لێوانەوە گوتی:

– ئەگەر سەرکەوتنم بەدەست هێنا... دوورنییە گرێبەستێک لەگەڵ ئیستگەیەکی گەورەدا لە شیکاگۆ مۆر بکەم.

گراهام ماچێکی خێرای لەسەر لێوانی نەخشاند و گوتی:

– کەواتە لەسەرمانە ئاگاداری قووڕگت بین، چونکە سامانی نەتەوایەتیمانە!

ئەوی مایەی سەرسووڕمان بوو هەر بەڕاستی سەرکەوتنی بەدەست هێنا... بەرپرسانی کۆمپانیای دەبڵ ئێکس زۆریان بەدڵ بوو و بەفرناندۆیان ڕاگەیاند بۆ ڕیکلامێکی نوێ وێنەی بگرێت، ئەمجاریان باشتری ئەنجام دا، چونکە لە گوزارشتکردن بەجەستەی لە بەرابەر کامێرادا شارەزایی زیاتری پەیدا کردبوو... دوای دوو هەفتە فرناندۆ پێوەندیی پێوە کرد و داوای بینینی کرد. پێشوازییەکی گەرمی لێ کرد و بەخدێی خۆی جگەرەی ماریگواناکەی گرِدا و گوتی:

– ئازیزم کارۆڵ... ئێمە وا لە سەرکەوتنێکەوە بۆ سەرکەوتنێکی تر هەنگاو دەنێین... ئەم بەیانییە پێوەندییان پێوە کردم و بۆ ڕیکلامی سێیەم داوایان کردوویت.

– زۆر چاکە!

– ئەمجار وێنەی لاقت دەگرین، ئەوکاتی مایۆکەی کۆمپانیا دروستی کردووە لە پێ دەکەیت.

– ئەگەر ملیۆن دۆلاریشم بدەنێ بەتەواوی خۆم لە بەرابەر کامێرادا ڕووت ناکەمەوە!

فرناندۆ لە قاقای پێکەنینی دا و بەشۆخییەوە گوتی:

– ئەگەر ملیۆنێک دۆلارت بدەنێ هەموو شتێک دەکەیت!

بەبێدەنگی تەماشایەکی کرد و هەستی بەسووکایەتی کرد. ئەویش چون درکی پێ کردبێت سەری دانەواند و خستیە نێوان هەردوو دەستیەوە، بەدەنگێک شەکەتیی تێدابوو لەبەر خۆیەوە دوا:

– ئەوە من چم گوت؟... وادیارە زۆرم ماریگوانا کێشاوە... بمبەخشە کارۆڵ!

کارۆڵ سەری ڕاوەشاند و بزەیەکی هاتێ، فرناندۆش بەتۆنێکی کردەیییەوە هەڵیدایێ:

– بەهەر حاڵ... کەس داوای ئەوەت لێ ناکات تەواو خۆت ڕووت بکەیتەوە.

چەند پرۆڤەیەکی بۆ کرد، تاکو بەباشی لە ڕۆڵەکەی بگا و نمایشی بکات... وێنەی نیوەی خوارەوەی جەستەی دەگرێت، ئەودەمی مایۆی دەبڵ ئێکس لە پێ دەکات... هەروەها دەبێت بۆ ماوەی سی چرکە لە بەرابەر کامێرادا خۆی خاو بکاتەوە، دەست بەمایۆکەیدا بخشێنێ، پاشان قاچی لێ درێژ بکا و لەسەرخۆ لەیەکیان بئاڵێنێت، تاکو ئەو کەشاکە[17] بدا، کە تەواو ئاسوودەیە... لەوکاتەدا ئەم برگەیە دادەبەزێتە سەر دیمەنەکە: «مایۆی دەبڵ ئێکس... شێوازی ئاسوودەیی ژیانتە».

ڕیکلامەکە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا، لەمەوە کرێکەی کارۆڵ

---

١٧. کەشاک: ئینتیباع. أنطباع.

بۆ کاتژمێرێک وێنە گرتن گەیشتە ١٢٠٠ دۆلار...

هێندەی پێ نەچوو فرناندۆ داوای ڕیکلامی نوێی لێ کرد:

– ئەمجار کار لەسەر شوێنێکی شکۆداری جەستەت دەکەین... پێیەکانت: ڕیکلامی داهاتوو لە سەر گۆرەویی دەبڵ ئێکسە.

بۆ ماوەی دوو هەفتەی ڕەبەق کارۆڵ خۆی دایە دەست بادیکێرەکەوە،[١٨] بەیانیان بەردەوام بەئاگادارییەوە نینۆکەکانی هەڵدەپاچی، پاژنەکانی لووس دەکردن و پێستەکەی پاراو و نەرم دەکردەوە، تاکو خز و ناسک بێت... ئەنجامەکەی گەش و بەرچاو بوو، تەنانەت فرناندۆ خۆی لەو دەمی کامێراکەی تاقی دەکردەوە، بەسەرسووڕمانەوە هاواری کرد:

– ئای لەو دوو پێیە نایابانە، شایان بەدڵبەری ئێمپراتۆرێکی ڕۆمانین!

ئەمجاریان دەبوو بەخەرامانییەوە لە بەرابەر کامێراکەدا قاچی لێ هەڵبڕێت، وەکو سەماکەری بالێ پێیەکانی درێژ بکات، پاشان ساتێک داچەمێتەوە و بەشێوەیەکی ورووژێنەر گۆرەوییەکانی لە پێ بکات...

دوای بڵاوبوونەوەی ڕیکلامەکە فرناندۆ بەڕوخسارێکەوە خۆشیی لێ دەتکا پێی گوت:

– ئێمە سەرکەوتنی ئەفسانەیی بەدەست دێنین... تۆ ئیلهامبەخشی منی کارۆڵ... من لەگەڵ تۆدا باشترین شت دەردەهێنم!

ئەمجارەیش نمایشێکی نوێی پێ ڕاگەیاند.

– ڕیکلامە تازەکە لە هەموو ئەوانەی پێشوو جیاوازترە.

– بیرۆکەکەی چییە؟

– کرێکەت بۆ ١٥٠٠ دۆلار لە کاتژمێرێکدا بەرز دەبێتەوە.

– سوپاس... بیرۆکەی ڕیکلامەکە چییە؟

١٨. بادیکێر: بووک ڕازێنەرەوە، بەربووک.

– بیرۆکەکەی کلاسیکی نییە، لێ پاشەکشەی لێ ناکەم. ئەگەر ڕەتی بکەیتەوە، ئەوا لەگەڵ مۆدێلێکی[19] دیکەدا ئەنجامی دەدەم.

– فرناندۆ... قسە بکە.

– چاکە... کۆمپانیای دەبڵ ئێکس ستایلێکی نوێی لە شەمامەبەند دروست کردووە، تابلێی تەنکە.

ساتێک بێدەنگ بوو، پاشان بەرەقی تێهەڵچووەوە، تاشەرمەکەی بشارێتەوە:

– بیرۆکەی ڕیکلامەکە بەم شێوەیەیە: بەڕووتی وێنەی سینگت دەگرم، ئینجا شەمامەبەندەکە دەبەستیت و کاری ورووژانی سێکسی دەکەیت، تاکو وێنەی گۆیەکانت بەهەڵساوی بگرم.

– ئای کە سەرسەرییت!

وای گوت و بەتووڕەیییەوە هەستا... جانتاکەی لەسەر کورسییەکە هەڵگرت و بەرەو دەرگەکە چوو... فرناندۆ بەپڕتاو بەدوایدا ڕای کرد، قۆڵی گرت تاکو هێمنی بکاتەوە:

– کارۆڵ... کارەکە زۆر لەوە ئاسانترە، کە تۆ بۆی چوویتە. کەمێک بیربکەرەوە... دەیان جار وێنەی مەمکتمان بەڕووتی گرتووە... زیانی چییە ئەگەر وێنەیان بگرین لەو کاتی گۆیەکانیان توند بووبن؟

– هەرگیز شتی وا ناکەم!

بەتووڕەیییەوە تەماشایەکی کرد و گوتی:

– گوێ بگرە، دوا قسەم ئەوەیە... کرێیەکی ئاوارتەت دەدەمێ... دوو هەزار دۆلار بەرابەر کاتژمێرێک لە وێنەگرتن... ئەم کرێیە تەنیا لەو ڕیکلامانەدا وەردەگریت، کە ورووژانی سێکسییان لەخۆ گرتووە.. هەرچی ڕیکلامە

۱۹. مۆدێل: جل نمایشکەر.

ئاساييیەکانن ئەوا کرێکەت وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

کارۆڵ بەبێدەنگییەوە لێی ڕوانی، وادیارە بوویەرەکان هێندە بەخێرایی بەدوای یەکدا دێن ئاوەز قبووڵیان ناکات.

فرناندۆ بەزمانێک کە چاوپێکەوتنەکە کۆتاییی پێ بهێنێت، گوتی:

– تابەیانی بواری بیرکردنەوەت هەیە... کۆمپانیاکە پەلەی ڕیکلامەکەیەتی، پێویستە دەرفەتی ئەوەم بدەیتێ ئەگەر ڕەتت کردەوە بەدوای یەکێک لە شوێنی تۆدا بگەڕێم.

بۆ ڕۆژی دوایی... کارۆڵ هات و لە بەرابەری وەستا، بەرلەوەی ئەو پرسیاری لێ بکات، خۆی لەوە دەپاراست سەیری دەموچاوی بکات، منگەیەکی لێوەهات و گوتی:

– چاکە... کەی دەست پێ بکەین؟

فرناندۆ لە قاقای خەنینەوەی دا، بەتوندی لە ئامێزی گرت و لەسەر زەوییەکەی بەرزکردەوە:

– ئای کە ژنێکی دڵگیری!... ئەگەر چی من بایەخ بەئافرەت نادەم، ئەگەر وا نەبوایا ئەوا بەهەموو توانامەوە کۆششم بۆ تەفرەدانت دەکرد... با بەرەو کار بڕۆین.

لەگەڵیدا چووە ستۆدیۆکەوە، وەکو جاران خۆی لێ ڕووتەوە کرد، ئەویش کاتێکی زۆری بەبۆنەی ڕێکخستنی ڕووناکی و کامێراوە بەسەربرد، دوای چەندین هەوڵ وێنەی ئەو دیمەنەی گرت، کە سینگی بەڕووتی دەردەکەوێت، بەشە زەحمەتەکەیان مایەوە...

داوای لێ کرد شەمامەبەندەکەی ببەستێت، هەربەخۆشی دوگمەکەی دواوەی داخست، پاشان لە ناوەڕاستی کادرەکەی ئامادەی کردبوو وەستاندی و گوتی:

– کـارۆڵ... ئێـسـتـا یارمـەتیی ڕەپبـوونیت دەدەم... شـەرم نەتگرێت... بەشێوەیەکی تەواو پیشەیی دەستی پێدا دەهێنم.

لێی نزیک بووەوە و دەستی خستە ناو مەمکبەندەکەیەوە، مەمکەکانی پڕ چنگی بوون، لەسـەرخـۆ شـێـلانی، پاشـان گـۆیەکـانی خـسـتنە نێـوان قامکەکانییەوە و بەنەرمی هەڵیدەگلۆفین... خولەکێک تێپەڕی بێ ئەوەی وەڵامدانەوەیەکی هەبێت، گوتی:

– وادیارە من وەکو پێویست ناتورووژێنم... بەردەوام ببم؟

وەڵامی نەداوە... لە شـوێنی خـۆی وەسـتـابوو و چاوی لە دەسـتـەکـانی بڕیبوون، کە پەستابوونیە نێوان مەمکبەندەکە و سینگییەوە... دەستەکانی دەرکردن و بازی دایە ئەو دیو کامێراکەوە، تاکو لە ئامادەبوونی دڵنیا بێت، پاشان گەڕایەوە لای و لە بن لێوانەوە گوتی:

– شتێکم بۆ ئامادە کردووی، تاکو یارمەتیت بدات... سەیری شاشەکە بکە.

بۆ یەکـەمین جـار تێـبـینیی ئـەوەی کـرد، کـە لاپتـۆپی لەسـەرمـێـزەکـەی تەنیشتەوە داناوە.

پەنجـەی بـەڕیمۆتـەکـەوە نـا، چەند دیمەنێکی ڕووتی لە شـاشـەکـەوە بەرچاوکەوتن... ئافرەتێکی سپی لەگەڵ پیاوێکی ڕەشدا ڕای دەبوارد، لە ژێر قورسایی لەزەتدا هاواری دەکرد... کارۆڵ شیڕاندی:

– تکایە بیکوژێنەوە!

– چی؟

– بەرگەی ئەم فیلمانە ناگرم!

– بۆچی؟

– چونکە دروستکراو و ساویلکانەیە.

– ئاخۆ کێشەیەکت لە زەوق هەڵساندا هەیە؟

– بەڵکو زۆر سروشتیم.

بەنیگایەک تووڕە بوونی پێوە دیاربوو... گوتی:

– گوێ بگرە... ئەمڕۆ دەبێت گرتەیەک یان دووان وێنە بگرم... کارەکەم لێ تێک مەدە.

– دەرفەتم بدەرێ... لەسەر خدێی خۆم لێم گەڕێ سەرکەوتن بەدەست دێنم.

بەنیگایەکی لێـــڵـــەوە لێی ڕوانی، لەودەمی پاڵی پێـــوە نا، تا لەودیو کامێراکەوە بوەستێت، لە بن لێوانەوە گوتی:

– دەی... بەیارمەتیت.

وەکو قوتابییەکی ئاژاوەگێڕ مامۆستاکەی دەری کردبێت، پێی بەزەوییەکەدا خشاند، کارۆڵ چاوەکانی لێک نان و ئەوساتە خۆشانەی لەگەڵ گراهامدا بەسەری بردبوون، بیرخۆی هێنانەوە، ئەو لەزەتە گەرمە سووتێنەرەی بەخۆیەوەی دەگووشێت، پەیتا پەیتا دەوروبەرەکەی بیرچووەوە و لەگەڵ ئەو هەستە دڵگیرەی کاوێژی دەکردەوە، جووت بوو...

کاتێک درکی کرد، کە تیشکی ڕووناکییەکە زیاتر لە چاوە نووقاوەکانی دەدات، لە بیری خۆی بردەوە و بەردەوام لە دەریای خەیاڵدا مەلەی دەکرد، تاکو لە دەنگی فرناندۆ بەئاگا هات، ئەو کاتی دەستی لەسەر شانی ڕووتی دانا:

– براڤۆ... گرتەیەکی دڵگیرە!

وێنەگرتنەکە چەند دانیشتنێکی خایاند، کارۆڵ هەمان ڕێگەی لە ورووژاندنی خۆیدا بەکاربرد. ڕیکلامەکە سەرکەوتنێکی تەواوی بەدەست هێنا (جگە لەو تاقە وتارەی ڕۆژنامەی شیکاگۆ سەن تایمز نەبێت،

نووسـەرەکەی ڕەخنەی لەوە گـرتبوو، کـە بێ ڕەوشـتـیی تێـدایە و دەست بۆ ژیانی تایبەتی ئەمەریکاییەکان دەبات).

دوای چەند ڕۆژێک، فـرناندۆ بانگهێـشـتی نانی شـێـوانی کرد... دوای دوو پێک لە شـەراب، کـە تێکەڵ بەکاریگەریی مـاریگوانا بووبوون، کە هـەرگیز لێی نابڕێن... نـارەناری دەکــرد و گــۆرانـیی (ئـۆی کـــارۆڵ) ی دێرینـی نـاوداری دەگوتەوە، پاشـان ئەوکاتی چاوانی بریسکەی حەماسـەتیان دەهاتێ گوتی:

– تۆ لە مێژە لەکوێ بوویت؟

– باشیی ئەمە بۆ بەهرەی تۆ دەگەڕێتەوە.

فرناندۆ چون دوودڵ بێت کەمێک تەمـاشـای کرد، پاشـان بەهەڵەشـەییـیەکی منداڵانەوە، کە کارۆڵ حەزی لێ دەکرد، گوتی:

– خاوەنی کۆمپانیاکە دەیەوێت چاوی پێت بکەوێت.

– بەڕاست؟

– فریشـتەی بەخت، کە چاوی لێتە بەتوانایەکی لە ڕادەبەدەر کـار دەکات... ڕەنگە ئەم چاوپێکەوتنـە ژیانت بگۆڕێت... هێنری دیفـێزی خـاوەن کۆمـپانیـای دەبڵ ئێکس، یەکێک لە گەورەترین سـەرمایەدارەکانی ئەمەریکاییە... دەزانیت من تا ئێـسـتـا نەمـبـینیوە؟!... زیاد لە جـارێک داوای چاوپێکەوتنیم کـردووە، کەچی هـەر جارە و بەبەهانەیەک تەوازۆیان دەخواستەوە.

– ڕەوشـی مـن جــیـــایە لـەگـــەڵ تۆ... تـۆ داوای بینـینـی دەکـــەیت و ڕەتی دەکـاتەوە... هـەرچی منم خـۆی هـەوڵی بینینم دەدات، ئیـدی نازانم ڕازی دەبم یان نا!

بەشـۆخـییـەوە وای گوت، لێ ئەو پێنـەکـەنی... ڕاسـتـەوخـۆ چاوی بڕییـە ناو چاوییەوە و بەزمانێکی شێلگیرانەوە گوتی:

– تکام وایە دڵپاکی و سـەرڕاسـتـییـەکەم بەرز ڕابـگریت... هـەر یەکێکی تر

بووایا لە شـوێنی من، هەرگـیز ڕێگەی پێ نەدەدایت بەر لەوەی گرێبـەسـتی قۆرخکردنت لەگەڵدا ئیمزا نەکات، چاوت بەخاوەنی کۆمپانیاکە بکەوێت!

– من هەموو ئەوانەم لەچاوە، کە بۆت کردووم.

– دەبێ ئەمـە بسـەلمێنیت... ژمـارەکـانی نووسـینگەکـەی هەنری دیفـێـزت دەدەمێ، تاکو کاتی چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵدا دیاربکەیت، لە بەرابەریشدا، نەکەی بێ ئەوەی بگەڕێیتەوە بۆلای من گرێبەستی لەگەڵدا ئیمزا بکەیت.

– وادەکەم.

– بەڵێن؟

– بەڵێن بێت.

– من سەلاحم زەینەب.

پەشـۆکان هەناسـەی لەبەر بڕیبوو. دەنگی وەک لە یەکێکی دیکەوە بێت، نامۆ دەهاتە بەرگوێی. دەتگوت دوای سی ساڵ جودایی لە پڕ لە شەقامدا بەرچاوی کەوت، بەدوویدا ڕایکرد تا پێی گەیشت...

ئەمـانەی ڕوودەدەن چەندە سـەیر و نامـۆن! بڕوای نایەت قسـەی لەگـەڵدا دەکات... دەتگوت تەمـەنێکی تەواو نییـە لێی دوور کـەوتووەتەوە، وەک ئەوەی هەزار جـار هەوڵی نەدابێت لـەبیـری بکات... چون هەزار جـار بـەتاسـەوە نەبووبێت بۆی و هەزار جاریش بەنەفرەتی نەکردبێت!... دەنگی شتێکی زۆر لەوە زیاتری دەگەیاند، کە دەیگوتن.

«مـن سـەلاحـم زەینـەب... دەمـناسـیت؟... من ئەو سـەلاحـەم هێندەم خۆشـدەویسـتی کـەسی تر ئاوای خـۆش نـەویسـتووی... بەلەدەسـتدانی تۆ ژیانیشم لەدەست دا!... سی ساڵ وێڵ و سەرگەردان دوور لە تۆ ژیام... هەوڵم دا و سەرکەوتنم بەدەست نەهێنا زەینەب، ئەوەتانێ وا دەگەڕێمەوە بۆ لات».

– سەلاح؟... بڕواییم نایەت.

سەرەڕای تەمەنی، دەنگی گەرمییەکەی خۆی هەر پاراستبوو.

– ئاخۆ لە کاتێکی گونجاودا پێوەندیم پێوە کردوویت؟ نامەوێت لە کارت بکەم.

– من له حکوومەتی میسریدا کار دەکەم سەلاح!... ئیشەکەمان لێرە تەنیا له ئامادەبوون له کاردا کورت دەبێتەوە... هەمیشە زێدەمان له کاتدا هەیە.

ئەی خوا!... ئەمە پێکەنینە دڵگیرەکەیەتی هەروەک خۆیەتی، نەگۆڕاوە... گوتی ناتوانێت وەسفی ئەو خۆشییە بکات کاتێک ئەم بدۆزێتەوە... باسی ژیانی خۆی بۆ کرد... ئەو دوای مردنی مێردەکەی و شووکردنی کچە تاقانەکەی بەتەنێ دەژێت... خۆی له باسکردنی مێردەکەی بەدوور گرت... پرسیاری میسری لێ کرد، بەغەمبارییەوە گوتی:

– میسر له خراپترین دۆخیدایە سەلاح... وەک ئەوەی هەموو ئەو خەباتەی من و هاوەڵەکانم له پێناویدا کردمان، تراویلکە بێت... دیموکراسی نەهاتە دی، هەروەها لە دواکەوتوویی و نەزانی و گەندەڵی ڕزگارمان نەبووە... له میسردا بیری کۆنەپەرستی وەکو پەتا تەشەنە دەکات. بێنە بەرچاوی خۆت، من تاقە موسڵمانم له نێوان پەنجا فەرمانبەردا له بەڕێوەبەرایەتیی پلاندانان، کە لەچک لەسەر ناکەم.

– چۆن میسر بەم شێوەیە گۆڕاوە؟!

– سەرکوتکردن، هەژاری، ستەم، بێ هیوایی له ئاییندە... نەبوونی هیچ ئامانجێکی نەتەوایەتی. میسرییەکان له دادپەروەری لەم دنیا ئومێدبڕ بوونە، لەو دنیا چاوەڕوانین!... ئەوی ئەمڕۆ له میسردا بڵاو دەبێتەوە ئایندارییی ڕاستەقینە نییە، بەڵکو خەمۆکییەکی دەروونیی بەکۆمەڵە هاوشان بە نەهامەتیی ئاینی! له هەمووشی خراپتر ئەوە بوو بەملیۆنان میسری چەند ساڵێک له سعوودیەدا کاریان کرد و بەبیری وەهابییەوە گەڕانەوە... ڕێژیمەکەش دەستی یارمەتیی له بڵاوکردنەوەیاندا هەبوو، چونکە پشتگیرییان لێ دەکرد.

– چۆن؟

– مەزهەبی وەهابی یاخیبوون له دەسەڵاتداری موسڵمان با ستەمکاریش

بێت بەحەرام دەزانێت... ئەوی لە هەموو شت زیاتر وەهابییەکانی سەرقاڵ کردووە داپۆشینی جەستەی ئافرەتە!

– دەبێت هزری میسرییەکان تا ئەم ئاستە دابەزیبێت؟

– لەوەش زیاتر... ئێستا لە میسردا ژنان دەسکێش لە دەست دەکەن، تاکو ئەوکاتەی تەوقە لەگەڵ پیاواندا دەکەن شەهوەتیان نەجووڵێت!

– بەڕای تۆ عەبدولناسر لەم هەموو شتانە بەرپرسیار نییە؟

لە قاقای پێکەنینێکی وای دا دڵی هێنایە لەرزین، گوتی:

– دەتەوێت شەڕەکانمان لە سەر عەبدولناسر دەست پێ بکەینەوە؟... تا نووکەش بڕوام وایە مەزنترین کەسە دەسەڵاتداریی میسری کردبێت... لێ گەورەترین هەڵەی ئەوەبوو دیموکراسی نەهێنایە دی و حوکمێکی سەربازی بۆ ئەوانە جێهێشت، کە دڵسۆزی و توانایان لە خۆی کەمتر بوو.

تاوێک بێدەنگ بوو، پاشان ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی:

– سوپاس بۆ خوا، بەڕادەی شکستخواردنم لەسەر ئاستی گشتی، یەزدان لە خێزاندا سەرکەوتوو و شادمانی کردم. کچەکەم ئەندازیارێکی سەرکەوتووە لە کار و لە شووکردنەکەیدا، دوو نەوەی جوانی بۆ هێناوم... ئەی تۆ چیت کرد؟

– دوکتۆرام بەدەست هێنا و بوومە مامۆستا لە زانکۆ.

– ژنت هێناوە؟

– ژنم هێنا و تەڵاقم دا.

– ئەی منداڵ؟

– منداڵم نییە.

هەستی کرد وەڵامەکەی تاڕادەیەک دڵخوشی کرد... نزیکەی دوو کاتژمێر پێکەوە قسەیان کرد... ئیدی لەو شەوەوە ژیانی گۆڕا... جیهانی شەوی پڕ

بووەوە... شارە ئەفسووناوییەکەی نهێنیی ئەو دەپارێزێت، چونکە کەس بڕوا بەم ناکات... لەبەرئەوەی ئەگەر قسەی لەبارەوە بکات ئەوا خەڵکی بەشێتی دادەنێن... نهێنییەکەی لە دڵی خۆیدا هەڵگرت... بەڕۆژەوە بەنیوە ئاگاداریییەوە دەگوزەرێت، هەرهێندەی شەو پەردەی ڕەشی دادەداتەوە، دەبێتە بوونەوەرێکی تر لە چەشنی پاڵەوانی ئەفسانەکان، لە شەقەی باڵ دەدا و بەناو ڕابردوودا تەراتێن دەکات... جلە کۆنەکانی لەبەر دەکات و سەیری فیلمێکی ڕەش و سپیی ساڵانی شەستەکان دەکات.

تاوەختی ڕۆیشتنی زەینەب بۆ نووسینگەکەی دێت و ئەم تەلەفۆنی بۆ دەکات، گوێ بۆ گۆرانییەکانی ئوم کەلسووم و عەبدولحەلیم حافز شل دەکات.

چون منداڵێک بێت لە قوتابخانە گەڕابێتەوە و خۆی بخاتە باوەشی دایکییەوە، ئەویش ماچی بکات و جلەکانی لەبەر دابکەنێت، دەموچاو و دەستەکانی لە تۆزی ڕێگە پاک بکاتەوە!... ئاوا بەڕاستگۆیی و گەرمییەوە چی ڕووی داوە بۆی دەگێڕێتەوە... شەوێکیان بەیادەوەرییەکانیاندا شۆڕبوونەوە، خۆشییەکی پاراو بەنێوانیاندا خزا، تا لەپڕ پێی گوت:

– چی دەڵێیت ئەگەر داوەتی ئەمەریکات بکەم؟

– بۆ؟

– ڕەنگە ژیانێکی نوێ دەست پێ بکەیت.

پێکەنی و گوتی:

– وات لێ هاتووە وەکو ئەمەریکاییەکان بیر دەکەیتەوە سەلاح... چ ژیانێکی نوێ؟ لەم تەمەنەدا دەبێت داوای کۆتاییەکی باش لە یەزدان بکەین!

– هەندێک جار لە دڵی خۆمدا پەست دەبم لێت.

– لەبەر چی؟

– چونکە بوویتە هۆی جوداییمان.

– ئەوە مێژوویەکی کۆنە.

– ناتوانم ڕێ لە خۆم بگرم بیری لێ نەکەمەوە.

– ئێستا سوودی چییە؟

– زەینەب بۆ جێتهێشتم؟

– تۆ بڕیاری کۆچکردنت دا.

– دەتتوانی بەمانەوەم قایل بکەیت.

– هەوڵم دا، کەچی تۆ مکوڕ بوویت.

– بۆچی لەگەڵمدا نەهاتیت؟

– ناتوانم میسر جێ بهێڵم.

– ئەگەر بەڕاستی خۆشت بویستمایا ئەوا لەگەڵمدا دەهاتی.

– بێهوودەیە ئەگەر ئێستا لەسەر شتێک سی ساڵە ڕووی داوە، ناکۆکی بکەوێتە نێوانمانەوە!

– تا نووکەش هەر بەترسنۆکم دادەنێیت؟

– بۆچی پێ لەسەر کاوێژکردنەوەی یادەوەرییە کرێتەکان دادەگریت؟

– ڕامەکە... ئاخۆ لەچاو تۆوە من ترسنۆکم؟

– ئەگەر بەترسنۆکم دابنایتایا پێوەندیم لەگەڵتدا دانانا.

– دوامین جار پێت گوتم «داخم ناچێت، کە ترسنۆکیت» !

– ناکۆکی کەوتە نێوانمانەوە و لە زمانم دەرچوو!

– چەندین ساڵ ئەم ڕستەیە ئازاری دام.

– داوای لێبووردن دەکەم!

– بڕوا ناکەم ئەمە لە زمان دەرچوون بێت!

– بەدیارکراوی چیت دەوێت؟

– ڕای ڕاستەقینەی تۆ... ئاخۆ بەلای تۆوە من ترسنۆکم؟

– ئەرکی سەرشان پێویستی دەکرد، کە لە میسر بمێنیتەوە.

– تۆ مایتەوە، ئەنجامەکەی چی بوو؟

– چاوەڕوانی ئەنجام نەبووم.

– تاقە ئامانجێک لەوەی خەباتت لەپێناودا کرد بەدی نەهات.

– بەڵام ئەرکی خۆم بەجێ گەیاند.

– بێ سوود!

– هەر چۆنێک بێت هەڵنەهاتم.

ئەو وشەیەی بەلاوە قورس بوو. بێدەنگی دای گرتن، هێندەی نەبرد بەلێبووردنەوە لەبن لێوانەوە گوتی:

– بمبەخشە سەلاح... تکایە لە دڵی نەگریت. خۆت سوور بوویت لەسەر قسەکردن لەبارەی ئەم بابەتەوە.

دەتگوت دەمارێک لە دەموچاوی دوکتۆر سابتدا کرژ بووەتەوە و تاڵییەکی وای پێ بەخشیوە هەرگیز سارێژ نەبێتەوە... چون لەژێر بارێکی قورسدا بناڵێنێت، لە بری ڕۆیشتنە گورج و گۆڵە وەرزشییەکەی، بەهەنگاوی سست و پشتی چەماوەوە ڕێی دەکرد... وەکو توانای وردئاگایی (ترکیز) لە دەست دابێ و زۆربەی کات سەیری بۆشایی ئاسمان بکات!...

تاقە پرسیارێک سەرقاڵی کردبوو: «سارە چی لێ هات؟»... بێ هوودە لە هەموو شوێنان بەدوایدا دەگەڕا... داخۆ لەگەڵ جیفدا بۆ وڵاتێکی تر هەڵهاتووە؟ دەبێ ڕێگر و چەتان لە ئۆکلاند هێرشیان نەکردبێتە سەریان؟... تاوانێلێک لە گەڕەکە ڕەشەکانی شیکاگۆدا ڕوودەدەن مەگەر بەرێکەوت پێیان بزانرێت، یان هەر پێیشیان نازانرێت...

«سارە گیان چیت بەسەر هات؟... ئەگەر خوانەخواستە شتێکت بەسەردا هاتبێت، ئەوا هەرگیز لە خۆم نابوورم!... چەندە دڵڕەقیم بەرابەرت نواند! چۆن دڵم هات بەم شێوەیە سووک و ڕیسوات بکەم؟!».

دوای چەند ڕۆژێک لە گەڕانی بەردەوام، بڕیاری دا پۆلیس ئاگادار بکاتەوە... ئەفسەرێکی ڕەشی ڕێکوپێک پێشوازی لێ کرد، بەبایەخەوە گوێی لە سەرهاتەکەی گرت، پاشان ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی:

– ببوورە گەورەم... من وەکو تۆ باوکم و هەستت پێ دەکەم... لێ کچەکەت لە هەرەتی لاوێتییەتی و لە دیدی یاسای ئەمەریکاییەوە هاووڵاتییەکی

ئازادە و مـــافی ئەوەی هـەیە بۆ هەر کـوێـیـەک بیـەوێت بڕوات، بۆیە هـیچ کارڕاییێکی یاسایی ڕێ نادات بەدوایدا بگەڕێین.

ڕەئفـەت بەدڵشکاوییـەوە بەرەو مـاڵ گـەڕایەوە، بینی مـیشـێلی ژنی لەسـەر قـەنەفـەکـەی ژووری گـوزەران هـەڵایژاوە... بـێ پەروایانە بـێ ئەوەی هـیچ مەبەستێکی هەبێت، نیگایەکی تێ بڕی و کەوتە پرسیارکردن لێی:

– چیت کرد؟

بەدەنگێکی کزەوە پێی گوت، پاشـان بەتەنیشـتـیـەوە دانیشت و دەسـتی خـسـتـە ناو دەسـتـیـیـەوە... لەو کـاتەدا وەکـو دوو ژن و مێـردی بەسـاڵاچوو دەهاتنە پێش چاو، کـە سـاڵانی پێکەوە ژیانیـان فێـری کـردبن بە بێـدەنگی بژێن... ئەو بەڵایە یەکی خستبوون و لە شەڕ و ئاژاوە لەگەڵ یەکتری دووری خسـتـبـوونەوە... هـاوکارییـەکی خـۆڕسک لە شـێـوەی گـردبوونەوەی خـەڵکی کاتێک بەرەو ڕووی ئاگر کەوتنەوە، یاخۆ کارەساتی سروشتی دەبنەوە، کۆی کردبوونەوە. لەگەڵ هەستاندا بەئاسپایی دەستی لادا و گوتی:

– شتی باشترت بەمێشکدا نایەت؟

– ئاگادارییەک بڵاو دەکەمەوە.

– بڕوا دەکەیت سارە خۆی بیخوێنێتەوە؟

– ئەوی لە بیرم بێت جارجار ئاگادارینامەی ڕۆژنامەکانی دەخوێندنەوە...

تاوێک لێی ڕاما، پاشـان باوەشی لێ دا، ڕەئفـەت هەسـتی کـرد لەرز دای گـرتووە، بۆیە کـەوتە دڵدانەوە و هـێـمنکردنەوەی تا گـەیانـدیـیـە سـەر پێـخەفـەکەی، پاشـان بەهێوری گەڕایەوە و خۆی هاویشـتە سـەر قـەنەفەکە... ژانەسـەرێکی توند دای گرتبوو، هـاوکات خـەمۆکـییـەکی قـورس دەسـتی لە بیناقـاقـای گیـرکردبوو... لەو دەمـەوەی سـارە ون بووە بێ حـەبی خـەولێـخـەر خـەو نەدەچووە چاوی، جگەلەوەی توانای هیچ شـتێکی نە بەشـەو و نە بەڕۆژ نەبوو...

چەند جارێک لە وانەکاندا دیارنەبوو، دوکتۆر فریدمانی سەرۆک بەش ناردی بەدوایدا، بەدەم زەردەخەنەوە پێی گوت:

– ڕەئفەت... ئێمە هەمووومان لە کۆلێج دڵمان لاتە... ڕێگەمان بدە یارمەتییەکی بچووکت بدەین... ئەگەر بینیت ناتوانیت وانەیەک بڵێیتەوە، تەنیا ئەوەندەت لەسەرە بەر لەوە پێوەندیم پێوە بکەیت، ئیتر من خۆم ڕێکی دەخەم.

ئاوڕدانەوەیەکی مەردانە بوو لە هاوەڵەکانییەوە، کە بیست ساڵ کاریان پێکەوە کردووە، لێ ئەوە باش دەزانێت ئەم لێبووردەییە تا سەر بەردەوام نابێت... گرێبەستەکەی لەگەڵ زانکۆدا لە مانگی ئەپریل تەواو دەبێت، ئەگەر لەسەر ئەم دۆخە بەردەوام بێت ئەوا گرێبەستەکەی نوێ ناکەنەوە، چەندێک هاوسۆزیش بن لەگەڵیدا... ئیش ئیشە، ئەوەتانێ زۆرێک لە مامۆستاکان لە بەشەکەدا، کە بڕوانامە و شارەزاییان لە ئاستی ئەودایە، ئەگەر زیاتر نەبێت، چاویان لە شوێنەکەیەتی... لەسەرخۆ هەستا و حەبێکی خەوهێنەری قووت دا... چل خولەکی لە بەردەمدایە تاکو سەرخەوێک بشکێنێت... چی بکات؟

لە دڵەوە دەیزانی وەکو شەوانی تر دەکات، پێکێکی تێکەڵ بۆخۆی دەکات (بەرەنگاری پزیشک دەبووەوە لە کۆکردنەوەی خەوهێنەر و خواردنەوەدا)... ئەلبوومە گەورەکەی وێنەکان ئەوی میشێل لە ساڵۆنەکەدا بەتەنیشت پیانۆکەوە هەڵی گرتبوو، دەردەهێنێت... دەخواتەوە و سەیری وێنە کۆنەکان دەکات... ئەوەتانی ڕۆژانی بەختەوەری بەبەر چاویەوە ئاوادەبن... ڕۆژانی ئەوین و لاوێتی... وێنەکانی لەگەڵ میشێل چۆن لە لینکۆڵن پارک باوەشیان لە یەک داوە، هەردووکیان ئاهەنگی سەری ساڵ لە دیڤیز کڵەب دەبەنەسەر... ئەوە لە چ ساڵێکدابوو؟ مێژووەکەی لە پشتی وێنەکەدا نووسراوە... دوای تۆزێک سارە لە وێنەکاندا بەدەردەکەوێت... یەکەم جار بەکۆرپەیی، پاشان

بەمنداڵی بەو قـاتـە شـینە دەریاوانیـیـەوە، کـە لە پێنجـەمین جـەژنی لەدایکبـوونیـدا بـۆی کـڕی، ئینجـا وێنەیەکی گـەلێک جـوان لـەو کـاتی بەپایسکلەکەی لە باغچەکەی ماڵەوە گەمـە دەکات. سەیری ڕوخسـاری دەم بەخـەندەی کـرد... چەند ئێسک سـووک بوو!... ئەی دەبێت ئێسـتـا لە کـوێ بێت؟... لەودەمی لە وێنەکەی دەڕوانی بیرێکی سەیری بەمێشکدا هات... ئاخۆ مـرۆڤ هەر لە منداڵیـیـەوە چارەنووسـی لە دیمەنیـدا هـەڵدەگـرێت؟ داخـۆ بەپلەیەک لە وردئاگایی، یاخۆ بەئاشکرایی دەتوانین داهاتووی منداڵەکان لە ڕوخـسـاریاندا بخـوێنینـەوە؟... هەر لە سـەرەتاوە بزانین ئەم منداڵە زوو دەمرێت، یاخۆ لە ژیانیدا چەرمەسەریی زۆر دەکێشێت؟

یان ئەو منداڵە، کە ئاسایی و تەمبەڵ دیارە لە پیشەکەیدا پێ دەگات، یان سـامـانێکی گـەورە بەدەست دەهێنێت؟... لە وێنەکـاندا سـارە منداڵێکی دەم بەخەندە و ڕوحسووکە، ئێستا بەشێوەیەک لە شێوەکان دەتوانێت ئەو شتانە ببـینێت، کـە لـە چارەیدا نووسـرابوون... لە نێـوان بزە و نیگا دڵگیـر و سەرسوڕهێنەرەکانیدا پیاو دەکەوتە ناو هەورێکی ڕەشی بێ ئامانەوە...

شکانەوەیەک، کە بەحاڵ دیاربوو لە نیگاکانیدا بەدەردەکەوێت... نیشانەیە بۆ چارەنووسێکی غەمبار، کە ناتوانێت خۆی لێ ببوێرێت...

ئەلبوومەکەی خستە لاوە و هەستا... وەکو هەموو شەوانی تر غەمەکانی چڕ دەبنەوە و ئیـدی ناتوانێت سـەیری وێنەکـانی تری بکات... لەبەرابەر پەنجەرەکەدا پێکێکی تری هـەڵدەدا، تاکو خەوهێنەرەکە لەگەڵ وێسکییەکە لە مێشکیدا هاوپەیمانی دەبەستن و ئەویش خـەوێکی ڕەشی قـورس لە شێوەی مردن دایدەگرێت.

لەپڕ وای بەمـێـشکدا هات دەنگێلێک کە لـە قاتی خـوارەوە دێن بەرگـوێی دەکـەون، دەنگی دەرگـەیەک دەکـرێتـەوە و دادەخـرێت، پاشـان جـیـڕەی هەنگاوەکـان لەسـەر زەویی تەختـەڕێژکراوی یەکێک لە ژوورەکـان دەهات...

گـوێی هەڵخـست... ئای خـوایە!... ئاخـۆ ئاگـادارکردنـەوەکەی پزیشک بەدی هات؟... چییـە وێسکی و خـەوهێنـەرەکە لێکیـان داوە و وڕێنـەی پـێ دەکـەن؟... ئەوەتـانێ ســەرلەنوێ گــوێی لـە دەنگەکــە دەبێــتــەوە... نـا... وڕێنە نـیــیــە... ئەمـجـاریان دڵنیـایە... کەسـێک لە قـاتی خـوارەوە جـووڵە جـووڵـیـەتی... دەبێ میـشـێلی ژنی بێت دابەزیـبێت شـتێک دروست بکات؟ پەرداخـەکـەی لەسـەر مـێـزەکـە دانـا و بەرەو ژووری نووسـتن تاوی دا... بەئاسـپـایی دەرگـەکـەی کـردەوە، تـوانی لە تاریکیـیـەکـەدا دیمەنی مـیـشـێل بەنووسـتـوویی ببـینێت... ئێستـا تەواو ئاگادار بوو... هـێزی هـەسـتکردنی بەمـەترسـی وردئاگاییـیەکەی بۆ گەڕاندەوە... ئـەوەتانێ دەنگەکە نوێ دەبێـتـەوە... بەرەنگاریـی دەکـات... ئەو کەسـەی خـۆی بەژووردا کـردووە تەنانەت جووڵەکانیشـی ناشـارێتەوە. دزئاسا بەدزییەوە خۆی بەژووردا ناکات... ڕەنگە سـەرخۆش یان بێ هۆش بێت، یاخۆ دوورنییـە چەکی پێ بێت و وای لێ بکات لە توانای خـۆی لە یەکلاکردنەوەی هەڵوێسـت لە هەر ســاتێکدا دڵنیــا بێت!... کێ دەڵێت تاقــە کــەســێکە؟... ڕاستییەکەی کۆمەڵە چەکدارێکن... چییـان لێ دەوێت؟... مخابن وەکو سەلاح نییە چەکی هـەبێت... هـەمیشە ئەوەی ڕەت دەکردەوە چەکی هـەبێت... بیرۆکەی تەقـەکردن لە کـەسـێک لە ژێر هـەر بارودۆخـێکدا بێت، بەسـەیر و ترسـێنەری وێنا کرد!... مۆبایلەکەی کردەوە و لەسـەر ژمارەی پۆلیسی فریاکەوتنی دانا... دادەبەزێتـە نـهۆمـی خـوارەوە، بەرەو ڕووی دزێل دەبێـتـەوە، لە کـات و سـاتی پێویستـدا بانگی پۆلیس دەکات... خۆی بەپەرژینی پلیکانـە دارینەکەوە گرت و زۆر بەئاگــادارییــەوە پلە پلـە هاتە خـوارێ... وەسـتـا، چـەند سـاتێکی برد تا لەوەی بینی تێگەیشت... دەرگـەی ژوورەکــە لەســەر گــازی پشت بـوو... لەبەر ڕۆشناییـیە کزەکەی ژوورەکـەدا کەسـێکی بەرچاوکەوت، ئەم ئەو قـەد و باڵایە باش دەناسێت:

– سـارە!

ئاوا گازی کرد و بەرەولای ملی نا... پەنجەی بەپلاکەکەوە نا، ڕووناکییەکە وردەکارییەکانی دیمەنەکەی ئاشکرا کرد... ئەو ئاوڕێکی لێ دایەوە، بەنیگایەکەوە وەک لەوێ نەبێت چاوی تێ بڕی، پاشان چون نەیبینیبێت ڕووی وەرگێڕا... بەحەسرەتەوە چاوی لە شتێک دەگێڕا... بەتوندییەوە یەک لە دوای یەک چەکمەجەکانی نووسینگەکەی دەکردەوە و دایدەخستن... ڕەئفەت لێی نزیک بووەوە و تەماشای دەکرد... دیمەنێکی سەیری هەبوو:

جەستەی لاواز و ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، چاوانی بەپەڵەی ڕەش خەرمانە درابوون... شڵپەی ئارەقی دەهات، قژی بژ و خۆڵاوی بوو، چون لەسەر شۆستەکە ڕۆژی کردبێتەوە ئاوا جلەکانی پیس و پۆخڵ بوون!

– سارە؟ لە کوێ بوویت؟

بەم شێوەیە بەهەڵپەوە پرسیاری لێ دەکرد، کەچی زاری هەڵنەهێنا، چون هەست بەبوونی نەکات هەر تەماشایشی نەکرد... بەردەوام بەتوندی چەکمەجەکانی دەکردەوە و دای دەخستن، پاشان کەوتە پشکنینی دۆڵابەکە... لایەکی دەرگە دوودەرییەکەی بەتوندی ڕاکێشا، ئەوی تێیدابوو تووڕی هەڵدایە سەر جێیەکە.

کۆمەڵێک کراسی ئوتووکراو، جلی ژێرەوە و خاولیی هەمەڕەنگ...

ڕەئفەت قۆڵی گرت و لێی پرسی:

– لە چی دەگەڕێیت؟

بەپاڵێک لەخۆی دوور خستەوە و بەدەنگێکی تووڕەوە هاواری کرد:

– بەرم دە!

– سارە چیتە؟

– ئەمە ئیشی تۆ نییە.

تەماشای ناو دۆڵابە خاڵییەکەی دەکرد، پاشان لەپڕ خۆی هەڵدایە سەر

نوێنەکە و هەردوو دەستی نایە بان سەریەوە، چون لەگەڵ خۆی قسە بکات گوتی:

– بەنەفرەت بێ!... پارەکە چی لێ هات... من دڵنیام لێرە جێمهێشت؟

– سارە!...

– وازم لێ بێنە و توخنم مەکەوە...

– دەزانم تووڕە بوویتە لێم... بمبەخشە... دڵڕەقیم بەرامبەرت نواند... بڕوات هەبێ لەم دنیایەدا لە هەموو کەسم زیاترم خۆشدەوێیت.

– بەسە ئیتر بەسۆز بمخەڵەتێنی، بەڕاستی تۆ ژیانی منت بەتەواوەتی وێران کرد.

دەنگی تێکشکابوو و نیگاکانی سەیر و نامۆ بوون... دەموچاوی کرژبووەوە و کەوتە ئارەقە دەردان، چون هەناسەی تەنگ بوویێت کەوتە هەناسە خواردنەوە... لێی نزیک بووەوە، دەستی بۆ درێژکرد تاکو لە ئامێزی بگرێت، ڕاستەپێ هەستا و دوو هەنگاو دوورکەوتەوە، پاشان وەرسووڕا، بەنیگایەکی پڕ لە ورووژان و هاندانەوە چاوی تێ بڕی و بەرەو ڕووی وەستا... ئەم بەدەنگێکی کزەوە گوتی:

– دەمەوێت هەندێک قسەت لەگەڵدا بکەم.

– کاتی ئەوەم نییە.

– دەمەوێت یارمەتیت بدەم.

– یارمەتیی تۆم ناوێت.

– ئێستا ماڵەکەت لە کوێیە؟

– لە شوێنێک هەزار جار لە ماڵەکەی تۆ باشترە.

– بۆچی بەم شێوەیە مامەڵەم لەگەڵدا دەکەیت؟ تۆ ئاریشەیەکی گەورەت هەیە... دەبێت واز لە مادده بێهۆشکەرەکان بهێنیت.

بەتووڕەییەوە تەماشایەکی کرد و شیڕاندی:

– تۆ چی لەبارەی مـاددە بێـهـۆشکەرەکـانەوە دەزانیت؟... تۆ جگە لە سەمپڵی شانە، کە هەموو ژیانت لەگەڵدا بردووەتە سەر هیچ لەبارەی دنیاوە نازانیت.

– تکایە سارە... با بۆ پزیشکی دەروونیت ببەم.

– ئیدی بەرگەی ئەم قسە بێ مانایانە ناگرم... من پێویستم بەپزیشکی دەروونی نییە، ئەگەر گرفتێک لە ژیانی مندا هەبێت، ئەوا لە سۆنگەی تۆوەیە.

– من؟!

– ئاساییە کە ئەو دزێوییەی دەیکەیت نەیبینیت!

– سارە!

– بەسە درۆ و دەلەسە... بوویتە هۆی چارەڕەشیی من... لەمماڵەدا تاقە شتێک نییە ڕاستەقینە بێت... دایکم خۆشی ناوێت... هەرگیز خۆشی نەویستوویت... تۆیش ئەوت خۆش ناوێت... ئیدی بەبەردەوامی درۆ لەگەڵ یەکتریدا دەکەن، گوایا باشترین ژن و مێردن. کاتی ئەوە هاتووە ڕای من لەبارەی خۆتەوە ببیستیت. تۆ کەسێکی ساختەیت... ئەکتەرێکی دۆڕاو ڕۆڵێکی بێ مانای وا دەگێڕێت کەس قەناعەتی پێ ناکات. تۆ کێی؟ ئاخۆ تۆ میسریت یاخۆ ئەمەریکایی؟ وا ژیایت کە ببیتە ئەمەریکایی... سەرکەوتنیشت بەدەست نەهێنا.

– ئەم هەموو بەڵایانە بەهۆی ئەو هەتیوەوە بوو، جیف!

ڕەئفەت لە ناکاو ئاوا شیڕاندی، کەچی ئەویش قیژاندی:

– جوێنی پێ نەدەی... ئەو لە تۆ چاکترە... ڕاستە ئەو هەژار و بێکارە، لێ ڕاستگۆیە... هەردووکمان یەکتریمان خۆش دەوێت... وەکو ئێوە ساختە نین!

لە پڕ وەرسووڕا و بەرەو دەرگەکە ملی نا، کەچی دووی کەوت و دەستی گرت، تا بیهێڵێتەوە، ئەویش بەپاڵێک لە خۆی دوورخستەوە... ئەم زوو گەڕایەوە سەری، لە دواوە باوەشی لێ دا و بەدەنگی بەرز هاواری کرد:

– هەرگیز ڕێگەت نادەم خۆت لەناو بدەیت.

– بەرم دە.

ئاوا قیژاندی و بەهەموو هێزییەوە پاڵێکی پێوە نا، کەچی ئەو گرتبووی و بەری نەدەدا، بەرگەی لێدانەکانی گرت... سارەش خۆی جیرەوە کرد و هەوڵی زۆری دا تا خۆی لە دەستی ڕاپسکێنێت، لە پڕ خۆی کرژەوە کرد و لە پرمەی گریانی دا... بەخۆیەوەی نووساند و لە باوەشی ئارامی گرت، پێکەوە نووسابوون، چرکەیان لێوە نەدەهات... دوای کەمێک سارە بەدەنگێکی جیا لە پێشوو، هێمن و قووڵ، دەتگوت لە خەونەکەی بێدار بووەتەوە، یاخۆ دوای توورە بوونێکی دەم نادەم بەهۆش خۆی هاتووەتەوە، گوتی:

– دەبێت هەوکە بڕۆم.

– پارەت ناوێت؟

دوودڵیی پێوە دیاربوو، بەکزییەوە گوتی:

– سەد دۆلارم بدەیێ، دوای هەفتەیەک بۆتی دەگەڕێنمەوە.

جزدانەکەی دەرکرد و گەڵایەکی دایە دەست، زوو وەری گرت و هەرچۆنێک بوو پەستایە گیرفانی پانتۆڵەکەیەوە. ڕەئفەت بزەیەکی کرد و گوتی:

– پارەی زیاترت ناوێت؟

– لە تەنگژەدا نین... دوای چەند ڕۆژێکی کەم جیف دەستبەکار دەبێت... کارێکی باشی لە نووسینگەی دەلاڵی دۆزیوەتەوە.

دڵنیابوو درۆ دەکات... بەمیهرەبانییەوە تەماشایەکی کرد و گوتی:

– دەکرێت ناونیشانە تازەکەتم پێ بڵێیت؟

– ناتوانم.

– تەنیا دەمەوێت دڵم لات نەبێت... بێزارت ناکەم... تاخۆت نەڵێیت سەرت لێ نادەم.

– من خۆم پێوەندیت پێوە دەکەم... بەڵێنت دەدەمێ.

وادیار بوو سارە لە پڕ نەرمونیانییەکەی پێشووی بۆ گەڕابێتەوە... ڕەئفەت سەرلەنوێ باوەشی لێ دا و کەوتە ماچکردنی دەموچاو و قژی، تا سارە بەئاسپایی لە خۆی دوورخستەوە... تەماشایەکی بابی کرد و ساردە بزەیەکی هاتێ، پاشان ماچێکی خێرای ڕوومەتی کرد و بەپەلە چووە دەرێ.

دوكتۆر فریدمان له نووسینگه‌كه‌ی خۆی له‌ودیو مێزه‌كه‌وه دانیشت و فه‌رمووی دانیشتنی له تارق كرد... سه‌ری داگرت و له ده‌سته‌كانی ده‌ڕوانی، كه په‌نجه‌كانی به‌ناویه‌كدا كردبوون، پاشان به‌خدێی خۆی به‌ر له قسه‌كردن سوور هه‌ڵگه‌ڕا... ئینجا گوتی:

– له‌و ده‌مه‌وه‌ی سه‌رۆكایه‌تیی به‌شه‌كه‌م وه‌رگرتووه، هه‌میشه حه‌زم كردووه خوێندكاره میسرییه‌كان وه‌ربگرین، چونكه زیره‌كن و كۆشش ده‌كه‌ن... هه‌ڵبه‌ت جارناجارێك میسرییه‌كی خراپی وه‌كو ئه‌حمه‌د ده‌نانه‌ش هه‌ڵده‌كه‌وێت، لێ ئه‌مه ئاوارته‌یه و ڕێسا نییه... بۆ نموونه تۆ خوێندكارێكی مه‌زنیت... ئه‌نجامی پێشوه‌خت و باشت له توێژینه‌وه‌كه‌تدا به‌ده‌ست هێنا، هه‌روه‌ها زۆرباشه‌ت له هه‌موو وانه‌كاندا به‌ده‌ست هێناوه.

– سوپاست ده‌كه‌م.

ئاوا تارق ورته‌یه‌كی منه‌تبارییی لێوه هات. دوكتۆر فریدمان كۆكه‌یه‌كی بۆ كرد، چه‌كمه‌جه‌ی مێزه‌كه‌ی كرده‌وه، هه‌ندێك كاغه‌زی ده‌رهێنا و له پێش خۆی دانان، پاشان بێ ئه‌وه‌ی ته‌ماشای تارق بكات، ده‌ستی به‌قسان كرده‌وه:

– ئه‌و ده‌سكه‌وته كردارییه ناوازه‌یه‌ت وام لێ ده‌كات، كه به‌ڕاست و ڕه‌وانی له‌گه‌ڵتدا بدوێم... له‌م چه‌ند مانگه‌ی دواییدا له‌و ئاسته‌ت دابه‌زیویت... ئه‌مه چواره‌مین تاقیكردنه‌وه‌یه نمره‌ی خراپی تێدا به‌ده‌ست ده‌هێنیت، له

کاتێکدا هەمیشە بەرزترین پلەت بەدەست دەهێنا!

تاریق چون توانای قسەکردنی، لەدەست دابێت، بەڕەنگی هەڵبزرکاوییەوە لە دوکتۆر ڕامابوو... لەو دەمەدا دوکتۆر فریدمان کاغەزی تاقیکردنەوەکەی بەدەستەوە بوو و بەتووڕەییەوە گوتی:

– کاتێک بەئەنجامەکانی ئەم دواییەتدا چوومەوە ئەبلەق بووم... تۆ هەڵەی سەرەتایی وا دەکەیت لە تۆ ناوەشێتەوە... ئاخۆ ئەمە وات لێ ناکات کەمێک بیر لە هۆیەکانی خراپبوونت بکەیتەوە؟

تارق متەقی نەدەکرد و دەموچاوی زیاتر زەرد هەڵدەگەڕا، فریدمان بزەیەکی کرد و بەدەنگێک بەزەیی لەخۆگرتبوو، گوتی:

– گوێ بگرە تارق... هەلێکی گەورەت لە بەردەمدایە، تا داهاتووی خۆت بنیات بنێیت... ژیان لە ئەمەریکا ناتەواویی تێدایە، لێ تایبەتمەندێتیی گەورەی ئەوەیە هەل بەهەموو کەسێک دەبەخشێت... ئەگەر کۆشش بکەیت بەئامانج دەگەیت... ئەمە نهێنیی مەزنی ئەم وڵاتەیە... ئەوی لێرەدا بەدەستی دەهێنیت، لە هیچ شوێنێکی دنیادا بەچنگی ناهێنیت... ئامۆژگاریم ئەوەیە کارێکی وا مەکە ژیانی تایبەتی کارەکەت بشێوێنێت.

– بەڵام...

– نامەوێت دەست لە ژیانت وەربدەم، لێ هەوڵ دەدەم ئەزموونی خۆمت بۆ بگوازمەوە... وابزانم باش لێم دەگەیت. کاتی خۆی وەک تۆ گەنج بووم، لە قۆناغی زانستیمدا تووشی ئەویینداری هاتم... پێوەندیی خۆش و پڕ لە بەدبەختیی زۆریش کاریان تێ کردم... لێ فێربووم چۆن دەست بەسەر هەستەکانمدا بگرم و دەستبەکار ببمەوە... لە ژیاندا لە کار قورستر نییە لە گیان، لێ تاقە بەهایە هەر دەمێنێت.

فریدمان لە شوێن خۆی هەستا و بەگەرمی دەستی تارقی گوشی:

– تارق ئاگـات لە ئیـشـەکـەت بێ و من وەکـو بـابی خـۆت دابنـێ... ئەگـەر پێویستت بەهەر یارمـەتییـەک بوو سڵ لە من مەکـەوە... تەنانەت ئەگـەر حەزت کرد قسـە لەسەر ئاریشەکانت بکەیت، هەمیشە کاتی ئەوەم دەبێت گوێت لێ بگرم.

– سوپاست دەکەم دوکتۆر.

تارق بەمنەتبـارییـەوە وای گوت... فـریدمـان دەسـتی لەسـەر شـانی دانا و بەدەم گەیاندنییەوە بۆ دەرگەکە، گوتی:

– بەداخـەوە، خـراپبـوونی نمرەکـانت وا لە بـەڕێوەبەرایەتیی بەش دەکـات ئاگادارت بکاتەوە... ئەمـە لە پێڕەوەکەدا هـاتووە... لەمـاوەی دوو ڕۆژدا ئاگادار کردنەوەکەت پێ دەگـات... هەڵبـەت ئەمە شـتێکی خراپە، لێ کۆتاییی جیـهـان نیـیـە... ئەگـەر کۆشـشی بـاش بکەیت و ئاسـتی خـۆت بەرزکـردەوە، دەتوانین ئاگادارینامەکە ڕەش بکەینەوە، وەکو ئەوەی هیچ نەبوویێت.

تارق بەبێدەنگی لە دوکتۆر فریدمانی دەڕوانی... توانای قسەکردنی نەبوو... کـاتێک لای ئەوی جێ هـێـشت ئـەوەی مـێـشـک بێت لـە کـەللـەیدا نەمــابوو... بەهـەنگاوی قـورسـەوە هۆڵەکـەی بڕی، چون مـشـتـێکی تـوند بەر سـەری کەوتبێت، خـەریک بوو بەلادا بێت... وێنەی تەڵخی دژبەیەک بەپەردەی بیریدا گوزەریان دەکرد... بـەدەم بیرکـردنەوەوە لە ڕۆیشـتن بەردەوام بوو، بێ ئەوەی ئاگـای لێ بێت بەشی نـاوخـۆیی خـوێندکـارانـی تێـپـەڕاند... ئەو بـەخـۆیشـی ئەوەی دەزانـی بەم دوادواییـیـە ئاسـتی نـزم بووەتـەوە، لێ ئەوەی بـەدیارده دانـەدەنـا... چـەنـدێک نمرەی خـــراپی بـەدەست بـهـــێنایا دەیگوت: «لەم تاقیکردنەوەیەدا باش نەبووم، لێ لە جاری داهـاتوودا خۆم دەگرمەوە».

دوکـتـۆر فـریدمـان وای لێ کـرد تەمـاشـای ئاوێنە بکا و ڕاسـتـیـیـەکـان ببـینێت... خـەریکە بەرەو هەڵدێر لێـژ دەبێـتـەوە... ئایندەی زانسـتی لە ژێر هەڕەشـەدایە... ئەمڕۆ ئاگادارینامەیەکی یاساییان ئاراستە کرد، سبەینێش

وەکو دەنانە دەری دەکەن... جیاوازییەکەی ئەوەیە، دەنانە حکوومەتی میسری لە پشتییەوەیەتی، هەرچی ئەمە ئەگەر دەری بکەن ئەوا بۆ یەکجاری دەفەوتێت... خوا گیان... چی ڕووی داوە؟ چۆن تارق حەسیبی بلیمەت، ئەفسانەی سەرکەوتن، لە دەرنەچوون دەترسێ و مەزندەی دەرکردنی دەکات؟! بەهێمنی دەرگەی ئەپارتمانەکەی داخست، هەر بەجلەکانییەوە خۆی بەسەر نوێنەکەیدا دا، تەنانەت پێڵاوەکانیشی دانەکەندبوو... نزیکەی نیو کاتژمێر لە میچەکە ڕاما، پاشان ڕاست بووەوە و لە ئەپارتمانەکە دەرچوو، سواری ئاسانسەرەکە بوو بەرەو نهۆمی حەوتەم... بەدوودڵییەوە لە بەرابەر ئەپارتمانەکەی شەیما وەستا، پاشان دووجار لەسەریەک پلی بە زەنگەکەوە نا... ئەمە ئەو شێوازە بوو، کە لە سەری ڕێککەوتبوون، شەیما لە زەنگەکە دەزانێت کێیە و بەهەڵەداوان چون لە پشت دەرگەکەوە چاوەڕوان بێت ڕادەکات، یەکسەر دەرگە دەکاتەوە... لێ ئەمجاریان نەکرایەوە... وایزانی دەرچووەتە دەرەوە... پێوەندیی پێوە کرد مۆبایلەکەی داخرابوو... سەرلەنوێ پلی بەزەنگەکەوە نا... قەیرێکی پێ چوو، بیری لەوە کردەوە بڕوات... لەدواییدا کرایەوە... جلی ماڵەوەی لەبەردا بوو، تەوقەیەکی لە قژی دابوو، وەکو جاران خۆی نەڕازاندبووەوە... متەقی لێوە نەهات، وەرسووڕا و لەلاوە وەستا تا بێتە ژوورەوە... لە ساڵۆنەکە لەسەر قەنەفەکە بەرابەری دانیشت... لەبەر ڕووناکییەکە بینی چاوی ئاوساوە و دەموچاوی بەفرمێسک تەڕ بووە...

– خێرە هیچ بووە؟

زاری هەڵنەهێنا، خۆی لە نیگاکردنی بەدوور دەخست، ئەمەش وای لێ کرد ئارامی لەبەر ببڕێت... لێی نزیک بووەوە و دەستی خستە سەرشانی، ئەویش بەتوندی دەستەکانی لابردن!

– شەیما چیتە؟

کەمێک سەری کز کرد، پاشان لەپڕمەی گریانی دا و بەدەنگێکی

پچڕپچڕەوە گوتی:

– کارەساتە تارق!

– چی ڕوویداوە؟

– سکم هەیە!

تارق چون تێنەگەیشتبێت و لە شوێن خۆی مەیبیبێت، ڕەق ڕاوەستابوو تەماشای دەکرد... توانای بیرکردنەوەی لە دەست دابوو، بیری پەرشوبڵاو بوو، بووە هەزاران پارچەی بچووکەوە... وای لێ هات وەکو دیمەنێلێکی لێک جودا، کە هیچ پێوەندییەکیان پێکەوە نەبێت سەیری شتەکانی دەوروبەری دەکرد. گڵۆپەکەی سەر مێزەکە، یەخچاڵەکە کە ویزەویزی بوو، زەوییەکەی بەمۆکێتی کوڵکنی قاوەیی تۆخ داپۆشرابوو... شەیما لە هیکرا لە شوێن خۆی ڕاپەڕی، بەدەم قیژەوە کەوتە ڕنینەوەی کوڵمەکانی:

– تارق بەو بەڵایەت زانی؟! تارق من بەحەرامی سکم پڕ بووە... بەحەرامی.

بەپڕتاو خۆی گەیاندێ و هەردوو دەستی گرت، دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆر توانی ڕێ لە لەخۆدانی بگرێت، لێ ئەو خۆی دایە بان قەنەفەکەدا و کەفوکوڵی دانەدەمرکایەوە، تارق دڵی بۆی دێشا... تازە بەقسان هات، دەتگوت لەناو بیرەوە قسە دەکات:

– تۆ بەهەڵەدا چوویتە!

– مەبەستت چییە؟

– نابێت سکت هەبێت!

– دوو جار خۆم نیشان داوە.

– دڵنیات دەکەمەوە شتی وانییە!

بەتووڕەیییەوە تەماشەیەکی کرد و گوتی:

– تۆ خۆت پزیشکیت، چاک دەزانیت شتی وا ڕوودەدات.

بێدەنگییەکی قووڵ دای گرتن، سەرلەنوێ دەستی بەگریان کردەوە، پاشان بەلالانەوەوە گوتی:

– ئەم بەیانییە بیرم لە خۆکوشتن کردەوە... بەڵام لە خوای مەزن دەترسێم.

لە پڕ هەستا، لە تارق نزیک بووەوە، هەردوو دەستی گرت و بەنووزانەوەوە گوتی:

– تارق پێت ماچ دەکەم، سترم بکە!

تارق بەبێدەنگی چاوی تێ بڕیبوو... ئەویش بەپاڕانەوەوە گوتی:

– پرسیارم کردووە... دەتوانیت لێرە لە کونسوڵگەری بمخوازیت.

– لێرە بتخوازم؟

– ڕاستە کەسوکارمان لێمان دەڕەنجێن، چونکە پرسمان پێ نەکردوون، بەڵام چارمان نییە... لە کونسوڵگەری پرسیارم لێ کردن... کارڕایی ئاسانە و نیو کاتژمێر نابات... دوای ئەوە وێنەیەک لە گرێبەستی هاوسەری بۆ تۆماری شارستانی لە قاهیرە دەنێرن.

دوا ڕستـەی بەدەنگێکەوە گـوت چون تارق لەسـەر هێنانی ڕازی بێت و گرفتی کارڕایی مابێت... لێ بێدەنگییەکی قورس دای گرتبوون... تارق ڕووی خۆی وەرگێڕا، تاکو شەیما تەماشای نەکات، بەدەنگێکی نزم وەک ئەوەی لەگەڵ خۆیدا بدوێت، گوتی:

– منیش گرفتێکی گەورەم بۆ دروست بووە... ئاگادارینامەیەکی یاساییم لە زانکۆوە پێگەیشت... نمرەکانم زۆر دابەزیون!

– دەبێت یەکەم جار ئەم کێشەیە یەکلا بکەینەوە... کەنگێ بۆ کونسوڵگەری بچین؟

– بۆ؟

– تاکو بمخوازیت.

– هەنووكە بارودۆخی من ڕێ بەژنهێنان نادات!

سەرلەنوێ كشوماتی دای گرتنەوە... شەیما بەدەنگێكی بیستراوەوە هەناسەبڕكێی پێ كەوتبوو، تارقیش بەدەنگێكی پاڕانەوە ئامێزەوە گوتی:

– تكات لێ دەكەم شەیما... لێم تێ بگە... هەرگیز دەستبەردارت نابم... هەموو هەوڵم بۆ یارمەتیدانت دەخەمە گەڕ... لێ ناتوانم بەم شێوەیە ژن بهێنم.

شەیما لە ڕوخساری ڕاما، ویستی شتێك بڵێت، كەچی لەپڕ بەهەناسە بڕكێوە پاڵی ناو بەسەریدا قیژاندی:

– لێرە دەرچۆ... دەرچۆ... نامەوێت چارەت ببینم.

***

یەكێك لە خراپترین شەوەكانی ژیانم ڕۆژ كردەوە.

بۆ ساتێك چییە پێڵووەكانم بەیەكدا نەدان... چەند جارێك پێوەندیم بەویندییەوە كرد، كەچی وڵامی نەدامەوە، پاشانیش مۆبایلەكەی داخست. سبەینێ زوو جلەكانم لەبەر كردن و سواری میترۆ بووم بۆ بۆرسەی شیكاگۆ، چەند جارێك گەیاندبوومە ئەوێ...

لە دووڕیانەكە وەستام كەوتمە چاوەڕێكردنی... ئەو بەفرەی لە شەودا باریبوو هەموو شتێكی داپۆشیبوو... پاڵتۆ قورسەكەم لە خۆم پێچا، كڵاوەكەم لەسەرم توند كرد و جەمەدانییەكەم لە دەم و لووتم پێچا... ئەوەم بیرهاتەوە چۆن ویندی ئەم جلانەی بۆ هەڵبژاردم... چونكە شارەزای زستانی شیكاگۆ نەبووم. پاڵتۆیەكی نایلۆنی باران گرەوەم كڕیبوو، وام دەزانی بەرگەی سەرمای سەخت و كڕێوە دەگرێت، ویندی هەركە بینی لە خەنینەوە ناكەوت، پاشان خۆی گرت و

بەدەنگێکی نزم چون داوای لێبووردن بکات، گوتی:

– ئەم پاڵتۆیە تەنکە. زستانی شیکاگۆ دەخوازێت پاڵتۆی ئەستووری فەروەدار لەبەر بکەیت.

بردمی بۆ فرۆشگەی ناوداری مارشڵ فیلد، لەو دەمی ئاسانسەرە شووشەییەکە بەرەو سەرێی بەرز دەکردینەوە، گوتی:

– لێرە جلی نایاب دەفرۆشن، کە گەورەترین نەخشەساز نەخشیان دەکێشێت... لێ سوپاس بۆ خوا هەژاری وەک ئێمەیان لەبیرنەکردووە، دوا نهۆمیان بۆ هێشتووینەتەوە، ئەو جلانەی خەوشیان تێدایە، یاخۆ مۆدێلیان بەسەرچووە... بەهەرزان دەفرۆشرێن.

چەندی خۆشویستم و بایەخی پێ دام!... هێندەی ئەو لەگەڵمدا نەرمونیان بوو، من ئەوەندە لەگەڵیدا خراپ بووم... هەر دوێنێ بوو بەجلی سەماوە، کە لەبەر من کڕیبووی هات لەگەڵمدا ئاهەنگ بگێڕێت، ویستی لە دیدی منەوە ببێتە ئەو سەماکەرە ئەندەلووسییەی لە خەیاڵمدایە... ئەم هەموو خۆشەویستییەم بەدڵڕەقییەک پێشوازی کرد هەرگیز بڕوا ناکرێت...

بەسیخوڕم تاوانبار کرد... بەناپاک... هەر هێندەی بیبینم یەکسەر داوای لێبووردنی لێ دەکەم... دەستەکانی ماچ دەکەم و لێی دەپاڕێمەوە تا بمبەخشێت... چۆن دڵم هات ئەوەندە لەگەڵیدا دڵڕەق بم؟... هۆشم لەبەرخۆم نەبوو... شپرزەو بەدبەخت شکستەکانم بەسەر ئەودا بەتاڵ کردەوە...

هەڵکوتانە سەری سەفوەت شاکر لە ماڵەکەمدا بۆ سەرم و

پێـزانینی بەهەمـوو وردەکـارییـەکـانی ژیانم و هەڕەشــە لێ کـردنم لـە ڕێگەی دایک و خـوشکەکـەمــەوە... هەمـوو ئەمــانە ورەیان ڕووخــاندم... نوهای خـوشکم... هەرگـیـز بڕوا نـاکـەم بیگرن... ئەگـەر پەنجـەیەکـیـان بەخـراپـە بەری بکەوێت، ئەم سـەفـوەت شـاکـرە وەک سـەگ دەتۆپێنم... خـوایە!... داخـۆ ئەمــانیش وەکـو ئێــمــە مـرۆڤن؟... ئاخـۆ ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەمانەش وەکو ئێمە منداڵی فریشتە ئاسا بوونە؟ چۆن کاری مرۆڤێک لە لێدان و ئەشکەنجەداندا خەست دەبێتەوە؟

ئەوی بتوانێت ئازاری مرۆڤێک بدات چۆن دەتوانێت بخوات و بنوێ و لەگـەڵ ژنەکـەیدا خـۆشـەویسـتی بکات، یاخـۆ یاری لەگەڵ منداڵەکانیدا بکات؟!...

سـەیرەکـە لەوەدایە هەمـوو ئەفـسـەرانی ئاسـایشـی دەوڵەت هەمـان سـیـفـەت هەڵدەگـرن... کـاتێک لە زانکۆ گـیـرام، ئەو ئەفسـەرەی ئەشکەنجـەی دەدام لـە سـەفوەت شـاکـر دەچوو... هەمـان بریقـەی سـارد و چەوری پێست، دوو چـاوی مـردووی پڕ لە دڵڕەقی، هەروەها ڕوخسارێکی مۆنی تژی لە تاڵی!

کـرێوەیەکی توند هـەڵی کـرد، چاوم نـووقـاند و بەهـەنگاوی خـێـراوە بەسـەر شـۆسـتـەکـەدا دەڕۆیشـتـم، تا خــوێن بەدەمارەکانمدا بێ و بچێت...

ئەم شـێوازی خـۆپاراستن لە سـەرمـایەش هەر لـەویندییـەوە فـێـر بووم... بەدەیان وردەکـاری و هـەڵوێست لە نێـوانمـاندا هەن... ناکرێت لە بیریان بکەم. سـەیری کـاتژمـێرەکەم کـرد... حەوت و نیو بوو... باشـە بۆ نەهات؟ ئەمە ڕێگەی ڕۆژانەیەتی... بایەد لێرەوە تێپەڕبێت... دەبێت لەبەر ئەوە ڕێی گۆڕیبێت تاکو

نەمبینێت؟... غەمێکی قووڵ نیشتە سەر دڵم، خەریک بوو لەگەڵ سەرما و شەکەتیدا لە دەوروبەرم دادەبڕام... دەتگوت لە پڕ گواستمەوە مەودایەکی دووری دیکە... وەک ئەوەی ئەوی دەیبینم بەسەر کەسانی تردا بێ و من لەودیو شووشەوە بیانبینم!... ئەمە ئەو شێوازە بوو خۆنەویستانە ئاوەزم پەنای بۆ دەبرد، تاکو هەستکردنم بەئازار کەم بکاتەوە، پەیتا پەیتا تەم بەرچاوی گرتم و دەتگوت شەقام و خەڵکەکەم لەودیو چاویلکەیەکی تەڵخەوە دەبینی!... نەمزانی ئەم دۆخە چەندی برد... لێ (لە پڕ) دیمەنی بەرچاوم کەوت بەرەو لام دێت... ئا ئەوەتا، بەو ڕەوتکردنەی من حەزم لێ دەکرد، بەپێی ڕیتمێکی دووبارەبووەوەی کەشخە، چون سەما بکات بەرەوپێش دەهات...

جارێکیان لێم پرسی: بۆچی بەپەلە وەک ئەمەریکاییەکان ڕێ ناکەیت؟

بەخەنینەوەوە وڵامی دامەوە: چونکە من خوێنی نەنکە ئەندەلووسییەکەم ئەوی حەزی لە باپیرت کرد، هەڵگرتووە!...

بەهەموو هێزمەوە تاوم دایێ... وەستا و تەماشایەکی کردم... لە ڕوخساریدا دیاربوو خۆم ئاسا خەو نەچووەتە چاوی.

– ویندی!

– ئێستا کارم هەیە.

– تکات لێ دەکەم... تەنیا یەک خولەک.

بایەکی توند هەڵی کرد و دەموچاومانی پڕ لە پرووشە بەفر کرد، ئاماژەیەکم بۆ کرد، کەمێک دوودڵ بوو، پاشان بۆ

بەردەرکی ساختمانەکەی نزیکمان دوم کەوت.

کەمێک گەرم بووینەوە... هێند شپرزە بووم هەناسەبڕکێم پێ کەوتبوو:

– تکات لێ دەکەم... بمبەخشە... نازانم چۆن وام کرد؟... تەواو ڕووخابووم و سەرخۆش بووم... هۆشم لەبەر خۆمدا نەبوو.

سەری کز کرد تا تەماشام نەکات، گوتی:

– ئەو دەمەقاڵێیەی دوێنێ ڕاستیی ئاشکرا کرد.

– ئامادەم هەموو شتێک بکەم، تاکو ئەوی دوێنێ گوتم لە بیری بکەیت.

– لە بیری ناکەم... ناتوانم خۆم هەڵخەڵەتێنم!

– مەبەستت چییە؟

– خۆشەویستییەکەمان دڵگیرە، لێ هیچ ئایندەیەکی نییە!

– بۆ؟

– چونکە لە دوو دنیای جیاوازداین.

– ویندی... من هەڵەم کرد و هاتووم داوای لێبووردن بکەم.

– هیچ هەڵەیەک ڕووی نەداوە... لە کۆتاییدا من سەر بەدوژمنانی وڵاتەکەتم... چەندێک خۆشت بوێم ئەوەت بیر ناچێت، کە من جوولەکەم... چەندێک دڵسۆزت بم ئەوا هەمیشە بڕوات بەرابەرم لەق دەبێت... لە چاوی تۆوە هەر یەکەمین تاوانبارم.

– ئەمە ڕاست نییە... من بڕوام پێت هەیە و ڕێزت لێ دەگرم.

– ناجی، چیرۆکی ئێمە دوایی هات.

ویستم دوا نارەزاییی دەسبەرداربوون تۆمار بکەم، لێ بزەیەکی پەنهانی کرد و لە ڕوخساریدا ئەو غەمە دێرینەی هەڵی گرتبوو بەدەرکەوتەوە... لێم نزیک بووەوە، باوەشی لێ دام و بلەز ماچێکی ڕوومەتی کردم، لەودەمی کلیلی ئەپارتمانەکەی وێدام بەدەنگێکی کزەوە گوتی:

– تکایە پێوەندیم پێوە مەکە... حەزدەکەم پێوەندییەکەمان چۆن دەستی پێ کرد ئاوا بەجوانی کۆتاییی پێ بێت. سوپاس بۆ ئەو هەستە دڵگیرانەی لەگەڵ تۆدا هەستم پێ کردن.

وەرسووڕا و بەهێمنی ڕۆیشت... چاوم لەسەری بوو، تاکو دەرگە شووشەییەکەی بەرەو شەقامەکە بڕی و لە ئاپۆراکەدا ون بوو.

***

بێ ئارامی بەڕووی کەرەم دۆسەوە دیاربوو. ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی:

– کەواتە جەنگ دەستی پێکرد!

– نازانم چۆن سەفوەت شاکر ئەم هەموو شتانەی لەبارەمانەوە زانی؟

– چاوبڕینە ئاکاری خەڵکی پیشەیەتی... بیرت نەچێت ئێمە چووینە لای زۆرێک لە میسرییەکان، تاکو قایلیان بکەین ئیمزا لەسەر بەیاننامەکە بکەن... سروشتییە یەکێکیان زمانی لێ دابێن!

– ئەی کلیلی ئەپارتمانەکەمی چۆن دەست کەوت؟

– هاوکاری لە نێوان دەزگاکانی هەواڵگریی ئەمەریکایی و میسری توندوتۆڵ و لەمێژینەیە... ئەوان لە کێ بەگومان بن ڕەوانەی میسری دەکەن، لەوێ ئاسایشی دەوڵەت ئەشکەنجەیان دەدا و وای لێ دەکەن دان بەشتەکاندا بنێ، ئینجا دەیگەڕیننەوە ئەمەریکا!

– وام دەزانی مافی مرۆڤ لێرە شوورەبەندی پێ دراوە.

– دوای تەقینەوەکانی ١١ی سپتەمبەر، حکوومەتی ئەمەریکایی مافی ئەوەی بەدەزگاکانی ئاسایش داوە، ئەوە بکات کە بەپێویستی دەزانێت. هەر لە سیخوڕی بەسەر خەڵکەوە تا گرتنیان، تەنانەت ئەگەر بچووکترین گومانیان لەسەری هەبێت.

– ئەی چار چییە؟

– تا ئێستاش لەسەر بەیاننامەکە مکوڕیت؟

– چی دەڵێیت؟

– دەزانم تۆ کابرایەکی ئازا و نیشتمانپەروەریت. لێ ئەوەش دەزانم ترست لە خێزانەکەت وات لێ دەکات جارێکی تر بیری لێ بکەیتەوە.

بەنیگایەکی تەماشا کرد وا دیاربوو یەکلاییکەرەوە بێت، چونکە دەستی هەڵبڕی و گوتی:

– تووڕە مەبە... دەبوو لێم بپرسیتایا.

لای پیانۆکە، لەو بارەی یەکەمین جار لەگەڵ ویندی پێکگەیشتین، هەوڵم دەدا شەپۆلی یادەوەرییەکان بوەستێنم...

وێنەی ویندی لە مێشکمدا دەرنەدەچوو... ئەوەتانێ جوانترین ئەزمــوون لـە ژیانمـدا لـە دەست دەدەم!... دوا ژوانمـانم بیــر هاتەوە... ئاخۆ لەسەر حەق بوو؟ داخوا بەڕاستی سەر بەدوو جیهانی لێک جوداین؟!... دەبێت دوژمنایەتیی ئێمەی عەرەب بەسەر بزاڤی زایۆنیزمدا بڕژێت نەک ئاینی جوولەکە... نابێت دوژمنایەتی پێڕەوانی ئاینێکی دیارکراو بکەین... ئەم ڕەفتارە فاشییە نامۆیە بەلێبووردەییی ئیسلامەوە، هەروەها ماف بەوانی تر دەدات بەهەمان ڕەگەزپەرستی مامەڵەمان لەگەڵدا بکەن... ئەمە ڕای منە، کە دەیان جار وتوومە و نووسیومە، لێ وادیارە لە پیادەکردنیدا سەرکەوتنم بەدەست نەهێنابێت!...

ئەگەر ویندی جوو نەبوایا، داخۆ بەناپاکم تاوانبار دەکرد؟! بۆچی بەم ئاسانییە گومانم لێ کرد؟ لێ لەلایەکی ترەوە، ویندی بەجوولەکەیەکی ئاوارتە دانانێیت؟

ئاخۆ زۆربەی زۆری جووەکانی جیهان بەهەموو هێزیانەوە پشتگیری لە ئیسرائیل ناکەن؟... ئەی ئیسرائیل گشت کوشتوبڕەکانی دژ بەعەرەب بەناوی دەوڵەتی جوولەکەوە ناکات؟ ئەی پێوەندیم بەویندییەوە نەبووە ئەگەری تووڕەبوونی جووەکان لە کۆلێج؟...

ئەدی تەشقەڵەیان پێ نەکردم و ڕیسوایان نەکردم؟... چەند جوولەکە لە شێوەی ویندین، ئەی چەندیشیان وەکو ئەو خوێندکارانەن، کە گاڵتەیان پێ کردم؟

پێکەکەم هەڵدا و داوای بوتڵێکی ترم کرد... تێبینیی ڕوخساری دوکتۆر کەرەمم کرد، ناوچەوانی لێک ناو بەشێلگیرییەوە گوتی:

– دەبێت هەڵوێستەکە باش شی بکەینەوە... مادام سەفوەت شاکر بەهەموو شتی زانی، بێگومان نایەڵێت هەموو ئەوانەی لەسەر بەیاننامەکە ئیمزایان کردووە چاویان بەسەرۆک بکەوێت.

– ئاخۆ مافی ئەوەی هەیە؟

– بێگومان... سەردانەکەی سەرکۆمار پیاوانی ئاسایشی میسری و ئەمەریکایی سەرپەرشتی دەکەن، مافی ئەوەشیان هەیە رێگری لە هەر کەسێک لە چوونە ژوورەوەی بۆ هۆڵەکە بکەن...

– تەنانەت ئەگەر نەشهێڵن بچینە ژوورەوە، ئەوا لە دەرێ خۆپیشاندان دەکەین و بەیاننامەکە بۆ رۆژنامەوانەکان دەخوێنینەوە.

– هەڵبەت خۆپیشاندان بایەخی خۆی هەیە، لێ هێزی بیرۆکەکە لەوەدا خۆی حەشاردەدات یەکێک لە میسرییەکان لەپڕ بەیاننامەکە رووبەرووی سەرکۆمار بخوێنێتەوە.

– راست دەکەیت، وەلێ... چۆن؟

– هێشتا دوو هەفتەمان لەبەردەمدایە... لەسەرمانە یەکێک لەو میسرییانە بدۆزینەوە، کە ئیمزایان لەسەر بەیاننامەکە نەکردووە و قایلی بکەین بیخوێنێتەوە... دەبێت کەسێک هەڵبژێرین سەفوەت شاکر هەرگیز ئەوی بەخەیاڵدا نەیەت.

– کەسێکی وا دەناسیت بۆ ئەم کارە دەست بدات؟

– چەند ناوێکم لان، باپێکەوە پێیاندا بچینەوە.

٣٥

بۆچی مەروە ڕازی بوو لەگەڵ سەفوەت شاکردا کاربکات؟

وەڵامەکەی لە وردەکارییە بچووکەکاندایە...

نیگا پرسیار ئامێزە پڕ لە گومانەکەی کاتێک مێردەکەی ڕووی لێ دەنێت، بزە شڵەژاوە تێکەڵ بەیاخیبوونەکەی، ئەودەمی بەر لە ڕۆیشتنی بۆ کونسوڵگەری لەبەر ئاوێنەدا خۆی ڕێک دەخست، تەنوورە شینە تەسکەکەی، کە هەڵی بژارد تاکو بەرزی و نزمییەکانی جەستەی بەرجەستە بکات، ئەو بۆنە تیژەی لە پشت گوێی و لە نێوان مەمکەکانی دا بوو، جووڵەی خێرا و لە ناکاوی دەستی بەر لەوەی بچێتە نووسینگەکەوە، دوگمەی سەرەوەی تەنوورەکەی پێ ترازاند... چەمانەوە و هەناسە هەڵکێشان و دەنگە خۆشە ناسکەکەی... حەزێکی ناوەکیی زاڵ وای لێ دەکات هانی سەفوەت شاکر بدات، بواری بۆ برەخسێنێت، تاکو مەرامەکانی خۆی پێ ڕابگەیەنێت، نەک لەبەرئەوەی ئەوی بەدڵە، یاخۆ لادەرە یان گاڵتەکارە، بەڵکو دەیەوێت هێڵەکە لەسەر ڕاستی خۆی تەواو بکات، ڕووداوەکانی چیرۆکەکە بەرەو کۆتا بەرێت، لە وشکایی لەنگەر بگرێ و لە پێکدادانی شەپۆلەکانی ژیانی، کە بێ وەستان هێزی لەبەر دەبرن، قوتاری بکات... لە کەڵکەڵە و دوودڵی لە نێوان ترسی لە تەڵاقدان و ڕاکردن و بێزاریی لەدەست دەنانە شەکەت و ماندوو بوو... ئیدی ئەو نەیدەتوانی ژیان بێ ئەوەی بەڕاشکاوی لایەنێک بگرێت، بەرێتە سەر... یان مەترسییەکان بێنە دی، یانیش برەوێنەوە... دڵڕەقیی ڕاستەقینە هەر

چەندێک بێت ئەوا لە خەیاڵ باشترە...

ئەم هەر لە یەکەمین ڕۆژەوە درکی بەوە کرد، کە کارێکی ڕاستەقینەی لە نووسینگەکەی سەفوەت شاکردا نییە، چونکە جڵەوی کارە سەرەکییەکان بەدەستی حەسەنی سکرتێرەوەیە. بەڕوونی، دیاربوو کە سەفوەت شاکر بۆی سووتاوە... بەدرێژاییی ڕۆژ زیاد لە جارێک گازی دەکرد و داوای لێ دەکرد دەرگەکە دابخات، لە بەرابەر خۆیدا دایدەنا و قسەی بۆ دەکرد، هەوڵی دەدا دۆستانە لەگەڵیدا بجووڵێتەوە، لە کاتێکدا بەنیگاکانی دەیسمی... دەنگی پڕ دەبوو لە ئارەزوویەکی سەرکەش و توندی ئاوەها دەتگوت ها ئێستا نائێستا پەلاماری دەدات... هەندێک جار شەهوەتی جۆشی دەخوارد، سەری دەکرد و لێی دەڕژا، تا بێدەنگ دەبوو، ئیدی هیچی نەدەما بیڵێت... مەروە بیری کردەوە سەفوەت لە بەرابەریدا تاماوەیەکی درێژ خۆی ناگرێت، بەم زووانە پەردە لەسەر ڕووی ڕاستەقینەی خۆی هەڵدەماڵێت... چی لەگەڵدا دەکات؟ دەستی دەگرێت؟ ئاخۆ خۆی پێوە دەنووسێنێت و هەوڵ دەدات بەزۆر ڕایمووسێت؟... ڕۆژانی یەکەم و دووەم تێ پەڕین، لە کۆتاییی ڕۆژی سێیەمدا سەفوەت کاتژمێرێک دوای دەوام هێشتییەوە. هەستا و ڕووی کردە بارە بچووکەکەی ناو ژوورەکە، پێکێکی بۆ خۆی کرد و پەرداخێک ئاو پرتەقاڵیشی بۆ ئەو هێنا، پاشان گەڕایەوە سەر کورسییەکەی و پشتی دایەوە، بەرچاوی کەمێک تاریک بووبوو، گوتی:

– دەمەوێت لەبارەی خۆمەوە قسانت بۆ بکەم.

– ئەمە شەرەفێکی گەورەیە بۆ من!

– من ئێستا لە لووتکەی ژیانی ئیشکردنمدام... دوور نییە لە هەر کاتێکدا بێت بمکەنە وەزیر.

– پیرۆزە.

بەدەنگێکی شادی ئامێزەوە وای گوت، پاشان پاڵنەرە ناوەکییەکەی

جـوولاّ... لـەرییـەوە و قـاچی لەســەر قـاچ دانـا، جلەکـەی لەبەری تونـد بوو و هەندێ شوێنی بەدەرکەوت... ئەویش بەدەنگێکی شێلگیرانەوە درێژەی پێ دا:

– گـەیشـتـمـە ئـەوپـەڕی ئەو شـوێنـەی دەکـرێت پیـاوی ئاسـایش بیـگاتێ... ڕەنگە نەزانیت مـانـای ئاسـایش لـە وڵاتەکـەمـاندا چیـیـە... ئـاسـایش مـیسـر بەڕێوە دەبات نـەک لایەنێکـی تر... بـەوشـــەیـەک لەمـنـەوە دەتـوانم چۆنم بـوێت ســەرەک کـۆمــار بجـوولێنـم... دەتوانم وای لێ بکـەم هێـڵـی تێـپـەڕبوونـی لە شـوێنێکەوە بـۆ شـوێنـێکی تر بـگۆڕێت، یاخـۆ کـۆشـکەکـەی جـێ بهـێـڵـێ و لەکــۆشـکێکی دیکە، کــە من بـۆی دیاردەکــەم بنوێت... ڕاپۆرتێک لە مـنـەوە دوارۆژی هـەریەکێک لە بەرپرسەکانی دەوڵەت تێکوپێک دەدات!

– خەریکە لێت دەترسم!

– بەپێچەوانەوە. دەمەوێت پشتم پێ ببەستیت.

– سوپاست دەکەم.

– مێردەکەت هاتە لام بۆ واشنتۆن، دەستی بەگریان و پاڕانەوە کرد، تاکو ئایندەی لە فەوتان ڕزگار بکەم.

– دەزانم.

– لە پێناو تۆدا بۆی دەکەم.

– زۆر سوپاس.

– دەمەوێت بەشێوەیەکی تر سوپاسم بکەیت.

– وەک چی؟

– من لە تـۆ بەتەمـنـتـر و بەئەزمــوونـتـرم... ژیان فـێـری کـردووم هـەل تـاقـە جارێک دێت، یان دەیقۆزینەوە، یانیش بۆ یەکجاری لەدەستی دەدەین.

– تێ ناگەم!

– بەڵکو زۆر بەباشی تێدەگەیت.

– چیت دەوێت؟

– تۆم دەوێت!

لەو دیو مێزەکەوە هەستا و لە سەرخۆ بەرەو لایەوە چوو، پاشان دەستی گرت و بۆ خۆی ڕای کێشا، مەروە هەستا... ئەو دەستی درێژکرد و لە ناوقەدی ئالاند، مەروە جووڵەیەکی کرد، وەلێ دوورنەکەوتەوە... کاتێک بۆنی عەترەکەی مەروە کاسی کردبوو بەچرپەوە پێی گوت:

– تۆ جوانیت.

وەک ئەوەی ناڕازی بێت، چەمییەوە. ئەویش زیاتر خرۆشا و مشتی لەسەر قۆڵی توند کرد، بەدەنگێکی گڕەوە گوتی:

– دەتکەمە بەختەوەرترین ئافرەتی دنیا.

– ئەی ئەگەر ڕەتم کردەوە؟

– ڕەتی ناکەیتەوە.

– چوزانیت؟

– چونکە ژیریت.

– پێویستم بەبیرکردنەوەیە.

سەفوەت تەماشایەکی کرد و ڕەنگێکی هێنا و برد، لە ڕادەبەدەر شەهوەتی سەری کردبوو، بۆیە هەناسەبڕکێی پێ کەوتبوو، لێ خۆی کۆکردەوە و لەو دەمی لێی دوور دەکەوتەوە، گوتی:

– تاسبەی مۆڵەتت دەدەمێ.

***

مەروە نە تووشی شۆک هات، نە تێکچوو، نە ناڕازیش بوو، تەنانەت هێندەش پێی قەڵس نەبوو... بەڵکو بەپێچەوانەوە، جۆرە ئاسوودەیییەک دای گرت، چون دادوەری لێکۆڵینەوە بێ و لە ئەنجامدا بەڵگەی بنجبڕی

تاوانبـارکـردنی بەدەست هێنابێت... ئائەوەتانێ ڕاسـتـی دەسـتگیـر دەکـات، لەمڕۆ بەدواوە نەگومان و نە دوودڵی. سەفوەت شاکر دەیەوێت ببێتە دۆستی، ئاوا بەئاشکرا!...

بەپەلە بەرەو مـاڵ گەڕایـەوە، لە هۆڵەکە دانیشت چاوەڕێی دەنانەی دەکرد، ئەویش هـەرکە لە دەرگـە هـاتـە ژوورێ و چاوی پێ کەوت، هـەسـتی کرد شـتێک ڕووی داوە... ســـڵاوی لێ کـــرد، پاشـــان زیادەڕۆیـی لە بـاوێشکداندا کـــرد تاهـەڵبێت، گوتی:

– ئەمڕۆ بەدەست کاری زۆرەوە لە پەلوپۆ کەوتووم.

– دەمەوێت قسـەت لەگەڵدا بکەم.

– با بۆ سبەی هەڵیگرین.

– کارەکە دواخستن هەڵناگرێت.

لە سـەرخـۆ چی ڕوویدابوو بۆی گـێـڕایەوە... هـەینێ قـسـەکـانـی سـەفـوەت شـاکری دەگێـڕایەوە وشـەکانی بەزەقی دەردەبڕین... نیگایـەکی تیژی کرد و گوتی:

– ســەیری هیچ و پـووچیـیـەکـەی بکە... ئەوی بەهـاوەڵی خـۆت دەژمــارد، دەیەوێت دەستدرێژی بکاتە سەر ناموست!

دەنانە بـەجلی دەرەوە لە بەرابـەری دانیـشـتـبـوو... لـەودیو چاویلکەکـەیەوە تەماشای دەکرد، پاشان ناولەپەکانی دانبەیەکدا و گوتی:

– لاحەولە وەلا قووەتە ئیللا بیللا... چ کابرایەکی بێ شـەرمە!

مەروە دڵی بەو قسە نەرمە دانەکەوت، بەدەنگی بەرز لێی پرسی:

– چی لێ دەکەیت؟

– هـەڵبەت لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکەم... حیسابەکەشی سەخت دەبێت.

چەند سـاتێک لە بێـدەنگی تێـپـەڕی... لەپڕ هـەسـتـا و لـە تەنیـشـتـیـیـەوە

دانیشت، دەستی خستە سەرشانی و گوتی:

– وای لێ دەکەم نرخی ئەو نامەردییەی بداتەوە... دەزانم چۆن ئەمە بگەیەنمە لای بەرپرسەکانی... وەلێ لەسەرمانە کەمێک دان بەخۆماندا بگرین، چونکە سەردانەکەی سەرۆک دوای چەند ڕۆژێکە، سەفوەتیش بەڵێنی پێ داوم بمگوازێتەوە زانکۆی دوبۆڵ!

– مەبەستت چییە؟

– نامانەوێ کەللەڕەقیمان لەگەڵدا بکات.

– ئەو بەڕوونی پێی گوتم دەیەوێت پێوەندیم لەگەڵدا ببەستێت... تێدەگەیت؟

– بێگومان تێدەگەم... بەخوا پەندێکی دەدەمێ هەرگیز بیری نەچێتەوە... بەخۆت دەیبینی... ئەوی لە تۆم دەوێت تەنیا یەک مانگ چاوەڕێ بکە زیاتر نا... ئەگەر ئێستا تووڕەی بکەم دەتوانێت بەنووکە قەڵەمێک لەناوم بدات... سەبری لێ دەکەم، تاکو سەردانەکەی سەرۆک کۆتاییی پێ دێت و دەمگوازێتەوە ئەو زانکۆ تازەیە، ئەوجا حیسابی من لەگەڵیدا دەست پێدەکات!

بەنیگایەکی ورد و قووڵەوە لێی دەڕوانی، چون ئەوی ڕوودەدات یەکجار تۆماری بکات و لە قووڵایی هۆشیدا بۆ یەکجاری چاپی بکات... زاری هەڵنەهێنا، بەهێوری هەستا، چووە ژووری گوزەران و دەرگەکەی لە خۆی کڵۆم کرد.

ئەم بەیانییە کونسولگەریی میسری جیاواز دەهاتە بەرچاو، دەتگوت ڕەهەندێکی ئەفسانەیی وەرگرتووە، چون دارعەسای جادووگەری بەرکەوتبێت، لە تەنیا تەلارێکی دیپلۆماسیی جوانەوە لەسەر دەریاچەی میشیگان بووبووە شانۆی ڕووداوی گەورە گەورە، کە مێژوو تۆماریان دەکات!...

ڕێوڕەسمی پشکنین و مسۆگەرکردنی شوێن زوو دەستی پێ کرد:

بینایەکەیان بەئامێری پێشکەوتوو پشکنی، دیوارەکانیان بەرتیشکی ئێکس دا، تا لە نەبوونی تەنی نامۆی شاراوە لە ناویاندا دڵنیابن. دوای ئەوە دە سەگی زەبەلاحی پۆلیسی بەدەرکەوتن و بەناو بینایەکەدا تەراتێنیان بوو، بەهەموو لایەکدا بۆنیان دەکرد و مووشەی تەقەمەنیی هەڵگیراویان دەکرد... لەو نێوەدا کۆمەڵێک لە نیشانئەنگێوانی میسری بەتفەنگە لوولە درێژ و دووربینە قەبەکانیانەوە سەرکەوتنە سەربانی تەلارەکە، هاوکات کۆمەڵێکی تر لە گاردی کۆماریی تەیار بەچەکی خێرای ئوتۆماتیکییەوە بەدوایانەوە بوون.. تاکو گشتیان لەملاو لەولاوە بەشێوەیەک زاڵبن بەسەر دەڤەری دەوروبەری کونسولگەرییەکەدا، دابەش بوون، دوای تۆزێک چوار دەروازەی ئەلەکترۆنییان دامەزراند، دوو دەروازەیان لە بەرابەر دەرگەی هاتنە ژوورەوە دانا، بەشێوەیەک هەر یەکێک بێتە ژوورەوە دوو جار بەدوای یەکدا دەپشکنرێت...

بەرلەوانەش بە دە مەتر خاڵی پشکنین دانرابوو، ئەفسەری ئەمەریکایی سەربە نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی FBI و لەگەڵیشیاندا ئەفسەری میسری سەربە هەواڵگری و ئاسایشی دەوڵەت لەسەریان وەستابوون... لەگەڵ هاتنە ژوورەوەی بانگهێشتکەراندا زۆر بەوردی پشکنینیان...

کارتی داوەتنامەی ئەمەریکاییەکان دەخرایە بەر ئامێرێکی لیزەرییەوە، تا لە ناساختەیی دڵنیابن، هەرچی میسرییەکانیش بوون ئەوا دەیانخستنە ژێر ڕێوشوێنی زیاترەوە... وێنەی پاسەپۆرتەکەیان لەسەر لاپتۆپێکی تایبەتی دەگرت، تادڵنیابن کە لە دۆسێی ئاسایشدا تۆمار نەکراون، دوای ئەوە ئەفسەرێکی ئاسایشی میسری بەدەم زەردەخەنەیەکی فەرمییانە و نیگایەکی ورد و کاریگەرەوە پرسیاری وردەکارییەکانی ژیانیانی لێ دەکردن... خۆ ئەگەر تێبینیی بچووکترین شڵەژان، یاخۆ دژایەتییان لە وەڵامدانەوەدا بەدی بکردایا، ئەوا دەمودەست دەیانبردە نووسینگەیەکی تر و بەفراوانی لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرد... ڕێ و شوێنەکانی دەزگای ئاسایش هێندەی پێویستییەکانی دادپەروەری توند و سەخت و نابوێر بوون. بەهەمان هێز بەسەر هەمووباندا سەپێنرا، بێ ئەوەی گوێ بەپیشە و پایەی کۆمەڵایەتییان بدرێت... تەنانەت بەرپرسی بۆفیەی کونسوڵگەرییەکە ئەمەریکاییەکی پیری ڕەشە بەجاک ماهۆنیی گاز دەکەن، ڕێیان لە هاتنە ژوورەوەی گرت، چونکە باجەکەی بیر چووبوو. ئەوەبوو نیو کاتژمێری تەواو لەگەڵ ئەفسەرەکاندا هەوڵی دا و پاڕایەوە، تا بەگەواهی ئەو کرێکارانەی لەگەڵیدا کاردەکەن کەسایەتیی خۆی ئاشکرا بکات و بچێتە ژوورەوە، کەچی لە کۆتاییدا ناچار بوو بگەڕێتەوە ماڵەوە، کە زۆر لەوێوە دوور بوو، تا باجەکە بهێنێت!... پیاوانی ئاسایشی میسری لە ناخەوە هەستیان بەگەورەیی کارەکەیان و مەترسییەکانی دەکرد:

پاراستنی گیانی جەنابی سەرکۆمار... لە دڵەوە خۆشیان دەویست و بەڕێز

و سـەردانەواندنەوە ناویـان دێنا، ئەگـەر لە سـەرۆکـەوە نزیک نەبوونـایا ئەوا تامی ژیانی پڕ لـە خـۆشبـژێوییـان نەدەکرد و دەسـەڵاتی بێ پایانیـان بەسـەر گـشت دەزگـاکـانی دەوڵەتدا نەدەبوو!... وا پێـوەی پابەند بووبـوون تا وای لێ هات دوا ڕۆژی ئەوان بەچارەنووسی ئـەوەوە بەندبوو... خـوانەخواسـتـە ئەگـەر سـەرۆک شتێکی بەسـەردا بهـاتایا، وەکو ئەوی پێشوو تیـرۆر بکرایا، مـانـای وایە هـەمـوو دەفـەوتان... هـەواڵەی لێـپـرسـینـەوە دەکـران، یان ئەگـەر دوژمنە زۆرەکـانی سـەرۆک دەسـەڵات بگرنە دەست، ڕەنگە ئەمـان دادگـایی بکرێن و فـڕێ بدرێنە بەندیخـانەوە... ئەم هـەمـوو کـەڵکەڵانە وەک دەرزی بەگـیـانیـاندا دەچەقین، ئەگـەر خـاو و خـلیـچکی یان وەڕسی دای گرتن، ئـەوا گـڕ و تینیـان یەکسەر بۆ دەگەڕێتەوە!

هـەڵبـەت دڵسـۆزیی ڕەها بۆ جـەنابی سـەرکـۆمـار لە کـەسی لیـوا مەحـمـوود ئەلمەنـاویی فـەرمـاندەی گـاردی کـۆمـاریدا خـەست دەبووەوە، کـە چـارەکـە سـەدەیەکی ڕەبەق هـاوشـانی جـەنابی سـەرۆک بـوو، ئەمـە وای کـرد ببێـتـە یەکێک لەو کـەسـە دەگمـەنانەی، کە جێی بڕوای ڕەهـای سـەرۆک بێت، بەڵکو شـەرەفی ئەوەی پێ بڕابوو هەندێک جـار گـاڵتـەی قۆڕ لـەگەڵ یەکـتـردا بکەن... ئەو دەمی جـەنابی سـەرۆک زەوقی لەجـێی خـۆیدا دەبـوو، دەسـتی بـەورگـە زلەکەی مەناویدا دەهێنا و بەپێکەنینەوە، کە هـەمووان دەیانبیست دەیگوت:

– کورە مـەناوی بەس نییە خـواردن... خەریکە وەک گۆلکەکەی ئەبیست لێ دێت!

یان بەگاڵتەوە دەیگوت:

– کورە مەناوی وادیارە چەکەکەت لە دەست داوە!*

لەو کـاتـەدا لیـوا مـەناوی لـە خـۆشـیی ئـەو شـەرەفـە گـەورەیەی پێی بڕاوە ڕوخـسـاری سـوور هـەڵدەگـەڕا، ئەم سـادەییـیـە باڵایە نیـشـانـەی بڕوا و

* مەبەست لە لەپیاوەتی کەوتن و چوونە ناو تەمەنەوەیە (نووسەر).

خـۆشـەویسـتـیـی جـەنابیـان بوو، کـە مـایەی ئیـرەیی بوو بـۆ زۆرێک!... دادەچەمییەوە و ورتەورتێکی دەکرد:

– سەرم لە ڕێتایە گەورەم... خوا بۆ میسرت بهێڵێت گەورەم!

لەو دەمی ڕێوڕەسـمی پاراستن و پارێزگـاریکردن بەڕێکوپێکی بەڕێوە دەچوو. لە بەرابەر کونسـوڵگەرییـەکـەدا، لەو پـانتـاییـیـە سـەوزەی بەقـەد دەریاچەکەوە بوو، چەند سەد میسرییەک کۆبووبوونەوە، ناجی عەبدولسەمەد و کەرەم دۆس ڕابەڕایەتییانیان دەکرد، جـۆن گراهامیش لەگەڵیاندا، کە دەرکەوتنی لەنێوان جەماوەردا بەو ئێسک سووکییە سروشتییەی و دیمەنی وەکو ئەمەریکاییـیـەکی بەسـاڵاچوو لە پێناو بەدەسـتـهێنانی مـافـەکـانی میسرییەکاندا دەجەنگێت، بووە هۆی هەڵایسانی گـڕی جۆش و خرۆشی خـۆپیشـاندەران، دەسـتیـان بەهوتاف کـێشـان کرد و لافیـتـەکـانیـان، کـە بەئینگلیزی و عەرەبی نووسرابوون، دەشەکاندنەوە:

«زیندانییـیـەکـان ئازاد بکەن»... « ئازار و ئەشکەنجـە بوەسـتـێنن»... «چەوسانەوەی قپتییەکان بوەستێنن»... «بڕووخێ دیکتاتۆر»... «دیموکراسی بۆ میسرییەکان».

خۆپیشاندان دژی سەرۆک لە سەردانەکانیدا بۆ ڕۆئاوا لای ئەفسەرانی گاردی کـۆماری شـتێکی ئاسـایی بوو، وەلێ ئەمـجارەیان تێبینیی ژمارە زۆریی خۆپیشاندانیان کرد، کە هوتاف کێشانیان لە هەموو لایەکەوە دەنگی دەداوە، ئەمـەش لیـوامـەناویی تەواو نیگەران کـردبوو... بۆیە چووە لای فـەرمـاندەی ئاسـایشی ئەمـەریکایی و داوای لـێ کـرد ڕێگەی بدات بڵاوە بەخۆپیشاندەران بکات، ئەویش وڵامی دایەوە:

– یاسای ئەمەریکایی ڕێ لە بڵاوەپێکردنیان دەگرێت.

لیوا مەناوی بزەیەکی هاتێ و گوتی:

– دەتوانین ئیـشـەکـە بەشـێـوەیەک ئەنجـام بدەین بێ ئەوەی هیچ

بەرپرسـیـارێـتـیـیـەک بێـتـە سـەرمـان... چەند کـەسـێک لە خـۆمـان بـەجلی مـەدەنیـیـەوە دەنێـرمـە نێـویان و تەمێ خـواردوویـان دەکـەن... کـارەکـە لای ڕۆژنامەوانان وا دەکەوێتەوە، کە شەڕێکی ئاساییە!

فەرمـاندە ئەمـەریکاییـیەکە بەچاوێکی بزی پرسـیار ئامێـزەوە تێی ڕامـا و زەردەخــەنـەیەکی بەکــەمــزانینـی بۆ کــرد، پـاشـــان بـەدەســتـی ئـامـــاژەی ڕەتکردنەوەی کرد و لێیدا ڕۆیشت.

لیـــوا مـــەناوی بـەرابـەر بەو گــەنجـــەفــە و لووتبــەرزییــەی فــەرمـــاندە ئەمەریکاییـیەکە خەشم و قین دای گرت، وەلێ هەڵبەت هـەرگیـز کێشـەی وای لەگەڵدا نەدەورووژاند...

ئەو بەشـارەزاییی خـۆی فـێـری ئەوە بووبـوو، کـە لە دنیـادا هیـچ شـتـێک ئەوەندەی گـرفت لەگـەڵ هاووڵاتیــیـەکی ئەمــەریکاییــدا پلە و پایـەی چەندە نزمیش بێت، جـەنابی سـەرۆک نیگەران ناکـات. ڕسـتـەیەکی نەسـتـەق هـەبوو جەنابیان هەمیشە دەیانوتەوە:

«ئەو دەسـەلاتدارەی دژایـەتیی ئـەمـەریکا دەکـات، وەک ئەو گــەوجــە وایە سەری دەخاتە ناو دەمی شێرەوە»!

تا ئێـستـاش سـەرهـاتـی سکرتێری سـەرۆک بۆ زانیـارییەکان، دوکتـۆر نائل تۆخی، لە بیری هەمووانداپە... لەگەڵ فەرمانبەرێک لە باڵیـۆزخانەی ئەمەریکا لەسـەر ئەوەی تێپەڕبوون بەئۆتـۆمبیلەکەیان لە یەکێک لە شـەقامـەکانی معادی کێـیـان لە پێش کـێـیانەوەن، بووە دەمـەقـاڵێـیـان... وەکـو هـەر مـشـتـومـڕێکی ئاسـایی، کـە ڕۆژانە لە قـاهیـرەدا بەدەیان جـار ڕوودەدات، کـەچی گـۆڕا بەجنێودان بەئینگلیـزی بەیەکـتـر، ئەوەبوو دوکـتـۆر تۆخی جـڵـەوی هۆشی لەدەست دا و بەدەسـتی پاڵێکی بەسینگی نەیارەکەیەوە نا، ئەمـەش وای کرد فـەرمـانبـەرە ئـەمـەریکاییـیـەکـە سکالانامـەیەک بۆ باڵیـۆزەکـەی بەرز بکاتەوە، ئەویش پێـوەندیی بەسـەرۆکـایەتیی کـۆمـارییـەوە کـرد و لە ڕووداوەکـەی

گەیاندن... بۆ ڕۆژی دوایی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا وەڵامێکی فەرمییان پێ گەیشت تیایدا هاتبوو، سەرکۆمار لەوەی ڕووی داوە زۆر دڵگرانە و فەرمانی دا دەمودەست لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوەدا بکرێت، پاشان لە سزای ئەو کارە نابەرپرسیارییەیدا بڕیاری دا سکرتێری زانیارییەکانی دەست لە کار بکێشێتەوە!

جۆش و خرۆشی خۆپێشاندەران زیاتر هەڵچوو، بەیەک دەنگ بروسکە ئاسا بەعەرەبی و بەئینگلیزی جار لە دوای جار هوتافیان بۆ ڕووخانی سەرۆک بەرز دەکردەوە....

لیوا مەناوی، لەودیو شەقامە پان و بەرینەکەوە بەتووڕەییەوە تێیان ڕامابوو... پاشان فەرمانی بەئەفسەرێک دا، کە جلی مەدەنی لەبەرکربوو، بپەڕێتەوە لایان و بەکامیرە ڤیدیۆییەکەی، کە دروشمی کەناڵێکی تەلەڤزیۆنیی نەبووی (وهمی) هەڵگرتبوو وێنەیان بگرێت، چونکە بڕیاری دابوو فیلمەکە بۆ ئاسایشی دەوڵەت ڕەوانە بکات، تاکو بیانناسنەوە و شوێنیان بکەون...

ڕیتمی هوتافە بەرزەوەبووەکە هاوکات بوو لەگەڵ نزیکبوونەوەی کاتی گەیشتنی سەرۆک، کە هێندەی نەبرد کاروانی ئۆتۆمبیلەکانی لە دوورەوە بەرچاوکەوتن، پاشان پەی پەی دەر پەی نزیک بوونەوە و بەدەرکەوتن، سەرۆک لە ناو ئۆتۆمبیلێکی ڕەشی درێژی پتەوی گوللەنەبڕدا بوو، دوو ئۆتۆمبیلی زرێپۆشیش لە پێش و لە دوایەوە پارێزگارییان دەکرد...

لیوا مەناوی چەشنی شووتی ئاگادارکردنەوە، کە ویقەویق دەکات و مێشکت دەبات، بەدەنگی بەرز هاواری کرد و لە هەوادا دەنگی دایەوە: «ئاماااادەبن»...

گشت ئەفسەرەکانی گاردی کۆماری خۆیان توند کرد و هەرکەس و چووە ئەو شوێنەی بۆی دیار کرابوو، لە ترسی ئەوەی نەکو شتێک ڕووبدات

چەکەکانیان بەملا و بەولادا دەگێڕا... کاروانی ئۆتۆمبیلەکان هێواشی کردەوە، تا لە بەردەم دەروازەکەدا وەستان، لە چاوترووکانێکدا پاسەوانانی تایبەت (بۆدی گارد) بازیان دا و بەدەوری ئۆتۆمبیلەکەدا بازنەیەکیان دروست کرد تیرەکەی چەند مەترێک دەبوو، بەشێوەیەک لە هەموو لایەکەوە چاویان لە ڕێگەکە بێ و لەهەمان کاتیشدا لە کاتی وێنەگرتندا دەرنەکەون... چەکەکانیان ڕوو لە دوژمنێکی بەخەیاڵ دروستکراو کردبوو، کە مەزەندەیان دەکرد لە هەر ئان و ساتێکدا بێت بەدەر بکەوێت... سەرۆکی پێشوازی بەهەڵەداوان بەرەو ئۆتۆمبیلەکەی سەرۆک چوو، کڕنۆشی برد و دەرگەکەی کردەوە، هێندەی نەبرد جەنابی سەرۆک بەدەرکەوت... بەهێوری و شکۆییی پاشایەکی تاج لەسەرنراو دابەزی و زەردەخەنە بەناوبانگەکەی، کە خاڵی بوو لە شادی بەڕوخسارییەوە دیاربوو، ئەو زەردەخەنەیەی چارەکە سەدەیەکە وای داناوە بۆ وێنەگرتن شیاوە، لەبەر هەندێ هەرگیز نایگۆڕێت... قاتێکی خاکیی کاڵی تا بلێی کەشخەی لەبەردا بوو، لەگەڵ ملبەستێکی خەتخەت بەشین و سپی، پێڵاوی ئیتاڵیی بریقەدار قەیتانێکی ئاڵتوونیی پێوە بوو ئاوی چاوی دەبرد...

سەرەڕای ئەو هەیبەت و ڕێزە تێکەڵ بەترسە، ئەوی ڕووبەڕوو جەنابیان ببینێت، هەست دەکات کە بەشێوەیەک لە شێوەکان بوونی دروست کراوە!... قژە بۆیاغ کراوە ڕەشەکەی، کە دەنگۆی ئەوە هەبوو (هەمووی یاخۆ بەشێکی) باڕووکەیە لە چاکترین جۆر لە جیهاندا، پێستەکەی، کە نەشتەرکاریی کراو و لووسکردن و چەورکردنی ڕۆژانە تا گەنجێتی پێوە دیار بێت، پڕووکاندبوویانەوە، دەموچاوی سواخدراوی بەتوێژاڵی تەنکی ماکیاج، تاکو لە وێنەکاندا بچووکتر دیار بێت... لەوێ کە هەر شت وەکو شووشەیەکی ساف و جوان و بێگەرد بوو، وەلێ لە هەمان کاتدا سارد و سڕ و دوورەدەست ئەفەرۆز بوو، کە هیچ لەکەیەکی خۆڵ یا ئارەقەی پێوە دیار نەبوو، دەتگوت دەستێک پاک شوشتوویەتییەوە، تەنانەت لە میکرۆبیش پاک

کراوەتەوە، لای ئەو کەسانەی کە سەرۆک دەبینن، یاخۆ ڕووبەڕووی دەبنەوە، هەستێکی تەڵخی کرچوکاڵی ئارامبڕ دروست دەکەن، کە زۆرتر لەو هەستە دەچێت، پاش بینینی منداڵێکی تازە لەبەردایک کەوتوو، کە هێشتا پارچە گۆشتێکی سوور و بێ سیمایە و بەزڵچکاوی ناو منداڵدان دەورە دراوە، دەچێت.

سەرۆک لە سۆنگەی حەفتا و پێنجساڵی تەمەنی، ورد ئاگایی کەم بووبووەوە و وای لێ هاتبوو بەچەند ساتێک درەنگتر درکی بەڕووداوەکانی دەوروبەری دەکرد. ئاوڕێکی لەوبەر شەقامەکە دایەوە و دەستی بەرز کردەوە، تا سڵاو لە خۆپیشاندەران بکات، هەینێ نەڕەی هوتافیان بەڕووخانی بەرز بووەوە، تێگەیی و ڕووی بۆ لای دەروازەی کونسوڵگەرییەکە وەرگێڕا، بەشێوازە پڕ لە فیزەکەی هەنگاوی نا و دەستی بۆ قۆپچەکانی چاکەتەکەی درێژکرد، تابزانێت ماون ( ئەم جووڵەیە لەو کاتەوە فێر بووبوو، کە جلە سەربازییەکانی بەجلی مەدەنی گۆڕین و بۆی دەرکەوت زۆر جار بێ ئەوەی هەستی پێ بکات قۆپچەکانی دەکرێنەوە)...

سەرۆک بەڕیزە دەستی بەتەوقەکردن لەگەڵ پێشوازیکەراندا کرد:

باڵیۆزی میسری لە ئەمەریکا، کونسوڵی میسر لە شیکاگۆ، ئینجا سەفوەت شاکر، کە ڕوخساری ڕەنگدانەوەی کەشاکێکی هێمن بوو، چونکە هەموو شتەکان بەئارامی بەڕێوە دەچن و هیچ کێشەیەک نییە، پاشان ئەندامانی باڵیۆزخانەی میسر بەپێی لەپێشتری... لەوسەری ڕیزەکەوە ئەحمەد دەنانە وەستابوو، دەتگوت بەهۆی لە ڕادەبەدەر شیکییەکەیەوە خۆی مات داوە!... قاتێکی شینی مارکەی کریستیان دیۆری لەبەردا بوو، کە تایبەت بۆ ئەم بۆنەیەی کڕیبوو، نرخەکەشی (بەکراس و گۆرەوی و ملبەستەکەوە) هەزار و پێنج سەد دۆلار بوو، زۆر بەدڵخۆشییەوە پارەکەی لە کارتی دڵنیاییەکەی (سێگورتە) بڕی، هەروەها بەخدێی خۆی وەسڵەکانی

هەڵگرت، بەو ئومێدەی دوایی بتوانێت جلەکانی بگەڕێنێتەوە و پارەکەشی وەربگرێتەوە (هەروەک چۆن قاتی زەماوەندەکەی گەڕاندەوە)!...

درکی بەوە کردبوو، کە دوور نییە چاوپێکەوتنەکەی سەرۆک ژیانی بگۆڕێت... چەند جار لە بەرپرسە بالاکانی دەوڵەتەوە بیستبووی لە هەڵوێستی وەک ئەمەدا ئەستێرەی بەخت بەسەر شانیانەوە بووە... چاویان بەسەرۆک کەوتووە ڕووی خۆش بووە لەگەڵیاندا ڕوخساریان لە یادەوەرییە بەخشندەکەیدا ماوە و لە نزیکترین گۆڕانکاریدا پۆستی پێ بەخشیون!...

بەڕاستی ئەمە ساتێکی گرنگە بچووکترین وردەکاری گەورەترین بایەخی دەبێت...

تاقە قۆپچەیەکی پچڕاو، یاخۆ لەق، یان مبلەستەکەی گێرە، یا پێلاوەکەی بەخۆڵەوەیە، یان تەنانەت وەکو پێویست بریقە نەداتەوە... هەر وردەکارییەکی بێ مانا ڕەنگە ڕای سەرۆک بگۆڕێ و بەخراپی ڕەنگ لەسەر دوارۆژی دەنانەدا بداتەوە!... هۆیەکی تر وای لێ کرد بایەخ بەرێکپۆشییەکەی بدات:

ویستی ئەوە بۆ خودی خۆی دەربخات، کە بەیەکجاری لە ڕەفتارەکانی مەروەی ژنی ڕزگار بووە، کە سەرلەبەیانی سێشەممەی ڕابردوو هەستابوو نەیدۆزیبووەوە!... ئیدی بەسەراسیمەیی بەدەموچاوی خەواڵووەوە بەناو ژوورەکاندا بەدوایدا گەڕابوو، تا لە دواییدا تێبینیی ئەو کاغەزەی کردبوو، کە بەیەخچاڵی مووبەقەکەوەی هەڵواسیبوو. بەپیتی گەورە و لەرزۆکەوە بەپەلە نووسرابوو:

«گەڕامەوە بۆ میسر... باوکم لەپێناو ڕێکخستنی وردەکارییەکانی تەلاقدانا پێوەندیت پێوە دەکات».

کۆششێکی زۆری کرد، تاکو ئەو هێدمەیە لەبیر خۆی بباتەوە. بەخۆی گوت ئەو هەرگیز لەگەڵیدا بەختەوەر نەبووە... هەڵبەت، لە توانایدایە، بەدەیان ئافرەتی لەو باشتر بدۆزێتەوە، وەکو داوای کردبوو ئەم تەلاقی دەدات، وەلێ

دەبێت نرخی ئەوە بداتەوە، کە ئەمی تووشی کوێرەوەری کرد (هەروەها ئەو خەرجییانەی کردی)!...

دوای چەند ڕۆژێک لە هەڵاتنەکەی، حاجی نەوفەل پێوەندیی پێوە کرد، ئیدی دەستی بەقسان کرد، لەبارەی قسمەت و نسیب و دزێوترین حەڵاڵ لای خوا...

دەنانە وڵامی داوە و گوتی: مەروە لە ماڵە خۆی ڕایکردووە و نامووسی بردووە، بۆیە ئەم پێویستی بەکاتە، هەتاکو لە لایەنی مانەوەیەوە ئەم قەیرانە دەبڕێت...

پاشان بەڵێنی چاوپێکەوتنی دایێ، ئەوکاتی دەگەڕێتەوە میسر، دادەنیشن پێ لەسەر پێ دادەنێن و لەسەر داخوازییەکانی هەردوولا قسە دەکەن... دەنانە بەئەنقەست وشەی «داخوازییەکان»ی بەکاربرد، تاکو ڕێگە بۆ داواکردنی پارە خۆش بکات... بێگومان داوای پارە دەکات... خۆ ژیان و ناو و ناوبانگی گەمە نین بەدەست مەروە خانەوە، تا بەکەیفی دڵی خۆی چۆنی بوێت یاریی پێ دەکات... مکوڕ بوو لە سەر ئەوەی (بەمەبەستی تەماحکاری لێ بەتووڕەیی دایپۆشیبوو) لە بەرابەر تەڵاقدانی کچەکەی داوای ملیۆنێک جونەیهـ بکات!... ملیۆنێک لای نەوفەل هەر هیچ نییە... دەنانە لە بانقی ئەهلی دادەنا و ساڵانە قازانجێکی باشی لێ دەستدەکەوێت...

«غەسپە لە سەرت نەوفەل ملێونێک جونەیهـ بدەیت. ئەگەر ڕازی نەبوویت، یاخۆ کچەکەت داوام لەسەر تۆمار بکات، ئەوا ڕووەکەی دیکەمت پیشان دەدەم... نەوفەلی پیرە سەگ، منیش لە هەموو شوێنێک نامووسی دەبەم، تا ئیتر نەتوانێت شوو بکاتەوە... دەڵێم یەکەمین شەو پاکیزە نەبوو و کون کرابوو»!.

لەسەر بڕوای خۆی سوور بوو و دڵنیا بووەوە، هەموو توانای بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ سەردانەکەی سەرۆک خستبووە گەڕ... بیری لە ساتی بینینی

دەكردەوە؟ چی پێ بڵێت؟

چەند جار ماچی ڕوومەتی جەنابیان بكات؟ ئەی كە تەوقەی لەگەڵدا كرد چەندێک دەستی لەناو دەستدا بهێڵێتەوە؟

سەرۆک دەستی هەموو ئەوانەی گووشی، كە لە ڕیزدا وەستابوون، كاتێک نۆرەی دەنانە هات، خۆی بردە پێشەوە، باوەشی لێ دا و ئەمـلا و ئەولای ڕامووسی، پاشان بەزمانێكی دەشتەكییانەوە هاواری كرد:

– خوا بتپارێزێ و سەركەوتووت بكا و بۆ میسرت بهێڵێت جەنابی سەرۆک...

گەورەم خزمەتكارت... ئەحمەد عەبدولحەفیز دەنانە، خەڵكی شەهدای پارێزگای منوفییەم!

بەم شێوەیە بڕگەیەكی فۆلكۆریی پێكەنین هێنەری پێشكێش كرد، ناز (لەگەڵ خۆشەویستیی بۆ سەركردەكەی) بە میسرێتی خۆیەوە بكات... پلانەكەی سەركەوت و دڵخۆشی بەڕووی سەرۆكەوە دیاربوو، ئەم دڵخۆشییەش یەكسەر ڕوخساری ئەوانی دەوروبەری گرتەوە و بەخۆشەویستی و شیرینییەوە لە دەنانەیان دەڕوانی!...

سەرۆک دەستی نایە سەرشانی دەنانە و گوتی:

– تۆ لە منوفییەیت؟... كەواتە خزمی یەكین!

– گەورەم شەرەفێكی گەورەیە بۆ من.

– وادیارە جووتیارێكی ڕەسەنیت!

سەرۆک وای گوت و لە قاقای پێكەنینی دا، یەكسەر كامێراكان بریسكەیان لێوە هات.

دەنانەش ئەو شەرەفەی بەركەوت، كە لە وێنەیەک لەگەڵ سەرۆكدا دەربچێت، بێگومان لە ڕۆژنامە حكومییەكاندا بڵاو دەبێتەوە و لە ژێرییەوە

دەنووسـرێت: «سـەرۆکی فـەرمـانده لەکـاتی سـەردانە مـێـژوویـیـە سـەرکەوتووەکـەیدا بۆ وڵاته یەککگرتووەکـان، شـۆخی لەگـەڵ یەکێک لە ڕۆڵە نێرراوەکانیدا دەکات»!

سـەرۆک ڕێڕەوەکـەی بـڕی، باڵیـۆزیش بەدوو هەنگاو لە دوایەوە دەڕۆیشت، ئەوانـی تریش لـە شـێـوەی کـەوان تا ئـەو مـەودایە بـپـارێـزن، کـە شکۆیی دەیخـوازێت، ڕێیـان دەکرد... هۆڵە پان و پـۆڕەکە لەسـەر شـێـوازی ڕۆهـەڵاتی نـەخـشـەی بۆ دانرابوو، دیوارەکـانـی بەنـەخش و نیگاری ئیـسـلامـی ڕازێنرابوونەوە، لـە میـچـەکەشـەوە چلچرای بریسکەداری کریسـتاڵی شـۆڕ بووبوونەوە... لە بناغەدا بۆ وانەوتنەوە و نمایشی سینـەمایی تەرخان کرابوو، کـەچی ئەمـڕۆ دوانـگەیەکی گـەورەیان بۆ مـیـوانـی مـەزن داناوە، دەوروبەری بەچەپکە گوڵ ڕازێنراوەتـەوە، لە سـەریشـیـەوە وێنـەیەکی نیـوەیی بەقـەبارەی سروشـتیـی جەنابـی سەرۆک هەڵواسراوە، لە ژێریشـەوە لافیـتـەیەکی گەورە بەزمانی عەرەبی لەسەری نووسرابوو:

«میسرییەکانی ئەمـەریکا بەخێرهاتنی سەرکردەی ڕابەر دەکەن... لە پێناو خۆشگوزەرانی و دیموکراسیی زیاتردا بەڵێنت بۆ نوێ دەکەینەوە».

چی لە هۆڵەکەدا ڕووی دەدا، کامێراکان بەدەنگ و وێنەوە دەیانگواستەوە بۆ شاشە گـەورەکەی نمایشکردن، کە لە دەرێ بەتەنیشت دەزگای سـەرەکیی کونسولگەرییـەکـەوە هەڵواسرابوو... بانگهێشتکەران لەسـەر کورسییەکانی هۆڵەکە دانیشتبوون قسەیان دەگۆڕییەوە، دەخـەنینەوە، ڕەنگە لەبەرئەوەیان بووبێت، تا نیگەرانـیـیـەکـەیان بڕەوێتـەوە، هەر هێندەی سـەرۆک دەرکـەوت هـەمـوو هـەسـتـانـە سـەرپێ و هـۆڵەکـە هـاڕەی چەپڵـەی دەهات... دەنانـە ئەو ئاماژەیـەی دا، کـە لەگەڵ کۆمـەڵێک لە نێـرراوانی دانیشـتـووی لای ڕاسـتی پلیکانەکـانـدا لە سـەری ڕێککەوتبـوون بـەهوتافی ئـاوازدارەوە بۆ سـەرۆک دەنگیـان لـێ هەڵبـڕی لەگـەڵ دوو چەپڵـە بەدوای یەکدا وەک ڕایهـێـنابوون...

دەنگە دەنگ بەرز دەبووەوە و زیادی دەکــرد، تاکــو ســەرۆک دەســتــە بەخـشندەکـانی بەرەوپێش درێژکـرد و جـوولاندنی، بەمـانـای «بەسـە... سوپاسـتان دەکەم». هەمـوو شـتـەکان بەئاسـایی بەڕێوەچوون، کـەچی دوای چەند سـاتێک ڕووداوێکی سەیروسـەمەرە ڕووی دا؛ هـەندێک لە ئامادەبووان خـۆیان بـردە پێـشێ و داوای وێنەگـرتنیـان لەگـەڵ سـەرۆکـدا کـرد، ئەویش ڕەزامــەندیی دەربڕی و ئامــاژەی بـۆ پاسـەوانەکـان کـرد، ڕێگەیان دان... گشـتیـان تەوقـەیـان لەگەڵدا کـرد و بەخـۆنـازینەوە لە دەوروبەری وەسـتـان... وێنەگری سـەرۆکایەتی بەکامێرا تازەکەیەوە لێیـان نزیک بووەوە... کابرایەکی تێکسـمـڕاوی قـەڵەو بـوو، لە سـەرووی پەنجـا سـاڵیـیـەوە دەبـوو... (دوایی بەتەواوی بۆیان دەرکەوت، ئەمە تازەیە و لەبەرئەوەی وێنەگرە هەمیشەییەکە نەخۆش کەوتووە، بڕیار دراوە ئەم بۆ یەکەمین جار لەگەڵ سەرۆکدا بنێرن)...

ســەرۆک و ئەوانی لەگــەڵیــدا بوون زەردەخــەنەی وێنەگــرتنیــان بەدەموچاویانەوە نەخشاند، کەچی چەندین چرکە تێپەڕین وێنەگر هێشتا چاوی بەکامێراکەیەوەیەتی و وێنە ناگرێت... لەپڕ دەستی بۆ پێشەوە برد و گوتی:

– بەیارمەتیت جەنابی سەرۆک کەمێک وەرە لای ڕاستەوە.

بێـدەنگیـیـەکی قـووڵ دای گـرتن، چون لەســەر قـونچک خـۆی بۆ پەلاماردانێکی لەناکاو ئامادە کردبێت... سەرۆک بەقسەی وێنەگرەکەی نەکرد و نەجوولا... لە شوێنی خۆی ڕەق ڕاوەستابوو وەک چاوی لە شتێک بێت لە سەربانەکە بجوولێتەوە، سەیری بانەوەی دەکرد... ئەمە نیشانەی تووڕەبوونی بوو:

کـاتێک شـتـێکی بـەدڵ نەبێت سـەیری بان بکات، ئیـدی لـەسـەر ئەوانی دەوروبەریەتـی دەمـودەست هەڵەکـە ڕاست بکەنـەوە... وا دیاربوو وێنەگـرەکـە هێندە ژیر نەبـوو تا لەوە بگات کـە ڕووی دا، یان وای بەخـەیاڵدا هات، کـە

سەرۆک باش گوێی لێ نەبووە، ئەمجارە کامێراکەی لەچاوی دوورخستەوە و بەدەنگی بەرزەوە گوتی:

– جەنابی سەرۆک... جەنابت لە دەرەوەی کادریت... بەیارمەتی خۆت، بۆ لای ڕاست بجووڵێ.

بەرلەوەی لە دوا وشە ببێتەوە شریخەی شەپازلەیەک لەبن گوێیدا هەستا!...

سەرۆکی پێشوازی کامێراکەی لێ سەند و تووڕی هەڵدا، لە دوور زرمەی هات و پارچە پارچە بوو، پاشان یەخەی کراسەکەی گرت و بەسەریدا نەڕاند:

– بەجەنابی سەرۆک دەڵێیت بجووڵێ، هەی کەری کوڕی سەگ؟! هەموو میسر دەجووڵێن و جەنابی سەرۆک لە شوێنی خۆیدا جووڵە ناکات.. دەرچۆ هەی حەیوان!

بەهەردوو دەستی بەتوندی پاڵێکی بەپشتییەوە نا و شەقێکی تێ هەڵدا، وابەرەو پێشی برد خەریک بوو بکەوێت... وێنەگر بەسەراسیمەیی ڕیسواییەکەیەوە ڕایکردە دەرێ، کەچی هێشتا سەرۆکی پێشوازی جامی نەفرەت و جوێنی بەسەردا دەڕژاند.

ئەوانی داوای وێنەگرتنیان کردبوو لەگەڵ دەستپێکردنی تێهەڵدانی وێنەگرەکەدا دوورکەوتبوونەوە، دوایی بەهێوری و وریاییەوە گەڕانەوە شوێنەکانی خۆیان و چاوپۆشییان لەوەی ڕووی دا کرد... هەرچی جەنابی سەرۆک بوو لە ڕوخساریدا ئەوە بەدی دەکرا، کە ڕازییە لەسەر ئەو سزایەی وێنەگرە بەدخووەکە چەشتی!...

بەنیگایەکی قورسی لەسەرخۆوە چون دڵنیایان بکاتەوە شکۆیی لە شوێنی خۆیدایە و گەردی لێ نەنیشتووە، پاشان لەناو بێدەنگییەکی ئاڵۆزدا لەڕۆیشتن کەوت، کە هەر هێندەی گەیشتە لای دوانگەکە ڕەوییەوە. دەنگی

هارەیەکی توندی چەپڵــە هات... بـەرێزیان لـەســەر کـورسـیـیــەکی ڕازاوە دانیشتبوو، دیدارەکە بەخوێندنەوەی چەند ئایـەتێک، کە مـەئمـوونە ڕیشنی نێرراو خوێندییەوە، دەستی پێ کرد، شارەزابوو لە بواری قورئان خوێندندا، ئەوەبوو سـورەتی فـەتحی هەڵبـژارد (ئێمـەین کە بەو سـەرخسـتنە بەرچاوە سەرمان خستیت)...[٢٠]

دوای ئەوە چەپڵە لێدان و هوتافکێشان نوێ بوونەوە. ئینجا سـەرۆک لەو کــاغــەزەی بـەردەمی، کــە لـەســەر دوانگەکــە بۆی دانرابوو، دەســتی بەخوێندنەوەی گوتارەکەی، کە بەخەتێکی درشت نووسرابوو، کرد (چونکە ئەو لە بەرابەر کامێرادا هەرگیز چاویلکەی خوێندنەوە بەکار ناهێنێت)... لەبارەی دەستکەوتەکانییەوە دوا، کە ئەگەر پشتیوانی خوا و مەزنیی گەلی ڕەسەنی میسر نەبوونایا هەرگیز پێیان نەدەگەیشت...

پاشـان لە کـۆتاییی گـوتارەکـەیدا ڕووی قـسـەی لە نێـرراون بوو، دڵنیـای کردنەوە، کە هەر یەکێکیان باڵیۆزی میسرە، بۆیە دەبێت لە دڵ و ئارەزوو و ویژدانیدا بیپارێزێت... وتەکەی پڕکردنەوەیەکی کۆن و وەڕسکەر بوو، وەکو هەموو ئەو گوتارانەی مەحموود کاملی سەرنووسەری ڕۆژنامەی وڵاتەکەم، کە حزبی دەسەڵاتدار دەری دەکات..

هەر کە لێبووەوە سـەرلەنوێ چەپڵە و هوتافکێشـانی ئاوازدار، کە دەنانە ڕابەری بوو و جۆش و خرۆشی گەیشتبووە پۆپە دەستی پێ کرد، دەستی ڕادەوەشـاند و دەمـارەکـانی ملی ڕەپ بـووبوون کاتێک بەهەمـوو دەنگییـەوە دەیشیراند: «بژی سـەرۆکی فەرمـاندە... بژی پاڵەوانی جەنگ و ئاشتی... بژی دامەزرێنەری میسری نوێ»!

باڵیۆز و کونسوڵ و ئەحمەد دەنانەی سەرۆکی یەکەتیی خوێندکاران، یەک لە دوای یەک وتەی بەخێرهاتن لە سەرۆکیان خوێندەوە.

---

٢٠. انا فتحنا لك فتحا مبينا.

ئەحمەد دەنانە لەناو هۆڵەکەدا دەینەڕاند:

«جەنابی سەرۆک پەیمانت دەدەینێ چۆنت فێرکردین ئاوا نیشتمانمان خۆش بوێت... شوێنت بکەوین جەنابی سەرۆک، لە کارەکانیشماندا خۆمان بکەینە قوربانی هەروەک چۆن خۆتان بەخت کرد، هەروەها ڕێی ڕاست و سەرڕاستی بگرین، هەروەک بەڕێزتان گرتووتانەتە بەر.. هەر بەپارێزراوی و خۆشەویستیی خۆت بۆمیسر بمێنیت».

دیسانەوە هوتافکێشان و چەپڵە دەستی پێ کردەوە. هێندەی نەبرد باڵیۆزی میسر یەک بەپێی خشتەکە دوو قسەی بۆ پرسیارکەران کرد..

بەدواداچوونەکان پێشتر هەڵبژێررابوون، بەوردی پێیاندا چووبوونەوە، گشتیان ڕەنگدانەوەی جیاجیا بوون بەپیاهەڵدان بەسەرۆکدا.. تەنانەت پرسیارەکانیش، زیاتر بەلای بەرزکردنەوەو هەڵناندا لایان دەدا لە بایەخدان بەزانیارییەکانی وەڵامدانەوەکە..

یەکیان لێی پرسی: «گەورەم چۆن توانیتان میسر بەسەر ئەم هەموو کۆسپ و تەگەرە گەورانەدا تێپەڕێنن؟»، یەکێکی تر لێی پرسی: «بەڕێزتان چۆن توانیتان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت سەرکەوتووانە سوود لە شارەزاییی سەربازیتان ببینن؟»..

سەرۆک فێر بووبوو لە وەڵامدانەوەکاندا هەر ئەو قسانەی دووبارە دەکردنەوە، کە ئامادەبووان بە دەیان جار لە ڕۆژنامەکاندا خوێندبوویانەوە، جار نا جارێکیش گاڵتەیەکی دەکرد و یەکسەر هەمووان لە قاقای پێکەنینیان دەدا، هەڵبەت دەنانە بەخدێی خۆی لە هەمووان زیاتر دەخەنییەوە..

(بە ئەنقەست لەدوای گشتیانەوە دەستی بەپێکەنین دەکرد، تاکو سەرنجی جەنابی سەرۆک بۆخۆی ڕابکێشێت) .. لەدواییدا باڵیۆز بەزمانە پڕ لە ویقارەکەیەوە گوتی:

– ئێستاش.. وتەی مامۆستای دوکتۆر محەمەد سەلاح.. مامۆستا لە کۆلێجی پزیشکیی زانکۆی ئەلینۆی.. با بفەرمویت.

ماوەی نێوان ڕیزی دووەم لەو شوێنەی دوکتۆر سەلاح لێی دادەنیشت لەگەڵ مێزە بڵندەکەی وتەکەی لێ دەخوێنێتەوە لە دە هەنگاو تێناپەڕی، لێ دوو ژیانی لێک جودا دەکردەوە.. لە نێوان مێژووەکەی بەدرێژایی شەست ساڵ و دوارۆژی، کە ئێستا پێک دێت..

ئەوەتانێ وا پیلانەکەی جێبەجێ دەکات، تەواو وەک ئەوەی لەگەڵ کەرەم دۆس و ناجی عەبدولسەمەد ڕێککەوتبوون.. ئاسایش داوای لێ کرد بەو وتەیەدا بچێتەوە کە دەیخوێنێتەوە، کاغەزێکی دوو دێڕیی پێدان، کە سەرۆکی تێدا بەرز ڕادەگرێت، یەکسەر ڕەزامەندییان لەسەر دەربڕی، لە هەمان کاتدا لەگیرفانی ناوەوەیدا دەقی بەیاننامەکەی هەڵگرتبوو، کە بەناوی میسرییەکانەوە دەیخوێنێتەوە.. ئەوی زۆری لێ دەترسا ئەوەبوو لەکاتی چوونە ژوورەوەیدا بیپشکنن بەیاننامەکە بدۆزنەوە و هەموو شتەکان هەڵوەشێنەوە، لێ وادیارە دیمەنە پڕ لە شکۆمەندییەکەی ئەفسەرەکەی دڵنیا کردەوە، بۆیە چەندوچوونی لەگەڵدا نەکرد.. دوکتۆر سەلاح وەستا و بەکاوەخۆ بەرەو دوانگەکە بەڕێ کەوت، سەریشی کز کرد تا تەماشای کەس نەکات.. دەبێ یەکەم جار دڵنیابێت کە تەواو لە سنووری کامێراکاندایە، تاکو بەتوندی گورزی خۆی بووەشێنێت.. بەیاننامەکە بەدەنگی بەرز و بەڕوونی و بەخێرایی دەخوێنێتەوە، هەتا بەر لەوەی ڕێگریی لێ بکەن لێیبێتەوە.. لە ساویلکەییەتی ئەگەر وابزانێت تا کۆتا لێی دەگەڕێن.. چەند ساتێک تووشی سەرسووڕمان دەبن، پاشان دێنەوە خۆ و بەپەلە دەکەونە خۆ، چی لێ دەکەن؟ بڕواناکەم تەقەی لێ بکەن . دەستگیری دەکەن و تێلاترێنی دەکەن، یان بەتوندی دەمی دەگرن تا نەهێڵن بەیاننامەکە تەواو بکات.. هەموو ئەمانە زیاتریان ڕیسوا دەکات.. دوو هەنگاو ماوە.. ئەوەتا لە هۆڵەکەدا گوێی لە دەنگدانەوەیەکی نزمە، هەر هێندەی سەر هەڵبڕێت

ڕووبەڕوو سەرۆکی دەوڵەتی بەرچاو دەکەوێت..

ئای لەو ساتە دەگمەنە!.. هەرکە لەم هۆڵەدا دەردەچێت مرۆڤێکی دیکەیە.. ترس بێ و لەگیانیدا نییە.. تاقە شتێک کە لێی بترسێت ئەوەیە نەتوانێت بەیاننامەکە تەواو بکات، ئیدی لەدوای ئەوە چی دەبێت بابێت.. ئەم ڕۆحە لەکوێیە؟.. ئەگەر بەر لە سی ساڵ بۆی بهاتایا ژیانی بەیەکجاری دەگۆڕا.. ئەوکات زەینەب پێی نەدەگوت: «داخم ناچێت، کە ترسنۆکیت» !..

ئەوەتا وا دوا هەنگاو هەڵدێنێت.. نووکە بەرەو ڕووی سەرکۆمار دەوەستێ و بەیاننامەیەک دەخوێنێتەوە تێیدا بەرگری لە مافی میسرییەکان لە دیموکراسی و ئازادی دەکات.. بە بەرچاوی هەموو دنیاوە ئەمە دەکات.. کامێراکان وێنەی ئەو بەهەموو جیهاندا پەخش دەکەن.

هەینێ ناجی ڕووی لێنا بەیاننامەکە بخوێنێتەوە، هەستی کرد قەدەر بۆی ناردووە تا لەو کۆژانەی ڕزگار بکات.. دەمەودەست ڕازیبوونی ناجیشی تووشی سەر سووڕمان کرد. هەر دوێنێ بوو لە تەلەفۆن بەزەینەبی گوت:

– بۆتی دەسەلمێنم من ترسنۆک نیم!

لێی پرسی، بەبزەیەکی پڕ لە بەخۆنازینەوە وڵامی داوە:

– سبەی دەزانیت.. هەموو دنیا پێی دەزانن.

گەیشتە لای دوانگەکە، سەری لە مایکرۆفۆنەکە نزیک کردەوە..

«من ترسنۆک نیم زەینەب.. بەخۆت دەبینیت.. هەرگیز ترسنۆک نەبوومە.. من بۆیە میسرم بەجێهێشت، چونکە هەموو دەرگەکانی بەڕوومدا داخست.. هەڵنەهاتوومە لێی.. ئێستا پێت نیشان دەدەم ئازایەتی چۆن دەبێت!.. ئەوی من دەیکەم زانایانی ئاین بەبەرزترین پلەی جیهادی دادەنێن.. حەق وتن لەبەردەم سوڵتانێکی ستەمکاردا».

نووکە لە ژیانە ئاساییەکەی قوتاری دەبێت، وەکو پاڵتۆیەکی دڕاوی کۆن دایدەکەنێ و تووڕی هەڵدەدات.. بەشێوەیەک ناوی لە مێژوودا تۆمار دەکات

نەوەکان بۆ یەکی بگوازنەوە، ئەو پاڵەوانەی ڕووبەڕووی دیکتاتۆر بووەوە!

خۆی گورج کردەوە و بەپەنجە چاویلکەکەی لەسەر چاوی توند کرد، پاشان بە جووڵەیەکی تووڕەیی ئامێزەوە دەستی بۆ گیرفانی ناوەوەی کراسەکەی برد و چەند کاغەزێکی پێچراوی دەرهێنا.. کردیەوە و دەستی بەخوێندنەوە کرد، بەدەنگی یەکێک لە سەرەمەرگدا بێ وشەکانی پچڕ پچڕ دەردەبڕی:

«بەیاننامەیەک لە میسرییەکانی نیشتەجێی شیکاگۆوە»..

لە هیکرا وەستا و تەماشای سەرۆکی کرد، لە ڕووخساریدا شتێکی بەدی کرد لە زەردەخەنەی پێشوازیی دەکرد.. ماتییەکی قووڵ دای گرت، ئەو دەمی بەدەستەسڕەکەی ئارەقەی نێوچەوانی دەسڕییەوە، هەندێک شڵەژانی پێوە بەدی دەکرا.. بڕانی لەناکاوی لە خوێندنەوە بەرە بەرە خەریکبوو سووکە چرپە چرپێک بورووژێنێت.. زاری هەڵێنا تاکو خوێندنەوەکەی تەواو بکات.. لەناکاو، دەموچاوی گۆڕا، چون شتێکی بیرهاتبێتەوە، کە لەبیری چووبێت سەری هەڵبڕی.. بەجووڵەیەکی خێرا و بلەز کاغەزەکانی بەدەستیەوە بوون پەستانە گیرفانی چاکەتەکەیەوە، لە گیرفانەکەی دیکەیدا کاغەزێکی بچووکی دەرهێنا و کردیەوە، بەدەنگێکی شڵەژاو و پڕ لە هەڵچوونەوە گوتی:

«لە بریی خۆم و لە جیاتیی گشت میسرییەکانی دانیشتووی شیکاگۆ..

بەخێرهاتنتان دەکەین جەنابی سەرۆک، لە ناخی دڵمانەوە سوپاستان دەکەین بۆ ئەو دەستکەوتە مێژووییانەی پێشکێشی نیشتمانتان کردوون..

بەڵێنتان دەدەینێ، کە پەیڕەوی کارەکانتان بکەین و چۆنتان فێرکردین هەروا بمێنینەوە، وڵاتمان خۆش بوێت و سەروماڵمان لەپێناویدا ببەخشین.. بژی میسر، ئێوەش بۆ میسر هەر بمێنن»!

کاتێک لێبووەوە هاڕەی چەپڵە هات، وەرسووڕا و بەهەنگاوەکانی وای نیشان دەدا لەسەرخۆ بێت، گەڕایەوە سەر کورسییەکەی.

کچە کارمەندەکەی پێشوازی، تابلێی جوان و قەشەنگ بوو، دەموچاوی گەش و ڕوویەکی خۆشی هەبوو، هەرئەوەندەی ناوی ڕەئفەت سابتی بیست زەردەخەنەکەی کاڵ بووەوە و بەئاسپایی سەری کز کرد.. ویستی پاساوێک بۆ قسەکەی بهێنێتەوە، کەچی شڵەژا و لە ژێرەوە پرتەوبۆڵەیەکی کرد.. لەودیو مێزە مەڕمەڕەکەی پێشوازییەوە دەرچوو، ڕۆیی و ڕەئفەتیش بەدوایەوە بوو، هۆڵەکەی بڕی، پاشان ڕاڕەوە درێژەکە، ئینجا بەلای چەپدا وەرسووڕاو چووە ڕاڕەوێکی دییەوە.. لە سەرەتادا بەقورسی و دوودڵییەوە هەنگاوی دەنا، دوایی ڕێکبوونەوە و ڕیتمێکی هێمنی پڕ لە مانای لە خۆ گرت..

لە کۆتاییدا گەیشتنە هۆدەکە.. کیژە کارمەندەکەی پێشوازی مشتووی دەرگاکەی گرت، چون گوێ هەڵخات سەری بردە پێشەوە، پاشان بەقامکەکانی لە دەرگەکەی دا، دەنگێکی نووساو لە ژوورەوە هات.. دەرگەکەی بەئاسپایی کردەوە، ئاماژەی بە دوکتۆر ڕەئفەت دا و چووە ژوورەوە..

هۆدەکە مامناوەندی بوو، هێمن و پاک، پەنجەرەیەک لای ڕاستەوە ڕووناکیی لێ دەهاتە ژوورێ.. پزیشکەکە تەمەنی چل ساڵان دەبوو.. سەرڕووتاو، پاڵتۆیەکی سپیی لەبەردا بوو و چاویلکەیەکی پزیشکیی چوارچێوە زیوینی لە چاودا بوو.. بەبێدەنگی بەتەنیشت قەرەوێڵەکەیەوە

وەسـتـا.. ڕەئـفـەت سـارەی بینـی بەهەمـان جلەوە، کـە دواجـار لەبـەریدابوو ڕاکشابوو:

پانتۆڵە جینزە شڕەکە و فانیلە زەردەکەی لای یەخەکەیەوە چڵکن بوو..

ڕوخساری بەتەواوەتی هێمنیی لێ نیشـتبوو.. چاوەکانی نووقابوون، دەمی خاو ببووەوە و نەکرابووەوە.. دوکتۆرەکە بە دەنگێکی قـووڵەوە، کە لەرینەوەی لەو خامۆشییەدا دەنگی دایەوە گوتی:

– دوێنـێ شــەو، نزیکـەی سـێی بـەیانی، ئۆتـۆمـۆبێلێک لە بـەردەم دەرگـای نەخـۆشـخـانـەکـە فـڕێی داو بەخـێـرایی هـەڵات.. چیـمـان لە توانـادا بوو بۆ ڕزگارکـردنی دریغیمـان نەکرد، وەلێ زۆریی ڕادەی تلیاکـەکە لە گیـانیدا بووە ئەگـەری نزمـبوونەوەیـەکی توند لە ئەرکـەکانـی مێشکیدا.. تکام وایە پرسـە و سـەرەخۆشیم قبووڵ بکەیت!

***

خـۆپیـشـاندانەکـە دوایـی هات، من و کـەرەم دۆس و جـۆن گـراهـام بەرەو ئۆتۆمـبیلەکە ڕۆیشـتین.. کوشنی پێشـەوەم بۆ گراهـام جێهێشت و خۆم چوومە دواوە.. تاماوەیەک مـتەقمان نەکـرد.. پەڵە هـەورێک لـە خـەمـۆکی سـێـبـەری بەسـەرمـانەوە کـردبوو.. کـەرەم پێـشنیـازی ئەوەی کـرد پێکێک بخـۆینەوە، گراهـام بەمنگەیـەکەوە ڕازیبـوونی خـۆی دەربڕی، هـەرچی من بووم بێدەنگیم هەڵبژارد.. چووینە ڕەش ستریت ئەو شوێنەی لە هـەموو جێیەکی تر پێمان باشـتر بوو.. لەگەڵ خواردنەوەدا گەرمیمان تێدا گەڕا، کەرەم دۆس گوتی:

– لە هـەڵوێسـتی دوکـتـۆر سـەلاح تێ نـاگـەم!.. بۆچی وای کـرد؟ دەیتـوانی هـەر لە سـەرەتاوە خـوێندنەوەی بەیاننامـەکە ڕەت بکاتەوە.. هەموو شتەکانی لێ تێکداین.

هەستم بەتاڵی ئەوی ڕووی دا دەکرد، گوتم:

– نازانیت چەندە لەو کابرایە توورەم.. نازانم ئیدی لەمەودوا چۆن لە بەش مامەڵەی لەگەڵدا بکەم!

سەرلەنوێ بێدەنگی دای گرتینەوە، کەرەم گوتی:

– وا بزانم ئەوی سەلاح کردی دەستئەنقەست بوو.. لەگەڵ سەفوەت شاکردا ڕێککەوتبوو تا ئیشەکە تێک بدەن.

لەسەری نەڕۆیشتم.. هەستکردنم بەهیوابڕان تێکەڵ بوو بەهەست بەتاوانبارکردنم.. چونکە من بووم لەگەڵ محەمەد سەلاحدا ڕێککەوتم تا بەیاننامەکە بخوێنیتەوە..

بیرم هاتەوە چ جۆش و خرۆشێک گرتیەوە کاتێک ڕووم لێ نا.. بەبیربڵاوییەوە بەکەرەمم گوت:

– بێگومان.

– نا!

گراهام وای گوت. مژێکی لە پێکەکەی دا و بەردەوام بوو:

– وابزانم ئەم کابرایە هەر بەڕاستی دەیویست بەیاننامەکە بخوێنێتەوە.. کەچی لە دوا ساتدا ترسێک دای گرت.

– ئەی بۆ لە سەرەتادا قایل بوو و لەسەری شێلگیر بوو؟

– ڕەنگە هەندێک جار مرۆڤ هەوڵ دەدات بەسەر ترسیدا زاڵ بێت.. پاشان سەرنەکەوێت.

***

لەنیوەی شەودا گەڕامەوەماڵێ، جلەکانم داکەندن و لەپەورِوو خۆم دایە سەر نوێنەکەمدا و کەوتمە خەوێکی قووڵەوە.. تا ئێستاش ئەوی ڕووی دا بەنادڵنیاییەوە وەک

خەون ببینم، دێتە بەرچاوم.. چاوم کردەوە تارماییێلێکم بینی لە تاریکیی ژوورەکـەدا دەهـاتن و دەچوون.. زەندەقـم چوو، لە نێوان خەون و بێداریدا مـابوومەوە، تا لەپڕ ڕووناکییەکە پێ کـرا، بـەڕوونی بینـیـانم.. سـێ زەلامی کـەتـەی ئەمـەریکایی بوون، دووانیـان جلی سـەربازییـان لەبـەردابوو، یەکـیـشـیـان بەجلی مـەدەنـیـیـەوە بوو، هـەر لـە یەکـەمـین سـاتەوە دیـاربوو فـەرماندەیانە.. بەرەو لام هات، لەودەمی بـاجێکی لە گیرفـانی ناوەوەی دەردەهێنا، گوتی:

– ئێف بی ئای.. ئیـزنمان وەرگـرتووە مـاڵەکەت بپـشکنین و بتگرین.

مـاوەیەکم برد تا بیـرکـردنـەوەم کۆ بکەمـەوە، لە هۆیەکـەیم پرسـی.. گوتی:

« دوایی بەو زانیارییانەی لامانن قسـەت لەگەڵدا دەکەین »..

کـاتێک ئەو لەگـەڵمـدا دەدوا دووانـەکـەی تر بەوریاییـیـەوە مـاڵەکـەیان دەپـشکنی.. پاشـان ڕێگەیان دام جلـەکـانم لەبەر بکەم..

بەرەو لام هـات و کـەلـەپچـەکـەی لـە دەست کـردم.. ئەوی مـایەی سـەرسـوڕمان بـوو من چۆن بەنجم لێ درابێ و توانـام لەدەست دابێت، بە تەواوی خـۆم دایە دەسـتـیـەوە!.. سـواری ئۆتۆمۆبێلێکی گەورە بووین، شوفێرێکی ڕەش لێی دەخوڕی و فەرماندەکە بەتەنیشتییەوە دانیشتبوو، دوو سەربازەکەش لە کوشنەکەی دواوە لەمـلا و لەولامـەوە دانیشـتـبوون، لەو دەمـی هۆشـم کۆدەکردەوە، لە هیـکرا گوتم:

– دەمـەوێت جـارێکی تر بـاجەکەت ببینمـەوە.

ڕەوییەوە، ئینجا بەکاوەخۆ بەتووڕەییەکی چەپێنراوەوە دەستی بۆ گیرفانی برد و باجەکەی دەرکرد.. دوای ئەوە بێدەنگییەکی تەواو دای گرتین.. دوای نیو سەعات گەیشتینە بینایەکی لاتەریک لە باکوری شیکاگۆ، بەباغچەیەک و ڕێڕەوێکی پێچاوپێچ دەور درابوو، بە ئۆتۆمبیلەکە پێیدا سەرکەوتین تا لەبەرابەر دەرگەکە وەستاین..

چەند پاسەوانێک لەوێ بوون، سڵاوی سەربازییان کرد.. چووینە نووسینگەیەکەوە، کە کەوتبووە لای چەپی هۆڵەکە.. هەر ئەوەندەی دەرگەکەمان لەسەر داخرا دیمەنی فەرماندە گۆڕا.. چون ددانی جیڕ بکاتەوە دەموچاوی گرژ و مۆن بوو.. تەماشایەکی یەکلاکەرەوەی کردم و گوتی:

– چاکە.. زانیاریی تەواومان لایە تۆ لە شانەیەکدا کاردەکەیت، نەخشەتان بۆ کارێکی تیرۆریستی لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا کێشاوە.. چی دەڵێیت؟

متەقم نەکرد. بەدوای یەکدا هاتنی ڕووداوەکان لە توانای بیرکردنەوەم خێراتر بوون. هێند لێم هاتە پێشێ تا بۆنە عەترێکی تەنک بەلووتمدا هات.. بەتووڕەییەوە شیڕاندی:

– قسە بکە.. کەڕیت؟

لە ناکاو.. کێشای بەبناگوێمدا!

هەستم بەگەرمییەکی سووتێنەر کرد، پەڵەیەکی تاریک بەری چاوی چەپی گرتم.. بەرە بەرە دەنگم کەوتە خنکان، تا لە کۆتاییدا بەدەنگێکی کزەوە گوتم:

– مافی ئەوەت نییە لێم بدەیت.. ئەوی تۆ دەیکەیت نایاساییە!

سەرلەنوێ زللەیەکی تری لێ دامەوە، چەندین شەپازلەی لێ دام، پاشان بەمشتە توندەکەی کێشای بەناو سکمدا.. هەستم کرد دڵم تێک دەچێ و دەبوورێمەوە!

– دەزگای هەواڵگریی میسری هەموو زانیارییەکی لەبارەی ئەو ڕێکخراوەی کاری تێدا دەکەیت، داینێ.. نکووڵیی لێکردن دادت نادات.

– ئەمانە درۆی هەڵبەستراون.

سەرلەنوێ لێی دامەوە.. هەستم بەخوێنێکی لینج کرد لە لووتمەوە دەڕژایە سەر لێوم.. بەتووڕەییەوە شیراندی:

– قسە بکە هەی کوڕی قەحپە.. بۆچی دەتەوێت وڵاتەکەمان وێران بکەیت؟ دەرگەی ئەمەریکامان بۆ کردیتەوە.. پێشوازیمان لێ کردیت، تاکو فێر بیت و ببیتە مرۆڤێکی بەڕێز.. کەچی لە بەرابەردا پیلان دەگێڕیت، تاکو ئەمەریکاییە بێ تاوانەکان تیرۆر بکەیت!.. ئەگەر دانی پێدا نەنێیت، ئەوا لە وڵاتەکەتدا چیت لێ دەکەن وات بەسەر دێنم.. بەقامچی دارکاریت دەکەین و کارەبات لێ دەدەین، ئینجا لاقەت دەکەین!

دوکتۆر فریدمان سەری کز کرد و خستییە نێوان دەستەکانیەوە. کریس لە بەرابەریدا دانیشتبوو، بێدەنگییەکی قورس لە نێوانیاندا بوو، تەنانەت مۆسیقا نزمەکەی لە ئێستگە ناوخۆییەکەوە دەهات دەتگوت ماتەمینی دای گرتووە.. تەماشایەکی کرد و گوتی:

– کەنگێ گرفتی سەلاح سەری هەڵدا؟

– لە پارەوە.

– خۆی نیشانی پزیشک داوە؟

– جارێک ڕۆیشت و ڕازی نەبوو لەسەر چارەسەرییەکەی بەردەوام بێت.

– من ئەو گۆڕانەی لێیم بەدی دەکرد دەمگەڕاندەوە بۆ شەکەتی لەکارەکەیدا.

– بیڵ ئەو نەخۆشە.. لەو کاتەوەی لە چاوپێکەوتنەکەی سەرۆکی میسر گەڕاوەتەوە لە دۆخێکی زۆر خراپدایە.. سێ ڕۆژی ڕەبەقە نە نان چووەتە سەر زمانی نە خەویش چووەتە چاوی.. دوکتۆر دەڵێت لە دۆخی وادا دەبێت بەتۆپزی بۆ نەخۆشخانەی بگوازینەوە!.

– بەتۆپزی؟

– بەڵێ.. دەبێت ناچاربکرێت دەرزییەکی خەوی لێ بدەن، پاشان بۆ نەخۆشخانەی بگوازنەوە.

– ئەگەر ئەمە تاقە ڕێگە بێت بۆ یارمەتیدانی، ئەوا ڕێگەچارەی دیکەمان نییە.

سەرلەنوێ بێدەنگی باڵی بەسەریاندا کێشایەوە.. کریس لە پڕمەی گریانی دا و گوتی:

– زۆرم بەلاوە قورسە بەم حاڵەوە دەیبینم!

فریدمان دەستی گرت و بەدڵدانەوەوە گوتی:

– دڵنیابە.. باش دەبێت.

– تۆ هاوەڵێکی دێرینی.. هاتووم بۆلات تا یارمەتیم بدەیت.

– چیم لە دەست بێت دریغی ناکەم.

– دەترسم سەلاّح کارەکەی لەدەست بدات.

بیرکردنەوە بەڕوخساری فریدمانەوە دیاربوو، پاشان گوتی:

– لەلایەنی کارگێڕییەوە دەبێت هۆی لە کار دابڕانەکەی تۆمار بکەین.. نانووسم کە خراوەتە ژێر چارەسەری دەروونییەوە، چونکە دەبێتە خاڵێکی نەگەتیف لە تۆماری پیشەییەکەیدا.. دابڕانەکەی بەمۆڵەتی ساڵانە بۆ دادەنێم، ڕووش لەیەکێک لە هاوکارانی دەنێم وانەکانی بڵێتەوە.

– سوپاس بیڵ.

– ئەمە کەمترین شتە بەمن بکرێت.

– هەوکە دەڕۆم.

بیڵ لە شوێنی خۆی هەستا، بەتوندی دەستی گوشی، ڕایمووسی و گوتی:

– پێویستت بەهەرشتێک بوو سێ و دووی لێ مەکە و پێوەندیم پێوە بکە.

کریس لە کۆلێج دەرچوو، هەینێ بەئۆتۆمبیلەکەی تێی تەقاند بیری لەوە کردەوە ئیشە بچووکەکەی سەرکەوت، هەر هیچ نەبێ سەلاّح ئێستا کارەکەی

له دەست نادات.. ئیشە گەورەکە ماوە:

بیگوازێتـەوە بۆ نەخـۆشـخـانە، تا چارەسـەر وەربگرێت.. مـخابـن دەبێت بەدڵڕەقـی لەگـەڵیدا نەجـووڵێتـەوە، تاکـو چاک دەبێـتـەوە و وەکـو خـۆی لێ دێتـەوە.. چونکە بەرژەوەندی سـەلاح وا دەخـوازێت. باسـی نـاکۆکـیـیـەکـانی نێوانیـانی نەکرد، ئەوەی لەبیـرکرد، کە ئاریشـەیان لەنێـواندا هەیە و لەسـەر تەلاقدان ڕێککەوتوون.

ئەوی ئێـسـتـا بـیـری لێ دەکـاتەوە ئەوەیـە، کە ئـەو نەخـۆشـە و پێـویسـتـی پێـیـەتی.. نـاکرێت لـەبەردەمـیـدا بەلادا بێ و ئەمـیش خـۆی تێ نەگـەیەنێت.. تەنانەت ئـەگـەر خـۆشـیـشـی نەوێت، ئەگـەر بیـەوێت تەلاقـیـشـی بدات، ئەگـەر ئافــرەتێکـی دیکـەشـی خــۆش بوێت، ئەگــەر ئـەم هەمـــوو ســـاڵەش هـەڵی خـەڵەتاندبێت.. نابێت پشـتـی لێ بکات.. ئەو تەنیـایە، ئەگەر بەجێی بـهێڵێت کـەسـی نییـە بەدیاریەوە بێت.. سـەرلەنوێ بەری فـرمـێسـکـەکانی کـرانەوە، فرمێسکەکانی سڕین و لە بەرابەر نەخۆشخانەکەدا ئۆتۆمبیلەکەی ڕاگرت.. چەند سـاتێک چاوەڕوانی کـرد تا خـۆی گـرت، پاشـان بـە هەنگاوی خـێراوە چووە ژوورەوە، دوای نیــو کــاتژمــێــر لەگـــەڵ پـزیشـکێکـی لاودا دەرچوو.. پزیشکەکە لە ئۆتۆمبیلەکەدا بەتەنیشـتییەوە دانیشت و ئەمبولانسـەکەش بە دوایاندا ڕۆیشت.. ڕێککەوتن ئـەم بەتەنێ خـۆی بچـێـتـە لای سـەلاح و هـەوڵ بدات تاقـەناعـەتی پێ بێنێت بۆ نەخـۆشـخـانە بچێت، ئەگـەر قـایل نەبوو ئەوا پزیشکەکـەش بۆلای بڕوات.. لە کۆتاییدا ئەگەر سەلاح هـەر لەسـەر نەچوونی مکوڕ بـوو، ئەوا پەنا بۆ پەرسـتـارەکـان ببـەن تا دەرزیی لـێ بدات!.. هەردوو ئۆتۆمبیلەکە لە بەرابەر ماڵەکەدا وەستـان.. کریس کەوتە پێشەوە، دەرگەکەی کردەوە و سەیری ژوورەوەی کرد، ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی:

– چاکە.. لە هۆدەی نووسینگەکەیە.. ئەمە کارەکەمان ئاسان دەکاتەوە.

بەخـێـرایی بەپلیکانـەکـاندا سـەرکـەوت پزیشـکەکـەش بەدوایدا، هەینێ

گەیشتە بەرابەر دەرگاکە بەدەستی گلی دایەوە و بەئاسپاییەوە پێی گوت:

– تۆ لەوێ دانیشە.

دوکتۆر سەری لەقاند و وەرسووڕا، بەکاوەخۆ ڕووی لە نزیکترین کورسی کرد..

کریس بە هێمنییەوە چووە پێشێ، هەر هێندەی دەرگاکەی کردەوە دیمەنێکی بینی، کە هەرگیز لە پەردەی مێشکیدا کاڵ نابێتەوە.. دوکتۆر محەمەد سەلاح، مامۆستای هیستۆلۆژی لە کۆلێجی پزیشکیی زانکۆی ئەلینۆی، پیجامەیەکی شینی ئاوریشمینی لە بەردابوو، لەسەر زەوییەکە کەوتبوو، لە بۆشاییەکەی دەروانی، دەتگوت بەیەکجا بۆ هەمیشە سەراسیمە بووە، خوێن لە برینێکی قووڵ بەتەنیشت سەریەوە چۆڕاوگەی بەستبوو و پەیتا پەیتا پەڵەیەکی گەورەی لەسەر مۆکێتەکە دروست دەکرد..

بەتەنیشت دەستە خاوە بەلادا هاتووەکەیدا، دەمانچە برتە کۆنەکەی لەسەر زەوییەکە کەوتبوو!

٣٩

شەوێکی دڵگیر بوو بۆ ئاهەنگگێڕان بەسەرکەوتنەوە. گراهام و کارۆڵ بۆ سینەما چوون، پاشان نانی شێوانیان لە ڕیستۆرانتە بازنەییەکەی تاوەری سیرز خوارد. چەندێک شوێنەکە دەجووڵا و دیمەنەکەی لە جامەکانەوە سەیریان دەکرد دەگۆڕا، کارۆڵ دەیقیژاند و بەخۆشییەکی منداڵانەوە چەپڵەی لێ دەدا.. بەجلی دەرچوونەوە تا بڵێی شۆخ و شەنگ و جوان بوو، شان و سینگی بەدەرەوە بوون، قژی بەرەو سەرێ ڕێکخستبوو، ئەستۆی نازداری بەدەرکەوتبوو، تاقمێک خشڵی لە جووتێک گوارە و ملوانکەیەکی مرواری لەخۆ دابوو.. سووربوو لەسەر هەڵپچڕینی بوتڵێک شەرابی نایابی فرەنسی، هەر کە بۆیەکە وەرسووڕا و دوورکەوتەوە، گراهام بەپێکەنینەوە لێی پرسی:

– تۆ دڵنیایت دەتوانی پارەی ئەم هەموو خواردنە بدەیت؟

– نیگەران مەبە ئازیزم..

بەجۆش و خرۆشەوە هاواری کرد:

– ئەو گرێبەستەی ئەم هەفتەیە ئیمزام کرد هەلی تەمەنە.. بێژەرێلێکی زۆر ساڵانێک لە پێناو گرێبەستێکی وادا کاریان کرد و بەدەستیان نەهێنا.. من گەیشتمە لووتکە جۆن!

– پیرۆزباییت لێ دەکەم.

گــراهام وای گــوت و بەنیگەرانیــیــەوە چاوی تێ بڕی. کــارۆڵ تامی شەرابەکەی کرد، پێشنیازی کرد پێکی خۆشەویستی و سەرکەوتن بنۆشن.. وەکو جاران زوو کاری لێ کرد، چاوانی بریسکەیان دایەوە و بەکاریگەرییەوە گوتی:

– چونکە من لە ژیانمدا چەرمەسەریی زۆرم بینیوە، خودا ویستی تۆڵەی ئەو ئازارانەی پێشووم بۆ بکاتەوە!

– بۆ خوا مامەڵەیەکی تایبەت لەگەڵ تۆدا دەکات، کەچی گوێ بەملیۆنان لێقەوماو نادات؟

– هەر بارەقە ئەمشەو واز لەو قسە زلانە بهێنە!

کارۆڵ نیگایەکی لەنێوان سەرزەنشتکردن و شۆخیدا تێ گرت. گەلێک قسەیان کرد و خەنینەوە، هەینێ سواری ئۆتۆمبیلە نوێیەکەی کارۆڵ بوون، هەموو شتەکان بەڵێنی شەوێکی گەرمی خۆشەویستییان ڕادەگەیاند..

هەر کە گەیشتنەوە ماڵێ ڕایکردە ژوورەوە تا لە مارک دڵنیا بێت، چۆنی جێهێشتبوو هەروا نووستبوو.. بەئاسپایی دەستی درێژکرد پەتووەکەی لێ پێچا، پاشان گەڕایەوە لای گراهام، کە بەئارەزوویەکی گەرمەوە پێشوازی لێ کرد.. بەتوندی باوەشی لێ دا، هەستی کرد بازووە بەهێزەکانی شانیان دەشێلا، نووزەیەکی لێوەهات و شەهوەتی زیاتر کرد، بەماچ بەربووە دەموچاو و ملی.. کارۆڵ بەئاسپایی کشایەوە و بەدەنگێکی ناسکی خەون ئاراوە گوتی:

– ئێستا دێمەوە.

دانیشت و لە نوێنەکەدا چاوەڕوانی بوو.. هێندەی پێ نەچوو بەرۆبێکی سپییەوە، کە جەستە ڕووتەکەی داپۆشیبوو لە گەرماو دەرچوو.. لەبەر ئاوێنەکە وەستا ماکیاجی کرد و بۆنی لە خۆی دا.. گراهام بلەز پایپەکەی کوژاندەوە، هێند زەوقی هەڵسابوو بەدەنگێکی شپرزە و پەلەوە گوتی:

– منیش دەچم ئاوێک بە خۆمدا دەکەم.

دوای چەند خولەکێک لە نوێنەکەدا دەگەوزان و دەپلکانەوە، تەواو ڕووت بوون، ڕووناکییەکی کز لە گڵۆپەکەی تەنیشتەوە دەهات.. سۆزێکی بەتین گرتییەوە، ماچ لەدوای ماچی دەموچاو و دەستەکانی و شان و سینگی دەکردن، هەینێ کردیە ناو گیانییەوە نووزەیەکی لەسەر خۆی کرد و لەبن لێوانەوە ناوی هێنا، ورووژانەکەی گەیشتە ڕادەیەک وای لێ کرد بەڕەقی لەناویدا بلەرێتەوە، ئەمەش وای لە کارۆڵ کرد لە خۆشییاندا هاوار بکات.. ئەمە یەکێک لەو دەمانەی خۆشەویستییە شێتانەکەیان بوو.. کارۆڵ لە ئامێزیدا توایەوە، هەستی بەڕۆحی کرد دەتوێتەوە، لە جەستەی دەردێ و لە شەقەی باڵ دەدات.. لەو دیو چاوە نووقاوەکانیەوە درەخشانەوەی ڕووناکیی ڕەنگاوڕەنگی لە تاریکییەکەدا بەدی کرد، هەستی بە نزیکبوونەوەی سەرخۆشی و مەستی کرد.. لەپڕ هەستێکی نیگەرانی پەنهان دای گرت، ویستی دووری بخاتەوە، وەلێ خۆشییەکەی پرژوبڵاو بووەوە.. گراهام پەیتا پەیتا لە خۆ لەرینەوەکەی هێور بووەوە تا وەستا.. ساتێکی خایاند و بەئاگا هاتەوە. هەستی بەجەستە قورسەکەی کرد دوور دەکەوێتەوە. خۆی دایە سەر چۆکیا و لەبانی هەستا.. ئەویش دەستەکانی درێژ کردن و خۆی بەشانیەوە گرت، بەدەنگێکی گەرمەوە لە تکاکردن دەچوو بەگوێیدا چرپاند:

– لەگەڵمدا بمێنەرەوە.

دەنگدانەوەکەی لە تاریکییدا دڵنیای کردەوە ئەوی ڕوودەدات ڕاستەقینەیە!..

گراهام زیاتر کشایەوە، هەمیشە بە هێوری، هەناسە برکێی بوو، لێ ئەمجارەیان نەک لە خۆشییا بەڵکو لە شپرزەییدا..

پێیەکانی نانە سەر زەوی، لەسەر لێواری جێیەکە دانیشت و پشتی تێ کرد.. کارۆڵ خولەکێکی دیکەی پێ چوو تا هەناسەی خواردەوە و هەستا،

گلۆپەکەی هەڵکرد و بەزەندەقچوونەوە هاواری کرد:

– چی بووە؟

ئەو سەری کز کردبوو.. ئەم بەرەو لای بازێکی دا، جەستە ڕەشە ڕووتە نەرمونیانەکەی جوان و خەرامان بوو.. بەتەنیشتییەوە دانیشت و بەدەنگێکی نادیارەوە دووبارەی کردەوە:

– چیتە؟

گراهام دەستەکانی ئەوی دوورخستنەوە.. سەری هەڵبڕی و سەیری میچەکەی کرد.. زاری هەڵهێنا تاکو شتێک بڵێت، کەچی دیسانەوە سەری کز کرد، دەنگی بەنووساوی دەرچوو:

– کێیە؟

– باسی کێ دەکەیت؟

ئاوا پرسیاری کرد و لەچاوانیدا تۆقینێک بریقەی دەداوە.. گراهام درەنگ هەستا.. ئەویش بەدوایدا و پاشان ڕووبەڕووی وەستا.. بەدەنگێکی بڵندترەوە گوتی:

– ئەوە کێیە سەرجێییت لەگەڵدا کردووە؟

– جۆن.. شێت بوویت؟

ڕوخسارێکی سەیری هەبوو.. لەودەمی ڕووتوقووت بوو پایپەکەی گرِدا، پاشان بەزەردەخەنەیەکی تێکشکاوەوە گوتی:

– من و تۆ زۆر لەوە ژیرترین کاتمان بەتۆمەتبارکردن و ئینکارکردنەوە بکوژین.. تۆ لەگەڵ کەسێکدا نووستوویت.. کێیە؟

– جۆن!

– دەمەوێت ناوی بزانم.

تاکـو لە مـەترسـی ناکـاوگـیـرییـەکـە دەرچوو بێـدەنگی لـێ کـرد، ئینـجـا بەدەنگێکی نەرمـی ئەوتۆ گـەرمــەوە هاتە گـوفـتــار، کـە سـۆزی لە دەروونی مرۆڤدا دەورووژاند:

- مافی ئەوەت نییە تۆمەتبارم بکەیت.

لە چاوتـرووکـانێکدا دەسـتـی هەڵبـڕی و زللـەیەکی خـێـواندێ، قـیـژەیەکی لێوەهـات.. لێی دوور کەوتەوە و هاواری کرد:

- دەشـێت پیـربم.. دەشێت بەبیروبڕوای کۆن و بەسـەرچووەوە پەیوەست بم.. وەلێ گێل و نەفام نیم.. ئەو ئەزموونە مرۆڤایەتییەم هەیە کەس نەتوانێت هەڵم بخـەڵەتێنێت.. کـارۆڵ تۆ ناپاکـیت لـەگـەڵدا کـردووم!.. هـەسـتـکردنم بەجەسـتـەت درۆ ناکات.. تێ ناگەم بۆ وات کرد؟.. ئێمە ژن و مێرد نین، تاکو بەگەمـژەیی ڕەفتـار بکەین.. کاتێک کـەسێکی دیت خـۆشویست بۆ دەسـتت لە من نەکردەوە؟

لەو دەمی جلەکانی لەبەر دەکردن و پشـتێنەکەی دەبەست و پێڵاوەکانی لە پێ دەکردن، بەهەناسـەی بڕاوەوە قسـەی پچڕ پچڕی دەکرد. گـەڕایەوە و لە بەردەمی وەسـتـا.. ئەو هـێشـتـا ڕووتوقـووت بوو و لـەو دەمی شـەپازلەکـەی خواردبوو دەستی لەسەر ڕوومەتی بوو.. بەدەنگێکی نەرمترەوە گوتی:

- بمبـوورە کـە زللـەم لێ دایت .. من دەڕۆم.. تاکـو شـوێنێکی تر بۆ خـۆت دابین دەکـەیت من لە ئوتێل دەمـێنمــەوە.. تۆ ئێـسـتــاکێ دەوڵەمـەندیت، بە ئاسانی دەتوانیت خانوو بگریت.

- جۆن!

گـازکـردنەکـەی پشـتگوێ خـست، دوو هەنگاو بەرەو دەرگـەکـە ڕۆیشت، بەدوایدا چوو:

- من ناپاکیم لەگەڵدا نەکردوویت!

– درۆکردن دادت نادات.

– جۆن!

بەم ئاوایە بانگی کرد و هەوڵی دا باوەشی لێ بدات، کەچی ئەو بەتوندی دەستەکانی دوورخستنەوە، لەو دەمی هۆن هۆن دەگریا، هاواری کرد:

– من ناپاکیم لەگەڵدا نەکردوویت.. خاوەن کۆمپانیاکە جەستەی بەکارهێناوم.. ئەمە ڕاستییەکەیەتی.. یەک جار ئەو مەرجەی لەگەڵدا کردم، تاکو گرێبەستە نوێیەکەم پێ ببەخشێت.. نەمدەتوانی ڕەتی بکەمەوە.. نەمدەتوانی.. دڵنیات دەکەمەوە ناپاکیم لەگەڵدا نەکردوویت.. هەموو هەستەکانم لەگەڵتدان.. ئەوی لەگەڵ ئەو پیاوەدا کردم شتێکی قێزەون بوو، چەندێک بیری لێ دەکەمەوە هێڵنجم دێتەوە.. تەنیا جەستەمان بەریەک کەوت.. ئەمە هەموو شتەکەیە.. جۆن من ناپاکیم لەگەڵدا نەکردوویت.. من خۆشمدەوێیت.. تکایە لەگەڵمدا بمێنەرەوە.

جۆن دەستی لەسەر مشتووی دەرگەکە بوو.. ئەو خەریکی دانپێدانان بوو، ئەمیش تەماشای دەکرد، پاشان سەری دانەواند و بەرەو پێش چەمایەوە، لەو دەمەدا وەکو پیرێکی کلۆڵی کەم فێڵی بارکراو بەغەم دەهاتە بەرچاو.. هەینێ دەرگەکەی دادەخست، گوتی:

– سبەینێ کە مارک لە خەو هەستا پێی بڵێ ناچاربووم سەفەربکەم.. هەروەها زۆرم خۆشدەویست.

کاتژمێری هۆڵەکە پێنج و نیوی بەیانی ڕاگەیاند. لەوەتەی شەیما هاتووەتە شیکاگۆ لە کاتی وادا دەرنەچووە، لێ ئەمجاریان ڕێگەی دوورە.. بەدەستی پاڵی بەدەرگە شووشەییەکەوە نا، بایەکی سارد بەبەفرەوە وەک دەرزی پێوەی دا.. گەڕایەوە و لەچکە لۆکەییە قورسەکەی لە دەموچاوی توند کرد، دەستەکانی کە لە جووتێک پەنجەوانەی ناواخن فەروو هەڵکێشابوون پەستانە گیرفانی پاڵتۆکەیەوە، تاکو خۆی لە سەرماکە بپارێزێت.. واهەنگاوی بەپەلەی هەڵدەهێنایەوە دەتگوت هیچ دەرفەتێک بۆ دوودڵی ناهێڵێتەوە. شەقامەکە تاریک و کشومات بوو، بەفر هەموو شتێکی داپۆشیبوو.. بەوپەڕی خێراییەوە بەرەو میترۆکە تاوی دەدا.. بەئەنقەست ئاوڕی لە هیچ لا نەدایەوە.. هەستی بەدڵەکوتێیەکی توند دەکرد، کەڵکەڵەی ترسێنەر دای گرت.. «ئەگەر ئێستا یەکێک پەلاماری دا یاخۆ لەژێر هەڕەشەی چەکدا ڕفاندی؟!».. دوعای خوێند و زیاتر پێی لێ هەڵگرت، تاکو گەیشتە وێستگەی میترۆکە. دەبوو دە وێستگە ببڕێت ئینجا میترۆکە بگۆڕێت، دە وێستگەی دییش ببڕێت هەتا دەگاتە ئەو ئەدرێسەی لەبەری کردبوو.

سەرنشینانی میترۆکە لەو دەمەدا تێکەڵەیەک بوون لە کرێکاری پاککردنەوە و ڕەشپێست و ئاسیاییەکان، بۆ خاوێنکردنەوەی شوێنی کارەکانیان بەر لەوەی کارمەندەکان دەستبەکاربن، دەڕۆیشتن. هەروەها بەدمەستی بەرەڵاشیان تێدابوون، کە شەویان بە بەدخوویی بردبووە سەر..

بۆیە بەئەنقەست سەیری ئەمەلا و ئەولای نەدەکرد. زراوی چووبوو لەو سەرخۆشانەی لە هاوارو پێکەنین نەدەکەوتن، لەکاتێکدا بۆنی خواردنەوەیان فارگۆنەکەی پڕکردبوو.. بیری پەشۆکاو بوو، چۆن ڕووی ئاوێنە هەڵم دایپۆشیبێت، ئاوا تەڵخ بوو، دەتگوت ئەوی دەیبینی ڕاستەقینە نەبوو، وەک ئەوەی خەون ببینێت.. جانتاکەی دەستی کردەوە و قورئانێکی بچووکی دەرهێنا، بەدەنگی نزم دەستی بەخوێندنەوەی کرد:

پەنا بەتۆ خوایە لە شەڕی شەیتانی بەدخوو.. بەناوی خوا کە دەهندەو دلۆڤانە.. (یا، سین. سوێند بەقورئان، کە سەرلەبەر کارزانییە. تۆیەک لە پێغەمبەرانی. کەوتوویە سەر ڕاستە ڕێگە. ئەم قورئانە هەرە خاوەن دەستەڵاتی دلۆڤان ناردوویەتیە خوار. تا بەهۆی ئەو ترس وەبەر گەلێک بێنیّ کە باب و کاڵی پێشوویان کەس لە خوای نەترساندوون و بیّ ئاگا بوون. بەڵێنی خوا زۆرینەیان دەگرێتەوە؛ سا ئەوان بڕوا ناهێنن. ئێمە ملیان دەخەینە ناو زنجیرەوە و تا چەنە شەتەکیان دەدەین، کە ناتوانن بۆ هیچ لایەک سەر ببزێون؛ چاو گەلیشیان دا شۆڕیاگە)[٢١].

کاریگەریی ئایەتەکان لەسەری بەهێزبوون، بۆیە دەستی بەگریان کرد، فرمێسکەکانی بەخوڕ هاتنە خوارێ و قورئانەکەیان تەڕکرد.. لەچکەکەی لەسەر ڕووی لادا و لە پەنجەرەکە نزیک بووەوە، هەستی بەساردیی جامەکە کرد، لەبن لێوانەوە دەیگوت:

«خوایە لە تۆ بەولاوە خوای تر شک نابەم، تۆ خۆت گەورەی هەموو گەورەکانیت، من ستەمکاریم کرد، بەچاوی لێبووردن بمپۆشە و بەبەزەیی خۆت بمگرەوە.. ئەی هەمیشە زیندووی هەمیشە ئاگادار، بەئیرادەی خوداوەندانەت لە دەروونی گوناهبار بمپارێزە..».

---

٢١. وەرگێڕانی ئەم چەند ئایەتە لە: قورئانی پیرۆز – وەرگێڕانی: مامۆستا هەژار ل ٤٤٠ وەرگیراوە. (وەرگێڕ).

میترۆکەی گۆڕی و قۆناغی دووەمی سەفەرەکەی بڕی، هەینێ لە میترۆکە دەرچوو، دەبوو تاوێک ڕێ بکات تا دەگاتە ناوەندەکە.. بەیان گزنگی دابوو.. هەنگاوی دەنا تا نووسینەکەی لە دوورەوە بینی بەو شەوە پێ کرابوو.. «ناوەندی شیکاگۆ بۆ یارمەتیدان».. لە شۆستەکەی ئەوبەرەوە کۆمەڵێک خەڵکی بەدی کرد، تێکەڵ بوون لە نێوان ڕەش و سپی، تەمەنیان جیاجیابوون و چەند کەشیشێکیشیان لەگەڵدابوون، لە شێوە خۆپیشاندانێکدا کۆبووبوونەوە و لافیتەیان بەرزکردبووەوە لە سەریان نووسرابوون «ئەم قەسابخانەیە بوەستێنن»، «شەرمەزاری بۆ بکوژان».

لافیتەکانیان دەشەکاندنەوە و هاواریان دەکرد، چون سرووتێکی ئاینی جێبەجی بکەن بەڕیتمێکی پڕ لە جۆش و خرۆش دەلەرانەوە.. شەیما نیگەرانییەکەی زیادی کرد، بۆیە بەهەنگاوی خێراوە بەرەو دەرگای ناوەندەکە دەرۆیشت، وەلێ دەرکەوتنی بەلەچک و جلی شەرعییەوە (وادیاربوو) خۆپیشاندەرانی پڕ جۆشتر کرد، ژاوە ژاو و هەراو هوریایان زیاتربوو.. پاشان لە شۆستەکەی ئەوبەرەوە هاواریان بەسەردا کرد:

– هەی بکوژی نابووت!

– ئاخۆ تۆ موسڵمانیت؟

– خواکەتان ڕێ بەمندالْ کوشتن دەدات؟

شەیما خۆی لە تەماشاکردنیان بوارد، لێ لەترساندا لەرزی لێ هاتبوو و خەریک بوو ئەو چەند هەنگاوەی بۆ دەرگاکە ماوە بەلۆقە ببڕێت.. دەستیان بەتێگرتنی تەماتە و هێلکەی خاو کرد.. هێلکەیەک بەتەنیشت سەریدا تێپەڕی و بەر دیوارەکە کەوت.. ئەفسەرە پۆلیسەکانی بەردەم ناوەندەکە هەڵیان بڕین تاکو کۆنترۆڵیان بکەن.. شەیما بلەز دەرگای ناوەندەکەی بڕی، کارمەندە ڕەشەکەی پێشوازی بە زەردەخەنەیەکی هاندەرانەوە بەرەو پیری چوو:

– گویّ بەم شێت و شوورانە مەدە.

شەیما تەماشایەکی کرد، بەهەناسە بڕکێوە لێی پرسی:

– ئەمانە چییان دەوێت؟

– ئەمانە گرووپی دژ بە لەباربردنن، ئەوان دەزانن ئێمە نەشتەرکارییەکانمان سبەینانی زوو ئەنجام دەدەین، دێن بۆ ئێرە تاکو گرفتمان بۆ بنێنەوە.

– ئەی بۆ پۆلیس دەستگیریان ناکەن؟

– یاسای ولایەت ڕێگە بە لەباربردن دەدات، هەروەها ڕێگەی بە خۆپیشاندانی ئاشتییانەش داوە. گوێی مەدەرێ. ئەوانە کۆمەڵێک لە دەمارگیرە فاشییەکانن و هیچی دی. وابزانم کاتت لەگەڵ دوکتۆرە کارین دیار کردووە؟

– بەڵێ.

– لەگەڵمدا وەرە.

دوکتۆرە کارین کچەلاوێکی لاواز، تەمەنی لە کۆتاییی بیستەکاندا بوو، قژێکی درێژی قاوەیی بەسەر پاڵتۆ سپییەکەیدا بەردابووەوە.. بەوپەڕی ڕووخۆشییەوە پێشوازیی لە شەیما کرد، تەوقەی لەگەڵدا کرد، باوەشی لێ دا و ڕای مووسی، پاشان بەدەم زەردەخەنەوە تەماشایەکی کردو چون دایکێک نازی منداڵەکەی بکێشێت بەدەنگێکی نزمەوە پێی گوت:

– تەندروستیت چۆنە؟.. نیگەران مەبە.. هەموو شتێک بەدڵی تۆ دەبێت!

ئەم میهرەبانییەی ئەو لە دەرەوەی وزەیدا بوو بەری بگرێت. سەرلەنوێ دەستی بەگریان کردەوە، دوکتۆرە کارینیش بەردەوام هێوری دەکردەوە. داوای لێ کرد هەستێت دەموچاوی بشوات، چووە گەرماوەکەوە و گەڕایەوە.. لە بەرابەری دانیشت، لەو دەمی دوکتۆرە کارین چەند کاغەزێکی دایە

دەستەوە گوتی:

– ئەمە هەندێک کارڕایی پێویستە.. فایلی زانیاریی تۆیە.. دانپێدانانە بە ڕازیبوونت لەسەر نەشتەرکارییەکە.. پاشان ڕوونکردنەوە لەسەر نرخەکەی.. ئەرێ بەڕاست کارتی دڵنیاییت هەیە؟

شەیما سەری بە نا لەقاند، دوکتۆرە بەدەنگێکی تەواو فەرمییانەوە لێی پرسی:

– دەتوانیت پارەکە کاش بدەیت؟

کارڕاییەکە نزیکەی نیو کاتژمێری خایاند، نیو کاتژمێری دیکەش پشکنینی پزیشکییان بۆ کرد:

شیکردنەوەی میز و پێوانی پاڵەپەستۆی خوێن و سۆناری سک.. لە کۆتاییدا، بەیارمەتیی پەرستارەکان سیپاڵەکانی داکەندن و جلی شینی بەسەر جەستە ڕووتەکەیدا لەبەر کرد.. هەینێ دوکتۆرە کارین دەستی گرت تێبینیی لەرزینی کرد!

– مەترسێ.. نەشتەرکارییەکە جێی مەترسی نییە.

– لە مردن ناترسم.

– کەواتە لە چی دەترسیت؟

شەیما بێدەنگ بوو، پاشان بەدەنگێکی شێواوەوە گوتی:

– لە سزای پەروەردگار.. ئەوی من کردوومە لە ئاینەکەماندا حەرامێکی گەورەیە!

– من زۆر لەبارەی ئیسلامەوە نازانم، وەلێ باوەڕم وایە دەبێت خوا دادپەروەر بێت.. وایە؟

– بەڵێ.

– ئاخۆ ڕەوایە ئافرەت لە پیادەکردنی هەستەکانیدا لەگەڵ ئەوی خۆشی

دەوێت، بێبەری بکرێت؟.. ئاخۆ ڕەوایە ئافرەت بەتەنێ بەرپرسیاریی سکپڕبوونێکی نابەدڵ هەڵبگرێت؟ ئاخۆ ڕەوایە منداڵێک بێنینە دنیاوە کەس خۆشی پێدا نەیەتەوە؟.. بڕیاری ژیانێکی پڕ لە چەرمەسەری (بەر لەوەی دەست پێ بکات) بەسەریدا بدەین؟

شەیما بەبێدەنگییەوە تێی ڕوانی. توانای قسەکردنی نەمابوو.. هیچی نەبوو بیڵێت.. ساتەکە لە هەموو ئەو شتانە گەورەتر بوو، کە بیەوێت گوزارشتیان لێ بکات.. ئەو ئێستا لە نەخۆشخانەی لەباربردنە، چونکە بەزیناکردن ئاوس بوو.. شەیما محەمەدی بەحەرامی سکی پڕبوو و هەنووکە نەشتەرکاریی لەباربردنی بۆ دەکرێت!.. هەر بەڕاستی وەسفی بۆ ئەم هەموو شتانە نەبوو، بەڵکو پەلە دەکات تا بزانێت قەدەر چی بۆ مەڵاس داوە.. ئەگەر لەکاتی نەشتەرکارییەکەدا گیان لە دەست بدات، ئەگەر ئەمە دواساتەکانی ژیانی بێت، ئەوا بۆ سزای ڕەوا ئامادەیە..

ئەوی بەلایەوە گرینگە ئەوەیە نەبێتە هۆی ئابڕووچوونی خێزانەکەی، نەکو تا هەتاهەتا ئەو پەڵەیە بەنێوچەوانیاندا بمێنێتەوە.. بەرپرسی ناوەندەکە لەوە دڵنیای کردەوە، کە نەشتەرکارییەکە نهێنییە، تەنانەت ئەگەر بشمرێت ئەوا بەڵگەنامە فەرمییەکان هەرگیزاو هەرگیز ناوی ئەوە ناهێنن، کە نەشتەرکاریی لەباربردنیان بۆ کردوویت. شەیما بە جلی نەشتەرکارییەوە وەستا، بەنیگایەکی بەتاڵەوە لە دوکتۆرە کارینی دەڕوانی، کە دەستی لەملی کرد گوتی:

– دوایی کاتمان دەبێت لەبارەی زۆر بابەتەوە گفتوگۆ بکەین.. ئیدی بووینە هاوەڵ.. وانییە؟

شەیما سەری ڕەزامەندی لەقاند، بەکاوەخۆ لە ڕاڕەوە کورتەکەوە بەرەو ژووری نەشتەرکاری دەڕۆیشتن.. دەرگە دوو دەرییەکەیان بڕی، پاشان دوکتۆرە کارین دایە دەست پەرستارەکەوە، کە یارمەتیی ڕاکێشانی لەسەر

چارپایە جووڵاوەکە دا، کابرایەکی سپی پیری سەر چەرموو بەدەرکەوت.. بزەیەکی کردو گوتی:

– بەیانیت باش.. ناوم ئادەمە.. من پزیشکی بەنجکردنم.

قۆڵی گرت و پرسیاری ناوی کرد، پاشان بە ئاسپایی دەرزییەکی لە قۆڵی دا، هێندەی نەبرد هەستی کرد جەستەی هەڵدەوەشێتەوە.. پەیتا پەیتا چون شاشەیەکی گەورە بێت و گەیاندنی لێ بڕابێت و ماوەیەک تاریکی دای گرتبێت، ئاوەزی گۆڕا.. پاشان وێنەی ڕەنگاوڕەنگی دەکەوتنە بەرچاو، پڕبوون لە هەستی سەرکێشی سەیر سەیر..

هەموو شتێکی بینی:

باوکی و دایکی و خوشکەکانی و ماڵەکەیان لە تەنتا.. تارق حەسیب و بەشی هیستۆلۆژی.. کەسەکان و شتەکان بە شێوەیەکی جیاواز لە سروشتی خۆیان دەردەکەوتن.. زۆر بەزەحمەت لێکیانی جوێ دەکردەوە و بەوێنە بۆرە ناشرینەکانیان سەر و دڵی دەگیرا..

زیاد لە جارێک زاری هەڵهێنا تا نارەزایی لە دیمەنیان دەرببڕێت، وەلێ دوایی بۆی دەرکەوت چون قورگیان دەرهێنابێت، دەنگی نییە.. ترس دای گرتبوو، بەردەوام هاواری دەکرد و دەیقیژاند، لێ هەمیشە دەنگی نەبوو.. قەیرێک دیلی ئەم دیاردە نامۆ و ترسناکە بوو، تا داوێک لە ڕووناکیی لە دوورەوە بەدی کرد.. چون تاریکی لە سۆنگەی پەردە ڕەشە قورسەکانەوە هاتبێت و بەهێوری لابدرێن.. لەگەڵ زیادبوونی ڕووناکییەکەدا شێوەی نوێ بەدەرکەوتن، لە سەرەتادا تێکەڵ بوون، کەچی هێندەی نەبرد لێک جیابوونەوە و پەیتا پەیتا بەدەرکەوتن.. لەدواییدا بەزەحمەت توانی ڕوخساری دوکتۆرە کارین بناسێتەوە، زەردەخەنەیەکی بۆ کرد و گوێی لێ بوو دەڵێت:

– شەیما پیرۆزباییت لێ دەکەم.. هەموو شتەکان بەشێوەیەکی باش

بەرێوەچوون.. دوای کەمێکی تر لە ماڵەکەی خۆتدا دەبیت.

شـەیما تا توانی بزە ڕوخـساری جـێ نەدەهێـشت، دوکـتـۆرە کـارین بەدەنگێکەوە ئێستا تەواو ڕوون بوو، لەسەر قسەکانی ڕۆیشت:

– جگە لە سەرکەوتنی نەشتەرکارییەکە، هەواڵێکی خۆشیشم پێیە.

شەیما بە نیگایەکی ماندووەوە لێی ڕوانی، کارین چاوێکی لێ داگرت و بە پێکەنینەوە گوتی:

– بێگومـان بەرگەی چاوەڕوانیی هەواڵەکە ناگریت.. چاکە.. میـوانێکمـان لایە زۆر بایەخت پێ دەدات.. زۆریشمان لێ دەکات تاکو چاوی پێت بکەوێت.

شـەیما دەسـتـی درێژ کـرد، تـاکـو نـاڕەزایـی دەرببـڕێت، لێ کـارین بەرەو دەرگەکە ڕۆیشت، کردیەوە و بەدەستی ئاماژەی کرد.. هێندەی نەبرد تارق حەسیب بەدەرکەوت.. ڕیشی نەتاشیبوو، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو و شەکەتی پێـوە دیار بوو، دەتگوت مـاوەیەکی زۆرە خـەو نەچووەتە چاوی.. چەند هەنگاوێک هاتە پێش، تا بەتەنیشت چارپایەکەوە وەستا.. بەنیگا قووڵەکانی سـەیرێکی شـەیمای کـرد، ئینجـا زەردەخـەنەیەکی پرشنگدار ڕوخـساری داپۆشی.